4

# تەفسیری نامی

## بۆ قورئانی پیرۆز


دانراوی: مەلاعەبدولکەریمی مودەڕڕیس

ئامادەکردنی: موحەممەد عەلی قەرەداغی

سەرپەرشتی چاپی نوێ: ڕەئووف مەحموودی



www.iqra.ahlamontada.com

منتدى اقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردي ، عربي ، فارسي )

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

www.iqra.ahlamontada.com

بسم الله الرحمن الرحيم

# تەفسیری نامی

بۆ قورئانی پیرۆز

www.iqra.ahlamontada.com

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | مدرس، عبدالکریم، ۱۹۰۵ - ۲۰۰۵م. Mudarris, Abd al - karim |
| عنوان و نام پدیدآور | : | دەقی تەفسیری نامی/دانراوی عبدالکریمی مودەرریس. |
| مشخصات نشر | : | سنندج: انتشارات کردستان، ۱۳۸۹. |
| مشخصات ظاهری | : | ۶ ج. |
| شابک | : | دوره: 9649800363؛ ج.۱: 9649800370؛ ج.۲: 9649800387؛ ج.۳: 9649800394؛ ج.۴: 9649800400؛ ج.۵: 9649800417؛ ج.۶: 9649800424؛ |
| وضعیت فهرست نویسی | : | فیپا |
| یادداشت | : | کردی. |
| عنوان دیگر | : | تەفسیری نامی بوقورئانی پیروز. |
| موضوع | : | تفاسیر اهل سنت -- قرن ۱۴ق. |
| رده بندی کنگره | : | BP۹۸/م۳۸ت۹ ۱۳۸۶ |
| رده بندی دیویی | : | ۱۷۹/۲۹۷ |
| شماره کتابشناسی ملی | : | ۷۲۵۶۱۱۱ |


www.iqra.ahlamontada.com

# تەفسیری نامی

## بۆ قورئانی پیرۆز

نووسینی:

ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس

**بەرگی چوارەم**

(یووسف، رەعد، ئیبراهیم، حیجر، نەحل، ئیسرا،
کەهف، مەریەم، "طه"، ئەنبیا، حەج و "مؤمنون")

بڵاوکردنەوەی کوردستان

سنە

www.iqra.ahlamontada.com

ئەم نوسخە لە سەر ئیزنی بەڕێز «محمدی مەلا کەریم» لە چاپ دراوە
و مافی لە چاپ دانەوەی ئەم نوسخە پارێزراوە بۆ بڵاوکردنەوەی کوردستان


انتشارات کردستان
Kurdistan Publication

سنە - پاساژی عیززەتی - تەلەفوون - ۲۲۶۵۳۸۲


## تەفسیری نامی


| | |
|---|---|
| ✓ ناوی کتێب (نام کتاب): | تەفسیری نامی (بەرگی چوارەم) |
| ✓ دانراوی (تألیف): | مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس |
| ✓ کەرەتی چاپ (نوبت چاپ): | یەکەم (اول)؛ ۱۳۸۹ |
| ✓ ژمارەی چاپکراو (تیراژ): | ۳۰۰۰ دەورەی شەش بەرگی (دورەی شش جلدی) |
| ✓ ژمارەی لاپەڕەو قەوارە (تعداد صفحه و قطع): | ۵۹۲ صفحەی وزیری (شش جلد ۳۳۶۰ صحفه) |
| ✓ بڵاوکەرەوە (ناشر): | بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان) |

نرخی دەورەی شەش بەرگی: ۶۲,۰۰۰ تمەنە

شابک دوره: ۳ - ۰۳۶ - ۹۸۰ - ۹۶٤ - ۹۷۸

شابک ج ٤: ۰ - ۰٤۰ - ۹۸۰ - ۹۶٤ - ۹۷۸


www.iqra.ahlamontada.com

**سووره‌تی یووسف، مه‌ککه‌ییه‌، ئایه‌ته‌کانی "١" و "٢" و "٣" و "٧" نه‌بێ، ئه‌وان مه‌دینه‌یین، "١١١" ئایه‌ته‌.**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿الٓرۚ﴾

خودا عالمه به مه‌عنای.

﴿تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ١﴾

ئه‌م سووره‌ته که نازڵ بووه بۆ سه‌ر تۆ ئایاتی کتێبێکن که رووناك و دیاری و ئاشکران.

﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ٢﴾

به راستی ئێمه ئه‌م کتێبه رووناکه‌مان نازڵ کردووه، به ئیعتیباری بازێکی و، باقیه‌که‌یشی به مۆڵه‌ت ره‌وانه ئه‌که‌ین که حاڵی وه‌هایه قورئانێکه به زمانی عه‌ره‌بی، به هیوای ئه‌وه که ئێوه تێبگه‌ن و به دڵ فامی مه‌عناکه‌ی بکه‌ن و بیکه‌ن به ده‌ستوور بۆ بیر و باوه‌ڕ و کرده‌وه‌ی خۆتان.

﴿نَحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ أَحۡسَنَ ٱلۡقَصَصِ بِمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ وَإِن كُنتَ مِن قَبۡلِهِۦ لَمِنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ ٣﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئێمە ئەگێڕینەوە بۆ تۆ بە گێڕانەوەیەکی زۆر باش باسی شتێکی وا و ڕووداوێکی وەها کە دەلالەت بکا لەسەر ئەوە کە هەمیشە لە دنیادا بازێ کەس حەسوودی ئەبەن بە بازەکەسێ و ئەیانەوێ زیان بدەن لە گیان و ماڵیان، بەڵام خودا خواستی لەسەر پاراستنی هەرکەسێ ببێ ئەیپارێزێ و زیان بەو کەسە ناگا، وە خودا بیەوێ هەرکەسێ گەورە بکا گەورەی ئەکا و کەس ناتوانێ مەنعی خودا بکا لە خواستی ئەو، وە پیاوی بەناموس ئەو کەسەیە هەمیشە ناموسی خۆی و ناموسی خەڵك بپارێزێ و بە ئارەزووبازی ئابڕووی خۆی و خانەدان و خزم خوێشان و مەسلەك نەبا، وە ئەگەر لە ڕێگەی ژیانا کەسانێ زیانیان پێگەیاند و هەلی بۆ هەڵکەوت تۆڵە بسێنێتەوە لێیان، لە باتی ئەو تۆڵەسەندنە عەفویان بکا و چاوپۆشییان لێ بکا، وە ئینسان لە ڕێگەی خزمەتی داماوانەوە و لە چاودێری ئوممەتەوە لە کاتی نەهاتا بەرز ئەبێتەوە و ئەگا بە پایە، وە ئینسان هەرچەن پایەی بەرز بێ ئەبێ حورمەتی باوك و دایك و برای وەکوو حورمەتی عامەی بە حورمەتان ڕاگیر بکا، وە لە پاش ئەوە کە ئینسان بە پایە گەیشت بە خۆی بایی نەبێ و لە خودا یاخی نەبێ و حوقووقی بەندەیی خودا بەجێبێنێ، وە کاتێ گەیشتە تەمەنی هاتنی ئاکام، هەمیشە داوای عەفو و عاقیبەت خێری بکا لە خودای میهرەبان.

وە ئەو گێڕانەوەیشە بە وەحی‌کردن و ڕەوانەکردنی ئەم قورئانە پیرۆزەیە بۆ لای تۆ هەرچەن کە تۆ لە پێش ناردنی ئەم قورئانەدا ئاگادار نەبووی بەسەر ئەو ڕووداوانەدا؛ چونکی نە خۆت خوێندووتە لە زانستگادا و نە خوێندەواری دیاریش لە وڵاتەکەتا بوون هەتا بە شێوەی دەرس‌دادانی گشتی ئەم باسانە بە شێوەیەکی ڕاست بگێڕنەوە بۆتان، وە هەر وەزعی وڵاتەکەت دەلیلە لەسەر ئەوە کە تۆ پێغەمبەری خودای و خودا ئەم دەرسانەت بۆ ڕەوانە ئەکا.

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

سێهەم: شەرافەتی کرد بە ئیعتیبار و قیمەتی ناو کۆمەڵی ئادەمیزاد بە مەرجێ کە خاوەنی زانست و زانیاری و کردەوەی موسوڵمانانە بن.

لەم فەرموودەوە دەرئەکەوێ هەر ئادەمیزادێ زانابێ و رەفتار بکا بەو زانستی خۆیە ئەوە لە چەرخی خۆیا بۆ ئەوە ئەشێ بە ئینسانی بە نرخ حسێب بکرێ کوڕی هەرکەسێ ببێ.

﴿لَّقَدْ كَانَ فِي يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِۦٓ ءَايَٰتٌ لِّلسَّآئِلِينَ ۝٧﴾

بە راستی هەیە و بووە لە یووسفدا و لە رەفتاری براکانی لەگەڵ ئەودا چەن دەلیلێکی گەورەی بە نرخ بۆ ئەو کەسانە پرسیار ئەکەن لەم باسە.

واتە لە رووداوی بەینی ئەوانا ئەوەندە شتی وردی تێدا هەیە هەرکەسێ لەم باسە بپرسێ و جوابەکەی وەربگرێ گەلێ ئیستیفادە ئەکا بۆ دین و بۆ دنیا و بۆ حاڵی نەفسی خۆی و بۆ حاڵی لەگەڵ غەیری خۆیدا، خواه ئەو غەیرە بازە کەسێکی کەم بن یاخود ئوممەتێ بن.

**لێرەدا چەن باسێ هەیە:**

یەکەم: یووسف کوڕێکی خاوەن بارە بووە لە سوورەت و سیرەتا و ئینسانی وەها حەسوودی پێ ئەبرێ حەتا لە لایەنی برا و کەسی خۆیەوە و پێویستە ئەو کەسە هۆشیار بێ و ئاگای لە خۆی بێ.

دووهەم: یووسف گیرۆدە بوو خۆی گرت لەو مەینەتەدا، وە هەرکەسێ کاتێ گیرۆدە بوو پێویستە خۆگر بێ و خۆی تەسلیمی قەزا و قەدر بکا.

سێهەم: زۆر جوان بوو، وە هەرکەسێ وابێ گیرۆدەی عەشق و مەحەبەتی خەڵك ئەبێ؛ جا لەو کاتەدا پێویستە هەتا هێزی تیایە بە ناموس بێ و ئەو نیعمەتی جوانییە خودا پێیدا لە شتی بێناموسیدا زایەی نەکا.

www.iqra.ahlamontada.com

**چوارەم:** پێویستە وەکوو یووسف خەیانەتی لە خانەدانی خاوەن حوقووقی نەکرد هەرکەسێ کە حەقی لەسەر ئینسان بوو وەفا بە حەقی ئەو کەسە بکا.

**پێنجەم:** کاتێ ئینسان کەوتە بەینی دوو شتی نابارەوە یەکێکیان ناباری دینی بێ و ئەویان ناباری دنیایی بێ، ئینسان نابارە دنیاییەکە هەڵبژێرێ بۆ ئەوە لە نابارە دینییەکە رزگار ببێ.

**شەشەم:** ئینسان هەلی خۆی لە دەست دەرنەکا، وەکوو یووسف کە مەجالی دەست کەوت لە لای پاشای «میسر» خۆی پێ نیشان دا و تێیگەیاند کاری گەورەی پێ ئەکرێ هەتا ئەویش کردی بە وەزیر و میسری لە بەردەستیا دانا.

**حەوتەم:** باوەڕکردنە بەوە خودا بیەوێ هەرکەسێ بپارێزێ ئەیپارێزێ، وە هەرکەسێ گەورە بکا گەورەی ئەکا.

﴿إِذۡ قَالُواْ لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰٓ أَبِينَا مِنَّا وَنَحۡنُ عُصۡبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ٨﴾

درێژەی ئەم باسە ئەمەیە: کە حەزرەتی یەعقووب کوڕی حەزرەتی ئیسحاق علیهما السلام پورزایەکی خۆی (یانی کچی خوشکی دایکی) مارە کرد ناوی «لیا» بوو لەم ژنە حەوت کوڕی بوو «یەهوودا و، روبیل و، شەمعون و، لاوی و، ربالون و، یشجر و، دینە» و دو جارییەیشی بوو ناویان «زلفة» و «بلهة» بوو لەم دوانەیش چوار کوڕی بوو: «دان و نفتالی و، جاد و، آشر» وە لە پاش مردنی «لیا»، «راحیل»ی خوشکی لیای مارە کرد، لەم ژنەیش «یووسف و بنیامین»ی بوو، وە ئەو کوڕە گەورانە مەشغووڵی خزمەتی ئەو خانەدانە بوون و لەسەر وەزعی رۆژ ئیدارەیان کرد.

بەڵام لەبەر ئەوەی کە یووسف کوڕێکی زۆر شیرین بوو نیشانەی هەڵکەوتن لە ناوچاویا دیار بوو بە تەمەنیش منداڵ بوو هەروا بنیامینی برایشی، حەزرەتی

www.iqra.ahlamontada.com

یەعقووب زۆر مەیلی دڵی لەلای ئەم دوانە بوو بە تایبەتی لەلای یووسف. وە لەم لایشەوە ئەم دوو منداڵە دایکیان مابوو وە لە خانەدانەکەدا زۆرتر خزمەتیان ئەکرا.

جا کوڕە گەورەکان دڵیان گەردی گرت و وتیان: مەعنای نییە ئێمە ئەم هەموو باری زەحمەتە وا بەسەر شانمانەوە کەچی باوکمان بەمجۆرە رەفتار ئەکا لەگەڵ یووسف و براکەیا و موبالات بە ئێمە ناکا و هەموومان ئەولادی ئەوین! بە راستی باوکمان لە بابەتی تەماشاکردنی کۆمەڵایەتی خانەدانەوە رێگەی راستی ون کردووە، وەکوو خودا ئەو ئایەتەی نازڵ کردووە ئەفەرموێت: براکانی یووسف وتیان: بە راستی یووسف و بنیامینی برای خۆشەویستترن لە لای باوکمان لە ئێمە وەلحاڵ ئێمە کۆمەڵێکین و خزمەتی ئەو و ئەم خانەدانە ئەکەین، بە راستی باوکمان لەم رووەوە رێگە نازانێ!

﴿ٱقْتُلُوا۟ يُوسُفَ أَوِ ٱطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُوا۟ مِنۢ بَعْدِهِۦ قَوْمًا صَـٰلِحِينَ ﴿٩﴾﴾

لە بەینی خۆیانا وتیان: بنیامین زۆر منداڵە و شێوەیشی وەکوو یووسف نییە و ئێستە یووسف تەماشاکردنی باوکمانی راکێشاوە، بێن یووسف بکوژن یاخود فڕەی بدەن بۆ شوێنێکی وا نەگەڕێتەوە بۆ لای باوکم. با رووی باوکتان هەر بۆ ئێوە بمێنێتەوە، پاش ئەوە تەوبە بکەن و مەشغووڵی سەلاحەت و عیبادەت بن و ئیشی دنیای خۆتان رێك بخەن و خزمەتی باوکیشتان بکەن، ئەویش رێك ئەکەوێ لەگەڵتانا و، ئەم بیرە بیری شەمعون بووە و باقی براکانی پێی رازی بوون.

﴿قَالَ قَآئِلٌ مِّنْهُمْ لَا تَقْتُلُوا۟ يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِى غَيَـٰبَتِ ٱلْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ ٱلسَّيَّارَةِ إِن كُنتُمْ فَـٰعِلِينَ ﴿١٠﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە خاوەن راییٚ‌تریان وتی: بابە یووسف مەکوژن، کوشتن تاوانێکی گەورەیە، بەڵام بیهاوێنە ناو بێخی بیرێ، لە لایەکەوە دیار نەبێ و نەیشخنکێ، هەتا بازێ لەوانە کاروان ئەکەن و ئەڕۆنە سەر ئەو بیرە ئاو هەڵئەگۆزن بە دۆڵچە و بە یووسف ئەزانن و لە بیرەکەی دەردێنن، ئەگەر ئەتانەوێ ئیشێکی وا بکەن جیای بکەنەوە لە باوکی، وە خاوەنی ئەم بیرە براگەورەکەیان بوو کە ناوی «یەهوودا» بوو، وە هەموو براکان لەسەر ئەم بیرە دڵیان دامەزرا، جا کەوتنە هاتوچۆ بۆ ئەوە کە ئیزن لە باوکیان وەربگرن و یووسف ببەن بۆ سارا و لەوێ ونی بکەن.

﴿قَالُوا۟ يَـٰٓأَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأْمَ۫نَّا عَلَىٰ يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُۥ لَنَـٰصِحُونَ ﴿١١﴾ أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَدًا يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَـٰفِظُونَ ﴿١٢﴾﴾

جا ڕۆیشتن بۆ لای حەزرەتی یەعقووب علیه السلام و عەرزیان کرد: نازانین چیت لێ بووە بە مانیع کە تۆ ئێمە بە ئەمین نازانی لەسەر یووسف وەلحاڵ ئێمە هەموو خزمەتی ئەکەین و خێرخواهی ئەوین؟ جا ئەگەر بە ئەمینمان دائەنێی سبەینێ لەگەڵ ئێمەدا ئیزنی بدە بێت بۆ سەیران، لە خوارەدەمەنی دەشت ئەخوا، وە یا لەو شتە خۆشانە کە بە ئێمەیە ئەخوا و بۆ خۆی گاڵتە و یاری ئەکا و بە راستی ئێمە بۆ ئەو نیگابانین و ئەیپارێزین لە هەموو ئازار و بێزار و دڕندە و حەیوانی کۆسار.

﴿قَالَ إِنِّى لَيَحْزُنُنِىٓ أَن تَذْهَبُوا۟ بِهِۦ وَأَخَافُ أَن يَأْكُلَهُ ٱلذِّئْبُ وَأَنتُمْ عَنْهُ غَـٰفِلُونَ ﴿١٣﴾﴾

حەزرەتی یەعقووب هەرچەن بە دەلیل و نیشانەدا ئەیزانی کە ئەوان بیریان باش نییە لەگەڵ یووسفدا بەڵام ئەوەی نەدا لە روویان و بیانووی بە دوو شت هێنایەوە؛ یەکەم: فەرمووی: بەمە کە یووسف بەرن و لە بەرچاوم ون ببێ و بیبەن بۆ دەرەوە دڵم تەنگ ئەبێ، چونکی ئولفەتم پێوە گرتووە و کاتێ لەبەرچاوم نەبێ دڵم دائەگیرێ.

www.iqra.ahlamontada.com

دووەم: ئێوە گەنجن و لە دەشتا خەریك ئەبن بە گاڵتە و یاریکردن و ئەترسم لە چاودێری یووسف غافڵ ببن و دەشتی کەنعان گورگی زۆرە و گورگێ لەوانە بێت هەڵی بگرێ و بیخوات.

﴿قَالُواْ لَئِنْ أَكَلَهُ ٱلذِّئْبُ وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّآ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ ١٤﴾

ئەوانیش وتیان: کاری وا چۆن ئەبێ؟ وەڵڵاهی ئەگەر گورگ بێت یووسف بخوا و ئێمە کۆمەڵێکین و لەم کۆمەڵەدا کەس چاودێری نەکا هەتا گورگ هەڵی بگرێ وە یاخود بە رفاندن بیرفێنێ و ئێمە چارمان پێ نەکرێ، ئێمە مادام وابێ کۆمەڵێکی زیانکاری بێنرخ و بێئیعتیبارین! حاشا ! لەم خەیاڵانە دوور بکەوەرەوە و ئیزنی بدە بێ بۆ سەیران.

﴿فَلَمَّا ذَهَبُواْ بِهِۦ وَأَجْمَعُوٓاْ أَن يَجْعَلُوهُ فِى غَيَٰبَتِ ٱلْجُبِّ ۚ وَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِ لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمْرِهِمْ هَٰذَا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ١٥﴾

واتە حەزرەتی یەعقووب لە بەینی دڵخواز و نەبەدڵیدا ئیزنی دان یووسف ببەن بۆ سەیران و، کاتێ کە بردیان بۆ دەشتی کەنعان و هەموویان بڕیاریان دا کە بیهاونە ناو بیرەکەوە گەلێ بێڕەحمی و دڵڕەقییان کرد لەگەڵیا، واتە هەرچەن لێیان پاڕایەوە سوودی نەبوو، کراسەکەیان لەبەر داڕنی و دایانهێشتە ناو بیرەکەوە، وە لەو کاتەدا کە ئەو لە مردن رزگار بوو، وە لە ناو بیرەکەدا لە گۆشەیەکەوە کزی کردبوو ئێمە بۆ دڵخۆشی دانەوەی یووسف ئیلهامی دڵی ئەومان کرد و تێمان گەیاند: کە تۆ لەم بیرە دەرئەچی و رۆژێ ئەبێ ئەم برا ناپیاوانەت گرد ئەبنەوە لە لای تۆدا و تۆ خەبەریان پێ ئەدەی بەم کارە نابارە کە ئەوان لەگەڵ تۆدا کردیان و ئەوان نازانن کە تۆ یووسفی برای ئەوانی.

www.iqra.ahlamontada.com

وە پاش ئەوە ئەو برایانە لە دەوری بیرکە دوورکەوتنەوە حەیوانێکیان سەربڕی بۆ خۆیان کردیان بە بوریانی و بە خوێنی ئەو حەیوانە کراسەکەی یووسفیان سوور کرد.

﴿وَجَآءُوٓ أَبَاهُمۡ عِشَآءٗ يَبۡكُونَ ١٦﴾

وە لە کاتی عیشادا هاتنەوە لای یەعقووبی باوکیان بە کوڵ ئەگریان.

﴿قَالُواْ يَٰٓأَبَانَآ إِنَّا ذَهَبۡنَا نَسۡتَبِقُ وَتَرَكۡنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَٰعِنَا فَأَكَلَهُ ٱلذِّئۡبُۖ﴾

وتیان: بابە بە راستی ئێمە کاتێ گەیشتین بە سارا رۆیشتین بۆ موسابەقە و راکردن بە مەیدانا بزانین کام لە ئێمە زۆر توند رائەکا و پێش ئەکەوێ و یووسفمان بەجێ‌هێشت بە لای بەرگ و پۆشاکەکەمانەوە و لەو کاتەدا گورگ خواردی.

﴿وَمَآ أَنتَ بِمُؤۡمِنٖ لَّنَا وَلَوۡ كُنَّا صَٰدِقِينَ ١٧﴾

وە تۆ لەوانە نیت کە باوەڕمان پێ بکەیت هەرچەن ئێمە راستگۆ بین.

﴿وَجَآءُو عَلَىٰ قَمِيصِهِۦ بِدَمٖ كَذِبٖۚ﴾

وە بە خوێنێکی درۆینە کراسەکەیان خوێناوی کرد و هێنایان بۆ لای باوکیان، ئەویش تەماشای کراسەکەی کرد خوێناوی بوو بەڵام ئاساری دان و چنگی گورگی پێوە نەبوو، لەوێدا باش حاڵی بوو کە یووسف گورگ نەیخواردووە.

﴿قَالَ بَلۡ سَوَّلَتۡ لَكُمۡ أَنفُسُكُمۡ أَمۡرٗاۖ﴾

فەرمووی: یووسف گورگ نەیخواردووە بەڵکوو نەفسی خۆتان شتێکی وای بۆ سازاندوون کە بیکەن و پیشانی منی بدەن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَصَبْرٌ جَمِيلٌ﴾

وە بەش و بارەی من سەبرێکی جوانی وایە کە موناسبی خانەدانی رەهبەران بێ، واتە دەس نەکەین بە هاوارکردن و لە خۆ دان، وە هاوار نەبەم بۆ گەورەیێ لە ولاتەکەدا بێت بتانگرێ و سزاتان بدا هەتا ئەوەی کردووتانە دەربکەوێ، وە لەگەڵ خەڵکیشا نەڕۆم بۆ کێوماڵ تا بزانم لە کوێدا کوژراوە یا گورگ خواردوویەتی یا خراوەتە چاڵێکەوە.

﴿وَٱللَّهُ ٱلْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ﴿١٨﴾﴾

هەر خودایە داوای یارمەتی لێ ئەکرێ بۆ ئەوە تەوانایی بدا بە دڵی من لەسەر هەڵگرتنی ئەم بارە گرانە کە ئێوە باسی ئەکەن.

بزانن! ئەوەی کە مەعلوومە لە دینا ئەمەیە سەبرکردن لەسەر مسیبەت لەگیانا یا لە داراییدا یا لە شان و پایەدا یا لە ناساغیدا سیفەتێکی گەورەیە و لە سیفاتی پێغەمبەران و رەهبەرە گەورەکانە. وە مەعنای سەبرێ کە واجبە لەسەر موسوڵمان ئەمە نییە کە ئێش نەگا بە دڵی، یا نەگرییێت، تەماشا ئەکەین حەزرەت ﷺ لەسەر ئیبراهیمی کوڕی کە وەفاتی کرد گریا و فەرمووی: ئێمە لەسەر مردنی تۆ غەمبار و زویرین، بەڵکوو مەعنای سەبری شەرعی دوو شتە:

یەکەم: ئینسان وا بزانێ ئەم مسیبەتە خودا ناردوویەتی و خودا فەرمانڕەوای عامە و واجبی ئێمە ئەوەیە لەم ڕووداوەدا ئیعتیرازمان نەبێ لەسەری کە بۆچی وەهات کرد؛ چونکە خاوەن حیکمەتی موتڵەق جێگەی ئیعتیراز نییە.

دووهەم: ئەو ئینسانە کە گیرۆدە بووە کارێ نەکا بە هاوارکردن، وە یا گلەیی‌کردن، وە یا هاتوچۆ بۆ لای خەڵکی کە نیسبەت بە پایەی ئەو کەسە موناسب نەبێ. کە وابێ مەعنای «سەبری جەمیل» خۆ گرتنێکە لە پاش ئیعتیراز نەگرتن لە خودا هاوار

www.iqra.ahlamontada.com

و تەقالا و دەنگ و باسی تێدا نەبێ، وە «سەبری غەیرە جەمیل» ئەوەیە کە ئینسان دەست بکا بەو هاوار و هاتوچۆیە؛ بۆیە حەزرەتی یەعقووب ئەڵێ: باسی دڵزویری خۆم هەر لە لای خودا ئەکەم.

وە بیشزانین مەعنای سەبر ئەوە نییە کە ئینسان مادام بتوانێ چاری دەردی خۆی بکا نەکەوێتە شوێن چاری دەرد، بەڵکوو دروستە بۆ ئینسان هەر دەردێ و هەر بەلایێ کە دینی بێ یا دنیایی بێ و لە ئیمکاندا ببێ چارکردنی حەول بدا بە پەنابردن بۆ لای خاوەن دەستەلات، وە یا بە دەرمانکردن، وە یا سەرفی ماڵ ئەو مسیبەتە چار بکا، جا کە هەر چار نەکرا دەرئەکەوێ کە قەزای خودا سادر بووە و تەسلیم ببێ و بڵێ: ﴿إنا لله و إنا إليه راجعون﴾.[1]

هەروا بزانن، ئەم برایانی یووسفە کە ئەم کارە ناهەموارەیان کردووە لەگەڵیا هیچ کام لەوان نەبووە بە پێغەمبەر و وەحی بۆ نەهاتووە لە لای خوداوە؛ چونکە ئەسەح ئەمەیە پێغەمبەران لە پاش خەلاتی پێغەمبەرایەتی و لە پێش ئەوەیشا ئەبێ مەعسووم بن لە گوناحی گەورە و ئەم گوناحە کە ئەوان کردیان بوویە چەن گوناح، وەکوو قەسدی ئیهلاکی یووسف؛ چونکی غالبی گومانیان وابوو کە ئەمرێ و دەرهێنانی کاروانی قەتعی نەبوو. وە لەم لایشەوە دڵی باوکیان بەو جۆرە نابارە ئازاردا و چەن درۆ و دەلەسە و سوێندی درۆ لەم کارەساتەدا هاتە سەریان.

﴿وَجَآءَتْ سَيَّارَةٌ فَأَرْسَلُوا۟ وَارِدَهُمْ فَأَدْلَىٰ دَلْوَهُۥ ۖ قَالَ يَـٰبُشْرَىٰ هَـٰذَا غُلَـٰمٌ ۚ وَأَسَرُّوهُ بِضَـٰعَةً ۚ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿١٩﴾﴾

---

١. البقرة: ١٥٦.

www.iqra.ahlamontada.com

ریوایەت کراوە پاش سێ رۆژ لەو رووداوە کاروانێ لە شاری «مەدیەن»ەوە رووی کردە «میسر» و لە رێگەدا لە نزیکی ئەو بیرەدا باریان خست و ئاسایشیان کرد و لەسەر یاسای کاروانی پیاوێ ناوی مالیکی کوڕی زعری خەزاعی بوو ناردیان ئاویان لەو بیرە بۆ هەڵێنجێ، ئەویش کاتێ دۆڵچەکەی داهێشتە خوارەوە حەزرەتی یووسف رۆیشتە ناو دۆڵچەکەوە کاتێ هەڵیان کێشا تەماشایان کرد کوڕێکی جوانی تێدایە! ئەویش زۆر شادمان بوو وتی بە هاوڕێکانی: موژدە بێ ئەمە کوڕێکی جوانە لە ناو دۆڵچەکەدا هاتەسەرەوە، جا لە ناو خۆیانا وەکوو کەلوپەلی بازرگانی شاردیانەوە بۆ ئەوە کەس پێیان نەزانێ، وە خوداش زانایە و زانا بوو بە کارەکەیان و حەزی کرد بەوە کە دەستی ئەوانە بکەوێ بۆ ئەوە کە بیبەن بۆ میسر و بکەوێتە خانەدانی وەزیرەوە.

﴿ وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍۭ بَخْسٍ دَرَٰهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُوا۟ فِيهِ مِنَ ٱلزَّٰهِدِينَ ﴿٢٠﴾ ﴾

وە ئەو کەسانە کە یووسفیان دەرهێنا لە بیرەکە کاتێ گەیشتنە میسر یووسفیان فرۆشت ـ لەسەر حسێبی ئەوە کە بەندەی ماڵی تیجارەتە ـ بە وەکیلی مەسرەفی وەزیری میسر بە پارەیەکی کەم کە عیبارەت بوو لە چەن درەمێ و ئەوانە لە بابەتی موعامەلەی یووسفەوە لەوانە بوون کە ماڵی دنیایان نەوێ هەرئەوەیان ئەویست کە بیفرۆشن و لە لایان نەمێنێ لە ترسی ئەوە نەکا خاوەنی ئەو غولامە بکەوێتە شوێن کاروانەکە و دەربکەوێ ئەو کوڕە دۆزراوەتەوە و ماڵی تیجارەت نییە.

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِى ٱشْتَرَىٰهُ مِن مِّصْرَ لِٱمْرَأَتِهِۦٓ أَكْرِمِى مَثْوَىٰهُ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوْ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدًا ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەو وەزیرە کە یووسفی کڕی لە میسرا وتی بە ژنەکەی: خزمەتی ئەم غولامە بکەن و باش بەخێوی بکەن، هیوام وایە کە قازانجمان پێ بدا لە خزمەتکردنی دیوان و مالّا وە یا لە کلیل بە دەستی مەسرەفدا، یاخود هەر بیکەین بە کوڕی خۆمان مادام ئەدەب و ئەخلاقی بەرزمان چاو پێکەوت لە ڕەفتاریەوە.

﴿وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الْأَرْضِ وَلِنُعَلِّمَهُ مِن تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ ۚ وَاللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰ أَمْرِهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢١﴾﴾

وە هەر وەکوو چۆن یووسفمان لە بیرەکە ڕزگار کرد و لە میسرا فرۆشتمان بە وەزیری پاشا هەروا خاوەن دەستمان کرد لە عەرزی موڵکی وەزیرا، وە یا لە عەرزی وڵاتی میسرا، وە تا بمێنێتەوە بەسەر بەرزی لەوێدا، وە تا تەعلیمی مەعانی کتێبە ئاسمانییەکانی بکەین تا گەورەیی میسری پێ بکرێ، وە خودا زاڵە بەسەر خواستی خۆیا بەڵام زۆربەی ئادەمیزاد نازانن بەم حاڵە.

﴿وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُ آتَيْنَاهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ ﴿٢٢﴾﴾

جا پاش ئەوە کە یووسف گەیشتە ئەوپەڕ پایەی هێزی وجوودیەوە کە مابەینی (٣٠) ساڵە تا (٤٠) ساڵ، حیکمەتی عەمەلی و ڕەفتاری پیاوانەی عادڵانە و عیلم و زانستی واجباتی تایبەتی خۆی لە هەموو بابەتێکەوە پێمان دا و کردمان بە ئینسانی هەڵبژێراوی زانای تەوانا. وە هەر بەم جۆرەیش جەزای ئەو کەسانە ئەدەینەوە کە خاوەن ئیحسانن و بیر و باوەڕ و کردەوە و ڕەوشتیان باشە.

بزانن! بازێ لە موفەسیرەکان فەرموویانە: سەرەتای پێغەمبەرایەتی حەزرەتی یووسف لەو کاتەوە بووە کە کەوتە ناو بیرەکەوە و خودا پێی فەرموو: «لەمەولا ئاگادارت ئەکەم لە حاڵی براکانت و ئەوان بە تۆ نازانن».

www.iqra.ahlamontada.com

وە بازێ فەرموویانە: سەرەتای پێغەمبەرایەتی ئەو لەو کاتەوە بووە کە خرایە زیندانەوە. وە بازێ فەرموویانە: پاش ئەوە کە یووسف بوو بە ئەمینداری پاشای میسر و دەستی کرد بە خزمەت کردنی میللەتی میسر، وە خودای تەعالا خۆی عالمە بە حەقیقەتی حاڵ. بەڵام ئەم بیرە دواییە زۆر پەسەندە؛ چونکی ئەگەر حەزرەتی یووسف لە عومری چواردە و پازدەدا گەیشتبێ بە میسر و کەوتبێتە ماڵی عەزیزی میسرەوە چەن ساڵێ لە ماڵی ئەوا بووە و پاش ئەوە کە خراوەتە سیجنەوە حەوت ساڵ لە حەپسخانەدا بووە و پاش ئەوە لە حەپسخانە هاتووەتە دەرەوە بووە بە کار بەدەستی دارایی پاشای میسر یاڵڵا بووە بە ئینسانێکی رەسای موناسب بۆ پایەی رەهبەری و لەوەولا خودا کردوویەتی بە رەهبەر و دەعوەتی خەڵکی کردووە بۆ دینی تەوحید و بۆ شەریعەتی باوك و باپیرەکانی هەتا ئیبراهیم عليه السلام.

﴿وَرَٰوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا عَن نَّفۡسِهِۦ﴾

زۆر هاتوچۆی کرد ئەو ژنە کە یووسف لە ماڵی ئەوا بوو، وە تێکۆشا لەگەڵ یووسف بۆ رامکردنی نەفسی یووسف بۆ خۆی؛ چونکی یووسف زۆر جوان بوو وە ئەو ژنەیش زۆر جوان بوو بە دڵ گرفتاری عەشقی یووسف بووبوو، وە ئەوەی کە ئینسان رابکێشێ بۆ ئارەزووبازی ـ لە نیشاندانی شێوەی جوانی خۆی بە بەرگی جوانەوە و کردنە بەری بەرگی جوان و زەڕ و زیوەری نایاب و بە ناز و دەلاڵەوە و قسەکردن لەگەڵیا و خزمەتکردنی و دڵڕاگرتنی ـ بەجێ‌هێنا، هەتا بیری هاتە سەر ئەوە کە هەر چۆن ئەمر بکا بە یووسف ئیتاعەی ئەکا و ملپێچی ناکا. جا لەم کاتەدا فرسەتی لێ هێنا.

﴿وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ وَقَالَتۡ هَيۡتَ لَكَۚ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە زلێخا دەرگای هۆدەکانی لە دەر و ژوورەوە داخست بە جۆرێ کەس پێیان نەزانێ و وتی بە یووسف: فەرموو بێ بۆ لام تا پێکەوە رابوێرین! وە حەزرەتی یووسف لەبەر پاکی نەفسی خۆی موبالاتی پێ نەکرد و عوزری بۆ هێنایەوە بە سێ جۆر.

﴿قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٢٣﴾

یەکەم: فەرمووی: پەنا ئەگرم بەو خودایە کە کردەوەی خراپی حەرام کردووە و پێویستە هەموو کەسێ خۆی لە حەرام لابدا بە تایبەتی یەکێ کە لە خانەدانی دین و زانیاری دین بێ.

دووهەم: فەرمووی: ئەو کەسە کە خاوەنی عیسمەتی تۆیە گەورە و سەییدی منە و پایەی باش راگرتووم و زۆر دوورە لە حوقووقی وەفا و کەرامەتەوە ئینسان خەیانەت لەگەڵ خانەوادەی گەورەی خۆیا بکا، بە تایبەتی گەورەیەکی وا کە حورمەت و پایەی دابێ بەو کەسە.

سێهەم: خۆ بەرەڵا کردن بۆ ئارەزووبازی و دەستبردن بۆ ناموسی خەڵك موخالیفی عەقڵی سەلیمە، وە ستەمە و تەجاوزە لەسەر یاسای ویژدان و کەرامەتی ئینسانی و بە راستی هەرکەسێ ستەمکار بێ رزگار نابێ.

﴿وَلَقَدۡ هَمَّتۡ بِهِۦۖ وَهَمَّ بِهَا لَوۡلَآ أَن رَّءَا بُرۡهَٰنَ رَبِّهِۦۚ كَذَٰلِكَ لِنَصۡرِفَ عَنۡهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلۡفَحۡشَآءَۚ إِنَّهُۥ مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُخۡلَصِينَ ٢٤﴾

بە راستی ژنی وەزیری میسر زلێخا ناو قەسدی لەزەتوەرگرتنی کرد لە یووسف عليه السلام، وە حەزرەتی یووسف بە هۆی ئینسانییەتەوە قەسدی زلێخای ئەکرد ئەگەر لەو کاتە تاریکەدا چرای دڵی خۆی لە لایەنی خوداوە بە هەڵکراوی دەرك نەکردایێ، بەڵام لەو

www.iqra.ahlamontada.com

کاتەدا لە ویژدانی خۆیا دەرکی نوور و رووناکی و ئینشیراحێکی رۆحی وەهای کرد لە قەسدکردنی ئەوکارە نابارە دوورکەوتەوە، واتە یووسف قەسدی زلێخای نەکرد؛ چونکی هێزێکی رۆحی خودایی لە دڵیا پەیدا بوو مانیع بوو لەو قەسدە و ئێمە بۆیە ئەو بورهانەمان پێ نیشان دا بۆ ئەوە ئەو کارە ناهەموارەی لێ دوور بخەینەوە؛ چونکی بە راستی برِیاردراوە کە یووسف لە بەندە خالیسکراوەکان و لە رەهبەرەکانە لە دەفتەری عیلمی ئێمەدا و رەهبەران ئەبێ لە کاری نابار دوور بن.

﴿وَٱسۡتَبَقَا ٱلۡبَابَ﴾

جا یووسف و زلێخا هەردوو کەوتنە کێبەرکێ بۆ لای دەرگای ماڵەکە، وە هەرکام لەوان کۆششیان ئەکرد بۆ ئەوە کە لە پێش ئەوا پێی بگەن، یووسف ئەیویست بگا بە دەرگاکە و بیکاتەوە و خۆی رزگار بکا لە دەستی زلێخا و، زلێخا ئەیویست زوو بگا بەو دەرگایە هەتا پشتی پێوە بنێ و نەیەڵێ یووسف دەرچێ و مەقسوودی خۆی بەجێبێنێ وە یا خەڵك بەو کارەساتە نەزانن، وە یووسف کەوتە پێش و زلێخا لە دوایەوە ملەوانی کراسەکەی یووسفی گرت.

﴿وَقَدَّتۡ قَمِيصَهُۥ مِن دُبُرٖ﴾

وە کراسەکەی یووسفی لە پشتەوە دادرِی؛ چونکی یووسف بەهێز پەلەی ئەکرد بگات بە دەرگاکە و زلێخا کراسەکەی رائەکێشا و کراسەکە بە دەستیەوە درِا.

﴿وَأَلۡفَيَا سَيِّدَهَا لَدَا ٱلۡبَابِۚ﴾

بە قەزا و قەدەری خودا لەو کاتەدا تەسادوفی مێردەکەی زلێخا واتە «قطفیر» ناو وەزیری پاشای میسریان کرد. وە بە فەوری بۆ پێشدەستی، زلێخا هاواری کرد لە «قطفیر».

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَالَتۡ مَا جَزَآءُ مَنۡ أَرَادَ بِأَهۡلِكَ سُوٓءًا إِلَّآ أَن يُسۡجَنَ أَوۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ٢٥﴾

وتی: جگه له سیجن و سزای سه‌خت چی‌تر هه‌یه ببێ به تۆڵه‌ی كه‌سێ كه بیه‌وێ خه‌یانه‌ت له عائیله‌ی تۆ بكا؟

وه حه‌زره‌تی یووسفیش بۆ چاری كه‌رامه‌تی خۆی هاته‌ده‌نگ و،

﴿قَالَ هِيَ رَٰوَدَتۡنِي عَن نَّفۡسِيۚ﴾

فه‌رمووی: حاشا! من هیچ كارێكی نابارم نه‌كردووه و ئه‌و هه‌وڵی دا بۆ رامكردنی من و منیش ویستم خۆم ده‌رباز بكه‌م تا له‌م شوێنه‌دا گه‌یشتین به تۆ.

﴿وَشَهِدَ شَاهِدٞ مِّنۡ أَهۡلِهَآ إِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن قُبُلٖ فَصَدَقَتۡ وَهُوَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ٢٦ وَإِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٖ فَكَذَبَتۡ وَهُوَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ٢٧﴾

وه له‌وێدا شایه‌تێك له خزمی زلێخا شایه‌تی دا و وتی: ته‌ماشا بكه‌ن ئه‌گه‌ر كراسه‌كه‌ی یووسف له به‌ره‌وه دڕاوه ئه‌وه زلێخا راست ئه‌كا و یووسف له درۆزنانه؛ چونكی ئه‌وه نیشانه‌ی ئه‌وه‌یه كه یووسف ده‌ستی بردووه بۆ زلێخا و ئه‌ویش مه‌نعی كردووه و یووسف كراسه‌كه‌ی دادڕیوه. وه ئه‌گه‌ر كراسه‌كه‌ی له پشته‌وه دڕاوه ئه‌وه زلێخا درۆ ئه‌كا و یووسف راست ئه‌كا؛ چونكی ئه‌وه نیشانه‌ی ئه‌وه‌یه كه زلێخا داوای رووبه‌ڕوویی له یووسف كردووه و ئه‌ویش پشتی لێ هه‌ڵكردووه و زلێخا له پشته‌وه كراسه‌كه‌ی گرتووه و ئه‌ویش خۆی راكێشاوه هه‌تا كراسه‌كه‌ی له پشته‌وه دڕاوه.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَلَمَّا رَءَا قَمِيصَهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٍ قَالَ إِنَّهُۥ مِن كَيْدِكُنَّ إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ ﴿٢٨﴾﴾

جا کاتێ کە قەتفیر تەماشای کرد و دەرکەوت کراسەکەی یووسف لە پشتەوە دڕاوە و باش تێگەیشت یووسف پاکە. وتی: ئەم ڕووداوە لەگەڵ ئەم گریان و شکات و پێشدەستی تۆدا بە عیبارەتی جازیبە بۆ دڵی ئێمە لە حیلەی ژنانەی ئێوەیە و بە ڕاستی حیلەی ئێوە زۆر وردە و تەئسیری گەورە ئەکا وە ئەگەر هۆشیارییێکی باش نەبێ پیاو ئەهاوێتە هەڵەوە.

جا پاش ئەوە کە وەزیر حاڵی بوو لە وەزعی ناو ماڵەکە وتی:

﴿يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هَٰذَا﴾

ئەی یووسف وا ئەزانم تۆ پاکی و باسی ئەم ڕووداوە مەکە با دەنگمان دەرنەچێ.

﴿وَٱسْتَغْفِرِى لِذَنۢبِكِ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ ٱلْخَاطِـِٔينَ ﴿٢٩﴾﴾

وە ئەی زلێخا تۆیش داوای چاوپۆشی لە خودا بکە بۆ تاوانی خۆت، بە ڕاستی لە تاوانبارانی لەم کارەساتەدا، وە ئەم جارە بەم جۆرە سەری ئەم ڕووداوەیان نایەوە و باسەکە کپ بووەوە لە ناو ماڵەکەیانا.

**لێرەدا چەن باسێ هەیە:**

یەکەم: لەسەر ئەو تەفسیرە من نووسیم لە لایەنی حەزرەتی یووسفەوە عليه السلام قەسدی کاری خراپ نەبووە لەبەر ئەوە کە جوملەی ﴿وهمّ بها﴾ ئەبێ بە جوابی ﴿لولا﴾ و لێی پێشکەوتووە وەکوو ئیمام فەخری ڕازی بە نەقڵ لە سیبەوەیهییەوە ئەو پێشکەوتنەی ڕەوا داوە. کە وابێ مەعنای ئایەتەکە وایە: ئەگەر یووسف بورهانی

www.iqra.ahlamontada.com

خودای ده‌رك نه‌كردایێ قه‌سدی ئه‌و كاره‌ی ئه‌كرد: به‌ڵام مادام بورهانه‌كه‌ی ده‌رك كرد ئه‌و قه‌سده‌ی نه‌كرد، وه ئه‌مه مه‌علوومه بۆ خوێنده‌وار.

دووهه‌م: له‌سه‌ر ئه‌و ته‌فسیره من نووسیومه «بورهان»ه‌كه عیباره‌ته له‌و نووره كه له‌و كاته‌دا خودای ته‌عالا دایناوه له دڵی یووسفا خواه نووری عیسمه‌ت بێ كه بۆ پێغه‌مبه‌رانه ـ مادام له‌و كاته‌دا پێغه‌مبه‌ر بووبێ ـ یاخود ته‌وفیق و ئیرهاس بێ ـ ئه‌گه‌ر له‌و كاته‌دا پێغه‌مبه‌ر نه‌بووبێ ـ وه كه‌لیمه‌ی بورهان زۆر موناسبه بۆ ئه‌م هێزه مه‌عنه‌وییه؛ چونكی بۆ هێزی قه‌تعی و بڕنده به‌كار دێ، وه نووری عیسمه‌تی پێغه‌مبه‌ران و نووری ته‌وفیق هه‌ردوویان زۆر بڕنده و خاوه‌ن ته‌ئسیرن.

سێهه‌م: ئه‌و شایه‌ته كه شایه‌تی دا به پاكی یووسف بازێ له موفه‌سیره‌كان وتوویانه پیاوێ بوو ئامۆزای زلێخا یا خالۆزای بوو، وه ئه‌و ئه‌م ته‌دبیره‌ی كرد بۆ عه‌زیزی میسر كه ته‌ماشای كراسه‌كه‌ی یووسف بكا: ئاخۆ له به‌ره‌وه دڕاوه یا له دواوه؟

وه زۆربه‌ی موفه‌سیره‌كان فه‌رموویانه: منداڵێ بوو له بێشكه‌دا خزمی زلێخا بوو وه به شێوه‌ی «خرق العاده» خودا هێنایه وتار بۆ ئه‌و رووداوه به ده‌لیلی فه‌رمووده‌ی حه‌زره‌تﷺ كه فه‌رموویه‌تی: چوار منداڵ هاتوونه‌ته وتار: «ماشته»ی كچی فیرعه‌ون[١]. [وه] شایه‌ته‌كه‌ی یووسف وه ئه‌و منداڵه كه له زه‌مانی «جریج»ی راهیبدا هاته وتار بۆ شایه‌تی پاكی «جریج» وه عیسای كوڕی مه‌ریه‌م‌عليه السلام.

چواره‌م: پێویسته بزانن كه حه‌زره‌تی یووسف‌عليه السلام له‌و رووداوی ماڵی وه‌زیره‌دا مه‌عسووم و پاك بووه له هه‌موو جۆره تاوانێ به ده‌لیلی ئه‌وه (وه‌كوو ئیمامی رازی فه‌رموویه‌تی) هه‌ركه‌سێ په‌یوه‌ندی بووبێ به‌و رووداوه‌وه شایه‌تی داوه به پاكی

---

[١. مامۆستا له ته‌فسیری «مواهب الرحمن» به‌رگی ٤ لاپه‌ڕه ٣٦١ دا ئه‌فه‌رموێ: كوڕی ماشته‌ی كچی فیرعه‌ون، نه‌ك ماشته خۆی. ـ بڵاوكردنه‌وه‌ی كوردستان].

www.iqra.ahlamontada.com

یووسف وە ئەوانە کە عەلاقەدارن لەوا یووسف و، زلێخا و، شایەت و، وەزیر و، ژنانی میسری و، خودای تەعالا و، دوژمنی گەورە شەیتان.

١. یووسف عليه السلام فەرموویەتی: ﴿هي راودتني عن نفسي﴾، واتە: زلێخا هاتوچۆی کرد بۆ لای من و ویستی مەیلی بدەمێ و من پەیوەندیم نەبوو، وە فەرموویەتی: ﴿رب السجن أحب إلي مما يدعونني إليه﴾، واتە: خودایا زیندانم پێ خۆشترە لەو تاوانە و لەو کارەی ئەوان منی بۆ بانگ ئەکەن. وە خودا ئەمانەی گێڕاوەتەوە و تەقریری کردوون.

٢. زلێخا لای ژنە میسرییەکان دانی پیانا وتی: ﴿لقد راودته عن نفسه فاستعصم﴾، واتە: بە راستی من هەوڵم دا لەگەڵ یووسفدا و ویستم رامی بکەم، واتە من تەماعم تێکردبوو لەگەڵی خەریك بووم بەڵام ئەو خۆی نەدا بە دەستەوە. هەروا لای پاشای میسریشدا پێی لێناو وتی: ﴿الآن حصحص الحق، أنا راودته عن نفسه، وإنه لمن الصادقين﴾، واتە: ئێستە راستی دەرکەوت، من فڕو فێڵم کرد بۆ رامکردنی یووسف، یووسف لە راستانە لە وتار و کردارا.

٣. شایەتەکەیش بەیانی ئەوەی کرد کە بوو بە هۆی پاکی یووسف عليه السلام.

٤. وەزیری میسر وتی: ﴿إنه من كيدكن، إن كيدكن عظيم﴾.

٥. ژنە میسرییەکان وتیان: ﴿ما علمنا عليه من سوء﴾.

٦. شەیتان بڕیاری داوە کە عیبادی خودا گومڕا بکا موخلیسەکان نەبێ و خودا فەرموویەتی: ﴿إنه من عبادنا المخلصين﴾.

٧. خودا فەرموویەتی: ﴿كذلك لنصرف عنه السوء والفحشاء﴾. واتە: بورهانمان پێ نیشان دا بۆ ئەوە کە خراپە لادەین لە یووسف، وەکوو سەرەتای خەیانەتەکە و خەیانەتەکەیش خۆی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي ٱلْمَدِينَةِ ٱمْرَأَتُ ٱلْعَزِيزِ تُرَٰوِدُ فَتَىٰهَا عَن نَّفْسِهِۦ قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا إِنَّا لَنَرَىٰهَا فِي ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٣٠﴾﴾

واتە: هەرچەند خانەدانی وەزیر تێکۆشان بۆ کپکردنەوەی ئەو دەنگوباسە بەڵام بە یاسای «قسە کەوتە زارێ ئەکەوێتە شارێ» هەواڵ بڵاو بووەوە بە ناو شاری میسردا و ژنان کەوتنە وتووێژ و کۆمەڵێ ژنی هاوشان و هاوتەمەنی زلێخا وتیان: ژنەکەی عەزیز خەریکی دڵداری و هاتوچۆیە بۆ رامکردنی غوڵامە خزمەتکارەکەی خۆی و، بە راستی خۆشەویستی ئەو غوڵامە چووەتە ناو پەردەی دڵی زلێخاوە و بە راستی لەم رووەوە ئێمە زلێخا بە گومڕا و بێهۆش ئەزانین؛ چونکە خزمەتکارێ ئەوە نایەنێ.

﴿فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَـًٔا وَءَاتَتْ كُلَّ وَٰحِدَةٍ مِّنْهُنَّ سِكِّينًا وَقَالَتِ ٱخْرُجْ عَلَيْهِنَّ فَلَمَّا رَأَيْنَهُۥٓ أَكْبَرْنَهُۥ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ مَا هَٰذَا بَشَرًا إِنْ هَٰذَآ إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ ﴿٣١﴾﴾

کاتێ کە زلێخا ئەم قسە و باسە پەنامەکی ئەوانەی بیست، وەلحاڵ قەسدی ئەوانیش لە ژێرەوە سووككردنی پایە و شانی زلێخا بوو، ناردی بە دوایانا بە ناوی دەعوەتەوە بانگی کردن بۆ ماڵی خۆی و، بۆ هەرکام لەوان نارنجێکی ئامادە کرد، جا کاتێ هاتن و دانیشتن هەر یەکە و نارنجەکە و چەقۆیەکی دا بە دەستەوە و، لەو کاتەدا کە خەریکی بڕینی نارنجەکە بوون زلێخا بە یووسفی وت: وەرە دەرەوە بۆ ناو کۆمەڵی بانگ کراوان! کاتێ چاویان بە شێوەی جوانی دڵڕفێنی بێوێنەی یووسف کەوت زۆر بە شتێکی جوان و گەورە هاتە پێش چاویان و، بە هۆی تەماشاکردنی یووسفەوە هۆشیان لای خۆیان نەما و دەستی خۆیان لەت و پەت کرد و هەموو

www.iqra.ahlamontada.com

وتیان: خودا دوورە لە ناتەوانی و توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە بۆیە توانیویەتی ئەم ئادەمیزادە لەم شێوە فریشتە سروشتەدا دروست بکا، بەڵام ئەمە ئادەمی نییە و ئەمە فریشتەیەکی خاوەن قەدر و قیمەت و دیارییە.

﴿قَالَتْ فَذَٰلِكُنَّ ٱلَّذِى لُمْتُنَّنِى فِيهِ ۖ وَلَقَدْ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفْسِهِۦ فَٱسْتَعْصَمَ ۖ وَلَئِن لَّمْ يَفْعَلْ مَآ ءَامُرُهُۥ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا مِّنَ ٱلصَّٰغِرِينَ ﴿٣٢﴾﴾

پاش ئەوە کە زلێخا حاڵی بوو ژنە میسرییەکانیش گیرۆدەی جوانی یووسف بوون و کەس بەرابەر بەو جوانییە خۆی ناگرێ، بێشاردنەوە وتی: ئا ئەم جوانە کە چاوتان پێی کەوت ئەو غولامەیە کە ئێوە سەرزەنشتی منی لەسەر ئەکەن! بە ڕاستی من هەوڵم دا بۆ رامکردنی بۆ خۆم و ئەو هەر خۆی نەداوە بە دەستەوە و خۆی گرتووە، وە پاش ئەوە کە ئێوە حاڵی بوون لەو شێوە و جوانییە و ئەزانن کە دڵ خۆی ناگرێ لە ئاستی خۆشەویستی ئەودا، سوێند ئەخۆم ئەگەر ئەوەی من لەوم ئەوێ نەیکا ئەخرێتە زیندانەوە و لە ریزی داماوەکانا ئەبێ.

لەمەوە دەردەکەوێ کە هەموو لایەکیان دانیان ناوە بەوەدا کە ئیختیاریان لە دەست دەرچووە بەرابەر بە یووسف. جا ژنەکانیش دەستیان کرد بە ئامۆژگاری یووسف و حاڵی کردنی لەوە کە لە موخالەفەی زلێخادا گیرۆدەی مەینەتی سزا و زیندان ئەبێ، وە یووسف کەوتە ئەمری واقیعەوە و لە پاش بیرکردنەوە لەوەدا کە نافەرمانی زلێخا سزایەکی مەحدوودە و نافەرمانی خودای تەعالا عارە بۆ دنیا و ئاگرە بۆ عالەمی نەبڕاوەی قیامەت، لە خودا پاڕایەوە و هەوڵی پاراستنی خۆی دا .

﴿قَالَ رَبِّ ٱلسِّجْنُ أَحَبُّ إِلَىَّ مِمَّا يَدْعُونَنِىٓ إِلَيْهِ ۖ وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّى كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُن مِّنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٣٣﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وتی: پەروەردگارا! زیندان لە لای من گەلێ خۆشترە لەو کردەوە نابارەی کە ئەو ژنانە لێمیان دەوێ و، ئەگەر تۆ فرو فێڵی ئەم ژنانەم لێ لا نەدەی لەوانەیە کە مەیل بکەم بۆ رابواردن لەگەڵیانا و ئەو کاتە ئەچمە رزی ئارەزووبازانی نەفامەوە.

﴿ فَٱسْتَجَابَ لَهُۥ رَبُّهُۥ فَصَرَفَ عَنْهُ كَيْدَهُنَّ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٤﴾ ﴾

جا خودای تەعالا دوعاکەی لێ قەبووڵ کرد و وەزعێکی وای بردە دڵی وەزیری میسرەوە کە لەو خانەدانەی دوور بخەنەوە. وە بەم جۆرە یووسفی پاراست و فرو فێڵی ژنەکانی لێ لادا؛ چونکی بە راستی خودا دوعای موخلیسان ئەبیێ و زانایشە بە رازی دڵیان و ئەزانێ مەبەستیان چییە.

﴿ ثُمَّ بَدَا لَهُم مِّنۢ بَعْدِ مَا رَأَوُا۟ ٱلْـَٔايَـٰتِ لَيَسْجُنُنَّهُۥ حَتَّىٰ حِينٍ ﴿٣٥﴾ ﴾

پاش ماوەیەکی کەم لە کپ‌کردنەوەی ئەو رووداوە و پاش ئەوە کە چەن بەڵگەی مەعقوولیان دەست کەوت لەسەر پاکی یووسف و حاڵی بوون هەتا ئەو لەوماڵەدا بێ خەڵکی باسی خانەوادەکەی ئەکەن فیعلەن لە ماڵیشەوە هۆی کاری نابار هەر دەوام ئەکا. بۆیان دەرکەوت کە باش وایە ماوەیێ یووسف زیندانی بکەن تا ئەو خەتەرە لەو خانەوادەدا نەمێنێ.

﴿ وَدَخَلَ مَعَهُ ٱلسِّجْنَ فَتَيَانِ ۖ قَالَ أَحَدُهُمَآ إِنِّىٓ أَرَىٰنِىٓ أَعْصِرُ خَمْرًا ۖ وَقَالَ ٱلْـَٔاخَرُ إِنِّىٓ أَرَىٰنِىٓ أَحْمِلُ فَوْقَ رَأْسِى خُبْزًا تَأْكُلُ ٱلطَّيْرُ مِنْهُ ۖ نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِۦٓ ۖ إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٣٦﴾ ﴾

واتە: فیعلەن بە ئەمری وەزیر یووسفیان زیندانی کرد و بە رێکەوت دوو گەنج لە خزمەتکارانی پاشای میسر لەگەڵ یووسفدا زیندانی کران؛ یەکێکیان نانی بۆ پاشا دروست ئەکرد و ئەویشیان مەشرووباتی دروست ئەکرد، ئەم دوانە بە تاوانی ئەوە زیندانی کران کە ئەیانەوێ پادشا دەرمانخوارد بکەن.

www.iqra.ahlamontada.com

وە بە هۆی بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی کارەساتی خانەدانی وەزیرەوە دەرکردنی فەرمان بە زیندانکردنی یووسف مەشهوور بوو کە ئەم غوڵامە ئینسانێکی بە حورمەت و دڵ و داوێن پاك و خاوەن نەفسێکی پاکە، وە فیعلەن ئاداب و هەستان و دانیشتنیشی وەها بوو، بەم هۆیەوە ئەو دوو خزمەتکاری پاشایە باوەڕیان پەیدا کرد بەوە کە یووسف ئینسانێکی پیرۆزە و بە یاسای ئەو رۆژە بۆ ئەوە ئەشێ کە داوای تەعبیری خەوی لێ بکرێ. وە لەو کاتەدا ئەو دوو گەنجە هەر یەکە و خەوێکیان دی و هاتن بۆ لای یووسف بۆ لێکدانەوەی خەوەکەیان و، یەکێکیان وتی: لە خەوما دیم ترێم ئەگوشی و ئەمکرد بە شەراب بۆ پاشا، ئەوی‌تریان وتی: منیش دیم لە خەوما کە نانم لەسەر سەرم داناوە و پەلەوەر دائەبارن بەسەرما و لەو نانە ئەخۆن، ئەمانەوێ ئاگادارمان بکەی لە تەفسیری ئەم دوو خەوە، بە راستی ئێمە تۆ بە ئینسانێکی وا ئەزانین کە لە کۆمەڵی چاکان و پیاوچاکانی.

﴿قَالَ لَا يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِۦٓ إِلَّا نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِۦ قَبْلَ أَن يَأْتِيَكُمَا
ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِى رَبِّىٓ ۚ إِنِّى تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَهُم
بِٱلْـَٔاخِرَةِ هُمْ كَٰفِرُونَ ﴿٣٧﴾ وَٱتَّبَعْتُ مِلَّةَ ءَابَآءِىٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ
وَيَعْقُوبَ ۚ مَا كَانَ لَنَآ أَن نُّشْرِكَ بِٱللَّهِ مِن شَىْءٍ ۚ ذَٰلِكَ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ
عَلَيْنَا وَعَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ ﴿٣٨﴾﴾

کاتێ حەزرەتی یووسف وتاری خزمەتکارەکانی بیست، وە خودا حاڵی کردبوو لەوە کە یەکێکیان رزگار ئەبێ لە زیندان و لە لای پاشادا قەدری ئەبێ، ویستی لەم هەلەدا خۆی دەربخا و ئاگاداریان بکا لەوە کە خۆی لە لای خودادا قەدری هەیە و رەهبەرە و خودا گەلێ شتی پەنامەکی پێ نیشان ئەدا وەکوو چۆن باقی رەهبەرەکان

www.iqra.ahlamontada.com

خۆیان دەرئەخەن لە ئادەمیزاد، وە پێی فەرموون: من نەك هەر بۆ تەفسیری خەو بەڵکوو خودا زانستێکی رۆحی وەهای پێداوم کە هەر خواردەمەنییەك لە لایەنی مەئمووری زیندانەوە رەوانەئەکرێ بۆتان بیخۆن لە پێش ئەوەدا کە بگات بە ئێوە ئەزانم چ جۆرە خواردەمەنییەکە و سوودی هەیە بۆتان بیخۆن یا زیان، وە ئەم زانستە لە جوملەی ئەوانەیە کە خودای خۆم فێری کردووم، وە سیرِی ئەم بەش و بەهرەیشە ئەوەیە کە من تەرکی ئایینی قەومێکم کردووە کە ئیمانیان نییە بە خودای تەنیا، وە کوفری رۆژی قیامەت ئەکەن، واتە: وەکوو باوەڕیان بە زاتی خودا نییە باوەڕیشیان بەوە نییە کە ئینسان لە پاش مردن زیندوو ئەکرێتەوە و پرسیاری کردەوە و بیر و باوەڕی لێ ئەکرێ و ئەگا بە جەزای خۆی.

وە کەوتوومەتە شوێنی ئایینی باوك و باپیرەکانی خۆم کە یەعقووب و ئیسحاق و ئیبراهیمە، وە بۆ ئێمە رەوا نییە و نەبووە قەت کە شەریك و هاوڕێ بڕیار بدەین بۆ خودای تەعالا، وە ئێمە دامەزراوین لەسەر ئایینی خودا پەرستی بە تاق و تەنیا وە لەسەر رەهنومایی ئادەمیزاد بۆ دینی تەوحید و خودای تەنیا پەرستن، وە ئەم بارەی ئایینی تەوحیدە لە فەزل و کەرەمی خودایە لەسەر ئێمە کە وەحی ناردووە بە فریشتەدا بۆمان، وە لەسەر خەڵکیش کە ئێمەی کردووە بە رەهبەر و رەهنومایان، بەڵام زۆربەی ئادەمیزاد نازانن بەم بارەیە و سوپاسی ئەو خودایە ناکەن کە ئەم ئایینی تەوحیدەی بۆ ناردوون بۆیە قەبووڵی ناکەن.

جا لەم شوێنەدا حەزرەتی یووسف ﷺ بە ئاشکرا کەوتە بانگ‌کردنیان بۆ ئایینی تەوحید و فەرمووی:

﴿ يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ ءَأَرۡبَابٞ مُّتَفَرِّقُونَ خَيۡرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ ﴾ ٣٩

www.iqra.ahlamontada.com

ئەی دوو هاوڕێی من لەم زیندانەدا، ئایا پەرستنی چەن خودایەکی بڵاوی بێ‌جەمعییەتی بێ‌شوعوور و هێز باشە بۆ ئینسان؟ یا پەرستیاری خودایێ کە تاق و تەنیایە و زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا و کەس ناتوانێ بەرابەری بکا؟

﴿مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسْمَآءً سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍۚ﴾

ئێوە عیبادەت ناکەن بۆ غەیری خودا بۆ چەن بتێکی بێ‌نرخی بێ‌حەقیقەتی وەها نەبێ کە خۆتان ناوتان ناون، ئێوە و باوك و باپیرەتان، وە خودا هیچ بورهان و بەڵگەیەکی رووناکی لەسەر دانەناون.

﴿إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِۚ﴾

حوکم و فەرمان بە بەندەیی هەر بۆ خودایە.

﴿أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ٤٠﴾

ئەو خودایە کە ئەمری کردووە کە عیبادەت نەکەن بۆ ئەو نەبێ وە ئەمەیە دینی راستی حەقی دامەزراو لە کائیناتا بەڵام زۆربەی ئادەمیزاد ئەمە نازانن.

﴿يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجْنِ أَمَّآ أَحَدُكُمَا فَيَسْقِى رَبَّهُۥ خَمْرًاۖ وَأَمَّا ٱلْءَاخَرُ فَيُصْلَبُ فَتَأْكُلُ ٱلطَّيْرُ مِن رَّأْسِهِۦۚ قُضِىَ ٱلْأَمْرُ ٱلَّذِى فِيهِ تَسْتَفْتِيَانِ ٤١﴾

جا پاش بەیانی بیر و باوەڕ و ئایینی خۆی و ئامۆژگاری زیندانییەکان، رووی کردە تەعبیری خەوەکانیان و فەرمووی: ئەی دوو هاوڕێی زیندانم! یەکەمتان، واتە

www.iqra.ahlamontada.com

ئەوەتان کە لە خەویا شەرابی دروست ئەکرد بۆ پاشاکەی لەمەوبەر، ئەڕواتەوە بۆ سەر کاری خۆی و شەراب دەرخواردی گەورەکەی ئەداتەوە، وە ئەوەی دووەمتان ئەوە حوکمی ئیعدامی ئەدرێ و هەڵئەواسرێ بە سێدارەدا و لە بەر ناهەمواری حوکمەکەی ناهێنرێتە خوارەوە هەتا پەلەوەر لە سەری ئەخوا، ئەو شتەی کە لێی ئەپرسن بڕایەوە، واتە ئەنجامی ئەم زیندانی کردنتانە لە تەعبیری خەوەکانتانا ئەمەیە.

﴿وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُ نَاجٍ مِّنْهُمَا اذْكُرْنِي عِندَ رَبِّكَ فَأَنسَاهُ الشَّيْطَانُ ذِكْرَ رَبِّهِ فَلَبِثَ فِي السِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ ﴿٤٢﴾﴾

وە یووسف فەرمووی بەویانە کە باوەڕی وابوو رزگارە لە زیندان: کاتێ ڕۆیشتیتە لای پاشا باسی منی لا بکە کە بە ستەم لەم زیندانەدا ڕاگیراوم، بەڵکوو بەزەیی پێما بێتەوە و ڕزگارم بکا، بەڵام تێکەڵبوون بە کاری خۆیەوە و شادمانی بە ڕزگار بوونی خۆی تێکەڵی دنیای کردەوە و پەیوەندی بە شەیتانەوە پەیدا کردەوە و شەیتان بوو بە هۆی ئەوەی باسی یووسف فەرامۆش بکا و لای پاشا باسی نەکا وەك هەر نەیدیبێ! وە مەشهوور وایە حەوت ساڵ مایەوە لەو شوێنەدا. وە حیکمەتی ئەوەیش ئەمە بوو ئەو باسە شەرمئاوەرە نەمێنێ و یووسفیش بگات بە پایە بە لای پاشاوە.

﴿وَقَالَ الْمَلِكُ إِنِّي أَرَىٰ سَبْعَ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعَ سُنبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ ۖ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي رُؤْيَايَ إِن كُنتُمْ لِلرُّؤْيَا تَعْبُرُونَ ﴿٤٣﴾﴾

بە خواستی خودا پاش ئەو ماوە پادشای میسر خەوی دی: کە ڕۆژ بووەوە فەرمووی: بە ڕاستی من لە خەودا حەوت گای زەلامی گۆشتن و قەڵەوم دی لە نەهرێکەوە هاتنە دەرەوە و حەوت گای لاوازیشم چاو پێکەوت ئەو حەوت گا

www.iqra.ahlamontada.com

قەڵەوەیان ئەخوارد و قووتیان ئەدان، وە حەوت گوڵە گەنمی سەوزی جوانم دی و حەوت گوڵی وشکی زەرد کەوتن بەسەر گوڵە سەوزەکانا و دایان پۆشین، وە لەم خەوە زۆر سەرم سوڕماوە، ئەی کۆمەڵی مەجلیس و ئەهلی فامی بارەگا تەفسیری ئەم خەوەم بۆ بکەن ئەگەر ئێوە لەوانەن کە تەعبیری خەو ئەزانن.

﴿قَالُوٓاْ أَضۡغَٰثُ أَحۡلَٰمٖۖ وَمَا نَحۡنُ بِتَأۡوِيلِ ٱلۡأَحۡلَٰمِ بِعَٰلِمِينَ ٤٤﴾

ئەوانیش لە وەڵاما وتیان: ئەم خەوانە لە خەوی پڕوپووچ ئەچن، وە ئێمە زانا نین بە تەعبیری خەوی وەها؛ چونکی حەقیقەتیان نییە.

﴿وَقَالَ ٱلَّذِي نَجَا مِنۡهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعۡدَ أُمَّةٍ أَنَا۠ أُنَبِّئُكُم بِتَأۡوِيلِهِۦ فَأَرۡسِلُونِ ٤٥﴾

جا ئەو کابرای زیندانییە کە یووسف تەعبیری خەوەکەی بۆ کرد و رزگاری بوو، یووسفی کەوتەوە بیر پاش ئەو ماوە زۆرە و وتی: من خەبەرتان ئەدەمێ بە تەئویلی ئەم خەوە، ئەمر بفەرموون رەوانەم بکەن بۆ لای یووسف؛ چونکی لەو رۆژەدا کەس بە بێ فەرمانی تایبەتی نەیئەتوانی بڕوا بۆ زیندان و زیندان ببینێ، جا پاشا فەرمانی دا کە بڕوا بۆ زیندان و رۆیشت بۆ لای یووسف و عەرزی کرد.

﴿يُوسُفُ أَيُّهَا ٱلصِّدِّيقُ أَفۡتِنَا فِي سَبۡعِ بَقَرَٰتٖ سِمَانٖ يَأۡكُلُهُنَّ سَبۡعٌ عِجَافٞ وَسَبۡعِ سُنۢبُلَٰتٍ خُضۡرٖ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٖ لَّعَلِّيٓ أَرۡجِعُ إِلَى ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَعۡلَمُونَ ٤٦﴾

ئەی یووسف !؟ ئەی ئینسانی خودا پێداوی زۆر راست لە وتارا ! خەبەرمان پێ بدە لە تەئویلی ئەم خەوەدا پاشا دیویەتی: کە حەوت گای لەڕ حەوت گای قەڵەویان خواردووە و، حەوت گوڵە گەنمی وشکی پووکاوە کەوتوون بەسەر حەوت گوڵە

www.iqra.ahlamontada.com

گەنمی سەوزی جوانا، هیوام وایە بڕۆمەوە بۆ لای پاشا و وەزیرەکانی و باسەکەیان بۆ بگێڕمەوە هەتا بزانن کە تەعبیری خەوەکەی پاشا چییە.

﴿قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تَأْكُلُونَ ﴿٤٧﴾﴾

فەرمووی: حەوت ساڵ کشتوکاڵتان ئاسایی ئەبێ ئەوە کە لەو حەوت ساڵەدا ئەیدوورنەوە وازی لێ بێنن هەر لە ناو گوڵەکەیا بمێنێتەوە کەمێ نەبێ لەوەی کە پێویستان پێیەتی بۆ خواردن.

﴿ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تُحْصِنُونَ ﴿٤٨﴾﴾

پاش ئەو حەوت ساڵە، حەوت ساڵی ناهەمواری قاتی دێنە پێشەوە هەموو ئەو رزقەی هەڵتان گرتووە و داتان ناوە بۆ ئەو ساڵە گرانیانە، ئەیانخۆن، واتە خەڵکەکە ئەوەی ئامادەیان کردووە بۆ خۆیان بۆ ساڵە گرانییەکان ئەیخۆن کەمێ نەبێ لەوەی پاراستووتانە بۆ تۆوی کشتوکاڵ یا بۆ کاتی قاتە ساڵ.

﴿ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ ﴿٤٩﴾﴾

پاش ئەم حەوت ساڵە گرانییەیش ساڵێکی زۆر باش دێتە پێشەوە لەو ساڵەدا باران لە ئاسمانەوە ئەڕژێنرێ بەسەر عالەما و زەوی و زار هەموو ئەژییێتەوە، وە لەو ساڵەدا میوە و سەوزی زۆر دەستکاری ئەکەن و خولاسەکەیان ئەگرن بۆ شەربەت و پێخۆر و بۆ خواردن و رابواردن.

جا کابرای فرستادە ئەم باسەی بردەوە بۆ لای پاشا و گێڕایەوە بۆ ئەو و بۆ پیاو ماقووڵانی بارەگا. وە پاشا بە دڵ ئەو تەعبیرەی پەسەند کرد و هەموو خەڵکەکە قسەکەیان بە ماقووڵ زانی. جا پاشا هاتەسەر ئەم فەرمانە کە خودا فەرموویەتی:

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَقَالَ ٱلْمَلِكُ ٱئْتُونِى بِهِۦ ۖ فَلَمَّا جَآءَهُ ٱلرَّسُولُ قَالَ ٱرْجِعْ إِلَىٰ رَبِّكَ فَسْـَٔلْهُ مَا بَالُ ٱلنِّسْوَةِ ٱلَّٰتِى قَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ ۚ إِنَّ رَبِّى بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ ﴿٥٠﴾﴾

جا پاش ئەوە پاشا حاڵی بوو لە فام و هۆشیاری یووسف وتی: بڕۆن یووسفم بۆ بێنن با چاوم پێی بکەوێ و بزانم حەقیقەتی چییە، وە کاتێ فرستادەکە هات ئەمری پاشای پێگەیاند، حەزرەتی یووسفم لەبەر نەجابەت و شەرافەت و نوورانییەتی رۆحی و دامەزراوی لە پایەدا، پەلەی نەکرد بۆ ئەوە بڕواتە دەرەوە بۆ لای پادشا بەڵکوو رێزی خۆی راگرت بۆ ئەوە کە لە عالەمی بارەگای پاشا دەربکەوێ کە یووسف ئینسانێکی شەریف و داوێن پاکە و فەرمووی بە کابرا: برۆ عەرزی پادشا بکە ئەمر بکا ئەو ژنانە کە دەستی خۆیان لەت و پەت کرد لەگەڵ ژنی وەزیردا کۆیان بکاتەوە و لێیان بپرسێ: حاڵی ئەوان چۆن بووە و حاڵی منیش چۆن بووە، وە ئەو ژنانە لەسەر چ ئەساسێ بە منیان ئەوت: فەرمانی سەییدەکەی خۆت (کە ژنی وەزیرە) بەجێ بێنە؟ بە راستی خودا زانایە بە فێڵی ئەوان بەڵکوو دان بە پاکی من و ناپاکی خۆیاندا بنێن.

﴿قَالَ مَا خَطْبُكُنَّ إِذْ رَٰوَدتُّنَّ يُوسُفَ عَن نَّفْسِهِۦ ۚ﴾

جا پاش ئەوە فرستادەکە رۆیشت بۆ لای پاشا و قسەکەی حەزرەتی یووسفی عەرز کرد. پادشا ناردی ژنەکانی هەموو لای خۆی حازر کرد و پێی وتن: مەقسەدتان چی بوو کە دەورەی یووسفتان دابوو و تێی پێچا بوون و بەچی گەیشتن لەگەڵیا؟ ئایا لە یووسفەوە ئەساسێ هەبوو بۆ ئەو هاورد و بردی ئێوە، یا لە ئێوەوە بوو؟ وە یووسف هاتە سەر مەبەستی ئێوە و بە قسەتان رازی بوو؟

﴿قُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِن سُوٓءٍ ۚ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەوانیش وتیان: حاشا! ئێمە هیچ رەفتار و ئاسارێکی ناپەسەندمان لە یووسفەوە دەرك نەکردووە نە لە ئەووەڵەوە و نە لە ئاخرەوە. لەوێدا زلێخا هاتە قسە و وتی:

﴿قَالَتِ ٱمۡرَأَتُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡـَٔـٰنَ حَصۡحَصَ ٱلۡحَقُّ أَنَا۠ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفۡسِهِۦ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّـٰدِقِينَ ﴿٥١﴾﴾

ژنەکەی عەزیزی میسر هاتە وتار و وتی: ئێستە راستی دەرکەوت و کاتی ئەوە هات کە بەیانی واقیع بکرێ: ئەم ژنانە پەیوەندییان بە قەزییەی یووسفەوە نەبووە من هەوڵم لەگەڵ داوە و دەورم داوە و ویستوومە سازی بکەم و بۆ ئارەزووی خۆمی بگونجێنم، وە بە راستی یووسف داوێن پاکە و لەو کەسانەیە کە راست وتار و راست کارە لەگەڵ خودای خۆی و لەگەڵ مەسلەك و لەگەڵ خانەدانا و بە هیچ جۆرێ داوێنەی ئەو گەردی نەگرتووە.

﴿ذَٰلِكَ لِيَعۡلَمَ أَنِّي لَمۡ أَخُنۡهُ بِٱلۡغَيۡبِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي كَيۡدَ ٱلۡخَآئِنِينَ ﴿٥٢﴾﴾ ۞

جا یووسف ئەفەرموێت: من داوای ئەم تەحقیقەم لە پێشا کرد بۆ ئەوە کە عەزیز بزانێ من خەیانەتم نەکردووە لەگەڵ خانەوادەی ئەوا لە پەنامەکییەوە و خودای تەعالا فرو فێڵی خەیانەتکاران ناگەیەنێتە ئەنجام.

﴿وَمَآ أُبَرِّئُ نَفۡسِيٓۚ إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓۚ إِنَّ رَبِّي غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٥٣﴾﴾

وە من پاکانە بۆ نەفسی خۆم ناکەم بە راستی نەفسی ئینسان تەبیعەتی وایە فەرمان ئەدا بە هێز لەسەر کاری ناپەسەند مەگەر ئەوەندە خودا میهرەبانی بکا و ئینسان رزگار بکا لە فیتنە و فەسادێ، بە راستی خودای من تاوانبەخش و میهرەبانە لەسەر هەموو بەندەکانی و منیش یەکێکم لەوان.

www.iqra.ahlamontada.com

**بزانن! لەم شوێنەدا چەن قسەیێ هەیە:**

یەکەم: ئەمە کە ژنە میسرییەکان بە زاهیر شتێکی ناباریان نەکرد لەگەڵ یووسفدا دەی بۆچی یووسف داوای ئەوە ئەکا پاشا بانگیان بکا و پرسیاریان لێ بکا و بۆچی نیسبەتی فێڵی لێدان؟

وەڵامەکەی ئەمەیە: ئەگەر ئەو ژنانە جانیبی حەقیان رابگرتایە ئەبوا ئەوەندە ئامۆژگاری زلێخایان بکردایە کە لەوەپاش واز لە یووسف بێنێ وە یا بیفرۆشێ بە کەسێکی‌تر و لەوماڵەدا نەمێنێ بۆ دەوامی ئەو دەنگوباسە. هەروا یووسف دەرکی کرد لەو ژنانەوە کە ئەوانیش هەر ئەهلی ئارەزوون و لە ژێرەوە ئەیان‌ویست بە نەوعە فێڵێ یووسف بخەڵەتێنن هەتا لە ناویانا هاتوچۆ بکا و تووشی تاوانباری بکەن.

وە غەیری ئەو ژنانەیش کەسی‌تر ئاگادار نەبوو بەسەر وەزعی زلێخا و یووسفدا هەتا پاشا ئیستیفادەی عیلمیان لێ بکا بە حەقیقەتی ئەو رووداوە.

دووهەم: مەشهوور ئەوە بوو کە ژنی عەزیز دەوری یووسفی داوە نەك ژنە میسرییەکان، دەی بۆچی پاشا ئەڵێ: ﴿إذ راودتن يوسف عن نفسه﴾؟

وەڵامی ئەمە ئەوەیە:

١. پاشا بە هۆی وەسائیلی خاریجییەوە ئاگادار بووە لەوە کە ئەو ژنانەیش ویستوویانە یووسف لەو خانەدانا بمێنێتەوە بۆ ئەوە کە لە پاشەڕۆژا ئەوانیش هاتوچۆیەکی لەگەڵدا بکەن.

٢. ویستوویەتی کە ئەوانە بە تاوانبار نیشان بدا هەتا ئەوانیش بۆ چاری دەردی خۆیان بە راستی وەزعەکە بەیان بکەن.

٣. لەبەر ئەوە پاشا دەرکی کرد مادام کە یووسف باسی ژنی وەزیری نەکردووە وە هەر داوای پرسیاری لەوان کرد پاشایش وتی: ئەمە بێ‌حیکمەت نییە با منیش هەر بەو شێوە بکەومە پرسیارەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

٤. لەو رۆژەدا وەزعی حورمەتگرتنی خانەدان زۆر باو بووە لەبەر ئەوە راستەوخۆ ژنی وەزیریان خانەگومان نەکردووە هەتا بە تەبیعەتی حاڵ باسی ئەویش بێتە پێشەوە، وە حیکمەتی ئەوەیش کە یووسف باسی ژنی وەزیری نەکرد ئەوەبوو کە مافی خزمەتی زۆری هەبوو لەسەر یووسف ئەویش ویستی کە هەتا مەجالی ببێ ئازاری دڵی زلێخا نەدا بۆیە زلێخایش زۆر بە ئاشکرا هاتە وتار و یووسفی بەڕێز گرت و پاکی ئەو و تاوانباری خۆی روون کردەوە.

﴿وَقَالَ ٱلۡمَلِكُ ٱئۡتُونِي بِهِۦٓ أَسۡتَخۡلِصۡهُ لِنَفۡسِيۖ﴾

جا کاتێ پاشا پاکی یووسفی لەلا دەرکەوت فەرمووی: بڕۆن یووسف بێنن بۆ لام هەتا بیکەم بە یاوەری تایبەتی خۆم ئەگەر دڵم بە تەواوی پەسەندی کرد.

﴿فَلَمَّا كَلَّمَهُۥ قَالَ إِنَّكَ ٱلۡيَوۡمَ لَدَيۡنَا مَكِينٌ أَمِينٞ ﴿٥٤﴾﴾

جا کاتێ یووسف بە حوزووری پاشا گەیشت و قسەی لەگەڵدا کرد بە هۆی شێوەی مولاقات و ریعایەتی ئەدەب و نەزاکەتی لە قسەکردندا و دەرکەوتنی زانست بە توانایی ئیدارەیا بە تەواوی دڵی پەیوەندی لەگەڵ پەیدا کرد و وتی: بە راستی بێخەم بە ئیتر تۆ لە لای ئێمەدا دامەزراوی و ئەمینی لە هەموو جۆرە ئازارێ و بە خاترجەمی بۆ خۆت بژی.

﴿قَالَ ٱجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ ﴿٥٥﴾﴾

جا کاتێ حەزرەتی یووسف حاڵی بوو کە پاشایش ئینسانێکی میهرەبان و پیاوانەیە و بە شوێنی ئینسانی باشا ئەگەڕێ و ئەو کارانەیش کە تاوانبارییان لێ پەیدا ببێ بۆ ئەو دەست نادەن و لەم لایشەوە گەلی میسر زۆر پێویستیان بە رزق و ژیوار ئەبێ و خزمەتی ژیواری گەلیش خزمەتێکی زۆر گەورەیە، بە پاشای وت: بمکە بە خاوەنی

www.iqra.ahlamontada.com

ئیدارەی واریداتی میسر و هەموو واریداتی وڵاتی میسر بدەرە دەستم، واتە بمکە بە وەزیری مالییە و دارایی ئیمرۆ، وە ئەویش قەبووڵی کرد و لەسەر ئەو پایە دامەزرا لە بارەگای پاشادا.

﴿وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي ٱلۡأَرۡضِ يَتَبَوَّأُ مِنۡهَا حَيۡثُ يَشَآءُۚ نُصِيبُ بِرَحۡمَتِنَا مَن نَّشَآءُۖ وَلَا نُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٥٦﴾

خودای تەعالا ئەفەرموێت: ئا بەمجۆرە پلە بە پلە بە وەزعێکی تەبیعی وە لەسەر یاسایەکی عادەتی یووسفمان لە وڵاتی میسردا دامەزراند و بە ئارەزووی خۆی بە حوکمی وەزیفەکەی لە هەر شارێکدا خواستی ببوایە دائەنیشت ئەیتوانی لە کاتی کشتوکاڵدا، ناوچەی کشتوکاڵ هەڵبژێرێ بۆ دانیشتن و لە کاتی واریداتا لە پایتەخت دانیشێ بە ئارەزووی خۆی، وە لە راستیدا ئێمە ئەتوانین هەرکەس بمانەوێ بە رەحمەت و میهرەبانی خۆمان بیگرینەوە و قەت ئێمە پاداشی ئینسانی خاوەن بیری پاك و کردەوەی چاك زایە ناکەین.

﴿وَلَأَجۡرُ ٱلۡأٓخِرَةِ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ٥٧﴾

وە پایە و مایە بۆ دنیایە و دنیا ئەبڕێتەوە و جەزای ئینسان لە پاشەڕۆژی نەبڕاوەدا گەلێ گەلێ باشترە بۆ ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خودای تاق و تەنیا و خۆیان پاراستووە لە کوفر و بیر و باوەڕی نابار وە لە رەفتاری فاحیشە و کردەوەی ناهەموار و لە خوو و رەوشتی ناشیرین.

﴿وَجَآءَ إِخۡوَةُ يُوسُفَ فَدَخَلُواْ عَلَيۡهِ فَعَرَفَهُمۡ وَهُمۡ لَهُۥ مُنكِرُونَ ٥٨﴾

وە بە قەزا و قەدەری خودای تەعالا قاتی و گرانی داکەوت لە وڵاتی میسر و شاما و عالەم کەوتە پەرێشانییەوە، وە حەزرەتی یووسف بە هۆی ئیدارەی بەرزی

www.iqra.ahlamontada.com

خۆیەوە رزقی ئەو ولاّتانەی خستبووە دەستی خۆی، رزقی بە نرخی موناسیب ئەفرۆشت، وە لەو چەرخەدا براکانی یووسف بە فەرمانی باوکیان غەیری «بنیامین» هەموویان بە شێوەی کاروانی هاتن لە ولاّتی کەنعانەوە بۆ میسر بۆ رزق کڕین، وە لەبەر ئەوە لەو رۆژەدا یاسا وابوو هەرکەس رزقی بویستایێ ئەبوو خۆی بڕوا بۆ لای خاوەن کاری گەورە، هەموویان رۆیشتن بۆ بارەگا بۆ لای یووسف و یووسف براکانی خۆی هەموو ناسیەوە، بەلاّم ئەوان بە هیچ کلۆجێ یووسفیان نەناسی.

یەکەم: زەمانێ رابوردبوو کە جیا بوونەوە لە یووسف لە تەمەنی منداڵیدا و ئێستە گەورە بوو و پیاوێکی پیاوانە بوو لە بەینی سی‌و چلدا.

دووهەم: یووسف لە بارەگادا لەسەر ئیدارەدا تەمسیلی پاشای ئەکرد بە تایبەتی لەو کاتی گرانییەدا و چەن مەئموور بە دەوریا بوو دەست لەسەر کەمەر وە وەزعی وەها نەدەهات بە بیریانا بۆ یووسفێکی لە بیرا بەجێ‌ماوی مردوو یا دەرهاتووی سەرگەردان لە ناو ولاّتی میسرا.

سێهەم: ئەو برایانەیش ئەوەندە فەلەکزەدە و داماو و بێ‌نان و ئاو بووبوون لەوانە بوون کە برا و رەفیقی خۆیان نەناسن چە جای کەسێکی وەها کە چەن ساڵە نەیان‌دیوە.

﴿وَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ قَالَ ٱئْتُونِي بِأَخٍ لَّكُم مِّنْ أَبِيكُمْ ۚ أَلَا تَرَوْنَ أَنِّيٓ أُوفِي ٱلْكَيْلَ وَأَنَا۠ خَيْرُ ٱلْمُنزِلِينَ ﴿٥٩﴾ فَإِن لَّمْ تَأْتُونِي بِهِۦ فَلَا كَيْلَ لَكُمْ عِندِي وَلَا تَقْرَبُونِ ﴿٦٠﴾﴾

جا کاتێ کە باری قەتارەکەی بۆ رێکخستن بەو رزقە کە داوایان کردبوو حەزرەتی یووسف لێی پرسین؛ لە ولاّت و نەژادیان. ئەوانیش وتیان: ئێمە ئەولادی یەعقووبی، کوڕی ئیسحاقی، کوڕی ئیبراهیمین و، لە خانەدانی دینین و، دوازدە برابووین یەکێکمان

www.iqra.ahlamontada.com

مردووە و برایەکیشمان کە لە دایکی مردووەکەیە لای باوکمان بەجێماوە و، ئەم دە برایەیش هاتووین بۆ کاروان، جا یووسف فەرمووی: من هەموو شتێك کە ئێوە داواتان کرد پێمدان و بۆم ئامادەکردن، جارێ‌تر کە هاتنەوە برا باوکییەکەیشتان بێنن بۆ لام، نابینن من چەندێك بە راساڵانە حیسابی رزقەکەتان تەواو ئەکەم و من زۆر ئینسانێکی باشم بۆ ئیدارەی غەریبان و ئەگەر ئەو براتانە نەهێنن هیچ حیسابتان لە لای من نابێ و نزیکیشم مەکەون، ئیتر مەنعی موعامەلەتان لێ ئەکەم.

﴿قَالُواْ سَنُرَٰوِدُ عَنۡهُ أَبَاهُ وَإِنَّا لَفَٰعِلُونَ ٦١﴾

ئەوانیش وتیان: هەر ئەوەندە کە ئێمە رۆیشتینەوە سەعی ئەکەین لەگەڵ باوکیا بۆ ئەوە ئیزنی بدات بێت لەگەڵمانا و بێ‌گومان ئێمە هەوڵ ئەدەین بۆ هێنانی.

﴿وَقَالَ لِفِتۡيَٰنِهِ ٱجۡعَلُواْ بِضَٰعَتَهُمۡ فِي رِحَالِهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَعۡرِفُونَهَآ إِذَا ٱنقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ٦٢﴾

وە حەزرەتی یووسف فەرمووی بە مەئموورەکانی بەردەستی و غوڵامەکانی: هەر پارە و کوتاڵێ ئەم شەخسانە هێناویانە بیخەنەوە ناو بارەکانیان بەڵکووماڵەکەی خۆیان بناسنەوە و کە رۆیشتنەوە بزانن ماڵمان لێ وەرنەگرتوون، بەڵکوو بە هیوای ئەوە زوو بگەڕێنەوە بۆ میسر و براکەیان لەگەڵ خۆیانا بێنن.

﴿فَلَمَّا رَجَعُوٓاْ إِلَىٰٓ أَبِيهِمۡ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا مُنِعَ مِنَّا ٱلۡكَيۡلُ فَأَرۡسِلۡ مَعَنَآ أَخَانَا نَكۡتَلۡ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٦٣﴾

کاتێ گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان و گەیشتن بە باوکیان وتیان: ئەگەر بنیامین لەگەڵ خۆمانا نەبەین بۆ میسر ئیتر بۆ جارێکی‌تر مەنعی رزقمان لێ کراوە، دەی بنیامین بنێرە لەگەڵمانا و بە راستی ئێمە ئەیپارێزین.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَالَ هَلْ ءَامَنُكُمْ عَلَيْهِ إِلَّا كَمَآ أَمِنتُكُمْ عَلَىٰٓ أَخِيهِ مِن قَبْلُ فَٱللَّهُ خَيْرٌ حَٰفِظًا وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿٦٤﴾﴾

حەزرەتی یەعقووب لە وەڵامیانا فەرمووی: ئایا من ئەمین ئەبم لە ئێوە لە هۆی پاراستنی بنیامینەوە مەگەر وەکوو ئەو جارە کە لێتان ئەمین بووم دەربارەی پاراستنی یووسف؟! حاشا ئیتر جارێکیتر لێتان ئەمین نابم و باوەڕ بە عەهدی ئێوە ناکەم: بەڵام هەر رەوانەی ئەکەم لەگەڵتانا پشت بە خودا بە راستی خودا لە هەموو کەس باشترە لەو بارەوە کە ببێ بە پارێزەر و میهرەبانترە لە گشت میهرەبانان.

﴿وَلَمَّا فَتَحُواْ مَتَٰعَهُمْ وَجَدُواْ بِضَٰعَتَهُمْ رُدَّتْ إِلَيْهِمْ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا مَا نَبْغِى هَٰذِهِۦ بِضَٰعَتُنَا رُدَّتْ إِلَيْنَا وَنَمِيرُ أَهْلَنَا وَنَحْفَظُ أَخَانَا وَنَزْدَادُ كَيْلَ بَعِيرٍ ذَٰلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ ﴿٦٥﴾﴾

کاتێ ئیسراحەتیان کرد و رۆیشتن باری خۆیانیان کردەوە تەماشایان کرد چاویان کەوت بەو ماڵە جاری یەکەم بردوویانە رزقی پێ بکڕن هەمووی خراوەتە ناو بارەکانیان و نێراوەتەوە بۆیان، جا ئەم حاڵەیان زۆر پێ خۆش بوو، هاتن موژدەیان دا بە باوکیان و وتیان: بابە ئیتر چیمان پێ ئەوێ هەموو ماڵەکەی خۆمان بۆ نێرراوەتەوە و ئەمجار ئەڕۆین لەگەڵ بنیامیندا و خواردەمەنی بۆ ماڵ و منداڵمان دێنین و بنیامینیش ئەپارێزین لێی مەترسە، وە باری وشتری ئەویش زیاد ئەکەین؛ چونکی ئەم ئەندازەیە کە هێناومانە کەمە بەشمان ناکا.

﴿قَالَ لَنْ أُرْسِلَهُۥ مَعَكُمْ حَتَّىٰ تُؤْتُونِ مَوْثِقًا مِّنَ ٱللَّهِ لَتَأْتُنَّنِى بِهِۦٓ إِلَّآ أَن يُحَاطَ بِكُمْ فَلَمَّآ ءَاتَوْهُ مَوْثِقَهُمْ قَالَ ٱللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٌ ﴿٦٦﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

یەعقووب فەرمووی: بە هیچ شێوەیێ بنیامینتان لەگەڵ نانێرم تا پەیمانێکی گەورەم نەدەنێ کە بنیامنیم بۆ بێننەوە مەگەر هەمووتان داگیر بکرێن، کاتێ ئەوانیش ئەو عەهدەیان بۆ بەجێ‌هێنا، فەرمووی: دەی باشە بیبەن، خودا وەکیل بێ لەسەر ئەم عەهدە.

﴿وَقَالَ يَٰبَنِيَّ لَا تَدْخُلُواْ مِنۢ بَابٖ وَٰحِدٖ وَٱدْخُلُواْ مِنْ أَبْوَٰبٖ مُّتَفَرِّقَةٖۖ وَمَآ أُغْنِي عَنكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍۖ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِۖ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُۖ وَعَلَيْهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ٦٧﴾

جا کاتێ هەموو رێکەوتن بۆ میسر لەگەڵ بنیامیندا، باوکیان فەرمووی: ئەی رۆڵەکانم هەمووتان بە جارێ لە دەرگایەکەوە مەڕۆنەماڵەوە بۆ لای ئەو وەزیری مالییە کە داوای رزقی لێ ئەکەن، واتە ئەو بارەگایە چەن دەرگای هەبوو حەزرەتی یەعقووب چونکی ئێشی یووسفی پێگەیشتبوو ترسی فەوتانی بنیامین و باقی کوڕەکانیشی بوو، خواهـ لە ترسی چاوی پیس بێ؛ چونکی ئەو کوڕانە تاقمێکی بە شان و شێوە و سەلار و سیما جوان بوون. وە خواهـ لە ترسی حیلە و فێڵی دائیرەی پاشای میسر بێ؛ چونکی میسری قیبتی بوون و تەماشای میللەتی کەنعان و شاماتیان بە نەوعێکی تایبەتی ئەکرد و ترسی هەبوو شتێکیان بۆ دروست بکەن و کڵاوێکیان لەسەردانێن. لەبەر ئەمانە یاخۆ لەبەر هۆیەکی‌تر فەرمووی: هەمووتان بە جارێ لە دەرگایەکی ئەو بارەگاوە مەڕۆنە ماڵەوە بەڵکوو لە چەن دەرگایەکی جیاجیاوە بڕۆنە ماڵەوە.

وە لە عەینی کاتا فەرمووی: وە نەبێ من بەم ئامۆژگارییەی ئێوە بتوانم بێ‌نیازتان بکەم و چارتان بکەم لە هیچ نەوعە قەزایێ [کە] لە لایەنی خوداوە حەواڵە کرابێ بۆتان، حوکم و فەرمان نییە مەگەر بۆ زاتی خودا و لەسەر ئەو ئیعتیماد وە پاڵ و پشت ئەدەمەوە و، هەرکەس ئەهلی ئیعتیماد بێ ئەبێ هەر لەسەر ئەو ئیعتیماد بدا.

www.iqra.ahlamontada.com

بزانن! گەلێ لە موفەسیرەکان فەرموویانە لەم رووداوەدا حەزرەتی یەعقووب لە چاوی پیس ئەترسا. وە چاوی پیس زیانی بۆ ئەو شتە یا ئەو کەسە کە لێی ئەدا حەقە و دەلیلی زۆرە:

یەکەم: ریوایەت کراوە حەزرەت ﷺ بەسەر حەسەن و حوسەیندا ئەیخوێند: «أعيذكما بكلمات اللّٰه التامة من كل شيطان و هامة، ومن كل عين لامة» واتە: ئەتانهاومە پەنای خودا و بە پیرۆزی ئەو ناوە پیرۆزانەی خودایە کە ئەبن بە هۆی پاراستن لە هەموو شەیتانێ و لە هەموو حەشەرات و جانەوەرێکی زیانکار و لە هەموو چاوێکی پیسی وەها دابەزێ بۆ سەر هەر شتێ بە زیان.

دووەم: ریوایەت کراوە لە عوببادەی کوڕی سامیتەوە رضي الله عنه ئەڵێ: لە سبەینێدا چووم بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ تەماشام کرد زۆر بێئاسایش و ئازاردارە، و کاتی ئێوارەیش رۆیشتمەوە تەماشام کرد بێئازارە و ئاسایشی هەیە، عەرزم کرد: ئەئەمە چۆنە؟ فەرمووی: جوبرەئیل هات بۆ لام و دوعای بۆ خوێندم بەسەرما و وتی: «بسم اللّٰه أرقيك من كل شيء يؤذيك، و من كل عين و حاسد . واللّٰه يشفيك» وە من بە پیرۆزی ئەو دوعاوە شیفام بۆ هات.

سێهەم: منداڵەکانی جەعفەری کوڕی ئەبووتالیب جوان بوون، جا ئەسماء فەرمووی: یا رەسوولەڵڵا ئەم منداڵانە چاو زۆر لێیان ئەدات، ئیزنت هەیە «رقية»یان بۆ بکەم؟ فەرمووی: بەڵێ.

چوارەم: جارێ حەزرەت ﷺ رۆیشتەماڵی «ام سلمة» و منداڵێکی نەخۆش لەوێدا بوو، فەرمووی: ئەوە بۆچی روقیەی بۆ ناکەن؟

پێنجەم: حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: چاو حەقە، ئەگەر شتێ قەزای بگەڕانایەتەوە چاوی پیس قەزای ئەگێڕایەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

شەشەم: عائیشە ﵂ فەرمویەتی: ئەمر ئەکرا بەوەی چاوی پیسی بدایێ لە کەسێ دەسنوێژ بگرێ و ئاوی دەسنوێژەکەی ئەدرا بە چاولێدراوەکە خۆی پێ بشۆرێ. وە لە حەقیقەتا خودا ئەسبابی زۆری داناوە بۆ خۆشی و بۆ ئازار، وە ئەسباب هەرچەن خۆیان لە خۆیانەوە تەئسیریان نییە بەڵام خودا عادەتی وایە لە پاڵ ئەو ئەسبابانەدا ئیش ئەکا و هەرشتێ هۆی خێر بێ پێویستە پەیدای بکەین و هەرچی هۆی شەڕ و زیان بێ پێویستە بەرگری بکەین و خۆمانی لێ لادەین.

وە ئەم زیانی چاوی پیسە لازم ناکا بە هۆی جیابوونەوەی ئەجزای مادیەوە بێ لە چاوپیسەوە بۆ لای شتەکە کە چاوی لێداوە، بەڵکوو لەوانەیە خاسیەت و سیرێکی نەفسی بێ کە لە کاتی بەیەکگەیشتنی ئەو دوو لایەنەدا پەیدا ببێ، تەماشا ئەکەی چاوت کەوت بە شتێکی قیزەون دڵت تێك ئەچێ و، چاوت کەوت بە مار نەوعە وەزعێکی تایبەتی لە نەفسی ئینساندا پەیدا ئەبێ و، چاوت کەوت بە ستەمکار حاڵت ئەگۆڕێ و، چاوت کەوت بە شێوەیەکی جوان نەفست ئاسایشی بۆ دێ و، چاوت کەوت بە ئینسانێکی باوەڕ پێکراو هێزێ لە دڵدا پەیدا ئەبێ. ئەمانە هەموو راستن و هەموو لە مەعنەوییاتن.

لای ئێمە بەراورد کراوە بازە مارێ کاتێ ژنی سکپڕ بۆیان بڕوانێ ئەو ژنە بەر ئەخا، وە وێنەی ئەمانە زۆرە. وە بەراورد کراوە ئینسانی چاوپیس هەرکاتێ بە سەرسوڕمانەوە بڕوانێ بۆ شتێ ئەو شتە زیانێکی بەسەردا دێت، وە ئەمە لەوانە نییە ئینکاری بکرێ. جا هەر وەکوو ئەم تەئسیرە نەفسییە هەیە وەها چاکە و دوعاکردن و «توجهات»ی نفووسی ئینسانی باش چاری ئەو چاوپیسەی پێ ئەکرێ.

وەلحاسڵ لەم بابەتەدا دوو شت هەیە پێویستە ئینسانی هۆشیار ئیعتیباریان پێ بکات:

www.iqra.ahlamontada.com

یەکەم: ئەو ئەسبابانە کە دانراون بە فەرمانی خودا بۆ هەر شتێ ئینسان بە کاریان بێنێ؛ تۆو بوەشێنێ و ئاوی زەرعات بدا و، ژن بێنێ و، ئاگاداری تەندروستی بکات و، ژیوار پەیدا بکات و، هۆی دورخستنەوەی دوژمن بەجێ بێنێ و، دەرسی فونوونی پێویست بخوێنێ، کار و پیشە فێر ببێ.

دووهەم: پێویستە ئینسان باوەڕی وابێ ئەم ئەسبابانە هەموو شتێ نین بەڵکوو ئیرادەی خودا مەرجە لە پێکهاتنی ئەنجامی هەموو ئەمانەدا. وە ئایەتی: ﴿لا تدخلوا من باب واحد﴾ ئیشارەتە بە ئەمری یەکەم. وە ئایەتی: ﴿و ما أغنى عنكم من اللّٰه من شيء﴾ ئیشارەتە بە ئەمری دووەم.

﴿وَلَمَّا دَخَلُواْ مِنْ حَيْثُ أَمَرَهُمْ أَبُوهُم مَّا كَانَ يُغْنِي عَنْهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍ إِلَّا حَاجَةً فِي نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَىٰهَاۚ وَإِنَّهُۥ لَذُو عِلْمٍ لِّمَا عَلَّمْنَٰهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٦٨﴾﴾

کاتێ کە کوڕەکانی حەزرەتی یەعقووب لە دەرگاکانی بارەگای وەزیرەوە لە میسر، وەکوو چۆن باوکیان پێی وتبوون، چوونە ماڵەوە، وە یاخود لە دەرگاکانی شووورای شارەکەوە ڕۆیشتنە ناو شارەوە وەکوو باوکیان فەرمانی پێدا بوون، خۆ ئەو کارە ئەوان کردیان لەوانە نەبوو کە چاری شتێکیان بۆ بکا لەوانە کە خودا بۆی بڕیار داون ئەوەندە نەبێ ئەوە کە لە دڵی حەزرەتی یەعقووبدا بوو لە پارێزکردن لە چاوی پیس بەجێی هێناو حەزرەتی یەعقووبیش خۆی زانا بوو بە بیرکردنەوە لە ئیش و کارا و تەدبیرکردن لە ئومووراتا؛ چونکی خۆمان بە وەحی پێمان نیشان داوە یا بە ئیلهام تێمان گەیاندووە، بەڵام زۆربەی خەڵك ئەمە نازانن کە پارێز چاری قەزا ناکا، وە یا ئەمسالی یەعقووب گەلێ شت ئەزانن بەڵام خەڵکی باوەڕیان وا نییە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَلَمَّا دَخَلُوا۟ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيْهِ أَخَاهُ ۖ قَالَ إِنِّىٓ أَنَا۠ أَخُوكَ فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٦٩﴾﴾

وە کاتێ چوونە لای یووسف بنیامینی برای بردە لای خۆی و فەرمووی: ئەمە من یووسفی برای دایك و باوکی تۆم و دڵ قایم بە و لەمە زیاتر دڵت زویر و مەلوول نەبێ بە هۆی ئەو کردەوانەوە کە براکانت لەمەوپێش پێیان کردین.

ریوایەت کراوە: کاتێ ئەم کوڕانە رۆیشتن بۆ حوزووری یووسف بەخێرهاتنی کردن و فەرمووی: نانی ئیمرۆتان لای من بخۆن. کاتێ لەسەر خوان و خواردەمەنی دانیشتن ئەوان هەموو دوو کەس دوو کەس لەسەر خوان دانیشتن و بنیامین تەنیا مایەوە، یووسف بانگی کرد بۆ لای خۆی و لەسەر خوانی خواردن وردە وردە قسەی بۆ ئەکرد هەتا بە تەواوی بنیامین خاترجەم بوو لە خۆی و لە یووسف عليه السلام و تێگەیشت یووسف ماوە.

﴿فَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ جَعَلَ ٱلسِّقَايَةَ فِى رَحْلِ أَخِيهِ ثُمَّ أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ أَيَّتُهَا ٱلْعِيرُ إِنَّكُمْ لَسَٰرِقُونَ ﴿٧٠﴾﴾

جا کاتێ کە یووسف فەرمانی دا و بارەکانیان بۆ رێکخستن لە خواردەمەنی ئەو کووپەیە کە وەختی خۆی ئاوی تێ ئەکرا و لە پاشانا کرا بە «عەیارە»ی پێوانی دانەوێڵە. ئەمری دا بیخەنە ناو باری بنیامینی برایەوە جا کاتێ باریان کرد جاڕکێش جاڕی دا وتی: ئەی ئەهلی کاروانی بە راستی ئێوە دزن و دزیتان کردووە!

﴿قَالُوا۟ وَأَقْبَلُوا۟ عَلَيْهِم مَّاذَا تَفْقِدُونَ ﴿٧١﴾﴾

ئەوانیش روویان کردە جاڕکێشەکەو وتیان: بابە چیتان نەماوە و بە شوێن چیدا ئەگەڕێن؟

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَالُواْ نَفۡقِدُ صُوَاعَ ٱلۡمَلِكِ وَلِمَن جَآءَ بِهِۦ حِمۡلُ بَعِيرٖ وَأَنَا۠ بِهِۦ زَعِيمٞ ٧٢﴾

وتیان: مەنی پێوانەی پاشامان ونکردووە و بە شوێنیدا ئەگەڕێین، وە هەرکەسێ بۆمانی بێنێتەوە لە موژدەدا باری وشترێ دانەوێڵەی ئەدەینێ، وە من کەفیلم بۆ تەسلیمی ئەو بارە دەغڵە.

﴿قَالُواْ تَٱللَّهِ لَقَدۡ عَلِمۡتُم مَّا جِئۡنَا لِنُفۡسِدَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا كُنَّا سَٰرِقِينَ ٧٣﴾

ئەوانیش سوێندیان خوارد و وتیان: تەڵڵاهی ئێوە ئەزانن ئێمە نەهاتووین بۆ ئەم وڵاتە بۆ ئەوە کە تۆمی فەسادی تێدا بوەشێنین و خەڵکی فێری دزی بکەین و ئێمە دزیمان نەکردووە.

﴿قَالُواْ فَمَا جَزَٰٓؤُهُۥٓ إِن كُنتُمۡ كَٰذِبِينَ ٧٤﴾

جا مەئموورەکانی بارەگا وتیان: دەی ئەگەر ئێوە درۆتان کرد و ئێوە دزیبووتان تۆڵەتان چی بێ؟

﴿قَالُواْ جَزَٰٓؤُهُۥ مَن وُجِدَ فِي رَحۡلِهِۦ فَهُوَ جَزَٰٓؤُهُۥۚ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلظَّٰلِمِينَ ٧٥﴾

جا کوڕەکانی حەزرەتی یەعقووب وتیان: تۆڵەی ئەو کردەوە نەفسی ئەو کەسەیە کە دزییەکەی کردووە، جا ئەگەر یەکێ لە ئێمە ئەو «ربە»یەی دزی بێ پێویستە حوکوومەت عەینی ئەو کەسە بکا بە بەندە و خزمەتی پێ بکا و ئەو کەسە ئەبێ بە تۆڵەی کردەوەکەی، بەم جۆرە ئێمە تۆڵەی ستەمکاران ئەدەینەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَبَدَأَ بِأَوْعِيَتِهِمْ قَبْلَ وِعَاءِ أَخِيهِ ثُمَّ اسْتَخْرَجَهَا مِن وِعَاءِ أَخِيهِ﴾

جا مەئموورەکە دەستی کرد بە گەڕان بە بارەکانا و لە پێشدا باری برا باوکییەکانی پشکنی، دوایی بارەکەی برا باوکودایکییەکەی پشکنی و مەنەکەی لە باری براکەیا دەرهێنا.

﴿كَذَٰلِكَ كِدْنَا لِيُوسُفَ﴾

ئاوەها ڕێگەمان دروست کرد بۆ یووسف کە قسە بکرێ لەگەڵ کوڕەکانی یەعقووبا و ئەوان دان بنێن بەوەدا کەنەفسی کابرای دز جەزای دزییەکەیە هەتا بنیامین بکەوێتە دەستی یووسف.

﴿مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ الْمَلِكِ﴾

یووسف لەوانە نەبوو کە براکەی خۆی لە باتی ئەو دزییەی پاشای میسر بگرێ و گلی بداتەوە.

﴿إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ﴾

«اللّهم» مەگەر ڕۆژێ ببوایە ئەو حوکمە ببوایە بە حوکمی حوکوومەتی میسریش.

﴿نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَّن نَّشَاءُ﴾

هەرکەسێ خواستمان بێ چەن پلە بەرزی ئەکەینەوە.

﴿وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ ﴿٧٦﴾﴾

وە لە ژووری هەموو خاوەن زانستێکەوە کەسێکی زانیارتر هەیە و زانستی ئەم جۆرە قانوونەیش نەوعە عیلم و نەوعە زانستێکە.

﴿قَالُوا إِن يَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَّهُ مِن قَبْلُ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

جا کاتێ کوڕەکان چاویان کەوت بە ربەی پاشا لە باری بنیامیندا دەرچوو وتیان: ئەگەر ئەم کوڕە دزی بکا ئەوە درۆ نییە؛ چونکی بە راستی برایەکی تری لە پێشدا دزی کردووە.

﴿فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِۦ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْۚ﴾

جا یووسف ئەم تانەیە پێچا دڵی خۆی و دەری نەخست بۆ براکانی و بە درۆی نەخستنەوە کە بڵێ: من براکەی‌ترم و دزیم نەکردووە.

﴿قَالَ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًاۖ﴾

یووسف فەرمووی: ئێوە خراپترن لە بارەی جێگە و پایەوە لەو کوڕە بچووکە، ئەگەر ئەو خەیانەتی کردبێ لە ئێوەوە فێر بووە.

﴿وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَصِفُونَ ٧٧﴾

وە خودا لە ئێوە زاناترە بەو شتانە کە ئێوە باسیان ئەکەن و ئەو ئەزانێ کە ئەو دزی نەکردووە.

﴿قَالُواْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْعَزِيزُ إِنَّ لَهُۥٓ أَبًا شَيْخًا كَبِيرًا فَخُذْ أَحَدَنَا مَكَانَهُۥٓۖ إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ٧٨﴾

پاش ئەوە کە لەسەر قەرارەکەی خۆیان بنیامینیان گل دایەوە بۆ خزمەتی پاشا، رۆیشتن بۆ لای یووسف و لێی پاڕانەوە و وتیان: ئەی گەورەی میسر ئەم برامانە وەزعی وەهایە باوکێکی پیری دڵبریندار هەیە بە هۆی فەوتاوی کوڕە پێشووەکەیەوە و ئێستە ئەم کۆڕەیش نەڕواتەوە بۆ لای یەکجاری بە هیلاك ئەچێ، دەی یەکێ لە ئێمە وەربگرە لە باتی ئەوا و بنیامین بەرەڵا بکە بیبەینەوە بۆ لای باوکی، ئێمە باوەڕمان وایە تۆ پیاوێکی خاوەن بەزەیی و خاوەن چاکەی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِ أَن نَّأْخُذَ إِلَّا مَن وَجَدْنَا مَتَٰعَنَا عِندَهُۥٓ إِنَّآ إِذًا لَّظَٰلِمُونَ ﴿٧٩﴾﴾

ئەویش فەرمووی: پەنا ئەگرین بە خودا لەوە کە غەیری ئەو کەسە کە مەنەکەمان لا دۆزیوەتەوە کەسێ‌تر گل بدەینەوە، ئەگەر کاری وا بکەین ـ وەك ئێوە ئەتانەوێ ـ بە ستەمکار ئەناسرێین.

﴿فَلَمَّا ٱسْتَيْـَٔسُوا۟ مِنْهُ خَلَصُوا۟ نَجِيًّا﴾

کاتێ کە لای یووسف هیوابڕاو بوون و جیابوونەوە لە خەڵك لە شوێنێکدا دەستیان کرد بە راوێژکردن کەچی بکەن و چی نەکەن و بڕۆنەوە بۆ لای باوکیان بێ بنیامین یا نەڕۆنەوە. جا لەوێدا برا گەورەکەیان هاتە بەرەوە و:

﴿قَالَ كَبِيرُهُمْ أَلَمْ تَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ أَبَاكُمْ قَدْ أَخَذَ عَلَيْكُم مَّوْثِقًا مِّنَ ٱللَّهِ وَمِن قَبْلُ مَا فَرَّطتُمْ فِى يُوسُفَ ۖ فَلَنْ أَبْرَحَ ٱلْأَرْضَ حَتَّىٰ يَأْذَنَ لِىٓ أَبِىٓ أَوْ يَحْكُمَ ٱللَّهُ لِى ۖ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿٨٠﴾﴾

وتی: ئایا نازانن کە باوکتان پەیمانی لێ وەرگرتوون بە بێ بنیامین نەڕۆنەوە؟ و نازانن لەمەوپێش چ نەوعە کارێکتان کرد لەگەڵ یووسفدا! مادام ئەم وەزعە هاتە پێشەوە من لەم وڵاتی میسرە دەرناچم و پێ نانێمە بەر پێ هەتا باوکم ئیزنم ئەدا یا خودا لەم تەنگانە رزگارمان ئەکا، وە خودای تەعالا باش فەرماندەرێکە و تەوانایە.

﴿ٱرْجِعُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَبِيكُمْ فَقُولُوا۟ يَٰٓأَبَانَآ إِنَّ ٱبْنَكَ سَرَقَ وَمَا شَهِدْنَآ إِلَّا بِمَا عَلِمْنَا وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَٰفِظِينَ ﴿٨١﴾﴾

بگەڕێنەوە بۆ خزمەتی باوکتان و بە رووی راستی عەرزی بکەن بڵێن: بە راستی کوڕەکەت دزی کرد و، پێوانەی خەزانەی ئەمباری پاشای میسری دزی، وە ئەو

www.iqra.ahlamontada.com

پێوانە لایان بە نرخ بوو لە ئەنجاما لەسەر بڕیاری خۆمان بنیامین بوو بە بارمتەی ئەو کردەوە نابارە و، ئێمەیش شایەتیمان نەدا لەسەر ئیستیحقاقی تۆڵەی ئەوە نەبێ کە بە راستمان زانی و مەنەکەیان لە بارەکەیا دەرهێنا و، ئیتر ئێمە ئاگامان لێ نەبوو، غەیبزان نەبووین تا بزانین کارەکە چۆنە و چۆن نییە.

﴿وَسْـَٔلِ ٱلْقَرْيَةَ ٱلَّتِى كُنَّا فِيهَا وَٱلْعِيرَ ٱلَّتِىٓ أَقْبَلْنَا فِيهَا ۖ وَإِنَّا لَصَـٰدِقُونَ ﴿٨٢﴾﴾

پرسیار بکە لە ئەهلی ئەو دێیە کە ئێمەی تێدا بووین لەو کاتەدا جاڕچی جاڕی کێشا بۆ پێوانەی پاشا کە بریتییە لە ئەهلی شاری میسر لەوانە لە شوێنی باربەندی کاروانا حازر بوون، وە لە ئەهلی ئەو کاروانە گەورە کە ئێمە لە ناو ئەوانا روومان کردەوە وڵاتی خۆمان و لەگەڵیانا گەڕاینەوە بۆ کەنعان و، بە راستی ئێمە راستین لە باسی بنیامینا.

﴿قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا ۖ فَصَبْرٌ جَمِيلٌ ۖ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِيَنِى بِهِمْ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٨٣﴾﴾

کاتێ ئەم باسەیان بۆ باوکیان گێڕایەوە باوەڕی پێ نەکردن و بە خەیاڵی خۆی وای دانا کە خۆیان فڕو فێڵیان کردووە بۆ ئەوە کە ئەو پێوانە بخەنە ناو باری بنیامینەوە و خۆیشیان باسی ئەویانە کردووە کە یاسای ئایینی ئێمە ئەوەیە کە دز وا لە بارمتەی ماڵی دزراوا، ئەگەرنا پاشای میسر ئەوە نازانێ، جا فەرمووی: واجبی من وەکوو هەموو رەهبەران و خاوەن ئیعتیقادانی باش، خۆڕاگرتنێکی باشە لەبەر قەزای خودادا، بە بێ ئەوە کە دەس بکەین بە هاوار و سکاڵا لە لای خەڵکی، وە لەبەر ئەوەیش بەراوردی کردبوو هەر کاتێ ئازاری زۆر گەورە رووی کردووەتە ئیبراهیم و نەتەوەکەی

www.iqra.ahlamontada.com

خودای تەعالا تۆڵەی ئەو مەینەتەی بۆ کردوونەتەوە بە جۆرێ کە نیشانەی ئەو بارە نابارە لەسەریانا نەماوە یاخود بە هۆی خەوێکەوە کە دیتبووی فەرمووی تکا و هیوام وایە خودا یووسف و بنیامین و براگەورەکەیشیان، کە لە میسرا بەجێ‌ماوە، هەموویانم بۆ بێنێتەوە بەیەکەوە، بە راستی خودا زانایە بە هەموو ئێش و ئازارێ و خاوەن حیکمەتە لە هەموو دەرد و دەرمانێکدا لە هەموو کاتێکدا.

﴿وَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ وَقَالَ يَٰأَسَفَىٰ عَلَىٰ يُوسُفَ وَٱبْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ ٱلْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ ﴿٨٤﴾﴾

وە پشتی لە کوڕەکانی هەڵکرد و رۆیشتە کەنارێکەوە بە هۆی نەهاتنەوەی بنیامین و کوڕە گەورەکەیشیەوە، بیری زەمانی پێشووی کردەوە، برینی ونبوونی یووسفی کولایەوە و فەرمووی: ئەی ئەسەف لەسەر یووسف بێرەوە بۆ سەرم بەڵکوو بە جارێك رزگارم بکەی لە ژین، وە هەردوو چاوی سپی بوونەوە و کوێر بوون لەبەر پەژارە و رژاندنی فرمێسکی سوێری گەرم بەسەریانا بە راستی دڵ و سینەی پڕ بووبوو لە ئازار.

﴿قَالُواْ تَٱللَّهِ تَفْتَؤُاْ تَذْكُرُ يُوسُفَ حَتَّىٰ تَكُونَ حَرَضًا أَوْ تَكُونَ مِنَ ٱلْهَٰلِكِينَ ﴿٨٥﴾﴾

بە یاساکەی خۆیان کەوتنەوە ئازاردانی دڵی و پێیان وت: تۆ کەس بە کەس نازانی یووسف نەبێ ئێستەیش کە دوو کوڕت دیار نین باسی ئەوان ناکەی و هەر باسی یووسف ئەکەی و بیری ئەو رووداوە نابارە ئەکەیتەوە، وە سوێند ئەخۆین بە خودا ئەم وەزعە ناهەموارەت بۆ بووە بە خوو و هەر لەسەری لاناچی هەتا لە هێز ئەکەوی، وە یا بە تەواوی ئەمری و لە ناو ئەچی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَالَ إِنَّمَآ أَشۡكُواْ بَثِّي وَحُزۡنِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَأَعۡلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٨٦﴾

فەرمووی: ئێوە حەقتان چییە بەسەرمەوە؟ خۆ من نەڕۆیشتووم لە ناو خەڵکا قسە بکەم و بگریم هەتا ئێوە ناوتان بێتە ناو ناوان و زیانێ رووتان تێ بکا، وە یا عەیبە بێ بۆ خانەدانی رۆحانی ئێمە، وە من خەم و مەینەتی دڵی خۆم ئەکەمەوە و هاوار بۆ لای خودای خۆم ئەبەم، وە لە لایەکی تریشەوە ئەزانم لە سیفاتی میهرەبانی خودای تەعالایە ئەوەی کە ئێوە نایزانن، بەڵکوو بەو گریان و پاڕانەوە لەلای خودا، خودا رەحممان پێ بکا و لەم مەینەتانە رزگارمان بکا.

**بزانن ! لێرەدا چەن قسەیێ هەیە:**

یەکەم: یەعقووب کە پێغەمبەری خودا بووە، چۆن ئەبێ ئەوەندە کوڕی خۆش بوێ بەو جۆرە مەشغوولی بکا و خەو و خۆراکی لێ تاڵ بکا و ئەوەندە بگری چاوی کوێر ببێ و ئەم کارەساتانەی بەسەردا بێ؟

دووهەم: یاسای رەهبەران وایە لە کاتی مەینەتی گەورەدا زۆرتر یاد و زیکری خودا ئەکەن و تەسلیمی قەزا و قەدەر ئەبن و وەزعی زویری دەربڕین و وتاری: «یا أسفی علی یوسف» موناسبی پایەی ئەوان نییە!

سێهەم: حەزرەتی یەعقووب لە خانەدانی رەهبەران بووە و ئەو خانەدانە لە شاماتا مەشهوور بوون، چۆن ئەبێ ئەو ماوە زۆرە یووسف بە حاڵی باوکی نەزانێ و بە نەوعێ لە هەواڵدان باوکی ئاگادار نەکا؟

چوارەم: چۆن دروست بوو بۆ یووسف ئەو توهمەتی دزییە بخاتە سەر بنیامینی برای و ئەو مەنە بخاتە ناو بارەکەیەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە هەتا باوکی لە حاڵی خۆیدا زیاتر زویر بێ؟

www.iqra.ahlamontada.com

**وەڵامی ئەمانە:**

[وەڵامی] یەکەم: پێغەمبەران و پیاوە گەورەکان ئادەمیزادن و ئادەمیزاد بە تەبیعەتی ئینسانی خۆشەویستی و دوژمنایەتی و مەینەت، تەئسیریان تێ ئەکا، ئەوەندە هەیە ئەوان بەو ئازارانە دڵیان لە خودا لانادا و کاری خودایان لەلاوە باشە، وەکوو ئینسانێکی مەدەنی کە پێویستی بە چوونە لای دوکتۆر بێ بۆ بڕینی پارچەیەکی لەشی و دوکتۆر ئەیبڕێ و ئەم ئینسانە زۆر ئازاری پێ ئەگا بەڵام لەبەر ئەوە کە ئەزانێ ئەو بڕینە کارێکی پێویست و بەسوودە پێی خۆشە و لە ئەنجاما پارە ئەدا بەو دوکتۆرە و گەلێ جار خەڵاتی ئەکا و بە ڕۆژنامە سوپاسی بڵاوئەکاتەوە.

وەڵامی دووەم: هیچ کاتێ ئینسان لە ئینسانییەت ناکەوێ و قەت نەبووە کە ئینسانێ ببێ بە بەرد و دار وە یا ببێ بە گیانلەبەرێکی بێ ئازار و ئازاری پێ نەگا، ئەوەندە هەیە ئینسان کە ئێشی پێ گەیشت ئەگەر ئەو ئینسانە مادی و عادی بێ دەست ئەکا بە ناسوپاسی و بە وتاری نابار و بە کردەوەی ناهەموار بەرابەر بە خۆی و بە خانەدانی و بە دۆستانی و دوژمنانی و لە حاڵی ئیعتیدال دەرئەچێ و ئەبێ بە جێگەی عەیبی دنیایی، بەڵام ئەگەر پیاوێکی ڕەسای موعتەدیل بێ، وە یا پیاوێکی ڕۆحانی بێ ئەگەر سەعاتێ دڵی پڕ ببێ لە گریان و پەرێشانی، پاش ئەو سەعاتە لەوە لائەدا و دەست ئەکا بە زیکری خودا و لە خودا ئەپاڕێتەوە و داوای لێ بوردن ئەکا و لە عەینی کاتی گریانا ناڕەزایی دەرنابڕێ بەرابەر بە خودا.

وە حەزرەتی یەعقووب لە کاتی بیری یووسفی کوڕی هەڵکەوتووی جیهانی ئەگریا بەڵام لەماڵی خۆیا نەك لە ناو خەڵکدا و لەگەڵ ئەو گریانەدا ئەیفەرموو: ﴿واللّٰه المستعان﴾ وە هەمیشە دڵی خانەوادەکەی خۆی ئەداوە بەوە: کە خودا خێری زۆر گەورەی لە لایە و ئەوان بەوە نازانن.

www.iqra.ahlamontada.com

وەڵامی سێهەم: راستە خانەدانی یەعقووب خانەدانی پێغەمبەری بوون بەڵام لە لایەکەوە دەور و بەریان بتپەرست و نامەرد و کافر بوون و ئەوەندە قەدری خانەدانی وایان نەدەگرت، بەڵکوو کاتێ دوژمنایەتی مەزهەبی و مەبدەئی ببێ هەتا جانیبی رۆحی بەرزتربن جانیبی موقابیل زۆرتر تەحقیریان ئەکەن و بە شێوەی ئەهلی فرو فێڵ و ساختەکار بۆیان ئەڕوانن وەکوو ئێستە ئەم جۆرە وەزعە دیارە.

وە لە لایەکی تریشەوە خانەدانی یەعقووب لە نیتاقێکی کەمدا هات و هاواریان کردووە و بە ماوەیەکی کەم ئەو باسە کوێر بووەتەوە وەکوو لەم زەمانەدا ئەوەندە رووداوی زۆرە ئەمرۆ چی ئەبێ سبەی فەرامۆش ئەکرێ.

وە لە لایەکی تریشەوە مواسەلات و هاتوچۆ زۆر کەم بووە ئەگەر شتێکی کەمیش بووبێ لە لایەنی کاروانییەوە بووە کە عەقڵ و ئیدراکیان ئەوەندە رەسا نییە لە بازێ شتی گرنگ بکۆڵنەوە و لێی حاڵی ببن، وە یووسف هەتا لە زیندان دەرنەچوو نەکەوتە بارەگای پاشا نە خۆی هیچ شتێکی پێ ئەکرا و نە کەسیش گوێی پێ نەدا هەتا باسەکەی بگات بە باوکی، بەڵێ پاش دەسڕۆیشتنی ئەوەتا کاروانی براکانی هاتن و ئەم دەنگوباسە دەستی پێ کرد.

وەڵامی چوارەم: یووسف سەربەخۆ نەیتوانی بنیامین لە براکانی وەربگرێ؛ چونکی لەو کاتەدا ئیدارەی مالییەی میسری بە دەستەوە بوو نەك ئیدارەی ئیش و کاری ئاسایش و سوپایی، لەوانە بوو ئەو برایانە شکات لە یووسف بکەن لە لای پاشا و یووسف بکەوێتە بێئیعتیبارییەوە وە لە لایەکی ترەوە کاتێ یووسف بنیامینی حاڵی کرد کە برایەتی، بنیامین مەمنوون بوو بەوە بە هەر جۆرێ ناوبرێ بمێنێتەوە لە لای برای گەورەی خۆیا، وە یووسفیش هەر ئەوەی ئەویست کە باسی ئەو کاروانە بکەوێتە ناو بەڵکوو براکەی بکەوێتە دەستی هەتا بزانن خودا چی ئەکا.

www.iqra.ahlamontada.com

وە لەم لایشەوە براکانی حاڵی بوون مادام تۆڵە و سزای دزی وەهابێ، ئەوە تۆڵەی ئازاردانی دڵی دایکی یووسف کە پووریان بووە ئەبێ چەند بێ! وە وەکوو وتم، شێوەی رووداوەکەی لەسەر بیر و رای براکانی یووسف وای لێ‌هات کە بنیامین ببێ بە «رهینة» وە یا بە بەدەڵی ئەو کردەوە نابارە، ئەنا یووسف تالیبی ئەوە نەبوو کە بەو شێوە تەواو ببێ.

﴿يَٰبَنِيَّ ٱذۡهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَاْيۡـَٔسُواْ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ لَا يَاْيۡـَٔسُ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٨٧﴾﴾

وا دەرئەکەوێ لە کاتی شیددەتی زویری حەزرەتی یەعقووبالیه‌السلام بە ئیلهام حاڵی بووە کە رەحمەتی خودا نزیکە بۆیە ئەویش فەرمووی بە کوڕەکانی: کوڕەکانی خۆم! بڕۆنەوە بۆ میسر بە شوێنی براکانتانا و زۆر بکەونە دووی نیشانەی یووسف و بنیامینی برای بەڵکوو حاڵی ببن کە بنیامین وا بە لای یووسفەوە و نائومێد مەبن لە رەحمەتی خودا بە راستی لە رەحمەتی خودا نائومێد نابێ مەگەر ئەوانە کە زیانکاری دنیا و قیامەتن.

جا کوڕەکانیش وەك جارانی پێشوو هەرچی ماڵێ نرخی ببێ هەڵیان‌گرت هەم کاروان بکەن و هەم بکەونە گەڕان بە شوێن نیشانەی یووسفدا و گەیشتنەوە شاری میسر و چوون بۆ لای وەزیری مالییە.

﴿فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَيۡهِ قَالُواْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡعَزِيزُ مَسَّنَا وَأَهۡلَنَا ٱلضُّرُّ﴾

کاتێ رۆیشتنە بارەگا و گەیشتن بە وەزیر عەرزیان کرد: ئەی وەزیری خاوەن پایە بە راستی ئازار و بێزاری بێ‌نانی و بێ‌گوزەرانی داویە لە خۆمان و خێزان و خانەدانمان.

﴿وَجِئۡنَا بِبِضَٰعَةٖ مُّزۡجَىٰةٖ فَأَوۡفِ لَنَا ٱلۡكَيۡلَ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە هاتووین بۆ بارەگات و کۆڵ و بارێکی بێنرخمان هێناوە و بیستوومانە کە تۆ زۆر میهرەبانی بۆ داماوان رجامان هەیە کە بار و کاروانەکەمان وەکوو جاران بۆ تەواو بکە، وە مەڕوانە بۆ کەم مایەیی ئێمە.

﴿وَتَصَدَّقْ عَلَيْنَآ﴾

وە بەخشش بکە لە سەرمان بە ئەندازەی کەمی ماڵەکەمان یاخود بەخشش بکە لە سەرمان بە چاوپۆشی و بەردانی براکەمان.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَجْزِى ٱلْمُتَصَدِّقِينَ ﴿٨٨﴾﴾

بە راستی خودا جەزای ئەو کەسانە ئەداتەوە کە چاکە ئەکەن لەگەڵ داماوانا و چاوپۆشی ئەکەن لە تاوانی تاوانباران و رەحم ئەکەن بە دڵبیماران.

﴿قَالَ هَلْ عَلِمْتُم مَّا فَعَلْتُم بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذْ أَنتُمْ جَٰهِلُونَ ﴿٨٩﴾﴾

*جا لەم کاتی پاڕانەوەی ئەوانەدا حەزرەتی یووسف عاتیفەی کەوتە شەپۆل و پاکی* رۆح و مەقامی مەعنەوی بوون بە داعی بۆ ئەوە خۆی دەربخا لێیان و فەرمووی: ئایا ئەزانن ئێوە چیتان بە یووسف کرد و بە چ نا میهرەبانییەك فڕەتان دایە ناو بیرەوە و بە بنیامینی برای لە پاش یووسف لە جیاکردنەوەی لە برای خۆی و لە تەماشاکردنیدا بە سووکی لەو کاتەدا کە ئێوە نەزان بوون بە ئەنجامی ئەم جۆرە کارە نابارانە بە تایبەتی بۆ خانەدانی رەهبەران؟

﴿قَالُوٓاْ أَءِنَّكَ لَأَنتَ يُوسُفُ﴾

ئەوانیش کەوتنە تەماشای نیشانەکانی یووسف و لە نیشانە و بەیاناتەکەیەوە بۆیان دەرکەوت کە ئەم وەزیرەی خاوەن پایە یووسفە! جا وتیان: ئایا بە راستی تۆ یووسفی کوڕی حەزرەتی یەعقووبی؟!

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَالَ أَنَا۠ يُوسُفُ وَهَٰذَآ أَخِيۖ قَدۡ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَآۖ﴾

ئەویش فەرمووی: بەڵێ من یووسفم و ئەمەیش کە وا لە لاما بنیامینی برامە و خودای تەعالا بە راستی منەتکارە لەسەرمان و کەرەمێکی وای کردووە ناتوانم بەیانی بکەم: دڵی ئێوەی هێنایە سەر ئەوە کە نەمکوژن و بەس بمهاونە ناوی بیرەوە و لە بیرەکەدا شوێنێکی تایبەتی و بەردێکی بەرزی پێدام کە لەسەری بمێنمەوە و لە هەمان کاتا ئیلهامی کردم کە ئەنجامی ئەم زەحمەتە رەحمەتە بۆ من و بە پایە ئەگەم و، زوو کاروانی هاتن و لەو بیرە دەریان هێنام و فرۆشتمیان بە خانەدانێکی گەورە و زۆر حورمەتیان گرتم، وە خودا پاراستمی لە کەوتنە ناو ئیشی بێ‌ئەخلاقییەوە، وە تەعبیری خەوی نیشان دام، وە ئەوە بوو بە هۆی گەیشتن بە پاشا و کردمی بە وەزیری دارایی و بنیامینی برایشم هەروا مایەوە تووشی فەوتان نەبوو هەتا گەیشت بە خۆم.

﴿إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ وَيَصۡبِرۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٩٠﴾

بە راستی کەسێ خۆی بپارێزێ لە یاخی بوون و نافەرمانی خودای تەعالا و خۆی بگرێ لەسەر بەڵا و مەینەتی دنیا ئەوە جەزای خێری نافەوتێ؛ چونکی ئەو کەسە کە خۆپارێز و خۆگر بێ بە خاوەن ئیحسان ئەناسرێ و خودا پاداشی پیاوچاکان و چاکەکەران نافەوتێنێ.

﴿قَالُواْ تَٱللَّهِ لَقَدۡ ءَاثَرَكَ ٱللَّهُ عَلَيۡنَا وَإِن كُنَّا لَخَٰطِـِٔينَ ٩١﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەوانیش وتیان: بە خودا برا ئێمە بە نەزانین و نوقسانی ئەخلاق کەوتینە ناو حەسەد و رەفتاری نابار لەگەڵتا ئەنا تۆ ئینسانێکی هەڵکەوتوو بووی لە جەماڵی سوورەت و کەماڵی سیرەتا وە بە راستی ئێمە بە هەڵەدا چووین لەو کارە ناهەموارانەدا.

﴿ قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ ﴾

جا یووسف لە ئەخلاق بەرزی خۆیەوە فەرمووی: ئەمڕۆ هیچ دڵئازاردانێ لەسەر ئێوە نییە.

﴿ يَغْفِرُ ٱللَّهُ لَكُمْ ﴾

خودا لێتان خۆش ئەبێ و تاوانتان ئەبەخشێ.

﴿ وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿٩٢﴾ ﴾

وە خودا میهرەبانە و لە هەموو خاوەن بەزەییێ بە بەزەیی‌ترە.

﴿ ٱذْهَبُوا۟ بِقَمِيصِى هَٰذَا فَأَلْقُوهُ عَلَىٰ وَجْهِ أَبِى يَأْتِ بَصِيرًا وَأْتُونِى بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٩٣﴾ ﴾

وە فەرمووی: مادام مەسەلەکە لە هەموو لایێ روون بووەوە ئیتر پێویست نییە بەوە باری کاروانتان بۆ ساز بکەم و بنیامین بنێرمەوە، ئەم کراسی منە ببەن بۆ خزمەتی باوکم و بیهێنن بەسەر روخسار و چاویدا چاوەکانی خۆش ئەبنەوە، وە هەموو ژن و منداڵ و دەستە و دائیرەتان بار بکەن لە وڵاتی کەنعان و بیانهێنن بۆ لای من بۆ وڵاتی میسر.

﴿ وَلَمَّا فَصَلَتِ ٱلْعِيرُ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّى لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلَآ أَن تُفَنِّدُونِ ﴿٩٤﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە کاتێ کاروانەکە لە شاری میسر دەرچوو بەرەو کەنعان، لە کەنعانەوە باوکیان فەرمووی: بە راستی من بۆنی یووسف دێتە دەماخم ئەگەر ئێوە بە درۆم نەخەنەوە!

﴿قَالُواْ تَٱللَّهِ إِنَّكَ لَفِي ضَلَٰلِكَ ٱلۡقَدِيمِ ﴿٩٥﴾﴾

ئەو کەسانەیش کە لە لایا بوون لە کوڕەزا و دەستە و خزمەتکار وتیان: وەڵلاهی تۆ هەر وای لەسەر حاڵەتە پێشووەکەی خۆت و هەر وای لە بیری یووسفدا هەتا واهیمە بێنی یووسفت بۆ دروست ئەکا و تۆ باسی ئەو ئەکەی.

﴿فَلَمَّآ أَن جَآءَ ٱلۡبَشِيرُ أَلۡقَىٰهُ عَلَىٰ وَجۡهِهِۦ فَٱرۡتَدَّ بَصِيرٗاۖ﴾

جا کاتێ کاروانەکە نزیکەوە بوو لە پێشەوە موژدەدەر هات بۆ خزمەتی حەزرەتی یەعقووب عليه السلام کراسەکەی یووسفی هێنا بەسەر رووی حەزرەتی یەعقووبدا کوتوپڕ چاوەکانی کرانەوە وەکوو جاری جاران چاوی چاك بووەوە.

﴿قَالَ أَلَمۡ أَقُل لَّكُمۡ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٩٦﴾﴾

جا یەعقووب بە دانیشتوانی دەوری خۆی وت: ئایا من نەموت بە ئێوە کە من لە لایەنی خوداوە گەلێ حاڵی وا ئەزانم کە ئێوە نایانزانن؟

﴿قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا ٱسۡتَغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَآ إِنَّا كُنَّا خَٰطِـِٔينَ ﴿٩٧﴾﴾

جا کوڕەکانی عەرزیانکرد: ئەی باوکی ئێمە داوای عەفو و تاوانبەخشیمان بۆ بکە لە خودا دەربارەی ئەو هەمووە گوناهە کە ئێمە کردمان، بە راستی ئێمە ئەهلی خەتا بووین و خەتاکارین و موحتاجی دوعای تۆین.

﴿قَالَ سَوۡفَ أَسۡتَغۡفِرُ لَكُمۡ رَبِّيٓۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٩٨﴾﴾

حەزرەتی یەعقووب فەرمووی: ئێستە وازم لێ بێنن هەتا کاتێ خودا دڵم رووناك ئەکاتەوە بۆ پاڕانەوە؛ چونکی دوعا کاتی تایبەتی هەیە و ئینشائەڵلا بەم زوانە داوای

www.iqra.ahlamontada.com

عەفووتان بۆ ئەکەم لە خودای میهرەبانی خۆم، بە راستی خودای من تاوانبەخش و میهرەبانە.

﴿فَلَمَّا دَخَلُوا۟ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيْهِ أَبَوَيْهِ وَقَالَ ٱدْخُلُوا۟ مِصْرَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ ﴿٩٩﴾﴾

جا کاتێ ئەوان روویان کردە میسر حەزرەتی یووسف بەرگ و پۆشاکێکی موناسبی بۆ ناردن هەتا خۆیان بگۆڕن و بە بەرگێکی بە حورمەتەوە خەڵك بیانبینێ، وە خۆیشی لەگەڵ برادەر و دۆستان و دەستەیا رۆیشت بە پیریانەوە و لە دەرەوەی میسرا جێگەی ئامادە کرد بۆ پێشوازییان، کاتێ کە باوکی و براکانی هاتنە بەرەوە داخڵی ئەو خێوەتە بوون کە یووسفی تێدایە باوك و دایکی لە خێوەتەکەی خۆیا دانا هەتا بە تایبەتی لە خزمەتیانا دابنیشێ و خەمی دڵیان برەوێنێ، وە پاش ماوەی ئاسایش فەرمووی: یالآ جا داخڵی نەفسی شاری میسر ببن بە خواستی خودای تەعالا لەگەڵ ئەمینی و سەلامەتی لە دەردی قاتی و نەهاتی و مەینەتی جیایی لە ئەولاد و نەتەوەی خۆتان لەگەڵ هەموو دەستە و بەستەتانا، وە فیعلەن هەموو بە دڵخوازی خۆیان جێگە و ماوایان بۆ دیاری کرا و دامەزران.

ڕیوایەت کراوە: ژمارەی ئەو بەنی ئیسرائیلیانە کە لەگەڵ حەزرەتی یەعقووبا داخڵی شاری میسر بوون لە خۆی و کوڕو کوڕەزایا حەفتا و دوو پیاو و ژن بوون، وە لەو رۆژەدا کە لەگەڵ حەزرەتی مووسادا دەرچوون لە میسر هەزار و پێنج سەد و حەفتا و ئەوەندە پیاو و ژن بوون بێجگە لە پیرو پیرەژن و منداڵی ورد و بەربێشکە.

﴿وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى ٱلْعَرْشِ وَخَرُّوا۟ لَهُۥ سُجَّدًا ۖ وَقَالَ يَـٰٓأَبَتِ هَـٰذَا تَأْوِيلُ رُءْيَـٰىَ مِن قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّى حَقًّا ۖ وَقَدْ أَحْسَنَ بِىٓ إِذْ أَخْرَجَنِى مِنَ

www.iqra.ahlamontada.com

ٱلسِّجۡنِ وَجَآءَ بِكُم مِّنَ ٱلۡبَدۡوِ مِنۢ بَعۡدِ أَن نَّزَغَ ٱلشَّيۡطَٰنُ بَيۡنِي وَبَيۡنَ
إِخۡوَتِيٓۚ إِنَّ رَبِّي لَطِيفٞ لِّمَا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿١٠٠﴾

وە کاتێ کە ئەو قەرەباڵغی حەزرەتی یەعقووبە و کوڕەکانی داخڵی شاری میسر بوون لە ڕێگەوە هەموویان ڕۆیشتنە بارەگا و لە دیوانی حەزرەتی یووسفدا دانیشتن و حەزرەتی یووسف لە بەر ئیحتیرامی باوك و دایکی تەختەکەی خۆی بۆ بەجێ هێشتن و ئەوانی لەسەر دانا و خۆی لە شوێنێکی تردا دانیشت و براکانی هەموویان هەر یەکێ لەسەر شوێنی خۆیانا دانیشتن، جا لەسەر یاسای ئیحتیرام گرتنی ئینسانی گەورە لەو ڕۆژەدا لە وڵاتی میسرا باوك و دایکی و براکانی هەموویان کوڕنووشی ڕێزیان برد بۆ حەزرەتی یووسف لەبەر بەجێهێنانی یاسای وڵات و لەبەر ڕێزی حەزرەتی یووسف نەکا خەڵکی بڵێن ئەمانە قەدری یووسفیان لە لا نییە.

جا حەزرەتی یووسف بە یاسای ڕۆژ وەڵامی ڕێزەکەی ئەوانی دایەوە و بۆ «تحدث» بە نیعمەتی خودا و دەربڕینی سوپاس بۆ خودا عەرزی باوکی کرد فەرمووی: بابە گیان ئەمەی کە چاوت پێکەوت تەعبیری خەوەکەی من بوو خودای تەعالا بە ڕاستی هێنایە دی، وە خودای تەعالا میهرەبانی کرد لەگەڵ مندا کاتێ کە دەری کردم لە زیندان و کردمی بە پیاوێکی خاوەن قیمەت لە لای پاشادا، وە هەموو ئێوەیشی لە کەنعانەوە هێنا بۆ لام پاش ئەوە کە شەیتان میانەی من و براکانمی خراپ کرد، بە ڕاستی خودای تەعالا تەدبیری ناسك و نازداری هەیە بەرابەر بە هەر شتێ بیەوێ بیکات، واتە شتی گران نییە لە بەرابەری قودرەت و تەوانایی ئەودا وە ئەوەندەیش بە شێوەیەکی جوان ڕێکی ئەخا کە هۆی سەرسوڕمانی هۆشیارانە؛ چونکی نە لە سوننەتی خۆی دەرئەچێ کە موباشەرەی ئەسبابە و نە بە شێوەیەکی وایش ئەیکا

www.iqra.ahlamontada.com

کە دڵی دانا گەرد بگرێ. جا بە راستی خودای تەعالا زانایە و خاوەن حیکمەتە لە کارەکانیا لە جیهانا.

جا ئەمجار بۆ دەربڕینی بەندەیی خۆی بۆ خودا لەم کاتەدا کە کاتی دەستەڵاتە و بۆ دەرخستنی ئەوە کە ئەنجامی ئادەمیزاد، گەدا و پادشا، هەر مردنە و گەڕانەوەیە بۆ لای خودا و بۆ «تحدث» بە نیعمەتی خوا و دانان بەو ئیحسانانەدا کە خودا کردوونی لەگەڵیا و بۆ رجای ئەوە کە لە پاش مردن لە ریزی پیاوە باشەکانا دابنرێ ئەم زاتە لە پێش هەموو شتێکا بە داوای دڵ فەرمووی:

﴿رَبِّ قَدْ ءَاتَيْتَنِي مِنَ ٱلْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِي مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ ۚ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَنتَ وَلِيِّۦ فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْأٓخِرَةِ ۖ تَوَفَّنِي مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٠١﴾﴾

پەروەردگارا! بە راستی تۆ داوتە بە من بازێ لە ریاسەت و گەورەیی لە وڵاتی میسرا و نیشانت داوم بازێ تەعبیر و تەفسیری کتێبی ئاسمانی یا تەعبیری ئەسراری خەو، ئەی خودایە کە ئافەریندەی ئاسمانەکان و زەوی هەموو هەر تۆی [هەر تۆ] یارمەتیدەری منی لە دنیادا بۆ رەفعی ئازار و بەخششی بەش و بارە، وە لە قیامەتیشا بۆ چاری تاڵی حەشر و خەڵاتی بەهەشت و لیقای زاتی خۆت، هەر کاتێ منت مراند بە موسوڵمانی بممرێنە و لە ریزی پیاوە باشەکانا دام بنێ.

ئەم تەفسیرە لەسەر ئەساسی ئەوە کە هەر لە کاتی مولاقاتی باوك و براکانیا ئەم دوعایە کردبێ، وە ئەگەر کاتێ لە پێش وەفاتیا بووبێ ئەوە مەبەست لە موڵك و پادشاهی میسر بووە، نەك ریاسەتی دارایی و بەس، وە هەردوو مانا هەڵئەگرێ.

ریوایەت کراوە، پاش ئەوە یووسف گەیشت بە باوك و براکانی بە یەکەوە لە میسرا ژیان، وە حەزرەتی یەعقووب بیست و چوار ساڵ ژیا لەگەڵ یووسفدا، جا

www.iqra.ahlamontada.com

وەفاتی کرد و وەسیەتی کرد: کە ببریتەوە بۆ وڵاتی خۆیان و لە لای قەبری باوکیا بنێژرێ و فیعلەن برایەوە بۆ ئەو شوێنە و لەوێ نێژرا. وە لە پاش وەفاتی باوکی خۆیشی بیست و سێ ساڵ ژیا و لە پاش وەفاتی عەزیزی میسر زلێخای مارە کرد و لەم ژنە دوو کوڕ: «افرائیم» و «میشا» باپیرەی «یوشع» و رەحمەی ژنی «ئەیووب» پەیدا بوون. جا حەزرەتی یووسف وەفاتی کرد و لە میسرا نێژرا هەتا زەمانی حەزرەتی مووسا عليه السلام ئەو جەنازەکەی گوێزایەوە بۆ لای گۆڕستانی باوك و باپیرەکانی عليهم السلام

﴿ذَٰلِكَ مِنْ أَنبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ﴾

ئەم باسانە کە بە تۆمان نیشان دا لە ئەخبارێ بوون کە ون بوون لە تۆ و لە هاووڵاتانی تۆیش، ئێمە ناردمان بۆ تۆ بە جوبرەئیلدا.

﴿وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ أَجْمَعُوٓا۟ أَمْرَهُمْ وَهُمْ يَمْكُرُونَ ١٠٢﴾

وە تۆ لای کوڕەکانی یەعقووب نەبووی لەو کاتەدا کە بیری خۆیان گرد کردەوە لەسەر زیان گەیاندن بە یووسف.

﴿وَمَآ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ ١٠٣﴾

وە زۆربەی ئادەمیزادی دەور و بەری خۆت ئیمان نایەنن بەوە کە تۆ پێغەمبەری خودای، هەرچەند تۆ زۆر خواست و نیازت لەسەر ئیمانیان بێ.

﴿وَمَا تَسْـَٔلُهُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ١٠٤﴾

وە تۆ، ئەی خۆشەویست، داوا ناکەی لەو کەسانە کە ئەم هەواڵە پەنامەکییانەیان بەسەرا ئەخوێنیتەوە هیچ تۆڵەیێ لەسەر یاسای ئەوانە کە هەواڵ ئەخوێننەوە بەسەر خەڵکا؛ چونکی ئەم قورئانە کە نازڵ ئەبێتە سەر تۆ و ئەیخوێنیتەوە ئامۆژگاری و نەسیحەتکردنە بە شێوەی چاکە و فەزڵ بۆ هەموو کەس بە گشتی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَكَأَيِّن مِّنْ ءَايَةٍ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ ﴿١٠٥﴾﴾

وە گەلێ ئایەت و دەلیل لەسەر وجوودی خودا و لەسەر تەنهایی ئەو هەیە لە ئاسمانەکانا بە هۆی رۆژ و مانگ و ئەستێرە و هەڵسووڕانیان وە لە زەویدا بە وشك و تەڕیەوە لە کان و گیا و گیانلەبەران و باقی ئەشیا، وە ئەم کافرانە رائەبوورن بەسەریانا بە چاو یا بە بیر یا بە پێ، وەلحاڵ ئەوان بە نەوعێ ئیعرازیان هەیە لێیان وەکوو بە چاو تەماشایان کردوون نە بە دڵیانا هاتوون و نە بەسەریانا رابوردوون!

﴿وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾﴾

وە زۆربەیان باوەڕ بە وجوودی خودا ناکەن ئیللا لەگەڵ باوەڕ بەوە کە خودا شەریك و هاوڕێی هەیە.

﴿أَفَأَمِنُوٓاْ أَن تَأْتِيَهُمْ غَٰشِيَةٌ مِّنْ عَذَابِ ٱللَّهِ﴾

ئایا ئەم کافرانە ئەمین بوون لەوە کە شەپۆلێکی داگیرکەر لە سزای خودا بێت بەسەریانا و دایانپۆشێ وەکوو شەپۆلی دەریا؟

﴿أَوْ تَأْتِيَهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿١٠٧﴾﴾

یا لەوە کە کاتی نەهاتی کۆتایی هاتنی دنیا و داهاتنی پاشەڕۆژیان بەسەردا بێت لە کوتوپڕا وەلحاڵ ئەوان لەو کاتەدا ئاگایان لە خۆیان نییە و نازانن بەوە کە قیامەتە هاتووە؟

﴿قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدْعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِي ۖ وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٨﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بفەرموو بەو کافرانە: کە ئەم بانگ کردنی عالەمە بۆ دینی تەوحید و ئایینی تاقپەرستی ڕێگەی منە لە ماوەی ژیانما و خەڵك بانگ ئەکەم بۆ تەوحید و ئەوانەیش کە پەیڕەوی منن خەڵك بانگ ئەکەن بۆ خودا بە یەك ناسین و هەموویشمان لەسەر چاوڕووناکین، وە خودا بە دوور ئەگرین لە شەریك و من لە موشریکان نیم. وە هەر کەسێکیش پەیڕەوی من بێ موشریك نییە، وە خودا بە یەکێ ئەزانێ.

﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِم مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰٓۗ أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۗ وَلَدَارُ ٱلۡأٓخِرَةِ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ١٠٩ ﴾

وە ڕەوانەمان نەکردووە لە پێش تۆدا ئیللا چەن پیاوێکی خاوەن ئەخلاق و خاوەن کەرامەت و دەست و داوێن پاك و دڵڕووناك لە ئەهلی ئاوەدانییە عادەتییەکان وەکوو: مەککە و، مەدیەن و، ئەحقاف، ئیتر ژنمان نەناردووە و فریشتەی ئاسمانمان نەکردووە بە ڕەهبەری ئادەمیزادی سەر عەرز و پەریمان نەهێناوە بۆ ناو ئادەمیزاد هەتا تەمێیان بکا. ئەمانە هەموو خەیاڵات و ئەوهامن هەر لە ئادەمیزادی پاکمان ڕەوانە کردووە بۆ سەر ئادەمیزاد، ئایا ئەم قەومی تۆیە نەڕۆیشتوون بەسەر زەویدا و شوێنەواری پێغەمبەرە پێشووەکانیان نەدیوە و ئەو شارانەیان نەدیوە کە خودا قاری گرتووە لە ئەهلەکەیان و وێرانی کردوون هەتا بیر بکەنەوە و تەماشا بکەن کە چلۆن بووە ئەنجامی ئەو کافرانە کە لە پێش ئەوانا بوون؟ وە بزانن ماڵی پاشەڕۆژ کە ماوای بەهەشتی دەوامدارە باشترە بۆ ئەوانە کە خۆیان لە نافەرمانی خودا ئەپارێزن، ئایا بەس نییە ئیتر؟ ئایا هێشتا عەقڵ ناگرن؟

www.iqra.ahlamontada.com

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسۡتَيۡـَٔسَ ٱلرُّسُلُ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ قَدۡ كُذِبُواْ جَآءَهُمۡ نَصۡرُنَا فَنُجِّيَ مَن نَّشَآءُۖ وَلَا يُرَدُّ بَأۡسُنَا عَنِ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ١١٠﴾

با کافرەکانی ئەم چەرخە بایی نەبن بەو مۆڵەتەی بەوان دراوە؛ چونکی کافرەکانی چەرخی پێشوویش ماوەیەکی زۆر مۆڵەتیان دراو دوژمنایەتی پێغەمبەرەکانیان کرد هەتا رادەیێ ئەو رەهبەرانە بێ‌هیوا بوون لەوە کە قسەیان تەئسیر بکا وە یاخود یارمەتیەکیان لە لای خوداوە بۆ بێ و گومانی کافرەکان هاتە سەر ئەوە ئەو پێغەمبەرانە درۆیان لەگەڵدا کراوە لە لایەنی فریشتەی ئاسمانەوە کە وەحی بۆ هێناوە و وادەی نەسری پێداوە. جا لەم تەنگوچەڵەمەدا کوتوپڕ لە لای خوداوە یارمەتییان بۆ هات و هەرکەسێ خودا خواستی لەسەر رزگار بوونی بووبێ رزگار بووە و باقی‌مەندەکەیان بە هیلاکدا براون؛ چونکی ئەوانە هەموو تاوانبار بوون وە سزای ئێمەیش ناگەڕێتەوە لەسەر تاوانباران کە رووی تێکردن.

﴿لَقَدۡ كَانَ فِي قَصَصِهِمۡ عِبۡرَةٞ لِّأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِۗ مَا كَانَ حَدِيثٗا يُفۡتَرَىٰ وَلَٰكِن تَصۡدِيقَ ٱلَّذِي بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَتَفۡصِيلَ كُلِّ شَيۡءٖ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ١١١﴾

بە راستی هەیە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی پێغەمبەران وە تۆمەتەکانیان دا وە یا بەسەرهاتی یووسف و براکانی و باقی رووداوی ئەو ماوەدا چەن رووداوێکی وەها کە هۆی عیبرەتگرتن بوون بۆ ئەوانە خاوەنی عەقڵی ساغن، وە ئەم قورئانە هاتووە بۆ تۆ وتارێکی بەدرۆ هەڵبەسراو نەبووە بەڵکوو وتارێکی راستی وا بووە کە هۆی تەسدیقی کتێبە ئاسمانییەکانە ئەوانە کە لە پێش قورئانا هاتوونەخوار وە بەیانە بۆ هەموو شتێ لەوانە کە پێویستین بۆ راگرتنی نیزامی پاکی دین بە نەوعێ کە خاوەن

www.iqra.ahlamontada.com

زانستەکان پاش وردبوونەوە لە مەعنای ئاگادار ئەبن بەسەر ئەسبابی مانەوەی دینەکەیانا وەکوو بەیانی عەقیدە و بیر و باوەڕ و تەوحیدی خودا و بەیانی ئەحکام و ئادابی یاسای ئیسلامییەت و بەیانی دانایی گەورە بۆ موسوڵمانان بە راوێژی ئەهلی حەل و عەقد وە فەرمانبەرداری ئەو گەورانە و بەیانی ئامادەکردنی هۆی بەرگری لە نیزامی ئیسلام و ئوممەتی موسوڵمان وە بەیانی بەجێهێنانی سیلەی رەحم لە بەینی باوك و دایك و برا و خوشك و خزم و خوێشیانا، وە بەیانی فێربوونی عیلم و سنعەت و پیشەی باش و سوود وەرگرتن لەوەی خودا دروستی کردووە بۆ ئادەمیزاد لە عەرز و ئاسمانا لە دەریا و سارادا، وە بەیانی راساڵی لە موعامەلەدا و غەش نەکردن لەگەڵ یەکا و راگرتنی حوقووق و قەرز و قۆڵە و ئەدای شەهادەت بە راستی لە کاتی پێویستا، وە دان لە دەستی ستەمکار لە دوو کۆمەڵ یا لە دوو کەسدا، وە رەوا بوونی تۆڵەسەندنەوە بە قەی حەق، وە باشی عەفو و چاوپۆشی لەو حوقووقەدا کە چاوپۆشی لەوانا نەبێ بە هۆی جەسووری ئینسانی خراپ، وە بەیانی رەوا نەبوونی میهرەبانی لە بەجێهێنانی حودوودی شەرعیدا بۆ ئەوە ئادەمیزاد بترسن و لانەدەن لە یاسای راست و بەیانی بێبەقایی عالەمی دنیا و دەوامداری عالەمی ئاخیرەت.

وە ئەم قورئانە بەو جۆرە کە باسمان کرد شارەزاکردنی نەزانە و میهرەبانی کردنە لەگەڵ ناتەواوانادا بەم مەرجە ئەوانە لە قەومێ بن کە خاوەن ئیمان بن وە یا ئامادە بن بۆ ئیمان هێنان.

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

سورة الرعد، مدنية و آياتها "٤٣" نزلت بعد سورة «محمد»

[سووره‌تی ره‌عد، مه‌دینه‌ییه‌، "۴۳" ئایه‌ته و پاش سووره‌تی موحه‌ممه‌د (محمد) هاتووه‌ته خواره‌وه]

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿الٓمٓرۚ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِۗ﴾

ئه‌مه سووره‌تێکه ناوبراوه به‌م چوار حه‌رفه و، ئه‌م سووره‌ته ئایاتی قورئانه.

﴿وَٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ ٱلۡحَقُّ﴾

وه به راستی ئه‌و ئایاته که نازڵ کراون بۆ لای تۆ له لایه‌نی په‌روه‌ردگاری تۆوه موافیقی واقیع و راستن.

﴿وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤۡمِنُونَ ١﴾

به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا که ئه‌وانه راستن زۆربه‌ی ئاده‌میزاد له راست لائه‌ده‌ن و ئیمان ناهێنن.

﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِي رَفَعَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيۡرِ عَمَدٖ تَرَوۡنَهَاۖ﴾

ئه‌و خودایه که ئه‌م کیتابه‌ی بۆ تۆ ناردووه ناوی «اللّٰه»یه و خودایه‌کی ته‌وانای وه‌هایه ئه‌و ئاسمانانه‌ی به‌رز کردووه‌ته‌وه به ته‌نها هێزێ که خۆی دایناوه له‌وانه‌دا به بێ هیچ پایه و ئیعتیمادێ که ئێوه به چاو بیان‌بینن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ﴾

وە ئەو خودایە عەرشی عەزیمی داگیر کردووە.

﴿وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِى لِأَجَلٍ مُّسَمًّى﴾

وە کورەی گەورەی رۆژ و کورەی مانگی رام کردووە هەریەك لەسەر مەداری خۆیا، هەرکام لەوان هاتوچۆ ئەکەن لەسەر ئەو میزانە کە بۆیان بڕیار دراوە تا وەعدەیەکی دیاریکراو بە بێ کەم و زیاد.

﴿يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ﴾

وە ئەو خودایە کاروباری حوکمداریی خۆی جێبەجێ ئەکا لەسەر خواستی خۆی.

﴿يُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ﴾

وە ئایاتی قورئان ئەنێرێتە خوارەوە و بەیانیان ئەکا بە تەفسیل، وە یاخود ئایات و دەلیلی وجوود و تەنیایی ئەخاتە بەرچاوتان یەك لە دوای یەك.

﴿لَعَلَّكُم بِلِقَآءِ رَبِّكُمْ تُوقِنُونَ ۝٢﴾

بە هیوای ئەوە کە ئێوە ئیمان بێنن بە رۆژی قیامەت و بە گەیشتنتان بە حوزووری خودا بۆ حسێب و میزانی کردەوە و وەرگرتنی ئەنجامی رەفتارتان.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِى مَدَّ ٱلْأَرْضَ﴾

خودا ئەو خودایە عەرزی راکێشاوە بە پانی و درێژیدا بۆ ئەوە بە ئاسانی گیانلەبەران بەسەریا هاتوچۆ بکەن.

﴿وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِىَ وَأَنْهَٰرًا﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە دروستی کردووە لە عەرزا چەند کێوانی بڵندی دامەزراو بۆ ئەوە کە بەفرو بارانی زۆر وەربگرن و ببن بە هۆی زۆری ئاوی چەشمە و، وە چەن جۆبار و رووباری گەورە و بچووکی رەوان کردووە لە ئاوی ئەو سەرچاوانە کە لە کێو و شیو و دەرەکان دەرئەچن.

﴿وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ جَعَلَ فِيهَا زَوْجَيْنِ ٱثْنَيْنِ﴾

وە لە هەموو نەوعێ لە ئەنواعی داری بەر و بەری بە تام و بێنیخۆش و بە لەزەت، دروستی کردووە لە عەرزا دوو جۆر ترش و شیرین، رەش و سپی، گەورە و بچووك، یان نێر و مێ.

ئەوەی زانستی تازە دەری خستووە هەموو میوە و گوڵێ نێر و مێیان هەیە و هەندێکیان بە دەست موتوربە دەکرێن وەك نێر و مێی داری خورما، وە هەندێکیان بە هۆی هاورد و بردی هەواوە موتوربە دەبن، وەك خودا ئەفەرموێ: ﴿و أرسلنا الرياح لواقح﴾.[1]

﴿يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ﴾

وە بەرگی تاریکی شەو ئەکا بە بەری رۆژی رووناکا هەتا وا تاریکی دایێ کەس بە بێ چرا کەس نابینێ.

﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ۝٣﴾

بە راستی هەیە لەم هەموو تەسەروفاتە عەجیبانەدا دەلیل لەسەر ئەمە کە ئەم جیهانە جیهانەوانی خاوەن زانست و خواستی بە حیکمەتی هەیە و ئەم ئایەتانە ئەبن بە بەڵگە بۆ گەلێ کە خاوەن بیر و هۆشی ساغ بن نەك بۆ ئینسانی بێدەماخ.

---

١. الحجر: ٢٢.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَفِي ٱلۡأَرۡضِ قِطَعٞ مُّتَجَٰوِرَٰتٞ وَجَنَّٰتٞ مِّنۡ أَعۡنَٰبٖ وَزَرۡعٞ وَنَخِيلٞ صِنۡوَانٞ وَغَيۡرُ صِنۡوَانٖ يُسۡقَىٰ بِمَآءٖ وَٰحِدٖ وَنُفَضِّلُ بَعۡضَهَا عَلَىٰ بَعۡضٖ فِي ٱلۡأُكُلِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ٤﴾

هەروا خودا خودایەکی تەواناى وایە لە عەرزا چەن پارچە زەوی لەیەك جیاوازی داناوە کە هەموو دراوسێ و نزیکی یەکن، ئەم پارچە نەرمانە و، ئەم پارچە ڕەقەنە، ئەم پارچە بۆ کشتوکاڵ زۆر بارەدارە، وە ئەو پارچەکەیان سوودی تێدا نییە، هەروا چەن باخی دروست کردووە لە ترێ هەر کام بە ڕەنگێ و تامێ و شێوەیەکی تایبەتی، لەگەڵ ئەوەدا کە هەمووشیان بەری داری ترێن، وە چەن جۆرێ لە زەراعەتی دروست کردووە، لە گەنمدا چەن نەوع و، لە جۆدا چەند نەوع و، لە چەڵتووکدا چەن نەوع و هەروا غەیری ئەمانەیش، وە چەن داری خورمای دروست کردووە و دوو لف و یەك لف، کە ئەم هەموو نەوعە جۆرا و جۆرە لە یەك ئاو ئاو ئەدرێن و، لە یەك جۆرە زەویدا ئەڕوێن و، بازێکیانمان باشتر کردووە لە بازێکیان لە خواردن و تام و لەزەتا، بە ڕاستی لەمەدا هەیە چەن دەلیل لەسەر گەورەیی خودا بۆ گەلێ هۆشدار و هۆشیار بن.

﴿وَإِن تَعۡجَبۡ فَعَجَبٞ قَوۡلُهُمۡ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍۗ﴾

وە ئەگەر تۆ تەعەجوب بکەی لە ئینکاری ئەو قەومە بۆ زیندووبوونەوەیان لە قیامەتا ئەوە حەقە؛ چونکی زۆر جێگەی سەرسوڕمانە ئەو وتارەیان کە بە ئیستینکارەوە ئەڵێن: ئایا کاتێ ئێمە مردین و لەشمان رزی و بووینەوە بە گڵ تازە بە تازە جارێکیتر دروست ئەکرێینەوە بە شێوەیەکی تازەی سەر لە نوێ؟! چونکی هەر دەسکارێ ببێ لە عالەما بەس سانیع و مادەی خاوەن قابیلیەتی ئەوێ و هەردوکیان هەن.

www.iqra.ahlamontada.com

خـودا وەکـوو خـۆی زۆر تـەوانـایە　　بـــە زەرە زەرەی عـــالەم زانـــایە
مادەیش عەرزێکە هەر وەکوو سابیق　　لەسـەر ئـیستیعداد بـاش مـوهەییایە

﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡۖ﴾

ئەوانەی کە باسمان کردن و خاوەنی ئەو وتارە چەوتانەن، ئەوانەن کە کافرن بە وجوودی خودای زیندووی زانای تەوانا.

﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلۡأَغۡلَٰلُ فِيٓ أَعۡنَاقِهِمۡۖ﴾

وە ئەوانە کەسانێکن لە رۆژی پاشەڕۆژدا زنجیر وا لە گەردنیانا.

﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٥﴾

وە ئەوانە لە ئاگری دۆزەخ جیا نابنەوە و ئەوان لە ناو ئاگردا ئەمێننەوە هەتا هەتایە.

﴿وَيَسۡتَعۡجِلُونَكَ بِٱلسَّيِّئَةِ قَبۡلَ ٱلۡحَسَنَةِ﴾

ئەو کافرانە ئەوەندە بەدبەخت و چارەڕەشن پەلەپەل ئەکەن لە داواکردنی سزا و مەینەتدا لە پێش ئەوەدا کە داوای رەحمەت و نیعمەتی خودا بکەن.

﴿وَقَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِمُ ٱلۡمَثُلَٰتُۗ﴾

وەلحاڵ لە پێش زەمانی ئەوانا چەنها سزا و تۆڵە و چەنها فیتنە و ئاشووب رابوردووە بەسەر ئوممەتە کافرە پێشووەکانا لە تۆڵەی ملەجڕێ و سەرکێشی ئەوان لەگەڵ رەهبەرانا.

﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغۡفِرَةٖ لِّلنَّاسِ عَلَىٰ ظُلۡمِهِمۡۖ﴾

بە راستی خودای تەعالا خاوەن عەفو و تاوان بەخشییە بۆ ئادەمیزاد لەگەڵ ئەوەدا کە ستەم ئەکەن لە نەفسی خۆیان بە ئیشراك و تاوانباری و ستەم ئەکەن لە خەڵکیش بە ئازاردانیان و زیاندان لە دارایی و شانیان.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَشَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ۝٦﴾

به‌ راستی خودا هه‌م تۆڵه‌ و سزایشی به‌هێزه‌ و له‌ کێشا نییه‌. خودا په‌نامان‌بدا له‌ عیقاب و عه‌زابی.

پێغه‌مبه‌ر هه‌ڕه‌شه‌ی ئه‌کرد له‌ کافره‌کان به‌ سزای رۆژی قیامه‌ت و به‌ هاتنی سزای دنیا به‌سه‌ریانا، ئه‌وانیش باوه‌ڕیان به‌ سزای قیامه‌ت و قیامه‌تیش نه‌بوو هه‌تا له‌وه‌ بترسن، وه‌ هه‌روا باوه‌ڕیشیان نه‌بوو به‌وه‌ که‌ سزای دنیا ریشیان ئه‌گرێ، وه‌ به‌رۆکی حه‌زره‌تیان ئه‌گرت و ئه‌یان‌وت: جا ئه‌گه‌ر راسته‌ سزای دنیا هه‌یه‌ ده‌ی دوعا بکه‌ با بێت بۆ سه‌رمان! جا خودای ته‌عالا ئه‌فه‌رموێت: ئه‌م بێ‌هۆشانه‌ له‌ باتی ئه‌وه‌ بیر بکه‌نه‌وه‌ و ئیمان بێنن و داوای نیعمه‌ت و ئاسایشی خۆیان بکه‌ن، په‌له‌په‌ل ئه‌که‌ن بۆ هاتنی سزا و داوای سزا ئه‌که‌ن، ئایا نازانن و ئایا نه‌یان‌بیستووه‌ ئه‌و هه‌موو عوقووبه‌ته‌ که‌ به‌سه‌ر کافره‌کانا هاتووه‌ له‌ پێش ئه‌م چه‌رخه‌دا؟ ده‌ی ئه‌و خودا هه‌ر ماوه‌ و ته‌وانایه‌ به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا که‌ ئاده‌میزاد سته‌مکارن خودا هه‌ر ئه‌یه‌وێ میهره‌بانی بکا تا کاتی خۆی، ئه‌وجا ئه‌زانن عیقابی خودا توند و نابارە، په‌نا به‌ خودا.

﴿وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦٓ ۗ إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرٌ ۖ وَلِكُلِّ قَوْمٍ هَادٍ ۝٧﴾

وه‌ کافره‌کان ئه‌ڵێن: ئه‌وه‌ بۆچی له‌سه‌ر داواکردنی موحه‌ممه‌د ئایه‌ت و موعجیزه‌یێ له‌و موعجیزانه‌ نایه‌ته‌خواره‌وه‌ که‌ ئێمه‌ داوایان ئه‌که‌ین؟ واته‌: ئیعتیبار ناکه‌ن به‌وه‌ که‌ قورئان موعجیزه‌یه‌ و موبالات ناکه‌ن به‌و رووداوانه‌ که‌ خودا کردوونی بۆ حه‌زره‌تی موحه‌ممه‌د و کردوونی به‌ هۆی به‌رزبوونه‌وه‌ی: وه‌کوو قه‌بووڵکردنی دوعا کانی، وه‌کوو ته‌سبیحکردنی به‌رده‌ورده‌ له‌ ناو ده‌ستیا و، وه‌کوو زۆرکردنی خوارده‌مه‌نی که‌م

www.iqra.ahlamontada.com

و، وەکوو دەرچوونی ئاوی زەلاڵ لە بەینی پەنجەکانیەوە، وەکوو ئەو نەسرەت و یارمەتییە کە پێیدا لە رووداوەکانی «بەدر» و «حونەین» و «خەندەق» و «فەتحی مەککە» و فەوتاندنی دوژمنەکانیدا. جا ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ هەر ئینسانێکی رەهبەری هاتوویت بۆ ترساندنیان لە سزا، خۆ نەهاتووی بۆ ئەوە ئەوان داوای چ موعجیزەیێ ئەکەن تۆ بۆیان جێ‌بەجێ بکەی. هیچ موبالات مەکە بەم داواکردنیانە و هەر قەومێ پێغەمبەرێکی خاوەن بارەی هیدایەتدانیان هەیە کە لە حودوودی حیکمەتی خودادا بازێ موعجیزەی پێداون ئیتر خۆ بۆ هەر پێغەمبەرێ هەموو موعجیزەیێ جێ‌بەجێ نابێ.

﴿ ٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تَحۡمِلُ كُلُّ أُنثَىٰ وَمَا تَغِيضُ ٱلۡأَرۡحَامُ وَمَا تَزۡدَادُۖ وَكُلُّ شَيۡءٍ عِندَهُۥ بِمِقۡدَارٍ ﴿٨﴾ ﴾

خودای تەعالا زانستی ئەوەندە رەسایە ئەزانێ بەوەی ها لە سکی ژنی سکپڕدا نێر بێ یا مێ و، ئەزانێ بەوە کە منداڵدانی ژن کەمی ئەکا یا زۆری ئەکا، واتە خودا ئەزانێ بە کەم و زۆری ئەوەی وا لە منداڵدانی ژنانا ئایا یەکێکە یا دوانە یا سیانە و، ئەزانێ بە ماوەی حەملی ژن حەوت مانگە یا نۆ مانگە یا دوو ساڵە یا چوار ساڵە، وە ئەمانە هەموو لە لای خودا مەعلوومن، وە هەر یەکێ لەم مەخلووقاتە میزانی تایبەتی هەیە، وە هەموو شتێ لای خودای تەعالا ئەندازەیەکی دیاری هەیە.

﴿ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلۡكَبِيرُ ٱلۡمُتَعَالِ ﴿٩﴾ ﴾

خودای تەعالا زانایە بەوەی کە پەنهانە لای ئێمە و ئەوەی کە دیارە و خودا شانی زۆر گەورەیە و دوورە و بەرزە لەوەی کە ئێمە بە خەیاڵمانا دێ؛ چوونکە ئەو زاتە بە مەخلووقات ناشوبهێ هەتا ئێمە خەیاڵی بکەین.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿سَوَآءٌ مِّنكُم مَّنْ أَسَرَّ ٱلْقَوْلَ وَمَن جَهَرَ بِهِۦ وَمَنْ هُوَ مُسْتَخْفٍۭ بِٱلَّيْلِ وَسَارِبٌۢ بِٱلنَّهَارِ ﴿١٠﴾﴾

موساوی و یەك رەنگە لە جەماعەتی ئێوەدا ئەو کەسە کە لەگەڵ خۆیا قسە ئەکا بە پەنامەکی وە ئەو کەسە کە قسەکەی ئاشکرا ئەکا و کەسێ کە خۆی ئەشارێتەوە بە شەودا وە یا خۆی دەرئەخا بە رۆژا.

﴿لَهُۥ مُعَقِّبَٰتٌ مِّنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦ يَحْفَظُونَهُۥ مِنْ أَمْرِ ٱللَّهِ﴾

هەیە بۆ ئەو کەسە کە وتمان چەن فریشتەی مەئموور لە لای خوداوە کە تەعقیبی کار و کردەوە و قسە و باسی ئەکەن لە بەردەمەوە و لە پشتەوە هەر ئەو فریشتانە کە موراقەبەی کردەوەی ئەکەن ئەیشیپارێزن لە بەر خاتری ئەوە خودا فەرمانی پێداون ئەو نەفسە بپارێزن وە خودای تەعالا هەمیشە لایەنی رەحمەت و کەرەمی زۆرە لەسەر بەندەکانی خۆی.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟ مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾

بە راستی خودای تەعالا ئەو پایە و مایە و شان و شێوەی دای بە هەر قەومێ نایگۆڕێ و نایفەوتێنێ هەتا ئەو خاوەن پایە و مایانە ئەو حاڵە پێشووە باشەکەی خۆیان ئەگۆڕن.

﴿وَإِذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِقَوْمٍ سُوٓءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُۥ ۚ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَالٍ ﴿١١﴾﴾

وە کاتێ خودا خواستی قەومێ لا ببا و ئیرادەی شەڕی پێ کردن لەبەر ئەوە ئەوان حاڵی خۆیان گۆڕی و لە تێکۆشین و سەعیەوە کەوتنە تەمەڵی و لە عیبادەتی خودا لایان دا بۆ نافەرمانی و لە سوپاسی نیعمەتەوە لایان دا بۆ ناسوپاسی، ئەوە مەعنای

www.iqra.ahlamontada.com

هاتنی قەزای بێگەڕانەوەیە بۆ سەر ئەو قەومە، وە غەیری خودای تەعالا کەس ریاسەت و چاودێری ئەو قەومە ناکا. ئەم یاسایە کە خودا لەم ئایەتەدا بەیانی کردووە یاسایەکی گشتییە بۆ حوکوومات و بۆ قەوم و عەشیرەت وە بۆ خانەدان و بۆ تاقە ئینسانێ لە چەرخی خۆیا هەتا ئەمانە لەسەر یاسای دانراوی خودا بڕۆن.

﴿هُوَ ٱلَّذِي يُرِيكُمُ ٱلْبَرْقَ خَوْفًا وَطَمَعًا وَيُنشِئُ ٱلسَّحَابَ ٱلثِّقَالَ ﴿١٢﴾﴾

خودا خودایەکی وەهایە بەرقی ئاسمانتان نیشان ئەدا لەبەر ئەوە بترسن لە ئازاری ئاسمانی و هیواتان ببێ بە فەڕ و پیرۆزی نیعمەتی خودا کە لەگەڵ باراندا ئەڕژێنە خوارەوە و لە ئاسمانا چەن پارچە هەوری قورس بەیەکەوە ئەنێ.

﴿وَيُسَبِّحُ ٱلرَّعْدُ بِحَمْدِهِۦ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ مِنْ خِيفَتِهِۦ﴾

وە تەسبیحی خودا ئەکا دەنگی بە هەیبەتی ئاسمانی مەشهوور بە «رعد» هەورە گرمە لەگەڵ حەمد و سەنایا ئەڵێ: من ئەو دەنگە بێرەنگەم کە بە فەرمانی پەروەردگاری جیهان پەیدا بووم لە مادەی هەوری هەڵگری باران، موژدە ئەدەم بە گیانلەبەران وا نیعمەتی خوداتان بەسەرا ئەبارێ ئەو خودایە کە هەر نیعمەتێ بگرێتەوە لەبەر حیکمەتە، وە هەر نیعمەتێ رەوانە بکا لەسەر رەحمەتە، وە ئەو خودایە خودای هەموو گیانلەبەرانە لە عەرز و عاسمانا.

بێ فەرقە لا ئەو دێوانە و هۆشیار ‌ ‌ ‌ دۆست و دوژمنی نامەردی بەدکار
رۆژی ئەنێرێ بۆ دۆست و دوژمن ‌ ‌ ‌ بۆ شەقی و سەعید کافر و موئمین
نییە لە عەرزا و لە ئاسمانا ‌ ‌ ‌ یەکێ لە گەلی گیانلەبەرانا
مەگەر نیشانەی خودای وا پێوە: ‌ ‌ ‌ رزقت لا منە تا وای بە پێوە

www.iqra.ahlamontada.com

هەروا ئەو فریشتەی ئاسمانیشە کە مەئموورە لەسەر هەورو باران ئەویش تەسبیحی خودا ئەکا لە مەقامی ئیجلال و ئیحتیرامی فەرمانی خودادا.

﴿وَيُرۡسِلُ ٱلصَّوَٰعِقَ فَيُصِيبُ بِهَا مَن يَشَآءُ﴾

وە ئەو خودایە کە لە بەیەك گەیشتنی پارچە هەورەکانا چەند ساعیقە و پارچەی ئاگرین جیا ئەکاتەوە و رەوانەیان ئەکا بە هەوادا و جار جار ئەدا لە دەریا چەنها ماسی ئەکوژێ و جارجار ئەدا لە زەوی وشکان و چاڵی ئەکا و دار هەڵئەکەنێ، وە جارجاریش بە خواستی خۆی ئەیگەیەنێ بەو کەسەی خواستی لەسەر فەوتاندنی بێ وە لە ناوی ئەبا.

﴿وَهُمۡ يُجَٰدِلُونَ فِي ٱللَّهِ﴾

وەلحاڵ ئەوانە کە ئەو تریشقە لێیان ئەدا کەسانێکی وان کە موجادەلە ئەکەن لە وجوودی زاتی خودا و لە چلۆنی ئەودا.

﴿وَهُوَ شَدِيدُ ٱلۡمِحَالِ ١٣﴾

وە ئەو خودایە کە ئەوان باوەڕیان پێی نییە، بۆ ئازاردانی دوژمن بەهێزە.

ریوایەت کراوە: ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە شانی «عامیری کوڕی توفەیل» و «ئەربەدی کوڕی رەبیعە»دا، هاتن بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ بە فێڵ بە خەیاڵی ئەوە بیکوژن، جا عامیر مەشغووڵی کرد بە موجادەلە کردن لەگەڵیا و ئەربەد هەڵسووڕاوە بۆپشتیەوە بۆ ئەوە بە شیر لێی بدا، وە حەزرەت ئاگاداری بیرە پیسەکەیان بوو فەرمووی: «اللّهم اکفنیهما بما شئت» واتە: خودایە چاری ئەمانەم بۆ بکە بە هەرچی خۆت خواستت هەیە، کاتێ ئەوانیش زانییان حەزرەت بە بیرەکەی زانیون هەستان رۆیشتن لە رێگەدا تریشقەیێ لە ئاسمانەوە هاتەخوار دای لە «ئەربەد» و کوشتی، وە عامیریش لوویەکی

www.iqra.ahlamontada.com

لێ پەیدا بوو ڕۆیشت لە ماڵی ژنێکی «سلولیە»دا کەوت ئەویش هاواری ئەکرد ئەیوت: وەرە بمرە بە لوویێ وەکوو لووی وشتر لە ماڵی ژنێکی (سلولیە)دا!

﴿لَهُۥ دَعْوَةُ ٱلْحَقِّ ۖ وَٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَسْتَجِيبُونَ لَهُم بِشَىْءٍ﴾

هەر بۆ ئەو خودایە بانگ‌کردنی ڕاست بە ڕاستی هەر لەو بانگ ئەکرێ بۆ چاری بیمار و ئازار و بێزار، وە هەر بۆ ئەو ئەکرێ بەندەیی و لەوەوە دەست ئەکەوێ پیرۆزی، وە ئەو بتە ناشی‌تاشراوانە کە کافرەکان بانگیان ئەکەن بە ناحەق جوابی کافرەکان نادەنەوە بە چاك و خراپ.

یارۆی بێ‌زمان خۆی بێ‌وتارە وتـار لەگـەڵیا مـایەی ئـەدبارە

﴿إِلَّا كَبَٰسِطِ كَفَّيْهِ إِلَى ٱلْمَآءِ لِيَبْلُغَ فَاهُ وَمَا هُوَ بِبَٰلِغِهِۦ ۚ وَمَا دُعَآءُ ٱلْكَٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ ﴿١٤﴾﴾

مەگەر ئەنجامی بانگ‌کردنی ئەوانە وەکوو ئەنجامی کەسێ بێ هەردوو بەری دەستی بڵاو کردبێتەوە و بانگ بکا لە ئاو بۆ ئەوە بگاتە دەمی وە لەبەر نەفامی، ئەو ئاوە ناگاتە دەمی؛ چونکی بانگکردن لە بێ‌گیان یا لە نەفام بێ‌ئەنجامە.

یاخود وەکوو کەسێکە کاتێ بیەوێ بە مشتی خۆی ئاو بخواتەوە پەنجەکانی بڵاو بکاتەوە و خواستی ئەوەیشی بێ ئەو ئاوە بگاتە دەمی، وە لە واقیعیشدا ئەو ئاوە لە ناو مشتی پەنجە بڵاودا نامێنێ هەتا بگات بە دەم. بەڵام مەعنای ئەووەڵ جوانە؛ چونکی لەسەر ئەساسی داوا لە بێ‌گیان و بێ‌شوعوورە، بەڵام مەعنای دووەم لەسەر بناغەی نابەکاری زەرفە.

﴿وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَظِلَٰلُهُم بِٱلْغُدُوِّ وَٱلْءَاصَالِ ۩ ﴿١٥﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

چۆن ئەم کافرانە وەها بێشوعوورن و تا کەی نافامن و عیبادەتی خودا ناکەن؟ لەگەڵ ئەوەدا هەر بۆ خودا کڕنووشی بەندەیی ئەبا هەر فامیدەیێ وا لە ئاسمانەکاندا و هەر فامیدەیێ وا لە عەرزا بە ئارەزووی خۆی وەکوو موسوڵمانەکان و فریشتەکان، یا بە زۆر وەکوو کافرەکان لە کاتی ناچاریدا و لە لێ قەومانا، نەك تەنها خۆیان سوجدە ئەبەن بەڵکوو سێبەرەکەیشیان هەر ئیتاعە و فەرمانبەرداری خۆیان دەرئەبڕن، ئەوەتە کە رووناکی رۆژ دەرکەوت سێبەر بە پێی جولاندنی رۆژ ئەجووڵێتەوە، بە درێژی و، بە کورتی، بە بوون و، بە نەبوون، لە بەیانی و ئێوارەدا.

﴿ قُلۡ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ قُلِ ٱللَّهُۚ ﴾

ئەی پێغەمبەری رەهبەر پرسیار بکە لەو کافرانە و بڵێ: کێ پەروەردگاری ئاسمانەکان و عەرزە؟ بە تەبیعەت ئەوان ئەگەر بفامن ئەڵێن: خودا. بەڵام ئەگەر لەبەر عەناد بێدەنگ بوون تۆ خۆت جوابی خۆت بدەرەوە؛ چونکی جوابەکە ئاشکرایە، بڵێ: پەروەردگاری هەموو هەر خودایە.

﴿ قُلۡ أَفَٱتَّخَذۡتُم مِّن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ لَا يَمۡلِكُونَ لِأَنفُسِهِمۡ نَفۡعٗا وَلَا ضَرّٗاۚ ﴾

جا بفەرموو پێیان: ئایا لەگەڵ ئەوەدا کە دەرکەوتووە پەروەردگاری هەموو هەر خودایە دەی بۆ لە غەیری ئەو پەروەردگارە چەن دۆستی وەهاتان گرتووە کە ئەوان بۆ خۆیان دارای سوود و زیانگەیاندن نین؟!

﴿ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡبَصِيرُ ﴾

جا بفەرموو: ئایا ئینسانی کوێر و چاودار ئەبن بە یەك؟ حاشا، حاشا.

﴿ أَمۡ هَلۡ تَسۡتَوِي ٱلظُّلُمَٰتُ وَٱلنُّورُۗ ﴾

یا خێر قەت وەکوو یەك ئەبن تاریکییەکان و رووناکییەکان؟ مەبەست رووناکی ئیمان و تاریکی کوفرە، حاشا، دووبارە حاشا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿أَمۡ جَعَلُواْ لِلَّهِ شُرَكَآءَ خَلَقُواْ كَخَلۡقِهِۦ فَتَشَٰبَهَ ٱلۡخَلۡقُ عَلَيۡهِمۡۚ﴾

یا خێر ئەو کافرانە قەراریان داوە بۆ خودا چەن هاوڕێیەك کە ئەوانیش مەخلووقاتیان دروست کردووە وەکوو چۆن خودا مەخلووقات دروست ئەکا و مەخلووقەکانیان لەیەك ناکرێنەوە؟ جا کافرەکانیش وتوویانە: مادام ئەم بتانەیش شت دروست ئەکەن وەکوو خودا ئەمانەیش شیاوی خودایین! حاشا.

﴿قُلِ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ وَهُوَ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّٰرُ ١٦﴾

ئەی رەهبەری خۆشەویست بڵێ: هەر ئەو زاتە واجبە کە ناوی «اللّٰه»یە هەموو شتێکی دروست کردووە، وە هەر ئەوە تاکی تەنیای خاوەن زۆرە بەسەر کائیناتا.

﴿أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَسَالَتۡ أَوۡدِيَةُۢ بِقَدَرِهَا فَٱحۡتَمَلَ ٱلسَّيۡلُ زَبَدٗا رَّابِيٗاۖ وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيۡهِ فِي ٱلنَّارِ ٱبۡتِغَآءَ حِلۡيَةٍ أَوۡ مَتَٰعٖ زَبَدٞ مِّثۡلُهُۥۚ كَذَٰلِكَ يَضۡرِبُ ٱللَّهُ ٱلۡحَقَّ وَٱلۡبَٰطِلَۚ فَأَمَّا ٱلزَّبَدُ فَيَذۡهَبُ جُفَآءٗۖ وَأَمَّا مَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ فَيَمۡكُثُ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ كَذَٰلِكَ يَضۡرِبُ ٱللَّهُ ٱلۡأَمۡثَالَ ١٧﴾

خودای تەعالا بۆ ئەوە کە ئادەمیزاد حاڵی بکا لە حەقیقەت، تەشبیهی شتی مەعقوول ئەکا بە مەحسووس واتە شتێ لەبەر چاوا نەبێ تەشبیهی ئەکا بە شتێ لەبەر چاوا بێ، وە جار بەجار تەشبیهی مەعقوول بە مەعقوولێکی رووناکتر ئەکا وە جار جار تەشبیهی بینراو بە بینراو ئەکا، وەکوو ئەم ئایەتە لێرەدا ئەفەرموێت: خودا لە ئاسمانەوە ئاو ئەرژێنێتە خوارەوە و باران ئەبارێنێ، جا چۆم و شیوەکان لافاویان تێدا هەڵئەستێ و لافاو دێ بە هەر شیوێکدا بە ئەندازەی کەم و زۆری ئاوی خۆی، وە ئەو لافاوە بە تەبیعەتی شوێنی خەوش و خاڵ وە یا چڵك و کەفی مەوادی پیس هەڵئەگرێ و بەسەریەوە دیارە بەرز ئەبێتەوە، ئەمە لەم میقدارەدا ئەسڵی هەبوو

www.iqra.ahlamontada.com

وەکوو ئاوی باران کە هەزاران سوودی تێدایە، وە فەرعێکیش هەیە وەکوو کەفەکەی سەری وە خەوش و خاڵەکەی کە بە کاری هیچ نایێ وە لە ئەترافی شیوەکەدا ئەفەوتێ و بە زایە ئەڕوا.

هەروا ئەفەرموێت: وە لە کانە بەنرخەکانیش وەکوو ئاڵتوون و زیو و مس و برنج و غەیری ئەمانەیش کە ئاگری لەسەر هەڵئەگیرسێنن، وە ئەو شتانەیش وان لە ناو ئاگرەکەدا بە تەحقیق وەکوو ئەو ئاسن و برنجەیە کە لە ناو کوورەی ئاگرا سوور ئەکرێنەوە نزیکە بتوێنەوە جا چەکوشی لێ ئەدەن و مادە پیسەکان وەکوو چڵك ئەکەوێتە سەر ئەو مادە و فڕەی ئەدەن. وە یا خود لە ئاگرەکەدا بێ حوکمن وەکوو ئەو زێڕ و زیوە کە لە ناو بۆتەدا دایئەنێن وە ئەو بۆتە ئاگر ئەدەن هەتا ئەو مادە ئەتوێتەوە و ئەبێ بە ئاو وە چڵکی وەکوو کەف، ئەکەوێتە سەر مادە بە نرخەکە کە توێنراوەتەوە بۆ ئەوە خشڵی لێ دروست بکرێ یاخود شتێکی بە سوودی لێ دروست بکرێ کە بەکار بهێنرێ بۆ رابواردنی ماوەی ژیان وەکوو: خەنجەر و، شمشێر و، گۆی ئەمانە، وە ئەو قاپ و قاچاخە کە لەمانە دروست ئەکرێن.

لەسەر ئەم مادە بە نرخانەیش کەفێ هەیە وەکوو کەفی ئاوی لافاو، جا بەمجۆرە تەشبیهە خودا زیکری حەق و باتیل ئەکا و، باسی ئیمان و کوفر ئەکا و، باسی ئینسانی موسوڵمان و ئینسانی بێدین ئەکا، جا کەیفی خۆتانە ئەگەر تەشبیهی حەق و ئیمان ئەکەن بە ئاوی بارانی ساف و مادەی مەعدەنی خالیس، وە تەشبیهی بەتاڵ و کوفر ئەکەن بەو کەفە بێسوودە وا بە سەرەوە، ئەوە دیارە تەشبیهی مەعقوول بە مەحسووس ئەبێ، دیارە کە حەق و بەتاڵ و ئیمان و کوفر بە چاو نابینرێن وە کەف لەسەر لافاو و لەسەر مەعدەنی تواوەدا دیارە بە چاو ئەبینرێن.

وە ئەگەر تەشبیهی ئینسانی موسوڵمان ئەکەن بە ئاوی ساف و کانی تواوەی خالیس وە تەشبیهی ئینسانی کافریش ئەکەن بەو کەفە بێسوودە وا بە سەرەوە ئەوە

www.iqra.ahlamontada.com

دیارە ئەمەیش تەشبیهی مەحسووس بە مەحسووسە، وە هەردوولا بە چاو ئەبینرێن، وە مەعلوومیشە کەف و ئینسانی بێدین بێسوودن، وە ئاوی ساف و کانی ساغ سوودیان زۆرە، وەکوو خودا لە ئایەتەکەدا فەرموویەتی مەعناکەی ئەمەیە:

هەرچی ئەو کەفە کە لەسەر ئاوە سافەکەیە وە یا لەسەر کانە ساغەکەیە، ئەوە ئەڕوات بە ڕۆیشتنێکی سووکی وەها کەس بۆی ناڕوانێ، وە هەرچی ئەوەیش کە قازانج ئەدا بە ئادەمیزاد وەکوو ئاوەکە کە بۆ کشتوکاڵ و خواردنەوە بەکار ئەبرێ وە وەکوو ئەو زیوە کە ئەسبابی بەقیمەتی لێ دروست ئەکرێ، ئەوە لە عەرزا ئەمێنێتەوە بەو شێوە ئینسانی کافری بێدین بێسەر و بەر بە زیانەوە ئەڕوا، وە ئینسانی موسوڵمان بە نەفس و کردەوەی بەرزەوە و خوو و ڕەوشتی چاکەوە و بیر و باوەڕی ڕاستەوە ئەبێ بە پێشەوا بۆ ئادەمیزادی پاك. جا خودای تەعالا ئا بەم شێوە وێنە بەیان ئەکا بۆ حەقایقی دینی و کردەوەی ئیسلامی و خاوەن کردەوە و بیر و باوەڕەکان لە هەردوولا.

جا خودای تەعالا بۆ باسی ئەنجامی هەردوولاکەیش ئەفەرموێت:

﴿لِلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِرَبِّهِمُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ﴾

بۆ ئەو کەسانە کە لەسەر فەرمانی خودا ئەڕۆن و ئەمر و نەهیی خودایان قەبووڵ کردووە پاداشێکی زۆر باش و پایەی زۆر بەرز هەیە لە ڕۆژی قیامەتا.

﴿وَٱلَّذِينَ لَمۡ يَسۡتَجِيبُواْ لَهُۥ لَوۡ أَنَّ لَهُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا وَمِثۡلَهُۥ مَعَهُۥ لَٱفۡتَدَوۡاْ بِهِۦٓۚ﴾

وە ئەو کەسانەیش کە بە ئەمر و نەهیی خودایان نەکردووە ئەکەونە ئاگرێکەوە و سزایێکەوە ئەگەر هەرچی وا لە عەرزا ماڵی ئەوان بوایە و ئەوەندەی تریشیان ببوایە ئەیاندا بە تۆڵەی خۆیانا بۆ ئەوە ڕزگار ببن و لەو سزایە دەرچن، هەرچەن ئەوەیش بە هیچ شێوەیێ سوودی پێ نادا وەکوو خودا ئەفەرموێت:

www.iqra.ahlamontada.com

﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمْ سُوٓءُ ٱلْحِسَابِ وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ١٨﴾

واتە ئەوانە کە موبالاتیان بە حوکمی خودا نەکردووە حسێبی خراپی بە شیدەت و خاوەن موناقەشەیان هەیە و ماوا و مەڵبەندی پاشەڕۆژیان دۆزەخە و دۆزەخیش قەرارگایەکی زۆر زۆر ناهەموارە!

﴿أَفَمَن يَعْلَمُ أَنَّمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ٱلْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أَعْمَىٰٓ ۚ﴾

ئایا کەسێ کە بە دڵ باوەڕی ببێ ئەوەی لە لایەنی خوداوە نازڵ کراوە بۆ تۆ وەکوو ئەم قورئانە بێت حەقە و راستە و بۆ رەهنوموونی جین و ئینس هاتووە وەکوو یەکێك وایە کە چاوی کوێرە دەرحەق بە تۆ و چاوی نابینێ، چ جای ئەوە بیر بکاتەوە لەو قورئانەدا هاتووە بۆ تۆ و دڵی کوێرە و مەفهوومات دەرك ناکا هەتا دەلیلیان لێ دروست بکا لەسەر ئەوە کە ئەو قورئانە هاتووەتە خوارەوە بۆ تۆ کەلامی خودایە و حەقە و راستە؟ حاشا چۆن ئەم دوو کەسە وەکوو یەك وەهان! بەڵکوو لە یەك جیاوازن.

﴿إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ ١٩﴾

بە راستی نەوەکوو بیر ئەکاتەوە لە راستی ئەو کەلامەدا کە بۆ تۆ هاتووە و لە راستی خۆتا مەگەر خاوەن هۆشە ساغەکان.

﴿ٱلَّذِينَ يُوفُونَ بِعَهْدِ ٱللَّهِ وَلَا يَنقُضُونَ ٱلْمِيثَٰقَ ٢٠﴾

ئەو کەسانە کە وەفا ئەکەن بەو پەیمانە کە پێغەمبەرە پێشووەکان کردوویانە لەگەڵ باوك و باپیرەیانا و لە کتێبەکانیانا بۆیان بەجێ‌هێشتوون، یا ئەوانە وەفا ئەکەن بەو پەیمانە کە خودا لە عالەمی ئەرواحدا لەگەڵیانا کردوویەتی، یا ئەوانە کە وەفا ئەکەن بەو پەیمانە کە بە هۆی خەڵاتی عەقڵەوە ئیلتیزامیان کردووە و ئەو پەیمانانە هەڵناوەشێننەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَالَّذِينَ يَصِلُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَن يُوصَلَ وَيَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ وَيَخَافُونَ سُوءَ الْحِسَابِ ﴿٢١﴾﴾

وە مەگەر ئەو کەسانە کە هەرچی خودا فەرمانی داوە بەجێی بێنن وەکوو: ئیمان و، راستگۆیی و، سیلەی رەحم لەگەڵ خزمانا و لەگەڵ موسوڵمانانا و لەگەڵ هەرکەسێکدا کە خاوەنی حوقووق بێ و، لە خودای خۆیان ئەترسن و لە حسێبی موناقەشەتیاکراو ئەترسن، هەر ئەمانە ئەهلی بیرکردنەوە و پەند وەرگرتنن و بەس.

﴿وَالَّذِينَ صَبَرُوا ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَنفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً وَيَدْرَءُونَ بِالْحَسَنَةِ السَّيِّئَةَ أُولَٰئِكَ لَهُمْ عُقْبَى الدَّارِ ﴿٢٢﴾﴾

وە ئەو کەسانە کە بیر ئەکەنەوە هەتا لە حەق بگەن کە سابیر و خۆگرن لە جیهاد لە رێگەی خودادا و، لە ئازار و بێزار و، لە ناساغی و داماویدا، لە کاتی هاتنی مسیبەتا لە گەرمەتاوەکەیدا و، سەبر ئەکەن لەسەر قاری دڵی خۆیان و موقابەلەی ئینسانی نامەردی واتەسارد ناکەن بە واتەی سارد و، بەرد نادەن لە بەرد و، سەبر ئەکەن لەسەر گرانی دەسنوێژ و غوسڵ لە کاتی ناکاتا و، سەبر ئەکەن لەسەر گەدایی و، خۆیان تێکەڵی ماڵی حەرام ناکەن و، خۆیان لە بەرابەری ئارەزووی نەفسی ئەممارەوە ئەگرن و، بە فیسق و فوجوور خۆیان پیس ناکەن. وە ئەو کەسانە کە بە راستی نوێژەکانیان جێبەجێ ئەکەن، لە پێشدا فێری واجبات و ئادابیان و ئادابی دەسنوێژ و غوسڵیان ئەبن و فیعلەن بەجێیان دێنن و چاودێری سەرەتای کاتی فەرزەکان ئەکەن و بە قەی توانا هەوڵی حازر بوونی جەماعەت ئەدەن و بە ئەدەب و شەرمەوە، وە یادی مەعنای ئەرکان و ئادابەکان بە دڵ ئەکەن و لە پاش تەواو بوونی نوێژەکان لە خودا ئەپارێنەوە کە لە تاوان بیان بەخشێ، وە لەو داراییە کە ئێمە کردوومانە بە رزق و

www.iqra.ahlamontada.com

رۆزی بۆ ئەوان بۆ عائیلەی خۆیان و میوانیان و بۆ گەدا و داماوان کە بێنە بەرچاویان بە پەنامەکی و بە ئاشکرا لێی سەرف ئەکەن و زەکاتی ماڵی خۆیان دەرئەکەن و لە خێرات و چاکەیش قوسوور ناکەن، وە بە کردەوەی چاك چاری کردەوە خراپەکانی خۆیان ئەکەن و، بە کردەوە و وتاری چاك موقابەلەی پیاوی بەدکرداری بەدوتاری نەفام ئەکەن و فیتنە ئەکوژێننەوە، ئا ئەم جۆرە ئینسانانە ئەنجامی چاکیان هەیە و ماوای باشیان بۆ دیاری ئەکرێ.

﴿جَنَّٰتُ عَدۡنٖ يَدۡخُلُونَهَا وَمَن صَلَحَ مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَدۡخُلُونَ عَلَيۡهِم مِّن كُلِّ بَابٖ ﴿٢٣﴾﴾

ئەو ماوا باشەیان عیبارەتە لە چەن بەهەشتێکی جێگەی مانەوە و ئارام تێداگرتن هەتا هەتایە، کە خۆیان و پیاوچاکان لە باوك و باپیرە و ژن و منداڵیان ئەڕۆنە ناویان بە شادی و دڵ گوشادی، وە فریشتەکانی بەهەشتیش لە هەموو دەرگایەکەوە ئەڕۆن بۆ لایان و پێیان ئەڵێن:

﴿سَلَٰمٌ عَلَيۡكُم بِمَا صَبَرۡتُمۡۚ فَنِعۡمَ عُقۡبَى ٱلدَّارِ ﴿٢٤﴾﴾

سەلامی خوداتان لەسەر بێ بە هۆی ئەو سەبرە و ئەو خۆ گرتنە کە کردتان لە جیهانی یەکەما لە بەر رەزای خودا وە دانیشن بە خۆشی، زۆر زۆر جوانە خانووی دوایی باقی لە پاش خانووی پێشووی فانی.

﴿وَٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهۡدَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مِيثَٰقِهِۦ وَيَقۡطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ وَيُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱللَّعۡنَةُ وَلَهُمۡ سُوٓءُ ٱلدَّارِ ﴿٢٥﴾﴾

وە ئەو کەسانەیش کە بە خیلافی کۆمەڵی پێشوون، واتە ئەوانە کە پەیمانی خودا، بەو مەعنایانە کە وتمان، هەڵئەوەشێننەوە لە پاش بەستنی و ئەستوورکردنی و، ئەبڕن

www.iqra.ahlamontada.com

ئەوەی کە خودا فەرمانی داوە بە بەجێهێنانی، واتە بەرابەر بە ئیجابیات سەلبی و بەرابەر بە سەلبییات ئیجابین، وە سەرەڕای ئەوانە خراپەیش ئەکەن لە عەرزا و فیتنە و ئاشووب هەڵئەگیرسێنن و، بەرابەر بە پیاوە باشەکان موعارەزە ئەکەن و، لە بەرابەری بیر و باوەڕی باش و کردەوەی چاکەوە عەناد و قینەبەری ئەکەن و، نایەڵن ئیشی باش سەربگرێ و گێرەشێوێنن. ئەوانە بەش و بارەیان لەعنەت و نەفرینی خودایەو بۆ ئەوانە خانووی خراپی ناهەموار لە قیامەتا.

﴿ٱللَّهُ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ ۚ وَفَرِحُوا۟ بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ إِلَّا مَتَـٰعٌ ﴿٢٦﴾﴾

ئەمانە نافامن، خودا رۆزی گوشاد ئەکاتەوە بۆ هەرکەسێ خواستی لێ بێ و تەنگیشی ئەکاتەوە، کەچی ئەمانە رۆزی خۆیان لە خوداوە نازانن و دڵخۆش ئەبن بە ژیانی ئەم دنیایە لەگەڵ ئەوەدا ژیانی ئەم دنیا بە چاو قیامەتەوە ڕابواردنێکی بێ‌نرخە.

﴿وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ﴾

وە کافرەکان پاش ئەوە کە چاویان ئەکەوێ بەم هەموو کارەساتی لە عادەت بەدەرە کە بۆ حەزرەت پەیدا ئەبێ و هەرکام لەوانە بەسە بۆ دەلالەت لەسەر ریسالەتی، بە شێوەی عەناد و نباری هەر سوورن لەسەر داواکردنی بازێ شتی مادی وەکوو خەزێنەیێ کە تەواو نەبێ و بەهەشتێ کە لە بەردەستیانا بێ! وە ئەم جۆرە ئایەتە خودا بۆ هیچ پێغەمبەرێکی نەکردووە و نایکا؛ چونکی رۆحی فەلسەفەی ریسالەت ئەمەیە ئادەمیزاد لە ئارەزووبازی بکەوێ، وە ئەم شتانە ئەوان داوای ئەکەن هەمووی بۆ هەواو ئارەزووبازییە، وە لەم لایشەوە کە خودا ئەمەیان بۆ ناکا ئەوان زۆرتر بێ‌شەرمی دەرئەبڕن و گاڵتە ئەکەن بە دین. جا خودای تەعالایش بۆ قوڕبەدەمادانیان ئەفەرموێت:

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَآءُ﴾

ئەی خۆشەویست تۆ بڵێ بەو کافرانە: خودای تەعالا خواستی وابێ هەرکەسێ گومڕا بکا گومڕای ئەکا لەسەر عەناد و نالەباری خۆی.

﴿وَيَهْدِىٓ إِلَيْهِ مَنْ أَنَابَ ﴿٢٧﴾﴾

وە شارەزایش ئەکا بۆ لای خۆی هەرکەسێ بگەڕێتەوە بۆ لای و رووی تێ بکا.

﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ ٱللَّهِ﴾

ئەو کەسانە کە روویان کردە خودا کەسانێکن کە ئیمانیان هێناوە و کردەوەی چاکەیان لە واجبات و مەندووبات کردووە و دڵیان دائەمەزرێ بە یادی خودا بە دڵ و بە زیکری بە زمان.

﴿أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾﴾

بێدارەوەبن! کە هەر بە زیکری خودا دڵ دائەمەزرێ نەك بە مادە و شانی دنیا و خەزێنەی پووڵ و پارە، بەڵکوو هەموو ئەمانە هەر مایەی دەردیسەرین بۆ کەم کەس نەبێ.

﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ طُوبَىٰ لَهُمْ وَحُسْنُ مَـَٔابٍ ﴿٢٩﴾﴾

ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە دینی ئیسلام و کردەوەی چاکەیان کردووە خۆشی نەبڕاوە هەر بۆ ئەوانە و جوانی ماڵ و پیرۆزی ئەنجامیش.

بازێ فەرموویانە: «طوبى» دارێکە لە بەهەشتا کە ئەهلی بەهەشت بۆ خۆشی ئەڕۆن لە ژێریا دائەنیشن.

﴿كَذَٰلِكَ أَرْسَلْنَٰكَ فِىٓ أُمَّةٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهَآ أُمَمٌ لِّتَتْلُوَا۟ عَلَيْهِمُ ٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

بە وێنەی ناردنی رەهبەرانی پێشوو بۆ ئیرشادی ئادەمیزاد، تۆمان رەوانە کردووە لە ناو ئوممەتێکدا کە چەن ئوممەت لە پێش ئەوانا رابوردوون وە هەموویان تەبلیغاتی خودایان بە حەق وەرگرتووە، بۆ ئەوەیشمان رەوانە کردووی کە بخوێنیتەوە بەسەریانا ئەو قورئانە کە بە وەحی رەوانەمان کردووە بۆ لای تۆ.

﴿وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِالرَّحْمَٰنِ ۚ﴾

وە ئەم ئوممەتە لەگەڵ ئەوەدا کە حەقیان وابوو ئیمان بێنن تا رزگار ببن لە سزای خودا وە کوفر نەکەن هەتا بفەوتێن، ئەڕۆن کوفرئەکەن بە خودایێ کە زۆر میهرەبان و بە رەحمەتە.

﴿قُلْ هُوَ رَبِّي لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ مَتَابِ ﴿٣٠﴾﴾

تۆ بڵێ، ئەی خۆشەویست: ئەو خودایە کە ئێوە باوەڕی پێ ناکەن پەروەردگاری منە و لە وجوودا خودایە نییە ئەو نەبێ، هەر لەسەر ئەو تەوەکول و ئیعتیماد ئەکەم و هەر بۆ لای ئەو ئەبێ گەڕانەوەی من.

﴿وَلَوْ أَنَّ قُرْآنًا سُيِّرَتْ بِهِ الْجِبَالُ أَوْ قُطِّعَتْ بِهِ الْأَرْضُ أَوْ كُلِّمَ بِهِ الْمَوْتَىٰ ۗ﴾

ئەو کافرانە داوای قورئانێ ئەکەن کاتێ خوێنرایەوە کێوەکان بکەونە هاتوچۆ و دوور بکەونەوە لە جێگەی خۆیان، یاخود بەسەر هەر پارچە عەرزێکی بەرزا خوێنرایەوە پارچە پارچە لە یەك بپچڕێ و تەخت ببێ، یا بەسەر هەر قەبرێکی کۆندا خوێنرایەوە مردووی قەبرەکە زیندوو‌بێتەوە و قسەی لەگەڵدا بکرێ! ئەی خۆشەویست تۆ بڵێ بەو کافرانە: ئەگەر ئێمە قورئانێکی وەهایش بنێرین وەکوو ئێوە داوای ئەکەن هێشتا ئیمان نایەنن؛ چونکی ئەمجۆرە داواکردنە لە رەغبەتی ئیمانەوە نییە؛ بەڵکوو لە عەناد

www.iqra.ahlamontada.com

و گاڵتەکردنەوەیە، دڵێکیش وەها بێ بە هیچ ئاوێ تینوێتی ناشکێ، ئەنا ئێمە کە ئەوانە نەکەین لەبەر ئەوە نییە ناتوانین.

﴿بَل لِّلَّهِ ٱلۡأَمۡرُ جَمِيعًاۗ﴾

بەڵکوو هەر رووداوێکی سەلبی و ئیجابی و عەرزی و ئاسمانی و مادی و مەعنەوی هەیە هەر بۆ زاتی خودایە سەرپاك و هەموو شتێکی پێ ئەکرێ.

﴿أَفَلَمۡ يَاْيۡـَٔسِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن لَّوۡ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَهَدَى ٱلنَّاسَ جَمِيعًاۗ﴾

ئایا موسوڵمانەکان و ئەوانە کە ئیمانیان هێناوە بە دینی ئیسلام بێهیوا نەبوون لە ئیمانی ئەم کافرە موعانیدانە هێشتا پاش ئەم هەموو دوژمنایەتییەیان لەگەڵ دینەکەیانا؟ وە ئیمان نەهێنانی ئەوانەیش بە هۆی ئەوەوەیە کە ئەگەر خودا خواست بکا هیدایەتی هەموو ئادەمیزاد ئەدا، بەڵام نیسبەت بەوان ئەو خواستەی نییە؛ چونکی لە یاسای خودادا دەرکەوتووە خودا ئیمانی ئینسانی موعانیدی نەیار بۆ راستی نادا و نەیداوە.

﴿وَلَا يَزَالُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ تُصِيبُهُم بِمَا صَنَعُواْ قَارِعَةٌ أَوۡ تَحُلُّ قَرِيبًا مِّن دَارِهِمۡ حَتَّىٰ يَأۡتِيَ وَعۡدُ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُخۡلِفُ ٱلۡمِيعَادَ ٣١﴾

وە ئەم کافرانە کە ئیمان نایەنن بە قورئان بە هێمنی و بە خۆشی دەوام ناکەن، وە بە دەوام ئەو کافرانە بە هۆی ئەو کار و پیشە نامەردانەیانەوە کە بووە بە هۆی قاری خودای تەعالا لەوان یا مسیبەت و بەڵایەکیان پێ ئەگا کە بیانکوتێتەوە و تەدمیریان بکا وەکوو ئەو لێدانەی کە لە رۆژی بەدرا لێی دان، یا مسیبەت نازڵ ئەبێ بۆ شوێنێ کە نزیکی ماڵی ئەوانە؛ چونکی عەشرەت بە بەڵای هاوعەشرەتی خۆی پەرێشان ئەبێ، وە ئەم حاڵە لە سەریان دەوام ئەکا هەتا وەعدەی خودا بە مردنیان دێتە جێ، ئەوسا جەزای خۆیان بە تەواوی ئەبینن؛ چونکی خودا ئەو وەعدەی داویەتی بە هەرکەسێ و هەر تائیفەیێ نایشکێنێ.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ وَلَقَدِ ٱسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَمْلَيْتُ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ثُمَّ أَخَذْتُهُمْ ۖ فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ ﴿٣٢﴾ ﴾

ئەم گاڵتەکردنە هەر بە تۆ نەبووە ئەی خۆشەویست بەڵکوو بە راستی گاڵتە کرا لە لایەنی کافرەکانەوە بە چەن پێغەمبەر لە پێش زەمانی تۆدا. جا ماوەیێ مۆڵەتی ئەو کافرانەم دا وەکوو یاسای خۆمە لە مۆڵەتدانا، جا ئەمجار ئەوانم گرت بە عیقاب و تۆڵەی ناسەواب.

﴿ أَفَمَنْ هُوَ قَآئِمٌ عَلَىٰ كُلِّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ ۗ ﴾

ئایا زاتێکی زانای تەواناى وەها کە ئاگادار بێ و راوەستا بێ بەسەر هەموو کەسێکدا بە کەم و زۆری ئەو ئیشەی کردوویەتی وەکوو دار و بەردێکی بێگیانی بێنرخە کە ئاگای لە خۆی نییە؟!

﴿ وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ﴾

وە ئەم کافرانە ئەوەندە نەفام و بێشعوورن هاتوون بەرابەر بەو خودایە چەن هاوڕێیەکیان بڕیار داوە لەو بێگیانە بێنرخانە.

﴿ قُلْ سَمُّوهُمْ ۚ أَمْ تُنَبِّـُٔونَهُۥ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِى ٱلْأَرْضِ أَم بِظَـٰهِرٍ مِّنَ ٱلْقَوْلِ ۗ ﴾

ئەی خۆشەویست بڵێ بەو کەسانە کە هاوڕێیان بڕیار داوە بۆ خودا: ئەگەر ئەوانە شتێکن قابیلی ناوبردنن ناویان بۆ دانێن و ناویان بنێن بە ناوێ کە موافیقی حاڵیان بێ! مادام ئەمەتان بۆ ناکرێت پێم بڵێن: لەم شەریك قەراردانەدا ئێوە چ کارەن؟ وا ئەزانن کە خودا ئاگادار نییە و نازانێ و بەوەی وا لە عەرزا لەبەر ئەوە بە درۆ ئێوە ئەمانەتان داناوە، یا ئەزانن بەوە کە خودا عالمە بەڵام هەر ئەتانەوێ بە واتەیەکی سەرزارەکی بە بێ حەقیقەت ناویان ببەن؟

www.iqra.ahlamontada.com

له واقیعدا ئه‌م ته‌قسیمه لێره‌دا زۆر ره‌سایه؟ چونکی هه‌رکه‌سێ داوای حه‌قیقه‌تێ بکا یا راست ئه‌ڵێ ئه‌و حه‌قیقه‌ته هه‌یه ئه‌وه پێویسته ئه‌گه‌ر کونهی نه‌زانێ له لای که‌می ناو و نیشانێکی بزانێ و ناوی راسته‌قینه‌ی بۆ دانێ، وه ئه‌گه‌ر ئه‌و حه‌قیقه‌ته به واقعی نه‌زانێ یا ئه‌بێ هۆشیارانی ئه‌و شوێنه به نه‌زان دابنێ و موغاله‌ته‌یان له‌گه‌ڵ بکا، یا ئه‌گه‌ر به زانایان دائه‌نێ بلێت مه‌به‌ستم له‌م شته بێ‌حه‌قیقه‌ته هه‌ر ناوبردنێکی ده‌میه و رابواردنی کاته.

﴿بَلْ زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مَكْرُهُمْ وَصُدُّوا۟ عَنِ ٱلسَّبِيلِ﴾

نه، نه، ئه‌مانه له‌سه‌ر ئه‌وه نین که وه‌کوو هۆشیاران مه‌عبوودێکی راستیان دانابێ، ئه‌وه‌نده هه‌یه جوان‌کراوه بۆ ئه‌و کافرانه ئه‌و فرو فێڵه که پێشینانه‌کانیان بۆیان دامه‌زراندوون، وه به هۆی ئه‌و دامه‌زرانی ئه‌وانه‌وه و ته‌قلیدکردنی کوێرانه‌ی ئه‌مان له رێگه‌ی راست لادراون به نه‌وعێ وه‌کوو مه‌نع کرابن له حه‌ق نایێنه‌وه سه‌ری.

﴿وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٣٣﴾﴾

ئه‌م کافرانه له‌به‌ر به‌دبه‌ختی و سه‌رسه‌ختی خودا قاری لێ گرتوون و گومڕای کردوون، وه که‌سێکیش خودا گومڕای بکا بۆ ئه‌و که‌سه رێگه‌نیشانده‌ر نییه.

﴿لَّهُمْ عَذَابٌ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَعَذَابُ ٱلْـَٔاخِرَةِ أَشَقُّ ۖ وَمَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٍ ﴿٣٤﴾﴾

ئه‌مانه بۆیان هه‌یه سزایێ له ژیانی دنیادا به کوشتن و بریندار بوون وه ناساغی و ناباری ژیان، وه به راستی سزای قیامه‌تیان زۆر گرانتره، وه هیچ پارێزه‌ریان نییه له لای خوداوه.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿مَّثَلُ ٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى وُعِدَ ٱلْمُتَّقُونَ ۖ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ۖ أُكُلُهَا دَآئِمٌ وَظِلُّهَا ۚ تِلْكَ عُقْبَى ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوا۟ ۖ وَّعُقْبَى ٱلْكَٰفِرِينَ ٱلنَّارُ ﴿٣٥﴾﴾

سیفەتی ئەو بەهەشتە کە وەعدەی پێ دراوە لە لایەنی خوداوە بۆ ئەوانە کە خۆیان ئەپارێزن لە کاری ناشەرعی ئەمەیە کە بۆتان باس ئەکەم بەمە کە ئەڵێم: جۆبارانی جوان لە ژێریانەوە رەوان ئەبێ، وە میوەی خواردەمەنی لەو بەهەشتەدا هەیە بەدەوام و سێبەریشی هەروا بەردەوامە، جا ئەو بەهەشتە کە ئێستە باسمان کرد ئەنجامی ژیانی ئەهلی تەقوایە، وە ئەنجامی ژیانی کافرەکانیش ئاگری دۆزەخە.

﴿وَٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَفْرَحُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ ۖ﴾

ئەو کەسانە کە موسوڵمان بوون لەوانەی کتێبمان پێداون وەکوو عەبدوڵڵای کوڕی سەلام و هاوڕێکانی وە ئەو نەسارایە کە هەشتا کەس بوون: لە حەبەشستانا سی و دوو، وە لە یەمەندا هەشت و، لە نەجرانا چل. ئەمانە کەیفیان خۆش ئەبێ بەو ئایەتانە کە نازڵ ئەکرێن بۆ لای تۆ چونکی ئەبوون بە هۆی دامەزراندنی دینەکەت.

﴿وَمِنَ ٱلْأَحْزَابِ مَن يُنكِرُ بَعْضَهُۥ ۚ﴾

وە لەو کۆمەڵە کیتابییانەیشە کە دەستە پێکەوە ئەنێن لە دژی تۆ بۆ دوژمنایەتی تۆ، کەسانێ کە ئینکاری بەعزێ لەوە ئەکەن دێتە خوارەوە بۆ لات، وەکوو ئەو ئایەتانە کە موخالیفی دین و ئایینی ئەوانە وە یا موافیقە بۆ ئەوەی کە ئەوان لایان بردووە لە کیتابی خۆیان.

﴿قُلْ إِنَّمَآ أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱللَّهَ وَلَآ أُشْرِكَ بِهِۦٓ ۚ﴾

تۆ ئەی خۆشەویست پێیان بڵێ: من هەر ئەوەم ئەمر پێ کراوە کە بەندەیی بۆ خودا بکەم و لە بەندەییدا هاوڕێی بۆ بڕیار نەدەم. وە ئەم ئەندازە هەموو پێغەمبەرەکانی

www.iqra.ahlamontada.com

دنیا هاتوون بۆ خزمەت کردنی، ئیتر ئێوە بازە مادەیێ لە ئەحکام کە موخالیفی دینی ئێوە بێ پێی رازی بن یا رازی نەبن قیمەتی نییە لە لای من، زۆربەی بایەخدانم بە ئوسووڵی تەوحید و ئیخلاس کردنە لە بەندەییدا.

﴿إِلَيْهِ أَدْعُواْ وَإِلَيْهِ مَـَٔابِ ٣٦﴾

من هەر بۆ لای خودا، هۆشیاران بانگ ئەکەم، وە هەر گەڕانەوەیشم بۆ لای ئەوە لە رۆژی قیامەتا.

﴿وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَٰهُ حُكْمًا عَرَبِيًّا﴾

هەر بەو نازڵکردنەی کە ئوسووڵ و یاسای دین داگیر بکا ئەم قورئانەمان نازڵ کردووە کە حاڵی وایە فەرمانێکە کەشفی قەزایای عالەمی ئەکا لە عەقیدە و بیر و باوەڕ و کردەوەی چاك، وە بە زمانی عەرەب ناردوومانە؛ چونکی زمانی تۆ و زمانی قەومەکەت عەرەبییە، ئەنا لە یاسای دینا عامە بۆ هەموو ئوممەتێ لە هەر شوێنێکدا بن و بە هەر زمانێ قسە بکەن.

﴿وَلَئِنِ ٱتَّبَعْتَ أَهْوَآءَهُم بَعْدَمَا جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا وَاقٍ ٣٧﴾

وە بە راستی ئەگەر تۆ بکەویتە شوێن ئارەزووی گاور و جوولەکە کە تەقریری دینی ئەوانە و رووکردنە لە قیبلەکەیان، وە یا ئارەزووی کافرە موشریکەکان بەم جۆرە ئەوان چی داوا ئەکەن تۆیش داوای بکەی لە خودا بۆیان بکا ئەوە لەم کاتەدا لە لای خوداوە نە دۆست و نە پارێزەرت ئەبێ.

﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَٰجًا وَذُرِّيَّةً ۚ وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَن يَأْتِىَ بِـَٔايَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ ٣٨﴾

www.iqra.ahlamontada.com

بە راستی لە پێش زەمانی تۆدا چەن پێغەمبەرمان ناردووە و هێشتوومانەوە لەناو قەومەکەیانا وە ژن و منداڵمان پێداون و رەوا نەبووە بۆ هیچ یەکێ لەو پێغەمبەرانە کە ئایەتێ بێنێ لەو ئایات و موعجیزاتە کافرەکان داوایان کردووە مەگەر بە ئیزنی خودا، هەر ئایەتێ خواستی لەسەر بووبێ ناردوویەتی وە هەر ئایەتێ خواستی لەسەر نەبووبێ نەیناردووە و تۆیش پێویستە لەسەر رێگەی ئەوان بی وە چاوەڕێی ئایات نەکەی مەگەر خودا خۆی بیاننێرێ وە بۆ هەر ماوە و کاتێ کیتابێ هەیە لە لای خوداوە، وە هەر کتێبێ دەستوور و یاسایەکی بووە و ئەو یاسایە بە کاری ئەو کات و رۆژە هاتووە.

﴿يَمْحُوا اللَّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ وَعِندَهُ أُمُّ الْكِتَابِ ﴿٣٩﴾﴾

خودا بە خواستی خۆیەتی هەر کیتابێ ویستی لای ببا و عەمەلی پێ نەکرێ لای ئەبا و نەسخی ئەکاتەوە بە کتێبێکی‌تر وەکوو چۆن دینی نووحی بە دینی ئیبراهیم نەسخ کردەوە و، دینی ئیبراهیمی بە تەورات و، تەورات بە ئینجیل و، ئینجیل بە قورئان، وە هەر کتێبێ خواستی وابێ دەوامی پێ بدا دەوامی پێ ئەدا وەکوو چۆن قورئانی کردووە بە خاوەن دەوام تا رۆژی قیامەت. ئەمە بە نیسبەتی رەفتاری ئوممەتەکانەوە، وە بە نیسبەتی خودایش خۆیەوە دایکی هەموو کتێبەکانی لایە کە ناوی «لوح المحفوظ»ە و هەموو کتێبەکان لە ناویا نووسراون، وە هیچ کام لەوانە نافەوتێن.

یاخود ئەم کافرانە حەسوودی ئەبەن بە تۆ کە وەها بوویت بە رەهبەری عام و خاوەن پایە و مەقام، وە نازانن خودای تەعالا بە خواستی خۆی هەرچی ئارەزوو بکا لە ئەوزاعی جیهان لای ئەبا و شتێکی‌تر دێنێتە جێگەی، شەو ئەگۆڕێ بە رۆژ، گرانی ئەگۆڕێ بە هەرزانی، بشێوە ئەگۆڕێ بە ئارامی، نەخۆشی ئەگۆڕێ بە ساغی،

www.iqra.ahlamontada.com

بێ‌پایه بلند ئه‌كاته‌وه، نه‌زان ئه‌كا به زانا، ناته‌وان ئه‌كا به ته‌وانا، ئینسانی گوناهبار ئه‌كا به ئینسانێكی پاك و رووی هه‌ڵئه‌سوورێنێ بۆ بیر و باوه‌ڕی جوان و كرده‌وه‌ی په‌سه‌ند. وه ئه‌مانه هه‌موو یه‌كه یه‌كه له له‌وحی مه‌حفووزدا نووسراون، وه ئه‌سبابی مه‌حوی پێشوو وه داهاتنی دوایی له‌گه‌ڵ هۆكانیانا نووسراون، وه له لای خودایش زانستی ئه‌زه‌لی هه‌یه و هیچ كه‌م و زۆر ناگۆڕێ كه ناوی «ام الكتاب»ه

﴿وَإِن مَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ ٱلَّذِى نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ﴾

وه تۆ موبالات به وه‌زعی ئه‌و كافرانه مه‌كه، وه‌ها ده‌وام ناكه‌ن، وه ئه‌و عوقووبه‌تانه بڕیارم داوه دێت به‌سه‌ریانا، جا یا بازێ له‌و ده‌ردانه واده‌م پێداون ئه‌یخه‌ینه به‌رچاوت و له ماوه‌ی ژیانی خۆتا ئه‌یبینی، وه یاخود رۆحی تۆ وه‌رئه‌گرین له پێش ئه‌و كاره‌ساتانه‌دا، تۆ هیچ عه‌لاقه‌ت نییه به‌وانه‌وه.

﴿فَإِنَّمَا عَلَيْكَ ٱلْبَلَـٰغُ وَعَلَيْنَا ٱلْحِسَابُ ﴿٤٠﴾﴾

ئه‌وه‌ی له‌سه‌ر تۆ بێ هه‌ر گه‌یاندنی فه‌رمانی خودایه، وه له‌سه‌ر ئێمه حسێبی ئه‌و كافرانه‌یه له رۆژی قیامه‌تا.

﴿أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّا نَأْتِى ٱلْأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا ۚ﴾

ئایا ئه‌و كافرانه به چاوی خۆیان نابینن كه ئێمه عه‌رزی كافره‌كان كه‌م ئه‌كه‌ینه‌وه له هه‌موو لایه‌كه‌وه و ئه‌یكه‌ین به زه‌وی موسوڵمان؟ بۆچی ئه‌م كاره‌ساتانه ناكه‌ن به ده‌لیل له‌سه‌ر ناجیح بوونی دینی ئیسلام؟

﴿وَٱللَّهُ يَحْكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِۦ ۚ وَهُوَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿٤١﴾﴾

خودا قه‌زای خۆی به‌جێ دێنێ و كه‌سێ مه‌نعی ناكا و موراقیب و مانیع بۆ حوكمی ئه‌و نییه وه له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌یشا به تالووكه حسێبی كافره‌كان ئه‌كا له رۆژی خۆیا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَقَدْ مَكَرَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَلِلَّهِ ٱلْمَكْرُ جَمِيعًا﴾

بە راستی کافرەکانی پێشوو گەلێ فرو فێڵیان لە پێغەمبەرەکان کرد، بەڵام هێزی هەموو کارێ لە فرو فێڵی ئەوان بۆ خودایە و وا لە دەستی ئەوا، وە بە بێ ئیزنی خودا کارێکیان پێ نەکرا، وە هەر کارێکیش ئەوان کردبێتیان بە رەهبەرەکان لەسەر حیکمەتێکی خودا بوو.

﴿يَعْلَمُ مَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ﴾

خودا ئەزانێ بەوەی هەر نەفسێ کەسبی ئەکا و لە عیلمی خودا دەرناچێ.

﴿وَسَيَعْلَمُ ٱلْكُفَّٰرُ لِمَنْ عُقْبَى ٱلدَّارِ ﴿٤٢﴾﴾

وە لە پاشەڕۆژی نزیکدا کافرەکان حاڵی ئەبن ئەنجامی باش و ماوا و مەنزڵی بە حورمەت بۆ کێ ئەبێ.

﴿وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَسْتَ مُرْسَلًا ۚ قُلْ كَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًۢا بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ وَمَنْ عِندَهُۥ عِلْمُ ٱلْكِتَٰبِ ﴿٤٣﴾﴾

ئەو کەسانە کافرن ئەوەندە بێشوعوور و تێنەگەیشتوون لەگەڵ ئەم هەموو بەرزەوەبوونی تۆدا و بڵاوکردنەوەی دینەدا و زۆربوونی موسوڵمانانەدا. ئەڵێن: تۆ لای خوداوە نەنێرراوی! بەس ئینسانێکی هەڵکەوتووی و کۆمەڵت لێ گردبوونەتەوە. جا تۆ، ئەی پێغەمبەری خۆشەویست، بفەرموو: بەسە خودای زانا بە شایەت لەسەر پایەی ریسالەتی من بۆ شایەتی دان و فەسڵی ئەم حوکمە لە بەینی من و ئێوەدا، وە ئەو کەسانەیش کە ئەزانن بەوەی نازڵ بووە لە کتێبەکانی عیسا و مووسادا علیهما السلام ئەوانیش هەن بۆ شایەتی و بۆ تەئکیدی حەق لە ریسالەتی مندا.

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

## سووره‌تی ئیبراهیم، "٥٢" ئایه‌ته، مه‌دینه‌ییه

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿الٓرۚ كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ﴾

ئه‌و سووره‌ته که به «الر» ناوبراوه کتێبێکه ناردوومانه‌ته خواره‌وه بۆ لای تۆ.

﴿لِتُخۡرِجَ ٱلنَّاسَ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ﴾

هه‌تا به‌و کتێبه ئاده‌میزاد ده‌ربکه‌ی له تاریکستانی بیر و باوه‌ڕی ناپه‌سه‌ند و کرده‌وه‌ی ناشیرین و خوو و ره‌وشتی ناهه‌موار بۆ لای رووناکی عه‌قیده و باوه‌ڕی باش و کرده‌وه‌ی شیرین و خوو و ره‌وشتێ که شیاوی ئاوه‌دانی هۆشیار بێ.

﴿بِإِذۡنِ رَبِّهِمۡ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ ١﴾

ئه‌م ته‌ئسیری ته‌مێیه و ئه‌م ده‌رکردنی عالەمه له نه‌زانینه‌وه بۆ زانست و له خراپه‌وه بۆ چاکه هه‌ر به ته‌وفیق و یارمه‌تی په‌روه‌ردگاری ئه‌وانه، ئه‌و نووره‌یش که ئه‌وانی بۆ ئه‌به‌ی رێگه‌ی خودایه‌که عه‌زیزه و غالب و زاڵه به‌سه‌ر هه‌ر شتێکدا خواستی لێی بێ و سوپاس و سه‌نای ئه‌کرێ له‌سه‌ر هه‌موو کرده‌وه‌یێ ئه‌یکات.

﴿ٱللَّهِ ٱلَّذِي لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ﴾

وه ئه‌و په‌روه‌ردگاره خودایه‌که ناوی ئه‌ڵلایه و له بۆ ئه‌وه به موڵك و ته‌سه‌ڕوف هه‌رچی وا له عالەمی باڵا و عالەمی نه‌وی له ئه‌عیان و ئه‌عراز و له زات و سیفات.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَوَيۡلٞ لِّلۡكَٰفِرِينَ مِنۡ عَذَابٖ شَدِيدٍ ٢﴾

جا مادام خودا ئەوەندە خاوەن دەستەڵات و بەرزە هاوار بۆ ئەوانە کە باوەڕیان نییە بە بوونی ئەو خودایە و بە تەسەڕوفی لە هەموو عالەما لەو سزا سەختە کە ئەوان پێی گیرۆدە ئەبن.

﴿ٱلَّذِينَ يَسۡتَحِبُّونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا عَلَى ٱلۡأٓخِرَةِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبۡغُونَهَا عِوَجًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ضَلَٰلِۭ بَعِيدٖ ٣﴾

ئەو کەسانە کە ئیختیاری ژیانی دنیا ئەکەن بەسەر ژیانی دواییدا بەم نەوعە ئەڵێن: ژیان هەر ژیانی دنیایە و ژیانی پاشەڕۆژ نییە، واتە باوەڕیان بە زیندووبوونەوەی ڕۆژی قیامەت نییە، وە زیاد لەمە مەنعی ئادەمیزادیش ئەکەن لە ڕۆیشتن بە ڕێگەی خوداییدا کە دینی ئیسلامە و بۆ دوورخستنەوەی خەڵك لەو ڕێگەیە بە لار و نابار و ناهەموار نیشانی ئەدەن ئەم جۆرە کەسانە وان لە گومڕاهییەکی دوورا.

﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوۡمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمۡۖ فَيُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ٤﴾

کاتێ خودا لە ئەووەڵی سوورەتەکەوە فەرمووی: ئەم کتێبەمان نازڵ کردووە بۆ لای تۆ بۆ ئەوە کە دەریان بکەی لە تاریکی بۆ ڕووناکی، لەم ئایەتەدا هات ئەو نیعمەتەی تەواو کرد بەوە کە وەکوو کتێبەکەمان بۆ ناردی بە زمانی قەومەکەیشتمان ڕەوانە کردووە وەکوو پێغەمبەرە پێشووەکان لەبەر ئەوە کە قەومەکەت بە ئاسانی لە کتێبەکەت حاڵی ببن، جا ئەفەرموێت: ئێمە هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە بە زمانی قەومەکەی خۆی نەبێ بۆ ئەوە بە ئاسانی بەیانی مەقسوود و حەقیقەتی دینەکەیان بۆ بکا، جا ئەوسا خودای تەعالا [ئیرادەی] لەسەر گومڕاکردنی هەرکەسێ ببێ گومڕای

www.iqra.ahlamontada.com

ئەکا و لەسەر هیدایەتدانی هەرکەسێ ببێ هیدایەتی ئەدا، وە بە دەلیلی گەلێ ئایەت لەم مەوزووعەدا خودا هەر خاوەن عینادەکان گومڕا ئەکا، وە هەرکەسێ مەیلی گەڕانەوەی لای خودای ببێ هیدایەتی ئەدا، وە خودا خاوەن عیززەت و خاوەن حیکمەتە.

﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَـٰتِنَآ أَنْ أَخْرِجْ قَوْمَكَ مِنَ ٱلظُّلُمَـٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ وَذَكِّرْهُم بِأَيَّىٰمِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَـٰتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ﴿٥﴾ ﴾

بە ڕاستی ئێمە مووسامان نارد بە سیفەتی ڕیسالەت و پێغەمبەری پێمان وت: قەومەکەی خۆت دەربکە لە تاریکستانی نەزانی و عیبادەتی بتەکانی زەمانی فیرعەون بۆ لای ڕووناکی تەوحید و خودا بەیەکدانان، لەگەڵ چەن ئایەتدا، وەکوو: دەستی ڕووناکی چراوێنە و، عاسای جادووخۆر و، باقی موعجیزات، وە ئەو ڕۆژانە کە خودای تەعالا بۆ یارمەتی پێغەمبەران ئوممەتەکانی فەوتاند، بە ڕاستی هەیە لە یادئاوەری سەرگوزەشتەی گەلە ستەمکارەکاندا چەن دەلیل لەسەر ئەوە خودا یارمەتی حەق ئەدا و ئەم دەلیلانە بۆ ئەو کەسانەیە خۆگرن و سوپاسی خودا ئەکەن.

﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ أَنجَىٰكُم مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ وَيُذَبِّحُونَ أَبْنَآءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ ۚ وَفِى ذَٰلِكُم بَلَآءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴿٦﴾ ﴾

وە باسی ئەوە بکە کە مووسا فەرمووی بە قەومەکەی: یادی نیعمەتی خودا بکە لەسەرتان لەبەر ئەوە ڕزگاری کردن لە دەستە و بەستەی ستەمکاری فیرعەون کە

www.iqra.ahlamontada.com

رەفتاریان ئەکرد لەگەڵ ئێوەدا بە سزادانتان بە سزایەکی ناشیرین و جگەرسووتێن، وە نێرینەکانتانیان سەرئەبڕی و مێیینەکانتانیان بە زیندوویی ئەهێشتەوە و لەم موعامەلە ناهەموارەدا ئیمتیحانێکی زۆر گەورە هەبوو بۆ ئێوە.

﴿ وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ ۝٧ ﴾

وە باسی ئەوە بکەن کە خودا ئیعلانی کردووە بە وەحی بۆ لای من ئەگەر ئێوە سوپاسی ئەو نیعمەتانی خودایە بکەن نیعمەت و مایەتان بۆ زیاد ئەکا، وە ئەگەر ئێوە کوفری نیعمەتەکانی بکەن جا بە راستی سزای ئێمە سەخت ئەبێ لەسەرتان.

﴿ وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِن تَكْفُرُوٓاْ أَنتُمْ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا فَإِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِيٌّ حَمِيدٌ ۝٨ ﴾

وە مووسا فەرمووی: ئەم ئامۆژگارییانەی ئێوە کە ئەکرێ لە لایەنی خوداوە لەبەر قازانجی خۆتانە و عائیدی خودا نییە؛ چونکی خودا بێباکە لە ئەهلی عالەم و ئەگەر ئێوە و هەموو ئەهلی عەرز سەرانسەر کوفری خودا بکەن و دان نەنێن بە بوونی خودادا خودای تەعالا بێنیازە و بێباکە و سوپاس و ستایشی بۆ ئەکرێ لە فریشتەکانەوە و لە عەینی حاڵا لە ستایشی فریشتەکانیش هەر بێباکە.

﴿ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَؤُاْ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِمْ لَا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا ٱللَّهُ ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بفەرموو بەو کافرانە: ئایا ئەخباری ئەو قەومانە کە لە پێش ئێوەدا بوون نەگەیشتووە بە ئێوە؟ یانی قەومی نووح و قەومی هوود کە نەتەوەی عاد بوون و، قەومی ساڵح کە نەتەوەی سەموود بوون، وە ئەخباری ئەو قەومانەیش کە لە پاش ئەوان بوون وە ئەوەندە زۆر بوون کە خودا نەبێ کەس نایانزانێ.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَرَدُّوٓاْ أَيۡدِيَهُمۡ فِيٓ أَفۡوَٰهِهِمۡ﴾
کە ئەم قەومانە پێغەمبەرەکانیان هاتن بۆ لایان و چەن موعجیزەیان بۆ هێنان کەچی ئەوان لە قین و قاردا دەستی خۆیان ئەبرد بۆ ناو دەمیان و ئەیان گەزت بەرابەر بەو پێغەمبەرانە.

﴿وَقَالُوٓاْ إِنَّا كَفَرۡنَا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ وَإِنَّا لَفِي شَكّٖ مِّمَّا تَدۡعُونَنَآ إِلَيۡهِ مُرِيبٖ ٩﴾
وە ئەو قەومە نامەردانە وتیان بە پێغەمبەرەکان: ئێمە کافر و بێباوەڕین بەو دینە کە ئێوە پێی رەوانە کراون، وە ئێمە بە راستی واین لە دوودڵی و گومانا لەو ئایینەدا کە ئێمەی بۆ بانگ ئەکەن بە دوودڵییەکی دڵ ناڕەحەتکەر.

﴿قَالَتۡ رُسُلُهُمۡ أَفِي ٱللَّهِ شَكّٞ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ يَدۡعُوكُمۡ لِيَغۡفِرَ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمۡ وَيُؤَخِّرَكُمۡ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗىۚ﴾
جا پێغەمبەرەکانیش فەرموویان بە قەومەکانیان: ئایا گومان و دوودڵی هەیە لە وجوودی خودایەکدا کە خالیقی ئاسمانەکان و عەرزە و ئەویش بانگتان ئەکا بۆ ئەوە کە تاوانتان ببەخشێ وە ئەو نافەرمانیانە کە وان لە بەینی خۆتان و خودادا عەفوی بکا و ماوەی ژیان و خۆشیتان دوا بخات هەتا وادەیەکی دیاریکراو، واتە لە عەمرتان زیاد بکا و بە شێوەیەکی جوانیش بتانژیێنێ.

﴿قَالُوٓاْ إِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُنَا تُرِيدُونَ أَن تَصُدُّونَا عَمَّا كَانَ يَعۡبُدُ ءَابَآؤُنَا فَأۡتُونَا بِسُلۡطَٰنٖ مُّبِينٖ ١٠﴾
ئەو قەومە بێشعوورانەیش لە باتی وەرگرتنی فەرموودەی پێغەمبەرەکان وتیان پێیان: بەس قسە بکەن! ئێوە هیچ نین ئەوە نەبێ کە ئادەمیزادێکی وەکوو ئێمەن

www.iqra.ahlamontada.com

بێ‌کەم و زیاد، وە ئەتانەوێ ئێمە مەنع بکەن لە عیبادەت‌کردن بۆ ئەو بتانە کە باوك و باپیرەی ئێمە عیبادەتیان بۆ کردوون، ئەنا ئەگەر راست ئەڵێن ئێوە لە پێغەمبەرانی خودان دە بێن بۆ لامان بە دەلیلێکی رووناك و ئاشکرا لەسەر پێغەمبەرایەتی خۆتان، وە ئەو دەلیلانە لەو ئەشیا مادییاتە بێ کە هەموو کەسێ قەناعەتی پێ بکا. (سبحان‌اللّٰه!) قەومی سەموود ئەگەر قەناعەت بە وشترێ نەکا لە بەرد بێتەدەرەوە لە بەرچاویانا ئەبێ ئیتر چ موعجیزەیەکی تریان بۆ بێنێ.

﴿قَالَتْ لَهُمْ رُسُلُهُمْ إِن نَّحْنُ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَمُنُّ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ﴾

جا پێغەمبەرەکان لە وەڵامی قسەی ئەوانا فەرموویان: راست ئەڵێن: ئێمە ئادەمیزادێکی وەکوو ئێوەین لەسەر سوورەت و عادەتی ئادەمیزادا بەڵام ئەمە نابێ بە مانیعی ئەوە کە ئێمە ببین بە پێغەمبەر؛ چونکی خودای تەعالا منەت ئەخاتە سەرشانی هەرکەسێ خواستی لێ ببێ لە بەندەکانی.

﴿وَمَا كَانَ لَنَآ أَن نَّأْتِيَكُم بِسُلْطَٰنٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١١﴾﴾

وە ئەو نەوعە موعجیزاتەیش ئێوە داوای ئەکەن بە دەستی ئێمە نییە، ئێمە مەجالی ئەوەمان نییە کە بێین و موعجیزەی زۆر گەورە بۆ ئێوە بێنین بە ئیزنی خودا نەبێ، وە ئێمە هەر پشت بە خودا ئەبەستین و تەوەکولمان هەر لەسەر ئەوە لە دامەزراندنی دڵی خۆمان و هەرکەسێ بیەوێ دڵی رووناك بکاتەوە با هەر لەسەر خودا تەوەکول ببەستێ و هەموو موسوڵمانان با پشت بە خودا ببەستن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ وَمَا لَنَآ أَلَّا نَتَوَكَّلَ عَلَى ٱللَّهِ وَقَدْ هَدَىٰنَا سُبُلَنَا ۚ وَلَنَصْبِرَنَّ عَلَىٰ مَآ ءَاذَيْتُمُونَا ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴿١٢﴾ ﴾

چیمان دەست ئەکەوێ لەوەدا کە تەوەکول نەکەین لەسەر خودای تەعالا وەلحاڵ هیدایەتی داوین بۆ گەلێ ڕێگەی وا کە بیانکەین بە دەلیلی گەورەیی خودا و دڵمان پێی دابمەزرێ؟ وە بە ڕاستی ئێمە مادام ڕێگەی خوداناسی و ڕەزای ئەومان دەسکەوت ئیتر هەرچی بەسەرمانا بێت خۆمان ئەگرین و سەبر ئەکەین لەسەر هەر کارێ کە ئێوە ئازاری ئێمەی پێ بدەن، وە با هەر لەسەر خودا تەوەکول بکەن ئەو کەسانەی کە خواستیان لەسەر تەوەکول بەستنە.

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِرُسُلِهِمْ لَنُخْرِجَنَّكُم مِّنْ أَرْضِنَآ أَوْ لَتَعُودُنَّ فِى مِلَّتِنَا ۖ ﴾

وە ئەو کافرانە وتیان، بە بێشەرمی، بە پێغەمبەرەکانیان (واتە هەر قەومێ بە پێغەمبەری خۆی): یا ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ سەر میللەت و ئایینی ئێمە، یا حەتمەن لەم وڵاتی خۆمانە دەرتان ئەکەین! جا لەو کاتی تەنگوچەڵەمەدا.

﴿ فَأَوْحَىٰٓ إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ لَنُهْلِكَنَّ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿١٣﴾ ﴾

خودا وەحی کرد بۆ سەر پێغبەمەرەکان کە بە تاقیق ئەو گەلە ستەمکارانە لە ناو ئەبەین.

﴿ وَلَنُسْكِنَنَّكُمُ ٱلْأَرْضَ مِنۢ بَعْدِهِمْ ۚ ﴾

وە بێگومان ئێوە دائەمەزرێنم لە وڵاتەکەدا پاش لە ناوبردنی ئەوان.

﴿ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَافَ مَقَامِى وَخَافَ وَعِيدِ ﴿١٤﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەم باسانە هەر بۆ ئەو پێغەمبەرانە نییە بەڵکوو بۆ هەر ڕەهبەرێکە کە بترسێ لە گەورەیی مەقامی من و بترسێ لە هەڕەشەکانم.

﴿ وَٱسۡتَفۡتَحُواْ ﴾

وە هەموو ئەو پێغەمبەرانە داوای فەتح و کار گوشادییان کرد لە خودای میهرەبان.

﴿ وَخَابَ كُلُّ جَبَّارٍ عَنِيدٖ ١٥ ﴾

وە لە ئەنجامی ئەوپاڕانەوەدا نائومێد بوو رووی کردە شکان و توانەوە هەموو ستەمکارێکی وا کە عەنادی لەگەڵ خودا و ڕەهبەرانا کرد.

﴿ مِّن وَرَآئِهِۦ جَهَنَّمُ وَيُسۡقَىٰ مِن مَّآءٖ صَدِيدٖ ١٦ ﴾

وە بێجگە لە فەوتانیان، لە دوای فەوتانی هەرکام لەوان دۆزەخ و سزادانە وە ئاوی پێ ئەدرێ لە ئاوی زرنچك ئاوی ئەهلی دۆزەخ. پەنا بە خودا!

﴿ يَتَجَرَّعُهُۥ وَلَا يَكَادُ يُسِيغُهُۥ ﴾

بە زۆر ئەیەوێ بیخواتەوە و لەوانە نییە گەوارابێ لە قوڕگیا.

﴿ وَيَأۡتِيهِ ٱلۡمَوۡتُ مِن كُلِّ مَكَانٖ ﴾

وە حاڵیان لە دۆزەخدا ئەوەندە ناهەموار ئەبێ هەر کام لەوان لە هەموو لایەکەوە مردنیان بەسەردا ئەبارێ، واتە ئازار و باری ناهەمواری وایان بەسەردا دێ ئەگەر لە دنیادا بوایە ئەبوون بە هۆی مردن ئەوەندە بە شیددەت و ئازاردارە.

﴿ وَمَا هُوَ بِمَيِّتٖۖ ﴾

لەگەڵ ئەو هەموو سزا و ئازار و هاتنی هۆی مردنەدا ئەو نامرێ و مردوو نییە؛ چونکی چەرخی مردن رابوردووە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَمِن وَرَآئِهِۦ عَذَابٌ غَلِيظٌ ﴿١٧﴾﴾

وە لە هەموو کاتێکی ناهەمواری وادا کە بەسەریانا دێ لە پاش ئەو حاڵە سزایەکی قورستر و نابارتر لە سزا پێشووەکەیان بۆ دێ.

﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمْۖ أَعْمَٰلُهُمْ كَرَمَادٍ ٱشْتَدَّتْ بِهِ ٱلرِّيحُ فِي يَوْمٍ عَاصِفٍۖ﴾

سیفەت و حاڵی ئەو کەسانە کە کوفریان کردووە بە خودای خۆیان ئەمەیە کە ئەڵێم: کردەوەی چاکەی ئەوان وەکوو خۆڵەمێشێ وایە کە با بە هێز هەڵی بگرێ لە رۆژی بای بەهێزا کە لە کاتی زستانا پێی ئەڵێن رۆژی وەیشوومە وە لە کاتی هاوینا پێی ئەڵێن رۆژی گەردەلوول.

﴿لَّا يَقْدِرُونَ مِمَّا كَسَبُواْ عَلَىٰ شَيْءٍۚ﴾

تەوانا نین لە رۆژی قیامەتا لە جەزای ئەو کردەوەدا کردوویانە لەسەر هیچ ئەندازەیێ کەم و زۆر؛ چونکی بە هۆی ئەوەوە کە بیر و باوەڕیان وا بووە کە جەزا نییە و قیامەت نییە کردەوەکەیان زایە بووە.

﴿ذَٰلِكَ هُوَ ٱلضَّلَٰلُ ٱلْبَعِيدُ ﴿١٨﴾﴾

جا ئەم گومڕاهی و بەدبەختییە بە راستی گومڕاهییەکی زۆر زۆر دوورە لە رێگەوە.

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّۚ إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ ﴿١٩﴾﴾

تۆ نابینی، ئەی ئینسانی کافر، هەرکەسێ هەی و هاوڕێکانیشت نابینن کە ئەو پەروەردگارە کە ناوی «اللّٰه»یە هەموو ئاسمانەکان و عەرزی دروست کردووە لە

www.iqra.ahlamontada.com

نەبوونەوە بە حیکمەت و لە بەر ریعایەتی راستی کەچی ئێوە لە راستی لائەدەن؟ جا بزانن خودا وەکوو عالەمی دروست کردووە دەستی بەسەر ئێوەیشا ئەڕوا، ئەگەر خواستی هەبێ ئێوە لە ناو ئەبا و مەخلووقاتێکی تازە دێنێتە رووی کار، ئەتوانێ هەمووتان بە بورکانێ ون بکا لە پاشا خەڵکیتر بێن ولات ئاوەدان بکەنەوە، یا ئەتوانێ دوژمنێ زاڵ بکا بەسەر ئێوەدا و ئێوە دەربکا و خۆیان لە ولاتەکەدا دابنیشن.

﴿ وَمَا ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ بِعَزِيزٍ ﴿٢٠﴾ ﴾

وە ئەم ئاڵ و گۆڕە شتێکی گران نییە لای خودا.

﴿ وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ جَمِيعًا فَقَالَ ٱلضُّعَفَٰٓؤُا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓا۟ إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا مِنْ عَذَابِ ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ ۚ قَالُوا۟ لَوْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ لَهَدَيْنَٰكُمْ ۖ سَوَآءٌ عَلَيْنَآ أَجَزِعْنَآ أَمْ صَبَرْنَا مَا لَنَا مِن مَّحِيصٍ ﴿٢١﴾ ﴾

واتە لە رۆژی قیامەتا هەموو کافرەکان دێنە مەیدانەوە و هەموویان بە جارێ سزا ئەدرێن، جا لەو کاتەدا ئینسانە داماوەکانی دنیا ئەڵێن بە خاوەن دەستەکان: ئێمە لە دنیادا شوێن ئێوە کەوتبووین ئایا ئێستە ئێوە چاری شتێکمان بۆ ئەکەن لە سزای خودا؟ گەورەکانیش لە وەلامی ئەوانا ئەڵێن: ئەگەر خودا هیدایەتی ئێمەی بدایە بۆ گەیشتن بە ئیمان ئێمەیش هیدایەتی ئێوەمان ئەدا بۆ ئیمان، بەلام لەبەر عەنادکاری و سەرسەختی خۆمان خودا هیدایەتی ئێمەی نەدا، ئێوەیش مادام کەوتنە شوێن ئێمە وا وەکوو ئێمە بەدبەخت بوون، ئیتر تازە کار لە دەست دەرچووە، بێفەرقە بۆ ئێمە نارەحەتی بکەین یا خۆمان بگرین، رێگەی لادانمان لە دۆزەخ نییە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَقَالَ ٱلشَّيْطَٰنُ لَمَّا قُضِىَ ٱلْأَمْرُ إِنَّ ٱللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ ٱلْحَقِّ وَوَعَدتُّكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ ۖ وَمَا كَانَ لِىَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَٰنٍ إِلَّآ أَن دَعَوْتُكُمْ فَٱسْتَجَبْتُمْ لِى ۖ﴾

وە شەیتانیش کە پێشەوای هەموو گومڕاهانە پاش ئەوە حیساب و کیتاب بڕایەوە و فەرمان درا بە ئەهلی بەهەشت بڕۆنە بەهەشت و ئەهلی دۆزەخ بڕۆنە دۆزەخ، ئەڵێ بە پەیڕەوەکانی خۆی: ئەی رەفیقان خودای تەعالا وەعدەی بەهەشتی پێدان بەرابەر بە ئیتاعەی فەرمانی ئەو بە وەعدەیەکی راستی واقیعی، وە منیش باسی ئەوەم بۆ کردن کە نە خودا هەیە و نە رەهبەر نە ئایین نە مەسئوولییەت، وە پێویستە ئێوە بژین وەکوو باقی گیانلەبەران وە هەر وەختێ مەحو ئەبنەوە، وە یا ئەگەر زیندووکرانەوە بتەکانتان تکاتان بۆ ئەکەن، وە کەوتنە شوێن من، وە لە ئەنجاما ئەوەی من پێم وتن هەمووی درۆ و بێمایە بوو، وە لە عەینی کاتدا من هیچ هێز و تەوانایەکم نەبوو بەسەر ئێوەدا، بەس هەر ئەوەندە بوو من وەعدەم پێدان بەو جۆرە کە باسم کرد و ئێوەیش کەوتنە شوێنم.

﴿فَلَا تَلُومُونِى وَلُومُوٓا۟ أَنفُسَكُم ۖ﴾

دەی ئیتر ئێوە سەرزەنشتی من مەکەن بەڵکوو سەرزەنشتی خۆتان بکەن.

﴿مَّآ أَنَا۠ بِمُصْرِخِكُمْ وَمَآ أَنتُم بِمُصْرِخِىَّ ۖ﴾

من لەوانە نیم ئێوە پەنا بدەم لە سزای دۆزەخ، وە ئێوەیش لەوانە نین کە من پەنا بدەن.

﴿إِنِّى كَفَرْتُ بِمَآ أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُ ۗ﴾

بە راستی من مونکیرم و بێئیعتینام بەو ئیشراکی ئێوەیە بۆ من، وە بەو ئیعتیمادتانە لەسەر من وە من ئەوەندە بووم کە ئێوەم هەڵخەڵەتان.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ٢٢﴾

بە راستی من ستەمکار بووم لە خۆم کە خۆم لە فەرمانی خودا دەرچووم، وە ستەمیشم کرد لە ئێوە کە ئێوەم هەڵخەڵەتان ، وە ئێوەیش ستەمتان کرد لە خۆتان کە بە بێ‌شوعووری کەوتنە شوێن خەیاڵات و وەعدەی من، وە هەردوولامان ستەمکارین و بە راستی ستەمکارەکانیش سزایەکی سەختیان هەیە لە ئیمرۆ بەدواوە.

﴿وَأُدۡخِلَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا بِإِذۡنِ رَبِّهِمۡۖ تَحِيَّتُهُمۡ فِيهَا سَلَٰمٌ ٢٣﴾

وە ئەو کەسانەیش کە ئیمانیان هێناوە و کردەوەی باشیان کرد خرانە ناو چەن بەهەشتێکەوە کە جۆبار لە ژێر دارەکانیانەوە رەوان ئەبن و هەتا هەتایە ئەمێننەوە لەو بەهەشتانەدا بە ئەمر و فەرمانی خودای خۆیان و فریشتەکان رێزیان ئەگرن بە سەلام لێ کردنیان و لە ناو خۆیشیاندا تەحییە و ئیحتیرامیان لە یەك بە پێشکەش کردنی سەلامە.

﴿أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا كَلِمَةٗ طَيِّبَةٗ كَشَجَرَةٖ طَيِّبَةٍ أَصۡلُهَا ثَابِتٞ وَفَرۡعُهَا فِي ٱلسَّمَآءِ ٢٤﴾

ئایا نازانی خودای تەعالا چلۆن تەشبیهی بەلیغی مەقبووڵی داناوە؟ هاتووە تەشبیهی کەلیمەی جوان و وتاری خێرداری کردووە بە درەختێکی سایە و بەرداری بۆشناخ کە بنەکەی بە رەگە درێژە ئەستوورەکانیەوە دامەزراوە لە بنی عەرزا و لقەکانیشی بەرزەوە بوون و رۆییون وان لە ئاسمانا بای سەفای رەحمەت ئەیانلەرێنێتەوە و هەر دەمێ تازە ئەبنەوە وە بە هیچ جۆرێ بای فەنا لێیان نادا و لەگەڵ خولوودی ئەرواحدا بەردەوامن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿تُؤْتِيٓ أُكُلَهَا كُلَّ حِينِۭ بِإِذْنِ رَبِّهَاۗ﴾

وه بەرى خۆى ئەدا بە موستەحەقان لە هەموو كاتێكدا بە ئيزنى خوداى خۆى.

﴿وَيَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ٢٥﴾

وه خوداى تەعالا ئەم جۆرە تەشبيهاتە بەيان ئەكا بۆ ئادەميزاد بە هيواى ئەوە كە بير بكەنەوە لە مەفهووماتا و رێگەى خۆيان بە راستى بزانن و بە سەريا برۆن.

﴿وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ ٱجْتُثَّتْ مِن فَوْقِ ٱلْأَرْضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٍ ٢٦﴾

وه نموونەى كەليمەى پيسيش وەكوو درەختێكى پيسى بێسوود وايە كە كاتێ دەستى بۆ ببەى بە ئاسانى هەڵبكەنرێ لە چينە سەرووەكەى عەرزەوە و بە تەبيعەتى خۆى لە بەر ئەوە كە رەگى نەرۆيشتووەتە خوارەوە بە عەرزا، «كأنه» راوەستانى نەبووە، وه يا شياوى ئەوە نييە كە راوەستانى ببێ لە عەرزا.

خاوەن تەفسيرەكان لە تەفسيرى كەليمەى «طيبة» و كەليمەى «خبيثة»دا چەن بيرێكيان دەربڕيوە، فەرموويانە: كەليمەى تەييبە بريتييە لە كەليمەى تەوحيد «لا إله إلا الله» و بانگكردنى ئادەميزاد بۆ دينى ئيسلام و پەيڕەوى حەزرەتى موحەممەد ﷺ وه يا قورئانى پيرۆز. وه كەليمەى پيسيش بە پێچەوانەى ئەوانەوەيە كە كەليمەى ئيشراكە، وه يا بانگكردنە بۆ كوفر و لادان لە دينى ئيسلام و ئەو كيتابانە كە خيلافى قورئانى پيرۆزن. وه لە واقيعدا هەردوو كەليمەكە گەلێ مەعنايان هەيە و بە عيبارەتێكى گشتى هەر كەليمەيێ بەختەوەرى بدا بە خاوەنەكەى ئەوە كەليمەى جوان و پاكە و هەر كەليمەيەكيش بەدبەختى بگەيەنێ ئەوە بە كەليمەى پيس و خراپ دائەنرێ.

www.iqra.ahlamontada.com

تەوحید و. تەعلیم. تەزکار و. ئەوراد. تەرحیب و. ئیکرام. ئیسلاحی عیباد.
نەشری ئادابی کومەلایەتی یانی ئارامی و خوش تەبیعەتی
وینەی ئەمانەیش لە تەییباتن. باقی خەبائیس شەیتانیاتن

﴿يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ ۖ وَيُضِلُّ اللَّهُ الظَّالِمِينَ ۚ وَيَفْعَلُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ ﴿٢٧﴾﴾

جا بە موناسەبەی کەلیمەی تەییبە و کەلیمەی خەبیسەوە خودای تەعالا ئەم ئایەتەی فەرموو بەم جۆرە قەولی سابت ببێ بە وێنەی کەلیمەی تەییبە و کەلیماتی گومڕاهەکانیش ببێ بە کەلیمەی خەبیسە.

واتە: خودای تەعالا بە تەئکید و ئیهتیمام دامەزران ئەدا بەوانە کە ئیمانیان هێناوە بە دینی ئیسلام بە هۆی تەلەفوزکردنیان بە قەولێ کە دامەزراوە بە دەلیل و بورهان وەکوو «لا إله إلا اللّٰه محمد رسول اللّٰه»یە لە ژیانی دنیادا و لە پاشەڕۆژیشدا، یانی ئەگەر لە دنیادا ئەهلی ئیمان گیرۆدە ببن بە فیتنەی کافران و ستەمکاران و بەڵا و گێژەڵووکەی دەوران هەر لەسەر «لا إله إلا اللّٰه» دەوام ئەکەن و هەموو شتێ لە خوداوە ئەزانن، وە ئەگەر لە بەر سەربڕینیشدا بن لەم کەلیمە لا نادەن.

هەروا کاتێ لە پاشەڕۆژیشدا گیرۆدە ببن و بکەونە مەیدانی پرسیار لە قەبرا لە لایەنی فریشتەکانی پرسیارەوە لە وەڵامیانا ئەڵێن: «لا إله إلا اللّٰه محمد رسول اللّٰه» هەروا لە رۆژی مەحشەرا زیکریان ئەم کەلیمەیە و بەم کەلیمە پیرۆزانە رزگار ئەبن.

«عن البراء ﷺ عن النبي ﷺ قال: المسلم إذا سئل في القبر يشهد أن لا إله إلا اللّه وأن محمداً رسول اللّه. ذلك قوله: «يثبت اللّه الذين آمنوا بالقول الثابت في الحياة الدنيا وفي الآخرة» رواه البخاري وأبوداود والترمذي. ولفظه: «يثبت اللّه الذين آمنوا بالقول الثابت في الحياة الدنيا وفي الآخرة» قال في القبر إذا قيل: من ربك. وما دينك. ومن نبيك؟»

www.iqra.ahlamontada.com

جا مەعنای ئایەتەکە ئەمەیە کە خودای تەعالا تەوفیقی موسوڵمان ئەدا بۆ وەڵامدانەوە لەسەر ئەو پرسیارانە لە قەبرەکەیا کە وتیان: خودای تۆ کێیە؟ ئەڵێت: خودای من ئەڵڵایە. وە کە وتیان: دینت چییە؟ ئەڵێ: دین و ئایینم ئیسلامە، وە کە وتیان: پێغەمبەرت کێیە؟ ئەڵێ: پێغەمبەرم موحەممەدە ﷺ.

لەم حەدیسە شەریفەوە دەرکەوت کە حەرفی «ب» لە «بالقول الثابت» دا بۆ سەبەبیەتە. واتە خودا بە هۆی ئەم وتارە دامەزراوە جوانەوە موسوڵمانان ڕزگار ئەکا و دایان ئەمەزرێنێ لە دنیا و لە قیامەتا، وە نە لە بەڵای دنیادا و نە لە پاشەڕۆژا خودا و پێغەمبەری خودایان لە بیر ناچێ.

هەروا ستەمکارەکانیش گومڕا ئەکا بە وتاری بێ‌ئەساس لە هەردوو دنیادا وە خودا خواستی هەرچی بێ ئەیکات.

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ بَدَّلُوا نِعْمَتَ اللَّهِ كُفْرًا وَأَحَلُّوا قَوْمَهُمْ دَارَ الْبَوَارِ
٢٨ جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا وَبِئْسَ الْقَرَارُ ٢٩﴾

ئایا تەماشا ناکەی و ناڕوانی بۆ ئەو کەسانە کە سوپاسی نیعمەتی خودا لەسەریان بوو گۆڕییان بە ناسوپاسی و بە خۆیان دەسبەردار نەبوون بەڵکوو گەلەکەیشیان خستە ناو خانە و ماڵی هەلاکەوە کە بریتییە لە دۆزەخ ئەڕۆنە ناوی و جێگە و قەرارگایەکی خراپە؟

﴿وَجَعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا لِّيُضِلُّوا عَن سَبِيلِهِ﴾

وە ئەم کەسە ناپیاوانە بڕیاری عیبادەتی چەن بتێکیان دا لەسەر گەلەکەیان بۆ ئەمە کە ئەو بتانە بە بەندەیی‌کردن بۆیان ئادەمیزاد گومڕا بکەن لە ڕۆیشتن بە ڕێگەی خودا بەیەکناسی و بەندەیی ئەودا.

﴿قُلْ تَمَتَّعُوا فَإِنَّ مَصِيرَكُمْ إِلَى النَّارِ ٣٠﴾

www.iqra.ahlamontada.com

تۆ، ئەی خۆشەویست، پێیان بڵێ: بۆ خۆتان رابوێرن چەن رۆژێ، بە راستی ئەنجامی گەرانەوەتان بۆ لای ئاگری دۆزەخە.

ئەم ئایەتە هاتووەتە خوارەوە لە شانی پیاوە گەورەکانی کافری مەککەدا وەکوو پیاوانی «بنیأمیة» و «بنیمغیرة» ئەمانە وەختی خۆی لە مەککەدا دامەزراو و خاوەن نان و خاوەن شان بوون و بە هۆی زیارەتی بەیتوڵڵاوە گەلێ ئیستیفادەیان کرد پاش ئەوە کە خودا حەزرەتی موحەممەدی رەوانە کرد بە دینی تەوحید لە باتی ئەوە ئیمان بێنن و خزمەتی دینی ئیسلام بکەن کەوتنە دوژمنایەتی دینی ئیسلام و گەلێ تەئییدی بتپەرستییان کرد و گەلەکەیان ختە ئەدا بۆ بتپەرستی هەتا خودا بەنی موغەیرەی لە رۆژی بەدرا شکاند و لە ناوی بردن و بەنی ئومەییەیش ماوەیێ مانەوە، ئەوەیان موسوڵمان بوو موسوڵمان بوو باقی ئەوانیش لەناو چوون.

﴿قُل لِّعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُنفِقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ يَوۡمٞ لَّا بَيۡعٞ فِيهِ وَلَا خِلَٰلٌ ٣١﴾

ئەی خۆشەویست بفەرموو بەو بەندانەم کە ئیمانیان هێناوە: با نوێژەکانیان بە باشی بەجێ بێنن و خەرج بکەن لەو رۆزییە پێمداون لە رێگەی خودادا بە پەنامەکی و ئاشکرا لە پێش ئەوەدا کە رۆژێ بێتە پێشەوە نە بەیع و مامەڵەی تیا بێ و نە برایەتی و دۆستی.

﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزۡقٗا لَّكُمۡۖ﴾

خودا خودایەکی وایە ئاسمانەکان و عەرزی دروست کردووە و لە لای ئاسمانەوە ئاوی بارانی رژاندووەتە خوارەوە و بەو ئاوە بەش و بارەیەکی زۆری دەرکردووە لە عەرز بۆتان هەتا ببێ بە رۆزی ژیوار بۆ ئێوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلْفُلْكَ لِتَجْرِيَ فِي ٱلْبَحْرِ بِأَمْرِهِۦۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلْأَنْهَٰرَ ٣٢﴾

وە کەشتی رام کردووە بۆ ئێوە هەتا هاتوچۆ بکا لە دەریادا بە فەرمانی خودا، وە ئەم هەموو رووبارە نازارەیشی بۆ رام کردوون.

﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ دَآئِبَيْنِۖ﴾

وە رۆژ و مانگی رام کردووە بە درێژی کات بۆ رووناکی بەر چاوی ئێوە لە کاتەکانتانا.

﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ٣٣﴾

وە شەو و رۆژیشی رام کردووە بۆتان بۆ حەوڵدان بە شوێن ژیوارا و بۆ ئاسایشی لەش تا قابیل بێ بۆ گەڕانەوە بۆ سەر کارکردن.

﴿وَءَاتَىٰكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُۚ﴾

وە خودا پێیداون لە هەموو نەوعە شتێ داواتان کردووە بە زمانی وتار، یا بە نیازمەندی تەبیعەتی ئینسانی گەلێ دەرمان هەیە کە ئینسان بە خەیاڵیا نایێ و خودا ئیلهامی کردووە بۆ بازێ ئینسان هەتا پەیدای بکەن و ئەڕۆن لە کێوانا و لە شوێنی تایبەتیدا ئەیدۆزنەوە.

﴿وَإِن تَعُدُّواْ نِعْمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآۗ﴾

ئەگەر ئێوە بتانەوێ نیعمەتەکانی خودا ژمارە بکەن ناتوانن هەموویان باس بکەن.

﴿إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ ٣٤﴾

بە راستی ئینسان ستەمکارە لەبەر تەرکی سوپاسی نیعمەت و زۆر مایلە بە ئینکاری نیعمەتی پەروەردگاری خۆی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ رَبِّ ٱجْعَلْ هَٰذَا ٱلْبَلَدَ ءَامِنًا وَٱجْنُبْنِى وَبَنِىَّ أَن نَّعْبُدَ ٱلْأَصْنَامَ ﴿٣٥﴾ ﴾

باسی ئەوە بکە کە ئیبراهیم ﷺ لە پاش ئەوە کەعبەی دروست کرد پاڕایەوە لە خودا و عەرزی کرد: پەروەردگارا ئەم شارە و ئەم ئاوەدانییە کە تۆ منت لە بوونیان ئاگادار کردووە لە ئێستە بەدواوە وە ئەوانەی کە لەم ولاتەدا ئەبن ئەمینیان بکە لەو نەوعە دەرد و بەلایە و لەو نەوعە خراپ و وێرانییە کە بەسەر باقی ولاتەکانا دێت هەتا عالەم بزانن ئەم خانووی کەعبەتوڵڵا خانوویەکی پیرۆزە و رەمزی ریسالەت و یەکیەتی موسوڵمانانە و من و ئەولادەکانم دوور بخەرەوە لەوەی کە بەندەیی بتەکان بکەین.

﴿ رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ ﴾

خودایا ئەو بتانە بوون بە هۆی گومڕاکردنی گەلێ ئادەمیزاد.

﴿ فَمَن تَبِعَنِى فَإِنَّهُۥ مِنِّى ﴾

دەی هەرکەسێ کەوتەشوێنی من لە بەیەکناسی تۆدا ئەوە لە منە.

﴿ وَمَنْ عَصَانِى فَإِنَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٦﴾ ﴾

وە هەرکەسێ لە من یاخی ببێ لە بابەتی بەندەیی خودای تەنهادا ئەوە خۆت ئەیزانی: ئەگەر سزای ئەدەی ئەوە حەقی خۆتە، وە ئەگەر تاوانی ئەبەخشی ئەوە بۆ تۆ رەوایە و بەخششی خۆتە؛ چونکی تۆ خودایەکی تاوانبەخش و میهرەبانی و قابیلە هەرچی خواستت لەسەری بێ بیکەی.

خودا وەحی کرد بۆ حەزرەتی ئیبراهیم کە هاجەر و ئیسماعیل لە مەککەدا دابنێ، وە حاڵی کرد کە ئەو شوێنە ئەبێ بە مەڵبەندی نەتەوەی ئەو، وە بە زیارەتگای عالەمی

www.iqra.ahlamontada.com

ئادەمیزاد. جا لەبەر ئەوە کە لە بناغەوە دوژمنی دین لەو رۆژەدا هەر بت و بتپەرست بوو وە هەرچی فەسادی باوەڕ و ئەخلاقی بوو لەوانەوە ئەبوو، ئەو پاڕانەوە بە سۆزەی کرد و خودایش موختارە لە قەبوولکردن و قەبووڵ نەکردنی دوعای هەموو کەسێکدا، ئەوەندە هەیە پێغەمبەرەکان لەبەر ئەوە خاوەن حورمەتێکی زیادن لە لایا زۆربەی دوعایان قەبووڵ ئەکرێ.

﴿رَّبَّنَآ إِنِّيٓ أَسۡكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيۡرِ ذِي زَرۡعٍ عِندَ بَيۡتِكَ ٱلۡمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ فَٱجۡعَلۡ أَفۡـِٔدَةٗ مِّنَ ٱلنَّاسِ تَهۡوِيٓ إِلَيۡهِمۡ وَٱرۡزُقۡهُم مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَشۡكُرُونَ ٣٧﴾

ئەی پەروەردگاری ئێمە من بازێ لە نەتەوەکانی خۆمم جێگەنشین کردووە لەم شیوی «مەککە»دا کە شیوێکی بێکشتوکاڵە لە لای ئەم خانەی خۆتەدا کە حەرامت کردووە بێئەدەبی بکرێ لە نزیکیا، خودایە! بۆ ئەوەم داناون لێرەدا کە نوێژەکانیان و بەندەیی تۆ بکەن، وە تکا ئەکەم چەن دڵێکی رووناکی موسوڵمانان وا لێ بکەیت کە روو بکەنە ئەم وڵاتە و ئارەزووی ئەوە بکەن بڕۆن بۆ لایان و بۆ زیارەتی «کابە»ی پیرۆز، وە رۆزی ئەو نەتەوەی منە بدە لە بەش و بارەی زۆری جیهان بەڵکوو ئەوانیش سوپاسی تۆ بکەن.

﴿رَبَّنَآ إِنَّكَ تَعۡلَمُ مَا نُخۡفِي وَمَا نُعۡلِنُۗ وَمَا يَخۡفَىٰ عَلَى ٱللَّهِ مِن شَيۡءٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ ٣٨﴾

پەروەردگارا! تۆ ئاگاداری لەسەر ئەوەی ئێمە پەنهانی ئەکەین لە دڵمانا و ئەوەیش بە ئاشکرا ئەیکەین وە هیچ شتێ لە خودا گوم نابێ لە عەرز و لە ئاسمانا، رجای ئەوەمان هەیە کە عەفوومان بکەی و تاوانمان ببەخشی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى وَهَبَ لِى عَلَى ٱلْكِبَرِ إِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ ۚ إِنَّ رَبِّى لَسَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ ﴿٣٩﴾

حەمد و سەنا و ستایش و سوپاس بۆ خودایەکە لە تەمەنی پیری و ناتەوانیما دوو کوڕی وەکوو ئیسماعیل و ئیسحاقی پێدام، بە راستی خودای من دوعا ئەبیسێ و قەبوولّی ئەکا.

﴿ رَبِّ ٱجْعَلْنِى مُقِيمَ ٱلصَّلَوٰةِ وَمِن ذُرِّيَّتِى ۚ رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ دُعَآءِ ﴿٤٠﴾

خودایە بمکە بە ئینسانێکی نوێژکەری ساغ و بازێ لە نەتەوەکانیشم، خودایە دوعایشمان قەبووڵ بکە.

﴿ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لِى وَلِوَٰلِدَىَّ وَلِلْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ يَقُومُ ٱلْحِسَابُ ﴿٤١﴾

ئەی خودای ئێمە لە تاوانەکانی خۆم و باوك و دایکم و هەموو موسوڵمانان و خاوەن ئیمانان خۆش ببە لەو رۆژەدا کە حسێبی بیر و باوەڕ و کردەوە ئەکرێ.

بزانن! ئەم دوعایە بۆ باوك و دایکی لە کاتێکدا بووە ئاگادار نەبووە لەسەر ئەوە کە عەفو ناکرێن. وە بازێ ئەڵێن: مەبەستی «والدین» ئادەم و حەوا بووە.

جا خودای تەعالا روو ئەکاتە حەزرەتی موحەممەد ﷺ بۆ دڵدانەوە و دڵخۆشکردنی ئەفەرموێت:

﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ غَٰفِلًا عَمَّا يَعْمَلُ ٱلظَّٰلِمُونَ ۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴿٤٢﴾ مُهْطِعِينَ مُقْنِعِى رُءُوسِهِمْ لَا يَرْتَدُّ إِلَيْهِمْ طَرْفُهُمْ ۖ وَأَفْـِٔدَتُهُمْ هَوَآءٌ ﴿٤٣﴾

www.iqra.ahlamontada.com

هەرگیز تۆ وا گومان نەبەی کە خودا بێئاگا بێ لەم کردەوانە کە ستەمکارەکان ئەیانکەن، خودا ئاگای لێیانە، بەڵام تۆڵەیان دوا ئەخا بۆ رۆژێ کە چاویان رائەوەستێ و ئەبڵەق ئەبێ لە ترسی خودا، حاڵیان وایە لەو رۆژەدا رائەکەن بە شوێن ئەو مەئموورەدا کە بانگیان ئەکا بۆ حسێب و سەریان بەرز کردووەتەوە وەکوو یەکێ ملی رەق بووبێ، چاویان وا راوەستاوە و کراوەتەوە ناگەرێتەوە بۆ لایان و بۆیان نانووقیتەوە، واتە وەکوو چاوی مردوو جووڵەی نامێنێ و دڵیان خاڵییە لە هەموو فامێ.

﴿ وَأَنذِرِ ٱلنَّاسَ يَوۡمَ يَأۡتِيهِمُ ٱلۡعَذَابُ فَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ رَبَّنَآ أَخِّرۡنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٖ قَرِيبٖ نُّجِبۡ دَعۡوَتَكَ وَنَتَّبِعِ ٱلرُّسُلَۗ أَوَلَمۡ تَكُونُوٓاْ أَقۡسَمۡتُم مِّن قَبۡلُ مَا لَكُم مِّن زَوَالٖ ﴿٤٤﴾ ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ ئادەمیزاد بترسێنە لە سزای رۆژێ کە لەو رۆژەدا سزایان بۆ دێ، جا ستەمکارەکان، واتە ئەوانە کە ستەمیان لە نەفسی خۆیان کردووە بە بێ ئیتاعەیی خودا، ئەڵێن: پەروەردگارا! ئەم زەمانەمان لەسەر لابە و بمانگێرەوە بۆ دنیا تا ماوەیەکی کەم، ئێمە ئەمجارە قەبووڵی دەعوەتی تۆ ئەکەین و تابیعی پێغەمبەرەکان ئەبین، جا لە لایەنی خوداوە وەڵامیان ئەدرێتەوە: چۆن تازە خودا قسەتان لێ وەرئەگرێ؟ ئەوە نەبوو ئێوە سوێندتان ئەخوارد کە قەت لەسەر عەرز لاناچن و نامرن و چین لەسەر چین دێن بە شوێن یەکا هەتا هەتایە و دنیا نابرێتەوە؟

﴿ وَسَكَنتُمۡ فِي مَسَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَتَبَيَّنَ لَكُمۡ كَيۡفَ فَعَلۡنَا بِهِمۡ وَضَرَبۡنَا لَكُمُ ٱلۡأَمۡثَالَ ﴿٤٥﴾ ﴾

ئەوە نەبوو دانیشتبوون لە ماوای چینە پێشووەکانا کە ستەمیان لە خۆیان کردبوو، وە بۆ ئێوەیش دەرکەوتبوو کە چیم پێ کردبوون بە قاری خۆمان و چەن وێنەی

www.iqra.ahlamontada.com

ئەوان یا سیفاتی ئەوانمان بۆ بەیان کردن هەتا بزانن بۆچی ئەوانمان فەوتان، کەچی ئێوە هەر پەندتان وەرنەگرت و تازە داوای گەڕانەوە بۆ دنیا ئەکەن؟

﴿ وَقَدْ مَكَرُوا۟ مَكْرَهُمْ وَعِندَ ٱللَّهِ مَكْرُهُمْ وَإِن كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ ٱلْجِبَالُ ۝٤٦ ﴾

وە بە راستی ئەو چینە کافرانە ـ پێشینانیان و چینی پاش ئەوانیش ـ هەر کامیان ئەوەنە تەوانایان بوو فڕو فێڵیان کرد لەگەڵ ڕەهبەرانا و هەموو مەکرەکانیش هەر لە ژێر دەستی خودادایە و خواستی ببوایە بەربادی ئەکردن، هەرچەند ئەو مەکریشیانە ئەوندە نابار بوو لەوانە بوو کێوەکان لە جێگەی خۆیاندا، لەبەر توندی ئەو هێز و فڕو فێڵانە، هەڵبکەنرێن.

﴿ فَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ مُخْلِفَ وَعْدِهِۦ رُسُلَهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ ذُو ٱنتِقَامٍ ۝٤٧ ﴾

تۆ گومان مەبە بە خودا کە ئەو وەعدەیە داویەتی بە پێغەمبەرەکانی بۆ یارمەتیدانیان و زاڵکردنی پەیڕەوانی ساغیان بەسەر کافرانا بەجێ ناهێنێ، بەڵکوو کەس لە خودا رزگار نابێ وە ئیمڕۆ یا سبەینێ داگیریان ئەکا، بە راستی خودا زاڵە بەسەر خواستی خۆیا و خاوەن حەق وەرگرتنە و تۆڵەسێنە لە دوژمنەکانی بۆ دۆستەکانی.

﴿ يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ ۖ وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ۝٤٨ ﴾

وە ئەو تۆڵە کە وەری ئەگرێتەوە لە تاوانباران پاش عالەمی ژیان وا لە رۆژێکدا ئەم عەرزە ئێستە ئەیبینن ئەگۆڕێ بە عەرزێکی‌تر و ئاسمان بە ئاسمانێکی‌تر، ئەم عەرزە کەژ و کێوی تێدا نامێنێ و هەمووی ساف ئەبێ وە ئەو ئاسمانە ئێستە هەیە

www.iqra.ahlamontada.com

نامێنێ، وە ئەستێرەکانی دائەوەرێن لە فەزای کائیناتا و ئەبن بە مادەی مەحو کراوە، وە ئەم عالەمە ئەگۆڕێ و عەرز رووناك ئەبێتەوە بە رووناکێکی تایبەتی کە خودا بۆی دروست ئەکا وەکوو رووناکی کاتی بەرەبەیان، وە هەموو ئەم ئادەمیزاد و پەرییانە هەموو لە گۆڕیان دەرئەچن بۆ حسێب و پرسیار لێکردنیان لەسەر ئەمری خودای تاقی تەنیای خاوەن کیبریا و خاوەن قار. پەنا بە خودا!

﴿ وَتَرَى ٱلۡمُجۡرِمِينَ يَوۡمَئِذٖ مُّقَرَّنِينَ فِي ٱلۡأَصۡفَادِ ۝٤٩ ﴾

وە تاوانبارەکان ئەبینی بەسراونەتەوە بەیەکەوە بە گوێرەی موناسەبەیان لە زەمان و عەقیدە و بیر و باوەڕ و کردەوەی ناهەمواردا مەسەلا: ئەوانە کە باوەڕیان بە سانیع نییە تاقمێکن وە ئەوانە باوەڕیان هەیە بەڵام موشریکن تاقمێکن، وە ئەوانە پیاو کوژن یا خاوەن خەیانەتن تاقیمێکن.

﴿ سَرَابِيلُهُم مِّن قَطِرَانٖ وَتَغۡشَىٰ وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ ۝٥٠ ﴾

کراسەکانی بەریان لە قەترانە، کە بریتییە لە جەوییێکی بۆگەن لە داری عەرعەر دەرئەچێ و چەوریشە بە کەمتر کات گڕ ئەگرێ، وە ئاگری دۆزەخ روویان دائەپۆشێ، یانی سەرتاپای لەشیان بەو جەوییە داگیر ئەکرێ، وە یاخود کراسێکیان بۆ دروست ئەکرێ و هەڵئەکێشرێ لەو جەوییە و ئاگری تێ بەرئەدرێ بۆ سزادانیان.

﴿ لِيَجۡزِيَ ٱللَّهُ كُلَّ نَفۡسٖ مَّا كَسَبَتۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ۝٥١ ﴾

خودا بەم جۆرە سزایان ئەدا بۆ ئەوە کە جەزای هەرکەسێ بداتەوە بە موقابیلی ئەوەی کردوویەتی بە راستی خودا زووبەزوو حسێبی بیر و باوەڕ و کردەوەیان ئەکا.

﴿ هَٰذَا بَلَٰغٞ لِّلنَّاسِ وَلِيُنذَرُواْ بِهِۦ وَلِيَعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا هُوَ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ وَلِيَذَّكَّرَ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ۝٥٢ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەم قورئانە پیرۆزە یا ئەم سوورەتە یا ئەم ئامۆژگارییانە کە وا لەم چەن ئایەتەدا کافییە و بەسە بۆ کەسێ کە عیبرەت بگرێ بە ئیرشادی مورشیدی دڵسۆز، جا با ئامۆژگاری ئادەمیزادی پێ بکرێ و بترسێنرێن لەو نەوعە ئازارە کە دێن بەسەر تاوانبارانا وە با هەموو بزانن کە خاوەنی ئەم تەسەڕوفاتە خودایەکی تاق و تەنیایە وە بیر بکاتەوە بە وردبوونەوەی ئەو کەسانە کە خاوەنی هۆشی ساغن.

www.iqra.ahlamontada.com

سووره‌تی حیجر، مه‌ککه‌ییه، ئایه‌تی ٨٧ ی نه‌بێ، ٩٩ ئایه‌نه

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ الٓر تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ وَقُرْءَانٍ مُّبِينٍ ﴾ ١

واته ئه‌م سووره‌ته که به‌م سێ حه‌رفه ناوبراوه ئایه‌ته‌کانی ئه‌و، ئایاتی کتێبی کامڵ و خاوه‌ن قه‌درن له لای خودا. وه ئه‌و کتێبه وه‌کوو به کتێب ناو ئه‌برێ ـ له‌به‌ر گردبوونه‌وه‌ی ئایه‌ته‌کانی و نووسراوییان له «لوح‌المحفوظ»دا ـ به قورئانیش ناو ئه‌برێ له به‌ر ئه‌وه که [ئایه‌ته‌کانی] ئه‌خوێنرێنه‌وه، وه ئه‌و قورئانه زۆر باش رێگه‌ی باش له خراپ جیا ئه‌کاته‌وه.

﴿ رُّبَمَا يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْ كَانُواْ مُسْلِمِينَ ﴾ ٢

گه‌لێ جار له رۆژی قیامه‌تا ئه‌م ناپیاوانه که له دنیادا کوفری خودا ئه‌که‌ن داوا و دڵخوازی ئه‌وه ئه‌که‌ن که له کاتی خۆیا موسوڵمان بووناین بۆ ئه‌وه تووشی ئه‌و سزای رۆژی قیامه‌ته نه‌بووناین. یاخود ئه‌وه‌نده سزا گێژ و په‌رێشانیان ئه‌کا که‌مێ جار بیری دنیا ئه‌که‌نه‌وه و خۆزگه‌ی ئه‌وه ئه‌خوازن که موسوڵمان بووناین.

﴿ ذَرْهُمْ يَأْكُلُواْ وَيَتَمَتَّعُواْ وَيُلْهِهِمُ ٱلْأَمَلُ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴾ ٣

www.iqra.ahlamontada.com

وازایان لێ بێنە با پڕ بە سکیان بخۆن و رابوێرن لە ئارەزووی نەفسا و هیوای هەوا بازێ غافڵیان بکا لە خودا و فەرمانی خودا و پێغەمبەری خودا فەرامۆش بکەن، جا لە پاشەڕۆژا ئەزانن چ ئیشێکی خراپیان کردووە.

﴿ وَمَآ أَهۡلَكۡنَا مِن قَرۡيَةٍ إِلَّا وَلَهَا كِتَابٞ مَّعۡلُومٞ ﴾ ٤

ئێستە ئێمە بۆیە ئەم ولاتە وێران ناکەین و ئەهلەکەی گیرۆدەی سزا ناکەین؛ چونکی هێشتا سەرەیان نەهاتووە بەپێی ئەو نووسراوی «لوح‌المحفوظ»ە؛ چونکی ئێمە هیچ دێیێکمان وێران نەکردووە و خەڵکەکەیمان لە ناو نەبردووە تا نووسراوێکی تایبەتی بووە بۆیان و کاتی هاتووە.

﴿ مَّا تَسۡبِقُ مِنۡ أُمَّةٍ أَجَلَهَا وَمَا يَسۡتَـٔۡخِرُونَ ﴾ ٥

فەوتانی هیچ ئوممەتێ ناکەوێتە پێش ئەو وادەیەوە بۆیان دانراوە و لەو کاتەیش دوا ناکەوێ.

﴿ وَقَالُواْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِي نُزِّلَ عَلَيۡهِ ٱلذِّكۡرُ إِنَّكَ لَمَجۡنُونٞ ﴾ ٦

وە ئەو کافرانە بە گاڵتەکردنەوە بانگ ئەکەن و ئەڵێن: ئەی کەسێ کە لە لای خوداوە کیتابت بۆ هاتووە بە راستی تۆ شێتی کە داوای ئەم پایە ئەکەی بۆ خۆت بە بێ ئەوە فریشتەیەکت لە لادا بێ هەتا بزانین کە تۆ فرستادەی خودای!

﴿ لَّوۡ مَا تَأۡتِينَا بِٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴾ ٧

ئەوە بۆچی فریشتەیەکمان بۆ نایەنی بۆ ئەوە شایەتی بدا کە تۆ پێغەمبەری خودای، ئەگەر تۆ لە راست وتارانی؟ جا خودای تەعالا جوابیان ئەداتەوە و ئەفەرموێت:

﴿ مَا نُنَزِّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَمَا كَانُوٓاْ إِذٗا مُّنظَرِينَ ﴾ ٨

www.iqra.ahlamontada.com

ئێمە مەلائیکە نازڵ ناکەین مەگەر بە شێوەیێ کە حیکمەت داوای بکا وەکوو بۆ کاتی فەوتاندنی ئەو گەلە سەرکێشە وە لەو کاتەدا کە فریشتەمان نازڵ کرد بە سەعات مۆڵەتیان نادرێ، وە ئەگەر ئێمە فریشتە رەوانە بکەین بۆ ئەوە ئەوان باوەڕ بکەن بە پێغەمبەرەکان ئەو کاتە ئیمانەکەیان ئەبێ بە ئیمانی ناچاری و، ئیمانی وەها نرخی نییە.

﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴾ ٩

قەی ناکا با ئەو کافرانە باوەڕ نەکەن بەوە کە تۆ پێغەمبەری و ئەو زیکرە کەلامی خودایە! من خۆم ئەوە دەرئەبڕم و ئەڵێم: ئێمە ئەو زیکرەمان نازڵ کردووە بۆ سەر پێغەمبەری خۆشەویست و ئێمەیش نیگابانی ئەو زیکرە ئەکەین لەوە کە بە بەدەست بۆ بردنی کافران و خائینان بفەوتێ و بگۆڕێ.

﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِى شِيَعِ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾ ١٠

وە تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بە عەنادی کافرەکان تێك مەچۆ، ئەم جۆرە عەنادە هەر بووە و بە راستی ئێمە پێغەمبەرانمان رەوانە کرد لە ناو تایفەکانی ئوممەتە پێشووەکاندا و خۆیان لەبەر عەنادی کافرەکاندا گرت.

﴿ وَمَا يَأْتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴾ ١١

وە قەت رێك نەکەوتووە پێغەمبەرێ بێت بۆ لای تاقمێکیان ئیللا ئەوان گاڵتەیان پێ ئەکرد.

﴿ كَذَٰلِكَ نَسْلُكُهُۥ فِى قُلُوبِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴾ ١٢

هەر وەکوو ئەوە کە عەناد و گاڵتە کەوتبووە ناو دڵی کافرە پێشووەکانەوە هەر بەو شێوە ئەو گاڵتە و عەنادە ئەخەینە دڵی کافرە تاوانبارەکانی زەمانی تۆ و زەمانی ئایندەیش.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿لَا يُؤْمِنُونَ بِهِۦ وَقَدْ خَلَتْ سُنَّةُ ٱلْأَوَّلِينَ ١٣﴾

ئەم کافرانەیش ئیمان نایەنن بەو زیکرە کە نازڵ بووە بۆ لای تۆ، وە بە راستی رابوردووە رەفتاری عەنادی ئوممەتە پێشووەکان و هەتا هەتایە ئەمە دەوام ئەکا، ئیتر تۆ خۆت لەم بابەتەدا دڵگیر مەکە، لە بەر ئەوە تاقمێ کافر و تاقمێ موسوڵمانە.

وە ئەو شتە ئەو کافرانە هەڵئەنێ بۆ ئەو سەرکێشییە چەن شتێکە:

یەکەم: نەفسیان زۆر بە لایەوە گرانە کە بەندەیی و فەرمانبەری خودا بگرێتە گەردن.

دووەم: پێغەمبەران بانگیان ئەکەن بۆ تەرکی ئەو رابواردنە کە ئولفەتیان پێوە گرتووە و تەرکی عادەت زۆر گرانە.

سێیەم: ئەگەر قسەی پێغەمبەرەکان وەربگرن ئەبێ ببن بە بچووکیان و فەرمانیان وەربگرن ئەوانیش خۆیان لەوان بە گەورەتر ئەزانن و زۆر لایان زەحمەتە لەو پایەی خۆیانە بێنە خوارەوە.

چوارەم: زۆربەی پێغەمبەران و پەیڕەوەکانیان دارایی دنیایان کەم بووە و زۆر دوورە لە دەماخی پیاوی دارای دەست رۆیشتووەوە بێتە خوارەوە بۆ هاورێیی کۆمەڵێکی گەدای بێ‌پایە و مایە.

پێنجەم: ئەو کافرانە بە هۆی بیر و باوەڕی نابار و کردەوەی ستەمکارییەوە دڵیان رەش و رەق بووە و ئامادەیی وەرگرتنی ئامۆژگارییان نامێنێ، مەگەر ئەو ئامۆژگارییە کە ببێ بە هۆی مانەوەی ئەو پایە و مایەی دنیای خۆیانە، بۆ ئەم جۆرە مەبەستە ئامادەیی هەموو تێکۆشان و ئامۆژگاری و خەرجی داراییان هەیە.

شەشەم: ئەوانە لەبەر خەریکبوونی مادییات و لەزەت وەرگرتن لە ئارەزووبازی توانای خۆگرتنەوە و دوورکەوتنەوە لە ئارەزوویان نامێنێ.

www.iqra.ahlamontada.com

تەماشا ئەکەی هەر کاتێ خودا پێغەمبەرێکی ناردووە ئەوانە کە بێدەستەڵات بوون لە بەر ئەوە دڵیان دوور بووە لەو شتانەوە کە باسمان‌کردن بە ئاسانی ئیمانیان هێناوە بە پێغەمبەرەکان مەگەر یەکێکیان کە لە ئیدارەی پیاوێکی خاوەن دەستەڵاتا بووبێ و ژیواری لە پەنای ئەوا بووبێ ئەوەندەی توانیوە دەست لەو وەزعی حازرەی خۆی هەڵبگرێ. هەر لەسەر ئەساسی خاڵی بوونی دڵە لە موخالیفات کە تەمێ و تەربیە تەئسیر ئەکا لە دڵی منداڵا لە ئەوەڵی منداڵییەوە هەتا لە دنیا حاڵی ئەبێ؛ چونکی دڵیان شتی موخالیفی راستی تێدا نییە، بەڵکوو دڵیان خاڵییە لە هەموو شتێ و ئەگەر تەربییەتی خراپیش ببیسن هەر وەری ئەگرن.

بۆیە زاناکانی وڵاتانی موسوڵمان لە شەڕی یەکەمی جیهانەوە تا ئیمڕۆ کە دنیا گۆڕاوە و وەزعی قوتابخانە و زانستگا وەکوو پێشوو نییە، هەمیشە هاوار ئەکەن کە یاسای تەربییەی منداڵ باش تەماشا بکەن هەتا دین و ئایین لە دڵیاندا دابمەزرێ.

وە بە تایبەتی پێویستە هەموو ساڵێ لە کاتی پشووی قوتابخانەدا لە لای مامۆستای دین دەرسی قورئانی پیرۆز و یاسای بیر و باوەڕ و کردەوەی باش و رەوشتی چاك و ئادابی عیبادەت فێر ببن، وە ئەگەر ئەم باوکانە تەربییەی ئەولادیان نەکەن لە پاش گەورەبوونیان تەمێ و تەربییە سوودی نابێ.

بە تایبەتی لەم چەرخەدا کە لە هەموو وڵاتێکدا باری کۆمەڵایەتی رووی کردووەتە دنیاپەرستی و مادەخواهی و ئارەزووبازی و شەهوەترانی، وە بە هیچ شێوەیێ باسی دین و عیبادەت و پرسیاری پاشەڕۆژ و دۆزەخ و بەهەشت لە ئارادا یا نییە یا زۆر کەمە!

وە ئەبێ ئەوەندە بزانن ئادەمیزاد وەکوو پەلەوەر وایە هەمیشە دوو باڵی ئەوی باڵێکی بۆ وەگرتنی زانست و پیشەی بە سوود و وەرگرتنی سوودی ناو عەرز و

www.iqra.ahlamontada.com

سەر عەرز و تەدریبی سوپایی و توانای بەرگری لە دوژمنانی دین و وڵات، وە باڵێکیان بۆ دین پەرستی و خوداناسین و بەندەیی‌کردن و کەسبی خوو و رەوشتی بەرز و جوان‌کردنی نەفس بە مەعنەوییات، بەڵکوو ئەگەر ئەخلاق و مەعنەوییات لە کارا نەبێ باقی عولوومی مادییە ئینسان زۆرتر دوور ئەخاتەوە لە ئینسانییەت. وە بەراورد کراوە ئەو کەسانە کە لەسەر یاسای ناحەق و ناشیرین دەوام ئەکەن وەها حاڵیان ئەگۆڕێ ئەگەر بە حەواسی خۆیان حەقیقەتێ دەرك بکەن موخالیفی ئەو بیر و باوەڕی خۆیانە بێ موبالاتی پێ ناکەن و بە بەتاڵی ئەزانن، وەکوو خودای تەعالا فەرموویەتی.

﴿ وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَظَلُّوا۟ فِيهِ يَعْرُجُونَ ١٤ لَقَالُوٓا۟ إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَٰرُنَا بَلْ نَحْنُ قَوْمٌ مَّسْحُورُونَ ١٥ ﴾

ئەگەر ئێمە دەرگایەکی ئاسمان بکەینەوە بۆ ئەو کافرانە و بە هۆی بازێ ئەسبابەوە سەربکەون بە ئاسمانا هەتا فریشتەکان کە پەنهانن بە چاوی سەر ببین و گەلێ ئاساری تەوانایی خودایان چاو پێ بکەوێ کاتێ هاتنە خوارەوە لە باتی دان‌نان بە گەورەیی خودا و راستی پێغەمبەرەکان و باسکردنی ئەو شتانە کە خۆیان چاویان پێی کەوتووە ئەڵێن: ئێمە چاومان بەسرابوو لە دیتنی شت لەسەر واقیع و ئەشیامان بە خیلافی واقیع دیوە نەك تەنیا هەر چاومان عەیبدار کراوە بەڵکوو هەر خۆمان جادوومان لێ‌کراوە ئەگەرنا چۆن ئینسان وەها بەرز ئەبێتەوە بۆ ئاسمان و ئەو شتانەی چاو پێ ئەکەوێ؟!

﴿ وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِى ٱلسَّمَآءِ بُرُوجًا وَزَيَّنَّٰهَا لِلنَّٰظِرِينَ ١٦ ﴾

بە راستی ئێمە دروستمان کردووە لە ئاسمانا چەن بورجێ و ئاسمانمان جوان کردووە لە بەر چاوی ئەو کەسانەدا کە تەماشای ئەکەن، وە یاخود بە تەرتیبێکی

www.iqra.ahlamontada.com

وەها دروستمان کردووە ئەو کەسانە کە خاوەن بیرن ئیستیفادەی لێ ئەکەن و ئەیکەن بە دەلیل لەسەر وجوود و گەورەیی و تەوانایی خودای تەعالا.

﴿وَحَفِظْنَـٰهَا مِن كُلِّ شَيْطَـٰنٍ رَّجِيمٍ ۝١٧﴾

وە ئاسمانمان پاراستووە لە هەموو شەیتانێکی دوورخراوە لە رەحمەتی خودا. واتە شەیتانەکان ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان بەرز ببنەوە بۆ ئاسمانەکان و وەسوەسە بخەنە دڵی فریشتەکانی ئاسمانەوە و ناتوانن هیچ شتێ بکەن لە ئاسمانەکانا.

﴿إِلَّا مَنِ ٱسْتَرَقَ ٱلسَّمْعَ فَأَتْبَعَهُۥ شِهَابٌ مُّبِينٌ ۝١٨﴾

مەگەر کەسێ گوێیان لێ بگرێ و بیەوێ واتەیێ بدزێ ئەوە زووبەزوو شووڵە ئاگرێ بە ئاشکرا دەرئەچێ و لێی ئەدا و دەفعی ئەکا.

﴿وَٱلْأَرْضَ مَدَدْنَـٰهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَٰسِيَ وَأَنۢبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ ۝١٩﴾

وە عەرزمان راکێشاوە، واتە وامان پان کردووە کە گیانلەبەر بە ئاسایش و ئاسانی ژیواری لەسەر بکەن، ئیتر خواە عەرز خڕ بێ یا هێلکەیی بێ، یا بە هەر جۆرێ‌تر؛ چونکی کورە (خڕ) کە زۆر گردەوارە مادام گەورەیە هەموو ئەندازەیێ لەو وەکوو دەشتێکی پانی گوشاد دەرئەکەوێ.

وە چەن کێوی بەرزی دامەزراویشمان تێدا دروست کردووە بۆ خاتری چەن سوودێ بۆ گیانلەبەران، وە رواندوومانە لەو کێوانەدا، یا لە عەرزا و چ بەرز چ نەوی لە هەموو نەوعە شتێ کە ئەندازەی بۆ دانراوە بە ئەندازەیێ کە حیکمەتی خودا بڕیاری داوە وە یا لە هەر شتێ کە جوان و موناسبی تەبیعەتی ئادەمیزاد و گیانلەبەران بێ، یا لە هەر شتێ کە کێش و قیمەت و ئیعتیباری ببێ لە ناو ئادەمیزاد، یا هەر شتێ کە لە بازاڕدا کێشانەی ئەکرێ و خەڵکی پێویستی پێی هەیە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَجَعَلۡنَا لَكُمۡ فِيهَا مَعَٰيِشَ﴾

وە قەرارمان داوە بۆ ئێوە لە عەرزا ئەو شتانە کە ئێوە پێیان ئەژین لە خواردەمەنی و بەرگ و پۆشاك، وە ئەو شتانە کە پێویستن بۆ شارەوانی وەکوو ئەو دارانە کە بەکار ئەبرێن بۆ خانوو کورسی و تەختە و ئەسبابی کشتوکاڵ و... شتی دیکەیش کە لە ژمارە نایەن.

﴿وَمَن لَّسۡتُمۡ لَهُۥ بِرَٰزِقِينَ ٢٠﴾

وە بڕیارمان داوە و دروستمان کردووە لە عەرزا هۆی ژیوار بۆ ئەو کەسانە کە ئێوە پەیوەندیتان نییە بە رزقی ئەوانەوە، وەکوو ئەو دارانە کە بە چەن ساڵ لەمەولا ئەگەنە کاتی بەر و بەرامە و ئادەمیزادانێکی‌تر ئەیانبەن، وە یا بۆ ئەو کەسانە کە ئێوە وا گومان ئەبەن کە رۆزییان پێ ئەدەن وەکوو خزمەتکار و میوان، وە لە راستیدا ئێوە رۆزی دەریان نین.

﴿وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَآئِنُهُۥ﴾

وە هیچ شتێ نییە کە بێت بە بیری ئینسانێکی هۆشیارا ئیللا لە لای ئێمە گەلێ گەلێ لە عەینی ئەو شتە یاخود لە مادەی تەحویلی ئەو شتە بە زۆری هەیە، لە هاوینی خاوەن گڕەدا و لە زستانی بە وەیشوومەدا مادەی بەفر و مادەی شەماڵی لەبار هەیە لە لای خودا.

﴿وَمَا نُنَزِّلُهُۥٓ إِلَّا بِقَدَرٖ مَّعۡلُومٖ ٢١﴾

بەڵام ئێمە ئەو شتە نانێرین بۆ خەڵق و دەری‌ناخەین بە ئەندازەیەکی زانراوی دیاری وەها نەبێ کە موافیقی حیکمەت و زانستی ئێمە بێ.

﴿وَأَرۡسَلۡنَا ٱلرِّيَٰحَ لَوَٰقِحَ﴾

وە بامان ناردووە یا ئەینێرین بە ئاوسی و هەورمان پێك هێنا پێی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَسْقَيْنَـٰكُمُوهُ﴾

جا لە ئاسمانەوە ئاومان رژاندەخوارەوە و کردمان بە ئاوی خواردنەوەی ئێوە، وە یا رێ و راست ئێوە لەو کاتەدا تینوو بوون و ئاوتان لێ خواردەوە.

﴿وَمَآ أَنتُمْ لَهُۥ بِخَـٰزِنِينَ ﴿٢٢﴾﴾

وە ئێوە خۆتان ئەزانن ئێوە ئەو ئاوەتان لە ناو گۆم و گۆل و شوێنی تایبەتیدا رانەگرتبوو.

﴿وَإِنَّا لَنَحْنُ نُحْىِۦ وَنُمِيتُ وَنَحْنُ ٱلْوَٰرِثُونَ ﴿٢٣﴾﴾

وە هەر وەکوو ئەم هەموو کارە سەرسوڕهێنەرانەمان کردووە و لە دەستمان هاتووە و لە دەستیشمان دێ، لە سەر خواستی خۆمان ئەژیێنین و ئەمرێنین و هەر خۆمان ماوەین و لە پاش مراندنی گیانلەبەران ئەمێنینەوە.

﴿وَلَقَدْ عَلِمْنَا ٱلْمُسْتَقْدِمِينَ مِنكُمْ وَلَقَدْ عَلِمْنَا ٱلْمُسْتَـْٔخِرِينَ ﴿٢٤﴾﴾

وە بە راستی ئێمە عالم و زانایین بەوانە کە لە پێشدا بوون لە ئێوە و بەوانەیش کە لە پاشان هاتوونەتە دنیاوە.

﴿وَإِنَّ رَبَّكَ هُوَ يَحْشُرُهُمْ ۚ﴾

وە هەر وەکوو خودا زانایە بە وجوودیان زانایشە بە کردەوەی خراپە و چاکەیان و بە راستی خودای تەعالا لە پاش ئەوە کە ئەوانەی مراند زیندوویان ئەکاتەوە و گردیان ئەکاتەوە بۆ پرسیار و حسێبی کردەوەیان.

﴿إِنَّهُۥ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿٢٥﴾﴾

بە راستی خودا بە حیکمەتە لە هەر حسێبێکدا بیکا و، زانایە بە کردەوەکانیشیان.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ مِن صَلْصَـٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ﴿٢٦﴾﴾

به راستی ئێمه له ئه‌ووه‌ڵه‌وه ئینسانی یه‌که‌م، که ئاده‌مه، دروستمان کرد له قوڕێکی وشك بووه‌وه‌ی وا وه‌ك له قاڵب درابێ که په‌نجه‌ی پێدا بدرایێ ده‌نگی ئه‌دایه‌وه، وه ئه‌و قوڕه رێکخراوه‌یش له قوڕێکی ره‌شی گۆڕراو بوو، یانی ئه‌و ماده‌ی وجوودی حه‌زره‌تی ئاده‌مه ﷺ وه‌ختی خۆی قوڕیکی ره‌ش بوو حازر و ئاماده کرابوو له‌به‌ر مانه‌وه گۆڕانی به‌سه‌را هاتبوو، جا خودا به ته‌وانایی خۆی گۆڕی به هه‌یکه‌ڵێکی قوڕینی ئینسانی و خاڵی له گیان و هه‌ست و ماوه‌یێ به‌و جۆره مایه‌وه و پاش ئه‌وه به فه‌رمانی خۆی گیانی کرد به به‌را و پارچه‌کانی له‌شی جیا کرده‌وه به ئێسقان و ره‌گ و خوێن و گۆشت به‌و جۆره که خۆی ئه‌زانێ ته‌کوینی حه‌قایق ئه‌کا.

﴿وَٱلْجَآنَّ خَلَقْنَـٰهُ مِن قَبْلُ مِن نَّارِ ٱلسَّمُومِ ﴿٢٧﴾﴾

وه باوکی گه‌وره‌ی پێشووی جینیشم دروست کرد له پێش دروستکردنی ئاده‌مدا له ماده‌یه‌کی ئاگرینی خاوه‌ن گه‌رمی زۆر گه‌رم، وه ئه‌م باوکی جینه‌م له عه‌رزا هێشته‌وه و نه‌ته‌وه‌یان زۆر بوو ده‌ستیان کرد به خراپه‌کاری له عاله‌مدا جا ویستم ئاده‌م دروست بکه‌م.

﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَـٰٓئِكَةِ إِنِّى خَـٰلِقٌۢ بَشَـرًا مِّن صَلْصَـٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ﴿٢٨﴾﴾

وه باسی ئه‌وه بکه که خودای تۆ فه‌رمووی به فریشته‌کان؟: به راستی من ئینسانێك دروست ئه‌که‌م له قوڕێکی ساغی بێ‌غه‌ش که ئه‌ویش له قوڕێکی ره‌شی گۆڕراوه.

﴿فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِى فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَـٰجِدِينَ ﴿٢٩﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

جا کاتێ ڕێکم خست و فووم پیا کرد بە فوویەکی وەها بگەڕێ بە هەموو زەڕاتی لەشیا وە ئەو فووەیش دەرچێ لە هێزی ژیانێ کە وا لە ژێر قودرەت و تەوانایی مندا وە بوو بە گیاندار و ئینسانێکی کامڵ، هەمووتان بکەون بەسەر عەرزا بە شێوەی سوجدەبردن بۆ ئەو بە سوجدەی ئیحتیرام و تەشریف.

﴿فَسَجَدَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمۡ أَجۡمَعُونَ ٣٠ إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰٓ أَن يَكُونَ مَعَ ٱلسَّٰجِدِينَ ٣١﴾

پاش ئەم فەرمانی خودایە فریشتەکان هەموویان سوجدەی ئیحتیرامیان بۆ حەزرەتی ئادەم برد، گەورە و بچووك، شەیتان نەبێ، ئەو دەستی هەڵوەشان و ملی نەدا بەوە کە لە ریزی سوجدەبەران بێ بۆ ئادەم.

﴿قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا لَكَ أَلَّا تَكُونَ مَعَ ٱلسَّٰجِدِينَ ٣٢﴾

خودای تەعالا فەرمووی بە ئیبلیس: ئەی ئیبلیس چیت دەست ئەکەوێ لەوەدا سوجدەت نەبرد لە ناو فریشتەکانا؟

﴿قَالَ لَمۡ أَكُن لِّأَسۡجُدَ لِبَشَرٍ خَلَقۡتَهُۥ مِن صَلۡصَٰلٖ مِّنۡ حَمَإٖ مَّسۡنُونٖ ٣٣﴾

شەیتان وتی: من لەوانە نیم کە سوجدە ببەم بۆ ئینسانێ کە دروستت کردووە لە قوڕێکی ساغی وشکەوە بوو کە لە ئەسڵدا قوڕە ڕەشێکی گۆڕراو بووە.

﴿قَالَ فَٱخۡرُجۡ مِنۡهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٞ ٣٤ وَإِنَّ عَلَيۡكَ ٱللَّعۡنَةَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٣٥﴾

خودای تەعالا فەرمووی بە شەیتان: دەی دەرچۆ لە ئاسمان، یا دەرچۆ لە بەهەشت، یا دەرچۆ لە ناو فریشتەکان، بە راستی لە لایەنی ئێمەوە دەرکراوی لە ناو چاکانا، وە

www.iqra.ahlamontada.com

دوور خراویتەوە لە ڕێز و ئیعتیبار، وە بە راستی لەسەر تۆیە نەفرین لە لایەنی منەوە هەتا ڕۆژێ کە هەموو هۆشیاران لە ئادەمیزاد و پەری زیندوو ئەکرێنەوە بۆ پرسیار و حسێبی قیامەت.

﴿ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِىٓ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾

شەیتان وتی: خودایە مادام کە تۆ دەرت کردم لە مەقامی رەحمەتی خۆت بە هۆی ئەم کارەوە، دە مۆڵەتم بدە هەتا ئەو ڕۆژە کە زیندوو ئەکرێنەوە.

﴿ قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلْمُنظَرِينَ ﴿٣٧﴾ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْوَقْتِ ٱلْمَعْلُومِ ﴿٣٨﴾ ﴾

خودا فەرمووی: وا بڕیارم دا کە تۆ لە مۆڵەتدراوانیت هەتا ڕۆژی ئەو کاتە کە دیاری کراوە بۆ مردنی هەموو گیانلەبەران.

﴿ قَالَ رَبِّ بِمَآ أَغْوَيْتَنِى لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٣٩﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٤٠﴾ ﴾

جا شەیتان وتی: مادام تۆ لەسەر ئەو سوجدە نەبردنە بۆ ئادەم منت کرد بە یەکێ لە گومڕاهان، ئەبێ هەمیشە من تێ بکۆشم هەرچی گوناه و تاوانباری و بیر و باوەڕی ناشیرین و کردەوەی ناپەسەند هەیە جوانیان بکەم لە بەرچاوی ئادەم و نەتەوەکەیا لە عەرزا و، هەموویان سەرپاك گومڕا ئەکەم، مەگەر ئەو بەندە پاکانەت کە ساغت کردوون و هەڵت بژاردوون بۆ ئەوە بەندەیی تۆ بکەن.

﴿ قَالَ هَٰذَا صِرَٰطٌ عَلَىَّ مُسْتَقِيمٌ ﴿٤١﴾ ﴾

خودا فەرمووی: جیاکردنەوەی خاوەن ئیخلاسەکان لە گومڕاه بوون ڕێگەیەکی ڕاست و یاسایەکی دامەزراوە لەسەر خۆمم بڕیار داوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ إِنَّ عِبَادِى لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَـٰنٌ إِلَّا مَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ ﴿٤٢﴾ ﴾

بە راستی بەندەکانی من ئەوانە کە پەیوەندییان بە منەوە ساغە هیچ هێزێ و هیچ دەسەڵاتێکی تۆیان لەسەر نییە، بەڵام ئەوانە کەوا پەیڕەوی تۆ ئەکەن لە گومڕاکان ئەوانە دەستەڵاتت هەیە کە بە خەیاڵاتی بێسەر و بەر و بە وەسوەسەی بێسوود تووشیان بکەی.

﴿ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمَوْعِدُهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٤٣﴾ لَهَا سَبْعَةُ أَبْوَابٍ لِّكُلِّ بَابٍ مِّنْهُمْ جُزْءٌ مَّقْسُومٌ ﴿٤٤﴾ ﴾

وە بە راستی دۆزەخ مەوعیدی ئەوانە بۆ هەموویان، وە دۆزەخ حەوت قاپی هەیە، کە لەو قاپییانەوە ئەهلی دۆزەخ ئەڕۆنە ژوورەوە، وە بۆ هەموو دەرگایەك لەو حەوت دەرگایە بەشێکی دیاریکراو هەیە لەو کافرانە و لەو گومڕاهانە، وە ئەمە ئەنجامی ناکامی گومڕاهانە هەتا هەتایە.

﴿ إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى جَنَّـٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿٤٥﴾ ﴾

بە راستی خاوەن پارێزەکانی بەندەکانم وان لە ناو چەن باخ و بێستان و سەرچاوە ئاوێکدا.

﴿ ٱدْخُلُوهَا بِسَلَـٰمٍ ءَامِنِينَ ﴿٤٦﴾ ﴾

کاتێ کە لێی نزیك بوونەوە فریشتەکان دێن بە پیری ئەوانەوە و پێیان ئەڵێن: فەرموون بڕۆنە ناو ئەم ماوای جوانەوە بە حاڵێکەوە کە سەلامەتی و دووریيە لە ترسی دەرچوون و ئازاری دەروون و ناساغی لەش و ماندووبوون.

﴿ وَنَزَعْنَا مَا فِى صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ إِخْوَٰنًا عَلَىٰ سُرُرٍ مُّتَقَـٰبِلِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە دەردێنین ئەوەی کە لە دڵ و دەروونیانا هەبوو لە کینە و قاری ماوەی ژیانی دنیا بەرابەر بە یەکتر لە هەر هۆیەکەوە بووبێ، وە حاڵیان وا ئەبێ وەکوو برای خۆشەویستیان پێ‌دێ، وە لەسەر کورسی بەرزی جوان بە بەرابەری یەکەوە دائەنیشن لە کاتی دیدەنی کردنی یەکتردا.

﴿ لَا يَمَسُّهُمْ فِيهَا نَصَبٌ وَمَا هُم مِّنْهَا بِمُخْرَجِينَ ﴿٤٨﴾ ﴾

قەت نادا لەوان لە بەهەشتا ماندووبوونی دڵ و لەش، وە ئەوانیش لەوانە نین کە لە بەهەشت دەربکرێن، وە هەتا هەتایە ئەم نیعمەتە پایەدارە بۆیان.

﴿ نَبِّئْ عِبَادِىٓ أَنِّىٓ أَنَا ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٤٩﴾ وَأَنَّ عَذَابِى هُوَ ٱلْعَذَابُ ٱلْأَلِيمُ ﴿٥٠﴾ ﴾

مادام ئاگادار بووی بە سەر ئەووەڵ و ئاخری کاری ئادەم و ئیبلیسدا وە لەسەر ئەو ناحەزی و دوژمنایەتییە کە وا لە ناو خۆیان و نەتەوەیانا تۆ، ئەی پێغەمبەری خۆشەویست، خەبەر بدە بە بەندە ساغەکانم بەوە کە من تاوانبەخش و میهرەبانم بۆیان، وە بە راستی کە کەوتمە سزادانی کافران و تاوانبارانیش ئەو سزای کە لە لایەنی منەوە بۆیان دەنێررێ سزایەکی سەخت و نابار و ناهەموارە.

﴿ وَنَبِّئْهُمْ عَن ضَيْفِ إِبْرَٰهِيمَ ﴿٥١﴾ إِذْ دَخَلُوا۟ عَلَيْهِ فَقَالُوا۟ سَلَٰمًا قَالَ إِنَّا مِنكُمْ وَجِلُونَ ﴿٥٢﴾ ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست خەبەر بدە بە قەومەکەت لە هاتنی میوانەکانی حەزرەتی ئیبراهیم کە فریشتەی مەئمووری ئێمە بوون لەو کاتەدا کە چوونە ماڵەوە بۆ ژوور و لە ناکاوا دابارین بەسەر ئیبراهیمدا وە لەو کاتەدا کە هەموویان سەلامیان لە ئیبراهیم کرد لەبەر ئەوە کە لە ناکاوا هاتنە ماڵەوە و ئەو، ئەوشێوەی نەدیبوو لە

www.iqra.ahlamontada.com

پاش جوابدانەوەی سەلامەکەیان فەرمووی: ئێمە لە ئێوە ئەترسین؛ چونکی بە بێ‌ئیزن و لەناکاوا هاتن و بە تایبەتی کە نانیان بۆ هێنان نانیان نەخوارد.

﴿ قَالُواْ لَا تَوْجَلْ إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَٰمٍ عَلِيمٍ ﴿٥٣﴾ ﴾

عەرزیان کرد: نە، مەترسە ئێمە لە دۆستانین و بە راستی موژدەت پێ ئەدەین بە پەیدابوونی کوڕێکی زانا بە کتێبی ئاسمانی و زانستی خودایی وەکوو ئیسحاق بێ.

﴿ قَالَ أَبَشَّرْتُمُونِي عَلَىٰٓ أَن مَّسَّنِيَ ٱلْكِبَرُ فَبِمَ تُبَشِّرُونَ ﴿٥٤﴾ ﴾

ئەویش بە سەرسوڕمانەوە فەرمووی: ئایا موژدەم پێ ئەدەن لەگەڵ ئەم تەمەنەدا کە لەگەڵ منداڵی تازەدا ناگونجێ؟! ماشەڵڵا بە چ شتێکی سەرسوڕهێنەری دنیایی موژدەم ئەدەنێ!

﴿ قَالُواْ بَشَّرْنَٰكَ بِٱلْحَقِّ فَلَا تَكُن مِّنَ ٱلْقَٰنِطِينَ ﴿٥٥﴾ ﴾

ئەوانیش فەرموویان، موژدەمان پێداوی بە شتێ کە راستە و تۆ مەبە بەوانە کە بێ‌هیوان لە کەرەمی خودا.

﴿ قَالَ وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ ﴿٥٦﴾ ﴾

ئەویش فەرمووی: من پیرم و لە تەمەنی پیری خۆم سەرم سوڕئەمێنێ ئەگینا کێ لە رەحمەت و میهرەبانی خودا هیوابڕاو ئەبێ ئەوانە نەبێ کە گومڕان و خودا ناناسن؟!

﴿ قَالَ فَمَا خَطْبُكُمْ أَيُّهَا ٱلْمُرْسَلُونَ ﴿٥٧﴾ ﴾

جا کاتێ هێمن بووەوە پێی فەرموون، باشە بەم شێوە کە لە مەئمووری ئیشێکی گەورە ئەچن ئیشتان چییە و بۆچی هاتوون ئەی فریشتە رەوانەکراوەکان؟

﴿ قَالُوٓاْ إِنَّآ أُرْسِلْنَآ إِلَىٰ قَوْمٍ مُّجْرِمِينَ ﴿٥٨﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

عەرزیان کرد: ئێمە لە لایەنی خوداوە نێرراوین بۆ لای گەلێکی تاوانبار کە گەلی لووتی برازاتن، هەموویان لە ناو ئەبەین.

﴿ إِلَّآ ءَالَ لُوطٍ إِنَّا لَمُنَجُّوهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٥٩﴾ إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ قَدَّرْنَآ إِنَّهَا لَمِنَ ٱلْغَـٰبِرِينَ ﴿٦٠﴾ ﴾

کۆمەڵی خانەدانی لووت نەبێ کە موسوڵمانن، بە راستی هەموو ئەو خانەدانە رزگار ئەکەین ژنەکەی لووت نەبێ، بڕیارمان داوە لەسەر لە ناو بردنی؛ چونکی بە راستی ئەو ژنە لە کۆمەڵە تاوانبارەکەیە کە دەبێ تێدا بچن و چی بۆ ئەوان بێت بۆ ئەویش ئەبێ.

﴿ فَلَمَّا جَآءَ ءَالَ لُوطٍ ٱلْمُرْسَلُونَ ﴿٦١﴾ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ مُّنكَرُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾

جا کاتێ ئەو فریشتانە هاتن بۆ لای ماڵی لووت حەزرەتی لووتیش دڵی لێیان ترسا و فەرمووی: ئێوە کۆمەڵێکی نەناسراون، یا دڵم ئولفەتی نییە لەگەڵتانا لە ترسی ئەوە نەوەك لە لایەنی ئێوە تووشی ئاشووبێك ببم.

﴿ قَالُوا۟ بَلْ جِئْنَـٰكَ بِمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَمْتَرُونَ ﴿٦٣﴾ ﴾

ئەوانیش فەرموویان: نەخەیر، بۆ ئاشووب و زیانگەیاندن بە تۆ نەهاتووین، بەڵکوو هاتووین بە فەرمانبەری لەسەر ئەو سزایە کە گەلەکەت گومانیان هەبوو تیایا و باوەڕیان پێ نەدەکرد لەو کاتانەدا تۆ هەڕەشەت لێ ئەکردن.

﴿ وَأَتَيْنَـٰكَ بِٱلْحَقِّ وَإِنَّا لَصَـٰدِقُونَ ﴿٦٤﴾ ﴾

وە هاتووین بۆ لای تۆ بە فەرمانێکی واقیعی وا کە لەسەر سزادانیان دەرچووە و ئێمە چیت پێ ئەڵێین راستە و ئێمە راستگۆین.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِّنَ ٱلَّيْلِ وَٱتَّبِعْ أَدْبَٰرَهُمْ وَلَا يَلْتَفِتْ مِنكُمْ أَحَدٌ وَٱمْضُواْ حَيْثُ تُؤْمَرُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾

تۆ شەوڕەوی بکە بە ماڵ و خێزانەکەت لە بەشێکی شەودا، واتە هێشتا شەوی مابێ و بکەوە دوای ئەهلەکەت بە پەلە بیانبە بە ڕێگەدا با دوور بکەونەوە لە وڵاتەکەتان و با کەس لە ئێوە بەرەودوای خۆی لا نەکاتەوە و تەماشای دووکەڵ و شوێنەواری وێرانی وڵاتەکە بکا و عەقڵی پەرێشان ببێ، وە یاخود بە نەگبەتی و شوومی ئەو گەلە تاوانبارە تووش ببێ، وە بڕۆن بۆ ئەو شوێنە کە ئەمرتان پێ ئەکرێ لە لایەنی خوداوە کە بچن بۆی.

﴿ وَقَضَيْنَآ إِلَيْهِ ذَٰلِكَ ٱلْأَمْرَ ﴾

وە وەحیمان کرد بۆ لای لووت ئەو رازە خاوەن نرخە کە ئەمەیە.

﴿ أَنَّ دَابِرَ هَٰٓؤُلَآءِ مَقْطُوعٌ مُّصْبِحِينَ ﴿٦٦﴾ ﴾

کە پاشماوەی ئەو قەومە بڕاوەتەوە لە حاڵێکدا کەوتنە کاتی بەیانی، واتە هەر وڵاتێ وێران ببێ و هەر کۆمەڵێ بفەوتێن بازێکیان رزگار ئەبێ و ئەبن بە پاشماوە، بەڵام گەلی لووت ئەو پاشماوەیشیانە نامێنێتەوە و هەموو بە جارێ بەرو دوایان ڕیشەکەن ئەبن.

﴿ وَجَآءَ أَهْلُ ٱلْمَدِينَةِ يَسْتَبْشِرُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾

کاتێ خەڵکی تاوانباری وڵاتی لووت عليه السلام ئاگادار بوون لەوە کە لووت میوانی هاتووە هاتن بۆ لای میوانەکان و خۆشامابیان کرد بۆ خۆیان بە هاتنی ئەو قەومە بۆ ئەوە کە کاری بەد و بەدئەخلاقییان لەگەڵدا بکەن.

﴿ قَالَ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ ضَيْفِى فَلَا تَفْضَحُونِ ﴿٦٨﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

حەزرەتی لووت کە بە خەیاڵی ناپاکی گەلەکەی زانی و زانی چ تەمایەکیان بە میوانەکانی هەیە فەرمووی: تکا ئەکەم ئەمانە میوانی خانەدانی ئێمەن ئابڕووم مەبەن و بێشەرمی لەگەڵ ئەو میوانانەدا مەکەن!

﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُخۡزُونِ ٦٩﴾

لە خودا بترسن و کاری خراپ و فاحیشە لەگەڵ ئەوانا مەکەن و منیش رسوا مەکەن.

﴿قَالُوٓاْ أَوَلَمۡ نَنۡهَكَ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٧٠﴾

ئەوانیش بە شێوەی سەرزەنش بە لووتیان وت: تۆ حەقت چییە بەسەر ئەم رجا و تکایەوە ئایا ئێمە لەمەوپێش مەنعمان نەکردی لە پەنادانی عالەم یا لە میوانداری خەڵك و جێکردنەوەی غەریب؟

﴿قَالَ هَٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِيٓ إِن كُنتُمۡ فَٰعِلِينَ ٧١﴾

ئەویش فەرمووی: قابیل نییە ئینسانێ کە خاوەن ناموس بێ لەم جۆرە کردەوە ناشرینانە بێدەنگ بێ، وە من ئامۆژگاریتان ئەکەم، ئا ئەو ژنانی خۆتانە کە وەك کچانی من وەهانە ئامادەن لەبەردەستانا ئەگەر ئێوە ئەتانەوێ نیازی ئارەزووی خۆتان بەکار بێنن، یاخود ئەو ژنانە وان لە ماڵی مندا کچی منن و من مارەیان ئەکەم بۆتان و پاك و تەمیز و ئامادەن ئەگەر ئێوە کاری وەها ئەکەن.

﴿لَعَمۡرُكَ إِنَّهُمۡ لَفِي سَكۡرَتِهِمۡ يَعۡمَهُونَ ٧٢﴾

جا خودای تەعالا بۆ بەیانی حاڵی ناهەمواری ئەو قەومە بەدە، قسە لەگەڵ لووتدا ئەکا و ئەفەرموێ! بە گیانی تۆ و بە ژیانی تۆ! ئەو گەلە بەدکردارە لەسەرخۆشی و گومڕاهی خۆیاندا سەرگەردانن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَأَخَذَتْهُمُ ٱلصَّيْحَةُ مُشْرِقِينَ ٧٣﴾

جا دەنگی فریشتەی خاوەن فەرمان، وە یا دەنگی بورکانی ولآت وێرانکەر ئەو قەومەی لە کاتی هەتاو کەوتنا گرت.

﴿فَجَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِمْ حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ ٧٤﴾

وە لای ژوورووی ئەو ولآتەمان کرد بە لای خوارووی، واتە ژێر و بانمان کرد و وردە بەردی لە چەشنی «سەنگی گڵ»مان بەسەرا باراندن.

﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّلْمُتَوَسِّمِينَ ٧٥﴾

بە راستی هەیە لەم کارەساتەدا چەن نیشانە و چەن دەلیل لەسەر تەوانایی خودا و لەسەر ئەوە کە خودا تۆڵە ئەسێنێتەوە لەوانە کە کاری ناپەسەند ئەکەن، وە ئەم دەلیلانە بۆ ئەو کەسانەن کە خاوەن بیر و خاوەن وردین لە تەماشاکردنی رووداوەکانی جیهانا.

﴿وَإِنَّهَا لَبِسَبِيلٍ مُّقِيمٍ ٧٦﴾

وە ئەو نیشانە و دەلیلانە کە دەرکەوتوون لە وێرانکردنی ئەو قەومی لووتەدا وان لە رێگەی هاتوچۆتانا بۆ تیجارەت و ژیواری خۆتان.

﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ ٧٧﴾

وە بە راستی هەیە لەم جۆرە حەق سەندنەدا لە نامەردان نیشانەی گەورەیی خودا بۆ ئەو کەسانە کە باوەڕیان بە خودای تەوانا هەیە.

﴿وَإِن كَانَ أَصْحَٰبُ ٱلْأَيْكَةِ لَظَٰلِمِينَ ٧٨﴾

وە بە راستی گەلی ناوبراو بە «أصحاب الأيكة» واتە خاوەن بێشەکان، ستەمکار بوون.

www.iqra.ahlamontada.com

ئەم گەلە گەلی حەزرەتی شوعەیب بوون و لە ولاّتەکەیانا بێشەلاّن و دارستانێکی زۆر پڕو چڕ بوو، بە ناوی ئەو دارستانەوە ناسران، وە خودا شوعەیبی نارد بۆ سەریان و زۆر ئامۆژگاری کردن سوودی نەبوو لە ئەنجاما خودا گەرمای نارد بۆ سەریان حەوت شەو و حەوت رۆژ گەرما وا هێرشی برد بۆ سەریان نزیك بوو دەماخیان بێتە کوڵ، وە لە ئاخر رۆژا هەورێکی نارد بۆ سەریان و ئەوان رۆیشتن بۆ ژێر سێبەری هەورەکە، وە لەو هەورەوە خودا گڕەیەکی بەتینی دا بە سەریانا و هەموویان مردن، وەکوو لێرەدا خودا ئەفەرموێ:

﴿فَانتَقَمْنَا مِنْهُمْ﴾

ئێمە تۆڵەی ئەو هەموو نامەردییەمان لێ وەرگرتن.

﴿وَإِنَّهُمَا لَبِإِمَامٍ مُّبِينٍ ﴿٧٩﴾﴾

وە بە راستی قەومی لووت و قەومی شوعەیب ـ شوێنەوارەکانیان ـ وان لە رێگەتانا کە ئەڕۆن بۆ میسر و رێگەکەتان دیارە لە بەرچاوتانا.

﴿وَلَقَدْ كَذَّبَ أَصْحَابُ الْحِجْرِ الْمُرْسَلِينَ ﴿٨٠﴾﴾

وە بە راستی ئەو گەلە کە ناویان ئەبرێ بە «أصحاب الحجر» کە قەومی «سەموود»ن باوەڕیان بە حەزرەتی ساڵح نەکرد و بە درۆیان خستەوە.

وە چونکە ئەویان بە درۆخستەوە وەك ئەوە وایە کە هەموو پێغەمبەرەکانیان بە درۆخستبێتەوە؛ چونکی هەموو پێغەمبەران یەك رێبازیان هەبووە کە خەڵك بانگکردنە بۆ خودا بەیەك ناسین.

﴿وَءَاتَيْنَاهُمْ ءَايَاتِنَا فَكَانُوا عَنْهَا مُعْرِضِينَ ﴿٨١﴾﴾

وە چەن موعجیزاتمان پێدان و نیشانمان دان بۆ ئەوە کە لە بتپەرستی دەسبەردار ببن و روو بکەنە خوداناسی راست و، ئەو موعجیزانە وەکوو دەرهێنانی وشترێ بە

www.iqra.ahlamontada.com

بەچکەوە لە بەردێکی تایبەتی کە خۆیان دیارییان کردبوو، وە لەوە کە رۆژێ هەموو ئاوی بیرەکەی ئەخواردەوە لەگەڵ بەچکەکەیا، وە بە قەی هەموو وشترەکانی ئەوانیش شیری ئەدا، وە لەگەڵ ئەم شتە لە یاسا بەدەرانەدا ئەوان هەر پشتیان کردە هەموویان و موبالاتیان پێ نەکردن.

﴿وَكَانُوا۟ يَنْحِتُونَ مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا ءَامِنِينَ ﴿٨٢﴾﴾

وە ئەم قەومە گەلێ نیعمەتی خودایان لەسەر بوو: لەو ولاتەدا دامەزران و هێزیان پەیدا کرد بەسەر ولاتەکەدا، فێری پیشەی بەردتاشین بوون و حاڵیان وابوو لەو کێوە بەردینانە خانووی خۆشیان ئەتاشی بۆ ئاسایشی خۆیان وە بۆ ئەوە کە دوژمن نەڕوا بەسەریانا، وە مانەوە لەو خانوانەدا بە ئەمینی لە دوژمن.

﴿فَأَخَذَتْهُمُ ٱلصَّيْحَةُ مُصْبِحِينَ ﴿٨٣﴾﴾

بەڵام لەبەر ئەوە کە پشتیان کردە ئەو هەموو شتە لە یاسا بەدەرە و ئەو موعجیزانە کە نیشانمان دان و ئازاری دڵی ساڵحیان دا ئێمەیش تۆڵەمان لێ سەندن و دەنگی فریشتەی ئێمە لە بەرەبەیانا گرتنی.

﴿فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٨٤﴾﴾

وە ئەو خۆقایمکردن و ماڵ و داراییە کە پێمدابوون هیچ سوودی پێ نەدان و هیچی بۆ نەکردن. وە خودا عادەتی وایە کاتێ گەلێ بەرباد بکا دەستیان لە هەموو یارمەتیدانێ، لە هەر کەسێکەوە بێ، ئەبڕێ.

﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۗ وَإِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَـَٔاتِيَةٌ ۖ فَٱصْفَحِ ٱلصَّفْحَ ٱلْجَمِيلَ ﴿٨٥﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئێمە ئەم ئاسمانە و عەرز و ئەوەی لە ناوبەینی ئەمانەدا دروستمان نەکردووە بە دروستکردنێکی حەق و لەگەڵ حیکمەت و یاسای عەداڵەتا نەبێ، وە هەرکەسێ یا هەر کۆمەڵێ کە لە یاسای حەق لابدا هەرچەند لە ماوەیەکدا مۆڵەتیان بدەم بەڵام لە ئەنجاما تۆڵەیان لێ ئەستێنم و لە دەستم دەرناچن، وە بە راستی رۆژی پاشەڕۆژیش بێ‌گومان دێ، جا بە تەواوی هەموو داوایێ فەسڵ ئەکرێ و هەرکەسێ بە حەقی خۆی ئەگا، مادام وایە تۆ حیلم و حەوسەڵەت ببێ و دڵگران مەبە.

﴿ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ ٱلْخَلَّٰقُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٨٦﴾ ﴾

بە راستی خودای تۆ عالەمی دروستکردووە و ئەو زانایە بە راز و نیازی هەموو ئادەمیزاد و پەری و غەیری ئەوان، ئیتر بۆ ئەوە ناشێ کە لە پاش ئەوە ریسالەتی خۆتت گەیاند بە هۆشیاران خۆت زۆر ماندوو بکەی.

﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَٰكَ سَبْعًا مِّنَ ٱلْمَثَانِى وَٱلْقُرْءَانَ ٱلْعَظِيمَ ﴿٨٧﴾ ﴾

وە بە راستی ئێمە داومانە بە تۆ حەوت ئایەتی قورئان لەو ئایەتانە کە لە هەموو رۆژ و شەوێکدا چەن جار لە نوێژا دووپات ئەکرێنەوە، وە زیاد لەم حەوت ئایەتە باقی قورئانی خاوەن پایە و مایەیشم پێداوی کە خەبەری ئەووەڵ و ئاخری هەردوو جیهانی تێدایە کە پڕە لە دەرس و ئامۆژگاری و دامەزراندنی یاسای بەندەیی خودا و، ئیدارەی ژیانی ئینسانانە و پەیداکردنی فەرمانداری و ژیواری بە حورمەت، وە تا دنیا دنیا بێ ئەم قورئانە گەورە سەرچاوەی سوود ئەبێ بۆ ئوممەتەکەت و مایەی بەرزی ئەبێ جا ئیتر دارایی و بەشی باش لەمە زیاتر چۆن ئەبێ و بۆ کێ بووە؟

﴿ لَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّنْهُمْ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئیتر مەڕوانە و چاو مەبڕە ئەو شتانە کە کردوومانن بە مایەی لەزەت و رابواردنی کۆمەڵێ لەو کافرانە؛ چونکی هەموو ئەوانە ئەووەڵ و ئاخر، بە نیسبەتی ئەوەی داومانە بە تۆ قیمەتی نییە.

﴿وَلَا تَحۡزَنۡ عَلَيۡهِمۡ﴾

وە دڵگران و زویر مەبە لەوان ئەگەر ئیمانیان نەهێنا، تۆ ئەوەی لەسەرتە بە جێگەی بێنە.

﴿وَٱخۡفِضۡ جَنَاحَكَ لِلۡمُؤۡمِنِينَ ٨٨﴾

وە باڵی میهرەبانی خۆت رابخە بۆ موسوڵمانەکان؛ چونکی هەر ئەوانن سوپای دنیای تۆ، وە مایەی بەرزی پایەی قیامەت بۆ تۆ، هەتا ئەوان عیبادەتی خودا بکەن تۆ پایەت بەزرتر ئەبێتەوە لە لای خودا.

﴿وَقُلۡ إِنِّيٓ أَنَا ٱلنَّذِيرُ ٱلۡمُبِينُ ٨٩﴾

وە بە ئاشکرا پێیان بفەرموو: بە راستی هەر منم ترسێنەرێکی وا کە ئینزار و ترساندنەکەم بە ئاشکرا بگات بە ئێوە.

﴿كَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَى ٱلۡمُقۡتَسِمِينَ ٩٠ ٱلَّذِينَ جَعَلُواْ ٱلۡقُرۡءَانَ عِضِينَ ٩١﴾

وە ئینزارتان ئەکەم بە وێنەی ئەو سزا کە حەواڵەمان کرد بۆ سەر ئەو کافرانە کە رێگەکانی شاری مەککەیان ئەگرت لە کاتی حەجدا، لە پێش کۆچی حەزرەت و لە دوای کۆچی حەزرەتدا ﷺ تا کاتی فەتحی مەککە، بۆ ئەوە کە مەنعی حاجیانی عەرەب بکەن لە ئیمانهێنان بە حەزرەت ﷺ وە لەبەر ئەوە کە رێگەکانیان لە ناو خۆیانا بەش ئەکرد، وە هەرکەسێ.ئەڕۆیشت بۆ یەکێ لەو رێگانە ناوبران بە «مقتسمين».

www.iqra.ahlamontada.com

یاخود «مقتسمين» ئەو موشریکانەن کە قورئانیان بەش بەش ئەکرد و بە بازێکیان ئەوت: ئەمە شیعرە و، بە بازێکی تریان ئەوت: ئەمە سیحر و جادووە و، بە بازێکی[تر]: ئەمە کەهانە و خەبەردانە لە پەنامەکی بە گۆترە و خەیالات و، بازێکی تریان بە ئەفسانە و قسەی کۆنی گەلانی پێشوو دائەنا.

وە یاخود «مقتسمين» ئەو کافرانی کیتابییەن کە هەرچی لە قورئانا موافیقی کتێبی خۆیان بوو باوەڕیان پێ ئەکرد، وە هەرچی پێچەوانەی بوو ئینکاریان ئەکرد.

بە هەر حاڵ ئەو کافرانە کە قورئانیان وەها بەش بەش ئەکرد هەر یەکێ بە دەردێ گیرۆدە بوو کە لە ناو خۆیانا مەعلووم بوو؛ بازێ لە بەدرا و، بازێ لە حونینا و، بازێ رووداوی قورەیزەی بینی... وە ئەم سزایانە کە پێیان گیرۆدە بوون سزای دنیا بوو، وە سزای قیامەتیشیان ماوە، وەکوو خودا ئەفەرموێت:

﴿فَوَرَبِّكَ لَنَسْـَٔلَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٩٢﴾ عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٣﴾﴾

قەسەم بەو خودایە تۆی پەروەردە کرد لە بچووکییەوە بۆ گەورەیی و، لە نەبوونییەوە بۆ دارایی و، لە بێدەستەڵاتییەوە بۆ دەستەڵاتداری و، لە نەزانینی مەعنەوییاتی نوبووەت و ریسالەتەوە بۆ زانایی بەو مەقامانە و دارایی ئەو مەقامانە و رەهنموونی هۆشیارانی عالەم بۆ رێگەی حەق. پرسیار ئەکەین لەو کافرانە لەو کردەوانەی کە لە دنیادا دەربارەی تۆ کردیان و ئەیکەن.

﴿فَٱصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٩٤﴾﴾

تۆ ئەوەی بۆت هاتووە بە وەحی لە خودا بەیەکناسین و لە ئەحکامی دین بە ئاشکرا دەری ببڕە و هەموو لایەکیان تێبگەیەنە هەتا بێ بە بەڵگە بەسەریانەوە بۆ رۆژی پرسیار لە قیامەتا، وە موبالات مەکە بە کافرە موشریکەکان، هەرچی ئەڵێن و هەرچی ئەکەن قیمەتی نییە و، لە ئەنجاما دینی تۆ سەرئەکەوێ.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿إِنَّا كَفَيْنَٰكَ ٱلْمُسْتَهْزِءِينَ ﴿٩٥﴾ ٱلَّذِينَ يَجْعَلُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿٩٦﴾﴾

ئێمە تۆمان بێ‌نیاز و بێ‌ئیحتیاج کردووە لە دەفعی ئەو کافرانە کە گاڵتەیان بە تۆ ئەکرد. وە ئەوانە «وەلیدی کوڕی موغەیرە» و «عاسی کوڕی وائیل» و «عەدیی کوڕی قەیس» و «ئەسوەدی کوڕی موتەلیب» و «ئەسوەدی کوڕی عەبدی یەغووس»، وە هەرکام لەمانەم بە جۆرێ لە ناو برد. ئەڵێن: وەلیدی کوڕی موغەیرە رابورد بە لای کابرایەکدا سەرەڕمی دروست ئەکرد، وە تەراشێ چوو بە پێیدا و گوێی پێ‌نەدا تا ئاودزی کرد و ئاوسا و بەو برینە مرد.

وە عاسی کوڕی وائیل رۆژێ رۆیشت بە سواری بۆ سەیران و لە شوێنێکدا دابەزی و دڕکێ چو بە پاژنەیا، ئەویش ئاودزی کرد و پێی ئاوسا و مرد.

وە عەدیی کوڕی قەیس تووشی ناساغییەك هات جەراحەت لە لووتیەوە دەرئەچوو بە ناشیرینی مرد.

وە ئەسوەدی کوڕی موتەلیب، حەزرەتی جوبرەئیل گەڵایەکی سەوزی دا بە چاویا و چاوی کەوتەژان و بەو ژانەوە مایەوە تا گیانی دەرچوو.

وە ئەسوەدی کوڕی عەبدی یەغووس تووشی ناساغی ئیسقا بوو بەو دەردە مرد. وە بەم جۆرە شەڕیان لە کۆڵی موسوڵمانان کەوت. (والحمد للّٰه).

﴿وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ ﴿٩٧﴾﴾

ئێمە ئەزانین کە تۆ دڵت تەنگ ئەبێ و سینەت گران ئەبێ بەو قسە تاڵانە و بەو گەپ‌وگاڵتانە و بەو کەلیمەی کوفر و شیرکە و بەو تانە و رەمز و سووککردنە کە لەوانەوە پەیدا ئەبێ و جەزای ئەوان ئەدەینەوە لە سەر کردەوەکەیان، وە پایەی تۆیش بەرز ئەکەینەوە لە سەبر و خۆگرتنەکەتدا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ﴾

دائیما رووبکەرە لای خودا و پەنای بۆ ببە بە تەسبیح و ستایشی ئەو.

﴿وَكُن مِّنَ ٱلسَّـٰجِدِينَ ﴿٩٨﴾﴾

وە لەوانە بە کە نوێژ ئەکەن و سوجدە بۆ خودا ئەبەن.

﴿وَٱعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأْتِيَكَ ٱلْيَقِينُ ﴿٩٩﴾﴾

وە بەندەیی بکە بۆ پەروەردگاری خۆت بە دەوام هەتا مردنت و ئاکامت بۆ دێ، کە شتێکە مەعلووم یەقینە و گومانی تێدا نییە و راستە.

www.iqra.ahlamontada.com

سووره‌تی نه‌حل، مه‌ککه‌ییه، سێ ئایه‌تی کوتایی نه‌بێ نه‌وانه مه‌دینه‌یین،
"١٢٨" ئایه‌ته.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿أَتَىٰٓ أَمۡرُ ٱللَّهِ فَلَا تَسۡتَعۡجِلُوهُۚ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ۝١﴾

حه‌زره‌ت ﷺ ره‌فتاری له‌گه‌ڵ کافره‌کاندا ئه‌مه بوو قورئانی به‌سه‌را ئه‌خوێندنه‌وه و موژده‌ی ئه‌دا به‌وانه که موسوڵمان ئه‌بن و ئینزاری ئه‌وانه‌یشی ئه‌کرد که موسوڵمان نابن به دوو شت: یه‌که‌م سزای دنیا، دووهه‌م سزای پاشه‌ڕۆژ.

جا کافره‌کان له‌به‌ر ئه‌وه کوتوپڕ سزای دنیایان چاو پێ‌نه‌ده‌که‌وت و سزای پاشه‌ڕۆژ له‌م دنیادا نییه، زۆر جار گاڵته‌یان به حه‌زره‌ت ئه‌کرد له کاتی ئینزار و ترساندنیانا، جا خودای ته‌عالا بۆ ئه‌وه هه‌ڕه‌شه‌یان لێ بکا له‌و غه‌فڵه‌ته و له‌و بێ‌موبالاتییه ئه‌م ئایه‌ته‌ی نارده خواره‌وه.

واته: فه‌رمانی خودا به ئیستیحقاقی کافره‌کان له‌سه‌ر سزای دنیایان هاته خواره‌وه دامه‌زراوه و دێته جێگه ئیتر په‌له‌په‌ل بۆ هاتنی مه‌که‌ن، وه ئه‌و سزایه‌ش له‌سه‌ر ئه‌وه‌یه که ئه‌و کافرانه شه‌ریك بۆ خودا بڕیار ئه‌ده‌ن خودای ته‌عالا دووره له‌و هاوڕێ بۆ دانانه‌ی که کافره‌کان وان له سه‌ری.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ يُنَزِّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ بِٱلرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦٓ أَنْ أَنذِرُوٓا۟ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱتَّقُونِ ﴿٢﴾ ﴾

خودای ته‌عالا فریشته‌كانی نازڵ ئه‌كا و ره‌وانه‌یان ئه‌كا له‌گه‌ڵ وه‌حی و ئایاتی خۆیدا كه رۆحی عه‌قڵ و شوعووری ئاده‌میزاده به ناردنێكی وا كه به ئیختیار و خاترخواهی خۆیه‌تی بۆ سه‌ر هه‌ركه‌سێ خواستی ببێ له به‌نده‌كانی وه‌كوو ئیبراهیم و مووسا و موحه‌ممه‌د ﷺ، وه فه‌رمان ئه‌دا به‌و كه‌سانه كه وه‌حی دێته سه‌ریان كه ئه‌و هۆشیارانه هه‌موو بترسێنن له هاوڕێ بڕیاردان بۆ خودا و، باسی ئه‌وه‌یان بۆ بكه‌ن كه كه‌س نییه به راستی به‌نده‌یی بۆ بكرێ و شیاوی فه‌رمانداری بێ مه‌گه‌ر من كه «واجب الوجود» و په‌روه‌ردگاری جیهانم، كه وابێ به‌نده‌یی هه‌ر بۆ من بكه‌ن و له من بترسن.

بزانن! له‌م ئایه‌ته‌دا ته‌فسیری «روح» به «وحی» كرایه‌وه؛ چونكی وه‌حی خودا كه دێته‌خواره‌وه رۆحی عه‌قڵه و عه‌قڵ نوورانی ئه‌كا و عه‌قڵیش رۆحه بۆ دڵ و دڵ رووناك ئه‌كاته‌وه، وه دڵ كه په‌یوه‌ندی هه‌یه به زانسته‌وه رۆحی له‌شی ئینسانه كه وابێ وه‌حی رۆحی ئه‌رواحه، وه جار به جاریش رۆح ئه‌كرێ به ناو بۆ نه‌فسی فریشته، له به‌ر ئه‌وه كه مادام له‌گه‌ڵ وه‌حیدا دێته خواره‌وه، وه وه‌حی رۆحی عه‌قڵه وه‌كوو ئێسته وتمان، كه وابێ وه‌ك ئه‌وه‌یه فریشته‌كه خۆی رۆحه.

وه كه‌لیمه‌ی مه‌لائیكه له‌م شوێنه‌دا به سیغه‌ی جه‌مع له‌به‌ر ئه‌وه‌یه گه‌لێ جار له‌گه‌ڵ جوبره‌ئیلدا كه فریشته‌ی وه‌حیه پۆل پۆل مه‌لائیكه دێنه خواره‌وه یا هه‌ر له‌به‌ر ته‌شریفه بۆ جوبره‌ئیل كه به له‌فزی جه‌مع باسی ئه‌كا.

﴿ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ۚ تَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٣﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

خودای تەعالا ئاسمانەکان و عەرزی بە حەق دروست کردووە بە بێ ئەوە کەس دەخڵ و عەلاقەی بێ بەم ئیبداعەوە کە وابێ خوای عالەم زۆر بەرزە و doorە لەوانەوە کە ئەم کافرانە بڕیاریان ئەدەن بە هاوڕێ بۆ ئەو.

﴿خَلَقَ ٱلْإِنسَـٰنَ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ ﴿٤﴾﴾

خودای تەعالا ئینسانی یەکەمی لە گڵ دروست کرد و ئینسانی دووهەم کە حەوایە دروستی کرد لە بازێ لە لەشی ئەو، وەکوو ریوایەت کراوە حەوای دروست کردووە لە پەراسوویەك لە پەراسووەکانی لای چەپی حەزرەتی ئادەم ﷺ وە ئینسانی سێهەم و باقی ئینسانەکانی دروست کردووە لە، تنۆکێ ئاوی «تۆم»، وە پەروەردەی کردووە لە ئاویەوە بووە بە خوێن و، لە خوێنەوە بووە بە گۆشت و رەگ و ئێسقان، وە لە پاش ئەوە وادەی دەرچوونی دێ، دەری کردووە بۆ دنیا و لە دنیادا لە لاوازی و لە بێهێزییەوە قەڵەوی ئەکا و هێزی پێ ئەدا جا شوعووری پێ ئەدا، وە بە گەلێ شتی پەنامەکی ئەزانێ، وە پاش ئەوە رێگەی پەیداکردنی رزق و رۆزی و پایە و مایەی دنیای پێ نیشان ئەدا، لەگەڵ ئەم هەموو پلە پلەدا کە ئینسان پیادا بەرز ئەبێتەوە کە شیاوی ئەوەیە بیر بکاتەوە و تێ بگا کە خۆی لە خۆیەوە نەبووە بەم زاتە خاوەن پایە و مایە، وە بێگومان پەروەردگارێکی خاوەن دەسەڵاتی زیندووی زانای تەواناى پێویستە، کەچی بە پێچەوانەی ئەمەوە ئەبێ بە ئینسانێکی داواچی بۆ نەبوونی پەروەردگار، وە چاوی خۆی ئەنێ بە یەکا و لەم هەموو ئاسارە کە لە خۆیا هەیە و بە بێ دروستکەر نابن، وە لە دورستکەری بێشوعوورەوە لەوانە نییە بێنە دی، وە رووناکا لە باوەڕ بە پەروەردگار، وە ئەمە زۆر جێگەی سەرسوڕمانە کە لە پاداشی نیعمەتا بێسوپاسی دەربخا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَٱلْأَنْعَٰمَ خَلَقَهَا ۗ لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَٰفِعُ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٥﴾

وە خودای تەعالا وشتر و گا و مەڕ و بزنی دروست کردووە بە تەوانایی خۆی، وە هەیە بۆ ئێوە لە سوودی ئەوا بەرگێ کە ئەبێ بە هۆی گەرمی لەشتان لە کاتی ساردی هەوادا، وە گەلێ سوودیتر وەکوو شیر و دۆ و رۆن و پەنیر و کەشك... وە سواربوونیان و بارپێبردنیان، وە لە نەفسی خۆیان ئەخۆن، واتە سەریان ئەبڕن و گۆشتەکەیان ئەخۆن.

﴿وَلَكُمْ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسْرَحُونَ ﴿٦﴾

وە هەیە بۆ ئێوە لەو حەیوانانەدا دیمەنی جوان و ئیعتیبار بۆ خۆتان لەو کاتانەدا کە لە ئێوارانا ئەیانهێننەوە لە دەشت و دەرەوە بۆ ماڵەوە وە لەو کاتەدا کە سبەینێکان بەرەڵایان ئەکەن بۆ لەوەڕان.

﴿وَتَحْمِلُ أَثْقَالَكُمْ إِلَىٰ بَلَدٍ لَّمْ تَكُونُوا۟ بَٰلِغِيهِ إِلَّا بِشِقِّ ٱلْأَنفُسِ ۚ إِنَّ رَبَّكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿٧﴾

وە ئەو حەیوانانە بارە قورسەکانتان هەڵئەگرن بۆ شارانێ کە ئێوە لەوانە نەبوون پێیان بگەن مەگەر بە زەحمەتی نەفس بە بۆنەی هەڵگرتنیانەوە، بە راستی پەروەردگاری ئێوە خاوەن مەیل و میهرەبانە کە وەها ئەسبابی ئاسایشی بۆ ئێوە دروست کردووە.

﴿وَٱلْخَيْلَ وَٱلْبِغَالَ وَٱلْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا وَزِينَةً ۚ وَيَخْلُقُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٨﴾

وە خودای تەعالا دروستی کردووە بۆ ئێوە ئەسپ و مایین و هێستر و کەر بۆ ئەوە کە سوارییان پێ بکەن و بیانکەن بە هۆی جوانی بۆ خۆتان، وە هەروا دروست

www.iqra.ahlamontada.com

ئەکا بۆ ئێوە ئەوەی کە ئێوە نایزانن وە بەکار ئەبرێن بۆ سواری و زینەت و جوانی؛ وەکوو فرۆکەی ئاسمانی و ساروخ، وە ئوتومبیل لە عەرزی وشکاندا، وە کەشتی و قەیاخ و... لە دەریادا، وە غەیری ئەمانە لەو شتانە کە خودای تەعالا پاش هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە تەوفیقی ئادەمیزادی داوە بۆ دروستکردنیان و بەکار هێنانیان.

﴿وَعَلَى ٱللَّهِ قَصۡدُ ٱلسَّبِيلِ وَمِنۡهَا جَآئِرٞۚ وَلَوۡ شَآءَ لَهَدَىٰكُمۡ أَجۡمَعِينَ ٩﴾

وە لەسەر خودایە بەیانکردنی رێگەی راستی بەرەو حەقیقەت و واقیع وەکوو رێگەی عەقیدە و بیر و باوەڕی ئیسلامی وە لەو رێگانەیشە کە ئادەمیزادی بەسەرا ئەڕوا رێگەی لار و ناڕەوا وەکوو رێگەی شەریك قەراردان بۆ خودا و رێگەی ئاشووب و فیتنە نانەوە لە جیهانا، وە رێگەی کردەوەی ئارەزووبازی و ستەم لە داماوانکردن... وە ئەگەر خواستی ببوایە هەمووتانی شارەزا ئەکرد بۆ رێگەی موناسب و راست لە بیر و باوەڕ و کردەوەدا، بەڵام ئەو خواستەی بۆ هەموو کەس نەبووە بەڵکوو هەر بۆ ئەوانەیە کە ئیختیاری خۆیان داوە بە دەستی عەقڵ و هۆشی ساغەوە و ئەڕۆن بە رێگەدا بە راوێژ و بیر کردنەوە لە رۆژ و پاشەڕۆژ، وە هەرکەسێ عەزم و ئیختیاری خۆی وەها بخاتە کارەوە بێگومان خودای میهرەبان یارمەتی ئەدا و شتی تاریکی بۆ رووناك ئەکاتەوە و شتی گرانی بۆ ئاسان ئەکا و پایەداری ئەکا لەسەر ژیانی پیرۆزی هەردوو جیهان.

﴿هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗۖ لَّكُم مِّنۡهُ شَرَابٞ وَمِنۡهُ شَجَرٞ فِيهِ تُسِيمُونَ ١٠﴾

www.iqra.ahlamontada.com

خودا خوایەکی وەهایە لە ئاسمانەوە ئاوی بۆ باراندوون، بۆ ئێوە هەیە لەو ئاوە ئەوەی خۆتان و گیانلەبەرانی پێویستی خۆتان ئەیخۆنەوە، وە هەر بە هۆی ئاوەوە گیای وا ئەڕوێ کە حەیوانەکانتان لەو گیا ئەلەوەڕێن.

﴿يُنۢبِتُ لَكُم بِهِ ٱلزَّرۡعَ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلنَّخِيلَ وَٱلۡأَعۡنَٰبَ وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ١١﴾

وە خودا رواندوویەتی و ئەڕوێنێ بۆ ئێوە کشتوکاڵێ کە هۆی ژیوارتانە، وەکوو: گەنم و، جۆ و، زەڕات و، چەڵتووك و، داری زەیتوون بۆ ئەوەی رۆنەکەی بگرن بۆ چێشت و بۆ دەرمان وە دانەکەی بخۆن بۆ پێخۆر، وە خورما و ترێی جۆرا و جۆر، وە لە داری بەرداری جۆرا و جۆر لەوانەی کە ئادەمیزاد لە باخاتا پەروەردەیان ئەکا، وە لەوانەیش لە کێوانا ئەڕوێن بە خواستی خۆیان و بێ کەس. وە بە راستی هەیە لەم دروستکردن و بەدیهێنانەدا نیشانەی بە نرخ بۆ ئەو گەلە کە بیر ئەکەنەوە لە مادەی ژیواری ئادەمیزادا.

﴿وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ وَٱلنُّجُومُ مُسَخَّرَٰتُۢ بِأَمۡرِهِۦٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ١٢﴾

وە خودای تەعالا زەمانی شەو و رۆژی رام کردووە بۆ ژیواری ئێوە، رۆژ بۆ پەیداکردنی رزق و رۆزی و شەو بۆ ئاسایش کردن، وە رۆژ و مانگی بۆ رام کردوون؛ رۆژ بۆ پڕتەو رژاندن بە سەر زەوی و گیا و دار و کشتوکاڵا، وە بۆ بەخێوکردنی گیانلەبەران، وە مانگ بۆ رووناکی شەوان بۆ هاتوچۆ و کاروان، وە بۆ هەڵکشان و داکشانی دەریاکان، وە هەموو ئەستێرەکانی تریش هەموویان رام و ئامادەن بۆ بەجێهێنانی کاری خۆیان بە ئەمری خودا، وە بە راستی لەم کارانەدا گەلێ گەلێ نیشانە هەیە

www.iqra.ahlamontada.com

لەسەر بوون و تەوانایی و میهرەبانی خودا بۆ گەلێ کە عەقڵی بیرکردنەوە و دەلیل هێنانەوەیان هەیە.

﴿ وَمَا ذَرَأَ لَكُمْ فِي ٱلْأَرْضِ مُخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهُۥٓ ۗ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَـَٔايَةً لِّقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٣﴾ ﴾

وە خودا دروستی کردووە بۆ ئێوە لەوەی وا لە عەرزا لە گیانلەبەر و لە داری بەر و لەوەی سوودیان لێ وەرئەگرن، بە حاڵێ کە رەنگیان لە یەك جیایە هەرچەند کە لەیەك نەتەوە و یەك ریشەن، بە راستی هەیە لەم گۆڕینی کارانەدا نیشانەی گەورەیی و تەوانایی خودا بۆ گەلێ کە توانای بیرکردنەوەیان هەیە و بیریش بکەنەوە.

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي سَخَّرَ ٱلْبَحْرَ لِتَأْكُلُوا۟ مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُوا۟ مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى ٱلْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٤﴾ ﴾

خودا خودایەکە دەریای رام کردووە بۆ ئێوە بۆ ئەوە کە گۆشتی ناسکی لێ دەربکەن بە هۆی راوی ماسییەوە و بیخۆن، وە بۆ ئەوە کە دەربکەن لە دەریا خشڵێکی وا ئەیپۆشن و خۆتان و ژنەکانتانی پێ ئەڕازێننەوە، وە ئەبینی کەشتییەکان لە دەریادا ئاوەکەی لەت ئەکەن بۆ ئەوە کە هاتوچۆ بکەن بەسەریا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی‌تر بۆ دیدەنی و زیارەت و بۆ ئەوە کە پەیدا بکەن بازێ لەو نیعمەتانە کە خودا بە کەرەمی خۆی دایناوە بۆ ژیانی ئێوە بۆ ئەوە ژیواری پێ بکەن، وە بە هیوای ئەوە سوپاسی ئەو خودا بکەن کە هۆی زیارەت و تیجارەت و خواردەمەنی پەیداکردنی بۆ گونجاندوون.

www.iqra.ahlamontada.com

بزانن! له جومله‌ی زینه‌تێ که خودا دروستی کردووه له ده‌ریادا «مه‌رجان»ه، که گیایه‌که له ده‌ریادا په‌یدا ئه‌بێ و له ماوه‌ی ده ساڵا پێ ئه‌گا، وه ئه‌بێ له ژێر ئاوا بێ و نابێ هه‌تاو لێی بدا و شوێنه‌که‌یشی ئه‌بێ لای که‌می سی (٣٠) مه‌تر قووڵ بێ.

﴿وَأَلْقَىٰ فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَأَنْهَارًا وَسُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٥﴾﴾

وه خودا دایخستووه له زه‌ویدا چه‌ن کێوێکی به‌رز و بڵند نه‌بادا زه‌وی لار ببێته‌وه به‌سه‌رتانا و کێش و باری تێك بچێ، وه له‌م زه‌وییه‌دا به هۆی ئه‌و باران و سه‌رچاوه ئاوانه‌وه چه‌ن رووبارێکی گه‌وره و بچووکی دروست کردووه بازێکیان بۆ خۆرهه‌ڵات و بازێکیان بۆ خۆرئاوا و بازێ بۆ باکوور و بازێکی بۆ باشوور ره‌وان ئه‌بن هه‌تا ئه‌گه‌ن به ده‌ریاکان، هه‌روا دروستی کردووه بۆتان چه‌ن رێگایێ، واته له‌و زه‌وییه‌دا یا له کێوه‌کانا چه‌ن شوێنێکی وه‌های دروست کردووه که بۆ ئه‌وه ئه‌شێن بکرێن به رێگای هاتوچۆ و ئاده‌میزاد به سه‌لامه‌تی پیایانا بڕوا بۆ شوێنێ که بیانه‌وێ.

﴿وَعَلَامَاتٍ وَبِالنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ ﴿١٦﴾﴾

وه له زه‌ویدا و له کێوه‌کانا چه‌ن نیشانه‌یه‌کی بۆ دروست کردوون که ئه‌بن به هۆی شاره‌زایی و راگرتنی رێگه تا ئه‌گه‌ن به‌و شوێنه ئه‌یانه‌وێ بۆی بڕۆن، بۆ نموونه: له سارای پاناوه‌ری دوور به هۆی بازه کێوێکه‌وه نه‌بێ ئاده‌میزاد ون ئه‌بن، هه‌روا له بازه کێوێکدا ئه‌گه‌ر بازه شانه و مله‌یێ نه‌کرێ به نیشانه هه‌موو که‌س رێگه ون ئه‌که‌ن به تایبه‌تی له کاتی به‌فرا که ئه‌و وڵاته به به‌فر داپۆشرابێ. وه هه‌م خودا ئه‌ستێره‌ی کردووه به نیشانه بۆ رێگه‌ی کاروان بۆ کاتی کشتوکاڵ وه بۆ گردکردنه‌وه‌ی رزق و رۆزی و ژیواری ئینسان و باقی گیانله‌به‌ران به هۆی ده‌رکه‌وتنی ئه‌وانه‌وه یا ئاوابوونیان، یا وه‌زعی ئاسمانییان ئاده‌میزاد له کارا سه‌ر ده‌رئه‌که‌ن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لَّا يَخْلُقُ ۗ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿١٧﴾﴾

لەگەڵ ئەم هەموو تەسەڕوفاتە عەجائیبانەدا هێشتا بیر ناکەنەوە کە زاتی خودا خۆی توانایە لەسەر هەموو کارێ و هاوڕێی بۆ بڕیار ئەدەن لە نەوعێ کە بێ گیان و ناتەوانە، ئایا خودایێ کە پەروەردگاری عالەمە وەکوو شتێکە کە هیچ کارێکی پێ نەکرێ و نەتوانێ هیچ دروست بکا، ئایا هێشتا بیر ناکەنەوە هەتا ڕاست و درۆ لە یەك جیا بکەنەوە؟!

﴿وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا ۗ إِنَّ اللَّهَ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٨﴾﴾

وە بێجگە لەم هەموو ئاسارانە کە لە ئاسمان و زەویدا هەن و دەلیلن لەسەر یەکیەتی خودا ئەگەر تەماشای نەفسی خۆیشتان بکەن ئەوەندە نیعمەتی خودا ئەبینن وەکوو ساغی لەش و سیمای شیرین و، چاو و، گوێ و، زمان و، دەست و، پەنجە و، جیهازی پەنامەکی و، دڵ و میعدە و... ڕزق و، ڕۆزی و، پایە و، مایە و... ئەگەر بتانەوێ بیانژمێرن ناتوانن پیایانا بگەن و هەموویان بژمێرن، وە نیعمەتەکانیش ئەوەندە گەورە و بە نرخن ئینسان ناتوانێ قیمەتیان بدا، لەگەڵ ئەوەدا سوپاسیشی ناکەن لەسەریان، وە بە ڕاستی خودا تاوانبەخش و میهرەبانە بۆ ئێوە ئەگەرنا لەسەر ناسوپاسی لە ناوی ئەبردن.

﴿وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ ﴿١٩﴾﴾

وە بێ گومان خودا ئەزانێ بەوەی بە پەنامەکی ئەیکەن و بەوەی بە ئاشکرا ئەیکەن، هیچ ڕاز و نیاز و بیر و باوەڕ و کردەوەی کەسی لێ ون نابێ.

﴿وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَا يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ ﴿٢٠﴾﴾

وە ئەو بتانە کافرەکان بانگیان ئەکەن و ئەیانپەرستن و بە پەرستیاری ئەوانە لائەدەن لە خودای تەعالا، ناتوانن هیچ شتێ دروست بکەن و خۆیان دروست ئەکرێن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ أَمْوَٰتٌ غَيْرُ أَحْيَآءٍ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ ﴿٢١﴾ ﴾

ئەو بتانە مردوون و زیندوو نین، وە ئەو زاتە پەرستیاری بکرێ پێویستە «بالذات» و بە بێ ئیحتیاج بە غەیر زیندوو بێ، وە نازانن کەی رۆژی زیندوو بوونەوەی هەواخواهەکان دێ چ جای ئەوە کە شیاوی ئەوە بن جەزایان بۆ بڕیار بدەن، وە لە لای خودا تکایان بۆ بکەن.

﴿ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ﴾

ئەی ئادەمیزادی بتپەرستی بێدەماخ، وە یا ئەی هۆشیارانی ئەهلی تەکلیف و پرسیار، خودای هەمووتان یەك خودایە و دەلیلی عەقڵی و نەقڵی هەیە لەسەر ئەوە کە «واجب‌الوجود» و تەوانایە بەسەر هەموو مومکیناتا، کەوابوو کەس غەیری ئەو پێویست نییە و وجوودی بێ‌کەڵك و بێ‌هوودەیە.

﴿ فَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ قُلُوبُهُم مُّنكِرَةٌ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾

وە ئەو کەسانە کە لەگەڵ ئەم هەموو دەلیلانەدا دان نانێن بە تەوحیدی خودادا لەبەر ئەوەیە کە پرسیاری پاشەڕۆژیان بەلاوە تاڵە و ئەوانە کە حاڵیان وایە و باوەڕ بە پاشەڕۆژ ناکەن دڵەکانیان ئینکاری حەق ئەکا و ئەوانەیش خۆ بە گەورە ئەزانن و مل نادەن بە پێغەمبەر.

﴿ لَا جَرَمَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْتَكْبِرِينَ ﴿٢٣﴾ ﴾

بێ‌گومان خودای تەعالا زانایە بەوە کە ئەیشارنەوە لە دڵیانا و لە پەنادا وە ئەوەی بە ئاشکرا ئەیکەن، ئەو خۆبەزل زانینەیان لە چییە بە راستی خودا خاوەن دەمار و بە فیزەکانی خۆش ناوێ.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُم مَّاذَآ أَنزَلَ رَبُّكُمْ ۙ قَالُوٓاْ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾

کاتێ کە بازێ لەوانە بە گاڵتەوە پرسیار لە بازێکیان ئەکەن و ئەڵێن: خودای ئێوە چی نازڵ کردووە بۆ سەر موحەممەد؟ وەها وەڵامیان ئەدەنەوە ئەڵێن: ئەفسانە کۆنەکان کە لە ناو ئادەمیزادی کۆندا باو بوون! واتە لە حەقیقەتا خودا هیچ ئایەتی نازڵ نەکردووە هەر موحەممەد خۆی ئەڕوا ئەو حیکایەتە کۆنانە کە لە ناو خەڵکدا باو بوون ئەیانگێڕێتەوە بۆ خەڵك و ئەڵێ ئەمە کەلامی خودایە و فریشتەی پیرۆز هێناویەتیە خوارەوە، وە ئەو کافرە بێشعوورانە ئەم درۆ و دەلەسە بۆ ئەوە ئەکەن.

﴿ لِيَحْمِلُوٓاْ أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۙ وَمِنْ أَوْزَارِ ٱلَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ ﴾

هەتا تاوانی خۆیان بە تەواوی هەڵبگرن لە ڕۆژی قیامەتا و بازێ لە تاوانی ئەوانەیش کە ئەمان گومڕایان ئەکەن بە قەی ئەوە کە گومڕایان ئەکەن و ئەبن بە هۆی تێکدانی دڵی ئەوان، ئەنا ئەوانە خۆ ئەفامن حەقیان وابوو بیر بکەنەوە موبالات بە قسەی ئەمانە نەکەن.

﴿ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾

بێداربنەوە! گەلێ ناپەسەند و نابارە ئەو تاوانە ئەوان لە ڕۆژی قیامەتا هەڵی ئەگرن!

﴿ قَدْ مَكَرَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَأَتَى ٱللَّهُ بُنْيَٰنَهُم مِّنَ ٱلْقَوَاعِدِ فَخَرَّ عَلَيْهِمُ ٱلسَّقْفُ مِن فَوْقِهِمْ وَأَتَىٰهُمُ ٱلْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٦﴾ ﴾

خودای تەعالا بۆ دڵدانەوەی حەزرەت ﷺ ئەفەرموێت: ئەم کردەوە نابارانە ئەم کافرانە لەگەڵ تۆدا ئەیکەن لە ناو کافرە پێشووەکانیشا وێنەی بووە، بە ڕاستی

www.iqra.ahlamontada.com

گەلێ مەکر و فرو فێڵیان لەگەڵ ئەو پێغەمبەرانەدا کرد کە بۆیان رەوانە کرابوون و چەن خانە و لانەی نامەردییان دروست کرد و کردیان بە کەمینگا بۆ دوژمنایەتی پێغەمبەرەکان، جا خودای تەعالا هات بەسەر ئەو خانە و لانەدا کە دروستیان کردبوو هەر لە بناغەکانیانەوە هەڵی کەندن و سەرمیچی خانووەکان داکەوت لەسەرەوە بەسەریانا و سزای خودایان بۆ هات، لە لایەکەوە شوعووریان نەدەشکا بەوەدا کە لەو شوێنەوە ئەو سزایان بۆ دێ.

خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە: ئەم ئایەتە پیرۆزە وارید بووە لەسەر تەشبیهـ و تەمسیل وە لە واقیعا مەبەست نەفسی خانوو نییە، بەڵکوو ئەو فرو فێڵی کافرانە تەشبیهـ کراوە بە خانووی کەمینگا لەوەدا کە مەبەست زیان گەیاندنە بە دوژمن، وە بەتاڵکردنەوەی فرو فێڵەکانیشیان بە لەسەر زیانی خۆیان بە رووخاندنی خانووی کەمینەکە بەسەر خۆیانا، بەڵام بە شێوەی تەشبیهی تەمسیلی نەك تەشبیهی موفرەد بە موفرەد. وە بازێ فەرموویانە: هەر حەقیقەتە و مەبەست ئەو بورجەیە کە نەمروودی کوڕی کەنعان دروستی کردبوو بۆ ئەوە ـ بەگومانی خۆی ـ سەرکەوێت و موراقەبەی ئەخباری ئاسمان بکا و بەرهەڵستی واتەی ئایین و دین بکا و مەیدانی بڵاوبوونەوەی ئامۆژگارییەکانی ئیبراهیمی خەلیل بکا، وە لە ئەنجاما ئەو بورجە کەوت بەسەریانا و گەلێ لە دەستە و بەستەی پێ کوشت.

بەڵام لە واقیعا لە ئاخری ئایەتەکەدا نوختەیەکی گەورە هەیە کە ئەڵێ ئەو سزایە دێت بۆ سەریان لە شوێنێکەوەیە کە ئەوان شوعووریان بۆ ئەوە ناڕوات.

وە لە واقیعا سوپای خودا زۆرە و کەس بە ژمارەیان نازانێ خودا نەبێ، وە زۆربەی نافەرمانانی پێغەمبەرانی پێشوو یا پێغەمبەری خۆمان ﷺ بە شتێ بەرباد بوون کە بە خەیاڵی ئەوانا نەهاتووە، وەکوو زانایانی مێژوو ئەمەیان لە لا روونە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ثُمَّ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يُخْزِيهِمْ وَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تُشَٰٓقُّونَ فِيهِمْ ۚ قَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ إِنَّ ٱلْخِزْىَ ٱلْيَوْمَ وَٱلسُّوٓءَ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٧﴾﴾

پاش ئەوە کە خودای تەعالا لە دنیادا هەر جۆرە سزایەکی دان، بێ‌گومان لە ڕۆژی قیامەتیشا رسوای قەرەباڵغی ڕۆژی قیامەتیان ئەکا، وە خودا لە مەقامی سەرزەنشدا لێیان ئەپرسێ و ئەفەرموێت: ئەو شەریکانە و ئەو هاوڕێ و هاوسەرانە کە ئێوە ئەتانکردن بە هۆی بەرانبەرکێ و دوژمنایەتی موسوڵمانەکان و لەبەر خاتری ئەوان بە گومانی خۆتان دوژمنایەتیتان ئەکرد لەگەڵ موسوڵمانەکانا وان لە کوێ؟ وە کافرەکان بە خامۆشی و شەرمەساری بێ‌دەنگ ئەکەون، وە ئەو پێغەمبەرانە و ئەو ئینسانە موسوڵمانانە کە زانیاری دین و ئادابیان پێدراوە لەو کاتەدا ئەفەرموون: بە راستی ئەمڕۆ رسوایی و بەدئەنجامی لەسەر کافرەکانە بە شێوەی گشتی.

﴿ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِىٓ أَنفُسِهِمْ ۖ فَأَلْقَوُا۟ ٱلسَّلَمَ مَا كُنَّا نَعْمَلُ مِن سُوٓءٍ ۚ بَلَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٢٨﴾﴾

ئەو کەسانە کە فریشتەکانی مەئمووری مراندن گیانیان وەرئەگرن و ڕۆحیان ئەکێشن و حاڵیان وا بووە کە ستەمیان لە خۆیان کردووە بە کوفر و بە ئازاردانی بێ‌تاوانان و بە باقی کردەوەی ناپەسەند، جا لەو کاتەدا کە ئەمرن مل بۆ حەق رائەکێشن و ئەڵێن: ئینسانی باشین و لەمەوبەریش باش بووین و هیچ شتی خراپەمان نەکردووە. خودا ئەفەرموێت: نە، نە، بە راستی خودا زانایە بەو کارانە کە ئێوە ئەتانکردن.

﴿فَٱدْخُلُوٓا۟ أَبْوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۖ فَلَبِئْسَ مَثْوَى ٱلْمُتَكَبِّرِينَ ﴿٢٩﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ده‌ی زوو بڕۆنه ناو ده‌رگاکانی دۆزه‌خه‌وه، هه‌ر کۆمه‌ڵێك له‌و ده‌رگایه‌وه بۆی بڕیار دراوه و له دۆزه‌خا بمێننه‌وه و قه‌راری مانه‌وه‌ی ده‌وامدار بده‌ن تیایا، ده‌ی زۆر خراپ و ناهه‌مواره ماوا و مه‌ڵبه‌ندی ئه‌وانه که خۆیان به گه‌وره دائه‌نا و ئیمانیان به پێغه‌مبه‌ران نه‌ده‌هێنا.

﴿وَقِيلَ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا مَاذَا أَنزَلَ رَبُّكُمْ قَالُوا خَيْرًا لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا فِي هَٰذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ وَلَدَارُ الْآخِرَةِ خَيْرٌ وَلَنِعْمَ دَارُ الْمُتَّقِينَ ﴿٣٠﴾ جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ لَهُمْ فِيهَا مَا يَشَاءُونَ كَذَٰلِكَ يَجْزِي اللَّهُ الْمُتَّقِينَ ﴿٣١﴾﴾

وه له لایه‌نی بازێ له موسوڵمانه‌کانه‌وه پرسیار ئه‌کرێ بۆ مه‌علوومات له بازێ له‌وانه که خاوه‌ن پارێز و ترسن له خودا: که خودای ته‌عالا چی نازڵ کردووه به‌م زوانه؟ ئه‌وانیش له وه‌ڵامیا ئه‌ڵێن: خێر و پیرۆزی نازڵ کردووه.

جا خودای ته‌عالا ئه‌فه‌رموێت: ئه‌و موسوڵمانانه که بیر و باوه‌ڕیان وایه خودای ته‌عالا حه‌قه و دینی ئیسلام راسته و پێغه‌مبه‌ر ﷺ به حه‌ق ره‌وانه کراوه ئه‌وانه خاوه‌ن ئیحسانن، وه بۆ ئه‌و که‌سانه‌یش که خاوه‌ن ئیحسانن و کرده‌وه‌ی باش ئه‌که‌ن له‌م دنیادا پاداشێکی باشیان هه‌یه که ژیانیان به خۆشی له‌سه‌ر رائه‌بوورێ به‌م شێوه ئه‌گه‌ر نیعمه‌تیان بۆ بێت سوپاسی خودا ئه‌که‌ن وه ئه‌گه‌ر زه‌حمه‌تیان بێته سه‌ر سه‌بر ئه‌که‌ن و رازین به قه‌زای خودا و ئه‌م سه‌بره ئه‌بێ به هۆی رووناکی دڵیان، وه به راستی ماڵی دواییش که قه‌بر و قیامه‌ته باشتر ئه‌بێ بۆیان له‌م دنیایه و له ماڵی دنیا، وه زۆر جوان و پیرۆزه خانووی خاوه‌ن ته‌قواکان که بریتییه له چه‌ن باخ و به‌هه‌شتێ بۆ مانه‌وه‌یان هه‌تا هه‌تایه ئه‌ڕۆنه ناویانه‌وه به بێ خه‌می دڵ، وه له ژێر داری ئه‌و

www.iqra.ahlamontada.com

باخانەدا چەن جۆگە رەوان ئەبێ، وە هەیە بۆ ئەوانە لە ناو ئەو بەهەشتانەدا ئەوەی خواستی دڵیان بێ وە بەم جۆرە پاداشە خودا پاداشی خاوەن تەقواکان ئەداتەوە.

﴿ ٱلَّذِينَ تَتَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ طَيِّبِينَ يَقُولُونَ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمُ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ٣٢ ﴾

وە ئەو کەسانە کە فریشتەکان رۆحیان وەرئەگرن لە حاڵ و وەزعێکدا کە ئەوان پاك دڵ و پاك کردەوەن، فریشتەکان لە کاتی مردنا پێیان ئەڵێن: سەلامتان لەسەر بێ ئیتر پاش ئەم کاتە بێئاسایشیتان تووش نابێ، وە لە رۆژی قیامەتیشا بڕۆنە ناو بەهەشتەوە بە پیرۆزی ئەو کردەوە باشانەوە کە ئەتان‌کردن.

﴿ هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَوۡ يَأۡتِيَ أَمۡرُ رَبِّكَۚ كَذَٰلِكَ فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ وَمَا ظَلَمَهُمُ ٱللَّهُ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ٣٣ ﴾

چاوەڕێ ناکەن ئەو کافرە سەرکێشانە مەگەر بۆ ئەوە کە سزا بێت بۆ لایان و دەرگایان پێ بگرن، وە یا بە نەوعێکی‌تر سزایەکی ناهەموار بە فەرمانی خودا بێتە سەریان، وەکوو مەرگی کوتوپڕ و دوشمنی بێسامان و ئاگری بێئامان و لافاوی سەر تا بە داوان، ئەمە رەوشتی پێشینانەکانیانە، ئەوانیش کردەوەیان وەکوو ئەمان وابوو یاخود ئەم ئیشەیان ئەکرد کە بەرەکی پێغەمبەرەکانیان ئەگرت بۆ هاتنی سزا وە لە ئەنجاما بەرباد بوون، وە خودا ستەمی لەوان نەکرد، بەڵام ئەوان ستەمیان لە نەفسی خۆیان کرد.

﴿ فَأَصَابَهُمۡ سَيِّـَٔاتُ مَا عَمِلُواْ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ٣٤ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

جا باش پێیان گەیشت تۆڵەی ئەو کرِدەوە ناشرینانە کە کردبوویان وە دەورەی دان ئەو تۆڵە کە وەختی خۆی گاڵتەیان پێ ئەکرد.

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُواْ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا عَبَدْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَيْءٖ نَّحْنُ وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَيْءٖۚ كَذَٰلِكَ فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْۚ فَهَلْ عَلَى ٱلرُّسُلِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ۝٣٥﴾

واتە کافرەکان بۆ عوزری خۆیان لەسەر کوفر و کردەوەی نابار و دوورکردنەوەی خۆیان لە تاوان ئەڵێن: ئێمە هەرچی بکەین لە کردەوە و هەر بیر و باوەڕێکمان ببێ هەمووی لەسەر خواستی خودایە و، هەرچی لەسەر خواستی خودا بێ تاوانی نییە، وە ئەگەر خواستی نەبوایە لەسەر کوفر و کردەوەی ئێمە نەدەبوون، وە ئەگەر جۆرێ‌تری خواست بوایە عیبادەتی کەسمان نەدەکرد غەیری ئەو، نە ئێمە و نە باوك و باپیرەکانمان، وە هیچ گۆشتێکمان حەرام نەدەکرد لە وشتری بەحیرە و سائیبە و غەیری ئەوانەیش.

جا خودای تەعالا بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەم عوزرە پووچە و ئەم دەلیلە بەتاڵە ئەڵێ: ئەم عوزرەیش عوزرێکە لە رووی عەقڵ و هۆش و ئیستیدلالەوە نییە، بەڵکوو لەسەر تەقلیدی کافرە پێشووەکانە وە ئەوان ئەم دەلیلەیان ئەهێنایەوە بۆیێ ئەمانیش بە کاری دێنن، وە لە واقیعا قیمەتی نییە.

ئەی پێغەمبەری من، تۆ هەر گەیاندنی فەرمانی خودات لەسەرە و جگە لە گەیاندنی فەرمانی خودا بە رووناکی هیچ شتێ لەسەر پێغەمبەران نییە و نەبووە.

جا بۆ رووناككردنەوەی ئەم شوێنە بزانن! کافرەکان وتوویانە: ئێمە هەرچی ئەکەین تاوانی تیا نییە؛ چونکی هەرچی ئەکەین لەسەر خواستی خودایە، وە هەر شتێکیش لەسەر خواستی ئەو بێ تاوانی تیا نییە. وە خودای تەعالا لە رەدی ئەمەدا

www.iqra.ahlamontada.com

ئەڵێ: راستە هەرچی ئەکەن لەسەر خواستی خودایە و بە بێ خواستی ئەو هیچ نابێ، بەڵام ئەوە راست نییە کە ئەڵێن: هەر شتێ لەسەر خواستی ئەو بێ تاوانی تێدا نییە؛ چونکی خواستی خودای تەعالا تابیعی عیلمی خودایە و عیلمی خودا بە هەڵەدا ناڕوا، وە خودا بە عیلمی خۆی زانایە بەوە کە ئینسان ئەو ئیختیارەی پێدراوە چۆن روو ئەکاتە کردەوەکان ئەگەر ئیختیارەکەی روو بکاتە کردەوەی باش خواستی خودایش رووی لێ ئەکا و تەوانایی خودایش رووی لێ ئەکا و ئەو کردەوە باشەی بۆ دروست ئەکا و پێیشی رازییە، وە ئەگەر ئیختیارەکەی روو بکاتە کردەوەی ناهەموار خواستی خودایش رووی لێ ئەکا و تەوانایی خودایش رووی لێ ئەکا و ئەو کردەوە نابارەی بۆ دروست ئەکا؛ چونکی تەوانایی خودا شمشێرێکە تەڕ و وشك ئەبڕێ وە بۆ هەموو جۆرە کردەوەیەك وەکوو یەك وایە.

بێجگە لەمە ئەو کافرانە لە پاش ئەوە کە نافەرمانی پێغەمبەرەکان ئەکەن و کوفر و کردەوە ناشیرینەکان دەرئەبڕن ئەوسا ئەڵێن: ئەم کاری ئێمە خواستی خودایە، ئایا ئەوانە پێش ئەوە ئیقدام بکەن لەسەر کوفر و بەدکارییەکە ئاگادارن لەوە کە خواستی خودا چۆنە؟ بەهەرحاڵ دەلیلەکەیان بێ‌نەتیجەیە و داواکەیان پووچ و بەتاڵە.

﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ﴾

بە راستی ئێمە لە هەموو ئوممەتێکدا پێغەمبەرێکمان ناردووە بەم فەرمانەوە کە بەندەیی خودا بکەن و دوور بکەونەوە لە: شەیتان، لە بت، لە پیاوی گومڕا.

﴿فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ﴾

جا بازێ لەوان گوێی راگرت بۆ فەرمانی خودا بە دڵ و خودایش گەیاندی بە ئەنجامی پیرۆز، وە بازێکیشیان لایان دا لە حەق و گوێیان رانەگرت و دڵیان نەدا بە

www.iqra.ahlamontada.com

فه‌رمان، وه خودای ته‌عالایش فه‌رمووی: مادام ئیختیاری لاری و لاڕێ ئه‌که‌ن با هه‌ر وه‌ها گومڕا بن وه گومڕایی له‌سه‌ریان دامه‌زرا.

﴿فَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴿٣٦﴾﴾

جا بڕۆن به‌ ولاّتانا ته‌ماشا بکه‌ن و بیر بکه‌نه‌وه‌ بزانن چۆن بووه‌ ئه‌نجامی ئه‌وانه‌ که‌ پێغه‌مبه‌ره‌کانیان به‌ درۆ خستووه‌ته‌وه‌.

﴿إِن تَحْرِصْ عَلَىٰ هُدَىٰهُمْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَن يُضِلُّ ۖ وَمَا لَهُم مِّن نَّـٰصِرِينَ ﴿٣٧﴾﴾

ئه‌گه‌ر تۆ، ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خۆشه‌ویست، ئاره‌زووت توند و زۆره‌ له‌سه‌ر هیدایه‌تی ئه‌وانه‌، بزانه‌ به‌ راستی خودا هیدایه‌تی ئه‌و که‌سانه‌ نادا که‌ ئه‌وه‌نده‌ نامه‌رد و دڵ به‌رد و بێفامن هه‌ر له‌سه‌ر ئاره‌زووی خۆیان ده‌وام ئه‌که‌ن که‌ خودا ئه‌یه‌وێ گومڕایان بکا، وه‌ بزانه‌ که‌ له‌ رۆژی خۆیشیا که‌س نییه‌ یارمه‌تی ئه‌وانه‌ بدا.

﴿وَأَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَـٰنِهِمْ ۙ لَا يَبْعَثُ ٱللَّهُ مَن يَمُوتُ ۚ بَلَىٰ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٨﴾﴾

وه‌ ئه‌و کافرانه‌ ئه‌وه‌نده‌ که‌وده‌نن له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا ناوی خودا ئه‌به‌ن و وه‌ها نیشان ئه‌ده‌ن خودای عالەم هه‌یه‌ سوێند ئه‌خۆن به‌ سوێندێکی به‌ دڵ و ده‌روون، به‌ سوێندێکی به‌هێز؛ له‌ ناو سوێنده‌کانیانا ئه‌ڵێن: ئه‌و که‌سه‌ی که‌ مرد و گیانی ده‌رچوو جارێکی‌تر خودا زیندووی ناکه‌ته‌وه‌! نه‌، نه‌، خراپ حاڵی بوون خودا وه‌عده‌ی داوه‌ به‌ وه‌عده‌یێ که‌ وه‌کوو سوێندخواردن بڕیاری داوه‌ له‌سه‌ر خۆی که‌ هه‌موو گیانله‌به‌ران زیندوو ئه‌کاته‌وه‌ و گردیان ئه‌کاته‌وه‌ له‌ شوێنێکدا حسێبی بیر و باوه‌ڕ و کرده‌وه‌یان له‌گه‌ڵ ئه‌کا، به‌ڵام زۆربه‌ی ئاده‌میزاد ئه‌مه‌ نازانن، ئیتر سوێنده‌که‌ی ئه‌وان پووچه‌؛ چونکی

www.iqra.ahlamontada.com

ئەگەر لەبەر ئەوەیە کە خودا ناتوانێ، ئەوە هەڵەیە؛ چونکی کەسێ بتوانێ لە نەبوون ئینسانێ دروست بکا ئەیشتوانێ لە پاش مردن دروستی بکاتەوە، وە دروستکراوەکانی خودا، غالبا، لەم مردوو زیندووکردنەوە عەجیبترە، وە ئەگەر لەبەر ئەوەیە کە خودا بڕیاری نەداوە ئەوە درۆیە و خودای تەعالا بڕیاری داوە وەکوو خودای تەعالا ئەفەرموێت:

﴿لِيُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِى يَخْتَلِفُونَ فِيهِ﴾

بۆیە خودا زیندوویان ئەکاتەوە هەتا بۆیان روون بکاتەوە ئەو شتە کە ئەوان ئیختیلافیان تیا هەبوو کە بریتییە لە: بەعس و، حەشر و، نەشر و، زیندووکردنەوەیان و، گردکردنەوەیان لە شوێنێکدا و، بڵاوکردنەوەیان هەرکەس بۆ جێگەی خۆی لە پاش حسێب و کتێب.

﴿وَلِيَعْلَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّهُمْ كَانُوا۟ كَـٰذِبِينَ ﴿٣٩﴾﴾

وە هەتا کافرەکان بە «عین الیقین» بزانن کە بە راستی ئەوان درۆیان کرد و درۆزن بوون لە داوای زیندووبوونەوەدا و قوردەتی خودایش زاڵە بەسەر هەموو خواستێکیا.

﴿إِنَّمَا قَوْلُنَا لِشَىْءٍ إِذَآ أَرَدْنَـٰهُ أَن نَّقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٤٠﴾﴾

نییە فەرمانی ئێمە کە خواستمان لەسەر بوونی شتێ بێ ئەوەنە نەبێ کە پێی بڵێین: ببەوە! ئەویش ئەبێ. وە ئەم عیبارەتی ٭کن فیکون٭ە یا وێنەیە بۆ فەورییەتی پێکهاتنی خواستی خودا، وە یا هەر خیتابێکی واقیعییە روو ئەکاتە سوورەتی عیلمی ئەو شتە کە خودا خواستی هەیە دروستی بکا و پێی ئەڵێ، یا موراد لە «سوورەتی عیلمییە»وە دەرچووە بۆ «سوورەتی عەینییە» وە سەری خۆت دەربخە لە ناو سەرانا، بە خواست و تەوانایی خودای تەوانا.

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەبێ بزانن ئەم ئەمرە کە خودا ئەیکا بە سوورەتی عیلمییە ئەمری ئیبداعیەیە، واتە عیبارەتە لە تەوەجوهی ئیرادە بۆ ئەو سوورەتی عیلمییە لەگەڵ قودرەتا وە لەسەر موافەقەی ئەو سوورەتە عیلمییە خودا لە خاریجدا ئەوەی مەقسوودە دروستی ئەکا.

﴿ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا ظُلِمُواْ لَنُبَوِّئَنَّهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗۖ وَلَأَجۡرُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ٤١ ﴾

مەبەست لە فەرموودەی: «والذين هاجروا...» الآية. یا حەزرەتە ﷺ وە ئەو یارانەی کە کۆچیان کرد لە مەککەوە بۆ شاری مەدینە لەبەر رەزای خودا و بەرزکردنەوەی دینی ئیسلام لەوانە کە قورەیش لە مەککەدا ستەمیان لێ کردن وە لە بیمی ستەمی ئەوان کۆچیان کرد بۆ حەبەشستان و هاتنەوە بۆ مەککە و دووبارە چوونەوە بۆ حەبەشە جا کۆچیان کرد بۆ مەدینە. وە یاخود مەبەست ئەو موسوڵمانانەیە کە لە مەککەدا قورەیش حەبسیان کردن و سزایان ئەدان لە پاش کۆچی حەزرەت ﷺ بۆ مەدینە، وەکوو: بیلال و، سوهەیب و، خەباب و، عەممار و، عابیر و، ئەبووجەندەل و، سوهەیل... ـ خودایان لێ رازی بێ ـ.

واتە ئەوکەسانە کۆچیان کرد بۆ مەدینە لەبەر بەرز کردنەوەی دینی ئیسلام لە پاش ئەوە کە ستەمیان لێ کرا لە مەککەدا ئەوانە لە دنیادا دایان ئەمەزرێنم لە شوێنێکی پیرۆز و جوانا و بە راستی پاداشی رۆژی قیامەتیان گەورەترە، ئەگەر ئەو موهاجیرانە بەو پاداشەیان بزانیایە زیاتر تێئەکۆشان لە جیهادا و لە سەبر کردنا، وە یا ئەگەر کافرەکان بیانزانیایە بە پاداشی موهاجیرەکان ئەوانیش موسوڵمان ئەبوون و ئازاریان نەئەدان.

ریوایەت کراوە لە سیرەتی خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتابدا ﷺ: کاتێ کە بەشێ و ماڵێکی ئەدا بە یەکێ لە موهاجیرەکان پێی ئەفەرموو: ئەمە وەربگرە

www.iqra.ahlamontada.com

خودای تەعالا بەرەکەتی تێ بخات بۆت کە ئەمە بەشی دنیاتە و بەشی قیامەتت باشترە و لەمە گەورەترە.

﴿ ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٤٢﴾ ﴾

ئەو موهاجیرانە کەسانێ بوون کە سەبریان کردووە لەسەر سزا و ئازاری کافرەکان وە لەسەر غەریبی و وەحشەتی وڵاتی دوور وە بێگوزەرانی وە لە هەموو کار و بارێکدا کە چاوەڕوان ئەکرا بێتە رێگەیان لە دەفعی زەحمەت و جەلبی رەحمەت و نیعمەتدا هەر لەسەر خودای تەعالا ئیعتیمادیان ئەدا، جا لەسەر ئەم سیفاتە بەرزانە بوو کە خودای تەعالا ئەوانی گەیاند بەو پایە بەرزانە لە دنیا و قیامەتا.

﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡۚ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٤٣﴾ ﴾

ئەم ئایەتە پیرۆزە نازڵ بووە لە رەدی قسەی کافرەکانی قوڕەیشدا کە ئەیانوت: خودای تەعالا زۆر دوورە لەوەوە کە ئادەمیزادێ بکا بە فرستادەی خۆی بۆ لای باقی ئادەمیزاد، پێویستە فریشتەیێ رەوانە بکا بۆ سەریان، جا خودای تەعالا ئەفەرموێت: ئێمە لە پێش ناردنی تۆدا بە ریسالەت کەسمان نەناردووە مەگەر چەن پیاوێکی خاوەن خوو و رەوشتی بەرز، وە یاسامان لەسەر ئەوە نەبووە کە فریشتە بنێرین بۆ تەمێی ئادەمیزاد، هەروا یاسام لەسەر ناردنی ژنانا نەبووە، وە ئەو پیاوانە وەها ناردوومانن کە وەحیمان کردووە بۆ لایان ئەوەی پێویستە لە بیر و باوەڕ و عیبادەت و باقی ئومووراتێ کە پێویستی ئادەمیزاد بووە، وە ئەگەر ئێوە ـ ئەی ئەهلی مەککە ـ بەمە نازانن پرسیار بکەن لە ئەهلی عیلم لە کیتابییەکانی گاور و جوولەکە، وە یا لەو مێژووزانانە کە جێگەی باوەڕتانن.

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەو پێغەمبەرانەمان ناردووە:

﴿ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِۗ ﴾

بە موعجیزاتەوە و بەو ئەحکامانەوە کە ئەنووسرێنەوە و بە درێژایی زەمان رەفتاریان پێ کراوە هەتا زەمانی پێغەمبەرێکی وەها کە ئەو ئەحکامەی گۆڕیوە.

﴿ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ٤٤ ﴾

وە نازڵمان کردووە بۆ لای تۆیش قورئانێ کە زیکری خودایە و مایەی بیرکردنەوەی حەق و حەقیقەتە و بە یاسایێ بۆمان ناردووی کە تۆ روون بکەیتەوە بۆ ئادەمیزاد مەعنای ئەوانە، وە ئومێد وایە ئەوانیش بیر بکەنەوە لەو قورئانەدا.

لەم شوێنەدا دەرئەکەوێ کە خودای تەعالا بڕیاری داوە بۆ ئەو کەسانە کە حوکمێ لە ئەحکام نازانن بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو زانایانە کە ئاگادارن لە حەق هەتا باش ئاگادار ببن بەسەر واجباتی دینی خۆیانا.

هەروا دەرئەکەوێ کە حەزرەت ﷺ تەحویل کراوە بۆ بەیانی قورئان و رووناککردنەوەی ئەوەی پێویستە بە بەیان خواە بە تەفسیل یا خود بە کورتی حەتا بە حەواڵە کردنی زانایانی دین بۆ قیاس و ئیستیدلال و ئیرشادکردنیان بۆ ئیجتیهاد و دینی ئیسلام بەم یاسا رەسایی ئەکا بە وەرگرتنی هەموو حوکمێ لە هەموو کات و ولاتێکدا.

﴿ أَفَأَمِنَ ٱلَّذِينَ مَكَرُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن يَخۡسِفَ ٱللَّهُ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضَ أَوۡ يَأۡتِيَهُمُ ٱلۡعَذَابُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَشۡعُرُونَ ٤٥ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئایا ئەو کافرانە کە وا حیلە و فێڵی ناهەموار و ناشیرین ئەکەن دەربارەی پێغەمبەر ﷺ بۆ فەوتانی خۆی و ئەسحابەکانی و بەربادکردنی دینەکەی ئەمینن لەوە کە خودای تەعالا بیانباتە خوارەوە بە عەرزا وەکوو قاروون و ماڵەکەی، یاخود سزایەکیان بۆ بێت لە شوێنێکەوە شوعووری پێ نەکەن وەکوو قەومی لووت.

﴿أَوْ يَأْخُذَهُمْ فِي تَقَلُّبِهِمْ فَمَا هُم بِمُعْجِزِينَ ﴿٤٦﴾﴾

یا خود بیانگرێ و بیانفەوتێنێ لە ڕێگە و هاتوچۆی کاروانی تیجارەتیانا خۆ ئەوان ناتوانن دەستی قودرەتی خودا بگرن لەم تەسەڕوفاتانە.

﴿أَوْ يَأْخُذَهُمْ عَلَىٰ تَخَوُّفٍ فَإِنَّ رَبَّكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿٤٧﴾﴾

یاخود بیانگرێ بە بیمی مردن بە ناساغی لەش و راوەستانی دڵ و تێکچوونی رشتەی تەندروستی بە هۆی هێرشی دوژمنان لەملا و لەولاوە و ترسانی ئەوانیش لەو هێرشە وە یا بە هۆی زاڵبوونی حوکمدارێکی ستەمکار بەسەر وڵاتەکەیان وە ئەوانیش بکەونە بیمەوە و تووشی دەرد و میحنەت ببن، بەو ترساندنە؛ چونکی بە راستی خودا میهرەبانە و خاوەن کەرەمە، هەموو کاتێ سزاکەی سزای ریشەکێشان نییە بەڵکوو بەم جۆرە سزایانەیە کە زیان ئەدا لە بازێ کەس نەك لە بازێ وە یا لە بازێ خانەدان نەك لە بازێ، بە هەرحاڵ هێمن بوونەوە لە سزای خودا خووی بەدخووەکانە، ئەنا لەگەڵ ئەم هەموو نافەرمانی خودا کە خۆمان پێی ئەزانین پێویست بوو هەموو کاتێ لە بیم و ترسی خودادا ئاسایشمان نەکردایە.

﴿أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَىٰ مَا خَلَقَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ يَتَفَيَّأُ ظِلَالُهُ عَنِ الْيَمِينِ وَالشَّمَائِلِ سُجَّدًا لِّلَّهِ وَهُمْ دَاخِرُونَ ﴿٤٨﴾﴾

ئایا تەماشای ئەو مەخلووقاتە خاوەن مادەیە ناکەن لە کێوان و دار و بەرد کاتێ کە خودا رۆژی دەرخست لێیان سێبەرەکانیان لار ئەبێتەوە بە لای چەپا لە حاڵێکدا ئەو

www.iqra.ahlamontada.com

مەخلووقاتە هەموو کڕنووشی سەردانەواندنی خۆیان پێشکەشی بارەگای پەروەردگاری جیهان ئەکەن؟ چونکی ئەگەر ئەو هەتاوە رووناکە خاوەن تاوەی دروست نەکردایە و لە مەداری خۆیا چاودێری نەکردایە ئەم پڕتەو بەخشییە بە سەر کورەی زەویدا نەدەبوو، وە ئەم هەمووە مادە خاوەن سایە و سێبەرە زەلیل و داماون لەبەر هێزی پەروەردگارەکەی خۆیانا.

﴿ وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ مِن دَآبَّةٍ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ﴿٤٩﴾ ﴾

هەر بۆ زاتی خودای تەعالا سوجدەی عوبوودییەت و بەندەگی ئەبا، خواهـ بە تەختی پێشانی یاخود بە حاڵی مەعنەوی و پەنهانی وە یا بە رامبوونیان لەبەر هێزی ئەوا، هەرچی وا لە ئاسمانەکانا و لە بارەگا بەرزەکانا لە ئەستێرەکان و لەو مادە بەقیمەتە کە ئەو کائیناتەی پڕ کردووە و ساڵ بە ساڵ و سەدە بە سەدە ئەدۆزرێتەوە، وە هەروا سوجدەی بۆ ئەبا هەرچی وا لە عەرز و لە دەرو ناویا لەو گیانلەبەرانە کە بەسەریا و لە ناویا هاتوچۆ ئەکەن لەسەر پێ وە یا لەسەر سك لە وشکانا یا لە دەریادا لە چەرندە و پەرندە، لە ئادەمیزادی و جینن و پەری و فریشتەکانی ئاسمان و زەوی و دەریا و دەر، وە ئەمانە هەرگیز فیز ناکەن و خۆیان بە گەورە ناگرن بەرابەر بە خودا، وە ئەم سوجدەیە بۆ ئەبەن بە سوجدەی عادەتی ئادەمی، وە یا بەهەر شێوەیە بێ؛ چونکی ئەنجامی سوجدە داماوی و بچووکی بۆ پەروەردگار و رام بوونە بۆ هێزی ئەو.

﴿ يَخَافُونَ رَبَّهُم مِّن فَوْقِهِمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ۩ ﴿٥٠﴾ ﴾

وە هەموو ئەمانە یا فریشتەکان بە تایبەتی ئەترسن لە سزای پەروەردگاری خۆیان کە زاڵە بەسەریانا و هەرچی فەرمانیان پێ درابێ بیکەن جێبەجێی ئەکەن. جا ئەگەر

www.iqra.ahlamontada.com

ئەم ئایەتە باسی فریشتەکان بکا ئەوە دیارە کە فریشتە مەعسوومن و نافەرمانی ناکەن و ئامادەن بۆ بەجێهێنانی فەرمان وە ئەیشبێ بە بەڵگە لەسەر ئەوە کە فریشتەکان موکەللەفن بە تەکلیفاتی تایبەتی وە ئەو تەکلیفاتە هەموو بەجێ دێنن، وە ئەگەر باسی هەموو ناوبراوەکان بکا ئەوە پێویستە بۆ بازێ لەوانە تەئویلی ئەو ترسە و ئەو ئیتاعە بکرێ بەوە کە دروستکراون بە شێوەیێ ناتوانن لەو شێوە دەربچن وەکوو خزمەتکارێ کە هەمیشە لە خاوەن کارەکەی بترسێ و کاری بۆ بکا.

﴿وَقَالَ ٱللَّهُ لَا تَتَّخِذُوٓاْ إِلَٰهَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِۖ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ فَإِيَّٰيَ فَٱرۡهَبُونِ ٥١﴾

وە خودای تەعالا لەسەر زمانی پێغەمبەر فەرمووی بە موکەللەفانی جینن و ئینس دوو مەعبوود بۆ خۆتان مەگرن وە بێگومان خودا هەر یەکێکە و هەر لە من بترسن و پەنا بۆ لای من بێنن.

﴿وَلَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلَهُ ٱلدِّينُ وَاصِبًاۚ أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ تَتَّقُونَ ٥٢﴾

وە بۆ ئەو خودایەتە و مەخلووقی ئەوە و موڵکی ئەوە هەرچی وا لە ئاسمانەکانا و هەرچی وا لە زەویدا و فەرمانبەرداری هەر بۆ ئەوە بە لازمی و واجبی، ئیتر ئایا لە غەیری خودا ئەترسن؟! وەکوو ئەو گومانە نابارە کە ئەیبەن بە بتەکان و ئەترسن لەوە زیانتان پێ بگەیەنن.

﴿وَمَا بِكُم مِّن نِّعۡمَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فَإِلَيۡهِ تَجۡـَٔرُونَ ٥٣﴾

وە هەرچی هەیە بە ئێوەوە لە نیعمەت و هۆی ئاسایش و بەرزی پایە و زۆری مایە کە ژمارە ناکرێن بە تەواوی هەموو ئەوانە لە خوداوەیە و پاشان کاتێ کە زیانێکتان

www.iqra.ahlamontada.com

پێ بگا له له‌شدا یا له به‌شدا، له حالّا یا له مالّا، هه‌ر بۆ لای خودا هاوار ئه‌به‌ن بۆ چاری ئه‌و زیانه و لابردنی یاخود بۆ پاداشدانه‌وه‌ی.

﴿ثُمَّ إِذَا كَشَفَ الضُّرَّ عَنكُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِّنكُم بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ ﴿٥٤﴾﴾

که‌چی پاش ئه‌و پاڕانه‌وه و لاڵه و پاڵه‌یه کاتێ که خودا ئه‌و زه‌حمه‌ت و ئازاره‌تان له‌سه‌ر لا ببا و دووری بخاته‌وه لێتان ته‌ماشا ئه‌که‌م تاقمێ له ئێوه ئه‌ڵێن: بته‌کانمان چاری ئه‌و ئازاره‌ی بۆ کردین، وه ئه‌یانکه‌ن به شه‌ریك و هاوڕێ بۆ په‌روه‌ردگاری خۆیان به ناحه‌ق و نه‌فامی و بیرنه‌کردنه‌وه.

﴿لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ ۚ فَتَمَتَّعُوا ۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٥٥﴾﴾

وه بۆ ئه‌وه شه‌ریك قه‌رار ئه‌ده‌ن بۆ خودای خۆیان هه‌تا کوفری ئه‌و نیعمه‌ته بکه‌ن که پێمان داون، جا بخۆن و رابوێرن به راستی له‌مه‌ولا ئه‌زانن به ئه‌نجامی ئه‌م حه‌ق نه‌ناسی و ناسوپاسییه له‌م دنیادا به سزا و له قیامه‌تا به دۆزه‌خ و تۆڵه لێ سه‌ندنه‌وه.

﴿وَيَجْعَلُونَ لِمَا لَا يَعْلَمُونَ نَصِيبًا مِّمَّا رَزَقْنَاهُمْ ۗ﴾

وه به باوه‌ڕی پووچی خۆیان بڕیار ئه‌ده‌ن بۆ ئه‌و بتانه که دار و به‌ردێکی وشك و بێ‌گیانن و هیچ نازانن، به‌شێ له‌و نیعمه‌تانه که ئێمه کردوومانه به رۆزی ئه‌وان و ئه‌ڵێن: ئه‌وه له بته‌کانه‌وه هات بۆمان.

﴿تَاللَّهِ لَتُسْأَلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ تَفْتَرُونَ ﴿٥٦﴾﴾

قه‌سه‌م به خودای ته‌نیا پرسیارتان لێ ئه‌کرێ، ئه‌ی کافره موشریکه‌کان، له‌و درۆیانه که ئێوه هه‌ڵیان ئه‌به‌ستن، وه له‌و نیسبه‌تانه که به درۆ هه‌ڵیان ئه‌سووڕێنن.

﴿وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ الْبَنَاتِ سُبْحَانَهُ ۙ وَلَهُم مَّا يَشْتَهُونَ ﴿٥٧﴾﴾

وه ئه‌وه‌نده بێ‌شوعوورن بڕیار ئه‌ده‌ن بۆ ئه‌و خودایه که دووره له نه‌ته‌وه و بێ‌نیازه له هه‌موو شتێ که نه‌ته‌وه‌ی هه‌یه، وه له‌گه‌ڵ ئه‌م بێ‌شوعوورییه‌یشدا ئه‌و نه‌ته‌وه

www.iqra.ahlamontada.com

کە لای ئەوان سووکە، وەکوو مێینەکان، بڕیاریش ئەدەن بۆ خۆیان ئەو نەتەوە کە ئارەزووی ئەکەن وەکوو نێرینە بێ.

﴿ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِٱلْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُۥ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴿٥٨﴾ ﴾

وە ئەوەندە کچ لە لای ئەوان سووك و بێنرخە کاتێ هەواڵ بدرێ بە یەکێکیان: کە کچی بووە گرژ ئەبێ و روخساری رەش دائەگیرسێ و، پڕ ئەبێ لە قاری بەرابەر بە خودا ـ پەنا بە خودا! ـ وە بەرابەر بە ژنە بێچارەکەی و بەرابەر بەو کەسەیش کە هەواڵەکەی بۆ هێناوە، جا لەگەڵ ئەوەدا کە خۆی رازی نییە بە منداڵێکی وەها ئەڕوا منداڵی وەها نیسبەت ئەدا بۆ لای خودا و ئەڵێن: مەلائیکەکان کچی خودان ـ پەنا بە خودا! ـ.

﴿ يَتَوَٰرَىٰ مِنَ ٱلْقَوْمِ مِن سُوٓءِ مَا بُشِّرَ بِهِۦٓ ۚ أَيُمْسِكُهُۥ عَلَىٰ هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُۥ فِى ٱلتُّرَابِ ۗ أَلَا سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾

وە لە پاش وەرگرتنی ئەو هەواڵە خۆی لە قەومەکەی ئەشارێتەوە لەبەر شەرمەساری بە پێی عادەتە ناشیرینەکەی خۆیان لە نامووناسبی وجوودی ئەو کچە کە موژدەیان بۆ هێناوە بە پەیدا بوونی، وە لە دڵی خۆیا بیر لەوە ئەکاتەوە: ئایا ئەم کچە رابگرێ و بیهێڵێتەوە لەگەڵ سووك تەماشاکردنیا؟ یا خەیر بیبا بۆ چۆڵ و زیندەبەچاڵی بکا لە ناو گڵا؟ بێداربنەوە زۆر خراپە و ناپەسەندە ئەم حوکمە کە ئەیدەن بەسەر خودای تەعالادا بەوە کە کچی هەیە، وەلحاڵ خۆیان رازی نین بە کچ، وە یا زۆر ناشیرینە ئەم حوکمە کە ئەیدەن بەسەر کچدا بەوە یا ئەبێ رابگیرێ بە سووکی وە یا زیندەبەچاڵ بکرێ.

﴿ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ مَثَلُ ٱلسَّوْءِ ۖ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

بۆ ئەو کەسانە کە ئیمانیان نییە بە ڕۆژی قیامەت سیفەتێکی ناشیرین و حاڵێکی بەد هەیە کە بریتییە لە کوفرەکەی و هاوڕێ بڕیاردانەکەی بۆ خودا و منداڵ بڕیاردان بۆ خودا.

﴿وَلِلَّهِ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ٦٠﴾

وە بۆ خودای تەعالایش سیفەتی بەرزی زۆر باڵا هەیە کە عیبارەتە لەوە «واجب الوجود»ە و تاق و تەنیایە وە بێ‌نیازە لە عالەم وە خودا خاوەن حیکمەتە لە مۆڵەتدانی کافرانی بێ‌ئیمانا.

﴿وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِظُلْمِهِم مَّا تَرَكَ عَلَيْهَا مِن دَآبَّةٍ﴾

خودای تەعالا مۆڵەتی ئەو کافرانە[ی کە داوە] لەبەر میهرەبانییەتی و لەبەر قەراری خۆیەتی لەسەر مانەوەیان، ئەگەرنا ئەگەر خودای تەعالا زوو ئادەمیزادی ستەمکاری بگرتایە لەسەر ڕووی زەوی قەت ئینسانێکی ستەمکاری نەئەهێشتەوە بڕوا بە دنیادا و بگەڕێ بەسەر عەرزا.

﴿وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى﴾

بەڵام خودا دوایان ئەخا و مۆڵەتیان ئەدا هەتا وادەیەکی دیاریکراوی ناوبراو.

﴿فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَـْٔخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ٦١﴾

جا کاتێ وادەی گرتنیان هات ئەوە ناتوانن ئەو وادەی فەوتانی خۆیانە پاش بخەن وەکوو لەوەبەر نەیانتوانیوە وادەکەیان پێش بخەن.

﴿وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ مَا يَكْرَهُونَ وَتَصِفُ أَلْسِنَتُهُمُ ٱلْكَذِبَ أَنَّ لَهُمُ ٱلْحُسْنَىٰ لَا جَرَمَ أَنَّ لَهُمُ ٱلنَّارَ وَأَنَّهُم مُّفْرَطُونَ ٦٢﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەو کافرە موشریکانە بڕیار ئەدەن بۆ زاتی پاکی خودای تەعالا شتێکی وەها کە پێیان ناخۆشە بۆ خۆیان وەکوو بوونی شەریك و هاوڕێ لە عیبادەتا و حوکم و فەرمانا وە بوونیان بە خاوەن کچ، وە لەگەڵ ئەم تاوانبارییەدا زبانیان واتەی درۆی پیادا دێ درۆکەیشیان ئەمەیە کە لە قیامەتا پایە و مایە و پلەی جوانیان هەیە و لە بەهەشتا ئەبن.

بزانن راست ئەوەیە کە ئەوانە ئاخری دۆزەخیان هەیە و ماوایان دۆزەخە و بۆ ئەوانە ئەخرێنە پێشەوە بۆ ناو ئاگری دۆزەخ، وە ئەو قسە کە ئەیکەن بۆ خۆیان درۆیە.

﴿ تَاللَّهِ لَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَعْمَٰلَهُمْ فَهُوَ وَلِيُّهُمُ ٱلْيَوْمَ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦٣﴾

قەسەم بە خودای تەنیا بە راستی پێغەمبەرانمان نارد بۆ لای چەن ئوممەتێ لە پێش تۆدا بوون، وە ئەوانیش یاخی بوون لە فەرمانی ئەو پێغەمبەرانە و لەسەر کوفر و تاوانباری مانەوە و شەیتان ئەو کردەوە نابارانەی جوان کرد لەبەر چاویانا، وە شەیتان ئیمڕۆ لەم دنیادا دۆست و یارمەتیدەری ئەوانە، واتە لەو رۆژەدا کە لە ناویانا گومڕاهی بڵاوئەکردەوە، وە بۆ ئەوان هەیە سزای ناهەموار لە رۆژی قیامەتا.

﴿ وَمَآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّا لِتُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِى ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ ۙ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٦٤﴾

وە ئێمە کیتابمان نازڵ نەکرد بۆ سەر تۆ بۆ ئەوە نەبێ کە تۆ لەسەر میزانی ئەو کتێبە بەیان بکەی بۆیان ئەو شتانە کە ئەوان جیاوازییان بووە تیایانا وەکوو: یەکیەتی خودا و، پەروەردگاری و مەعبوودی زاتی ئەو و، ئەحواڵی رۆژی قیامەت لە زیندووبوونەوەی

www.iqra.ahlamontada.com

هەموو موکەللەفێ و، پرسیار و جواب و، شارەزاکردنیان بۆ ئەوەی واجبە لە سەریان و، ئەوەی حەرامە و ناڕەوایە، وە بۆ ئەوە کە ببێ بە هۆی رەحمەت و ئاسایش بۆیان لە دنیا و قیامەتا بۆ ئەوانەیان کە ئیمان بێنن و تابیعی ئیرشادی پێغەمبەرەکان ببن، کەچی ئەوان بە خیلافی ئەوەی سوودی هەردوو دنیای ببێ بۆیان رەفتاریان کرد.

﴿وَٱللَّهُ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَآ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ ﴿٦٥﴾﴾

خودا بە قودەرت و تەوانایی خۆی بارانی لە ئاسمانەوە باراندووەتە خوارەوە و عەرزی زیندوو کردەوە بەو بارانە و کردی بە عەرزی خاوەن کشتوکاڵ و خاوەن گوڵ و گوڵزار وە خاوەن سەرچاوە و رووبار پاش ئەوە کە عەرزێکی بێ‌خێری مردووی بێ‌زینەت بوو، بە راستی هەیە لە بیستنی ئەم ئامۆژگاریانەدا نیشانەی گەورە لەسەر تەوانایی خودای تەعالا بۆ ئەو قەومە کە ئامۆژگاری ئەبیێن بە بیستنێکی بە سوود وە بیر ئەکەنەوە لە مەعنای وتار و ئیرشادی پێغەمبەرا ﷺ.

﴿وَإِنَّ لَكُمْ فِى ٱلْأَنْعَٰمِ لَعِبْرَةً ۖ نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِى بُطُونِهِۦ مِنۢ بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَّبَنًا خَالِصًا سَآئِغًا لِّلشَّٰرِبِينَ ﴿٦٦﴾﴾

وە هەر وەکوو لە باراندنی بارانا و رواندنی کشتوکاڵ و گیای بە سوود لە دەشت و دەرانا عیبرەت هەیە بۆ ئینسانی خاوەن شوعوور بە راستی هەیە بۆ ئێوە لەم ماڵیاتەدا کە وا لەبەر دەستانا وەکوو وشتر و، گاو ، مەڕ و، بزن، چەن شتێکی جوانی وەها کە ئەبن بە هۆی پەندوەرگرتن بۆتان وە باوەڕکردنتان بە تەوانایی خودا و بە حیکمەت و میهرەبانی ئەو، بۆ وێنە: زیاد لەوە کە لە تووکەکەیان و، لە نەتەوەیان و، لە سواری پشتیان و، لە خواردنی گۆشتیانا... چەن سوودتان دەست ئەکەوێ، ئەدەمە دەرخواردتان

www.iqra.ahlamontada.com

شیرێکی سافی دوور لە خوێن و مادەی بێگانە کە گەوارایە بۆ ئەوانە کە شیر ئەخۆنەوە، وە ئەو شیرە پەیدا ئەبێ لەو تەڕاییە وا لە سکیانا، وە پەیدا ئەبێ لە بەینی ئەو مادە پیسە کە ریخۆڵە رایان ئەکێشێ بۆ خوارەوە و ئەو خوێنە کە جگەری حەیوانەکان ئەیبا بۆ لای خۆی.

باسی ئەمە وەکوو ئیمامی رازیﷺ ئەفەرموێت؛ ئەڵێ: پەیدا بوونی شیر لە ناو سکی ئەو حەیوانەدا دارای چەن وەزعی وەهایە کە هۆشی ساغ ئیقرار ئەکا بەوە بە غەیری تەوانایی خودای خاوەن حیکمەت نایێتە جێ، وە ئەمە لە چەن روویەکەوەیە:

یەکەم: ئەمە کە خودای تەعالا لە خواری مەعدەوە مەنفەزێکی دروست کردووە کاتێ گیانلەبەر شتێکی خوارد و رۆیشتە مەعدەیەوە و کوڵا ئەو مەنفەزە ئەبەسرێ هەتا بە تەواوی ئەو خواردەمەنییە هەزم ئەبێ، وە ئەوەی کە سافە ئەڕوا بۆ جگەر وە ئەوەی قورسە و ناپوختە ئەو مەنفەزەی بۆ ئەکرێتەوە و ئەڕواتە خوارەوە و ئەچێتە دەرەوە.

دووهەم: ئەمە کە خودا لە جگەرا هێزێکی داناوە هەر مادەیێ لە خواردەمەنی هەزم بوو ئەوەی سافە و بێ‌دەغیلەیە رای‌ئەکێشێ و مادەی قورس راناکێشێ، وەکوو ریخۆڵە مادەی قورس رائەکێشێ و مادەی ناسك و ساف راناکێشێ، وە ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمە ئیشیان بکردایە نیزامی تەندروستی تێك ئەچوو.

سێهەم ئەمەیە: کە خودا لە ناو جگەرا هێزێکی دروست کردووە ئەو ئەجزا سافانە رایکێشاوە ئەیانکوڵێنێ و ئەیانکا بە خوێن و ئەو خوێنە مادەی «سەودا» و «سەفرا» و ئاوی رووتی تیایە جا خودای تەعالا هێزێکی لە «زراو»ا داناوە کە «سەفرا»کە رائەکێشێ، وە هێزێکی لە «سپڵ»دا داناوە سەوداکەی رائەکێشێ، وە هێزێکی لە «گورچیلە»دا داناوە ئاوەکەی رائەکێشێ، وە خوێنەکە بە سافی ئەمێنێتەوە لەگەڵ «تەغزیە»ی لەشدا ئەگونجێ.

www.iqra.ahlamontada.com

چوارەم: ئەمەیە لەو کاتەدا کە بەچکە وا لە سکی دایکیا لەو خوێنە سافە ئەندازەیەکی ئەڕواتە خوارەوە بۆ منداڵدان هەتا ببێ بە مادەی نەشئو نمای ئەو بەچکە، وە کاتێ کە ئەو منداڵە کەوتە خوارەوە ئەو خوێنە کە زوو ئەڕۆیشت بۆ دەوری منداڵدان ئەگەڕێتەوە بۆ مەمکی حەیوانەکە وە ئەبێ بە شیر بۆ خواردەمەنی ئەو منداڵە، وە مەمکە یا گوانی حەیوان سافی ئەکا بۆ خواردەمەنی رۆڵەکەی، جا مادام خودا بە قودرەتی خۆی مادەی خواردەمەنی گیانلەبەر ئەوەندە وەزعی جیاوازی بەسەرا بڕوا هیچ عەجیب نییە بەڵکوو زۆر مەعقوولە ئەو مادەی گیانلەبەرە مردووە وەزعێ‌تری بەسەرا بێ و ببێتەوە بەو.

﴿وَمِن ثَمَرَٰتِ ٱلنَّخِيلِ وَٱلْأَعْنَٰبِ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا حَسَنًا ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٦٧﴾﴾

وە هەیە بۆ ئێوە لە بەری داری خورما وترێدا عیبرەت وەکوو لە حەیواناتا، تەماشا ئەکەن ئەم داری خورمایە خورمای جۆرجۆرتان بۆ ئەگرێ، وە داری ترێ چەن جۆر ترێتان بۆ ئەگرێ کە ژیواریان پێ ئەکەن بە تەڕی «روتاب» و ترێ و، بە وشکی خورما و مێوژیان لێ وەرئەگرن، وە هەروا دروست ئەکەن لەم بەرانە مەشرووباتی شیرین وەکوو «نبیذ» و دۆشاوی ترێی رەنگاورەنگی سافی جوان، وە مێوژ و باسووق و حەڵوا و غەیری ئەمانە لەو خواردەمەنییە بەلەزەتانە کە لە وڵاتا دروست ئەکرێن، کە ئەمانە هەموویان خواردەمەنی و رۆزییەکی جوان و دڵگیرن، وە لەم زۆرکردنی نیعمەتانەدا نیشانەی مەعقوول هەیە لەسەر وجوود و تەوانایی و میهرەبانی خودا بۆ گەلێ کە هۆشیار بن یاخود عەقڵ بخەنە کارەوە بۆ پەی بردن بە ئەنجامی پیرۆز.

لەم ئایەتەدا پرسیار کراوە: «سکر» وا دیارە ئەو خواردنەوە بێ کە ئەخورێتەوە و ئینسان مەست ئەکا کە ناو ئەبرێ بە «شەراب» وە ئەمە حەرامە، جا چۆن خودای تەعالا لە ریزی نیعمەتەکانی خۆیا حسێبی ئەکا؟

www.iqra.ahlamontada.com

**وەلامی ئەمە چەن شتە:**

یەکەم: ئەمەیە «سکر» لە زمانی عەرەبا چەن مەعنای هەیە؛ ئەمەیە کە «سکر» لە زمانی عەرەبا نەبیزە کە بریتییە لە دۆشاوی ترێ و مێوژ و خورما، ئەمانە کاتێ دروست بکرێن وەکوو خۆشاو هەتا تامیان خۆش ئەبێ، خواردنەوەیان رەوایە وەکوو شەربەتی خورما و مێوژ و ترێ کە هەموو کاتێ ئەمانە ئەخورێنەوە.

دووهەم: ئەمەیە «سکر» بە مەعنا خواردەمەنی بەلەزەتە وە دیارە کە لەمانە گەلێ خواردەمەنی بەلەزەت دروست ئەکرێ کە بە دین حەلاڵ و بێ‌عەیبن.

سێهەم: ئەمەیە ئەگەر بڵێین «سکر» بە مانا خواردنەوەی مەستکەرە ئەڵێین: ئەم ئایەتە لە مەککەدا نازڵ بووە و لەو کاتەدا شەراب حەرام نەبووە و رەوا بووە بکرێ بە نیعمەت و بە هۆی منەتنان لەسەر ئوممەت.

﴿ وَأَوۡحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحۡلِ أَنِ ٱتَّخِذِي مِنَ ٱلۡجِبَالِ بُيُوتٗا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعۡرِشُونَ ٦٨ ﴾

---

١. لێرەدا مانایەکی دیکە هەیە مامۆستا نەینووسیوە و دەگونجێ لەمانە زیاتر لەگەڵ ئایەتەکەدا بگونجێ: هەندێ لە زانایانی تەفسیر بۆ ئەوە چوون کە «سکر» لەسەر مانای خواردنەوە، مەستکەرە و لە بەرابەری «رزقاً حسناً» واتە: رۆزییەکی جوانەوە دانراوە هەتا موسوڵمانان وریا بکاتەوە بۆ ئەوەی کە شەراب رۆزییەکی جوان و پاك نییە، وە ئەو زانایانە دەڵێن عەرەق بە چوار پلە حەرام کراوە:

پلەی یەکەم: ئەم ئایەتەی ئێرەیە کە ئیشارەیەکی پەنامەکی و ناسکی تێدایە.

پلەی دووەم: ئایەتی: «یسئلونك عن الخمر والمیسر ...» تاد. [البقرة: ٢١٩].

پلەی سێهەم: ئایەتی: «ولا تقربوا الصلاة و أنتم سکاری...» تاد. [النساء: ٤٣].

پلەی چوارەم: ئایەتی: «یا أیها الذین آمنوا إنما الخمر والمیسر والأنصاب والأزلام رجس...» تاد. [المائدة: ٩٠].

بەم پێیە ئایەتەکە لەسەر مانای خۆی مانا دەکرێ و پێویستی بە لادان بۆ لای مانای دیکە نییە. (م.ع.ف)

www.iqra.ahlamontada.com

وە پاش ئەوە کە خودا بەیانی نیعمەتە پێشووەکانی کرد بەیانی نیعمەتی هەنگوین ئەکا و بەیانی تەوانایی خۆیشی ئەکا لە پەروەردەکردنی گیانلەبەرانا و ئەفەرموێت: خودای تەعالا خستیە دڵی هەنگەوە و پێی راگەیاند کە: برِۆ لە کێوەکانا و لە ناو دارانا و لەو شوێنانەیشا کە هەرزاڵەت بۆ ئەبەستن خانوو بگرە و جێگە بگرە و دامەزرێ و ژیوار بکە.

﴿ ثُمَّ كُلِي مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ فَٱسْلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا ﴾

پاش دامەزرانت لە هەموو گوڵ و گیایێ و لە هەموو بەری دارێکدا ئارەزووی ئەکەی بخۆ و برِۆ بەو رێگایانەدا کە خودای خۆت بۆی داناوی کە هەموو رامن و ئامادەن بۆ هاتوچۆ پیایانا هەتا لەو بەرانە وەربگری، جا بەو رێگادا کە ئارەزوو ئەکەی بێرەوە بۆ شوێنەکەی خۆت، وە لە پاش ئەمە خودای تەعالا بە سوورەتی حاڵی غائیب ئەفەرموێت:

﴿ يَخْرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٦٩﴾ ﴾

واتە لە ئەنجامی ئەم دەرچوونی مێشی هەنگە و وەرگرتنی لە هەموو بەرێ ئارەزووی ئەکات ئەگەرِێتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی و لە سکی دەرئەچێ هەنگوێنێ کە بۆ خواردن ئەشێ و چەن رەنگ و جۆری هەیە؛ وەکوو: زەرد و بۆر و سەوز و، تێکەڵ لەمانە بە پێی نەوعییەتی ئەو بەرە کە وەری ئەگرێ، وە هەیە لەو هەنگوێنە بۆ ئادەمیزاد شیفا لە گەلێ دەرد و ناساغی، بە راستی هەیە لەم تەربییەت و تێگەیاندنی مێشی هەنگەدا و لە پەیداکردنی هەنگوێنی رەنگامە دەلیل و نیشانە لەسەر تەوانایی خودا بۆ گەلێ کە بیر ئەکەنەوە لە ئیش و کارا.

www.iqra.ahlamontada.com

لێرەدا چەن شتێ هەیە:

یەکەم: ئەمە کە کەلیمەی «وەحی» بەکار هاتووە لە قورئانی پیرۆزا بۆ گەیاندنی کیتابی ئاسمانی بە فریشتەی پایەبەرزا کە جوبرەئیلە بۆ لای پێغەمبەران ﷺ وەکوو خودا فەرموویەتی: «شرع لكم من الدين ما وصى به نوحاً والذي أوحينا إليك».[١] وە بۆ ئیلهامی دۆستانی خودا وەکوو لە قورئانا خودا فەرموویەتی: «و إذ أوحيت إلى الحواريين... الآية»[٢] وە وەکوو: «و أوحينا إلى أم موسى أن ارضعيه...الآية»،[٣] وە بۆ دامەزراندنی کردەوەیێ یا حاڵێ لە خلیقەت و غەریزەی گیانلەبەرێکدا وەکوو ئەم ئایەتە کە فەرمووی: «و أوحى ربك إلى النحل...الآية».

دووەم: ئەمەیە خودای تەعالا بۆیە بە ئیهتیمام فەرمووی: «و أوحى ربك إلى النحل...» چونکە لە واقیعا ئەم مێشە کاری زۆر نایاب ئەکا، وەکوو ئەوە خانووی شەش خشتەکی دروست ئەکا بۆ خۆی بە جۆرێ کە مەگەر زانای هەندەسە بتوانێ خانووی وا دروست بکا، وە ئەگەر خانووەکەی شەش خشتەکی نەبێ گەلێ لەو خانوویە بە بێ سوود زایە ئەبێ، بەڵام ئەگەر شەش خشتەکی بێ هیچ لەوانە زایە نابێ.

وە لە ناو مێشهەنگدا گەورە و سەردار هەیە مەشهوورە بە «شاهەنگ» وە لەشی گەلێ لە باقی مێشەکان گەورەترە و فەرمانی ئەڕوا بەسەر هەموویانا و خزمەتی ئەکەن، وە لە کاتی دەرچوونا بە چەن مێشێ هەڵی ئەگرن لەسەر باڵی خۆیان، وە یاخود بە ڕێزەوە ئەملاولای ئەگرن و ئەفڕن بۆ ئەو شوێنە ئارەزووی ئەکەن.

---

١. الشورى؛ ١٣.

٢. المائدة؛ ١١١.

٣. القصص؛ ٧.

www.iqra.ahlamontada.com

سێهەم: ئەمەیە کە هەنگ دوو بەشە، بەشێکی لە کەژ و کێوا و لە ناو بێشە و دارستانا هێلانە ئەکا و ئادەمیزاد خزمەتی ناکا مەگەر بە رێکەوت پێی بزانێ و هەنگوێنەکەی دەربێنێ ئەم بەشە مەقسوودە لە قەوڵی خودا: «من الجبال و من الشجر».

وە بەشی دووەمی ئادەمیزاد تەربییەتیان ئەکا و ئەمەیان مەقسوودە لە قەوڵی خودای تەعالا: «ومما یعرشون».

چوارەم: ئەمەیە ئەو شیفایە کە هەیە لە هەنگوێنا بۆ بازێ ناساغییە نەك بۆ هەموو ناساغییەك.[١]

---

[١] لێرەدا خاڵێکی دیکە هەیە زانایانی تەفسیر ـ ئەوەی من بزانم ـ لەسەری نەڕۆیشتوون و مامۆستایش باسی نەکردووە و بە بیری من جێگەی وردبوونەوەیە لە توانایی خودا لە کار و زیرەکی هەنگدا، خاڵەکەیش لە: «فاسلکي سبل ربك ذللا» دایە، وەك روونە هەموو بڕگەکانی دیکەی ئایەتەکانی باسی هەنگ گەلێ وردەکاری و باسی زیرەکی هەنگ و دەربڕینی توانای خودایان تێدایە، ئەم بڕگەیش هەمان شێوە بەڵگەیەکی دیکەی زیرەکی هەنگە. لە کوردستاندا ئەوانەی لە شاخ و داخدا بە شوێن هەنگدا دەگەڕێن تا ئەیدۆزنەوە چەن رێگە و یاسای تایبەتییان هەیە کە ئەم زیرەکییەی هەنگ روون دەکەنەوە.

ئەوەی کە باوە و زانراوە کەسێك بیەوێ شوێنی هەنگێ بدۆزێتەوە ئەچێتە سەر ئاوێك دائەنیشێ و سەیری «ئاوبەر»ی ـ واتە ئەو هەنگەی دێتە سەر ئاوەکە و ئاو بۆ شارەکەی خۆی دەبات ـ هەنگەکە دەکات تا بزانێ ئەو هەنگە کە ئاوی هەڵگرت روو دەکاتە کوێ. جا هەنگەکە کە ئاوی هەڵگرت دوو سێ جار بە دەوری خۆیدا ئەسووڕێتەوە تا بەرز ئەبێتەوە، ئەوسا رێگەیەکی راست ئەگرێتە بەر بە جۆرێ کە لارەکە ناکات تا دەگاتەوە شارەکەی خۆی، جا ئەو کەسەی کە بۆ هەنگەکە دەگەڕێ کە توانی رێگە راستەکە بدۆزێتەوە ئەوە کارەکەی سووك کردووە و بەوە دەوترێ «راساو»، دوای ئەوە کابرا هەنگاو بە هەنگاو بەرزایی و بەرزایی و داره و دار و بەردە و بەرد لەگەڵ گیزەی باڵی هەنگەکەدا دەڕوا و چاوی تێدەبڕێ تا دەگاتە سەر شارەکەی، واتە هەنگەکە لەسەر ئاوەکەوە تا شارەکەی راستە شەقامێکی بۆ خۆی دیاری کردووە کە هەرگیز لێی لانادا و لێی تێك ناچێ.

لەم بارەوە دەڵێن: هەنگ یەك جار بە هەر شوێن و جێگەیەکدا بڕوا ئیتر ئەو رێگەی لە بیر ناچێ و بێ‌هەڵە دەگەڕێتەوە سەر جێگەی خۆی. ئەمەیش لەوەوە دەردەکەوێ کە هەنگ لە شاری خۆی

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمْ ثُمَّ يَتَوَفَّىٰكُمْ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرْذَلِ ٱلْعُمُرِ لِكَىْ لَا يَعْلَمَ بَعْدَ عِلْمٍ شَيْـًٔا إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ قَدِيرٌ ﴿٧٠﴾ ﴾

پاش ئەوە کە خودای تەعالا باسی تەسەڕوفاتی خۆی کرد لە ئاسمان و زەوی و لە گیانلەبەرانا لە حەیواناتی چەرندە و پەڕندە، باسی تەسەڕوفاتی خۆی ئەکا لە نەفسی ئادەمیزادا وە ئەفەرموێت: خودای تەعالا لە نەبوون ئێوەی دروست کردووە و لە پاش رابواردنی عومر کەم بێ یا زۆر رۆحەکەتان وەرئەگرێ و ئەتانمرێنێ، وە لەو ماوەی ژیانەدا فەرقتان هەیە، بازێ بە منداڵی و، بازێ بە گەنجی و، بازێ بە دەمەوپیری و، بازێ بە پیری عادەتی ئەمرێنێ و، لە ئێوەیشدا هەیە کەسێ کە زۆر پیر ئەبێ و هێشتا هەر عەقڵ و هۆشی لەسەر خۆیەتی بە تایبەتی لەو موسوڵمانانەدا کە دڵیان ئاوەدانە بە رووناکی زیکری خودا و لەشیان خاوەن بەشە لە عیبادەتا، وە ئەم تاقمە با زۆر پیر بن بە خیلافی عادەت بەو عومرەیان ناڵێن «أرذل العمر» بەڵکوو ئەوە «أفضل العمر» وەکوو حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «خیرکم من طال عمره و حسن عمله» واتە: چاکترینی ئێوە کەسێکە عومری درێژ بێ و کردەوەی جوان بێ، یانی

---

(٤٦)

دەردەچێ و چڵاو چڵ و گوڵا و گوڵ دەکا و دەگەڕێ و شیلە دەمژێ و دوایی یەکسەر دەچێتەوە ماڵی خۆی.

لە لایەکی دیکەیشەوە کاتێ پوورەهەنگێك لە شاخەوە دەبەنەوە ئاوەدانی، یان لە گوندێکەوە دەیبەن بۆ گوندێکی دیکە دەیان کیلۆمەتر لە زێد و مەڵبەندی خۆی دوور دەکەوێتەوە و لە سندووقێ یا لە کوولەکەیێ یا لە پوورەیەکی گڵینەی دەم بەسراودا ئەو ماوەیە دەیگوێزنەوە کاتێ دایاننا دەمیان بەرەڵا کرد دەفڕێ و دەس بەکار دەبێ و دەگەڕێ و ئاو دێنێ و شیلە دەمژێ و بێ‌شوان و خاوەن و دەلیل دێتەوە ماڵی خۆی. دیارە ئەمە بەشێکە لە مانای ئەوەی کە دەفەرموێ: «فاسلکي سبل ربك ذللا» و دیارە خودا بەم جۆرە رێگەی بۆ خۆش کردووە و رێنومایی دەکات (م.ع.ق).

www.iqra.ahlamontada.com

موافیقی دین بێ، وە هەیە لە ئێوەدا کەسێ کە زۆر پیر ئەبێ وەکوو منداڵی وردەساڵی لێ دێ، وە لەو شتانە کە زانیونی و فێریان بووە هیچی لە بیر نامێنێ، وە ئەم عومرە «أرذل العمر»ە و وجوودی ئەمانە کەم و نایابە، بە راستی خودا زانایە بە ئەندازەی عومرتان وە تەوانایە لەسەر ئەوە گەنجی بەهێز بمرێنێ و پیری پەرپووت بژیێنێ.

﴿ وَٱللَّهُ فَضَّلَ بَعۡضَكُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ فِي ٱلرِّزۡقِۚ ﴾

وە هەر وەکوو لە عومردا خودا فەرقی ئێوە ئەخا بە کەم و زۆر هەروا لە ژیواریشدا وە خودا تەفزیلی بازێ لە ئێوەی داوە بەسەر بازێکتانا لە رزق و رۆزیدا بە پێی ئەو خواستی خۆیە وە ئەمە بۆ ئەو کەسانە کە ئاگادارن لە دینا و لە کاسبانی دنیا رووناك و دیارە وە ئەمە هەر لەسەر فەرمانی خودایە هەرچەند ژیانی لەسەر ئەسبابە ئەمە عەلاقەی نییە بە ئەسبابەوە، تەماشا ئەکەین دوو جووتیار لەیەك زەویدا جووت ئەکەن و خەتێ وا لە بەینیانا و کشتی هەردووکیان باش بەرز ئەبێتەوە کەچی لە کاتی حاسڵدا تەرزە ئەدا لە کشتی یەکێکیان و نادا لەویان. هەروا دوو بارزگانی خاوەن دارایی بە هەزاران فەردە قوماش دێنن کەچی ماڵی یەکێکیان لە بەندەردا نوقم ئەبێ و ئەویان بە ساغی دەرئەچێ. وە یەکێ زۆر زانایە لە ئەنواعی ئیش و کارا و کەچی لات و بێنانە، وە یەکێکیتر زۆر نەزانە کەچی زۆر دارایە. هەروا باقی سیفەتە باشەکان وەکوو هۆشیاری و کەرەم و، بەخشش و، خۆگرتن و، مدارا و، ئیرادە و، ئیدارە.

بە کورتی کەس ئینکاری ئەسباب ناکا و واجبە دەست بگرین بە ئەسبابەوە، بەڵام هیچ هۆشیارێ حەقی ئەوەی نییە کە بڵێ ئەسبابی عادەتی هەموو شتێکە، بەڵکوو هۆشیارانی جیهان هاوبڕیارن کە ئەسبابی مادی هەمووی بێتە جێگە هێشتا پێویستە بە خواستی پەروەردگار و بە بێ خواستی ئەو هیچ نایێتە جێگە. لەسەر ئەم مەعنایە حەزرەت فەرموویە:

www.iqra.ahlamontada.com

«ما شاء اللّه کان و ما لم یشأ لم یکن» ئەوەی خودا ویستی ببێ بوو، وە ئەوەیشی خودا نەیویست نەبوو.

وە گەلێ جار ئینسان سەری سوڕئەمێنێ لە بازە زانایێ کە شکات ئەکەن لە نەدارایی و ئەڵێن: تەماشا! تەماشا! فلان دووکانداری نەفام چەن دارایە و زانایەکی وەکوو من بێنەوا و بێماڵم! ئەم جۆرە باسە زۆر بێنرخە؛ چونکی ئەگەر تەماشای ئەسباب ئەکا کابرای دووکاندار هەمیشە خەریکی کار و کاسبی و کڕین و فرۆشتنە، وە ئەم زانا لە حوجرەی خۆیا دانشتووە، وە بە هیچ جۆرێ ئەسبابی دارایی بەجێ نەهێناوە، جا قابیلە یەکێ بڕوا بە ڕێگەدا و یەکێ ڕاوەستێ ببن بە هاومەنزڵ؟

وە ئەگەر تەماشای ئەسبابی عادەتی ناکا ئەبێ ئەم ئیعتیرازە پووچ و بەتاڵ بێ؛ چونکی ئیعتیراز لەسەر ئیرادەی خودا شێوەی ئینسانی موسوڵمان نییە، وە پێویستە هەموو لایێ مل بۆ ئیرادەی خودای تەعالا ڕابکێشین.

﴿فَمَا ٱلَّذِينَ فُضِّلُوا۟ بِرَآدِّى رِزْقِهِمْ عَلَىٰ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُمْ فَهُمْ فِيهِ سَوَآءٌ﴾

دەی کە ڕۆزی هەموو کەس لە لای خودا بێ و ئەو ڕۆزی هەموو گیانلەبەرێ بدا وەنەبێ ئەو کەسانە کە خودا ڕۆزی زۆر کردن لە بەشە ڕۆزییەکەی خۆیان بگێڕنەوە بۆ سەر ئەو غوڵامانە کە موڵکی ئەوانن، بەڵکوو ئەوەی ئەیدەن بەوانە ڕۆزی خۆیانە و لە لای خوداوە بۆیان حەواڵە کراوە بەڵام بەسەر دەستی گەورەکانیانا بۆیان هاتووە، ئەنا هەموو لایەکیان ئاغا و خزمەتکار هەموو لە ڕۆزیدا وەکوو یەك وەهان وە خودا ڕۆزی هەموویان ئەدا.

﴿أَفَبِنِعْمَةِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ٧١﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئایا ئەم خاوەن ماڵانە ئینکاری ئەو نیعمەتەی خودا ئەکەن کە لەسەر دەستی ئەوانا رۆزی ئەنێرێ بۆ خزمەتکارەکان، وە یاخود ئینکاری ئەو نیعمەتی خودا ئەکەن وەکوو ئەو رزقە بێ کە ناردوویەتی بۆ ئەو خزمەتکارانە وە ئەڵێن: ئەو رزقە رزقی ئێمەیە ئەیدەین بەو خزمەتکارانە؟! ئەبەدا حەقی ئەمیانە نییە.

﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا وَجَعَلَ لَكُم مِّنْ أَزْوَٰجِكُم بَنِينَ وَحَفَدَةً وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ ۚ أَفَبِٱلْبَٰطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَتِ ٱللَّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ ﴿٧٢﴾ ﴾

خودای تەعالا پاش ئەو نیعمەتانە باسی نیعمەتێکی گەورە ئەکا لەسەریان و ئەفەرموێت: خودای تەعالا لە سینفی خۆتان هاوجووتی بۆ دروستکردوون، وە لەو هاوجووتانە کوڕ و کوڕەزای پێداون، واتە: لە ژنەکانی خۆتان کوڕ و لە ژنی کوڕەکان کوڕەزای داوە پێتان، وە رۆزی هەمووتانی داوە لە حەڵاڵی بەلەزەت، ئایا پاش ئەم هەموو نیعمەتانە کە داومە پێیان ئەڕۆن باوەڕ ئەکەن بە شتی بەتاڵ وەکوو بتەکان وە عەقیدەی ئیستیفادە و سوود وەرگرتن لەوان وە حەرام کردنی بازێ نیعمەتی خودا و کوفری نیعمەتی خودای پەروەردگار ئەکەن لەسەریان و نیعمەتەکان نیسبەت ئەدەن لە غەیری خودای تەعالا و بە رێگەی دینی ئەوانا ئەڕۆن؟!

﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَهُمْ رِزْقًا مِّنَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ شَيْـًٔا وَلَا يَسْتَطِيعُونَ ﴿٧٣﴾ ﴾

وە ئەو کافرانە عیبادەتی شتانێ ئەکەن غەیری خودای تەعالا کە نە دارای رزق و رۆزییە بۆ ئەوان لە ئاسمانەکان و لە عەرزا هیچ نەوعە رزقێ وە نایشتوانن لەمەولا ببن بە خاوەن رزق، واتە نە ئەتوانن باران ببارێنن لە ئاسمانەوە و نە ئەتوانن گیا

www.iqra.ahlamontada.com

بڕوێنن لە عەرزا: وە یا شتێ دروست بکەن بۆیان کە ژیواری پێ بکەن وە نە توانای ئەوەیشیان هەیە.

﴿فَلَا تَضْرِبُوا لِلَّهِ الْأَمْثَالَ ۚ إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٧٤﴾﴾

مەکەن! وە بە ئەدەب بن و هاووێنە بۆ خودا بڕیار مەدەن بە درۆ و دەلەسە. خودا زانایە بەوە هەرچی بیر و باوەڕی ئێوە هەیە لەم بابەتانەدا هەموو پووچ و بێ‌نرخە بەڵام ئێوە نازانن بیر بکەنەوە با راستیتان بۆ دەرکەوێ.

﴿ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا عَبْدًا مَّمْلُوكًا لَّا يَقْدِرُ عَلَىٰ شَيْءٍ وَمَن رَّزَقْنَاهُ مِنَّا رِزْقًا حَسَنًا فَهُوَ يُنفِقُ مِنْهُ سِرًّا وَجَهْرًا ۖ هَلْ يَسْتَوُونَ ۚ الْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٧٥﴾﴾

خودا تەنازول ئەکا بۆ ئیرشادی ئێوە و نموونەیەکتان بۆ بەیان ئەکا لە زاتی خۆی و لەو بتانە کە کافرەکان ئەیانپەرستن، واتە: ئەو بتانە وەکوو بەندەیەکی مەملووکی وەهان کە هەرچی ئاغاکەی پێی نەدا دەستەڵات و تەوانای بەسەر هیچ شتێکا نەبێ، وە زاتی ئێمەیش وەکوو ئینسانێکی ئازادی خاوەن پایە وایە کە ئێمە رزق و رۆزییەکی باشی رەسامان پێدابێ و ئەو کەسەیش لەو رزقە جوانە خەرج ئەکا بۆ داماوان و میوان و دۆست و دوژمن بە پەنامەکی و بە ئاشکرا، ئایا ئەو دوو کەسە وەکوو یەك وان؟ حاشا وەك یەك نین، «الحمد لله» ئەکەم کە زانرا ئەمانە وەك یەك نین، یاخود بزانن نموونەی دووهەم نموونەی خودایە و هەرچی حەمد و سەنا هەیە هەر بۆ ئەوە و کەس رایەی ئەوەی ناکەوێ حەمدی بۆ بکرێ، بەڵکوو زۆربەی ئەم ئادەمیزادانە نازانن بە حەقیقەت و حەمد و سەنا زایەئەکەن کە بۆ غەیری خودای پەروەردگاری ئەکەن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلَيْنِ أَحَدُهُمَآ أَبْكَمُ لَا يَقْدِرُ عَلَىٰ شَيْءٍ وَهُوَ كَلٌّ عَلَىٰ مَوْلَىٰهُ أَيْنَمَا يُوَجِّههُّ لَا يَأْتِ بِخَيْرٍ هَلْ يَسْتَوِى هُوَ وَمَن يَأْمُرُ بِٱلْعَدْلِ وَهُوَ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٧٦﴾ ﴾

خودا لە ئایاتی پێشوودا نموونەی بەیان کرد بە بەندەیەکی مەملووك کە بێدەسەڵات بێ و ئینسانێکی ئازادی دەوڵەتمەندی خێرۆمەند، وە لەم ئایەتەدا نموونەی بت و خودا بەیان ئەکا بە دوو کەس؛ یەکەم: بەندەیێ بێ لاڵ و بێزمان بێ و شیاوی کار نەبێ و بووبێ بە بار بەسەر ئاغاکەیەوە، وە دووەم ئینسانێکی زانا و زماندار کە فەرمان بدا بە هەرچی رێکە و راستە و مایەی سەربەرزییە.

وە فەرمووی: خودای تەعالا وێنەیەکی‌تری باس کردووە بۆ ئێوە کە بریتییە لە دوو پیاو، یەکێکیان ئینسانێکی لاڵی بێزمانە لە شت حاڵی نەبێ و کەس حاڵی نەکا و تەواناى هیچ سنعەت و پیشەیەکی باشی نەبێ وە ئەو ئینسانە بار بێ و قورس بێ لەسەر شانی ئاغاکەی و بۆ هەر شوێنێکی بنێرێ بۆ هەر کارێ نەگەڕێتەوە بە سوودێ بۆ خاوەنەکەی ئایا بەندەیەکی وەها هاوشانی ئەبێ لەگەڵ کەسێکدا کە ئازاد و ئامادە و کارلێهاتوو و سەردەرچوو زمانزان بێ و مەشغوولی رێنومایی خەڵك بێ و فەرمان بدا بە راستکاری و میانەداری و ئینساف لە خوسوومەتا و لە بڵاوکردنەوەی رەوشتی پەسەندا، وە ئەو شەخسە هەمیشە خۆیشی لەسەر رێگەی راست بێ، واتە فەرمان بدا بە چاکە لە کاتێکدا خۆیشی باش‌کردار و پایەدار بێ؟ حاشا ئەمانە هەرگیز وەکوو یەك نین.

﴿ وَلِلَّهِ غَيْبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَآ أَمْرُ ٱلسَّاعَةِ إِلَّا كَلَمْحِ ٱلْبَصَرِ أَوْ هُوَ أَقْرَبُ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٧٧﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

پاش ئەوە کە خودای تەعالا ئەو دوو نموونەی باس کرد و تەقریری ئەوەی کرد کە خودای تەعالا موناسەبەی نییە لەگەڵ بتەکانا، لەوە لایدا بۆ شتێ کە وەکوو دەلیل وایە لەسەر ئەوە کە ئەبێ پەروەردگاری عالەم دوور بێ لە موناسەبەی غەیری خۆی بەوە کە پێویستە خودای عالەم زانا بێ بە هەموو شتێ و تەوانا بێ لەسەر هەموو مومکینێ لە مومکینات، وە فەرمووی: خودای تەعالا ئەوەندە زانستی رەسای هەیە بەسەر هەموو شتێکدا کە پەنهانە لە عالەمی بڵندا کە ئاسمانەکانە وە لە عالەمی نەویدا کە زەوییە بە وشکان و دەریاوە و، ئەو زانستە هەر بۆ ئەوە و بۆ کەسی‌تر نییە. وە ئەم عیلمە سیفەتی زاتی ئەوەو وا لەگەڵیا و لێی‌جیانابێتەوە وە کەسی‌تر ئەم عیلمەی نییە مەگەر عیلم بە شتێ کە خودا ئاگاداری بکا و خەبەرداری بکا لەسەری لەبەر حیکمەتێ کە خۆی ئەیزانێ.

وە ئەوەندەیش خاوەن قودرەت و تەوانایە کە ئەم عالەمە هەمووی وەکوو ئەڵقەیەکی سووك وایە بە دەستی کەسێکەوە، وە ئەتوانێ ئەم عالەمە بڕووخێنێ بە کاتێکی کەم، وە کاری بەجێهاتنی قیامەت و رووخاندنی ئەم جیهانە و هەڵپێچانی رۆژ و مانگ و باقی ئەستێرەکان و مەحوکردنەوەیان و شیکردنەوەی کێوەکان و وشککردنەوەی دەریاکان لە لای خودادا وا ئاسانە وەکوو چاوبڕکەیێ، بەڵکوو لەوە نزیکترە؛ چونکی جووڵاندنەوەی پێڵووی چاو بۆ سەرەوە هەتا چاو بڕوانێ و دانانەوەی لەسەر شوێنی خۆی پێویستە بە چەن ئانێکی یەك لە شوێن یەك، وە تەسەڕوفی خودا ماوە و کاتی ژمارەداری ناوێ، وە بە راستی خودای تەعالا تەوانایە بەسەر هەموو کارێکدا کە قابیلی وجوودی واقیعی بێ، وە مومکینات بەرابەر بە هێزی واجب رام و داماوە.

﴿وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ٧٨﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە خودای تەعالا گەلێ تەسەڕوفاتی عەجیب و غەریبی نیشان داوە بە ئینسانی هۆشیار ئەگەر بیر بکاتەوە، تەماشا ئەکەی خودای تەعالا ئێوەی ماوەیێ ڕاگرتووە لە سکی دایکدا، جا دەری کردوون لە سکی دایکتان بە حاڵێ کە هیچ نازانن و لەگەڵ ئەوەدا پلە پلە ئەتانکا بە دارای زانست بە هۆی مولاحەزەی «بەدیهییات» و ئیستیدلال بەوان لەسەر «نەزەرییات» وە بە هۆی تەوفیق و یارمەتیدانتان بە وجوودی ئوستادی زانا و کات و شوێنی موناسب و بەرزتان ئەکاتەوە لە پایەکانی زانستا لەسەر خواستی خۆی.

وە خودای تەعالا هێزی بیستنی پێداون و هێزی دیتنی ئەشیای پێداون کە هەر کامە لەمانە کاتێ ئینسانی هۆشیار تەماشای جیهاز و ئەسبابی بیستن و بینینەکەتان بکا لە تەوانایی خودا سەرسام ئەبێ، هەروا خودای تەعالا دڵی پێداون کە پەیوەندی تەواوی هەیە بە ئیدراکی مەعلووماتەوە و، وەرگرتنی شین و شادییەوە، وە ڕووناکبوونی بە بەرەکات و ئەنواری غەیبی کە دەرکی نهێنی ئەم ئەعزایانە و دۆزینەوەی نهێنی ئەو هێزانە کە لەوا نواون پێویستی هەیە بە یارمەتی خودا ئەنا ئینسان پێیان ناگا و تێیان ناگا، ئەم نیعمەتانەم داوە بە ئێوە بە هیوای ئەوە سوپاسی پەروەردگاری خۆتان بکەن.

﴿ أَلَمْ يَرَوْا إِلَى الطَّيْرِ مُسَخَّرَاتٍ فِي جَوِّ السَّمَاءِ مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا اللَّهُ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٧٩﴾ ﴾

ئایا ئەم ئادەمیزادانە بۆچی تەماشا ناکەن و ناڕوانن بە ڕوانینێ بگا بە کەشفی ئەو پەلەوەرانە کە ئامادە کراون بۆ هەڵفڕین و گەڕاندن بە فەزای ئاسمانا کە لەگەڵ ئەوەدا قورسن و بە تەبیعەت ئەبێ بکەونە سەر عەرز خودای تەعالا ڕای گرتوون و کەس ناتوانێ لەوێدا ڕایان بگرێ خودا نەبێ؛ چونکی بناغەی ئەو هێزی مانەوە لەوێدا بە ئیبداعی خودایە.

www.iqra.ahlamontada.com

وە لەم هێزانەدا کە خودا دایناون لەم گیانلەبەرانەدا گەلێ ئایەت و دەلیل هەیە بۆ گەلێ کە ئیمان و باوەڕیان بە خودای زانا و تەوانا هەیە.

﴿وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنۢ بُيُوتِكُمْ سَكَنًا وَجَعَلَ لَكُم مِّن جُلُودِ ٱلْأَنْعَٰمِ بُيُوتًا تَسْتَخِفُّونَهَا يَوْمَ ظَعْنِكُمْ وَيَوْمَ إِقَامَتِكُمْ ۙ وَمِنْ أَصْوَافِهَا وَأَوْبَارِهَا وَأَشْعَارِهَآ أَثَٰثًا وَمَتَٰعًا إِلَىٰ حِينٍ ٨٠﴾

وە خودای تەعالا ئەسبابی ئەوەی بۆ ئامادە کردوون ئاسایش بکەن لە هەموو شوێنێکدا وە جێگەی دانیشتنی بۆ کردوون لە خانووەکانتانا، وە لە پێستی حەیواناتیش خانووی سەیاری بۆ کردوون بۆ رۆژی کۆچکردن و هەوار بە هەوار بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵ و بۆ مانەوە و دانیشتنتان لەو دەشتەدا کە چەترێکی راسەری سووکە و وێنەی قوببەی بەرزی مولووکە و، بە سووکی ئەیگوێزنەوە بۆ دۆڵی و بۆ دەشتی، وە لە دۆزەخی بۆ بەهەشتی، هەروا دروستی کردووە بۆتان، یانی ئیلهامی کردووەتە دڵتان، لە خوری مەڕان لە کورکی وشتران و لە مووی بزنەکان رایەخ و پێخەف و بەرگ و پۆشاك و فەرەنجی و پەستەکی چاك دروست بکەن بۆ ئەساس و ناوماڵ و بۆ رابواردنی پیاوی خاوەن حاڵ وە ئەمانەتان بۆ کراوە تا کاتێ هاتی خاوەنەکەیان بێ.

﴿وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّمَّا خَلَقَ ظِلَٰلًا وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْجِبَالِ أَكْنَٰنًا وَجَعَلَ لَكُمْ سَرَٰبِيلَ تَقِيكُمُ ٱلْحَرَّ وَسَرَٰبِيلَ تَقِيكُم بَأْسَكُمْ ۚ كَذَٰلِكَ يُتِمُّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْلِمُونَ ٨١﴾

خودای تەعالا دروستی کردووە بۆ ئێوە و بۆی قەرار داون لەو شتانە کە دروستی کردوون وەکوو داری باخ و لاری کێوی شاخ و خانووی بەرزی پەرداخ و سێبەر و سایە و ئارامگا و... بۆ ئێوە، وە لە کێوەکانا چەن شوێنی پەناگا و داپۆشەری بۆ

www.iqra.ahlamontada.com

کردوون بۆ خۆتان و ماڵیاتتان، بۆ کاتی وەیشوومەی هەوا یا رۆژی جەنگ و داوا، وە بۆی کردوون و حاڵی کردوون بۆ دروستکردنی چەن پۆشاکێ ئەیکەنە بەرتان کە ئەتانپارێزێ لە گەرما لە هاوینا و ئەتانپارێزێ لە سەرما لە زستاندا، وە چەن پۆشاکێ لە زرێ ئەتانپارێزێ لە ناهەمواری شیر و تیری دوژمنەکان هەتا بمێننەوە بە دارایی و دادگەری و ئازادی و بەرگری. ئا بەم جۆرە کە باسمان کرد نیعمەتەکانی تەواو ئەکا لەسەرتان بەڵکوو بیرێ بکەنەوە و ئیتاعەی خودا بکەن و فەرمانەکانی بەجێ بێنن.

﴿ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ ٱلْبَلَـٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿٨٢﴾ ﴾

جا ئەگەر پاش ئەم هەموو ئایەتە بەرێزانە و بەیانی ئەم نیعمەتە بە نرخانە هەر پشتیان هەڵکرد لە فەرمانی حەق و ئیمانیان نەهێنا ئەوە تۆ ئیتر حەقت نەبێ، تۆ هەر گەیاندنی ئایاتی خودات لەسەرە بە رووناکی وا گەیاندت، ئیتر وازیان لێ بێنە بۆ خۆم.

﴿ يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا وَأَكْثَرُهُمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿٨٣﴾ ﴾

ئەم نامەردانە خۆیان ئەگەر بیاندوێنی یەکە یەکە نیعمەتەکانی خودا ئەناسن و ئەزانن کەچی پاش ئەوە لەبەر لاری و ناباری خۆیان ئینکاریان ئەکەن، یا ئەڵێن نییە، یا ئەڵێن خۆمان بە زۆری بازوو کردوومانە، وە زۆربەی ئەوانە کافرن و بێباوەڕن بە خودای تەعالا.

﴿ وَيَوْمَ نَبْعَثُ مِن كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا ثُمَّ لَا يُؤْذَنُ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ ﴿٨٤﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

باسی ئەو رۆژە بکە کە زیندووئەکەینەوە و رائەپەڕێنین بۆ ئاگاداری لە هەر ئوممەتێك کەسێ کە ئاگادار بووە لەسەر بیر و باوەڕ و کردەوەی ئەو ئوممەتە، وەکوو پێغەمبەرەکەیان بێ، وە کاتێ کە باسی حاڵی ناڕەوای ئوممەتەکەی کرد ئیزن نادرێ بەوانەیان کافر بوون بۆ قسەکردن و بیانوو هێنانەوە، یەکەم لەبەر شایەتی پێغەمبەرەکان، دووهەم لەبەر شایەتی ئەعزای خۆیان، وە داوای رەزامەندیشیان لێ ناکرێ، چونکی ئەو کافرانە قەدریان نییە تا داوای رەزامەندییان لێ بکرێ و، وە لەوانەیە ئەم جوملە بۆ تەحقیریان بێ.

﴿وَإِذَا رَءَا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلْعَذَابَ فَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُمْ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ٨٥﴾

وە کاتێ ئەو کەسانە کە ستەمیان لە خۆیان کردووە بە کوفر و هاوڕێ دانان بۆ خودا دۆزەخیان چاو پێکەوت ـ واتە دەست کرا بە سزادانیان ـ ئیتر ئەو سزا کە بۆیان بڕیار دراوە سووك ناکرێ و بە هیچ جۆرێ مۆڵەت نادرێن کە لە چەن کاتێکدا ئاسایش بکەن.

﴿وَإِذَا رَءَا ٱلَّذِينَ أَشْرَكُواْ شُرَكَآءَهُمْ قَالُواْ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ شُرَكَآؤُنَا ٱلَّذِينَ كُنَّا نَدْعُواْ مِن دُونِكَ فَأَلْقَوْاْ إِلَيْهِمُ ٱلْقَوْلَ إِنَّكُمْ لَكَٰذِبُونَ ٨٦﴾

وە کاتێ لە قیامەتا کافرە موشریکەکان ئەو بتانەیان دی کە دایان‌ناون بە شەریك بۆ خودا بانگ ئەکەن ئەڵێن: ئەی پەروەردگاری ئێمە ئا ئەوانە ئەو شەریکانەن کە ئێمە گومڕا بووبووین و بانگمان ئەکردن و لە تۆ لامان ئەدا، وە لەو کاتەدا خودا بتەکان دێنێتە جواب و ئەو قسەیانە رەد ئەکەنەوە و بەرپەرچی ئەدەنەوە و ئەڵێن:

www.iqra.ahlamontada.com

ئێوه درۆزنن و عیبادەتی ئێمەتان نەکردووه و عیبادەتی هەواو ئارەزووی پووچی بەتاڵی خۆتانتان ئەکرد، ئەگەرنا ئێمه که بەرد و دار بووین چلۆن قابیلی ئەوه بووین که عیبادەتمان بکرێ؟

﴿ وَأَلْقَوْا۟ إِلَى ٱللَّهِ يَوْمَئِذٍ ٱلسَّلَمَ ۖ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٨٧﴾ ﴾

وه ئەو کافره ستەمکارانه لەو رۆژەدا ملی خۆیان رائەکێشن بۆ خودای تەعالا و هەرچی قسەیان هەڵئەبەست زایه و بێمایه ئەبێ.

﴿ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ زِدْنَٰهُمْ عَذَابًا فَوْقَ ٱلْعَذَابِ بِمَا كَانُوا۟ يُفْسِدُونَ ﴿٨٨﴾ ﴾

ئەو کەسانه که خۆیان کافر بوون و خەڵکیشیان مەنع ئەکرد له رێگەی رەزای خودا که ئیسلامییەته سزای ئەم کردەوه ناباره ناهەموارەیان بۆ زیاد ئەکەین لەسەر سزای کوفرەکەیان به هۆی ئەو بەدکارییەوه که ئەیانکرد.

﴿ وَيَوْمَ نَبْعَثُ فِى كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا عَلَيْهِم مِّنْ أَنفُسِهِمْ ۖ وَجِئْنَا بِكَ شَهِيدًا عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ ۚ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَىْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ﴿٨٩﴾ ﴾

باسی ئەو رۆژه بکه ـ ئەی خۆشەویست ـ که رۆژی حەشره که له هەموو ئوممەتێکدا یەك نەفەر شاهید رائەپەڕێنم له نەفسی خۆیانا که ئاگادار بووه لەسەر ئەحواڵیان، واته پێغەمبەرەکەیان ئەکەم به شاهید لەسەر بیر و باوەڕ و کردەوەیان، وه تۆیش هەڵئەستێنم به شایەت لەسەر هەموو ئەو رەهبەرانه، یا لەسەر ئەوانه که تۆ رەوانه کراوی بۆ سەریان وەکوو ئوممەتەکەت بێ. وه به پله پله کتێبی به حورمەتی خۆمان که قورئانه نارده خوارەوه بۆ سەر تۆ که حاڵی وەهایه رووناککەرەوەیه بۆ

www.iqra.ahlamontada.com

هەموو بیر و باوەڕێ و بۆ هەموو حوکمێ لە ئەحکامی رەفتار و کار و کردەوە و بۆ هەموو خوو و رەوشتێکی بەرز یا بە ناوبردنیان لەم کتێبەدا بە کورتی یا بە درێژی، وە یا بە حەواڵەکردنی بۆ سەر فەرموودە و کردەوەی تۆ لە بەیانا، وە یا بە حەواڵەکردن بۆ ئیجماعی ئوممەتی ئیسلام، یا بۆ رەهنموونی زانایانی دین.

وە حاڵی ئەم کتێبە وەهایە رەهنموون و مایەی رەحمەتە بۆ هەموو کەسێ پەیڕەوی بکەن یا نەکەن؛ چونکی چرا هەڵگیرسا وە یا هەتاو کە هەڵهات دنیا رووناك ئەکاتەوە، ئیتر هەرکەس خۆی بشارێتەوە خۆی خۆی نائومێد ئەکات، وە موژدەیە بە پیرۆزی هەردوو جیهان بۆ موسوڵمانەکان.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ٩٠﴾

کاتێ کە خودای تەعالا لە ئایەتی پێشوودا باسی ئەوەی کرد کە ئەم قورئانە بەیانە بۆ هەموو شتێ لە پاش ئەوەوە ئایەتێکی نازڵ کرد کە لە هەموو ئایەتێ جامیعتر و داگیرترە بۆ بیر و باوەڕ و کردەوەی چاك و خراپی ئادەمیزاد و رەوشتی ئەوان، خودا لەم ئایەتەدا فەرموویەتی: خودا فەرمان ئەدا بە میانەکاری لە هەموو شتێکدا وە بە چاکەکردن بۆ تاعەت وە بە بەشدانی ئەوانە کە خاوەن پەیوەندی خزمایەتین، وە نەهی و مەنعتان ئەکا لە کاری فاحیشەی پەیدا بوو لە هێزی ئارەزووڕانی وەکوو زیناکردن، وە لە مونکەر؛ ئەو کارانە کە نابار و ناهەموارن و لە کاتی قار و قینا لە دەستی ئینسان دەرئەچن، وە لە «بغي» و دەستدرێژی بۆ سەر حوقووقی شەرەف و ماڵ و شانی خەڵك، خودا ئامۆژگاریتان ئەکا بە هیوای ئەوە بیر بکەنەوە لە پاشەڕۆژی خۆتانا و بیر و باوەڕ و کردەوەی خۆتان باش بکەن.

www.iqra.ahlamontada.com

جا بزانن: له‌م ئایه‌ته پیرۆزه‌دا ئه‌مر به سێ شت کراوه و نه‌هی له سێ شت کراوه، وه ئه‌و شتانه که خودا ئه‌مری پێ کردوون یه‌که‌میان «عدل»ه یانی میانه‌کاری له هه‌موو شتێکدا نه ئیفرات و زیاده‌ڕه‌وی، وه نه ته‌فریت و که‌مکردنه‌وه‌ی شت، خواه بۆ بیر و باوه‌ڕ وه یا بۆ کرده‌وه، وه عه‌دل له هه‌موویانا واجبه ریعایه‌ت بکرێ. مه‌سه‌لا فه‌رموویانه: عه‌دل له بیر و باوه‌ڕا بریتییه له ته‌وحیدی خودا به «لا إله إلا اللّٰه» وه ئه‌م ته‌وحیده میانه‌یه؛ چونکی لای ئینکاری خوداوه‌ند ـ په‌نا به خودا ـ ته‌عتیله و موخاله‌فه‌ی به‌داهه‌ته و دانانی عاله‌مه به بێ په‌روه‌ردگار. وه لای زۆرکردنی خودایش عیباره‌ته له بتپه‌رستی و که‌وتنه شوێنی رۆژپه‌رستی و گاپه‌رستی و ئاگر په‌رستی... وه حاسڵی ئه‌مانه هه‌مووی شه‌رمه‌سارییه به‌رابه‌ری به ده‌لیلی عه‌قڵی و نه‌قڵی ، وه نیسبه‌تدانی ئاساری نه‌بڕاوه‌ی کائینات بۆ لای ئه‌م هه‌مووه مه‌عبووده دروستکراوه بێ‌نرخانه کوفر و ئیشراکی مه‌زمومه، که وابێ ئیمان به‌و خودایه که تاق و ته‌نیایه ئه‌بێ به عه‌دل و ره‌وایه.

به جۆرێکی‌تر ئه‌ڵێین: قه‌ول به‌وه که خودا نییه، گومڕاهی و نه‌زانییه، وه قه‌ول به‌وه بڵێین خودا هه‌یه به‌ڵام جیسمه و جیسمانییه ئه‌مه‌یش بۆ خودای عاله‌م مایه‌ی نوقسانییه، به‌ڵام بڵێین خودا زاتێکه مه‌وجوود و «واجب الوجود» و بێ‌وێنه‌یه ئه‌مه ئه‌بێ به عه‌دل و ره‌وایه.

وه له باسی به‌نده‌کانی خودادا بڵێین: به‌نده‌کانی خودا هیچ په‌یوه‌ندییان به کرده‌وه‌ی خۆیانه‌وه نییه ئه‌وه ئه‌بێ به «جه‌بر» و موخالیفی به‌داهه‌تی عه‌قڵه، وه ئه‌گه‌ر بیشڵێین: به‌نده‌کانی خودا خالیقی ئه‌فعالی خۆیانن ئه‌مه‌یش به ئاشکرا درۆیه؛ چونکی ئینسان ئه‌گه‌ر خۆی کرده‌وه‌ی خۆی دروست بکردایه وای ئه‌کرد که له هه‌موو کرده‌وه‌ی هه‌موو که‌سێ جوانتر بوایێ، به‌ڵام قه‌ول به‌وه که به‌نده په‌یوه‌ندی به کرده‌وه‌ی خۆیه‌وه هه‌یه به ئیعتیباری که‌سب و ئیختیاری جوزئی ئه‌مه ئه‌بێ به عه‌دل و راسته.

www.iqra.ahlamontada.com

وە لە باسی تاوانەوە بڵێین خودای تەعالا بەندەی خۆی موئاخەزە ناکا لەسەر تاوانباری ئەمە مەعنای جەسارەتە لەسەر نیزامی حەق، وە قەولیش بکەین بەوە کە بە تاقە گوناحێ بەندەکەی ئەسووتێنێ هەتا هەتایە ئەمەیش دوورە لە راستییەوە، وە ئەمە کە بڵێین ئەگەر خودا بەندەی تاوانبار عەفو بکا ئەیکا وە ئەگەر سزای بدا ئەیدا ئەوە بە قەی ئەو تاوانە سزای ئەدا جا ئەیخاتە بەهەشتەوە ئەمە عەدڵە و راست و دروست و میانەیە.

وە لە بابەتی ئەسڵی دینە پێشووەکانەوە بارقورسکردن لە دینی حەزرەتی مووسادا زۆر بووە و، تەساهول لە دینی حەزرەتی عیسادا زۆر بووە، بەڵام دینی ئیسلام نە وەك یەکەم تەشدیدی تێدایە و، نە وەك دووەم تەخفیفی تێدایە، کە وابێ دینی ئیسلام رەفتاری عەدلە.

وە دووەم لەوانە خودا ئەمری پێ کردووە «ئیحسانە» کە زیادەیە لە عەداڵەتکاری، وە زیاد لە عەداڵەت لە بابەتی قیساسدا عیبارەتە لە عەفوکردنی تاوانبار، وە لە بابەتی تاعەتا عیبارەتە لە کردنی مەندووبات وەکوو نوێژی سوننەت و رۆژووی سوننەت و سەدەقەکردن لە پاش دەرکردنی زەکات و زیادە دەسگرۆیی فەقیر و گەدا. وە ئەمانە هەموو لە سیفاتی جوان و پەسەندن، حەتا لە بابەتی موراقەبەی خودای تەعالاوە ئەگاتە ئەو پایە کە وەها بەندەیی بکا وەك ئەوە چاوی وا لە خوداوە، وە ئەگەر ئەم چاوی لە خوداوە نەبێ خودا چاوی لە بەندەکەوەیە، وە ریعایەتی ئەم حاڵەتە ئەبێ بە هۆی ئەوە کە ئینسان هەر عیبادەتێ ئەکا بە ئیخلاس و ساغی جێبەجێی بکا.

وە سێهەم لەوانە کە خودا لەم ئایەتەدا ئەمری پێ کردووە ﴿إيتاء ذي القربى﴾یە واتە چاکە کردن لەگەڵ خزم و خوێشا، وە لە واقیعا ئینسان لە عالەما وەکوو دارێکی سەوز وەهایە و دار مەقسوودە بۆ بەر، وە یا بۆ سێبەر، وە یا بۆ ئەوە کە لقەکانی

www.iqra.ahlamontada.com

بەکار بهێنرێن، وە یاخود هەموو دارەکە ببڕرێت و بەکار بێت بۆ خێرێ وەکوو بینای خانوویەك، یا پردێ، یا تەختەیەك.

دەی سەرفکردنی ئینسان بۆ رۆحی خۆی لە جیهادا نموونەیە بۆ بڕینی دارەکە بۆ بینایەکی بە سوود، وە ئەگەر خۆی مایەوە خێرەکەی بریتییە لە گەیاندنی سوود بە خەڵك وە لە هەموو خەڵکی دنیادا خزم و خوێش موناسبترن بۆ ئەوە کە موساعەدەیان بکەی بۆیە خودای تەعالا ئەمری کرد بە بەشی سێهەم لەم ئایەتەدا.

وە ئەو شتانەیش لەم ئایەتەدا خودای تەعالا نەهی لێ کردوون سێ شتن:

یەکەم لەوانە فەحشایە.

بزانن! چوار هێز هەیە لە وجوودی ئینسانا:

١. هێزی «عەقلییەی میلکییە»: کە هەمووی هەر خێرە و عیبارەتە لە ئەدەب و عیسمەت و رەوشتی باش بەجێهێنان.

٢. هێزی شەهوەتی حەیوانی: کە ئارەزووی ئینسانە بۆ ئەنواعی شت لە چاك و خراپ.

٣. هێزی توورەیی و قاری دڕندەیی: کە ئەمە زیانی زۆرە.

٤. هێزی وەهمییەی شەیتانییە.

جا لە هێزی شەهوەتەوە کە بەرەڵا کرا کردەوەی ناشیرین پەیدا ئەبێ، وەکوو زیناکردن و دەسبردن بۆ ناموسی خەڵکی کە ئەبێ بە هۆی گەلێ ئاشووب و فیتنە و کوشتار و ناساغی لەش، ئەمە خودا ناوی بردووە بە «فحشاء»، وە خودا فەرموویەتی:

﴿ولا تقربوا الزنا إنه كان فاحشة...﴾.[1]

---

١. الإسراء؛ ٣٢.

www.iqra.ahlamontada.com

وە لە هێزی توورەیی و قارەوە پەیدا ئەبێ هەرچی زیانگەیاندنە بە خەڵکی بە جۆرێ کە عالەم ئینکاری ئەکا، وەکوو کوشتن و بڕین و داروەشاندن و جنێودان، وە ئەم ئاسارانە خودا گردی کردوونەتەوە و ناوی بردوون بە «منكر».

وە لە هێزی وەهمییەی شەیتانییەوە ئەوە پەیدا ئەبێ کە ئینسان دائیما هەوڵ ئەدا بۆ ئەوە بەرز ببێتەوە بەسەر باقی ئادەمیزادا، وە خۆی بکا بە گەورە و فەرماندار وە ئەگەر کەسێ موخالەفەی کرد ستەمی لێ بکا و ماڵی تاڵان بکا و موڵکی دابگرێ. ئەمانەیش ناوبراون بە «بغي» واتە تەجاوزکردن بە سەر خەڵکدا.

جا کاتێ ئادەمیزادی موسوڵمان موەفەق بوو لەسەر بەجێهێنانی عەدل و ئیحسان و خزمەتکردنی خزم و خوێشان وە لەسەر تەرکی بەکارهێنانی هێزی ئارەزوو لە کاری فاحیشەدا، وە هێزی قاری حەیوانی لە ئازاردانی خەڵکدا، وە هێزی وەهمییە لە خۆبەرز کردنەوە بەسەر باقی ئادەمیزادا ئەوە بە ڕاستی موسوڵمانە.

جا خودا فەرموویەتی: خودا ئامۆژگاریتان ئەکا بە هیوای ئەوە کە بیر بکەنەوە لە ئەنجامی خۆتانا.

﴿وَأَوْفُوا۟ بِعَهْدِ ٱللَّهِ إِذَا عَٰهَدتُّمْ وَلَا تَنقُضُوا۟ ٱلْأَيْمَٰنَ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا وَقَدْ جَعَلْتُمُ ٱللَّهَ عَلَيْكُمْ كَفِيلًا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ ﴿٩١﴾﴾

پاش ئەوە کە لە ئایەتی پێشوودا خودای تەعالا بە کورتی هەموو مەئموورات و مەنهییاتی بەیان کرد، هات بەم ئایەتە باسی بازێ لەوانەی کرد بە درێژی و فەرمووی: ئەی موسوڵمانەکان هەر عەهدێ کە ئێوە بە ئارەزووی خۆتان کردتان و بڕیارتان دا لە زیمەی خۆتانا خواه بە لەفزی عەهد بێ، یاخود، واجبم کرد، فەرزم کرد، نەزرم کرد لەسەر خۆم فلانە شت بکەم: یاخود فلانە شت ناکەم، مادام ئەو عەهدە لەسەر

www.iqra.ahlamontada.com

یاسای دین بێ و لە دینی ئیسلامدا دروست بێ، وەفای پێ بکەن و بەجێی بێنن، وە ئەیمان و پەیمانی خۆتان بەتاڵ مەکەنەوە پاش ئەوە کە داتانمەزران وە بە زمانی خۆتان خودای تەعالاتان کرد بە کەفیل لەسەر خۆتان بۆ بەجێهێنانی ئەو شتە کە عەهدتان کردووە بیکەن، خودای تەعالا بە راستی زانایە ئەزانێ ئەوەی ئێوە ئەیکەن لە عەهد و پەیمانەکانتان وە لە بەجێهێنانیان وە لە غەیری ئەوانەیش، وە مەعنای ئەوە کە خوداتان کردووە بە کەفیل ئەمەیە کە ئینسان لە کاتی پەیمانەکەدا ئەڵێ «للّٰه علي العمل الفلاني» یاخود ئەڵێ عەهدی موسوڵمان بێ لەگەڵ خودادا ئەو شتە بکەم یاخود وێنەی ئەم لەفزانە کە بۆ ئەستوورکردنی پەیمانەکە بە دەمیا دێت.

﴿وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّتِى نَقَضَتْ غَزْلَهَا مِنۢ بَعْدِ قُوَّةٍ أَنكَـٰثًا﴾

وە بە وێنەی ئەو ژنە مەبن کە ڕێسمانی خۆی ئەڕێسا بە پوختەیی وە لە پاش ئەوە کە بای ئەدان بەیەکا ئەو بادراوییە هەڵئەوەشاندەوە و خاوی ئەکردەوە بێسوود و بێفائیدە تاڵ بە تاڵ.

﴿تَتَّخِذُونَ أَيْمَـٰنَكُمْ دَخَلًۢا بَيْنَكُمْ أَن تَكُونَ أُمَّةٌ هِىَ أَرْبَىٰ مِنْ أُمَّةٍ﴾

حاڵتان وابێ ئەو پەیمانانەی بەستووتانە بیکەن بە پەیمانێکی عەیبدار و بێبایەخ، وە لادەن لەو پەیمانە بۆ پەیمان لەگەڵ قەومێکیترا لەبەر ئەوە کە ئەو ئوممەتە کە رووی لێ ئەکەن بەرزتر و بە هێزتر بێ لە ئوممەتە پێشووەکە.

﴿إِنَّمَا يَبْلُوكُمُ ٱللَّهُ بِهِۦ﴾

بزانن! بە راستی خودا بەراوردتان ئەکا بەم وەزعە کە قەومێکی بەرزتر بێن داوای پەیمان لە ئێوە بکەن، ئایا ئێوە راساڵ و پیاون و لە سەر پەیمانی خۆتان دەوام ئەکەن،

www.iqra.ahlamontada.com

وە یاخود ناپیاون و ئیمانتان ناتەواوە بۆ ترسێ یا تەماعێ پەیمانە پێشووەکەتان تێك‌ئەدەن.

﴿وَلَيُبَيِّنَنَّ لَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿٩٢﴾﴾

وە بە راستی خودا لە رۆژی قیامەتا بۆتان دەرئەخا ئەو تۆڵەیە کە بۆتان دێت لەسەر پەیمان شکاندن و ئێستە ئیختیلافتان هەیە تیایا و بازێکتان ئەڵێن: پەیمان شکاندن زیانی نییە؛ چونکی ئینسان ئەبێ لەسەر مەسڵەحەتی ژیان بڕوا، وە بازێکتان ئەڵێن: پەیمان شکاندن گوناحە و ئەبێ بە هۆی نیفاق و بێ‌ئیمانی ئینسان.

بزانن! ئەو ژنە کە لە ئایەتەکەدا هەیە بازێ فەرموویانە: مەبەست ژنێکی نادیارییە کە حاڵی وەهابێ وەکوو لە ئایەتەکەدا باس کراوە. وە بازێ فەرموویانە: ئەو ژنە «ریطە»ی کچی «سعد»ی کوڕی «تیم»ی قورەیشی بووە، کە وەسواس و بێ‌عەزم بووە و ئەوە پیشەی بووە لەگەڵ دەسڕێسی خۆیدا.

بە هەر حاڵ ئەم ئایەتە باسی بەندێ ئەکا لە بەندەکانی ئەخلاقی بەرزی پیاوانە، کە بریتییە لەوە کاتێ ئینسان پەیمانێکی حەلاڵی بەست پێویستە لەسەر ئەو پەیمانە دەوام بکا، وە ئینسانی بێ‌پەیمان وەکوو ئینسانی بێ‌ئیمان وایە. ئیتر ئەو عەهدە موبایەعە بێ لەگەڵ حەزرەتا ﷺ وە یا لەگەڵ سەردارانی ئیسلاما، وە یا لەگەڵ زانایانی پاکی پاك‌نیهادا، وە یا پەیمانی شەراکەت و کەسابەت بێ لە ناو موسوڵمانانا، وە یا پەیمانی برایەتی بێ لە ناو خۆتانا.

﴿وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَٰكِن يُضِلُّ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ ۚ وَلَتُسْأَلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٩٣﴾﴾

وە ئەگەر خودا خواستی لەسەر ببوایە هەموو ئێوەی ئەکرد بە یەك گەلی خاوەن ئیمانی خاوەن پەیمانی راستی دروستکار، بەڵام ئەگەر خودا بە زۆر ئادەمیزاد وا

www.iqra.ahlamontada.com

هەڵسووڕێنێ ئیتر نرخی تەکلیف و بەندەیی نامێنێ. (بناء علیه) خودا تەماشای کەسب و عەزمی خۆتان ئەکا، وە ئەو کەسانە گومڕا ئەکا کە ئیرادەی گومڕا کردنی ببێ لەسەر نامەردی و بەدکەسبی و بەدئیختیاری، وە هیدایەتی ئەوانەیش ئەدا کە ئارەزووی وا بێ هیدایەتیان بدا لەبەر هێزی عەقڵ و عەزم و وردبوونەوەی لە جیهانا وە کەسب و ئیختیاری جوان و موناسبی ئەو کەسە، وە بە راستی ئەوانە کە بەد ئیختیارن و بەدکارن لە ئێوەدا خودا پرسیارتان لێ ئەکا لە هەر کارێ بیکەن و کردووتانە.

﴿وَلَا تَتَّخِذُوٓاْ أَيۡمَٰنَكُمۡ دَخَلَۢا بَيۡنَكُمۡ فَتَزِلَّ قَدَمُۢ بَعۡدَ ثُبُوتِهَا وَتَذُوقُواْ ٱلسُّوٓءَ بِمَا صَدَدتُّمۡ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۖ وَلَكُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿٩٤﴾﴾

دووبارە بۆ تەئکید لەسەر ریعایەتی پەیمان ئەفەرموێت: ئەو پەیمانانە کە بەستووتانە مەیانکەن بە پەیمانی سووکی عەیبدار لە ناو خۆتانا هەتا پێتان هەڵخلیسکێ و لە ڕێگەی راستی دینی ئیسلام هەڵدێرێن بۆ ناو دۆزەخ پاش ئەوە کە پێتان دامەزرا لە ئیسلاما، وە تۆڵەی تاڵی قیامەت بچەژن بە هۆی ئەوەوە کە خۆتان مەنع کرد لە مانەوە لەسەر پەیمانی ئیسلامییەت، وە یاخود بە هۆی ئەوەوە کە خەڵکتان مەنع کرد لە ڕێگەی پەیمانداری و وەفا؛ چونکی ئینسانێ کە دیار بێ و پەیمانێ بشکێنێ خەڵکیش چاوی لێ ئەکەن و ئەوانیش فێری پەیمان شکاندن ئەبن، وە لەو کاتەدا کە پێتان ترازا و کەوتنە ناو دۆزەخ ئەوە سزایەکی گەورەتان ئەبێ.

﴿وَلَا تَشۡتَرُواْ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ ثَمَنٗا قَلِيلًاۚ إِنَّمَا عِندَ ٱللَّهِ هُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٩٥﴾﴾

وە ئەو پەیمانی ئیمان بە خودا و بە پێغەمبەری خودا مەگۆڕن کە بەستووتانە بە هۆی بەیعەتکردن بە پێغەمبەر ﷺ بە قیمەتێکی کەم لە ماڵی دنیا کە موشریکەکانی

www.iqra.ahlamontada.com

قورەیش وەعدەتان پێ ئەدەن، ئەوەی کە لە لای خودایە لە جەزای قیامەت و چوونە بەهەشتی پڕ لە نیعمەت وە گەیشتن بە لیقای زاتی خودا هەر ئەوە باشە بۆ ئێوە؛ چونکی ئەگەر بزانن ئەوە نیعمەتێکی پایەدارە.

﴿ مَا عِندَكُمْ يَنفَدُ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ بَاقٍ وَلَنَجْزِيَنَّ ٱلَّذِينَ صَبَرُوٓا۟ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾

ئەوەی هەیە لە لای ئێوە لە پایە و مایە و لە نان و شان و، لە ئەولاد و ژنان هەمووی تەواو ئەبێ، وە ئەوەی لە لای خودایە لە جەزای خێر و دەرەجاتی ئێوە لە قیامەتا ئەمێنێتەوە، وە بە راستی ئێمە جەزای ئەو کەسانە ئەدەینەوە کە سەبر ئەکەن و خۆیان ئەگرن لەسەر سزای دنیا و ناهەمواری قورەیش، وە یا لەسەر هەر ئازار و بێزارێ کە لەسەر دینی ئیسلام بێت بەسەریانا لە موقابیلی باشترین کردەوەیەکەوە کە ئەیکەن، واتە ئەگەر رۆژی سەد کاری خێر بکەن کامیان لە لای خودا باشترە هەموو ئەو کردەوەکانی‌تریان لەسەر میزانی ئەو کارە زۆر باشە جەزای بۆ دائەنێین.

﴿ مَنْ عَمِلَ صَـٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾

هەرکەسێ کردەوەی باش بکا پیاو یا ژن، بە مەرجی ئەوە کە خاوەن ئیمان بێ، بە راستی ئەوە ئەیژیێنین بە ژیانێکی پیرۆزی موناسب لە دنیادا هەتا ئەگەر گەدا بێ یا بەرە بەلا بێ بە جۆرێ دڵی نوورانی ئەکەین و سەبری پێ ئەدەین بە خۆشی رائەبوێرێ و، لە قەبریشا لە پاش مردن و لەو قەبرەدا بە نیعمەت و رەحمەتی خۆمان ئەیهێڵینەوە و لە قیامەتیشا کە رۆژی جەزای ئیمان و کردەوەی چاکەیە بە گەورەیی و کەرەمی خودا هەتا هەتایە.

www.iqra.ahlamontada.com

وەکوو لە تەفسیرە گرنگەکاندا دەرئەکەوێ ئەم ئایەتانە هەموو تەرغیب و تەقوییەی موسوڵمان ئەکەن لەسەر ڕاگرتنی ئیمان و پەیمان و وەفا بە وەعدە و وەفا بەو کردەوانە کە بڕیاری داوە لەسەر خۆی بە نەفسی ئیمان یاخود بە پەیمان یا بە سوێندخواردن، وە مانیع نییە لەوەیش کە بە دەلیل بازە سوێندێ جیا بکرێتەوە لەمانە.

﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ٩٨ ﴾

هەر کاتێ خواستت بوو قورئان بخوێنی لە پێشدا بڵێ: ﴿أعوذ بالله من الشيطان الرجيم﴾ بۆ ئەوە کە شەیتانت لێ دوور بکەوێتەوە و خەیاڵی خراپ یا خودبینی نەخاتە دڵتەوە.

﴿ إِنَّهُۥ لَيْسَ لَهُۥ سُلْطَٰنٌ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ٩٩ ﴾

بە ڕاستی شەیتان هێزی نییە لەسەر گومڕا کردنی ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خودا و هەر لە سەر خودای خۆیان تەوەکول و ئیعتیماد ئەکەن.

﴿ إِنَّمَا سُلْطَٰنُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُۥ وَٱلَّذِينَ هُم بِهِۦ مُشْرِكُونَ ١٠٠ ﴾

هێزی شەیتان کە هەیە هەر بەسەر ئەو کەسانەدا هەیە کە شەیتان ئەکەن بە دۆستی خۆیان، وە ئەو کەسانە کە شەیتان ئەکەن بە شەریکی خودا، وەکوو مەجوۆسییەکان کە ئیمان دێنن بە یەزدان و ئەهریمەن، وە یا ئەو کەسانە کە بە هۆی پەیڕەوی شەیتانەوە شەریك بۆ خودا بڕیار ئەدەن و ئەبن بە بتپەرست.

﴿ وَإِذَا بَدَّلْنَآ ءَايَةً مَّكَانَ ءَايَةٍ ۙ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ قَالُوٓا۟ إِنَّمَآ أَنتَ مُفْتَرٍۭ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ١٠١ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

کاتێ کە ئایەتێ دابنێین لە شوێنی ئایەتێکی‌تردا، یانی خوێندنی ئایەتێ لاببەین و ئایەتێکی‌تری لە شوێندا دابنێین، وە یا خود حوکمێ نەسخ بکەینەوە و حوکمی ئایەتێکی‌تری لە جێگەدا دابنێین، وەلحاڵ خودای تەعالا لە هەموو کەس زاناترە بەو ئایەتە کە نازڵی ئەکا و ئەو عالمە بە مەسڵەحەت لە گۆڕینی ئەحکامدا بە پێی ڕۆژ، کافرە موشریکەکان ئەڵێن: تۆ ئەی موحەممەد ئینسانێکی درۆ بە دەمی خوداوە هەڵئەبەستی و بە ئارەزووی خۆت ئایەت دێنی و ئایەت لائەبەی! جا ئەی خۆشەویست تۆ واز لەم ئینسانانە بێنە، ئەمانە زۆربەیان نەزانن و خێری خۆیان نازانن چ جای ئەوە کە فامی سوودی ئەحکامی خودا بکەن.

﴿قُلۡ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلۡقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِٱلۡحَقِّ لِيُثَبِّتَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهُدٗى وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُسۡلِمِينَ ١٠٢﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ بەوانە کە: ئەو قورئانە جوبرەئیل کە ناسراوە بە «روح القدس»، چونکی ڕۆحێکە خاوەن نوور و پاکە لە خراپی نەفس و مەئمووری خودایە، لە «لوح‌المحفوظ»ەوە داپەڕاندووە و هێناویەتیە خوارەوە لەگەڵ حیکمەت و سوودا بۆ ئادەمیزاد، هەتا ئەو کەسانە کە ئیمانیان هەیە دایانبمەزرێنێ لەسەر ئیمان، وە هاتووە بۆ ئەوە ببێ بە هۆی شارەزایی بۆ ڕێگەی پیرۆزی هەردوو دونیا، وە هاتووە بە موژدە و بەشارەت بۆ موسوڵمانان، موژدەیان پێ ئەدا کە ڕزگار بوون لە سزای خوداو ئەگەن بە پاداش.

﴿وَلَقَدۡ نَعۡلَمُ أَنَّهُمۡ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُۥ بَشَرٞۗ﴾

ئێمە ئەزانین ئەو کافرانە ئەڵێن: ئەم قورئانە کە موحەممەد ئەیخوێنێتەوە ئادەمیزادێ لە مەککەدا فێری ئەکا، وە کەلامی خودا نییە، بەڵام ئەم کافرانە نافامن ئیعتیرازیش بگرن بۆیە قسەی وا ناماقووڵ ئەکەن، ئەنا ئەو کەسە بۆ ئەوە ناشێ تۆ فێر بکا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿لِّسَانُ ٱلَّذِى يُلۡحِدُونَ إِلَيۡهِ أَعۡجَمِىٌّ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِىٌّ مُّبِينٌ ١٠٣﴾

زمانی ئەو کەسە کە بە هۆی ئەوەوە ئەم غەڵەتە ئەکەن و نیسبەتی قورئانەکەی تۆ لەو ئەدەن وەکوو «جبر»ی رۆمی بێ کە غوڵامی عامیری کوڕی حەزرەمییە، وە یا «جبر» و «یسار» کە وەستای شمشێر دروستکردن بوون لە مەککەدا زمانی ئەو زمانێکی عەجەمییە و لوغەتەکەی غەیری لوغەتی عەرەبە و ئەگەر قسەی عەرەبیش بکا بە رەوانی و سافی نایکا. وە ئەم قورئانەی کە دێتە خوارەوە بۆ سەر تۆ زمانێکی عەرەبی ساف و رەوان و موعجیزەیە.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ لَا يَهۡدِيهِمُ ٱللَّهُ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ١٠٤﴾

ئەو کەسانە کە ئیمان نایەنن بە ئایاتی خودا ئەوە خودا شارەزایان ناکا بۆ دەرکی حەق و حەقیقەتی غەیبی و بۆ فامکردنی نهێنی ئیعجازی کەلامی خودا لە دنیادا وە لە قیامەتیشا سزایەکی سەختیان هەیە.

﴿إِنَّمَا يَفۡتَرِى ٱلۡكَذِبَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰذِبُونَ ١٠٥﴾

نە وەك درۆ هەڵئەبەستێ ئەو کەسانە کە ئیمانیان نییە بە ئایاتی خودای تەعالا و، ئەوانە درۆزنی تەواون. ئیتر درۆکردن دوورە لە پایەی رەهبەرانەوە کە سەراسەر دڵیان بە نووری رەحمەت هەڵگیرساوە وە ئەو درۆزنانە قیاسی حاڵی رەهبەران ئەکەن لە حاڵی رێبڕان، ئەمانە زۆر زۆر لە یەك دوورن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرٗا فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿١٠٦﴾ ﴾

وە ئەو کەسانە کە نیسبەتی لە رەهبەر ئەدەن، واتە ئەو کەسانە کە کوفر و ئینکاری دینی ئیسلام دەرئەبڕن لە پاش ئیمان هێنانیان ئەوانە قاری خودای تەعالا ئەڕژێ بەسەریانا. بەڵام کەسێ کە ناچار بکرێ بە زۆر لەسەر کوفر و لەو کاتەدا دڵی دامەزرا بێ بە ئیمان و باوەڕ؛ چونکی حاڵی ناچاری حاڵی تەسەڕوفی ئیختیاری نییە، ئەوە تاوانی نییە. بەڵێ کەسێ خۆی رووناك کردبێ بە بێ ئیمانی و سینەی بۆ کوفر کردبێتەوە ـ پەنا بە خودا ـ ئەوە ئەوانە دائەبارێ بەسەریانا و لەسەریانە قاری نابارى ناهەموار لە لایەنی خوداوە، وە بۆ ئەوانە هەیە سزای گەورەی بێ‌ئەندازە.

بزانن! ئەو ئیکراهە کە ئەبێ بە هۆی دروستبوونی وتنی کەلیمەی کوفر ئەوەیە یارۆ سزا بدرێ بە سزایێ کە بە عادەت نەتوانێ خۆی لە بەرا بگرێ، وەکوو ترساندن بە کوشتن یا دەستبڕین یا لێدانێکی توندی وەها خۆی لە بەرا نەگرێ.

وە بزانن! ئەوەڵ کەسانێ کە دینی ئیسلامیان وەرگرت لە حەزرەتەوە ﷺ شەش کەس بوون: ئەبووبەکر و، خەباب و، سوهەیب و، بیلال و، عەممار و، سومەییەی دایکی عەممار. دیارە ئەوە کە حەزرەت سەرچاوەی ئیسلامییەتەکە بوو، جا کاتێ قورەیش ئاگادار بوون لەم فیکرە و لەم دینە و لەم شەخسانە بە دڵ ئامادە بوون بۆ سزادانیان، بەڵام ئەبووتالیب بوو بە پەنا بۆ حەزرەت و، خزمانی ئەبووبەکریش پەنای ئەویان دا.

بەڵام ئەو دوایان پەنادەرێکی دیارییان نەبوو، وە کافرەکان ئازاریان ئەدان، بە تایبەتی ئەبووجەهل نەهات جنێوی پێ ئەدان و گاڵتەی پێ ئەکردن، وە ئەوەنە ناپیاو

www.iqra.ahlamontada.com

بوو سومەییەی دایکی عەمماری بە شێوەیەکی ناشیرین کوشت، وە پەتیان خستە گەردنی بیلال و سزایان دا، بەڵام ئەو هەر ئەیوت: «أحد، أحد»: خودا یەکێکە یەکێکە.

وە عەممار ئەفەرموێت: هەموومان لە کاتی سزادا شتێك هات بە زمانمانا کافرەکان دەستبەردارمان بوون بیلال نەبێ، ئەو هەر خۆی گرت تا وازیان لێ هێنا.

**وە بزانن! ئیکراه چەن پایەی هەیە:**

یەکەم: ئەمەیە واجبە کابرای زۆرلێکراو ئەو کارە بکا، وەکوو کاتێ زۆری لێ بکەن لەسەر خواردنەوەی شەراب بە کوشتنی خۆی ئەمە واجبە کابرا بیخواتەوە هەتا خۆی لە کوشتن بپارێزی؛ چونکی حورمەتی رۆح بەرزترە لەو پایە.

دووهەم: ئەمەیە کە ئەو فیعلە حەڵاڵ بێ نەك واجب، وەکوو ئەوە کابرا ناچار بکەن لەسەر کەلیمەی کوفر بە کوشتنی خۆی ئەمە دروستە ئەو کابرا کوفر بە دەمیا بێ بە مەرجێ لە دڵدا موسوڵمان بێ، هەروا دروستە خۆی بدا بە کوشت وە ئەو کەلیمەی بە دەمیا نەهێنێ.

سێهەم: کە حەرامە ئینسان گوێ بدا بەو ناچارکردنە وە ئەگەر کارەکە بکا ئەحکامی شەرعی لەسەر جاری ئەکرێ، وەکوو ئەوە زۆر بکرێ لە کەسێ بۆ کوشتنی ئینسانێك کە دروست نەبێ بکوژرێ، ئەمە بە هیچ شێوەیێ دروست نییە بیکوژێ هەرچەن نەفسی خۆی لە خەتەرا بێ، بەڵکوو ئەگەر بیکوژێ واجبە کابرای زۆرکەر و زۆر لێکراویش هەردوکیان بکوژرێن لە تۆڵەی ئەو داماوەدا کە کوژراوە.

وە بزانن! لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا رحمه الله زۆرکردن ئەبێ بە مانیع لە کەوتنی تەڵاقی زۆر لێکراو، وە لە دروست بوونی بەیع و مامەڵە و عەقدی نیکاح و... هەر مادەیێ کە پەیوەندی بە نەفسی کابرای زۆرلێکراوەوە بێ ئەمانە هیچیان دانامەزرێن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا عَلَى ٱلْـَٔاخِرَةِ وَأَنَّ
ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٠٧﴾﴾

چونکی ئەو کۆمەڵە کە لە پاش ئیمان کافر ئەبنەوە ژیانی دنیایان ئیختیار کردووە بەسەر ڕۆژی قیامەتا وە ئەوانە کافرن وە خودا هیدایەتی کافران نادا جا ئەو سزا گەورەیانە ئەدا.

﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَسَمْعِهِمْ وَأَبْصَٰرِهِمْ
وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْغَٰفِلُونَ ﴿١٠٨﴾﴾

وە ئەو گەلە کە لە پاش ئیمان وەرگەڕاونەتەوە خودا مۆری ناوە بە دڵ و چاو و گوێیانا و ڕاستی دەرك ناکەن و بێئاگان لەوە کە کەلامی خودای تەعالا بە باشی وەربگرن.

﴿لَا جَرَمَ أَنَّهُمْ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿١٠٩﴾﴾

وە ڕاستە و بێگومان کە ئەوانە لە پاشەڕۆژا زیانکارن و زیانمەندن.

﴿ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ هَاجَرُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا فُتِنُوا۟ ثُمَّ
جَٰهَدُوا۟ وَصَبَرُوٓا۟ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ
﴿١١٠﴾ ۞﴾

پاش ئەوە بزانن بە ڕاستی پەروەردگاری تۆ بۆ ئەو موسوڵمانانە کە کۆچیان کرد لە مەککەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە پاش ئەوە کە ئازاردران، وەکوو عەمماری کوڕی یاسر، وە پاش هاتنی مەدینەیش جیهادیان کرد لە ڕێگەی خودادا و خۆیان گرت لەسەر ئازاری جیهاد، خودا پاش ئەم هەموو کارەساتانە بە ڕاستی تاوانبەخش و میهرەبانە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿يَوْمَ تَأْتِي كُلُّ نَفْسٍ تُجَٰدِلُ عَن نَّفْسِهَا وَتُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿١١١﴾﴾

وە میهرەبانییان لەگەڵا ئەکا لەو رۆژە تاریکەدا کە هەموو نەفسێ موجادەلە و هاوار ئەکا بۆ رزگار کردنی خۆی و هەموو نەفسێ جەزای ئەو کردەوانەی پێ ئەدرێتەوە کە کردوونی، وە ئەوانە کەم و زۆر ستەمیان لێ ناکرێ.

﴿وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا قَرْيَةً كَانَتْ ءَامِنَةً مُّطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَدًا مِّن كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ ٱللَّهِ فَأَذَٰقَهَا ٱللَّهُ لِبَاسَ ٱلْجُوعِ وَٱلْخَوْفِ بِمَا كَانُوا۟ يَصْنَعُونَ ﴿١١٢﴾﴾

خودای تەعالا بۆ ئەوە کە ئامۆژگاری ئادەمیزادی دنیا بکا، وە بە تایبەتی ئەوانە وان لە نزیکی تۆدا بەڵکوو بێدار ببنەوە، دێیەکی کردووە بە نموونە؛ بە (مشبەبە) بۆ ئەم شوێنە نابارانە کە ئیمان ناهێنن پاش ئەوە کە مەجالی ئیمانهێنانیان هەبوو بە خۆشی جا ئەو «مەسەل»ە هەر مەفروز و موقەدەر بێ وە یاخود شاری مەککە بێ.

ئەفەرموێت: ئەو دێیە ئەمین بوو لە تالان و برۆی دوژمنان، وە دامەزراو بوو بە ئیعتیباری ئەو خەڵکە لە ناویا بوون و دۆستی یەك بوون، وە ئەو دێیە رۆزی خۆی بە رەسایی لە هەموو ولاتێکەوە بۆ ئەهات، وە ئەگەر فەرمانی خودایان بەجێ بهێنایێ و سوپاسی نیعمەتەکانیان بکردایە هەروا بەو خۆشییە ئەمایەوە، بەڵام هات کوفری نیعمەتەکانی خودای کرد، جا خودای تەعالا گیرۆدەی کردن و برسێتی و بێژیواری و نائەمینی و ترسی دوژمنانی دیاری برد بە دڵیانا لەبەر ئەو کارە نابارانە کە ئەیانکردن.

﴿وَلَقَدْ جَآءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْهُمْ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمُ ٱلْعَذَابُ وَهُمْ ظَٰلِمُونَ ﴿١١٣﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە بە راستی هات بۆ لای ئەو ئەهلی مەککە پێغەمبەرێ لە نەژادی خۆیان ئەوانیش باوەڕیان پێ نەکرد جا سزای خودا گرتنی لە حاڵێکدا ئەوان ستەمکار بوون.

﴿ فَكُلُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَٰلًا طَيِّبًا وَٱشْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴿١١٤﴾ ﴾

وە وتمان بە ئەهلی مەککە بخۆن لەوەی خودا کردوویەتی بە رۆزیتان کە حاڵی وایە حەلاڵ و رەوایە بە دین، وە خۆش و بەلەزەتە لە کامی دەما، وە سوپاسی نیعمەتی خودا بکەن ئەگەر ئێوە عیبادەتی ئەو ئەکەن بە تایبەتی.

لەم دوو ئایەتەدا بەیانی حاڵی ئەهلی مەککە بە رووناکی ئەکا؛ واتە شارێکی هێمن و پڕ لە ژیوار و خۆش بوو، نیعمەتی مەعنەوی پێغەمبەری رەهبەرمان بۆ رەوانە کردن و نان و نیعمەتی ولاتم بۆ رژاندن، وتم: بنۆشن و بپۆشن و سوپاسی خودا بکەن کەچی ئەوان کوفری هەردوو جۆرە نیعمەتەکەیان کرد: دوژمنایەتییان کرد لەگەڵ پێغەمبەری رەهبەرا و لە ولاتەکەی خۆی تاریان کرد، وە ئەو نیعمەتانەیش پێیان درابوو لە باتی ئەوە سوپاسی خودای تەنیای لەسەر بکەن کردیان بە ناسوپاسی و خودایش بشێوەی خستە ناویان پیاوە گەورەکانی دان بە کوشت، وە ئەو هاتوچۆی ولاتە بە تیجارەت و ئەو نیعمەتە زۆرەی کرد بە برسێتی حەوتساڵ وەکوو ساڵەکانی زەمانی یووسف عليه السلام، وە ئەمینییەکەیانی کرد بە ترس لە سوپای پێغەمبەر ﷺ.

﴿ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحْمَ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ۖ فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١١٥﴾ ﴾

لە کاتێکدا خودا فەرمانی پێدان بە خواردنی ئەوەی حەلاڵی کردووە بۆیان، هات حەرامەکانی بۆ ژماردن بۆ ئەوە بزانن کە غەیری ئەوانە حەلاڵن. واتە ئەوانە و شتێ کە بە شێوەی قیاس وەکوو ئەوان بێ حەرامە و لەوانە بەولاوە حەلاڵە.

www.iqra.ahlamontada.com

وە فەرمووی: خودا حەرامی نەکردووە لەسەرتان مردارەوەبوو نەبێ و خوێنی ڕژاو و گۆشتی بەراز و گۆشتی ئەو حەیوانانە کە لە کاتی سەربڕینیانا دەنگ بەرز کرابێتەوە بە ناوی غەیری خودای تەعالا، واتە ناوی بتەکانی لەسەر برابێ. دەی ئەگەر کەسێ ناچار ببێ بۆ خواردنی ئەوانە کە باسمان کردن، وە حاڵی وابێ تەجاوز نەکا بەسەر بەشی ناچارێکی‌ترا بیخوا، وە زیاد لە ئەندازەی پێویستی خۆیشی نەخوات، ئەوە خودای تەعالا نیسبەت بەو کەسە تاوانبەخش و میهرەبانە.

پرسیار کراوە: ئینسانی ناچار تاوانی نییە دەی چۆن و بە چ موناسەبەیێ کەلیمەی ﴿غفور﴾ بەکار براوە؟ جوابەکەی ئەمەیە: ڕاگرتنی حەدی چاری ناچاری زۆر گرانە، وە ئەو کەسانە بە ئەغلەب زیاد لە ئەندازەی شەرعی ئەخۆن لەبەر ئەوە موناسبە باسی میهرەبانی و تاوانبەخشی خودا لەم جێگەدا بکرێ.

﴿وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ ٱلْكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ ﴿١١٦﴾﴾

وە هەر لەبەر قسەکردنی زمانی خۆتان بە درۆ بە بێ‌دەلیل مەڵێن: ئەم شتە حەڵاڵە و ئەو شتە حەرامە و نیسبەتیشی بدەن بۆ لای خودا هەتا درۆ هەڵبەستن لەسەر خودای تەعالا؛ چونکی ئەو کەسانە کە درۆ هەڵئەبەستن بە دەمی خوداوە رزگار نابن لە سزای خودای تەعالا لە ڕۆژی قیامەتا.

﴿مَتَٰعٌ قَلِيلٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١١٧﴾﴾

وە ئەو خۆشییە کە درۆزنەکان وان لە ناویا خۆشییەکی بێ‌بایەخ و ڕابواردنێکی کەمە لە دنیادا وە بۆ ئەوان هەیە سزایەکی خاوەن ئازار لە پاشەڕۆژا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمْنَا مَا قَصَصْنَا عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَمَا ظَلَمْنَٰهُمْ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿١١٨﴾﴾

وە حەرامامان کرد لەسەر جوولەکەکان ئەوەی کە بۆم گێڕایەتەوە لەمەوپێش لە سوورەتی ئەنعامدا [ئایەتی ١٤٦] کە عیبارەت بوو لە فەرموودەی خودا: ﴿وعلى الذين هادوا حرمنا كل ذي ظفر، ومن البقر والغنم حرمنا عليهم شحومهما إلا ما حملت ظهورهما ... (هەتا) لصادقون﴾ وە ئێمە ستەممان لە جوولەکەکان نەکرد کە ئەو شتانەمان لێ حەرام کردن بەڵکوو ئەوان ستەمیان لە خۆیان کرد کە دەستیان کرد بە تاوانکردن هەتا ئێمەیش عوقووبەتمان دا بە حەرامکردنی ئەو شتانە.

﴿ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ عَمِلُواْ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٍ ثُمَّ تَابُواْ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ وَأَصْلَحُوٓاْ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١١٩﴾﴾

خودای تەعالا بۆ دەربڕینی میهرەبانی خۆی وەکوو ئیعلانی عەفوی عام بە مەرجی حەیا و ئەدەب، ئیعلانی ئەوەی کرد پاش کردنی هەر جۆرە تاوانبارییەك لە بیر و باوەڕدا یاخود لە کردەوە و وتارا، وەکوو ستەمکردن و گومکردنی حەق و دەم بردن بۆ درۆ و دەلەسە و نامەردی... بە ڕاستی خودای تەعالا بۆ ئەو کەسانە کە خراپە ئەکەن بە هۆی نەفامی و نەزانی و زاڵبوونی ئارەزووی نەفسانی وە یا هێزی قاری حەیوانی وە یا وەهمی شەیتانی... مادام لە پاش ئەوانە تۆبەیان کرد و بە دڵ و دەم پەشیمان بوونەوە لەو تاوانە و میانەی خۆیان و خودایان باش کرد بە ئیخلاس و، حەقی خاوەن حەقیان دایەوە یا گەردنی خۆیان پێ ئازاد کردن، بە ڕاستی خودا پاش هەموو ئەوانە تاوانبەخش و میهرەبانە.

پاش ئەوە کە خودای تەعالا لە سوورەتی «نەحل»دا دین و ئایینی کافرە موشریکەکانی بەتاڵ کردەوە، ویستی تەرغیبی ئادەمیزادی زەمان بدا بۆ ئەخلاق و ئادابی حەزرەتی

www.iqra.ahlamontada.com

ئیبراهیمی خەلیل عليه السلام لەبەر ئەوە کە سەرداری ئەهلی تەوحید بووە و دوژمنی ئەهلی ئیشراك بووە... فەرمووی:

﴿إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِّلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٢٠﴾ شَاكِرًا لِّأَنْعُمِهِ ٱجْتَبَىٰهُ وَهَدَىٰهُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٢١﴾ وَءَاتَيْنَـٰهُ فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَإِنَّهُۥ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّـٰلِحِينَ ﴿١٢٢﴾﴾

به راستی ئیبراهیم باپیره گەورەی ئێوە بە تەنیا ئوممەتێ بوو لەبەر ئەوە کە ئەوەندە سیفاتی بەرز و خوو و رەوشتی پەسەندی بوو کە لە هەموو ئەفرادی ئوممەتێکدا گرد نەدەبوونەوە. وە یاخود بە تەنیا خۆی وەکوو سوپایێ وا بوو لە بەرانبەری سوپای بتپەرستانی جیهانەوە.

وە «قانیت» بوو بۆ خودای تەعالا واتە: ملکەچ و فەرمانبەرداری بوو وە ئامادە بوو بۆ بەجێهێنانی ئەوەی خودا ئەمری پێ کرد، تەرکی ولاّتی نیشتمانی عێراقی کرد و کۆچی کرد بۆ «حەڕڕان» و لەوێوە بۆ فەلەستین لەبەر خودا. وە هاجەری حەرەمی و ئیسماعیلی کوڕی بە منداڵی و بە بێ کەس و داشتیار لە عەرزی مەککەدا دانا هەتا بینای خانووی «كعبة اللّٰه»ی کردەوە و ئیسماعیلی راکێشا بۆ سەربڕین لەسەر ئەمر و فەرمانی خودا، وە دیارە خۆشەویسترینی شت لای ئینسان نیشتمان و ژن و کوڕی خۆشەویستە، ئیبراهیم لەبەر خودا دەسبەرداری هەموویان بوو.

وە «حەنیف» بوو واتە: لایدا لە دینی گومڕاهی و بتپەرستی کە لە هەموو جیهانا لەو چەرخەدا باو بوو بە لادانێك لەگەڵ عەزمی دڵدا و دوژمنایەتی ئایینی گومڕاهیدا.

وە لە موشریکەکان نەبوو واتە لە ئەهلی تەوحید بوو بە بچووکی و گەورەیی و لەبەر ئەمە بوو کە هەمیشە تەقریری دەلیلی ئەکرد لەسەر ئیسباتی خودای تەنیا لە بەرابەر «نەمروود»ی بێ دادا.

www.iqra.ahlamontada.com

وە شاکیری نیعمەتەکانی خودا بوو، واتە سوپاسگوزار بوو، وە لە جوملەی سوپاسی نیعمەتە کە ئینسان لەو نیعمەتە هەیەتی بەشی خەڵکی لێ بدا.

ریوایەت کراوە: قەت نانی نەخواردووە بە تەنیا، تەنانەت رۆژێ لەبەر بێ میوانی نانی نەخوارد هەتا بازێ فریشتە لە سوورەتی ئادەمیزادا بوون بە میوانی، ئەویش ئەمری کرد نانیان هێناو پێی فەرموون: بێن نان بخۆن لەگەڵیا، ئەوانیش عوزریان هێناوە بەوە کە گیرۆدەی دەردی گولی بوون لەبەر ئەوە نایەن لەگەڵیا نان بخۆن، ئەویش فەرمووی: ئا ئێستە بەتایبەتی واجبە کە نانتان لەگەڵدا بخۆم؛ چونکی ئەگەر خودا ئێوەی خۆش نەویستایێ گرفتاری نەدەکردن.

وە خودا هەڵی بژاردبوو بۆ پایەی پێغەمبەرێتی، واتە کردبووی بە خۆشەویستی تایبەتی بۆ خۆی بە سیفەتی پێغەمبەری خۆشەویست، وە بە سیفەتی ریسالەت مەتلووبی خودا بوو بۆ رەهبەری ئادەمیزاد.

وە هیدایەتی دابوو بە شێوەیەکی زۆر تایبەتی؛ ئەیتوانی دەعوەتی خەڵك بکا بۆ لای خودا و تەرغیبیان بدا لەسەر دینی حەق و دووریان بخاتەوە لە گومڕاهی و بتپەرستی.

وە لە دنیادا پایەی حەسەنەی مەعنەوی پێدا بوو بەوە کە کردی بە شێخی «موحدین» و بە باوکی ئەنبیا و مورسەلین و بە میعماری «كعبة اللّٰه» بۆ ئیقامەی دین، وە موحەممەدی عەرەبی لەسەر دوعای ئەو کرد بە پێغەمبەری گشتی و «رحمة للعالمين»، وە پایەی دنیلیشی پێدا لە هەر وڵاتێکدا بوو کردی بە خانەدانی نیعمەت و رزق و رۆزی و ژیواری بۆ نەتەوەی خۆی بە دوعای خۆی وەرگرت هەتا دنیا دنیایە.

وە لە رۆژی قیامەتیشا لە بەندە چاکەکانی خودایە، دیارە مەعنای سەلاحەت و چاکی بە نیسبەت ئەگۆڕێ و گەورەی چاکانی خودا پێغەمبەرانی خودان، وە ئیبراهیم

www.iqra.ahlamontada.com

بە یەکێ لەوان دانراوە و ناوی باشی بەجێ‌هێشتووە و خودای تەعالا ناوی کردووە بە هاوناوی پێغەمبەر لە کاتی سەلاواتدانا لە سەری بە عیبارەتی «اللّٰهم صل علی محمد و علی آل محمد کما صلیت علی إبراهیم و علی آل إبراهیم، و بارك علی محمد وعلی آل محمد کما بارکت علی إبراهیم و علی آل إبراهیم في العالمین إنك حمید مجید».

﴿ ثُمَّ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ أَنِ ٱتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًاۖ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٢٣﴾ ﴾

پاش ئەم باسە بەرزانە وەحیمان نارد بۆ لای تۆ کە تابیعی میللەتی ئیبراهیمی حەنیف بە کە لە ئادابی بتپەرستان لای دا. وە بە هیچ جۆر لە هیچ کاتێ لە کاتانی ژیانیا لە خاوەن شیرکەکان نەبوو نە بە گەنجی و نە بە رەسایی و نە بە پیری. وە هەرچەند هەرچی پێغەمبەرم رەوانە کردووە هەموو لە ئوسوول و لە یاسای خودا بەیەکناسیدا یەك میلـلەت بوون، وە هەر فەرقێ بووبێ لە ئەحکاما بووە، بە تایبەتی من تۆم کرد بە یەکێ لەوانە ناوی ئیبراهیم زیندوو بکەیتەوە هەتا ناوی ئەهلی تەوحید لە دنیادا ون نەبێ، وە وایشم بڕیار داوە کە ناوی تۆیش لە جیهانا بەردەوام بێ هەتا هەتایە.

وە مادام خودای تەعالا لە ئایەتی پێشوودا ئەمری فەرموو بە حەزرەت ﷺ کە شوێن تەوحید و یاسای حەزرەتی ئیبراهیمی باوکی بکەوێ و حەزرەت مەعلوومە کە رۆژی جومعەی کردووە بە رۆژی تایبەتی بۆ عیبادەت، لەمەوە دەرکەوت کە رۆژی جومعە لە زەمانی حەزرەتی ئیبراهیمیشدا هەر رۆژی عیبادەت بووە، مەجالی ئەوە هاتەپێشەوە مادام رۆژی جومعە لە زەمانی ئیبراهیمدا دیاری کراوە بۆ عیبادەت بۆچی لە زەمانی حەزرەتی مووسادا رۆژی شەممە بڕیار دراوە بۆ عیبادەت؟ جا خودای تەعالا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە فەرمووی:

www.iqra.ahlamontada.com

﴿إِنَّمَا جُعِلَ ٱلسَّبْتُ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُواْ فِيهِۚ﴾

نە وەکوو رۆژی شەممە بڕیار دراوە بۆ عیبادەت لە ماوەی حەفتەدا لەسەر ئیلحاح و پێداگرتنی ئەو کەسانە کە کەوتنە خیلافەوە لەگەڵ مووسادا لەبەر خاتری دامەزراندنی رۆژی شەممە، ئەگەرنا حەزرەتی مووسایش وەکوو ئیبراهیمی باوکی هەر رۆژی جومعەی دائەنا بۆ عیبادەتکردن، کە وابوو بڕیاری رۆژی شەممە لە ئەنجامی کێشەی کۆمەڵێ لە بەنی‌ئیسرائیل هاتە مەیدانەوە. وە خودای تەعالا ئاگاداری ئەو ئیختیلافەیە.

﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ١٢٤﴾

وە بە راستی پەروەردگاری تۆ حوکم ئەدا لە رۆژی قیامەتا لە بەینی ئەو تاقمە بەنی‌ئیسرائیلیەدا لەو شتەدا کە ئیختیلافیان تێدا کرد.

ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما حەزرەتی مووسا عليه السلام رۆژی جومعەی جیا کردەوە بۆ ئوممەتی بەنی‌ئیسرائیل کە عیبادەتی تێدا بکەن بە تایبەتی لە ناو رۆژانی حەفتەدا، جا بەنی‌ئیسرائیل وتیان: نەخەیر خودا لە رۆژی شەممەدا رزگار بووە لە دروستکردنی ئاسمان و زەوی، ئێمە ئەو رۆژە ئەکەین بە رۆژی عیبادەت.

جا حەزرەتی مووسا پاڕایەوە لە خودای تەعالا ئەویش رۆژی شەممەی بۆ بڕیاردان، وە لەگەڵ ئەوەدا کە لەسەر ئەم ئیلحاحە شەممەیان وەرگرت عیبادەتی شەممەیان نەبردە سەر؛ چونکی نافەرمانی خودایان کرد لەوەدا کە لە رۆژی شەممەدا خەریك بوون بە راوی ماسییەوە وە لەسەر ئەوە خودا قاری لێ گرتن.

وە لە زەمانی حەزرەتی عیسادا عليه السلام ئەویش رۆژی جومعەی بڕیار دا و قەومەکەی وتیان: مادام شەممە رۆژی بەنی‌ئیسرائیلە ئێمە رۆژی یەك شەممە وەرئەگرین، وە ئەوانیش ئەو رۆژەیان وەرگرت بۆ عیبادەتکردن بە تایبەتی.

www.iqra.ahlamontada.com

بە هەرحاڵ ئەو هەڕەشە کە لە ئاخری ئایەتەکەوە دەرئەکەوێ لەسەر ئەوەیە کە لە وەختی خۆیدا بەنیئیسرائیل ملەجڕێیان کرد لەگەڵ حەزرەتی مووسادا و جومعەیان قەبووڵ نەکرد تا خودا بۆی کردن بە ڕۆژی شەممە، کەچی ڕۆژی شەممەکەیشیان بە ڕاستی ڕێز نەگرت هەتا لە دنیادا خودا قاری لێ گرتن، وە لە قیامەتیشا سزایان ئەدا؛ چونکی گۆڕینی یاسای خودایی بە هەر شێوەیێ ببێ ئەبێ بە هۆی قاری خودا لەبەر ئەوە یاسای خودا پڕە لە حیکمەت و عینادی لەگەڵ حیکمەتدا دوورە لە حیکمەت.

وە بازێ لە موفەسیرەکان فەرموویانە: مەعنای ئەو ئایەتە ئەمەیە: نە وەك تۆڵە بڕیار درا لەسەر ڕۆژی شەممە ئیللا بۆ ئەو کەسانە کە شۆڕش و غەوغایان هەڵساند لە ئیحتیرامی ئەو ڕۆژەدا و لە ناو خەڵکدا بڵاویان کردەوە، ڕۆژ هەر ڕۆژە و فەرقی شەممە و یەك شەممە و ڕۆژەکانیتر نییە و مەنعی ئێمە لە ڕاوەماسی لە ڕۆژی شەممەدا بێمەعنایە و، خەڵکەکەیان هەڵنا بۆ شکاندنی شەممە، جا خودای تەعالا قاری لێ گرتن و گۆڕینی بە مەیموون و بەراز تا سێ ڕۆژ و لە پاشا مراندنی.

وە بە ڕاستی خودای تۆ حوکم ئەدا لە بەینی ئەوانەدا لە بابەتی ڕۆژی شەممە و گەلێ شتیترەوە کە ئەوان ئیختیلافیان تێدا ئەکرد، وە حاڵییان ئەکا کە حوکمی خودا ڕەوایە بە هەموو جۆرێ و عەلاقەی بە فەلسەفەی ئێوەوە نییە.

وە موناسەبەیش لەگەڵ مەقاما ئەمەیە خودا هەڕەشە ئەکا لە کافرەکان ئەفەرموێت: من قارم گرت لە بەنیئیسرائیل لەسەر جەسارەتیان و شکاندنی ڕۆژی شەممە، وە ئەگەر ئێوەیش لەمە زیاتر جەسارەت لەگەڵ پێغەمبەری خۆشەویستما بکەن قارتان لێ ئەگرم، وە فیعلەن ئەوان هەر جەسارەتیان زیاد بوو تا لە ئەنجامدا خودا حەزرەتی زاڵ کرد بە سەریانا لە بەدرا و لە چەن شوێنیتردا و شانی شکاندن و بەتاڵ دەرچوو حەق دامەزرا لە جیهانا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلْحِكْمَةِ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِ ۖ وَجَٰدِلْهُم بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ ۖ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴿١٢٥﴾ ﴾

بزانن! کاتێ خودای تەعالا فەرمانی دا بە حەزرەت ﷺ کە پەیڕەوی حەزرەتی ئیبراهیم بکا لە دەعوەتی عالەم بۆ لای خودا ئەو ڕێگەی دەعوەتە کە ئیبراهیم گرتبووی بۆی بەیان کرد بەم ئایەتە بەرزە پیرۆزە و فەرمووی: هۆشیارانی جیهان بانگ بکەن بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ڕێگەی ڕاستی ئەو ـ کە تەوحیدە ـ بە شێوە و یاسایێ کە دامەزراو و بێعەیب بێ وە بە دەلیلێ کە بورهان بێ و ئینتاجی قەتعی بێ لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە زانا و باڵا و هۆشیاری تەواون وە بە ئامۆژگاری جوان و مەفهووم و نەزاکەت و ئەدەب لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە ناتوانن ورد ببنەوە لە بورهان و لە موستەوای ناو بەینان، بەڵام دڵ و دەروونیان پاکە و دوورن لە عیناد کاری، وە موجادەلەیش بکە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە حازر نین بۆ قەبووڵی دەعوەت و ئارەزووی ملەجڕێیان هەیە بە یاسایێ کە جوانتری یاساکان بێ بە نەوعێ نەبێ بە مایەی زیان بۆ دائیرەی دەعوەتەکەی خۆت.

وە تۆ ئەمەت لە سەرە کە سپێراوە پێت ئیتر حەقت نەبێ بەسەر ئەوەوە کە ئەوان ئەگەن بە هیدایەت و سوودی واقیعی یا ناگەن؛ چونکە بە ڕاستی خودای تۆ زاناترە لە هەموو کەس بەو کەسانە کە ئامۆژگاری کاریان لێ ناکا وە گومڕا ئەمێننەوە لە ڕێگەی خودا، هەروا ئەو زاناترە بەو کەسانە کە ئەگەن بە ئەنجامی بەرزی پیرۆز کە هیدایەتە بۆ لای حەق و سلووکی ڕێگەی ڕاست ئەمانە حەواڵە بکە بە خودای خۆت.

www.iqra.ahlamontada.com

بزانن! ئیمامی رازی رحمه الله ئەفەرمویت: بانگ‌کردنی ئادەمی بۆ هەر مەزهەبێ پێویستە بە دەلیل و مەبەست لەو دەلیلە یا دامەزراندنی ئەو مەزهەبەیە لە دڵی موسوڵمانانا وە یا مەبەست دەمکوت کردن و بێ‌دەنگ کردنی خەسمە.

وە بەشی یەکەم دوو بەشە لەبەر ئەوە ئەو حوجەتە یا دەلیلێکی بورهانی و یەقینییە کە دوور بێ لە ئیحتیمالی نوقسان، وە یاخود دەلیلێکە موفیدی باوەڕ بێ بەڵام بە شێوەی زەن نەك یەقین.

وا دەرکەوت هەرچی دەلیل هەیە ئەم سێ بەشەیە:

[بەشی] یەکەم: حوجەتی قەتعی موفید بۆ عیلمی یەقینی، وە ئەمە ناوئەبرێ بە حیکمەت و ئەمە بەرزترینی دەرەجاتە و خودا مەبەستی ئەمەیە کە فەرموویە: ﴿ومن يؤت الحكمة فقد أوتي خيراً كثيراً﴾[1] واتە هەرکەس حیکمەتی پێ درابێ ئەوە بە راستی خێرێکی زۆری پێدراوە.

وە بەشی دووهەم: دەلیلی زەننییە، کە مەشهوورە بە «أمارات» کە دەلیلی ئیقناعین و ئەمە ئەبێ بە مەوعیزەی حەسەنە.

وە بەشی سێهەم: ئەو دەلیلەیە کە مەبەست لەو دەلیلە دەمکوت کردنی خەسمە کە قسەی پێ نەکرێ، وە ئەمە جەدەلە وە ئەم جەدەلەیش لەسەر دوو بەشە:

١. ئەمەیە دەلیلەکەی دورست کرابێ لە «مقدمات مسلمة» خواه موسەللەم بێ لای جومهوور، یا لە لای ئەو موقابیلە، وە ئەم جەدەلە جیدالێکە واقیع ئەبێ لەسەر شێوەی زۆر جوان؛ چونکی موقەدیماتەکانی تەسلیم کراون و جێگەی غەوغا نین.

٢. بەشی دووەم لە جەدەل ئەمەیە کە موقەدیماتەکەی بەتاڵ بن، بەڵام ئەو خاوەن جیداڵە ئەیەوێ بە زۆری حیلە بیان‌باتە دڵی بەرانبەرەکەیەوە بە هەر شێوەیێ

---

١. البقرة: ٢٦٤.

www.iqra.ahlamontada.com

بێ، وە ئەم بەشە موناسبی ئەهلی فەزل نییە، بەڵکوو شیاوی ئەوان بەشی یەکەمە، کە لە: ﴿و جادلهم بالتي هي أحسن﴾ وەرئەگیرێ. وە سابت بوو بەم تەقریرە کە دەلائیل بریتین لەم سێ بەشە کە باسمان کردن.

جا کاتێ ئەمانەت زانی بزانە ئەهلی عیلم سێ تاقمن:

یەکەم: ئەوانە کە تالیبی زانستی راستی و بابەتی یەقینین، وە قسە لەگەڵ ئەمانەدا قابیل نییە بە بەڵگەگەلی قەتعی یەقینی نەبێ کە مەشهوورە بە حیکمەت.

دووهەم: کۆمەڵێکە کە موشاغەبە زاڵە بەسەر تەبیعەتیانا و مەبەستیان دەرکی مەعاریفی حەقیقی و عولوومی یەقینی نییە، وە قسە لەگەڵ ئەمانەدا موجادەلەیە بۆ بێدەنگکردنیان. ئەم دوو تاقمە یەکەمیان لایەنی بەرز و باڵایە، دووهەمیان لاخوار و پەستە.

وە تاقمی سێهەم کە وان لە بەینی ئەم دوو تاقمەدا ئەوانەن کە لە کەلاما نەگەیشتوون بە تاقمی یەکەم و لە پەستیدا نەهاتوونەتە خوارەوە بۆ لای تاقمی دووهەم، بەڵکوو کەسانێکی وان لەسەر فیترەتی ئەسڵی و سەلامەتی خوو و رەوشت، بەڵام لە پایەی قابیلیەتا نەگەیشتوون بە فامی بەڵگەگەلی قەتعی یەقینی؛ چونکی ئەمە زۆر بەزرترە لە پایەی ئەوان و قسە لەگەڵ ئەمانەدا ئەبێ بە ئامۆژگاری جوان و قسەی خۆش بێ.

وە لە ناسکی ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کە خودا فەرموویەتی: ﴿ادع إلى سبيل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة﴾ حەسری دەعوەتی کردووە لەسەر ئەم دوو بەشە؛ چونکی دەعوەت ئەگەر بە دەلائیلی قەتعییە بێ ئەوە حیکمەتە، وە ئەگەر بە دەلائیلی زەنی بێ ئەوە مەوعیزەی حەسەنەیە: بەڵام «جدل» لە بابەتی دەعوەت و بانگهێشتن بۆ رێگەی خودا نییە، بەڵکوو مەبەست لە جەدەل هەر دەمکوتکردنی بەرانبەرە، بۆیە خودای تەعالا جەدەل ئەبەستێ بە «ماقبل»یەوە لە بەشەکانی بانگهێشتن و نەیفەرموو:

www.iqra.ahlamontada.com

«ادع إلى سبيل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة والجدل الأحسن» بەڵکوو جەدەلی لەوان دابڕێ.

﴿وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُوا۟ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِۦ ۖ وَلَئِن صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِّلصَّـٰبِرِينَ ﴿١٢٦﴾﴾

واحیدی فەرموویەتی: لە هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتەوە سێ واتە هەیە:

یەکەم: کاتێ حەزرەت ﷺ لە دوای جەنگی ئوحود چاوی کەوت بە حەمزەی مامی کە شەهید کرابوو و سکی دڕابوو سوێندی خوارد: لە باتی حەمزە ئەبێ ئەویش حەفتا کەس لە کافرەکان بکا بە پەند. جا جوبرەئیل ئەم ئایەتی دوایی سوورەتی «نەحل»ەی هێنایە خوارەوە و حەزرەت لە بیرەکەی خۆی دەسبەردار بوو. بەم گوێرە ئەبێ سوورەتی «نەحل» مەککی بێ ئەم چەن ئایەتەی دوایی نەبێ.

دووهەم: ئەم ئایەتە لە پێش ئەمرکردن بە جەنگ و بەکارهێنانی شیردا هاتووەتە خوارەوە، لەو کاتەدا کە موسوڵمانەکان ئەمریان پێ نەکرابوو بەوە ئەمان جەنگ هەڵبگرسێنن، ئەوەندە بوو ئەگەر یەکێ جەنگی لەگەڵ بکردایەن ئەمانیش جەنگیان لەگەڵدا ئەکردن، بەم پێیە ئەفەرموێت: ئەگەر لە لایەنی کافرانەوە ئازاردران و ئێوەیش ویستتان تۆڵە بسێننەوە ئەوە بە قەی حەقەکەی خۆتان دەست بوەشێنن و زیادەڕەوی مەکەن.

سێهەم: ئەمەیە مەبەست لەم ئایەتە نەهی کردنە لە ستەم لێکراو کە زیاد لە حەقەکەی هیچ وەربگرێ لە ستەمکەرەکە، ئەمە واتەی «نەخەعی» و «موجاهید» و «ئیبنی‌سیرین»ە.

بەڵام ئیمامی رازی فەرموویەتی: من وا ئەزانم ئەم ئایەتە تابیعی ئایەتی: ﴿ادع إلى سبيل ربك﴾یە. واتە لە ناوی ئەم دەعوەتەدا ئێوە گیرۆدەی گەلێ ئینسانی ناهەموار ئەبن و لە کاتێکدا ئێوە بەرهەڵستی دینی ئەوان ئەکەن ئەوانیش تووڕە ئەبن و دەست

www.iqra.ahlamontada.com

ئەوەشێنن و کاری ناشایستە ئەکەن و قسەی ناشیرین ئەڵێن، جا ئێوەیش لە بەرابەری ئەو کارە ناشرینەوە ئەگەر حەقی خۆتان وەرگرت لە رادەی ئەو حەقە دەرمەچن، وە لەسەر ئەم ئیحتیماله ماوەی سوێندی حەزرەت لەسەر بەسەرهاتی حەمزە ئەکەوێتە بەر ئەم ئایەتە دواینە، واتە ئەگەر کافرێ عەیبدار بکەی حەقی تاقە کەسێکت هەیە نەك زیاتر، وە ئەگەر خۆبگرن و لێ بوردنتان ببێ ئەوە بۆ پاداشی خۆگرەکان لە پاشەڕۆژا چاکترە.

﴿ وَٱصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِ ۚ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُ فِى ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ ﴿١٢٧﴾ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوا۟ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ ﴿١٢٨﴾ ﴾

پاش ئەوە کە لە ئایەتی پێشوودا خودای تەعالا ئیرشادی حەزرەتی کرد بۆ ئەوە ئەگەر خۆی بگرێ و تۆڵە نەسێنێتەوە ئەوە خۆگرتنەکەی جوانترە، خودا لای دا بۆ مەقامی فەرمان و ئەمری دا بە حەزرەت بە خۆگرتن و فەرمووی: خۆت بگرە بەرابەر بە هەموو ئازار و زەحمەتێ کە لە لایەنی کافرەکانەوە رووت تێ ئەکا و روو ئەکاتە یارانیشت، وە ئەم خۆگرتنی تۆ بە یارمەتی خودا نەبێ نایەتە جێ و زویر مەبە لەسەر کردەوەی ناشیرینی کافرەکان و با دڵت تەنگ نەبێ لەو حیلە و مەکرانە کە کافرەکان بەرابەر بە تۆ و پەیڕەوانت ئەیکەن؛ چونکی ئەنجامی خێر هەر بۆ ئێوەیە لەبەر ئەوە کە خودا بە یارمەتی و سەرخستن بەسەر دوژمندا لەگەڵ ئەوانەیە کە تەقوای خودا ئەکەن بە تەرکی نافەرمانی و بە کردنی واجبات و لەگەڵ ئەوانەدایە کە پایەی «احسان»یان هەیە و لە بەندەییدا بە ئیخلاسن وەکوو ئەوە کە چاویان لە خوداوە بێ وا بەندەیی دەکەن نەك شتی حەرام بەڵکوو شتی مەکرووهیش ناکەن و، نەك

www.iqra.ahlamontada.com

هەر واجبات بەڵکوو سونەتیش بەجێ دێنن و، نەك هەر تۆڵە ناسێننەوە بەڵکوو لە تاوانباریش خۆش ئەبن، وە ئێوە لەوانەن کە ئەهلی تەقوا و ئەهلی ئیحسانن.

بە لەفزی ئیحسان تەواو بوو کارم — بۆ ئیحسانی تۆ بە ئینتیزارم
لە سەر پیرۆزی سەرداری ئینسان — عەفوومان بکە بە لوتف و ئیحسان
بیکە بە خاتر حەزرەتی رەهبەر — سەرفەرازم کە لە رۆژی مەحشەر

www.iqra.ahlamontada.com

سووره‌تی ئیسرا، "١١١" ئایه‌ته.

ئیبنوعه‌باس ئه‌فه‌رموێ: ئه‌م سووره‌ته مه‌ککه‌ییه له ئایه‌تی: ﴿وإن كادوا ليستفزونك من الأرض...﴾ه‌وه نه‌بێ تا: ﴿واجعل لي من لدنك سلطاناً نصيراً﴾ ئه‌وانه مه‌دینه‌یین و کاتێ وه‌فدی "سه‌قیف" هاتن ئه‌و ئه‌ندازه هاته‌خواره‌وه

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا مِّنَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ إِلَى ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡأَقۡصَا ٱلَّذِي بَٰرَكۡنَا حَوۡلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنۡ ءَايَٰتِنَآۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١﴾

پاکی و بێ‌عه‌یبی بۆ ئه‌و خودایه که شه‌وڕه‌وی کرد به عه‌بده خۆشه‌ویسته تایبه‌تیه‌که‌ی خۆی ـ که موحه‌ممه‌دی کوڕی عه‌بدوڵڵای کوڕی «عبدالمطلب»ی هاشمییه ـ له به‌شێکی که‌م له شه‌وێکا له عه‌رزی «مسجد الحرام» واته ماڵی «كعبة اللّٰه»وه له شاری مه‌ککه‌ی موکه‌ڕه‌مه‌دا تا «مسجد الأقصى» له شاری «قودس»! ئه‌و مزگه‌وته که ئه‌ترافه‌که‌مان پیرۆز کردووه به وجوودی گه‌لێ له پێغه‌مبه‌ران له کاتی خۆیانا و پیرۆزی ژیواریشمان پێداوه وه له هه‌موو جۆره رۆزییه‌کمان دروست

www.iqra.ahlamontada.com

کردووە تیایا، وە بۆ ئەوە شەورەوی کرد بەو عەبدی خۆیە کە بازە ئایەتێ و بازە نیشانەیێ لەوانە کە رەهنموونی هۆشیار ئەکەن بۆ لای گەورەیی ئێمە، دەربخەین بۆی و چاوی پێیان بکەوێ؛ چونکی بە راستی خودای تەعالا گوێی وا لە دوعا و پاڕانەوەی موحەممەدەوە بۆ یارمەتیدانی و چاوی وا لەو و لە پەیڕەوەکانیەوە کە چییان بەسەردا دێ، جا تا بەو شەورەوییە دڵی دابمەزرێنین و ئاگاداری بکەینەوە لە ئاساری پەنامەکی جیهان و لە عەجائیباتی دنیا، وە لەم دڵتەنگییە دەربچێ.

بزانن! زانایانی دین گەلێ قسەیان کردووە لە شەوی «ئیسرا»دا، بە هێزتریان ئەوەیە کە لە شەوی بیست و حەوتەمی رەجەبدا بووە.

هەروا قسە زۆرە لە دیاری کردنی ئەو شوێنەدا کە ئەو شەوە حەزرەت تیایا بووە؛ یەکێ لەو قسانە ئەوەیە کە لە ماڵی «أم هانیء» پوورکیا بووە کە لە نزیکی کەعبەدا بووە.

وە یەکێتریان ئەوەیە کە لە «حیجری ئیسماعیل»دا بووە. وە یەکێتر ئەوەیە لە نێوان زەمزەم و مەقامدا بووە، وە ئەم قسە دووهەمە جێگەی دامەزرانی دڵی ئینسانە چونکی نەسی ئایەتەکە ﴿من المسجد الحرام﴾ ئەڵێ: جا ئەو «مسجد الحرام»ە ئەگەر مەبەست «كعبة اللّٰه»بێ ئەوە تەتبیق ئەکرێ لەسەر ئەو ریوایەتە کە ئەڵێ لە «حیجری ئیسماعیل»دا بووە؛ چونکی «حیجری ئیسماعیل» وەختی خۆی داخڵی بینای کەعبە بووە، وە ئەگەر مەبەست ئەو شوێنانە بێ کە وان لە نزیکی «كعبة اللّٰه»دا ئەوەیش دەست ئەدا و موافیقی ئەو ریوایەتەیە کە ئەڵێ حەزرەت لە لای بیری زەمزەمدا بووە کە تەشریفی رۆیشت بە شەورەوی بۆ «بيت‌المقدس».

بەڵام ئەو ریوایەتە کە ئەڵێ: حەزرەت لە ماڵی پوورە «فاختە»دا بوو کە مەشهوورە بە «أم‌هانیء» کچی «عبدالمطلب» ئەوە دوورە لە نەسی «مسجد الحرام»ەوە، (اللّٰهم)

www.iqra.ahlamontada.com

مەگەر بڵێین لەو کاتەدا جبرەئیل هات بۆ خزمەتی لە ماڵی پووریا بوو لەوێوە هێنای بۆ «حیجری ئیسماعیل» و لەوێشەوە هێنای بۆ بیری زەمزەم وە پاش ئەوە لە زەمزەم دەرچوو لە بەینی زەمزەم و مەقامەوە سواری بوراق بوو رۆیشت بۆ «بيت المقدس». لە «روح المعاني» دا ئیشارە ئەکا بۆ ئەم تەئویلە لەبەر جەمع لە بەینی ئەو ریوایەتانەدا.

وە پێویستە بزانن ئەم شەورەوییە لە مزگەوتی مەککەوە هەروا میعراج و بەرزەوەبوونی حەزرەت ﷺ لە «بيت المقدس»ەوە بۆ ژوور هەموو ئاسمانەکان بە گیان و لەش بووە لە حاڵی بێداریدا بووە نەك بە رۆح وە یا بە خەوبینین لەبەر چەن دەلیل:

یەکەم: کەلیمەی «سبحان» و «سبحان اللّٰه» لە شوێنی تەعەجوب لە شتی گەورە و رووداوی نایابدا بەکار دێ، وە ئەم «اسرا» لەم ئایەتەدا هەیە ئەگەر بە رۆح بوایە وە یا بە حاڵەتی نووستن و خەوبینین بوایە ئەوە نەدەبوو بە هۆی سەرسوڕمان بۆ کەس و، لە هەموو جۆرە تاقمێکی ئینساندا خەوی وەها ئەبینرێ کە زۆر زۆر شتی نایابی تێدایە و کەسیش سەری لێی سوڕنامێنێ.

دووهەم: کەلیمەی «عەبد» لە هەر شوێنێکدا لە قورئانا بەکار هێنرابێ وەکوو لە سوورەتی «تبارك» و سوورەتی «جن» و سوورەتی «علق»دا... هەموو مەبەست ئەم شەخسە موبارەکەیە، کە وابێ لە سوورەتی «ئیسرا»یشدا هەر ئەو شەخسەیە.

سێهەم: لە حەدیسی بەهێزا سابت بووە لەو کاتەدا حەزرەت ﷺ ئەم واقیعەیە گێڕایەوە بۆ خەڵك، کافرەکان گەلێ گاڵتەیان پێ کرد و بازێ لە موسوڵمانە ئیمانلاوازەکانیش لە دین وەرگەڕانەوە ـ پەنا بە خودا ـ ، جا ئەگەر ئەو رووداوە بە رۆح یا بە خەو بوایە قابیلی ئەوە نەدەبوو کەس ئینکاری بکا.

وە هەر وەکوو چۆن ئیسرا بە رۆح و جەسەد بووە وەها میعراجەکەیشی؛ چونکی گەلێ حەدیس و فەرموودەی بەهێز لە کتێبە حەدیسە گەورەکانا ریوایەت کراوە بۆ

www.iqra.ahlamontada.com

دەلیل لەسەر ئەوە کە ئەو rووداوە لە ئەرز و ئاسمانا بە سوورەتی واقیعی rۆح و جەسەد بوون.

چوارەم: هەر موعجیزەیێ بۆ هەر پێغەمبەرێ rووی داوە لە ئادەمەوە تا خاتەم عليهم السلام وەکوو مانەوەی حەزرەتی ئیبراهیم لە ناو ئاگرا بە بێ‌زیان و، عاسای حەزرەتی مووسا کە ئەبوو بە ئەژدیها وە ئەگەrایەوە بۆ سەر حاڵی خۆی کە دار بوو، وە موعجیزەکانی حەزرەتی عیسا کە مردووی زیندوو ئەکردەوە هەموو ئەمانە لە یاسای عادەتی عالەم بەدەرن، وە هەرکەسێ باوەrی بەوانە هەبێ پێویستە باوەrی بە ئیسرا و میعراج بۆ فەخری عالەم ﷺ بێ.

وە مادام یاسای «خرق العادە» دامەزرا بەم مەعنا هەرچی موعجیزەیە ئەبێ بە خیلافی عادەت بێ ئیتر فەرق نامێنێ لە بەینی ئەوەدا کە دارێ ببێ بە مار یا مارێ ببێ بە دار و مردوویەك زیندوو ببێتەوە یا زیندوویەك بrواتە ئاسمان و بێتەوە، سەد هەزار rەحمەت لە rۆحی «سەید عەبدولrەحیمی مەولەوی» کە فەرموویەتی:

گەر زەrەی شوعوور هەیە پێتەوە کە وتیان خودا ئەبرێتەوە

وەلحاسڵ ئەو کەسە کە باوەrی هەیە بە قورئانی پیرۆز و لە مەعنای ئایەتەکانی حاڵی ئەبێ تەماشای قورئان بکا گەلێ موعجیزەی وەکوو ئیسرای بەرچاو ئەکەوێ، لەوانە: هەڵگرتنی با بۆ تەختی سولەیمان لەگەڵ وەزیرەکانی و دەستە و بەستەیا لە تاقی سبەینێدا بۆ مانگێ rێگە بە دەوام، بە کەمتر ناناسرێ لە rووداوی ئیسرای حەزرەت ﷺ.

هەروا rووداوی گەیاندن و rاکێشانی تەختی بەڵقیس لە ماوەی چاوبrکەیەکدا لە قەبیلەی ئەم موعجیزەتانێ لەگەڵ ئەوەدا خاوەنی ئەو rووداوە پێغەمبەر نەبووە بەڵکوو یەکێ لە گەلی سولەیمان بووە و لە پیاوچاکان.

www.iqra.ahlamontada.com

پێنجەم: ئەو کەسەی کە هۆشیارە و ئیمانی هەیە بە پەروەردگاری جیهان ئەگەر کەمێ وردبێتەوە لە شێوەی عەرز و ئاسمان و هاتوچۆی ئەستێرەکان و گەڕانی زەوی بە دەوری خۆیا لە هەموو شەو و رۆژێکا جارێ و، بە دەوری رۆژا لە هەموو ساڵێکا جارێ و، مانەوەی ئەم ئەستێرانە لەسەر یاسای هاتوچۆیان بە درێژایی ساڵان و، مانەوەی ئەمانە لەسەر مەرکەزی خۆیان و دەوامی نیزامی جمو جووڵیان بە بێ ئەوە دەقیقەیێ ئەم وەزعە گۆڕان و جیاوازی تێدا پەیدا ببێ، لە عالەما کەسێ بە شوعوورەوە لەمانە وردبێتەوە ئەزانێ کە پەروەردگار تەوانایە بە سەر هەموو شتێکی وەهادا داخڵی دائیرەی ئیمکانی زاتی بێ؛ وە مەعلووم بەرزەوەبوونی مادەی قورس بۆ ئاسمان وە یا دابەزینی لەشی سووك بۆ زەوی، وەکوو داپەڕینی جوبرەئیل لە ژوور ئاسمانەکانەوە بۆ زەوی بە چاوبرکەیێ، هەموویان لە مومکیناتن و خودایش تەوانایە بەسەریانا.

ئیتر پێویست بەوە ناکا ئێمە دەلیل بهێنینەوە بەوە کە بە چەن سانیەیێ جیسمی کورەی رۆژ لە کەنارەی ئاسمان بۆ ئێمە دەرئەکەوێ لەگەڵ ئەوەیشدا مەسافەی ئەو دائیرەی موحیتی رۆژە بە قەی چارەکە ملیۆنێ جار لە موحیتی کورەی زەوی گەورەترە. وە یاخود ئەو کەسانە کە وان لەسەر کورەی زەویدا بە جۆری عەرز بە چەسپانی سوورِ ئەخوا کە بە چەن سانیەیێ بە تەواوی کورەی رۆژ ئەوەی وا رووی لە ئێمەیە بۆمان دەرئەکەوێ، ئەم دەلیلانە هەموو فەرعی ئیمان و باوەڕن بە پەروەردگاری تەوانا وە بۆ کەسێ ئەو ئیمان و باوەڕی هەبێ بە پەروەردگاری عالەم هەموو ئەم رووداوانە ئاسانن.

وە حەدیسی ئیسرا ـ وەکوو ئەحمەد شەهابی قستەلانی لە کتێبی «المواهب اللدنية»دا ئەڵێ ـ لە بیست و شەش کەس لە یارانی حەزرەتەوە وارید بووە کە ئەمانە ژمارەی

www.iqra.ahlamontada.com

موفیدن بۆ یەقین لە بیستنی ئەو واقیعەدا لە دەمی موبارەکی حەزرەتەوە، ئیتر ئەم مەوزووعە سابتە بە قەتعی.

وە ئەو ریوایەتانە کە دەلالەت ئەکەن لەسەر ئەوە واقیعەی ئیسرا بە خەوبینین بووە بە قەی مسقالە زەرەیێ قیمەتیان نییە بە یاسای عیلم، بۆیە خاوەنی «مەواهیب» ئەفەرموێت: حەدیسی ئیسرا لە پێش دەرکەوتنی بیدعەت لە عالەمی ئیسلامدا زانایانی ئیسلام ئیجماعیان کردووە لە سەری و خاوەنی تەفسیری «روح المعانی» ئەفەرموێت: ئیسرا لە مەککەوە هەتا «بیت المقدس» بە قورئان سابت بووە و هەرکەسێ ئینکاری بکا کافر ئەبێ، بەڵام بەرزەوە بوون لە «بیت المقدس»ەوە بۆ ژووری ئاسمانەکان بە نەسی ئایەت سابت نەبووە بەڵکوو بە حەدیس سابت بووە و ئینکاری ئەوە بیدعەت و گومڕاهییە و بەس.

وە بازێ فەرموویانە: میعراجیش وەکوو بە حەدیس سابت بووە بە قورئانیش سابت بووە؛ چونکی خودای تەعالا لە سوورەتی «النجم» دا ئەفەرموێت: ﴿أفتمارونه على ما يرى ﴿١٢﴾ و لقد رآه نزلة أخرى ﴿١٣﴾ عند سدرة المنتهى ﴿١٤﴾ عندها جنة المأوى ﴿١٥﴾ إذ يغشى السدرة ما يغشى ﴿١٦﴾ ما زاغ البصر و ما طغى ﴿١٧﴾ لقد رأى من آيات ربه الكبرى ﴿١٨﴾﴾.

واتە: ئایا ئێوە ـ ئەی قورەیش ـ موجادەلە ئەکەن لەگەڵ موحەممەددا ﷺ لەسەر ئەوە کە ئەیبینێ و لەو فەرموودەیەدا کە ئەفەرموێ من جوبرەئیلم لەسەر شکڵ و شێوەی خۆی دیوە لەو کاتەدا کە لە ئەشکەوتی «حراء» هاتمە خوارەوە؟ رەوا نییە بۆ ئێوە ئینکاری ئەم چاوپێکەوتنی ئەوە بۆ جوبرەئیل لەسەر شێوەی خۆی؛ چونکی بە راستی موحەممەد ﷺ جارێکی تر جوبرەئیلی بینی لە لای داری «سدرة المنتهى»دا کە «جنة المأوى» لە نزیکی ئەو دایە لەو کاتەدا کە درەختی «سدرة المنتهى»ی داگرتبوو ئەوەی کە دای گرتبوو لە فریشتەکان، وە بە قەراری قەتعی چاوی موحەممەد لای نەدا لە بینینی ئەو شتانە کە ئەیبینین، وە تەجاوزی نەکردووە و بە راستی دەرکی

www.iqra.ahlamontada.com

ئەکردن، بە راستی لەم کاتەدا گەلێ نیشانەی گەورە گەورەی بینی لە کیبریای زاتی خودا و لە تەوانایی ئەو.

شاهید ئەوەیە کە گەلێ لە موفەسیرەکان فەرموویانە: «زەمیری مەنسووب» لە جوملەی ﴿ولقد رآه﴾ دا ئەگەڕێتەوە بۆ زاتی خودا، واتە پێغەمبەرﷺ جارێکی‌تر خودای چاو پێکەوتووە، یانی دوو جار دیویەتی: بەڵام زۆربەی موفەسیرەکان ئەڵێن: ئەو زەمیرە ئەگەڕێتەوە بۆ جوبرەئیل و لەمەوە دەرئەکەوێ کە واقیعەی میعراجی حەزرەتﷺ بۆ ئاسمانەکان تا «سدرة المنتهى» بوو ئەمەیش بە ئایەت سابت بووە؛ چونکی مەعلووم بووە بە بەڵگەی رووناك کە حەزرەت دوو جار جوبرەئیلی لە شێوەی واقیعی خۆیدا دیوە، جارێ لە رێگەی ئەشکەوتی حیرادا و جارێکیش لە لای «سدرة المنتهى»دا، جاری یەکەم لە عەرزا و جاری دووەم لە ئاسمانا، وە مەعلوومیشە کە مەبەست ئەوە نییە حەزرەتﷺ لە عەرزەوە تەماشای کردووە؛ چونکی باقی ئایەتەکان دەلیلن لەسەر ئەوە کە حەزرەت خۆی لەوێدا بووە وە ئەو دیتنەیشی لە ئاسماندا هەر لە کاتی ئیسرادا بووە.

بە هەر حاڵ من بەش بە حاڵی خۆم بیر و باوەڕم لەسەر ئەوەیە کە هەر وەکوو ئیسرا لە مەککەوە هەتا «بيت‌المقدس» بە ئایەت سابت بووە هەروەها میعراج و سەرکەوتنی حەزرەتﷺ لە «بيت‌المقدس»ەوە بۆ ئاسمانەکان بە ئایەت سابتە، وە ئایەتەکانی سوورەتی «والنجم» بە روونی دەلالەت ئەکەن لەسەر ئەو میعراجە تا «سدرة المنتهى».

وە تەفسیلی رووداوی ئیسرا و میعراج حەواڵەی کتێبە گەورەکانە، وەکوو بوخاری و، موسلیم و، ترمزی و، باقی کتێبە سیحاحەکانی حەدیس کە بە درێژی لەم باسە دواون بە تایبەتی کتێبی «فتح الباري» لە شەرحی بوخاریدا کە دانراوی ئیبنوحەجەری عەسقەلانییە و، کتێبی «المواهب اللدنية» دانراوی شێخ ئەحمەدی شەهابی قەستەلانی.

www.iqra.ahlamontada.com

نوختەیەکی‌تر لەم شوێنەدا ماوەتەوە کە ئەوەیە: لەسەر چ موناسەبەیێ حەزرەت شەوڕەوی پێ‌کرا بۆ «بیت المقدس» و لەوێوە بەرز کرایەوە بۆ ژوور ئاسمانەکان؟ وە لەگەڵ ڕووداوی ئیسرادا خودای تەعالا باسی حەزرەتی مووسا و ناردنی کتێب بۆی و ئەحواڵی بەنی‌ئیسرائیل دێنێتە پێشەوە بەو شێوەیە کە لە هیچ سوورتێکدا ئەم باسەی نەکردووە.

من وا ئەزانم ئەمە بێدارکردنەوەیە بۆ ئوممەتی ئیسلام لەسەر ئەوە دوو مزگەوتی خاوەن ڕێز هەن لەسەر عەرزا، یەکەم: مزگەوتی کەعبە، کە حەزرەتی ئیبراهیم دروستی کردووە. دووهەم: مزگەوتی «بیت‌المقدس» کە چل ساڵ پاش دروستکردنی کەعبە حەزرەتی یەعقووب دروستی کرد لە شاری قودسی ئیمڕۆدا. وە لە پاشان حەزرەتی داوود گەورەی کرد و، پاش ئەو حەزرەتی سولەیمان کردی بەو مزگەوتە گەورەکە هەیە. وە تێیان ئەگەیەنێ کە ئەم مزگەوتی قودسە وا لەبەر خەتەری ئیفسادی بەنی‌ئیسرائیلدا و ئەیانەوێ داگیری بکەن هەتا هەتایە، وە مادام ئەم مزگەوتە داگیر کرا ئەم جارە مزگەوتی کەعبەیش ئەکەوێتە مەترسییەوە و بە تەبیعەتی حاڵ مزگەوتی مەدینەی مونەووەرەیش لە مزگەوتە عالەمییەکانە ئەویش هەر ئەکەوێتە بەر مەترسی و واجبە لەسەر موسوڵمانان کە لە پێش ئەوەدا ئەم سەرەتانە ریشە دابکوتێ بەسەر لەشی موسوڵمانانا چار بکرێت.

جا لەبەر ئەوە کە تەفسیری ئەم ئایەتە موناسبە بە ریوایەتی حەدیسی ئیسرا، وە گەورەترینی کتێبی حەدیس سەحیحی بوخارییە، من لێرەدا ئەو حەدیسی بوخارییەتان بۆ ئەکەم بە کوردی و لەگەڵ تێهەڵکێشی بازە ریوایەتێ کە مەوزووعەکە ڕووناك ئەکاتەوە بە یارمەتی خودا ئەینووسم:

لە بابی میعراجدا لە بوخاریدا ئەفەرموێت، پێغەمبەرﷺ فەرموویە: لە کاتێکدا من لە «حطیم»دا بووم، یا خود فەرمووی: لە «حیجری ئیسماعیل»دا ڕاکشا بووم

www.iqra.ahlamontada.com

کوتوپڕ شەخسێ هات بۆ لام ـ واتە جوبرەئیل ـ وە هات لە دانەی سەرسنگمەوە لەتی کرد هەتا گەیشتە مووی لای ناوکم، وە دڵی دەرهێنام و لە پاشان بە پڕ بە تەشتێ ئاڵتوون بە تەواوی دڵی شۆریمەوە و پڕ کرا لە حیکمەت و لە ئیمان و خرایەوە شوێنی خۆی و سنگم وەکوو لەوەبەری لێ هاتەوە.

جا حەیوانێکیان هێنا بچووکتر لە هێستر و گەورەتر لە گوێدرێژ (بوراق) کە ئەوەنە هەنگاوی بڵاو بوو چەنێ چاوی بڕی ئەکرد هەنگاوی لەو شوێنەدا دائەنا، وە سواری ئەو حەیوانە کرام و جوبرەئیل هێنامی هەتا ئاسمانی یەکەم.

لەم شوێنەدا شتێ لە ریوایەتی قەتادە لە ئەنەسەوە تەرك کراوە کە سابتی بەنانی ریوایەتی ئەکا، وەکوو ئیبنوحەجەری عەسقەلانی ئەفەرموێت، عیبارەتە لەمە کە لە ئەنەسەوە ریوایەت ئەکا لە حەزرەتەوە ﷺ فەرمووی: بوراقم بۆ هێنرا، وە وەسفی کرد بە وەسفە پێشووەکە، جا سواری بووم هەتا گەیشتمە «بیت المقدس» و بوراقم بەستەوە بەو هەڵقەوە کە پێغەمبەرانی پێشوو پێیانەوە بەستووە جا رۆیشتمە ناو «بیت المقدس»ەوە دوو رکات نوێژم تێدا کرد. وە لەم شوێنەدا لە «ئەنواری موحەممەدییە»دا نەقڵ ئەکا لە ئیبنوئەبی‌حاتەم لە تەفسیرەکەیا لە ئەنەسەوە، ئەڵێت: ئەوەندەی پێ نەچوو تا خەڵقێکی زۆر گردبوونەوە، جا بانگدەر بانگی دا و، قامەت کرا بۆ نوێژ، وە ئێمەیش راستەوە بووین بە چەن سەف. وە چاوەڕێ بووم کێ ئەبێ بە ئیمام بۆمان، تا جوبرەئیل دەستی گرتم و خستمیە پێشەوە و نوێژەکەم بۆ کردن، کاتێ کە نوێژەکەم تەواو کرد جوبرەئیل فەرمووی: ئەزانی کێ لە پشتی تۆوە نوێژی کرد؟ وتم: نە، فەرمووی: هەر پێغەمبەرێ خودا بە ریسالەت رەوانەی کردووە لە پشتی تۆوە نوێژیان کرد.

جا پاش ئەمە جوبرەئیل بردمی هەتا گەیشتینە ئاسمانی دنیا، جوبرەئیل داوای کردنەوەی دەرگای کرد، لەوێ پرسیار کرا: کێیە؟ وتی: جوبرەئیل، وتیان کێت لەگەڵدایە؟

www.iqra.ahlamontada.com

وتی: موحەممەد. وتیان: کتێبی بۆ رەوانە کراوە وتی: بەڵێ. جا وتیان: بەخێر بێ و دەرگاریان بۆ کردەوە، کاتێ رۆیشتمە ماڵەوە تەماشام کرد کە زاتێ وا لەوێدا، وتیان: ئەمە حەزرەتی ئادەمە و باوکتە، دەی سەلامی لێ بکە، منیش سەلامم لێ کرد و جوابی سەلامەکەی دامەوە و فەرمووی: مەرحەبا لە کوڕی چاك و پێغەمبەری چاك.
پاش ئەمە جوبرەئیل بەرزی کردمەوە هەتا گەیشتمە ئاسمانی دووهەم، وە لەوێدا داوای کردنەوەی دەرگای کرد، وتیان: کێیە؟ وتی: جوبرەئیلە. وتیان: کێ وا لەگەڵتا؟ وتی: موحەممەد. وتیان: پێغەمبەری خودایە؟ وتی: بەڵێ. وتیان: بەخێر بێ و دەرگایان کردەوە، کە رۆیشتمە ناوەوە تەماشام کرد یەحیا و عیسا وان لەوێدا کە پوورزای یەکن، جوبرەئیل فەرمووی: ئەمانە یەحیا و عیسان دەی سەلامیان لێ بکە، منیش سەلامم لێ کردن و جوابی سەلامەکەیان دامەوە و فەرموویان: مەرحەبا لە برای چاك و پێغەمبەری چاك.

پاش ئەمە جوبرەئیل بەرزی کردمەوە بۆ ئاسمانی سێهەم و داوای کردنەوەی دەرگای کرد، وتیان: کێیە؟ وتی: جویرەئیل، وتیان: کێت لەگەڵدایە؟ وتی: موحەممەد، وتیان: پێغەمبەری خودایە؟ وتی: بەڵێ. وتیان: بەخێر بێ و دەرگایان کردەوە، کە چوومە ژوورەوە جوبرەئیل وتی: ئەمە یووسفە سەلامی لێ بکە، منیش سەلامم لێ کرد ئەویش جوابی دامەوە، لە پاشان فەرمووی: مەرحەبا لە پێغەمبەری چاك و برای چاك.

پاش ئەمە جوبرەئیل بەرزی کردمەوە بۆ ئاسمانی چوارەم و گەیشت و داوای کردنەوەی دەرگای کرد وتیان: کێیە؟ وتی جوبرەئیل، وتیان: کێت وا لەگەڵدا؟ وتی: موحەممەد، وتیان: پێغەمبەری خودایە؟ وتی: بەڵێ، وتیان: بەخێر بێ و دەرگایان کردەوە، کە چوومە ماڵەوە وتی: ئەمە ئیدریسە سەلامی لێ بکە منیش سەلامم لێ کرد و جوابی سەلامەکەی دامەوە جا فەرمووی: مەرحەبا لە برای چاك و پێغەمبەری چاك.

www.iqra.ahlamontada.com

پاش ئەمە جوبرەئیل بەرزی کردمەوە بۆ ئاسمانی پێنجەم کاتێ گەیشتین داوای کردنەوەی دەرگای کرد، وتیان: کێیە؟ وتی جوبرەئیل، وتیان: کێت لەگەڵدایە؟ وتی: موحەممەد، وتیان: پێغەمبەری خودایە؟ وتی: بەڵێ، وتیان: بەخێربێن، جا دەرگایان کردەوە، کە چوومە ماڵەوە وتیان: ئەمە «هاروون»ە، سەلامی لێ بکە، منیش سەلامم لێ کرد و جوابی سەلامەکەی دایەوە و فەرمووی: مەرحەبا لە برای چاك و پێغەمبەری چاك.

پاش ئەمە جوبرەئیل بەرزی کردمەوە بۆ ئاسمانی شەشەم، هەتا گەیشتین و داوای کردنەوەی دەرگای کرد وتیان: کێیە؟ وتی: جوبرەئیل، وتیان: کێت لەگەڵدایە؟ وتی: موحەممەد، وتیان: پێغەمبەری خودایە؟ وتی: بەڵێ، وتیان: بەخێر بێ، جا دەرگایان کردەوە کاتێ چوومە ماڵەوە جوبرەئیل وتی: ئەمە مووسایە سەلامی لێ بکە، منیش سەلامم لێ کرد و جوابی سەلامی دامەوە و فەرمووی: مەرحەبا لە برای چاك و پێغەمبەری چاك.

پاش ئەوە جوبرەئیل بەرزی کردمەوە بۆ ئاسمانی حەوتەم هەتا گەیشتین و داوای کردنەوەی دەرگای کرد، وتیان: کێیە؟ وتی: جوبرەئیل، وتیان: کێت لەگەڵدایە؟ وتی: موحەممەد ﷺ وتیان: پێغەمبەری خودایە؟ وتی: بەڵێ. وتیان: بەخێر بێ. دەرگایان کردەوە کە چوومە سەر تەماشام کرد ئیبراهیمە، وتیان: ئەمە باوکی تۆیە سەلامی لێ بکە، منیش سەلامم لێ کرد و جوابی دامەوە و فەرمووی: مەرحەبا لە کوڕی چاك و پێغەمبەری چاك.

جا پاش ئەمە جوبرەئیل بەرزی کردمەوە بۆ «سدرةالمنتهی» کە تەماشام کرد بەرەکەی ئەوندەی کووپڵەی دێی «هەجەر» گەورە بوون، وە گەڵاکەی وەکوو گوێچکەی فیل وابوو، وتیان: ئەمە «سدرة المنتهی»یە.

www.iqra.ahlamontada.com

کە تەماشام کرد چوار جۆگەی ئاو لە بنی ئەو دارە دەرئەچوون دوانیان ئەچوونەوە بە ناوا و دەرنەدەکەوتن وە دوانیان بەدەرەوە بوون پرسیارم کرد لە جوبرەئیل: ئەمانە چین؟ فەرمووی: ئەو دوو جۆگە ئەڕۆنە ناوەوە ئەوە دوو جۆگەن وان لە بەهەشتا، وە ئەم دوو جۆگە وان بە دەرەوە دوو جۆگەی «نیل» و «فورات»ن. گەلێ لە خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە: یانی ئەمانە وێنەی ئاوی نیل و فوراتن.

پاش ئەمانە «بیت‌المعمور»م لێ دەرکەوت: پاش ئەمە کاسەیێ شەراب و کاسەیی شیر و کاسەیێ هەنگوینیان بۆ هێنام من کاسە شیرەکەم وەرگرت، حەزرەتی جوبرەئیل وتی: ئەوە ئەو دینە و ئەو میللەتەیە کە تۆ و ئەولادەکانت وان لەسەری.

پاش ئەمانە لە لایەنی خوداوە پەنجا نوێژم لەسەر فەرز کرا لە هەموو رۆژێکدا، جا گەڕامەوە و رابوردم بە لای مووسای کوڕی عیمرانا، فەرمووی: ئەمرت بەچی پێ کرا؟ وتم: بە پەنجا فەرز لە هەموو رۆژێکدا.

فەرمووی: ئوممەتی تۆ تەوانایی بەجێهێنانی پەنجا نوێژیان نییە لە هەموو رۆژێکدا و بە راستی من ئوممەتم بەراورد کردووە لە پێش تۆدا و خەریکی بەنی‌ئیسرائیل بووم زۆر بە زەحمەت، بگەڕێرەوە بۆ لای خودا داوای لێ بکە ئەو نوێژانە لەسەر ئوممەتەکەت سووك بکا.

منیش گەڕامەوە و خودای تەعالا دە نوێژی لێ لا بردن، جا گەڕامەوە بۆ لای مووسا و دووبارە وەکوو جاری پێشووی فەرموو، منیش گەڕامەوە داوای سووککردنم کرد لە خودا، خودای تەعالا دە نوێژی‌تری لێ لابردن، جا گەڕامەوە بۆ لای مووسا هەمتر وەکوو جاری پێشووی فەرموو منیش گەڕامەوە داوای سووککردنم کرد و خودای تەعالا دە نوێژی‌تری لێ لا بردن، جا گەڕامەوە بۆ لای مووسا دیسان وەکوو جاری پێشووی فەرموو منیش گەڕامەوە و داوام لە خودا کرد و دە نوێژی‌تری لێ لا بردن، هەمتر گەرامەوە بۆ لای مووسا و پێی وتمەوە و گەڕامەوە بۆ لای خودای

www.iqra.ahlamontada.com

تەعالا و داوای سووککردنم کرد و خودا پێنج نوێژی لێ لا بردن و گەڕامەوە بۆ لای مووسا، دیسان فەرمووی بگەڕێرەوە داوای سووکردنی لێ بکە، وە وتم: ئەوەندە پاڕامەوە لە خودا ئیتر شەرم ئەکەم بڕۆمەوە و داوای سووککردنی لێ بکەم. کاتێ لەوێ دەرچووم بانگم لێ کرا: وا فەرزی خۆمم بڕیار دا و سووکیشم کرد لەسەر بەندەکانی خۆم، لەم پایەدا تەرجەمەی حەدیسی بوخاری شەریف لە ئیسرا و میعراجا بڕایەوە.

وەکوو لە پێشەوە باسمان کرد، قسە زۆرە لە دیاریکردنی کاتی ئیسرا و میعراجدا، وە مەشهوور وایە لە شەوی جومعە و لە بیست وحەوتی مانگی ڕەجەب و لە شاری مەککەدا بووە، وە لەو کاتەدا عومری حەزرەت پەنجا و یەك ساڵ و نۆ مانگ و بیست و حەوت ڕۆژ بووە،[١] واتە ساڵێك و سێ مانگ لە پێش کۆچکردنیا بووە بۆ مەدینەی مونەوەرە. «زادها اللّٰه شرفا و تعظیما!».

وە لە «روح‌المعاني»دا دەڵێ: کە دەرەجاتی میعراج دە دەرەجە بووە: حەوتیان بۆ ئاسمان و، هەشتەم بۆ «سدرةالمنتهی»و، نۆهەم بۆ ئەو پایە کە جیرەی قەڵەمی قەزای تێدا بیستووە، وە دەهەم بۆ ژوور عەرش و پایەی موناجاتی حەزرەت ﷺ لە حوزووری خودادا، وە جوبرەئیل لە سیدرەدا ڕاوەستا و فەرمووی: ناتوانم لەوە زیاتر بەرەو ژوور بێم و، ئەگەر پەنجەیەك لەمە زیاتر نزیك بکەمەوە دەسووتێم، لەوە ژوور بە ڕەفرەفدا سەرکەوت، وە لە عەینی شەوا گەڕایەوە بۆ مەککە، وە حەزرەتی

---

[١. ئەم بۆچوونەی تەمەنی حەزرەتە لە کاتی میعراجدا ئەگەر بە ساڵی مانگی لێکدرابێتەوە جێی سەرنجە! چوونکە پێغەمبەر لە دوازدەی ڕەبیعولئەووەلی ساڵی چلی پێش بیعسەت لە دایك بووە و ساڵی یازدەی بیعسەتیش تەشریفی چووە بۆ میعراج، کە تا دوازدە مانگی ڕەبیعولئەووەلی ئەم ساڵە تەمەنی حەزرەت ٥١ ساڵ بووە و لە دوازدەی ڕەبیعولئەووەلیشەوە تا ٢٧ی ڕەجەب ئەکاتە چوار مانگ و پازدە ڕۆژ، کەواتە ئەکرێ بوترێ کە تەمەنی پێغەمبەر لەو کاتەدا پەنجا و یەك ساڵ و چوار مانگ و پانزە ڕۆژ بووە - بڵاوکردنەوەی کوردستان].

www.iqra.ahlamontada.com

جوبرەئیل بۆ رۆژی سبەینێی شەوی میعراج هاتەخوارەوە بۆ مەککە و لە نوێژی نیوەڕۆدا بوو بە پێش نوێژ بۆ حەزرەت ﷺ و پێنج فەرزی بۆ کرد بە ئیمامەت واتە: نیوەڕۆ، عەسر، مەغریب، عیشا، بەیانی، لە ئەوەڵی وەختەکانەوە: نیوەڕۆ لە پاش کاتی زەوال، عەسر لە پاش ئەوە کە سێبەری هەر شتێ بەقەی خۆی لێ‌هات ـ بێجگە لە سێبەری کاتی ئیستیوا ـ وە عەسر لەو کاتە بەولاوە، وە مەغریب لە پاش ئەوە رۆژ ئاوا بوو، وە عیشا لە پاش ئەوە کە رووناکی سووری کەناری ئاسمان ون بوو. جارێ‌تر ئەو پێنج فەرزەی بۆ کردەوە بە ئیمامەت لە کۆتایی وەختەکانەوە: نیوەڕۆ لە پێش داهاتنی عەسرا، وە نوێژی عەسر لە پێش زەردەی رۆژ لە پێش ئاوابوونیا، وە مەغریب لە پاش ئاوابوونی رۆژ لە نزیکی ون بوونی رووناکی کەناری ئاسمانا، وە نوێژی عیشا لە پێش دەرکەوتنی بەیاندا. وە فەرمووی بە حەزرەت: کاتی بەجێهێنانی ئەم پێنج فەرزە لە بەینی ئەو دوو کاتەدایە کە من نوێژەکانم کرد بۆ تۆ بە ئیمامەت.

هەروا لە سبەینێی شەوی میعراجدا حەزرەت ﷺ ئەم رووداوی ئیسرا و میعراجیە گێڕایەوە لە ناو خەڵکا و کافرەکان گەلێ گاڵتەیان پێ کرد و بازێ لە موسوڵمانە ئیمان کزەکان لە دین وەرگەڕانەوە. کافرەکان رۆیشتن ئەم باسەیان بۆ ئەبووبەکر گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی: مادام ئەم قسەی فەرمووبێ من بێ‌گومان باوەڕی پێ ئەکەم و ئەم رووداوە بۆ خودای تەوانا قیمەتی نییە، وە لەبەر ئەمەیە بە ئەبووبەکر وتراوە «سدیق» رضي الله عنه.

| | |
|---|---|
| **پاکی و بڵندی بۆ ئەو خودایە** | **چەنها موعجیزەی بەرزی لە لایە** |
| **یەکەم موعجیزەی ئەمەیە نابوود** | **بە هێزی خواستی رووی کردە وجوود** |
| **عەرز و ئاسمان چەن ملیار ئەختەر** | **لەسەر خواستی لەو سەریان خستەدەر** |
| **هەریەك بە جۆرێ کەوتە پەلەپەل** | **رام بوو بۆ هێزی خوای «عز و جل»** |

www.iqra.ahlamontada.com

هەروا چی هەیە لە کان، لە گیا، لە گیانلەبەران لەسەر رووی دنیا،
هەم لەو شتانە کە بێ گیانن بێ هۆش و فام و دوور لە بەیانن
هەموو تەسبیحات ئەکەن پەلە پەل بۆ تەوانایی خوای «عز وجل»

◇◇◇

ئەوەی ئادەمی هێنا بۆ بەسات کردی بە خاوەن داد و دەسەڵات
کردی بە خاوەن بۆ عیلم و عیرفان کردی بە خاوەن بۆ خوڵکی جوان
پیشەی نیشان دا بۆ ماوەی ژیان ڕیشەی داکوتان بە دڵ و بە گیان
بە مەعنەویاتی رۆحی مونەووەر چەن کەسی لەوان دانا بە رەهبەر
لە ئادەمەوە هەتا بە خاتەم بوون بە هۆی نووری نەتەوەی ئادەم
هەرکام بە بازێ سیڕی موعجیزات سەربەرزی کردن لەسەر رووی بەسات
پاکی و بێعەیبی بۆ زاتی ئەوە عالەم پڕتەوی لە خواستی ئەوە

◇◇◇

کەشتی نیشان دا بە نووحی رەهبەر کافری فەوتان بۆ ئەو سەراسەر
بۆ هوود و ساڵح دنیای کرد بە تۆز بەدناوی ئەوانْ رۆیی هۆزاو هۆز
«أصحاب الأیکه»ی شوعەیبی سووتان بە سەمووی گەرم ئەو گەلەی فەوتان
ئاگری گەرمی هاو وێنەی جەحیم کردی بە ساردا و لە بۆ ئیبراهیم
یوسۆی لە «چا»وە کرد بە پادشا بوو بە جیلوەگای خاوەن تەماشا
بە داری وشکی مووسای کوڕ عیمران فەوتاندی جادووی کۆڕی ساحیران
عیسای کرد بە هۆی سەیری سەربەسات زیندووی کردەوە چەنها لە ئەموات
موحەممەدی کرد بە رەهبەری عام گەلێ عەوامی بۆ کرد بە عەللام
بەرزی کردەوە بۆ عەرشی ئەعلا بۆ موناجاتی خودای تەعالا

www.iqra.ahlamontada.com

قـــورئانی بـــۆ نـــارد بـــۆ ئـــەم دنـــیایە بـــبێ بـــە رەهـــبەر هـــەتا هـــەتایە
من بم بە فیدات ئەی نووری رەهبەر کـام مـوعجیزەی تـۆ بـێنم بـۆ دەفـتەر؟
موعجیزەی پاکی و دڵسافی و راسیت؟ یـاخود مـوعجیزەی رێـی خـوداناسیت؟
مـوعجیزەی سـەبرت لە بـەدکاری عـام؟ یـــاخود ئـــازاری ئـــەشراری نـــەفام؟
مـوعجیزەی عـەفوت لەگـەڵ قـودرەتا؟ خـۆ کـەم کـردنت لەگـەڵ هـەیبەتا؟
موعجیزەی دەست و دەهەندەی بەرزت؟ موعجیزەی رۆژووی سونەت و فەرزت؟
موعجیزەی شەونوێژ بە درێژی شەوان ؟ لەگـــەڵ ئـــایاتی قـــورئانی رەوان؟
ئـــەم ئـــەحواڵانـــە نـــاڵێم عـــاداتـــن وەهـــا تـــۆ کـــردت لە مـــوعجیزاتـــن
بـێ عـەیبە خـودای تـەوانـای ئـەکبەر وەهـا بـۆ عـالەم تـۆی کـرد بـە رەهـبەر

◇◇◇

ئـــەوەی بـــفامێ جـــازیبەی قـــودسی پـــەستە لە لایـا سـەرلەوحەی کـورسی
جـــازیبەی فـــەیزی خـــودای تـــەعالا مـــوحەممەدی بـرد بـۆ پـایەی ئـەعلا
یـــانی مـــوحەممەد نـــوورە پـــڕتەوە هـــەتاوی رۆژە روونـــاکی شـــەوە
پـڕتەو بـێفەرقە: لەسـەر بـێتە خـوار، یـاخود سـەرکەوێ بـۆ چـەرخی ئـەنوار
چـەن جـار فـریشتە جـوبریلی ئـەمین بـە «کـن فـیکون» هـاتە سـەرزەمین
چـی ئـەبێ جـارێ رەهـبەری ئـەکرەم سـەرکەوێ بـۆ سـەر مـەوکەبەی عـالەم
ئـەوەی ئـەبینێ مـادە بـە قـورسی نـازانـێ مـەعنای جـازیبەی قـودسی
بـەخشینی خـوایـە ئـەم پـایە بـەرزە حـــورمەتگرتنی لەســـەرمان فـــەرزە
ئـەی پـێغەمبەری سـەروەری سـەردار ئـــەی پـــێغەمبەری رەهـــبەری نـــازدار
ئـەی پـــێغەمبەری بـــێغەم لە دنـــیا دڵبـــەندی خـــودا و مـــەرتەبەی عـــولیا
ئەی پێغەمبەری خـاوەن تـەخت و تـاج خـــەڵاتکراوی شـــەوەکەی مـــیعراج
ئـــەی پـــێغەمبەری تـــاکی ئـــەسفیا پـــێشەوای بـــەرزی پـــاکی ئـــەنبیا

www.iqra.ahlamontada.com

ئـەی پـێغەمبەری دڵسـۆزی پـاکان | چـرای هـەڵکراو بـۆ دڵ روونـاکان
مـادام ئـەو خـودای خـەبیر و بـەسیر | تـۆی کـرد بـە چـراو سیراجـی مـونیر
بـە جـیلوەی نـووری سـەیاری بـەرزت | بـە شێوەی سیمای سافی سـەرعەرزت
لا بــکەرەوە بــە کــەرەم لێــمان | پــڕتەوی نــوورت دەر بــخە بــۆمان
هــەتا رزگــار بــین لە شــەوی تــاریك | نــەیێین بــە لادا لە رێــگەی بــاریك
بـەڵکوو بـە فـەیزی ئـەنواری ئـەحمەد | بــگەین بـە پـایەی پـیرۆزی سـەرمەد
«نــامی» وەربــگرێ نــامەی رزگــاری | بـۆ دیــن و بـۆ ژیــن بـە بـەختیاری

◇◇◇

﴿وَءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ وَجَعَلْنَٰهُ هُدًى لِّبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾

وەکوو حەزرەتی موحەممەدمان خەڵاتکرد بە قورئانی پیرۆز و بە شەورەوی لە کەعبەوە بۆ «بیت المقدس» وەها لە کاتی خۆیا خەڵاتی مووسامان کرد بە کتێبی تەورات، وە مووسا، یا ئەو کتێبەمان کرد بە هۆی هیدایەت و شارەزایی بەنیئیسرائیل بۆ دەرچوون لە تاریکستانی نەفامی و نەزانی بۆ رووناکی فام و زانست و خودا پەرستی و دەرچوون لە پەستی خودپەرستی لەسەر بناغەی حەق خواهی.

﴿أَلَّا تَتَّخِذُوا۟ مِن دُونِى وَكِيلًا ﴿٢﴾ ذُرِّيَّةَ مَنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ﴾

وە لەسەر مەرجی ئەمە کە پێمان راگەیاندن بێجگە لە من کەس مەگرن بە پاڵ و پشتی خۆتان و ئیعتیماد لەسەر غەیری خودا مەدەن. ئەی نەتەوەی کەسانێ کە هەڵمگرتن لە ناو کەشتیدا لەگەڵ حەزرەتی نووحدا وە بۆ ئەوەیش خەڵاتی ئەومان کرد بەو سنعەتە پێمان نیشان دا و بەو کەشتییە کە بە چاودێری ئێمە دروستی کرد و پەیرەوەکانی ئەومان رزگار کرد و دوژمنەکانیشمان گرفتار کرد.

﴿إِنَّهُۥ كَانَ عَبْدًا شَكُورًا ﴿٣﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

چونكی بە راستی نووح بەندەیەكی سوپاس‌گوزار بوو ئەیتوانی لە بەرانبەری نیعمەكانی خوداوە خزمەت بكا، بە كورتی ئەنجامی ئەم خەلات و خێراتە و غایەمان لەم هەموو ئایەتەدا كە ناردمانن بۆ ئادەمیزاد بە واسیتەی پێغەمبەرەكانەوە ئەمە بوو بەندەیی بۆ خودا بكەن و بەس وتاری نازداری «لا إله إلا اللّٰه» وتوویرەی دڵ و زمانیان بێ.

﴿وَقَضَيْنَآ إِلَىٰ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ فِي ٱلْكِتَٰبِ لَتُفْسِدُنَّ فِي ٱلْأَرْضِ مَرَّتَيْنِ وَلَتَعْلُنَّ عُلُوًّا كَبِيرًا ﴿٤﴾﴾

وە وەحیمان كرد بۆ لای پێغەمبەری بەنی‌ئیسرائیل لە تەوراتا كە: ئەی نەتەوەی ئیسرائیل ئێوە قەومێكی سەركێشن و بە راستی دوو جار لەسەر زەویدا ئەگەن بە لادان لە ئەحكامی تەورات و، بڵاوكردنەوەی خوڵك و رەوشتی خراپ لەسەر بەسات و فەرامۆشكردنی پەیمانی بیر و باوەڕ و ئیمان و دەست بردن بۆ كوشتن و ئازاردانی پێغەمبەرەكان وەكوو كوشتنی زەكەریا و یەحیا و قەسدی كوشتنی عیسا عليهم السلام.

﴿فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ أُولَىٰهُمَا بَعَثْنَا عَلَيْكُمْ عِبَادًا لَّنَآ أُو۟لِي بَأْسٍ شَدِيدٍ فَجَاسُوا۟ خِلَٰلَ ٱلدِّيَارِ ۚ وَكَانَ وَعْدًا مَّفْعُولًا ﴿٥﴾﴾

جا كاتێ وادەی پاداش و تۆڵەی ئیفسادی جاری یەكەمتان هات حەواڵەمان كرد بۆ سەرتان سوپایەكی بێ‌شەرم و شۆی خاوەن چەكی بەهێز و هێرشیان هێنایە سەرتان لە ناوەقتا و بەرانگاریتان پێ نەكرا، ئەوانیش وەكوو ئاگری رۆژی رەشەبا گەڕان بە ناو هەموو ولاتا و هەموو قوژبنێكیان پشكنی و ئەوەی ئارەزوویان بوو كردیان بە كوشتن و، خوێن رشتن و، نامووس بردن و دارایی بەتالان بردن و، وێرانكردنی عیبادەتخانەكان و شێواندنی خانەدانەكان و، سووك‌كردنی پیاوە بە

www.iqra.ahlamontada.com

حورمەتەکان... وە بە راستی سزا و تۆڵەسەندنەوە لە بەنیئیسرائیل وادەیەکی وەها بوو پێویست بوو بەجێبێت؛ چونکی ئیرادەی خودای تەعالای لەسەر دەرچوو بوو.

﴿ثُمَّ رَدَدْنَا لَكُمُ ٱلْكَرَّةَ عَلَيْهِمْ وَأَمْدَدْنَٰكُم بِأَمْوَٰلٍ وَبَنِينَ وَجَعَلْنَٰكُمْ أَكْثَرَ نَفِيرًا ﴿٦﴾﴾

پاش ئەم سزا و تۆڵەیە قاری ئێمە نیشتەوە و میهرەبانی و رەحمەتمان رووی تێکردن و چاککردنی ئەخلاق و خوومان پێدان و مەیدانی زانیاری و پیشەم بۆ گوشاد کردنەوە و، نیفاق و جیاوازیم لە ناوتانا کەم کردەوە بەم نەوعە هەموویانەوە مەعنەویاتم بەهێز کردن و دەوڵەت و غەڵەبە و هێزم پێدانەوە بەسەر دوژمنەکانا و یارمەتیم دان بە دارایی و گۆڕانێکی پاڵەوانی دڵ ئەستوور و نەترس وە لەوەپێش زۆرتر سوپای جەنگم بۆ ئامادە کردن و ئێوەم زاڵ کرد بەسەر دوژمنەکانا و جێگەی خۆتان وەرگرتەوە.

﴿إِنْ أَحْسَنتُمْ أَحْسَنتُمْ لِأَنفُسِكُمْ ۖ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَا ۚ﴾

ئێوە تا باش بوون ئێمە باشمان بۆ کردن و کاتێ بەدکار و خراپ بوون، خراپ موعامەلەم لەگەڵا کردن، ئەمە مەعنای وایە ئێوە ئەگەر بیر و باوەڕ و کردەوەی خۆتان باش بکەن ئەوە بۆ خۆتانی باش ئەکەن، وە ئەگەر خراپیان بکەن هەر بۆ زیانی خۆتان خراپی ئەکەن، هەرکەس لەسەر کاری خۆی پاداش وەرئەگرێ و خودا خاوەن دادە و دنیا دادگایە هەتا رۆژی قیامەت ئەوسایش خودا ئاگایە.

﴿فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ ٱلْءَاخِرَةِ لِيَسُۥٓـُٔوا۟ وُجُوهَكُمْ وَلِيَدْخُلُوا۟ ٱلْمَسْجِدَ كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَلِيُتَبِّرُوا۟ مَا عَلَوْا۟ تَتْبِيرًا ﴿٧﴾﴾

جا کاتێ کە وادەی هاتنی تۆڵەی خراپەکاری دووهەمتان هات سوپایێ لە وێنەی سوپا چارەسیا نامەردە دڵ بەردە پێشووەکانتان بۆ حەواڵە ئەکەمەوە بێنە سەرتان هەتا

www.iqra.ahlamontada.com

واتان لێ بکەن ناوچاوانتان گرژ و تاریك و پەشێو بکەنەوە، واتە ئەوەندە ئازارتان بدەن هەرچی نیشانەی رووناکی بێ لە روخسارتانا نەمێنێ ـ پەنا بە خودا ـ وە هەتا بڕۆنەوە ناو مزگەوتە گەورەکەتانەوە بە ئیفساد و ئازاردان و بەست شکاندن و گرتن و کوشتن وەکوو جاری پێشوو چوونە ناوی. وە هەتا بە هیلاکدا ببەن ئەوەی بەسەریا زاڵ ببن بە ئارەزووی خۆیان؛ چونکی جەزای جەفاکردن بە قەی ئەو جەفایەتانێ، وە پاداش لەسەر شێوەی کردەوەیە.

﴿عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يَرْحَمَكُمْ﴾

رجا وەهایە کە پەروەردگاری ئێوە رحمتان پێ بکا و ئێوەیش ئەمجار لەو کردەوە ناپەسەندە پێشوانە پەشیمان ببنەوە دووبارە وەکوو ریشەیێ وردە لق دەربکا بژیێنەوە و بروێنەوە.

﴿وَإِنْ عُدتُّمْ عُدْنَا﴾

وە ئەگەر پاش ئەم جاری دووهەمە کە ژیانەوە گەڕانەوە بۆ سەر ناباری و ناهەمواریيەکانتان و دەستان کرد بە ئیفساد لە جیهانا و بوون بە مایەی ئاشووب و فیتنەی دنیا ئێمەیش ئەگەڕێینەوە بۆ سەر یاساکەی خۆمان کە ئەوەیە ئاو ئەکەین بەسەر ئاگرا و ئاگر بەرئەدەین لە داری بێسایە و بێبەرا و قاری خۆمان ئەرژێنین بەسەر هەرکەسێکا ناپاك بێ لە ناو بەشەرا.

**جا لەم شوێنەدا بزانن!**

خودای تەعالا وا لە بەرچاوتانا فەرمووی: ئەی بەنیئیسرائیل دوو جار ئیفسادتان کرد لە دنیادا و من تۆڵەی هەردوو جارەکەم لێ سەندنەوە، وە بۆ جاری سێهەم ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ سەر خراپەکاری و ئاشوبنانەوە منیش وەکوو جارە پێشووەکان لێتان ئەدەمەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

ئوممەتی بەنیئیسرائیل لە نەتەوەی دوازدە کوڕەکەی حەزرەتی یەعقووبن؛ چونکی ئیسرائیل یانی عەبدوڵلا و لەقەبی یەعقووب بووە، وە ئەم نەتەوەیە.

وە لە ئەوەڵەوە لە تەفسیری سوورەتی «بقرة»دا بۆم باس کردن ئەمانە پێنج دەوریان بووە.

یەکەم لەو ڕۆژەوە کە حەزرەتی یەعقووب و کوڕەکانی بە فەرمانی یووسف هاتن لە کەنعانەوە بۆ میسر و لەو کاتەدا حەفتا و حەوت کەس بوون، وە ئەم کاتە تەئریخی هەزار و نۆسەد و نەوەد و شەشی پێش لەدایك بوونی عیسا بوو عليه السلام.

وە دەوری دووهەمیان دەست پێئەکا لە هەزار و شەشسەد و چل و پێنجساڵی پێش میلاد هەتا هەزار و هەشتای پێش میلاد، کە ئەکاتە پێنجسەد و شەست و پێنج ساڵ، وە لەم ماوەدا بەنیئیسرائیل زۆربەی کاتیان تەواو کرد لە جەنگکردن لەگەڵ دەوروبەری خۆیاندا وە دامەزران لە خاکی کەنعان وە لە فەلەستیندا و هێرشی دوژمن تەفر و توونای نەکردن.

وە لە دەوری سێهەمدا لە تەئریخی هەزار و هەشتای پێش میلاد هەتا پێنجسەد و سی و شەشی پێش میلاد کە دەوری حوکومەتی «قضاة» بوو کەوتنە پەرێشانییەوە و دراوسێکانیان تەماعیان تێ کردن جا داوایان کرد لە «بەنیئیشمەویل» داوا بکات لە خودا پاشایان بۆ بنێرێ، ئەویش تالووتی بۆ کردن بە پاشا، وە لەم چەرخەدا داود کەوتە ڕوو، وە جالووت ناو پاشای عەمالیقەکانی کوشت و بەنیئیسرائیل سەرکەوتن تا زەمانی داوود و سولەیمان تەواو بوو هەر بەرز ئەبوونەوە، وە پاش سولەیمان بەنیئیسرائیل بوون بە دوو بەش، بەشێکیان لە ژێر فەرمانی «ڕەحەبعام» کوڕی سولەیمان.

وە بەشێکیان پێك هات لە دە قەبیلەکەیتر و لە ژێر فەرمانی «جەیرحبعام» کوڕی «ناباد» ناوا بوون، وە لەم ڕۆژی دووبەشییەوە کەوتنە ناو نەگبەت و پەرێشانییەوە، وە

www.iqra.ahlamontada.com

«سه‌لمانازاری» ئاشووری به سوپایه‌کی زۆره‌وه هێرشی برد بۆ سه‌ر به‌شی به‌نی‌ئیسرائیل و ولاته‌که‌ی وێران کردن و گه‌لێ پیاوی به دیل بردن بۆ ولاتی موسڵ، وه ته‌نیا ولاتی یه‌هوودا به ساغی مایه‌وه، وه حوکمی یه‌هوود که‌وته ده‌ستی «یراقیم» ناو، وه له‌گه‌ڵ به‌خته‌نه‌سری بابلیدا که‌وته جه‌نگه‌وه و به دیل که‌وته ده‌ستی به‌خته‌نه‌سر، پاش ماوه‌یێ له دیل رزگار بوو هاته‌وه بۆ خاکی یه‌هوودا و دووباره له‌گه‌ڵ به‌خته‌نه‌سرا که‌وته‌وه جه‌نگ، ئه‌مجاره به‌خته‌نه‌سر هات به جارێ ولاتی یه‌هوودا و «بيت‌المقدس» و قودس هه‌مووی وێران کرد، وه به‌نی‌ئیسرائیل به دیلی که‌وته ده‌ستی به‌خته‌نه‌سر، وه ئه‌م رووداوه له مێژووی پێنج‌سه‌د و هه‌شتا و حه‌وتی [پێش] میلادی عیسادا بوو.

جا پاش ماوه‌یێ له‌م ته‌ئریخه «کۆرش» گه‌وره‌ی فارس ولاتی بابلی داگیر کرد و ئیسرائیل له دیل رزگار بوون و گه‌ڕانه‌وه بۆ فه‌له‌ستین له ته‌ئریخی پێنج سه‌د و سی و شه‌شی پێش میلادی عیسادا بوو عليه السلام.

له‌م ته‌ئریخه‌وه به‌نی‌ئیسرائیل ژیانه‌وه به‌لام له ژێر ئیداره‌ی فارسیدا، هه‌روا ده‌وامیان کرد هه‌تا ئه‌سکه‌نده‌ری مه‌قدوونی له سالی سێسه‌د و بیستی پێش میلادا فه‌له‌ستینی داگرت به‌لام یاسای ولاتی هێشته‌وه به نیمچه ئازادی وه‌کوو خۆی.

وه له سالی سێسه‌دی پێش میلادا «سلوكيس تيكاتور سوريائى» ولاتی ئیسرائیلی داگیر کرد، وه له سالی سه‌د و سی و پێنج پاش میلاد «ئه‌ده‌ریان» پاشای رۆمان به سوپایه‌کی گه‌وره‌وه هات بۆ سه‌ر یه‌هوود و قودس و «بيت المقدس»ی وێران کرد و زۆری خه‌ڵکه‌که‌ی کوشت و زۆری به دیل گرتن.

پاش ئه‌م رووداوه یه‌هوود بلاوبوونه‌وه به جیهانا و هێز و حوکومه‌تیان نه‌ما، جا ئیتر مه‌به‌ست له جاری یه‌که‌م له ئایه‌ته‌که‌دا واقیعه‌ی سه‌لمانازاری ئاشووری بووبێ یا واقیعه‌ی به‌خته‌نه‌سر، وه له جاری دووهه‌مدا واقیعه‌ی به‌خته‌نه‌سر بووبێ، یاخود هێرشی «ئه‌ده‌ریان» ئه‌م دوو رووداوه گه‌وره به‌سه‌ر به‌نی‌ئیسرائیلدا هات و

www.iqra.ahlamontada.com

خودایش هەڕەشەیان لیٚ ئەکا ئەڵیٚ: ئەگەر جاریٚکی‌تر بگەڕیٚنەوە بۆ سەر شەڕ و خراپەکاری لە جیهانا منیش ئەگەڕیمەوە بۆ سەر ویٚرانکردنی وڵاتەکەتان، وە لە کاتی نازڵبوونی ئەو ئایەتەوە هەتا میٚژووی نۆسەد و چل و هەشتی میلادی یەهوودییەکان بڵاوەیان کردبوو لە جیهانا، بەڵام لە کاتی شەڕی جیهانی یەکەمەوە میٚژووی هەزار و نۆسەد و چواردە وەعدەیان لە «بلفور» وەرگرت کە لە پاش تەواو بوونی جەنگی جیهانی لە عەرزی فەلەستینا حوکوومەتیان بۆ دامەزریٚنیٚ، وە فیعلەن لە پاش ئەو جەنگە وە لە میٚژووی ناوبراوا حوکوومەتی بۆ دامەزراندن و وڵاتە گەورەکان دانیان نا بەو حوکوومەتەدا، وە لەو رۆژەوە تا ئیٚستە کە میٚژووی هەزار و نۆسەد و حەفتا و هەشتە موسوڵمانانی وڵاتی فەلەستین پەریٚشانن و زۆربەیان کوژران و گەلیٚکیان بڵاوەیان کرد بە جیهانا، وە ئەو فیتنەی یەهوودە دەوام ئەکا لە وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستا، وە ئەو شەرتە کە خودا فەرموویەتی: ﴿وإن عدتم﴾ هاتەجیٚ و ئیٚمەیش چاوەڕیٚی جەزاکە ئەکەین کە فەرموویەتی: ﴿عدنا﴾، جا بزانین کەی دیٚتە جیٚگە!

وە لە لایەکی‌تریشەوە پیٚغەمبەر ﷺ خەبەری داوە کە بە حەتمی ئەبیٚ لە پیٚش هاتنی قیامەتا موسوڵمانان جەنگ بکەن لەگەڵ یەهوودا، وە ئەبیٚ یەهوود بشکیٚن و لە ناو بچن ئەمەیش هەروا لە عیلمی خودادا کە لە چ رۆژیٚکدا ئەبیٚ.

وە ئەگەر پرسیار بکەن چۆن ئەم سەرکەوتنی یەهوودە ریٚك ئەکەویٚ لەگەڵ ئایەتی ئیستیمراری داماوی و زەلیلی بۆ قەومی یەهوودا؟ وە ئیٚستە ئەوان ئەوەندە بەهیٚز و خاوەن چەك و دەسەڵاتن؟

وەڵامەکەی ئەوەیە خودا فەرموویەتی: ﴿إلا بحبل من الله و حبل من الناس﴾[1] وە ئەم موستەسنایە مەبەست لە یەکەمیان ماوەییٚ بووە کە لە ژیٚر ئەمان و ریعایەتی

---

١. آل عمران؛ ١١٢

www.iqra.ahlamontada.com

ئیسلامدا بوون و سەرانەیان داوە و تەماشای مافیان کراوە وەکوو مەعلوومە لای ئەوانە کە ئاگایان لە مێژووی ئیسلامە.

وە مەبەست لە موستەسنای دووهەمیان یارمەتی و موساعەدەی ئادەمیزادی کافرەکانە وەکوو ئێستە کە وان لە چاودێری ئەمەریکا و بەریتانیادا وە ئەگەر ئەوان وازیان لێ بێنن یەهوود سالێ دەوام ناکەن.

﴿وَجَعَلْنَا جَهَنَّمَ لِلْكَٰفِرِينَ حَصِيرًا ﴿٨﴾﴾

ئەم جۆرە سزادانە کە باسمان کرد بۆ دنیایە و بۆ رۆژی قیامەتیش دۆزەخمان کردووە بە شوورایێ و بە دیوارێ کە هەموو کەس لەوان دائەگرێ و کەس ناتوانێ لەو شووراو دیوارە بڕواتە دەرەوە.

وە دەرئەکەوێ لە کۆتایی هێنانی ئەم باسەوە بەم ئایەتە کە ئەم رووداوانی سزای گەلی یەهوودە زۆر نزیکە لە داهاتنی قیامەتەوە، هەروا ئەو فەرموودەیش کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «لا تقوم الساعة حتى تقاتلوا اليهود» ئەویش هەر ئیشارەتە بە نزیکی لە قیامەتەوە، وە فیعلەن ئەو عەلامەتانە کە دانراون بۆ هاتنی رۆژی قیامەت گەلێکیان لەم چەرخی ئێمەدا هاتوونەتە جێ.

﴿إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَهْدِى لِلَّتِى هِىَ أَقْوَمُ﴾

بزانن بە راستی ئەم قورئانە کە رەوانە کراوە بۆ پێغەمبەری ئاخرزەمان هۆشیاران شارەزا ئەکا بۆ یاسا و نیزامێ کە راستترینی هەموو یاسایەکە، وە یا راستترە لە هەموو یاسایەك کە ئادەمیزاد خۆیان دای بنێن بۆ خۆیان.

یەکەم: بانگتان ئەکا بۆ باوەڕکردن بە پەروەردگارێکی تاکی پاکی خاوەن سیفاتێ کە پاك و خاوێنە لە سیفاتی نوقسان.

دووهەم: بۆ ئەوە کە هەمیشە ئامادە بن بۆ بەجێهێنانی ئەحکامی دین بە نەوعێ کە نیشانەی دینداری و ئیسلامییەت لە وجوودی ئینسانا دیار بێ.

www.iqra.ahlamontada.com

سێهەم: بۆ فەرمانبەرداری پێغەمبەری خودا لە هەموو ئەمر و نەهی و سەلب و ئیجابێکدا.

چوارەم: بۆ فەرمانبەرداری خاوەن فەرمانەکانی عالەمی ئیسلامییەت.

پێنجەم: بۆ خوێندەواری و پیشەکاری و کار کردن و ئاوەدانکردنەوەی وڵات بە هەموو جۆرێك لە دەستەڵاتا بێ، وەها کە دارایی و ژیواری موناسب دەست بکەوێ، وە بۆ بەرگری لە دوژمنانی وڵات بە جۆرێ کە لەبەر دەستی دوژمنانی دینا کز و داماو نەکەون.

شەشەم: بۆ دادگەری لە ئەحکاما بۆ ئەوە کە حەقی هیچ خاوەن حەقێ نەفەوتێ و کەرامەتی هیچ ئینسانێ زایە نەبێ.

حەوتەم: بۆ چاودێری سیلەی رەحم و تەماشای خزم و خوێش بە تایبەتی بە گوێرەی توانا.

هەشتەم: بۆ دڵسۆزیکردن بۆ هەموو ئینسانێك لە حودوود و سنووری یاسای دینا هەتا کۆمەڵێکی رێك و پێك و پاك دروست ببێ.

نۆهەم: بۆ یەكدڵی و یەك نیشانەیی بە جۆرێ بە گوێرەی توانا ئاژاوە و ئاشووب لە وڵاتا نەمێنێ.

دەهەم: بۆ راوێژکردن لە هەر کارێکدا کە خاوەن نرخ بێ هەر لە دانانی سەرۆکی هەموو موسوڵمانانەوە هەتا سەرۆکی هەر دائیرەیێ بۆ ئەوە هەرکەسێ هەر کارێ درایە دەستی باش بەجێی بێنێ. وە کتێبێ بەم جۆرە بێ بە راستی چرای دڵ و دەروونی ئینسانە و مایەی رزگاری هەردوو جیهانە.

﴿وَيُبَشِّرُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا ۝٩﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە لە جەزاى كردەوەدا ئەم قورئانە موژدە ئەدا بەو موسوڵمانانە كە ئاسارى باشيان لێ پەيدا ئەبێ و كردەوەى چاك ئەكەن بەوە كە لە لاى خوداوە پاداش و پايە و مايەيەكى گەورەيان هەيە لە پاشەڕۆژا.

﴿وَأَنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٠﴾﴾

وە ئەو كەسانەيش كە ئيمانيان نييە و باوەڕ بە ڕۆژى قيامەت ناكەن بۆمان ئامادە كردوون سزا و تۆڵەيەكى بە ئێش و ئازار. جا ئەو كەسانە كە هۆشيارن با تێكوشن لە بير و باوەڕى باش و كردەوەى جوانا بۆ ئەوە كە لە ڕۆژى قيامەتا سەربەرز و سەرفەراز بن.

﴿وَيَدْعُ ٱلْإِنسَٰنُ بِٱلشَّرِّ دُعَآءَهُۥ بِٱلْخَيْرِ ۖ وَكَانَ ٱلْإِنسَٰنُ عَجُولًا ﴿١١﴾﴾

ئادەميزاد ئەوەندە خۆنەگر و بێئارامە دوعاى شەڕ لە خۆى و لە كەس و كارى و ئەولادى ئەكا لە كاتى نەهاتيدا وەكوو چۆن دوعا ئەكا بۆ فەڕ و پيرۆزى، بە ڕاستى ئادەميزاد بە تاڵووكە و بێئارامە، وە ئەگەر ئارام بوايە خۆى ئەگرت هەتا لەو تەنگوچەڵەمە ڕزگار ئەبوو؛ چونكى جيهان گوشاد و پانە و گەلێ ڕووداوى جياوازى تێدا دێتە جێ.

﴿وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ءَايَتَيْنِ ۖ﴾

وە ئێمە وەكوو شوێنەوارمان داناوە بۆ ئارامگرتنى گيانلەبەران وەها شەو و ڕۆژيشمان كردووە بە دوو نيشانە لە سەر وجوودى خۆمان؛ وە بە كات بۆ ئەوە ژيوارى خۆيان بەجێ بێنن، وە ئاسايشيش بكەن.

﴿فَمَحَوْنَآ ءَايَةَ ٱلَّيْلِ وَجَعَلْنَآ ءَايَةَ ٱلنَّهَارِ مُبْصِرَةً﴾

وە بۆ پێكهاتنى ئەم ئەنجامانە هاتين نيشانەى يەكەم لە نيشانەكانى دەستەڵاتى خۆمانم تاريك و بێشەوق كرد، وە نيشانەى دووهەميانم بە پرتەوى عالەمگيرى ڕۆژ ڕووناك كردەوە و كردم بە شتێكى بينەر.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿لِّتَبْتَغُواْ فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ وَلِتَعْلَمُواْ عَدَدَ ٱلسِّنِينَ وَٱلْحِسَابَ ۚ﴾

وە بۆ ئەوە کە لە مادەی پڕتەودار رۆزی و ژیواری خۆتان لە کەرەمی خوداوە دەردەست بکەن و لە ماوەی بێشەوقەکەیاندا ئاسایش بکەن و ئارام بگرن و بە جیاوازی ئەم نیشانەی دووهەمە لە نیشانەی یەکەم دوو ماوەی شەو و رۆژتان بۆ تەواو ببێ، وە کاتی حەفتە و مانگ و ساڵ پێك بێن، وە ئێوەیش بە راگرتنی ئەمانە ژمارەی ساڵەکان و مانگەکان بزانن و، لە حسێبی ماوەی کار و کاسبی و کرێکاری و خوێندەواری و ماوەی کشتوکاڵ و چۆداری و قەرز و مامەڵەی خۆتان بە راستی بزانن و خۆتان لە زیان دوور بکەنەوە.

﴿وَكُلَّ شَيْءٍ فَصَّلْنَٰهُ تَفْصِيلًا ﴿١٢﴾﴾

وە هەر شتێ پێویستتان پێی ببێ لە ئەحواڵی دینی و دنیایی تەفسیلم داوە بۆتان و بۆم روون کردوونەتەوە.

﴿وَكُلَّ إِنسَٰنٍ أَلْزَمْنَٰهُ طَٰٓئِرَهُۥ فِى عُنُقِهِۦ ۖ﴾

وە هەر یەکێ لە ئادەمیزادی هۆشیار کردەوەی چاکە و خراپەی خۆیمان بەستووە بە زانست و خواست و تەوانایی خۆیەوە و لەسەر ئەو هاتوچۆی خۆیە ئەو کردەوانەمان بۆ بەجێهێناوە و دامانناوە لەگەردنی خۆیا.

﴿وَنُخْرِجُ لَهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ كِتَٰبًا يَلْقَىٰهُ مَنشُورًا ﴿١٣﴾﴾

وە لە رۆژی قیامەتا لە کاتی حسێبکردنی کردەوەدا کتێبێکی تایبەتی کە پڕکراوەتەوە بەو کردەوانە بۆی دەرئەکەین لە لایەنی فریشتە دەفتەردارەکانەوە و هەرکەسێ ئەگا بەو کتێبی خۆیە بە بڵاوی و بە تەواوی، بە بێ ئەوە کەمتر کردەوەیێ و کەمتر وتارێ و کەمتر بیر و باوەڕێ ون بکا.

www.iqra.ahlamontada.com

بزانن! ناوبردنی کردەوە و بیر و باوەڕی کەسب کراو بە «طائر» کە لە زماندا پەلەوەرە لەسەر ئەو ئەساسەیە ئەم بیر و باوەڕ و کردەوانە هەموو وان لە عیلمی خودادا و لە عالەمی غەیبدا و هەر خودا زانیویەتی و ئەزانێ کە ئادەمیزاد زانست و خواست و تەوانایی خۆی بۆچی سەرف ئەکا و چی ئەوێ هەتا خودا بۆی دروست بکا، جا لەبەر ئەمە هەموو ئەم رووداوانە وەکوو پەلەوەرێکن کە لە ئاسمانەوە دابارن بەسەر ئینسانا.

وە بازێ ئەڵێن: لەسەر ئەو ئەساسەیە عەرەب وەختی خۆی کاتێ کە ئەڕۆیشتن بۆ کارێ «تفاؤل» و «تشاؤم»یان ئەکرد بە پەلەوەرێ کە لەو کاتەدا هەڵئەفڕی وە یا دەنگێکی لێ پەیدا ئەبوو، جا بەم بۆنەوە ناوی کردەوەکان چاك و خراپ، بە تائیر براوە بە عەلاقەی موجاوەرە بە شێوەی مەجاز.

وە سیرِی ئەوە کە ئەو کردەوانەی بە وێنەی گەردنبەند (ملەوانە) داناوە ئەمەیە: هەر هۆشیارێ هەر بیرێ و هەر کارێ چاك یا خراپ بکا لەسەر موناسەبەی ئەوە رووناکییەك یا تۆز و تاریکی لە دڵیا پەیدا ئەبێ و نیشانەی ئەوانەیش لە سیمای ناوچاوانیا دەرئەکەوێ بۆ ئەوانە کە خاوەن فەراسەتی ساغن، وە ئەو شتانە وەکوو لازمی ماهییەت و شەخسی کابرایان لێ دێ کە جیا نابنەوە لێی وەکوو گەردنبەندێکی ئەستوور کە بە زۆری دەستی تەوانا نەبێ لە گەردنی ئینسانەکە نابێتەوە، وە ئەو شێوە و ئاسارە لە دنیادا باش دەرناکەون بەڵام لە قیامەتا وەکوو خەتی نووسراو لەسەر نامە دەرئەکەون و ئەخوێنرێنەوە.

﴿ ٱقْرَأْ كِتَٰبَكَ كَفَىٰ بِنَفْسِكَ ٱلْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا ﴿١٤﴾ ﴾

وە ئەڵێین بەو کەسە کە ئەو نامەی رەفتارەی بۆ دەرئەکەین: ئەو دەفتەری تایبەتی خۆتە بخوێنەرەوە و لە وەزعی خۆت حاڵی ببە، وە نەفسی خۆت بەسە بۆ تۆ بە موحاسیب کە حسێبی رەفتارت لەگەڵا بکا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿مَّنِ ٱهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِى لِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا ۚ وَلَا تَزِرُ
وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ۗ وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا ﴿١٥﴾﴾

جا مادام هەرکەسێ کردەوە و بیر و باوەڕی خۆی لە گەردنی خۆیدا بێ دەرئەکەوێ، هەرکەسێ موهتەدی ببێ و شارەزای ڕێگەی ڕاست ببێ و سلووکی باش بێ ئەوە بۆ سوودی نەفسی خۆی ئەبێ، وە هەر کەسێکیش گومڕا ببێ ئەوە هەر لەسەر زیانی خۆی گومڕا ئەبێ، وە هیچ کەسێکی بارهەڵگر باری تاوانی کەس هەڵناگرێ، هەرکەس وا لە ژێر باری خۆیا، وە هەر چاکە و خراپەیێ کە ئادەمی هۆشیار کردبێتی جەزای بە چاکە و خراپە ئەدرێتەوە بە موناسەبەی بیر و باوەڕ و کردەوەی ئەو کەسە، وە قەت کەسمان سزا نەداوە و کەس سزا نادەین لەسەر کردەوە و بیر و باوەڕی هەتا پێغەمبەرێ ئەنێرین و باسی چاکە و خراپەیان بۆ ئەکا.

﴿وَإِذَآ أَرَدْنَآ أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا۟ فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا ٱلْقَوْلُ
فَدَمَّرْنَٰهَا تَدْمِيرًا ﴿١٦﴾﴾

وە کاتێ ویستمان ئاوەدانییەك وێران بکەین فەرمان ئەدەین بە پیاوە گەورە خاوەن رابواردنەکانیان بە ئیتاعەتکردن و ملکەچی بۆ نومایندەکانی دین، وە ئەوانیش دەست ئەکەن بە لادان لە یاسای دین لە وڵاتا و لە ئاوەدانیدا، جا وتاری ئەمر بە سزا لە لایەنی ئێمەوە دێتە سەریان و شیاوی سزادان ئەبن، جا ئەو ئاوەدانییە وێران ئەکەین و خەڵکەکەیش لە ناو ئەبەین، یاخود وێڵی وڵاتانیان ئەکەین.

بزانن! لە تەفسیری ئەم ئایەتەوە دەرکەوت کە مەعنای ﴿أمرنا مترفيها﴾ ئەمەیە کە خودا ئەمریان پێ ئەکا بە ئیتاعەی خودا لە بیر و باوەڕی پاك و کردەوەی چاك، وەکوو ئەڵێیت: «أمرت الخادم فعصاني» واتە: ئەمرم کرد بەو خزمەتکارە کارم بۆ

www.iqra.ahlamontada.com

بکا کەچی ئەو نافەرمانی کردم، ئیتر مەعنای ئەوە نییە کە ئەمرم کرد بە خاوەن دەستەکان فیسق و فوجوور بکەن؛ چونکی خودای تەعالا ئەمر ناکا بە تاوان و کردەوەی ناهەموار هەروا بەوانەیش رازی نییە.

﴿وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِنَ ٱلْقُرُونِ مِنۢ بَعْدِ نُوحٍۗ وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ بِذُنُوبِ عِبَادِهِۦ خَبِيرَۢا بَصِيرٗا ١٧﴾

وە زۆرمان فەوتاند و بەرباد کرد لە ئەهلی قەرنەکان لە پاش حەزرەتی نووح عليه السلام لەسەر ئەساسی نافەرمانی و لادانیان لە ئیتاعەی رەهبەرانی ئیمە، وە خودای تەعالا بەسە بۆ ئاگاداری و بینەری بۆ گوناحی عەبدەکانی خۆی.

﴿مَّن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُۥ جَهَنَّمَ يَصْلَىٰهَا مَذْمُومٗا مَّدْحُورٗا ١٨﴾

هەرکەسێ لە دنیادا خواستی لەسەر رابواردنی دنیایە و بەس وە مەبەستی لەسەر خوداپەرستی و دینداری نییە ئەوە بۆی بەجێ دێنین ئەوەی کە خواستمان هەیە پێی بدەین، ئەویش بۆ سەر هەموو کەس نییە بەڵکوو بۆ ئەوانەیە کە ئەمانەوێ ماڵی دنیای پێ بدەین، ئەگەرنا زۆر کەس هەن لە دنیاخواهەکان کە نائومێدن لە هەموو حوقووقێ و لە هەموو خێراتێ و لە پاش هاتنی قیامەت دۆزەخی بۆ ئامادە ئەکەین ئەڕواتە ناویەوە بە لۆمەکراوی لە لایێ و بە دوورخراوەیی لە رەحمەت و میهرەبانی خودا لە لایێ ترەوە.

﴿وَمَنْ أَرَادَ ٱلْأٓخِرَةَ وَسَعَىٰ لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ كَانَ سَعْيُهُم مَّشْكُورٗا ١٩﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە هەرکەسێ خواستی لە کردەوەی خۆیا دەسکەوتی پاداشی چاك بێ لە رۆژی قیامەتا و تێکۆشێ لە بەجێهێنانی ئەو کارەدا بە تێکۆشینێ بەسوود بێ بۆ پاشەڕۆژ، وەلحالْ خاوەن کردەوەکە خاوەن ئیمان بێ بە شێوەیەکی مەقبوولْ، ئەوە ئەو کەسانە تێکۆشانەکەیان لە لایەنی خوداوە لێ قەبوولْ ئەکرێ.

کە وابێ هەرکەسێ کردەوەیێ بکا بە بێ خواستی پاداشی قیامەت وە کۆششەکەیش وا نەبێ کە خێری لێ پەیدا ببێ وەکوو «تقرّب» بە کردەوەی ناشەرعی، وە یاخود لەگەڵ ئیمانا نەبێ ئەوە کارەکانی پووچ و بێسوود دەرئەچن.

﴿كُلًّا نُّمِدُّ هَٰٓؤُلَآءِ وَهَٰٓؤُلَآءِ مِنۡ عَطَآءِ رَبِّكَۚ وَمَا كَانَ عَطَآءُ رَبِّكَ مَحۡظُورًا ٢٠﴾

هەر کام لەم دوو تاقمە ئادەمیزادە یا لەم دوو تاقمە موکەللەفانە بەشیان ئەدەین لە بەخشش و کەرەمی پەروەردگاری خۆت و کەرەمی خودا و دەسندەی ئەو مەمنووع نەکراوە و لە کەس قەدەغە نەکراوە. واتە خودا پەروەردگارە و بە نیسبەتی پەروەردگاری ئەوەوە فەرقی کافر و موسوڵمانی پاك و موسوڵمانی تاوانبار نییە و گەلێ جار دارایی ئەڕژێنێ بەسەر کافرێکی بەدڕەوشتا بە ئەندازەیێ حسێب ناکرێ، وە لە کۆڵانەکاندا گەلێ موسوڵمان لە داماویدا ئەمرن و، گەلێ کات موسوڵمانێکی باش سەد قاتی کافرەکان دارایی ئەدا.

وەلحاسڵ هۆی ئەمانە دوو شتە:

یەکەم: ئەسبابی عادەتییە وەکوو عەقڵ و سەلیقە و تێکۆشین لە تیجارەت و مامەڵە و کشتوکاڵ و چۆداری و غەیری ئەمانە لە ئەسبابی ژیوار، وە ئەم جۆرە ئەسبابە تا ئەندازێ وان لە ئیختیاری ئینساندا.

www.iqra.ahlamontada.com

دووهەم: ئەسبابی پەنامەکییە وەکوو خواستی خوا بێ لەسەر یاسای زانست و حیکمەتی خۆی ئەمە کەس نایزانێ و زانستی ئێمە بەمەدا ناگا.

بەهەر حاڵ ئێمە لەسەرمانە بڕۆین بە ڕێدا ئیتر کێ ئەگا بە مەنزڵ و کێ لە جێدا بەجێ ئەمێنێ وا لە لای خودادا.

﴿ ٱنظُرۡ كَيۡفَ فَضَّلۡنَا بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖۚ وَلَلۡأٓخِرَةُ أَكۡبَرُ دَرَجَٰتٖ وَأَكۡبَرُ تَفۡضِيلٗا ﴿٢١﴾ ﴾

جا بڕوانە و وردبەرەوە و بیر بکەرەوە لە کاری ئێمەدا چلۆن بازێ کەسمان بەرز کردووەتەوە بەسەر بازێکدا لە ڕۆزی و ژیوار و شان و پایە و ئیعتیباری دنیادا بەسەر بازێ کەسی‌تردا کە ئەمانە هەموو وان لەبەر چاوی ئێوەدا و گومانیان تێدا نییە، وە بە ڕاستی ڕۆژی قیامەت گەورەتر و ماوەدارترە لە هۆی پلە پلەی بەرزیەوە وە گەورەترە لە هۆی ئیعتیبار و حورمەت و شان و پایەوە لە لای خودای تەعالا.

﴿ لَّا تَجۡعَلۡ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَقۡعُدَ مَذۡمُومٗا مَّخۡذُولٗا ﴿٢٢﴾ ۞ ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست: وە یا ئەی ئادەمیزادی هۆشیار مادام بە دەلیلی نەقلی و عەقلی حالی بووی کە پەروەردگاری عالەم تاقە کەسێکە و هەر ئەو «واجب الوجود»ە و هەر ئەو بۆ عیبادەت ئەشێ. واتە هەر ئەو شیاوە بۆ ئەوە بەندەیی بۆ بکرێ ئیتر بە هەموو نەوعێ ئەو بناسە و لەگەڵ ئەودا خوایەکی‌تر بۆ خۆت قەرار مەدە هەتا لە هەموو ئەسبابێکی ڕاوەستانی کەرامەت و شەرافەت دوور بکەویتەوە جا بۆ خۆت گردەنووشین دانیشی بە لۆمەکراوی و یارمەتی نەدراوی و نەتەویسی لە لایەنی هەموو کەسێکەوە لەوانە خاوەن پایەن وەکوو خودا و فریشتەی خودا و زانایانی ڕاستەقینە لە جیهانا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا﴾

وە خودای تەعالا فەرمانی داوە بە فریشتەکانی [لە] ئاسمانا و [بە] هۆشیارانی [لە] جیهانا، کە عیبادەت و تاعەت مەکەن بۆ ئەو پەروەردگارە تەنیا نەبێ. وە فەرمانی داوە کە کردەوەی چاکە بکەن لەگەڵ باوك و دایکتانا بە هەموو جۆرێ.

﴿إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ
وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾ وَٱخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ
ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِى صَغِيرًا ﴿٢٤﴾﴾

جا کاتێ کە باوك و دایکتان یەکێکیان یا هەردووکیان گەیشتن بە تەمەنی پیری و ناتەوانایی قەت بەرابەر بەوان واتەی دڵگیری بەکار مەهێنن هەرچەن بە کەمتر پایە و مایە بێ، وەکوو: ئۆف لە دەستی باوکم، ئۆف لە دەستی دایکم. وە قەت بەرابەر بە دڵخوازێکی مەشرووعی ئەوان مەنع‌کردن دەرمەبڕن و زەجریان مەکەن، داوای ئاو، یا نان، یا بەرگ، یا نوێن، یا خواردەمەنی، یا میوە، یا خەرجی، یا دیداری دۆست، یا دیاری بۆ خزم... هەرکام لەمانەیان داوا کرد بە گوێرەی توانا بۆیان جێبەجێ بکەن، کە وابوو مەبەست لە ئۆف نەکردن مەنعی دەربڕینی زویرییە لەوان بە کەم یا بە زۆر، وە مەبەست لە مەنعی «نهر» مەنعی دەربڕینی خیلاف و سەرپێچییە لە قسە و فەرمانیان یا بە درۆخستنەوەیان. وە هەر کاتێ قسەتان لەگەڵدا کردن لە جێگە و رێگەدا قسەی خاوەن کەرامەت و خاوەن حورمەتیان لەگەڵدا بەکار بێنن.

وە باڵی کزی و خۆبەکەمگرتن دابنەوێنە بۆ باوك و دایکت لەبەر دەربڕینی میهرەبانی لەگەڵیانا و دوعایان بۆ بکە و لە خودا بپاڕێرەوە بۆیان و بڵێ: خودایە! پەروەردگارا! رەحم و میهرەبانی بەجێ‌بێنە لەگەڵ باوك و دایکمدا لە پاداشی چاکەی

www.iqra.ahlamontada.com

ئەوان لەگەڵ مندا، وەکوو ئەوان بە میهرەبانی خۆت وات پێکردن کە منیان بە بچووکی و ناتەوانی پەروەردە کرد لە حاڵێکدا خۆمم نەئەناسی.

وە لەم ئایەتەدا تەشبیهی کزی کراوە بە پەلەوەرێکی سەرمابردوو، وە یا گەرما لێدراو، وە یا پەلەوەرێکی جووجەڵە لەژێراکەوتوو، وە ئیزافەی «جناح»ی بۆ کراوە تا ببێ بە قەرینەی ئەم تەسەڕوفە کە بە یاسای «ئیستیعارەی مەکنییە» بەجێ هاتووە. وە جوملەی ﴿واخفض لهما﴾ کراوە بە تەرشیح و جوانکردنی ئەم ئیستیعارەیە.

﴿رَّبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا فِي نُفُوسِكُمْ ۚ إِن تَكُونُوا صَالِحِينَ فَإِنَّهُ كَانَ لِلْأَوَّابِينَ غَفُورًا ﴿٢٥﴾﴾

ئێمە فەرمانمان پێدان لەم ئایەتە پێشوانەدا بە ئیخلاسی عیبادەت بۆ خودا و بە ئیحسان و چاکەکردن لەگەڵ باوك و دایکەکانتانا، جا کاتێ بە زاهیر ئەم فەرمانانەتان بەجێهێنا ئەوە بزانن خودا زاناترە لە هەموو کەس بەوە وا لە دڵتانا ئەگەر ئێوە بۆ خودا سوڵحاو و دڵ خاوێن بن لە بەجێهێنانی ئەو فەرمانانەدا، ئەو کاتە ئێوە ئەبن بەو بەندە پاکانە کە گەڕاونەتەوە بۆ لای خودا وە خودایش تاوانبەخشە بۆ ئەوانە، وە ئەگەر هەروا بە دیمەن فەرمانەکان بکەن یا هەر موبالات نەکەن ئەویش هەر لە لای خودای زانا دیارە و پێی ئەزانێ.

بزانن! لە ئایەتی: ﴿وقضى ربك ألا تعبدوا... تاد﴾دا فەرمانی دا بە بەندەیی بۆ خودا وە پاش ئەوە چاکەکردن لەگەڵ باوك و دایکدا لەبەر ئەوە کە پەروەردگار بۆ ئادەمیزاد خودای تەعالایە و لە پاش خودا هۆی بەخێوکردن و پێگەیاندنی ئەو بریتییە لە باوك و دایکی ئەو.

وە لە لایەکی‌ترەوە سوپاسی هەر ئینسانێ بۆ کەسێ کە نیعمەتی پێدابێ زۆر جوانە و بەرانبەری چاکە بە چاکەیە، وە یەکە خاوەن نیعمەت لەسەر ئینسان خودایە

www.iqra.ahlamontada.com

کە نیعمەتی وجوود و عەقڵ و زانست و خواست و تەوانایی و دارایی پێداوە، وە بێگومان ئەم نیعمەتە گەورانە داوای بەندەیی ئەکەن لە ئینسان بۆ ئەوە ببێ بە سوپاس بۆی، وە لە پاش خودای تەعالا کەس نییە بە قەی باوك و دایك کە نیعمەتی ببێ لەسەر ئینسان، وە لە سوپاسی ئەم جۆرە خزمەتکردنەدا خودا بڕیاری داوە کە چاکە بکا لەگەڵیانا.

جا ئەگەر یەکێ پرسیار بکا بڵێت باوك و دایکی ئینسان مەبەستیان لە ڕێکەوتن و نووستن و رابواردنیان وەرگرتنی لەزەتی خۆیان بووە ئیتر ئەبێ حوقووقیان لەسەر منداڵەکەیان چی بێ؟

ئەوە وەڵامی وەهایە: کە بڕیاری ئەوە نادەین باوك و دایك هەر مەبەستیان رابواردن و لەزەت وەرگرتن بووبێ، بەڵکوو لەگەڵ ئەو لەزەتەدا مەبەستیان پەیدا بوونی منداڵێکە کە خزمەتی دین و دنیای خۆی و باقی ئادەمیزاد بکا، وە زیاد لەمە ئەمە لە رۆژێکەوە کە ئەو منداڵە پەیدا ئەبێ و گیانی ئەکرێ بە بەرا بارە بە سەر دایکەکەیەوە هەتا کاتێ لەگەڵ ئێش و ئازاری ئەوا دێتە دەرەوە بۆ دنیا، وە لەو ساتەوە هەتا بە تەواوی خۆی ژیواری خۆی پەیدا ئەکا بە هەموو جۆرێ باوك و دایکی وان لە مەینەتی پێگەیاندنیا وە لە هەموو سزایەکی ئەودا بەشی گەورە بۆ ئەوانە، ئایا ئەم جۆرە خزمەتە ئەوان کردوویانە موقابەلە ناکرێ بە خزمەتێ ئەو منداڵە بیکا بە باوك و دایکەکەی؟ لام وایە هەر ژیرێ بیرێ بکاتەوە لەم وەزعەدا باوەڕ ئەکا بەوە کە باوك و دایکی ئینسان بەس عیبادەتیان بۆ ناکرێ ئەگەرنا شیاوی هەموو خزمەتێکی‌ترن لە لایەنی منداڵەکانیانەوە.

ئـــامۆژگاریتان ئـــەکەم بـــە مـــایە بــۆ پــایەی شــەرەف هــەتا هــەتایە
ڕەوایــە ئــینسان بــۆ بـابە و دایــە گــیانی شــیرینی بــدا بــە زایــە

www.iqra.ahlamontada.com

خــودا خــالقە، پــەروەردگارە — ئەساسی بوونی هەرچی گیاندارە
پاش خودا ئەوەی بە سوودە بۆمان — هەر باوك و دایکە بە توولی زەمان
خۆ ئەدەنە بەر دانی هار و مار — خۆ ئەدەنە بەر دەردی رۆزگار
بە شەو نەخەوی، بە رۆژ تەك و دەو — هەتا رۆڵەیان بگا بە پرتەو
ببێ بە شەخسی فامیدەی زانا — ببێ بە مەردی گوردی تەوانا
ببێ بە قیبلەی خزمەتی کۆمەڵ — بێ بە وەسیلەی پێشکەوتنی گەل
ببێ بە عاسا بۆ رێگەی باریك — ببێ بە چرا بۆ شەوی تاریك
ببێ بە رەهبەر بێتە پێشەوا — نان بدا بە گەل وەکوو نانەوا
لە هەر ساتێکدا رۆڵە نەخۆشن — لە بیمی ئەوان ئەمان بێهۆشن
ئەوەی پێی بگەن لەسەر بیری پاك — ئەیکەن بە هیوای ژیوارێکی چاك
جا بێن بە ئینساف بیر بکەنەوە — ئەم دەرد و داخە لێك بدەنەوە
هەرگیز ماقوولە رۆڵەی بە کەماڵ — بۆ باوك و دایکی دا نەخا شاباڵ؟
دەستیان نەگرێ لە کاتی زەحمەت — لە بۆیان نەمرێ بە هیوای رەحمەت
هەر خودا حەقە و خودایە راسە — هەر ئەوە بە حەق حەقیقەت ناسە
کە فەرمانی دا پاش سوجدە بۆ ئەو — لە بۆ «والدین» ببن بە پرتەو
خزمەتیان بکەن بە دڵ و بە گیان — ئیکرامیان بگرن لە ماوەی ژیان
پاش مردنیشیان هەتا هەتایە — دوعا و خێراتیان بکەن بە مایە

﴿وَءَاتِ ذَا ٱلْقُرْبَىٰ حَقَّهُۥ وَٱلْمِسْكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ وَلَا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا ﴿٢٦﴾﴾

لەم ئایەتە پیرۆزانەدا لە ئایاتی: ﴿وقضى ربك﴾ ئایەتی بیست و سێ تا سەر: ﴿ذلك مما أوحى إليك ربك﴾ کە ئەکاتە حەڤدە ئایەت بازێ لە زانا بەرزەکان دایان ناون بە ناونیشانی «الإنسان الکامل».

www.iqra.ahlamontada.com

جا یەکەم ئایەت باسی ئایەتی ئینسانی کرد لەگەڵ خودای تەعالادا و لەگەڵ باوك و دایکا... هەتا چەن ئایەتێ، وە ئەم ئایەتەیش باسی حوقووقی خزم و خوێش و داماوان ئەکا و ئەفەرموێت: بدە بەو کەسانە کە خاوەن رشتەی خزمایەتین لەگەڵتانا وە بە میسکینەکان و رێبوارە داماوەکان حەقی خۆیان و ماڵ و دارایی خۆت بە ناحەق و ناشەرعی خەرج مەکە.

﴿إِنَّ ٱلْمُبَذِّرِينَ كَانُوٓا۟ إِخْوَٰنَ ٱلشَّيَـٰطِينِ ۖ وَكَانَ ٱلشَّيْطَـٰنُ لِرَبِّهِۦ كَفُورًا ﴿٢٧﴾﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە ماڵی خۆیان بە ناشەرعی خەرج ئەکەن ئەوانە دۆست و برای شەیتانەکانن و بەرابەر بە خودای تەعالا کە دروستی کردووە کافر و دوژمن و ناسوپاس بووە و ناسوپاسە هەتا هەتایە، وە هەرکەس لەگەڵ خودانەناسا بژی ئەویش ئەبێ بە خودا نەناس.

﴿وَإِمَّا تُعْرِضَنَّ عَنْهُمُ ٱبْتِغَآءَ رَحْمَةٍ مِّن رَّبِّكَ تَرْجُوهَا فَقُل لَّهُمْ قَوْلًا مَّيْسُورًا ﴿٢٨﴾﴾

وە مادام ماڵت لە دەستا بوو بە قەی حاڵ ئەو حەقەیان پێ بدە، وە ئەگەر جارێ لە جاران ماڵێکی وات بە دەستەوە نەبوو وە لات دا لە شت پێدانیان لە بەر ئەوە چاوەڕوانی نیعمەت و رەحمەتێکی لە لایەنی خوای خۆتەوە دەستت بکەوێ ئەوە قسەیان لەگەڵا بکە بە قسەیەکی ئاسان و عوزر بێنەرەوە بە عوزرێکی موناسبی باش کە لەسەر دڵیانا نەبێ بە بار.

وەلحاسڵ خودای تەعالا ئەفەرموێت: کاتێ رزگار بوویت لە خزمەتی باوك و دایك پێویستە خەریکی خزمەتی خزم و خوێشان بی نزیکتر لە نزیك، جا خزمەتی هەژار و داماوان جا خزمەتی رێبواران.

www.iqra.ahlamontada.com

وە بۆ بەیانی ئەم ئایەتە لەسەر مەزهەبی ئیمانی شافیعیﷺ کە مەسرەفی واجب هەر ئەوەیە خەرج بکریٚ بۆ «ئوسوولّ» و «فرووع» و «ئەهل» واتە باوك و باپیرە و دایك و نەنك و کوڕ و کوڕەزا و کچ و کچەزا و ژن و خادیمەی ناو ماڵ کە بەکریٚ نەگیرابیٚ.

وە بۆ باقی خزمان هەر ئەوە واجبە کە ئینسان دڵیان رابگریٚ بە ماڵ بیٚ یا بە قسەی خۆش یا بە هاتوچۆکردن و نامەناردن بۆ لایان لە شین و شادیدا، بەڵام هەژار و داماوان و ریٚبواران ئەوە زەکات و کەفارەت و نەزریان ئەدریٚتیٚ. کاتیٚ ئینسان ئەم حوقووقانەی لەسەر نەبوو ئەوە واجب نییە لەسەری خەرجکردنی ماڵ، بەڵام سوننەتە ئینسان قەت دەستی لە خیٚر و خیٚرات نەکیٚشیٚتەوە و بە قەی حاڵ خیٚرومەند بیٚ بە حاڵ و بە ماڵ. وە پاش ئەوانە خودا نەهی ئەکا لە «تبذیر» ئەم لەفزە لە زمانی عەرەبا ئیفسادی ماڵ و داراییە بەوە کە لە غەیری ریٚگەی مەشرووعەوە سەرف بکریٚ کە وابیٚ هەر ماڵیٚ بۆ واجبات یا بۆ «مستحبات» سەرف بکریٚ ئەوە تەبزیر نییە، بەڵام هەر ماڵیٚ لە حەراما لە ناو بدریٚ یا لە شتی مەکرووها ئەوە تەبزیرە، وە لە جوملەی تەبزیرە سەرفی ماڵ بە ئەندازەی زیاد لە پیٚویست لە هەر موناسەبەیەکدا بیٚ.

هەروا هەر ماڵیٚ بۆ فیز و دەمار و ناو و شۆرەتی بیٚسوود سەرف بکریٚ ئەوەیش بە تەبزیر ئەناسریٚ، وە ئەم نەوعە سەرفە لە ئینسانی موسوڵمانی زانا و هۆشیار و خاوەن دینەوە دوورە.

وە بۆ خیٚر و خیٚراتیش خودا ئەندازەی ناوبەینی داناوە بۆ ئینسان وەکوو فەرموویەتی:

﴿وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ ٱلْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَّحْسُورًا ﴿٢٩﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەفەرموێت: دەستی خۆت بە رشتەی بەستنەوە مەبەرەوە بۆ لای گەردنت، واتە ئەوەندە رژدی مەکە کە خۆت دوور بخەیتەوە لە خێر و خێرات و بەجێهێنانی یاسای عادەتی وەکوو یەکێ زنجیر کرابێ و دەستی بەسرابێ بە لای ملیەوە و جمو جووڵی پێ نەکرێ وە زۆر دەستیشت بڵاو مەکەرەوە بە جۆرێ کە زیاد لە ئەندازەی واجب و سوننەتی ئیسلامی بە نارەوا ماڵی خۆت خەرج بکەی هەتا ماڵت بە دەستەوە نەمێنێ. جا دابنیشی بە کولۆڵی و ناتەوان و ببی بە بار بەسەر خەڵکەوە ئەوجار لۆمە و سەرزەنشتت بۆ بێ لە هەموو ناسراوێکەوە و مەمنووع ببن لە هاتوچۆ، واتە مەیدانی ئەم لاو لات نەمێنێ.

﴿إِنَّ رَبَّكَ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرًۢا بَصِيرًا ﴿٣٠﴾﴾

وە ئەگەر ئەم خەرجە زۆرە بۆ ئەوە نەکەی خەڵك دەوڵەمەند بکەی ئەوە بۆ تۆ ناکرێ، وە ئەوە خاریجی یاسای حیکمەتی خودایە، بە راستی خودا رزق و رۆزی زۆر ئەکا و ئەبەخشێ بە هەرکەس بیەوێ و خواستی لێ بێ وە کەم ئەکاتەوە بۆ هەرکەسێ خواستی لەسەر کەمکردنەوەی بێ، بە راستی خودا ئاگادارە لە ئەحواڵی بەندەکانی خۆی و وەزعی ئەوان ئەبینێ.

﴿وَلَا تَقْتُلُوٓا۟ أَوْلَـٰدَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَـٰقٍ ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ ۚ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْـًٔا كَبِيرًا ﴿٣١﴾﴾

پاش ئەوە کە خودای تەعالا باسی ئەوەی کرد کە خۆی رزق و رۆزی زۆر ئەکا بۆ هەرکەسێ خواستی لەسەر بێ و کەم و کوورِی ئەکا بۆ هەرکەس کە خواستی لەسەر بێ، فەرمووی: نەتەوەی خۆتان، لە کورِ و کچ، لە هەرزانی و لە گرانیدا و،

www.iqra.ahlamontada.com

لە کاتی جەنگ و نەهاتیدا مەکوژن لە ترسی گەدایی و بێنەوایی؛ چونکی رزق و رۆزی ئەوانە عائیدی ئێمەیە و ئێمە رۆزی ئەوانیش و ئێوەیش ئەدەین، بە راستی کوشتنی ئەوانە تاوانێکی زۆر گەروە و ناهەموارە؛ چونکە لە لایەکەوە بەدگومانییە بە خودا کە هەر رۆزی بە دەستی ئەو نییە، یاخود رۆزی کەم ئەدات، وە لە لایەکەوە ئەم جۆرە تاوانە ئەبێ بە هۆی کەمبوونەوەی ئادەمیزاد لە سەر عەرزا وە بە هۆی بلاوکردنەوەی دلڕەشی و بەدبەختی لە جیهاندا، وە لە لایەکەوە بڕینی ریشەی رەحمەت و میهرەبانییە لەگەڵ ئەولادا، و لە لایەکەوە ئازار گەیاندنە بە دڵی دایکە داماوە بەدبەختەکەی کە چەن مانگ لە سکیا هەڵی گرتووە هەتا لێی بووەتەوە و دڵی زۆر بەسراوە پێیەوە، وە لە لایەکەوە بەرانبەری کردنە لەگەڵ قەزای غەیبیدا؛ چونکی ئەو تاوانبارە نازانێ کە پاش ئەو رۆژە دنیا چۆن ئەبێ، وە زۆر جار وا ئەبێ زەمانی ئەو منداڵە زۆر ئارام و خۆش و هەرزانی ئەبێ، هەر لە ئێستەوە ئەم تاوانبارییە کاری ئینسانی دڵڕەش و بێبەزەیی و بەدبەختە.

﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلزِّنَىٰٓ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةً وَسَآءَ سَبِيلًا ﴿٣٢﴾ ﴾

پاش ئەوە کە خودا نەهی کرد لە کوشتنی ئەولادیان، نەهی کرد لە زیناکردنیشیان؛ چونکی زۆربەی ئینسانی داوێن پیس لەبەر ئەوە زینا ئەکا لە لایەکەوە ئارەزووی نەفسەکەی جێبەجێ بکا، وە لە لایەکیشەوە منداڵی نەبێ بە بار بە سەریەوە؛ چونکی ئەگەر ژنەکە خاوەن شوو بێ منداڵەکە ئەبێ بە منداڵی مێردی ژنەکە، وە ئەگەر بێشوو بێ ئەوە ئەو منداڵە ئەکوژرێ پاش لە دایکبوون وە یا لە پێش پەیدابوونیا زایە ئەکرێ.

بە هەرحاڵ خودا ئەفەرموێت: نزیکی زینا مەکەونەوە، چونکی زیناکردن بناغەیە بۆ گەلێ خراپە:

www.iqra.ahlamontada.com

یەکەم: ئەمە کە زیناکردن ئەبێ بە هۆی کوشتنی ئەو منداڵە یا لە ناو سکی دایکیا یا لە پاش داکەوتنی.

دووهەم: زیناکردن ئەبێ بە هۆی تێکەڵبوونی رشتەی نەتەوە و زەوەرزێ، وە ئەو منداڵە کە ئەبێ لە کابرای زیناکار ئەبێ بە منداڵی کەسێکی‌تر.

سێهەم: ئەبێ بە هۆی تێکدانی خانەدان؛ چونکی ژن کە فێری زیناکردن بوو بە یەکێکەوە ناوەستێ و گەلێ جار ئینسانێکی وەهای پێش چاو ئەکەوێ کە ئەکەوێتە شوێنی و ماڵی خاوەنە شەرعییەکەی و عائیلەکەی تێك ئەدا.

چوارەم: ئەو ژنە بە هۆی ئەم کارە نابارەوە دڵی بێ‌عەلاقە ئەبێ لەگەڵ خاوەنەکەیا و دڵ نادا بە یاسا و ناموس و چاودێری دارایی لەو ماڵەدا.

پێنجەم: زۆر جار مێردەکەی بەو خەیانەتە ئەزانێ و کابرای زیناکەر ئەکوژێ و فیتنە هەڵئەگیرسێ لە ناو دوو کۆمەڵ ئادەمیزادا و گەلێ کوشتار و تالان و بەدڕەفتاری پەیدا ئەبێ.

شەشەم: هەر ژنێ فێری ئەو رەفتارە بوو ئیتر بە مێردەکەی خۆی داناکەوێ و هەمیشە بە شوێن کردەوەی ناشیرینا ئەگەڕێ.

حەوتەم: خۆشەویستی و پەیوەندی لە نێوان ئەو ژنە و مێردەکەیا نامێنێ. ئەمانە هەموو خراپەی دیارین.

هەشتەم: ئەم کارە نابارە لادانە لە سنوورێ کە خودا بڕیاری داوە و لادانە لە یاسای شەریعەتی خودا و کردنەوەی دەرگای بێ‌دینی و دین تەرككردنە لە جیهانا.

نۆهەم: هەر پیاوێکی خاوەن ژن کاتێ رۆیشت زینای کرد و ئارەزووی خۆی لە حەراما تەواو کرد ژنی ئەو کابرایە شەیتان تەفرەی ئەدا و لە داخی مێردەکەیا ئەویش ئەچێ دۆستێ بۆ خۆی ئەگرێ لە دوولاوە خراپە پەرە ئەستێنێ.

www.iqra.ahlamontada.com

دەهەم: ئەم کردەوە نابارە لە لای تەبیعەتی ئینسانی راسالاً ناموناسب و ناشیرینە تەنانەت حەیواناتیش غیرەتیان قەبووڵ ناکا بێگانە بێتە سەر مێچکەیان و ئەو کردەوە بە فاحیشە و ناشیرین ئەزانن.

جا لەبەر ئەم هەموو ئەنجامە نابارانە خودا تەعلیمی ئەو نەهیەی کرد و فەرمووی: بە راستی زینا کارێکی فاحیشە و ناشیرینە و رێگەیەکی خراپە بۆ بەجێهێنانی ئارەزووی نەفس.

﴿ وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۗ وَمَن قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِۦ سُلْطَـٰنًا فَلَا يُسْرِف فِّى ٱلْقَتْلِ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ مَنصُورًا ﴿٣٣﴾ ﴾

لەبەر ئەوە کە زیناکردن ئەبێ بە هۆی ئەوە کە هێشتا ئینسانەکە نەهاتووەتە عالەمی وجوود لا ببرێ، واتە هەر بە تۆمی لە سکی دایکا بە دەرمان فرە ئەدرێ، وە یا لە پاش گیان تێچوون زایە ئەکرێ، وە قەتڵ بریتییە لە کوشتنی ئینسانی دەرچووی راستەقینە، خودا باسی زیناکردن و نەهی لە زینای خستە پێش نەهی لە قەتڵ وە لەبەر ئەوە کە لە زیناکردن فیتنە و کوشتار پەیدا ئەبێ، پاش نەهی لە زینا نەهی لە کوشتن کرد.

جا خودای تەعالا ئەفەرموێت: ئەی هۆشیاران ئەو نەفسانە کە خودا کوشتنی ئەوانی حەرام کردووە مەیانکوژن مەگەر بە هۆی ئەوەوە کارێکی وا بکەن کوشتنیان رەوا بێ، وە هەرکەسێ کە بە ستەم و بە ناحەق کوژرا ئەوە بە راستی بڕیاری حەقی تۆڵەسەندنەوەمان داوە بە خوێنڕەسەکەی، دەی با زیادەڕەوی نەکا لە کوشتنی خەڵکدا لە بریتی کوژراوەکەی.

جا ئەگەر تاقە کەسێ کوشتوویەتی هەر ئەو کەسە بکوژێتەوە لە تۆڵەدا و دوو کەس یا زیاتر نەکوژێ، وە یا لانەدا بۆ کەسێکی دوور لەو تاوانەوە و بیکوژێت

www.iqra.ahlamontada.com

لەبەر ئەوە لەو خانەدانی پیاو کوژەیە یا لە هۆزی ئەوە، وە یاخود بە ئازار و سزا ئەو کەسە نەکوژێ... ئەمانە هەموو تاوانبارین، جا ئەگەر خوێنڕەسەکە بە یاسای دین حەق بسێنێ ئەوە بە راستی یارمەتی ئەدرێ، وە واجبە ئیمامی ئیسلام یارمەتی بدا و حەقەکەی بۆ وەربگرێ.

بزانن! حەزرەت ﷺ بەیانی ﴿إلا بالحق﴾ کردووە بەو فەرموودەیە کە ئەڵێ: «لا يحل دم امرىء مسلم إلا بأحدى ثلاث: كفر بعد إيمان، وزنا بعد إحصان، وقتل نفس بغير حق» واتە: رەوا نییە رژاندنی خوێنی موسوڵمان مەگەر بە سێ هۆ: یەکەم لە دین وەرگەڕانەوە پاش ئیسلامییەت. دووهەم: زیناکردن لە پاش ژن هێنان یا شووکردن. سێهەم: کوشتنی بێتاوانێ بە نا حەق.

وە هەر شتێ پاش ئەمانە کرابێ بە هۆی کوشتنی ئینسان وەکوو کوشتنی کافری جەنگاوەر و، ئینسانی جەردەی رێگر و، ئینسانی هەڵمەتهێنەر بۆ سەر کەسێکی هێمن و، ئینسانی نوێژنەکەر پاش داواکردنی تەوبە و، ئینسانێ «تەعریز» بکا بە نامووسی کەسێ و، ئینسانی ساحیر و جادووگەر و... وێنەی ئەمانە، هەموو لەسەر ئەساسی ئەوەیە کە ئەگەڕێنەوە بۆ سەر یەکێ لەو سێ هۆیە کە لەو فەرموودەی حەزرەتەدا ﷺ بەیان کراون.

﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُۥ ﴾

وە لەبەر ئەوە خواردن و زایەکردنی ماڵی هەتیو ئەبێ بە هۆی فەوتان و مردنی، خودا پاش نەهی لە کوشتن فەرمووی: نزیکی ماڵی هەتیو ـ منداڵی نابالغی بێباوك ـ مەکەون مەگەر بە شێوەیێ کە جوانترین شێوە بێ لە خزمەتی ئەو ماڵەدا هەتا ئەو هەتیوە ئەگات بە کاتی هێزی عەقڵ و هۆش و فامیدەیی بۆ چاودێری ماڵی خۆی، وە ئێوە ئەتوانن تەسەڕوفی شەرعی بە «ویلایەت» یا بە «ویسایەت» یا بە «قیموومەتێ»

www.iqra.ahlamontada.com

لە لایەنی قازی شەرعەوە بکەن بە ماڵی هەتیوا تا ئەو کاتە، وە لەو کاتە بەولاوە ماڵەکەی ئەدرێتەوە دەستی هەتیوە پێشووەکە وا ئێستە باڵغ و رەشیدە خۆی ئەزانێ چی لێ ئەکا.

﴿وَأَوْفُواْ بِٱلْعَهْدِۖ إِنَّ ٱلْعَهْدَ كَانَ مَسْـُٔولٗا ٣٤﴾

وە هەر عەهد و پەیمانێکتان بەست عەهدی ئیمان لەگەڵ رەهبەرا و عەهدی دۆستی لەگەڵ ئینسانی بەرانبەرا و، عەهدی نیکاح یا تیجارەت یا شەراکەت یا نزوور و غەیری ئەمانە وەکوو سوێندێکی شەرعی هەر کاتێ داتانمەزراندن بە بێ هۆیەکی دینی قەت تێکیان مەدەن؛ چونکی بە راستی پەیمان پرسیاری وا لە دواوە و ئینسانی بێپەیمان بێئیمانە وە ئادەمیزادی درۆ و دەلەسەچی دەسبڕ و بێنرخ و بێمیزانە، وە لە ناو کۆمەڵی موسوڵمانانا بە پووش یا بە بۆش و بێهۆش دائەنرێ، وە رەوا نییە ئادەمیزاد نرخی خۆی لە بازاڕی ژیانا بشکێنێ.

﴿وَأَوْفُواْ ٱلْكَيْلَ إِذَا كِلْتُمْ وَزِنُواْ بِٱلْقِسْطَاسِ ٱلْمُسْتَقِيمِۚ ذَٰلِكَ خَيْرٞ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلٗا ٣٥﴾

وە پێوانە تەواو بکەن کاتێ کە دانەتان پێوا بۆ فرۆشتن یا بۆ سەندن، وە ماڵێ کێشانە بکرێ بە ترازووی راست کێشانەی بکەن، ئەم جۆرە رەفتارە باشە و پاداش و ئەنجامی جوانە لە لای خودادا و لە لای ئادەمیزادا.

﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌۚ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولٗا ٣٦﴾

قەت مەکەوەرە شوێنی شتێ کە زانست و فامی خۆت پێی نەگەیشتووە، ئەگەر بیر و باوەڕە، باش دڵت دابمەزرێنە لە سەری بە هۆی زانستی خۆتەوە، ئەگەر زانستی

www.iqra.ahlamontada.com

خۆت پێی بگا، وە بە هۆی کەوتنە شوێنی زانایەکی بەرزی خاوەن عیلم و باوەڕپێکراو کاتێ گەیشتە ئەم پایە دروستە بۆ تۆ تەقلیدی بکەی، وەکوو تەقلیدی موسوڵمانان بۆ ئیمامی «ابوالحسن اشعری» یا «ئەبوو مەنسووری ماتوریدی» لە ئیعتیقادیاتا، هەروا لە ئەحکامی فەرعیی عەمەلیشدا، وەکوو باسی نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج و مامەڵە و... هەر پێویستە بگەی بە عیلمی ڕاستەقینەی خۆت، یا عیلمی ڕاستەقینەی ئینسانێکی زانای باوەڕپێکراو وەکوو ئیمامی شافیعیرحمه الله.

بە کورتی لە ئیعتیقاداتا وە یا لە عەمەلییاتا پێویستە یا خۆت عالم و زانا بی یا پەیڕەوی عالمێکی زانا بی.

بەڵێ لە بابەتی ئیعتیقادیاتا، بە تایبەتی گرنگەکانی، پێویستە بگەی بە پایەیەکی وەها کە پاڵ بدەی بەو عیلم و زانستەوە ئەوەندە بەهێز بێ، وە ئەم قسە کە من ئەیکەم لەسەر ئەو ئەساسەیە کە تەقلید لە ئوسووڵی دیندا دروستە وەکوو تەقلید لە فورووعا دروستە، وە ئەمە قسەیەکی ڕاستە؛ چونکی ئەگەر ئینسان زۆر خاوەن پایە نەبێ لە زانستا ناگات بە عیلمی قەتعی، جا ئەگەر ئیعتیبار بە تەقیلد نەکرێ عالەم ماتڵ ئەبێ.

وە ئەم ئایەتە لەسەر ئەم مەعنایە وتمان ئەبێ بە کینایەیش لە نەهی موشریکەکان لەوە کە لە ئیعتیقادا ئەکەونە شوێنی بتە تاشراوەکان بە بێ عیلم بەوە ئەوانە سوودێکیان تیایە، وە بەس بە تەقلیدی گەورەکانیان هەروا ئەبێ بە کینایە لە نەهی ئەو کافرانە لە حەرامکردنی بازە گۆشتێ و حەڵاڵکردنی بازێك بە بێ دەلیل بەڵکوو هەر بە تەقلیدی کافرە خاوەن دەستەڵاتەکان.

وە ئەمە تا ئێستە لەسەر قەوڵێ بوو لە قەوڵەکانی خاوەن تەفسیرەکانرحمهم الله لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا.

www.iqra.ahlamontada.com

قەولّی دووهەم ئەمەیە: نەقڵ کراوە لە موحەممەدی کوڕی حەنەفییەوە کە: موراد لەم ئایەتە نەهیە لە شایەتی درۆ، شایەتی دان بێئاگاداری و زانست، وەکوو ریوایەت کراوە ئیبنوعەباس رضي الله عنهما فەرموویەتی: شایەتی مەدە مەگەر بەوەی بە چاو دیوتە و بە گوێچکە بیستووتە و بە دڵ زانیوتە.

قەولّی سێهەم ئەمەیە: کە نەهیە لە بوهتانکردن بە پاکان، واتە بوختانکردن بۆ پیاوی پاك و ژنی بە ئەدەب کە لەو چەرخەدا لە ناو خەڵکدا باو بووە و ئێستەیش هەر زۆرە.

وە قەولّی چوارەم ئەمەیە: نەهیە لە درۆکردن بە هیچ جۆرێ، واتە مەڵێ بینیومە و نەتدیوە و، بیستوومە و نەتبیستووە و، زانیومە و نەتزانیوە.

بزانن! ئایەتەکە ئەم قسانە هەموو هەڵئەگرێ، کە وابێ حەق وایە هەروا بە عموومی خۆی بیهێڵینەوە هەتا باش بڕوا لەگەڵ ئاخری ئایەتەکەدا کە ئەفەرموێت: ﴿إن السمع والبصر.. الآية﴾ واتە بە راستی گوێچکە و چاو و دڵ واتە نیسبەتی شت لەمانە هەموو پرسیاریان لەسەرە کە وابوو بە ناحەق مەڵێ بیستوومە یا دیومە یا زانیومە با تووشی عاری دنیا و سزای رۆژی قیامەت نەبی بە ناحەق.

بازێ کەس وتوویانە: ئەم ئایەتە دەلیلە لەسەر مەنعی قیاسکردن و حوکم بە ئیجتیهاد لە لایەنی موجتەهیدانەوە؛ چونکی ئەوەی لە قیاسکردن وە یا لە ئیجتیهادی زانایانەوە پەیدا ئەبێ گومانە و عیلم نییە و خودایش نەهی کردووە لەوە کە ئینسان تابیع ببێ بە غەیری عیلم.

جوابەکەی ئەمەیە: وتمان مەبەست لەو عیلمە زانستێکە زۆر بەهێز بێ خواه ببێ بە عیلمی بەدیهی قەتعی وە یاخود نەگا بە پایەی عیلمی یەقینی، وە لە پایەی زەن و ئیعتیقادا بمێنێتەوە، وە ئەم جۆرە زانستە بەهێزە کە وتمان دروستە ئینسان بکەوێتە

www.iqra.ahlamontada.com

شوێنی مەگەر لە بازێ مادەی تایبەتیدا، وەکوو شایەتی لەسەر شەخسی ئینسانێکی تایبەتی.

**وە دەلیل لەسەر ئەمە چەن شتێکە:**

[وەڵامی] یەکەم: ئیجماع هەیە لەسەر ئەوە حوکم بە زەن دروستە لە دنیادا بە چەن دەلیل:

١. عەمەل بە فتوای ئیمامان دروستە و ئەوەیش عەمەل بە زەنە.

٢. عەمەل بە شایەتی دوو عادڵ یا چوار عادڵ واجبە لەگەڵ ئەوەدا ئەو شایەتیانە هەر ئەبن بە هۆی زەن نەك عیلمی قەتعی.

٣. ئیجتیهاد لە قیبلەدا دروستە لەگەڵ ئەوەدا کە هەر زەنی لێ پەیدا ئەبێ.

٤. قیمەت دانان بۆ حەیوان و ماڵی فەوتاو هەر بە زەنە و واجبە کە عەمەل بەو تەقویمە بکرێ مادام ئەهلی خیبرە بیکەن.

٥. عەمەلیاتی پزشکەکان هەمووی لەسەر زەنە و بەجێهێنانیان دروستە.

٦. هەر گۆشتێ لە خاریجەوە لە بیلادی ئیسلام یا کیتابییەکانەوە دێ ئێمە هەر زەنمان هەیە بەوە سەربڕراوی شەرعی بن لەگەڵ ئەوەدا خواردنیان دروستە لە لای کەسێ کە گۆشتی سەربڕراوی کیتابی وەکوو موسوڵمان ئەخورێ.

٧. خودا ئەمر ئەکا بە ناردنی دوو حەکەم بۆ رێکخستنی نێوان ژن و مێرد و لابردنی ئاژاوەیان لەگەڵ ئەوەدا قسەی ئەوانە هەر زەن ئەگەیەنێ.

٨. حوکم بە ئیمانی هەر موسوڵمانێ ئەیبینی هەر لەسەر زەنە لەگەڵ ئەوەدا ئەو حوکمە دروستە.

٩. ئەساسی رەوا بوونی موعامەلە لەگەڵ ئادەمیزادا لەسەر ئەوەیە ئەو ماڵە وا بە دەستیانەوە حەلاڵە و ماڵی خۆیانە کەچی ئەوە بە زەنە و قەتعی نییە.

www.iqra.ahlamontada.com

١٠. حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «نحن نحكم بالظواهر والله يتولي السرائر» ئەمەیش مەعنای وایە عەمەل بە زاهیر دروستە.

وەڵامی دووهەم ئەمەیە کە: زەن ناو ئەبرێ بە عیلم، وە ئەو عیلمە لە ئایەتا شامیلە بۆ عیلمی یەقینی و بۆ ئیعتیقاد و زەن، وەکوو ئایەتی: ﴿فان علمتموهن مؤمنات فلا ترجعوهن إلى الكفار﴾.[1]

وەڵامی سێهەم: مادام ئایەتی: ﴿فاعتبروا يا أولي الأبصار﴾[2] دەلالەت ئەکا لەسەر سیحەتی قیاس ئەوە لێی دەرئەکەوێ کە هەر ئیعتیقادێ لە قیاسەوە پەیدا ئەبێ جێگەی ئیعتیبارە.

﴿وَلَا تَمْشِ فِي ٱلْأَرْضِ مَرَحًا ۖ إِنَّكَ لَن تَخْرِقَ ٱلْأَرْضَ وَلَن تَبْلُغَ ٱلْجِبَالَ طُولًا ﴿٣٧﴾﴾

وە مەڕۆ بەسەر عەرزا بە خاوەن فیزی و بە دەمارەوە، واتە بە ئارام بڕۆ بە ڕێدا توند پێ مەکوتە بە زەویدا، وە هەڵ مەخەرەوە تا سەرت بەرز بێتەوە بە خیلافی عادەت؛ چونکی خۆ تۆ عەرز کون ناکەی بەم پێدانانە وە نایشگەیتە ئاسمان لەبەر درێژی و سەربەرزیت.

﴿كُلُّ ذَٰلِكَ كَانَ سَيِّئُهُۥ عِندَ رَبِّكَ مَكْرُوهًا ﴿٣٨﴾﴾

هەموو ئەو سیفەتانە کە لە ئایەتی: ﴿وقضى ربك ألا تعبدوا إلا إياه﴾ وە هەتا ئەم ئایەتە باس کران و نەهی کرا لە ناڕەواکانیان، ناڕەواکانیان لە لای خودا شتگەلێکی ناڕەوا و ناشیرینن.

---

١. الممتحنة؛ ١٠.

٢. الحشر؛ ٢.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ذَٰلِكَ مِمَّآ أَوۡحَىٰٓ إِلَيۡكَ رَبُّكَ مِنَ ٱلۡحِكۡمَةِۗ﴾

وە ئەو ئادابە مەشرووعانە کە ئاگادار بووین بەسەریانا لەو ئایەتانەدا لەو حوکمە جوانانەن کە خودا وەحی کردن بۆ لای تۆ.

﴿وَلَا تَجۡعَلۡ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتُلۡقَىٰ فِي جَهَنَّمَ مَلُومٗا مَّدۡحُورًا ﴿٣٩﴾﴾

وە قەت لەگەڵ خودادا مەعبوودێکی تر بڕیار مەدە تا بخرێیتە دۆزەخ بە لۆمەکراوی لە لایەنی خودا و فریشتەی خوداوە، وە بە دوورخراوەیی لە رەحمەتی خودا، وە ئەم وتارە کینایەیە لە باقی مەخلووقات ئەگەرنا پێغەمبەران دوورن لەو جۆرە بیر و باوەڕانە.

﴿أَفَأَصۡفَىٰكُمۡ رَبُّكُم بِٱلۡبَنِينَ وَٱتَّخَذَ مِنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنَٰثًاۚ إِنَّكُمۡ لَتَقُولُونَ قَوۡلًا عَظِيمٗا ﴿٤٠﴾﴾

ئایا پەروەردگاری ئێوە نێرینەی بۆ ئێوە هەڵبژاردووە و خۆی لە فریشتەکان نەتەوەی مێیینەی بۆ خۆی بڕیار داوە، بەم مەعنا خودا باوکی کچەکانە و کچەکان بریتین لە فریشتەکان؟! بە راستی ئێوە قسەیەکی زۆر دوور لە واقیع و خەتەرناك و خاوەن تاوان ئەکەن.

﴿وَلَقَدۡ صَرَّفۡنَا فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لِيَذَّكَّرُواْ وَمَا يَزِيدُهُمۡ إِلَّا نُفُورٗا ﴿٤١﴾﴾

وە بە راستی ئەم باسەمان لە قورئانا زۆر گۆڕی و بە گەلێ قاڵب نازڵمان کرد بۆ سەریان بە هیوای ئەوە بیر بکەنەوە و حاڵی ببن خودا پێویستی نییە بە نەتەوە نە کوڕ و نە کچ، وە خودا پاکە لە پەیوەندی لەگەڵ مومکیناتا بە خالیقی و پەروەردگاری نەبێ، لەگەڵ ئەوەدا ئەو کافرانە موبالات ناکەن و ئەو ئایەتانەی ئێمە دووری لە بیستنی حەق و نەفرەت لە هۆشکردنەوە زیاتر هیچیان بۆ زیاد ناکا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قُل لَّوْ كَانَ مَعَهُۥٓ ءَالِهَةٌ كَمَا يَقُولُونَ إِذًا لَّٱبْتَغَوْا۟ إِلَىٰ ذِى ٱلْعَرْشِ سَبِيلًا ﴿٤٢﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ئەم کافرانە لە لایەکەوە ئەولاد بۆ خودا بڕیار ئەدەن و لە لایەکەوە بتە تاشراوەکان ئەکەن بە مەعبوود لەگەڵیا جا تۆ پێیان بفەرموو لە مەقامی ئامۆژگاریدا: ئەگەر لەگەڵ خودادا چەن خودایەکی‌تر ببوایە ئولفەتیان بەیەکەوە ئەگرت و ڕێگەی هاتوچۆ و زیارەت و دیدەنییان بۆ خۆیان ئەدۆزییەوە و ڕێگەیەکیان ئەکردەوە بۆ لای خودای خاوەن عەرش و لەم عەرزەدا بەم شێوە نەدەکەوتن.

﴿سُبْحَـٰنَهُۥ وَتَعَـٰلَىٰ عَمَّا يَقُولُونَ عُلُوًّا كَبِيرًا ﴿٤٣﴾﴾

تەنزیهی خودا ئەکەین و بە پاك و دووری ئەزانین لەوە کە شەریك و هاوڕێی ببێ لە بەندەیی بۆ کردنا و لە دروستکردنی هیچ شتێکدا و لە بێباکی و بێ‌نیازیدا وە زۆر بەرز و باڵا بوڵەندە لەو سیفەتانە کە ئەو کافرە موشریکانە بۆی دائەنێن بە بەرزییەکی زۆر گەورە و زیاد.

﴿تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَـٰوَٰتُ ٱلسَّبْعُ وَٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ ۚ وَإِن مِّن شَىْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِۦ وَلَـٰكِن لَّا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ ۗ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا ﴿٤٤﴾﴾

خودای عالەم خودایەکی وەهایە هەر حەوت ئاسمانەکان تەسبیح و تەنزیهی ئەکەن لە شەریك، هەروەها عەرز بە وشك و تەڕیەوە و ئەو کەسانەیش وان لە ئاسمان و عەرزا، لە ئادەمیزاد و لە جینن و فریشتە و، هیچ شتێ نییە لە کائیناتا ئیللا تەسبیح و تەنزیهی خودا ئەکا لە عەیب و کەمی و بە تایبەتی لە هاوڕێ، بەڵام ئێوە لە تەسبیحاتەکانیان تێ‌ناگەن؛ چونکی ئەوەندە مەشغووڵی یاد و ناوی خودا نەبوون هەتا حاڵەتێك و مەلەکەیەکی نەفسی وەهاتان بۆ پەیدا ببێ کە لەو تەسبیحاتە حاڵی ببن، وە لەگەڵ ئەوەدا کە سەعی ناکەن بۆ گەیشتن بەو پایە بە ڕاستی خودا حەلیم

www.iqra.ahlamontada.com

و خاوەن لوتفە کە لەسەر ئەوانە تۆڵەتان لێ ناسێنێتەوە، وە تاوانبەخشە کە لەبەر غافڵ بوونەکەتان سزاتان نادا. جا مادام خودا ئەوەندە گەورە بێ کە کائینات هەموو تەسبیح و تەنزیهی بکا و سەنا و ستایشی زاتی بکەن چۆن رەوایە ئەو کافرە موشریکانە بڕیاری شەریك بدەن بۆ ئەو زاتە موقەدەسە؟!

بزانن! لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا گەلێ لە خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە: ئەم تەسبیحاتە بریتییە لە تەسبیحێك کە بە زمانی حاڵ بێ، واتە لەم ڕووەوە کە ئەمانە لە مومکیناتن، وە سیفەتی ئیمکان شت موحتاج ئەکا بە سانیع و پەروەردگار وە حادیسن و حودووس و دەرچوونی لە نەبوون بۆ پایەی بوون پێویستی بە فاعیل هەیە، ئەمانە دەلالەت ئەکەن لەسەر وجوودی سانیعی «واجب الوجود» و تاق و تەنیا. وە ئەم تەسبیح و ستایشە بە جۆرێکی‌تر نییە.

بەڵام من بە ئیستیناد لەسەر زاهیری ئایاتی زۆر و چەن حەدیسێکی شەریفا و بە دەلیلی عەقڵی و ئیستیدلال بە ئاسار باوەڕم وایە کە ئەم تەسبیحات و سوپاس و ستایشە هەموو بە تەرتیبێکی وایە شیاوی ئەو شتانە بێ، غەیری دەلالەتی حاڵ لە بەر ئەوە خودا تەوانایە و ئایەت و حەدیسەکانیش زاهیرن بۆ مەبەستی ئێمە ئیتر پێویست نییە لادەین لە زاهیر.

**دەلیل لە ئایەت:**

یەکەم: ئەم ئایەتە کە ئێستە باسی ئەکەین، وە بەتایبەتی جوملەی ﴿ولكن لا تفقهون تسبيحهم﴾؛ چونکە ئەگەر مەبەست دەلالەتی حاڵ، واتە دەلالەتی ئیمکان و حودووس بێ، ئەوە هەموو زانایەکی میانە ئەیزانێ. جا کە وابێ مانای تەسبیحێکە وەکوو کەلیمەی «سبحان اللّٰه و بحمده» و وێنەی ئەوانە.

www.iqra.ahlamontada.com

دووهەم: ئایەتی ﴿یسبح للّه...﴾.

سێهەم: ئایەتی ﴿سبح للّه... الآیة﴾.

چوارەم: ئایەتی ﴿إنا سخرنا الجبال معه یسبحن بالعشی والإشراق﴾[1] چونکە ئەگەر مەبەست دەلالەتی حاڵ بێ ئەوە خاس نییە بە بەیانی و ئێوارەوە، بەڵکوو هەتا زاتی ئەو شتە هەبێ ئەو دەلالەتە لازمی زات و ماهییەتی تیا نییە.

پێنجەم: ئایەتی ﴿وإن منها لما یهبط من خشیة اللّه﴾[2] کە زاهیرە لەوەدا بەردی رەقی وشك لە خودا ئەترسێ. زیاد لەمانەیش گەلێ ئایەتیتر هەیە.

**دەلیل لە حەدیس:**

ـ وەکوو ئەوە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «لا یسمع صوت المؤذن جن ولا إنس ولا شجر ولا حجر ولا مدر ولا شيء إلا شهد له یوم القیامة». واتە دەنگی بانگدەر نابیسێ جیننی یا ئادەمی یا دار یا بەرد یا گڵمۆتك یا شتێ ئیللا لە رۆژی قیامەتا شایەتی بۆ ئەدا، ئەوە مەعنای وایە کە لە دنیادا ئەو شتانە هەموو بانگەکەیان بیستووە بۆیە رۆژی قیامەت لە حوزووری خودادا شایەتییان بۆ ئەدەن.

ـ وە لە بوخاری شەریفدا لە ئیبنومەسعوودەوە ریوایەت ئەکا کە فەرموویەتی: «کنا نأکل الطعام مع رسول اللّه و نحن نسمع تسبیحه».

ـ وە لە سەحیحی موسلیمدا ریوایەت ئەکا لە جابیرەوە لە ئیبنوسومرەوە فەرموویەتی: حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «إني لأعرف حجراً بمکة کان یسلم علي قبل أن أبعث، إني لأعرفه الآن».

---

١. ص؛ ١٨.

٢. البقرة؛ ٧٤.

www.iqra.ahlamontada.com

ـ هەروا حەدیسی نالاّندنی ئەو لقە دارخورما کە حەزرەت ﷺ وەختی خۆی پاڵی پێوە ئەدا لە کاتی خوتبە خوێندنا وە لە پاشا گوێزرایەوە لەوێ رۆیشتە سەر مینبەر، لە ناو «محدثین»ا مەشهوورە.

ـ وە ئیبنوعەباس رضي الله عنهما ریوایەتی کردووە کە حەزرەت ﷺ رابورد بە لای دوو قەبرا و فەرمووی: ئەمانە سزا ئەدرێن و سزاکەیان لەسەر گوناحێکی گەورە نییە: یەکێکیان ئەڕۆیشت لە ناو خەڵکدا چلۆچۆیی ئەکرد، وە یەکێکیشیان لە کاتی تارەتا خۆی پاك نەدەکردەوە لە گمێز.

جا ئەمری فەرموو لقە خورمایەکیان بۆ هێنا ئەویش کردی بە دوو پارچەوە هەر یەکێ لەوانەی لەسەر قەبرێ لەو قەبرانە داچەقان و فەرمووی: رجا وایە سزاکەیان سووك ببێ مادام ئەم دارە تەڕ بێ. ئەمە ئیشارەیە بۆ ئەوە مادام ئەو دارە تەڕ بێ تەسبیحی خودا ئەکا، جا هەرچەن ئەمە نابێ بە دەلیل بۆ تەسبیحی جەمادات بەلاّم ئەبێ بە دەلیل بۆ تەسبیحی بێزمان.

ـ وە ئەبووزەڕی غەفاری رضي الله عنه ریوایەتی کردووە کە پێغەمبەر ﷺ حەوت بەردی بچووکی هەڵگرت بە دەستی خۆی و ئێمە تەسبیحی ئەو بەردانەمان بیست، لە پاشا خستنیە دەستی ئەبوویەکر لە دەستی ئەویشا تەسبیحیان کرد، جا خستنیە دەستی عومەرەوە لە دەستی ئەویشا تەسبیحیان کرد، جا خستنیە دەستی عوسمانەوە و لە دەستی ئەویشا تەسبیحیان ئەکرد. ئەم حەدیسە «بەزار» و «تەبەرانی» ریوایەتیان کردووە، وە لە ریوایەتی تەبەرانیدا ئەڵێ: هەرکەسێ لەو حەڵقەدا بوو هەموو دەنگی تەسبیحەکەیان ئەبیست، وە کاتێ کەوتنە دەستی ئێمە ئیتر دەنگیان نەبیسرا.

وە ئەمانە هەموو دەلیلن لەسەرئەوە کە تەسبیحاتی جەمادات بە شێوەی قسەی بیسراو بووە.

www.iqra.ahlamontada.com

ئەگەر کەسێ بڵێ: تەسبیحاتی جەمادات ئەبێ بە دەلالەتی حاڵی بێ نەك بە شێوەی عادەت لەبەر ئەوە زانایانی ئوسووڵ ئیستیدلالیان کردووە بە عیلم و قودرەت و کەلامی باری لەسەر حەیاتی باری، جا ئەگەر جەمادات کەلام و تەسبیحاتیان ببێ ئەوە ئیستیدلالی زانایانی ئوسووڵ [هیـ]ـچ نرخێکی نابێ، لەبەر ئەوە کە کەلام لە جەمادیشدا هەیە!

وەڵامەکەی ئەمەیە کە: سیفەتی حەیات «حەقیقەتێکی جینسیەیە» و چەن نەوع وا لە ژێریا:

نەوعی یەکەم: حەیاتی قەدیمەی زاتی باری تەعالا کە نە موحتاجە بە میزاج و بونیە و نە لە حەیاتی باقی خاوەن حەیاتەکان ئەچێ.

نەوعی دووهەم: حەیاتی حادیسە وە ئەم حەیاتە حادیسەیشە چەن سینفی هەیە وەکوو ئەندامی ژیانی ناسکی فریشتە و جینن، وە وەکوو حەیاتی موقارین بۆ میزاج و «بونیەی کەسیفە» لە ئادەمیزاد و باقی گیانلەبەرانا.

وە بازە سینفێکی لەگەڵ حیس و حەرەکەی ئیرادییەدا نییە، وەکوو حەیاتی مەشلوول و مەفلووج و بێهۆش و حەیاتی نەباتات و حەیاتی جەمادات لەسەر تەقدیری ئەوە کە تەسبیح و حەمدی خودا بکەن. جا ئەو ئیستیدلالە کە زانایانی ئوسووڵ کردوویانە ئیستیدلال بووە بە عیلمی شامیل و قودرەتی تەواو و کەلامی ئەزەلی و لایەزالی لەسەر حەیاتی قەدیمەی ئەزەلییەی ئەبەدییە نەك لەسەر حەیاتی حادیسەی براوە.

جا هەرچەن جەمادات خاوەن کەلام و خاوەن تەسبیحات بن بە عادەت رێگەی ئیستیدلالی زانایانی ئوسووڵ تێك ناچێ؛ چونکی دەلیلەکەیان عیلم و قودرەت و کەلامی کامیلە و مەدلوولەکەیش حەیاتی قەدیمەیە. کە وابێ ئەگەر کەلامێکی مەحدوود و تەسبیحی بێتە جێگە لە شتێکدا «ظاهرا» لە جەمادات بێ و لە واقیعا

www.iqra.ahlamontada.com

بەشێ لە حەیاتی حادیسەی تێدا ببێ بە قەی ئەو ئاسارە، ئەوا هەرگیز موعارەزەی ئیستیدلالی زانایانی ئوسوولی دین ناکا.

﴿وَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ جَعَلْنَا بَيْنَكَ وَبَيْنَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ حِجَابًا مَّسْتُورًا ﴿٤٥﴾﴾

هەر کاتێ تۆ قورئانی پیرۆز بخوێنیتەوە بەسەر ئادەمیزادێکدا کە باوەڕیان بە قیامەت نییە وە بۆیەت خوێندەوە کە فامی بکەن و باوەڕی پێ بکەن و ئیمان بێنن دروست ئەکەین لە بەینی تۆ و لە بەینی ئەوانا پەردەیەکی وا کە داپۆشراوە لە بەرچاوا و مانیعە لە فامی ئەو قورئانە و سوود لێ وەرگرتنی و ئیمان پێهێنانی.

وە ئەو پەردە یا فریشتەیەکە، یا لابردنی هێزی بیستن و بینینە، یا غەیری ئەمانە لەوانە وان لە عیلمی خودادا وەکوو سەلبی زانست لە کافرەکان.

﴿وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًا ۚ وَإِذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِى ٱلْقُرْءَانِ وَحْدَهُۥ وَلَّوْا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَـٰرِهِمْ نُفُورًا ﴿٤٦﴾﴾

وە دامانناوە و دائەنێین لەسەر دڵی ئەو بێئیمانە موعانیدانە چەن پەردەیەکی وا کە مانیع بن لە فامی حەقیقەت، وە لە ناو گوێچکەیشیانا کەڕی و گرانییەکی زۆر دائەنێین بۆ ئەوە کە کەلامی حەق بە راستی نەبیسن، وە کاتێ ناوی خودای خۆت ئەبەی لە قورئانا بە تەنیایی و بە بێ ناوی بتە بەتاڵەکان، هەڵئەسووڕێن بە دوای خۆیاندا لەبەر ناڕەزایی و نەتەویسی ئەو کەلامە بیستوویانە.

وە مەعلوومە ئەوەی کە خودا ئەیکا بەرابەر بەو کافرانە لەبەر ئەوەیە کە بە درێژی کات بەرانبەرکێ و بێشەرمییان دەربڕیوە لەگەڵ حەزرەتاﷺ وە خودایش قاری لێ گرتوون.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَسْتَمِعُونَ بِهِۦٓ إِذْ يَسْتَمِعُونَ إِلَيْكَ وَإِذْ هُمْ نَجْوَىٰٓ إِذْ يَقُولُ ٱلظَّـٰلِمُونَ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَّسْحُورًا ﴿٤٧﴾﴾

ئێمە زاناترین لە تۆ بەو شتە کە گوێ رائەگرن لە یەك بە هۆی ئەوەوە کە بریتییە لە گاڵتەکردن بە تۆ و بە دینەکەت و بەو قورئانە ئەیخوێنیتەوە لەو کاتەدا کە گوێت لێ رائەگرن، وە لەو کاتەدا کە لە ناو خۆیانا وتووێژ ئەکەن بە پەنامەکی لەو کاتەدا کە کافرە ستەمکارەکان یەك بە یەك ئەڵێن: ئەگەر ئێوە بکەونە شوێنی ئەم شەخسە ئەکەونە شوێن پیاوێکی جادوولێکراوی دڵ تێکچووی دەماخ زایەبوو.

﴿ٱنظُرْ كَيْفَ ضَرَبُوا۟ لَكَ ٱلْأَمْثَالَ فَضَلُّوا۟ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ سَبِيلًا ﴿٤٨﴾﴾

جا بڕوانە ئەی ڕەهبەری بەرز و ورد ببەرەوە بە دڵ کە ئەو کافرە بێشوعوورانە چلۆن «مُشبَّهٌبِهِ»یان بۆ تۆ باس کرد، جار جار بە شاعیر، جار جار بە کاهین، جار جار بە شێت و بێعەقڵ باست ئەکەن و نافامن قورئان هۆنراوە نییە، وە تۆ ئینسانێکی تەبیعەت پەستی کاهین مەشرەب نیت، وە نە دێوانەیەکی دوور لە فامی حەقیقەت، بەڵکوو بە پێچەوانەی ئەمانەوە.

لە هـەر بـاسێکدا نـاوت بـێتەدەر        پێغەمبەرێکی سـەربەرزی رەهبەر

بەڵام ئەمانە بە جۆرێ گومڕا بوون ناتوانن بێنەوە سەر رێگەی راست.

﴿وَقَالُوٓا۟ أَءِذَا كُنَّا عِظَـٰمًا وَرُفَـٰتًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ خَلْقًا جَدِيدًا ﴿٤٩﴾﴾ ۞

وە غایەتی شوبهەیان ئەوەیە کە لە لایان دوورە لە پاش مردن زیندوو ببنەوە وە ئەڵێن: ئایا ئێمە لەو کاتەدا بووین بە ئێسقانی کۆن و داڕزاین بە یەکا ئایا پاش ئەوە ئێمە زیندوو ئەکرێینەوە بە شێوەیەکی تازە؟!

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قُلْ كُونُوا حِجَارَةً أَوْ حَدِيدًا ﴿٥٠﴾ أَوْ خَلْقًا مِّمَّا يَكْبُرُ فِي صُدُورِكُمْ﴾

تۆ پێیان بفەرموو ئەی ڕەهبەری حەق: حەز ئەکەن ببن بە بەرد، یا بە ئاسن، یا بە هەر جۆرە شتێ کە زۆر لە دڵتانا گەورەیە و قابیلی دەس‌لێدان نییە، هەر خودا تەوانایە زیندووتان بکاتەوە.

﴿فَسَيَقُولُونَ مَن يُعِيدُنَا ۖ قُلِ الَّذِي فَطَرَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾

جا پاش ئەوە کە پێت ڕاگەیاندن کە ئێوە بەرد بن یا ئاسن بن قابیلن بۆ زیندووکردنەوە، ئەڵێن: کێ زیندوومان ئەکاتەوە؟ تۆیش لە وەڵامیانا بڵێ: ئەو کەسە زیندووتان ئەکاتەوە کە ئەوەڵ جار لە نەبوون دروستی کردوون.

﴿فَسَيُنْغِضُونَ إِلَيْكَ رُءُوسَهُمْ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هُوَ ۖ قُلْ عَسَىٰ أَن يَكُونَ قَرِيبًا ﴿٥١﴾﴾

جا پاش ئەو جوابەیش سەر با ئەدەن و بە گاڵتەکردنەوە ئەڵێن: ئەو زیندووکردنەوە کەی ئەبێ؟! تۆ پێیان بڵێ: هیوا وایە ئەو کاتە نزیك بێ.

﴿يَوْمَ يَدْعُوكُمْ فَتَسْتَجِيبُونَ بِحَمْدِهِ وَتَظُنُّونَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٥٢﴾﴾

جا ئەمجار بە شێوەی لادان لە وتار لەگەڵ کافران بۆ لای موسوڵمانان ئەفەرموێت بە موسوڵمانەکان: کاتی زیندووبوونەوەتان ڕۆژێکە کە خودا بانگتان ئەکا بۆ ئەوە حازر ببن بۆ حسێب و کتێب لەسەر کردەوە و ئێوەیش قەبووڵی ئەو بانگە ئەکەن و ڕاست ئەبنەوە لەگەڵ سوپاسی خودادا و وا ئەزانن کە لە دنیادا و لە بەرزەخی ناوبەینی دنیا و قیامەتا ماوەیەکی کەم نەبێ نەماونەتەوە. وە لەو ڕۆژەیشا کە ڕاست ئەبنەوە زیکرتان ئەوەیە ئەڵێن: «سبحانك اللّٰهم وبحمدك».

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ وَقُل لِّعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ ۚ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلْإِنسَانِ عَدُوًّا مُّبِينًا ﴿٥٣﴾ ﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بە بەندە موسوڵمانەکانم بڵێ: با قسەی جوان و نەرم و موناسب بکەن لەگەڵ کافرە موشریکەکانا و بە شێوەیەکی جوانتر لە هەموو شێوەیێ؛ چونکی هەمیشە شەیتان بۆ هەل ئەگەڕێ کە فیتنە و ئاشووب بەرزەوەکا لە ناو بەینی موسوڵمان و کافرا، بە راستی شەیتان دوژمنێکی دیاری و ئاشکرای موسوڵمانانە.

﴿ رَّبُّكُمْ أَعْلَمُ بِكُمْ ۖ إِن يَشَأْ يَرْحَمْكُمْ أَوْ إِن يَشَأْ يُعَذِّبْكُمْ ۚ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ وَكِيلًا ﴿٥٤﴾ ﴾

وە ئەو وتارە کە ئەیکەن لەگەڵ کافرەکانا ئەمەیە بڵێن: خودای ئێوە زاناترە بە ئەحواڵی ئێوە، ئەگەر خواستی ببێ رەحمتان پێ ئەکا و شارەزاتان ئەکا بۆ رەفتار بە رێگەی راست، یا ئەگەر خواستی هەبێ سزاتان ئەدا، وە ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆمان رەوانە نەکردووە بۆ سەر ئەوان بە کەسێکی وا هەموو ئیشێکیان هەواڵەی تۆ بێ.

﴿ وَرَبُّكَ أَعْلَمُ بِمَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۗ وَلَقَدْ فَضَّلْنَا بَعْضَ النَّبِيِّينَ عَلَىٰ بَعْضٍ ۖ وَآتَيْنَا دَاوُودَ زَبُورًا ﴿٥٥﴾ ﴾

نەك تەنیا بە حاڵی ئەو کافرانە بەڵکوو خودای تۆ زاناترە لە ئێوە بە هەرکەسێ کە وا لە ئاسمانەکانا یا وا لە عەرزا لە: پێغەمبەران و غەیری پێغەمبەران و، لە موسوڵمانان و کافران، وە ئەم ئادەمیزادانەیشم وا دروست کردووە کە بازێکیانم کردووە بە پێغەمبەر بۆ لای بازێکیان و لەو پێغەمبەرانەیشدا بازێکمان پایە پێداوە بەسەر بازێکدا، وە زەبووریشم داوە بە داوود و داوود پێغەمبەرە و گومان مەبەن کە کەسێ گەورەیی

www.iqra.ahlamontada.com

و سەرۆکی ببێ نابێ بە پێغەمبەر، نەخەیر خودا خۆی ئەزانێ کێ هەڵئەبژێرێ بۆ گەورەیی لە دنیادا یا لە دینا.

﴿ قُلِ ٱدْعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِهِۦ فَلَا يَمْلِكُونَ كَشْفَ ٱلضُّرِّ عَنكُمْ وَلَا تَحْوِيلًا ﴿٥٦﴾ ﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ بەو کەسانە کە غەیری خودا ئەپەرستن، وەکوو عیسای مەسیح و عوزەیر: هاوار ببەن بۆ لای ئەوانە کە گومانیان پێ ئەبەن بە گەورەیی لە غەیری خودا، بزانن ئەوانە هیچ کارێکیان پێ ئەکرێ بە بێ خواستی خودا؟ (حاشا و کلا!) بە هیچ شێوەیێ ناتوانن هیچ زیانێ لە ئێوە دوور بخەنەوە یان شتێ لە سەر ئێوە لادەن و بیدەن بە سەر یەکێ‌تردا.

﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ ۚ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحْذُورًا ﴿٥٧﴾ ﴾

وە ئەو ئادەمیزادە موبارەکانە کە ئەو کافرانە عیبادەتیان بۆ ئەکەن و بانگیان ئەکەن بۆ چاری ئازار و وەرگرتنی فەڕ و پیت، خۆیان ئەگەڕێن بە دوای شتێکدا کە نزیکیان بکاتەوە لەو خودا کامیان کە بە بیری خەڵکی نزیکترە لە خوداوە هەموو وان بە دوای تاعەتێکەوە کە بیانگەیەنێ بە ڕەزای خودا و هیوای ڕەحمەتی خودایان هەیە و بیمیان لە سزای خودا هەیە، وە حەقیشیانە کە بترسن لە سزای خودا؛ چونکی سزای خودا بە ڕاستی نابار و ناهەموارە و مەترسی لێ ئەکرێ.

﴿ وَإِن مِّن قَرْيَةٍ إِلَّا نَحْنُ مُهْلِكُوهَا قَبْلَ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ أَوْ مُعَذِّبُوهَا عَذَابًا شَدِيدًا ۚ كَانَ ذَٰلِكَ فِى ٱلْكِتَٰبِ مَسْطُورًا ﴿٥٨﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەم یاخی بوون و سەرکێشییە هەر بۆ ئەم کافرانی مەککە و دەور و بەری مەککەیە نییە، بەڵکوو هەموو تاقم و چینێ لە ئادەمیزاد کاتێ دەستەڵاتیان پەیدا کرد و ماوەیێ خودا نیعمەت و دارایی باراند بە سەریانا دەست ئەکەن بە لادان لە یاسای دادگەری. جا لەسەر ئەم وەزعە بڕیارمان داوە کە هیچ ئاوەدانییەکی خاوەن دەستە و بەستە و قەرەباڵغ نییە لە دنیادا ئیللا ئێمە ئەو قەرەباڵغە و خەڵکی ئەو ئاوەدانییە لە ناو ئەبەین و ریشەکەنیان ئەکەین لە پێش رۆژی قیامەتا، یا سزایان ئەدەین بە سزادانێکی زۆر سەخت و نابار. وە ئەم رووداوانە هەموو لە «لوح المحفوظ»دا نووسراون و هەموویشیان وەرگرتنی تۆڵەی لادانە لە یاسای راستی خودایی و پاڵدانەوەیە لەسەر هێزی دنیا بە جۆرێ کە شیعاریان ئەمە بێ: یاسای جیهان ئەمەیە کە خاوەن هێز بێ‌هێزەکان بخوات.

﴿وَمَا مَنَعَنَآ أَن نُّرۡسِلَ بِٱلۡأٓيَٰتِ إِلَّآ أَن كَذَّبَ بِهَا ٱلۡأَوَّلُونَۚ﴾

ئێمەی مەنع نەکردووە لەوە کە ئەو موعجیزانە بنێرین کە کافرەکان داوای ئەکەن وەك: ناردنی فریشتە، یا دەرخستنی باخی دڵگوشادی عالەمی بۆ ئەوان، ئەوە نەبێ کە ئوممەتە پێشووەکان کاتێ ئایەتیان بۆ دەرئەخرا بە درۆیان ئەخستەوە و ئێمەیش ریشەکێشمان ئەکردن، وە ئێستە ئەگەر ئەو ئایەتانە دەربخەم بۆ ئەهلی مەککە ئەزانم ئەوانیش بە درۆی ئەخەنەوە و منیش لەسەر یاسای خۆم ریشەکەنیان ئەکەم. وە خواستیشم لەسەر ئەوە نییە؛ چونکی لە نەتەوەی ئەوانە گەلێ ئینسانی باش دروست ئەکەم.

﴿وَءَاتَيۡنَا ثَمُودَ ٱلنَّاقَةَ مُبۡصِرَةٗ فَظَلَمُواْ بِهَاۚ﴾

ئەوە بوو ئێمە دامان بە قەبیلەی «سەموود» ئەو موعجیزە کە داوایان کرد وەکوو وشترێکی مێچکە لەگەڵ بەچکەیەکدا، وە حاڵی ئەو وشترە وەها بوو کە موعجیزەیەکی

www.iqra.ahlamontada.com

دیاری و رووناك بوو، کەچی هۆزی سەموود ستەمیان کرد و خۆیان تووشی تۆڵە کرد بە پەی کردنی ئەو وشترەوە.

﴿وَمَا نُرۡسِلُ بِٱلۡأٓيَٰتِ إِلَّا تَخۡوِيفٗا ﴿٥٩﴾﴾

وە ئێستە کاتێ بازە ئایەتێ بنێرین بۆ قەومی مەککە وەکوو گرانی و قاتی و رووداوی بەدر و بازە شتێکی وەها، نای نێرین بۆ ترساندنی ئەهلی مەککە نەبێ، ئەنا ئەگەر ئایەتە گەورەکان بنێرین و قەومەکە ئینکاری بکەن ئەو قەومە لە ناو ئەبەین.

﴿وَإِذۡ قُلۡنَا لَكَ إِنَّ رَبَّكَ أَحَاطَ بِٱلنَّاسِۚ﴾

وە تۆ باسی ئەوە بکە کە چەن جار بە تۆم وتووە بە راستی خودای تۆ ئیحاتەی داوە بە ئادەمیزادا و دەورەی داون و هەموو وان لە قەبزەی قودرەتی ئەوا، هەرکاتێ خواستم بێ ئەتوانم سزایان بدەم بەڵام لەبەر ئەوە بڕیاری ئەوەم داوە ئەیانفەوتێنم تەئجیلی ئەو سزایەم کردووە.

﴿وَمَا جَعَلۡنَا ٱلرُّءۡيَا ٱلَّتِيٓ أَرَيۡنَٰكَ إِلَّا فِتۡنَةٗ لِّلنَّاسِ وَٱلشَّجَرَةَ ٱلۡمَلۡعُونَةَ فِي ٱلۡقُرۡءَانِۚ﴾

وە ئەو خەوەی کە نیشانی تۆمان دا وەکوو خەوبینین بێ بەوە کە ئەڕۆنە مزگەوتی حەرامی مەککەوە لەگەڵ یارانا، کردمان بە فیتنە بۆ بازە کەسێ کە ئیمانیان لاوازە لە بەر ئەوە کە بە هۆی گەڕانەوەتان لە جاری یەکەمدا دەستیان کرد بە قسە و باس و بە درۆخستنەوەی تۆ.

هەروا باسی ئەو درەختە ناهەوارە دوور لە رەحمەتی ئێمە وەکوو داری «زەقوم» بێ کە لە ناو دۆزەخا ئەیڕوێنین ئەویشمان کرد بە فیتنە بۆ بازێ بێعەقڵ کە ئەیگوت: چۆن داری تەڕ لە ناو ئاگردانا ئەڕوێت؟ وە نازانێ دەستەڵاتی من لەوانە باڵاترە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَنُخَوِّفُهُمْ فَمَا يَزِيدُهُمْ إِلَّا طُغْيَانًا كَبِيرًا ﴿٦٠﴾﴾

وە ئەو قەومی تۆیە هەر لەسەر ئەو حاڵی خۆیانە ماون و عەقڵی ساغ ناخەنە کارەوە، بۆیە هەرچەن ئەیانترسێنم قەت پەند وەرناگرن و بیر ناکەنەوە و رێگەی راست ناگرن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە هەر یاخی ئەبن و سەرپێچی زیادەیان لێ پەیدا دەبێ. جا ئەمە هەرەشەیە و مانای ئەمەیە ئێمە کەسمان لە دەس دەرناچێ جا با پێیان هەڵبکێشن و دەست بکێشنەوە لە کاری نابار ئەگەرنا تاڵاوی کزی ئەبەین بە دەمیانا.

﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ قَالَ ءَأَسْجُدُ لِمَنْ خَلَقْتَ طِينًا ﴿٦١﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست باسی ئەوە بکە کە وتمان بە فریشتەکان: سوجدەی رێز ببەن بۆ ئادەم ـ باوکی ئادەمیزاد ـ ئەوانیش هەموو سوجدەیان برد ئیبلیس نەبێ، ئەو سوجدەی نەبرد و بە رووی رەخنە گرتنەوە وتی: ئایا من قەت سوجدە ئەبەم بۆ ئەو کەسەی کە تۆ لە گڵ دروستت کردووە؟!

﴿قَالَ أَرَءَيْتَكَ هَٰذَا ٱلَّذِى كَرَّمْتَ عَلَىَّ لَئِنْ أَخَّرْتَنِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٦٢﴾﴾

جا شەیتان بۆ حاڵی بوون لە کاکڵەی فەرمانی خودا وتی: ئاگادارم بکە لەم ئینسانە کە تۆ گەورەیی و پایەت پێداوە و گەورەت کردووە بەسەرما بۆچی و بە چ یاسایێ پایەت پێدا بەسەر ئێمەدا کە لە مایەی نازك دروست کراوین؟ بەڵام ئەگەر شوعووری خاوەن نووری ببوایە لە پاش ئیقرارکردن بەوە کە خودا ئەوانی لە مایەی نازك دروست کردووە و ئادەمیشی لە گڵ دروست کردووە و تەوانای بووە لە مادەی

www.iqra.ahlamontada.com

بێنوور شتێ دروست بکا و بیگەیەنێ بە پایەکی وەها بیکا بە «خلیفة اللّٰه» لە عەرزا ئەیزانی کە ئەو فەرمانە بێحیکمەت نییە و ئیتر ئەو پرسیار و ڕەخنەکارییەی نەدەکرد.

جا بە تەئکیدەوە وتی: ئەگەر مۆڵەتم بدەی تا ڕۆژی قیامەت هەرچی نەتەوەی ئادەم هەیە هەموویان ڕیشەکەن ئەکەم بە گومڕاکردنیان، وە هەموویان ماڵوێران ئەکەم بە هەوای ناڕەوای ئارەزووبازییەوە مەگەر کەمێ لەوان کە دەرەقەتی نەیەم لە بەر ڕاستی و ڕاساڵی.

﴿ قَالَ ٱذْهَبْ فَمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ فَإِنَّ جَهَنَّمَ جَزَآؤُكُمْ جَزَآءً مَّوْفُورًا ﴿٦٣﴾ ﴾

خودا فەرمووی: بڕۆ لەوە زیاتر مەدوە! من ئادەم و ئادەمیزادم بۆ ئەوە دروست کردووە بەندەی ساغ و سافی خۆم لە ئینسانی بێنرخ و مایە جیا بکەمەوە، دەی هەرکەسێ ئەوەنە بێمایە بێ بکەوێتە دوای تۆ کە یەکەم هەواپەرستی، بزانە ئەوە دۆزەخ جەزای ئێوەیە تابیع و مەتبووع بە جەزایەکی ڕەسا و پێا گەیشتوو.

﴿ وَٱسْتَفْزِزْ مَنِ ٱسْتَطَعْتَ مِنْهُم بِصَوْتِكَ وَأَجْلِبْ عَلَيْهِم بِخَيْلِكَ وَرَجِلِكَ وَشَارِكْهُمْ فِى ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَوْلَٰدِ وَعِدْهُمْ ۚ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا ﴿٦٤﴾ ﴾

وە سووك ڕاپەڕێنە لەوان هەرکەسێ کە ئەتوانی ڕایپەڕێنی بە دەنگدانی خۆت، وە هەرا بکە بە سەریانا بە سوارە و پیادەی خۆتەوە و ببە بە شەریکیان لە داراییاندا بە گردکردنەوەی لە حەڵاڵ و حەرام و پاك و پیس، وە لە نەتەوەدا بە هۆی ناڕەوایی بەخێوکردنیان بە حەڵاڵ و حەرام و موبالات نەکردن بە ڕەوایی یاسای مارەکردنی دایکیانەوە و گوێ نەدان بە مانەوەی عیسمەتی شەرعی و نەمانەوەی، وە بە تەرکی

www.iqra.ahlamontada.com

تەمێ و تەربییە و رووکردنیان لە ئایینی خودایی وە بە هۆی ختەدانیان بۆ بیر و باوەڕی نابار و کردەوەی ناهەموارەوە، وە فوو بکەرە کەلـلەیانەوە بە ئارەزوو نیشاندانی بێبایەخ هەتا هێزت تێدایە، وە لە واقیعا ئیبلیس وادە نادا بە کەس بە بایی‌کردن و جوان‌کردنی شتی ناشیرین نەبێ لە بەر چاویانا.

﴿إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ ۚ وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ وَكِيلًا ﴿٦٥﴾﴾

بە راستی ئەوانەی کە بە بێ‌قەید و شەرت و بە بێ‌هەوا و مەرج بەندەی خودای خۆیانن بۆ تۆ نییە رێگەی زاڵ بوون بە سەریانا ئەوان وان لە ئاسمانا و تۆ وای لە عەرزا، تۆ وای لە پایەی پەستا و ئەوان لە پایەی بەرزا وە خودا بەسە و کافییە بۆ ئەوە ببێ بە پەنای هات و هاواری ئەوان ئەو خودای تەوانایە کە پەروەردگاری تۆیە.

﴿رَّبُّكُمُ الَّذِي يُزْجِي لَكُمُ الْفُلْكَ فِي الْبَحْرِ لِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ ۚ إِنَّهُ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا ﴿٦٦﴾﴾

پەروەردگاری ئێوە ئەو کەسەیە کەشتی رەوان ئەکا بە هەوا لە دەریادا بۆ ئەوە کە ئێوە کەسبی نیعمەتی ئەو بکەن لە عەینی دەریاکانا وە یا لەو بەندەرانەدا کە ئێوەی پێ‌ئەگەن، بە راستی ئەو پەروەردگارە میهرەبانە بۆ ئێوە.

﴿وَإِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فِي الْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلَّا إِيَّاهُ ۖ فَلَمَّا نَجَّاكُمْ إِلَى الْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ ۚ وَكَانَ الْإِنسَانُ كَفُورًا ﴿٦٧﴾﴾

وە کاتێ کە لە دەریادا زەحمەت و بیمی خنکانتان پێ بگات کەس لە دڵتانا نامێنێ هاواری بۆ ببەن ئەو خودا نەبێ، کەچی کاتێکیش رزگارتان ئەکا و ئەگەنە وشکانی لە فەرمانی ئەو خودا لائەدەن و ناسوپاسی ئەکەن، وە لە واقیعا ئادەمیزاد هەروا ناسوپاس بووە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ أَفَأَمِنتُمْ أَن يَخْسِفَ بِكُمْ جَانِبَ ٱلْبَرِّ أَوْ يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا ثُمَّ لَا تَجِدُوا۟ لَكُمْ وَكِيلًا ﴿٦٨﴾ ﴾

ئایا هەر بەوە کە لە دەریا دەرچوون ئیتر ئەمینن لەوەی کە خودا تەنیشتی وشکانی عەرزتان پێوە بباتە خوارەوە و لەناوتان ببا، یاخود بایەکی بەهێز و توند و تاوی بەرد و لم هەڵگر رەوانە بکاتە سەرتان کە وردە بەردی دنیاتان بەسەرا ببارێنێ هەتا ئەتان شارێتەوە لە ژێریا و لە پاش ئەوە کەستان دەست نەکەوێ پەنای بۆ ببەن کە لە ژێر ئەو بەردانەدا دەرتان بکا؟

﴿ أَمْ أَمِنتُمْ أَن يُعِيدَكُمْ فِيهِ تَارَةً أُخْرَىٰ فَيُرْسِلَ عَلَيْكُمْ قَاصِفًا مِّنَ ٱلرِّيحِ فَيُغْرِقَكُم بِمَا كَفَرْتُمْ ثُمَّ لَا تَجِدُوا۟ لَكُمْ عَلَيْنَا بِهِۦ تَبِيعًا ﴿٦٩﴾ ﴾

یا خەیر ئەمینن لەوە کە جارێکیتر لەبەر ناچاری پەیداکردنی ژیوار خودا بتان باتەوە بۆ ناو کەشتی لەسەر دەریادا، جا ئەمجار بایەکی بەهێزی مادەشکێن بنێرێ بۆ سەرتان و کەشتییەکەتان هەڵگێڕێتەوە و بتانخنکێنێ لە دەریادا بە هۆی ئەو ناسوپاسیانەوە کە کردتانن، جا پاش ئەم کارەساتە کەستان دەس نەکەوێ، واتە کەس نەمێنێتەوە کە بکەوێتە دوای داوای تۆڵەی لەش و بەشی لە ئاوا ون بووەکەتان. کە ئێمە ئەوەندە تەوانایین بۆ بیرێ ناکەنەوە؟

﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِىٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا ﴿٧٠﴾ ﴾

وە ئەم ئادەمیزادە نابارانە کە وەها ناسوپاسی ئەکەن وە نەبێ کە من خزمەتم نەکردبن، بەڵکوو بە راستی ئێمە کەرامەت و پایەمان دا بە ئادەمیزاد بەوە کە هەیکەڵ

www.iqra.ahlamontada.com

و قەوارەی جوانمان پێدا و میزاجێکی ساغمان دروست کرد لە لەشیا و هۆش و گۆش و بینایی و تەوانایی و خواهش و خواستگاریمان پێدان و هێزی ژیان و ژیوارمان بۆ کرد بە ماڵ و شارەزامان کردن بۆ زانیاری و پیشە کاری و هەڵمان گرتن لە وشکانا لە سەر پشتی گیانداری بارەبەری ماوە تەی‌کەر، وە لە هەموو ژیوارێکی دڵخوازی باشمان دانێ و پایەمان پێدان بەسەر گەلێ لەوانەدا کە دروستمان کردوون بە گەورەکردنێکی باش، کەچی بەرابەر بەم هەموو نیعمەتە کە پێمان داون ئەوە ئەکەن کە ئەوان خۆیان ئەیزانن.

﴿ يَوْمَ نَدْعُوا۟ كُلَّ أُنَاسٍۭ بِإِمَـٰمِهِمْ ۖ فَمَنْ أُوتِىَ كِتَـٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ يَقْرَءُونَ كِتَـٰبَهُمْ وَلَا يُظْلَمُونَ فَتِيلًا ﴿٧١﴾ ﴾

بەڵام خۆ ئەم ئادەمیزادانە لە دەستی من دەرناچن و جەزایان ئەدرێتەوە لەو رۆژەدا کە هەر تاقمە ئادەمیزادێ بە ناوی پێشەواکانیانەوە بانگ ئەکەین وە فریشتە بانگ ئەکا: با پەیڕەوانی فلاّن پێغەمبەر یا فلاّن رەهبەر بێن بۆ مەیدانی حسێب و دەفتەری خۆیان وەربگرن، جا هەرکەسێ لەوان کە کتێبی بیر و باوەڕ و کردەوەی خۆی بدرێ بە دەستی راستیەوە ئەوە ئەوانە لەبەر خۆشحالی و شادمانی بەوەی ئەیبینن لەو کتێبەدا، ئەو کتێبی خۆیانە ئەخوێننەوە و بە قەی پەردەی سەر ناوکە خورمایێ ستەمیان لێ نەکراوە و ناکرێ.

﴿ وَمَن كَانَ فِى هَـٰذِهِۦٓ أَعْمَىٰ فَهُوَ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ أَعْمَىٰ وَأَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٧٢﴾ ﴾

وە هەرکەسێ لەوان کە لەم دنیادا کوێر بووبێ لە راستی و رێگەی راستی نەگرتبێ ئەوە لەو رۆژەدا کاتێ کتێبەکەی لە لای چەپەوە پێ‌درا گەلێ کوێرتر و گومڕاترە و کتێبەکەی بە درژی و زویری وەرئەگرێ و بۆی ناخوێنرێتەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَإِن كَادُوا۟ لَيَفْتِنُونَكَ عَنِ ٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ لِتَفْتَرِىَ عَلَيْنَا غَيْرَهُۥ ۖ وَإِذًا لَّٱتَّخَذُوكَ خَلِيلًا ﴿٧٣﴾﴾

بە راستی نزیك بوو ئەو کافرە بەدبەختە خاوەن فرو فێڵانە دڵت تێك بدەن و لات بدەن لە بازێ لەو حوکمانە کە وەحیمان کردووە بۆ لای تۆ تا لەسەر دڵخوازی ئەوان غەیری ئەو حوکمانە نیسبەت بدەی لە خودای تەعالا، وە ئەگەر موافەقەی ئەوانت بکردایە بە قسەی خۆیان ئەیانگرتی بە دۆستی ماوەی ژیانیان.

﴿وَلَوْلَآ أَن ثَبَّتْنَٰكَ لَقَدْ كِدتَّ تَرْكَنُ إِلَيْهِمْ شَيْـًٔا قَلِيلًا ﴿٧٤﴾﴾

وە ئەگەر ئێمە بەو عیسمەتە داومانە بە تۆ و بەو حیکمەتە کە وا لە دڵتا و دڵی رووناك کردووی تۆمان لەسەر حەق دامەزراو نەکردایە نزیك بوو کەمێ مەیل بکەی بە لایانا، واتە لە بازە ئادابێکدا کە داخڵی عەقیدەی ئیسلام نەبێ و زیانێکی گشتی تیا نەبێ؛ وەکوو تەفزیلی قەبیلەیێ بەسەر قەبیلەیەکدا.

﴿إِذًا لَّأَذَقْنَٰكَ ضِعْفَ ٱلْحَيَوٰةِ وَضِعْفَ ٱلْمَمَاتِ ثُمَّ لَا تَجِدُ لَكَ عَلَيْنَا نَصِيرًا ﴿٧٥﴾﴾

وە ئەگەر ئەو کەمە مەیلەت بکردایە بە لایانا پێمان ئەچەشتی زەعیفی لە ژیانتا؛ چونکی باوەڕی خەڵك کز ئەبوو پێت، وە زەعیفی کاتی مردن و پاش مردن؛ چونکی تاوانی بچووکی نزیکانی بارەگا تاوانێکی گەورەیە وە بازێ کاری باش بۆ ئینسانی باشی عادەتی تاوانە بۆ مەحرەمانی حوزووری خودای تەعالا وە پاش ئەوە کەستان دەس نەدەکەوت ببێ بە یارمەتیدەری تۆ.

عەتا ریوایەتی کردووە لە ئیبنوعەباسەوە ﵄ کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لە شانی پۆلێ لە هۆزی «سەقیف»دا هاتن بۆ لای حەزرەت ﷺ و گەلێ شتیان داوا

www.iqra.ahlamontada.com

کرد مەعقوول و نامەعقوول؛ ئەیانوت: ئەو عەرزی ئێمەیشە بکە بە وێنەی عەرزی حەرەمی مەککە نە داری نەگیانداری نە گیای دەستیان بۆ نەبرێ، وە سالێ جارێکیش ئیزنمان بدە بڕۆین بۆ زیارەتی بتەکەمان کە ناوی «لات»ە، وە پایەی ئێمە بەرز بکە بەسەر پایەی باقی دەور و پشتی خۆمانا... وە گەلێ هاتوچۆیان کرد لەم بابەتەوە کە ئەگەر لوتفی خودا نەبوایە [لەوانەبوو] حەزرەت موافەقەی بکردایە لەسەر ئەوە کە سەقیف گەورەترن لە باقی عەرەبی دەوریان. جا خودا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد.

﴿وَإِن كَادُواْ لَيَسْتَفِزُّونَكَ مِنَ ٱلْأَرْضِ لِيُخْرِجُوكَ مِنْهَا وَإِذًا لَّا يَلْبَثُونَ خِلَٰفَكَ إِلَّا قَلِيلًا ٧٦ سُنَّةَ مَن قَدْ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِن رُّسُلِنَا وَلَا تَجِدُ لِسُنَّتِنَا تَحْوِيلًا ٧٧﴾

بە راستی نزیك بوو کافرەکانی مەککە بێئارامت بکەن لە عەرزی مەککەدا بۆ ئەوە کە دەرت بکەن، وە ئەگەر ئەوەیش بکەن ئەوان لە پاش دەرچوونی تۆ نامێننەوە لە ولاتا ماوەیەکی کەم نەبێ، وە ئەمە رەفتاری منە و یاسای ئەو پێغەمبەرانەیە کە لە ولاتی خۆیانا ئازار دراون و دەرکراون پاش دەرچوونی ئەوان ئومەتەکەیشیان لە ناو چوون، وە بۆ ئەم یاسای دامەزراوی ئێمە گۆڕانت دەس ناکەوێ.

ئەم ئایەتانە نازڵ بوون لەو کاتەدا کە موشریکەکان کەوتنە گردەوە بوون و راوێژکردن لەسەر ئازاردانی حەزرەت بۆ ئەوە بیکوژن یا دەری بکەن، وە بە رەغمی ئەوە کە حەزرەت بە فەرمانی خودا لە مەککە کۆچی کرد، بەڵام هەر لەبەر هێرشی فیتنەی ئەوان خودا ئەمری دا بە کۆچکردنی حەزرەتﷺ وە فیعلەن کۆچی کرد. وە لە پاش کۆچکردنی ئەویش کافرەکان بازێکیان لە جەنگی بەدرا کوژران و باقیەکانیشیان ئەو شافەیانە نەما و «کأنە» هەموویانە فەوتان.

www.iqra.ahlamontada.com

بێجگە لەوە فەتحی مەككە وەكوو دەركردنی مەككەییەكان بوو لە وڵاتی خۆیان؛ چونكی غەیری ملكەچی كردن هیچیان بۆ نەماوە.

وە ئەو ریوایەتە كە گۆیا حەزرەت ﷺ لەسەر تەرغیب و تەشویقی یەهوودی مەدینە ویستی بڕوا بۆ شام هەتا ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە جا حەزرەت عەزمی لەسەر ئەو كۆچە تێكچوو، لە «روح المعاني»دا بە بەتاڵی دائەنێ.

﴿ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِدُلُوكِ ٱلشَّمۡسِ إِلَىٰ غَسَقِ ٱلَّيۡلِ وَقُرۡءَانَ ٱلۡفَجۡرِۖ إِنَّ قُرۡءَانَ ٱلۡفَجۡرِ كَانَ مَشۡهُودٗا ٧٨ ﴾

نوێژی خۆت بەجێبێنە لە كاتی لادانی ڕۆژ لە خەتی نیوەی ڕۆژا هەتا كاتی تاریكی شەو، وە نوێژی كاتی دەركەوتنی سبەینێیش بەجێبێنە؛ چونكە بە ڕاستی نوێژی بەیانی نوێژێكە فریشتەكانی شەو و ڕۆژ هەموو تیایا یەك ئەگرن. جا لەم ئەندازەدا نوێژی نیوەڕۆ و عەسر و مەغریب و عیشا و بەیانی هەیە.

﴿ وَمِنَ ٱلَّيۡلِ فَتَهَجَّدۡ بِهِۦ نَافِلَةٗ لَّكَ عَسَىٰٓ أَن يَبۡعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامٗا مَّحۡمُودٗا ٧٩ ﴾

وە لە بازێ لە كاتەكانی شەویشدا تەركی خەو بكە بۆ نوێژكردن و نوێژی تێدا بكە بە فەرزی زیاد لە پێنج فەرزە بە تایبەتی بۆ بەرزی پایەی تۆ، هیوا هەیە لە ئەنواری ئەم تاعەت و عیبادەتە دائیمەدا خودا لە ڕۆژی قیامەتا ڕەوانەت بكا بۆ مەقامێ و بۆ شوێن و پایەیەكی تاریف كراوی بڵند لە لای خودادا كە مەقامی «شەفاعەتی گەورەیە» لە قیامەتا.

﴿ وَقُل رَّبِّ أَدۡخِلۡنِي مُدۡخَلَ صِدۡقٖ وَأَخۡرِجۡنِي مُخۡرَجَ صِدۡقٖ وَٱجۡعَل لِّي مِن لَّدُنكَ سُلۡطَٰنٗا نَّصِيرٗا ٨٠ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە بپاڕێرەوە لە خودا بڵێ: یا رەبی بە میهرەبانی و کەرەم و ئیحسانی خۆت داخڵی شاری مەدینەم ئەکەی باشی بکە، وە دەرم ئەکەی لە مەککە با دەرچوونێکی باش بێ، وە یا ئەمخەیتە قەبرەوە بە رەزا و رەحمەت وە لە قەبریشم دەرئەکەی بۆ رۆژی حەشر با دەرچوونێکی باش بێ، وە ئەمخەیتە ناو هەر کارێکەوە باش بمخە ناوی، وە کاتێ لەو کارەیش دەرت کردم با باش بێ و هێزێکی یارمەتیدەرم لە لایەنی خۆتەوە بۆ بڕیار بدە بۆ ئەوە کە فەتحی مەککە بکەم لە پاش دەرچوونم بۆ مەدینە، یاخود بۆ ئەوە کە «مهمّة»ی بڵاوکردنەوی ئیسلام تەواو بکەم.

﴿ وَقُلْ جَآءَ ٱلْحَقُّ وَزَهَقَ ٱلْبَٰطِلُ ۚ إِنَّ ٱلْبَٰطِلَ كَانَ زَهُوقًا ﴿٨١﴾ ﴾

وە لە جێگەی باسی نیعمەتی خودادا کاتێ کە فەتحی مەککەت کرد و رۆیشتیتە ناو کەعبەوە بڵێ: وا بە راستی دینی ئیسلام هات بۆ بەیت لە پاش ئەوە کە بتپەرستەکان ماوەیێ داگیریان کردبوو، وە دینی پووچ کە بتپەرستییە دەرچوو، بە راستی شتی پووچ هەر دەرچووە و دەرچوون نەبێ هیچی بۆ ناشێ.

وە یا خود شیعاری وتارت لە موناسەباتا ئەم ئایەتە جوانە بێ: ﴿جاء الحق وزهق الباطل إن الباطل كان زهوقاً﴾.

ریوایەت کراوە لە ئیبنومەسعوودەوە رضي الله عنه کاتێ حەزرەت ﷺ فەتحی مەککەی کرد رۆیشتە ناو حەرەمی کەعبەوە وە لەو کاتەدا سێسەد و شەست بتی تێدا بوو عاسایەکی بە دەستەوە بوو ئەیکرد بە چاوی بتەکانا و ئەیفەرموو: ﴿جاء الحق وزهق الباطل...﴾ وە بتەکان ئەکەوتن، هەتا هەموو بتەکانی خست. وە بتی قەبیلەی «خزاعة» لە سەر بانی کەعبە بوو لە مس دروست کرابوو حەزرەت فەرمووی بە «عەلی»: بڕۆ ئەو بتە فڕە بدە ئەویش رۆیشتە سەربانی کەعبە و بتەکەی خستە خوارەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارًا ﴿٨٢﴾ ﴾

ڕەوانە ئەکەین بۆ سەر پێغەمبەری خۆمان ئەوەی کە شیفایە و هۆی ڕزگاری و ئاسایشە بۆ موسوڵمانان لە ئایاتی قورئان، واتە شیفایە بۆ نەخۆشی نەزانی و بۆ دەردی بێ‌ئەخلاقی و بەدخوڵکی، وە شیفایە بۆ ناساغی عەقیدە و بیر و باوەڕ و کردەوەی بە سوود، وە شیفایە بۆ دووری لە یاسای حوکمداری و دادگەری، وە شیفایە بۆ ناساغی دڵ و لەش و نەوعێکە لە دەرمان وەکوو دەرمانی عادەتی دوکتۆرەکان بە مەرجی باوەڕی نەخۆشەکە و قورئان خوێنەکەیش، بەڵام ئەو قورئانە هیچ سوودێ ناگەیەنێ بە موشریکەکان و کافرەکان و بێ‌باوەڕەکان زیانباری و قورسی نەخۆشییەکەیان نەبێ.

بزانن! خاوەن تەفیسرەکان لە مەعنای ئەم ئایەتەدا دوو قسەیان هەیە:

[قسەی] یەکەم: قورئان دەستوورێکە بە سوودە بۆ عالەم وەکوو چۆن دەرمانی دوکتۆرەکان بە سوودە بۆ ناساغ،

قسەی دووهەم: ئەمەیە کە ئەم شیفایە عامە بۆ ئەو مەعنایە و بۆ شیفای نەخۆشینی زاهیری و ئیستیدلالیان کردووە لەسەر ئەم مەعنایە بە چەن دەلیل و چەن ئاساری بەهێز:

یەکەم: ڕیوایەت کراوە لە ئەبووسەعیدی خدرییەوە رضي الله عنه ئەڵێ: پێغەمبەر ﷺ ڕەوانەی کردین لە سریەیەکدا کە (٣٠٠) کەس بووین، لای قەومێك دابەزیین داوای میوانداریمان لێ‌کردن میوانداریان نەکردین. ئەڵێ: جا گەورەی قەبیلەکە دووپشك پێیەوە دا، هاتن بۆ لامان وتیان: ئایا لە ناو ئێوەدا یەکێ هەیە کە دوعای چاری دووپشك بکا؟ ئەبووسەعید ئەڵێ: منیش وتم: بەڵێ من ئەیکەم، بەڵام بۆ ئێوەی

www.iqra.ahlamontada.com

ناکەم هەتا ماڵێکمان پێ نەدەن. ئەوانیش وتیان: سی (٣٠) مەڕتان ئەدەینێ، ئەڵێ: منیش ﴿الحمد الله رب العالمين...﴾م حەوت جار بەسەریا خوێندەوە و کابرا ئازارەکەی نەما.

جا خواردەمەنییان بۆ ناردین لەگەڵ سی مەڕەکانا و هەموومان لە خواردەمەنییەکەمان خوارد، بەڵام ڕەفیقەکان لە مەڕەکانیان نەخوارد هەتا هاتینەوە بۆ لای حەزرەت ﷺ و خەبەرەکەم بۆ گێڕایەوە فەرمووی: چۆن زانیت کە ﴿الحمد لله رب العالمين﴾ شیفای زامدارە؟ عەرزم کرد: یا ڕەسوولەڵلا شتێ بوو کەوتە دڵمەوە، فەرمووی: بخۆن و لە مەڕەکانیش بەشمان بدەن. ئەمە ڕیوایەتی «دارقطني» بوو لە کتێبی «سنن»دا.

دووەم: ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە عائیشەوە رضي الله عنها کە حەزرەت ﷺ لەو نەخۆشینەدا کە وەفاتی کرد تیایا سوورەتی «معوذات»ی ئەخوێندەوە و فووی ئەکرد بە دەستی خۆیا و ئەیهێنا بە ڕووی خۆیا، کاتێ کە نەخۆشینەکەی گران بوو من لە باتی ئەو سوورەتەکەم ئەخوێندەوە و فووم ئەکرد بە لەشیا.

سێهەم: مادام کە سابت بووە کە حەزرەت ﷺ موعەوەزەکانی خوێندووەتەوە و فووی کردووە بە دەستیا و هێناویەتی بە ڕوخساریا کە ئەمانە دوو سوورەتن لە قورئان، دەرئەکەوێ کە خوێندنەوەی باقی ئایاتی قورئانیش دروست بێ؛ چونکی هەموو وەکوو یەکن لەوەدا کە لە قورئانی پیرۆزن.

چوارەم: قورتوبی لە تەفسیرەکەیا ئەفەرموێت: زاناکان ئیختیلافیان بووە لەوەدا کە ئینسانێ شتێ لە ناوی خودای تەعالا یا لە ئایاتی قورئان بنووسێتەوە جا بە ئاو بیانشۆرێتەوە و نەخۆش ئەو ئاوە بخواتەوە یا لەشی ئەو نەخۆشەی پێ بهەنورێ، وە سەعیدی کوڕی موسەییب ئەمەی لە لا دروستە. وە «أم‌المؤمنين» عائیشە رضي الله عنها هەردوو «معوذتين»ی ئەخوێند بەسەر کاسەیەك ئاودا جا ئەیفەرموو بیرژێنن بەسەر نەخۆشەکەدا.

www.iqra.ahlamontada.com

وە هەر لە تەفسیری قورتوبیدا ئەڵێ: «و قال ﷺ: لا بأس بالرقي ما لم يكن فيه شرك، ومن استطاع منكم أن ينفع أخاه فليفعل».

پێنجەم: لە قورتوبیدا ئەڵێ: ئیمامی مالیك فەرموویەتی: هیچ عەیبێ نییە لەوەدا شتێ لە ناوی خودا بنووسرێت و بکرێتە ملی ئینسانی ناساغ بە نیازی «تبرك»، وە کۆمەڵێ لە ئەهلی عیلم لەسەر ئەم بیر و باوەڕی ئیمامی مالیکەن رحمه الله

وە عەبدوڵلای کوڕی عومەر رضي الله عنهما فەرموویەتی: حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: کاتێ کە یەکێ لە ئێوە لە خەودا ترسا و شتێکی وای چاوپێکەوت با بڵێت: «أعوذ بكلمات الله التامة من غضبه وسوء عقابه و من شر الشيطان أن يحضرون» وە عەبدوڵلا ئەم دوعایە فێری منداڵە گەورەکانی ئەکرد و بۆ بچووکەکانیشی ئەنووسی و ئەیکرد بە شانیانا.

وە هەر ریوایەتێ کە لە حەزرەتەوە ﷺ ریوایەت کرابێ بۆ نەهی لەم نووسراوانە ئەوە ئەبرِێ بەسەر نووسراوێکدا کە ئایەتی قورئان نەبێ، وە یا پاڕانەوە لە خودا نەبێ، وە یا بە ناوە پیرۆزەکانی خودا نەبێ، ئەگەرنا ئەمانە هەموویان موبارەکن.

وە ئێمە لە ماوەی ژیانی خۆمانا بازێ دوعا و بازێ ناوی خودامان وەرگرتووە لە دەمی مامۆستاکانمان و نووسیومانن بۆ نەخۆشی و گیرۆدەی دەرد و لە سوپاسی خوداوە بە زۆری، بە ئیزنی خودا، سوودیان بووە.

هەروا گەلێ ئیستیفادەمان کردووە لە خوێندنەوەی قەسیدەی «بردية» و لە خوێندنەوەی ناوی «أصحاب البدر» رضي الله عنهم، وە لە خوێندنەوەی قەسیدەی «منفرجة»ی ئیمامی غەزالی رحمه الله بۆ چاری گەلێ گیر و گرفتی ژیان و بە زۆری سوودمان لێ وەرگرتوون.

وە بە هەر عیبارەتێ مەشرووع بێ پاڕانەوە لە خودا رەوایە، مادام ئەم شێوە بە تایبەتی نەهی لێ نەکرابێ، جا ئەگەر دوعاکان «مەئسور» بن ئەوە زۆر موبارەکە،

www.iqra.ahlamontada.com

وه ئه‌گه‌ر مه‌ئسووریش نه‌بن مادام له‌فزه‌کان مه‌شرووع بن دووباره ره‌وایه و دروسته و هه‌رکه‌سێ مه‌نعی ئه‌مانه بکا یا له نه‌زانینه‌وه یا له عه‌نادی نه‌فسانییه‌ته‌وه‌یه. ئیتر ئینسانی موسوڵمان واجبه موراجه‌عه‌ی کتێبه موهیمه‌کان بکا، وه‌کوو «الحصن الحصین» و وه‌کوو ئاخری «جامع الصغیر» بۆ دروستی کردنی دوعاکانی حه‌زره‌ت ﷺ، وه موراجه‌عه‌ی «ئه‌زکاری نه‌وه‌وی» بکا بۆ دوعای تایبه‌تی هه‌رکاتێ و هه‌ر شوێنێ. «والله هو الموفق والمعین».

﴿وَإِذَآ أَنۡعَمۡنَا عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ أَعۡرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦۖ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ كَانَ يَـُٔوسٗا ٨٣﴾.

وه ئه‌و که‌سانه که سوود له قورئانی پیرۆز وه‌رناگرن که‌سانێکن موبالات ناکه‌ن به بیرکردنه‌وه له مه‌عنای ئایه‌ته‌کانا و بیر ناکه‌نه‌وه له حاڵی خۆیان که کێ دروستی کردوون و ئه‌نجامیان چۆن ئه‌بێ و پاش ئه‌م مردنه‌یان ـ که گومانی تێدا نییه ـ ئایا هه‌ر وه‌کوو حه‌یوانێکی بێهۆش ئه‌ڕۆن، وه یاخود پرسیاریان لێ ئه‌کرێ؟ جا ئه‌م جۆره که‌سانه وان له شێوه‌ی گیانله‌به‌ره بێهۆشه‌کاندا؛ به شتی خۆش شادمانن، وه به شتی ناخۆش په‌رێشانن وه‌کوو خودا فه‌رموویه‌تی: کاتێ نیعمه‌ت برێژین به‌سه‌ر ئینسانی نابارا بایی ئه‌بێ و سه‌رپێچی له فه‌رمانی خودا ئه‌کا وه لا هه‌ڵئه‌کا له‌وانه که ئامۆژگارییان ئه‌که‌ن، وه کاتێکیش خراپه‌یێ و ته‌نگه‌به‌ری و گیرۆده‌یی به‌رده‌میان بگرێ و شه‌ڕێکیان تووش ببێ نائومێد ئه‌بن له هه‌موو خێرێ و دنیایان لێ ته‌نگ ئه‌بێ.

﴿قُلۡ كُلّٞ يَعۡمَلُ عَلَىٰ شَاكِلَتِهِۦ فَرَبُّكُمۡ أَعۡلَمُ بِمَنۡ هُوَ أَهۡدَىٰ سَبِيلٗا ٨٤﴾

جا ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خۆشه‌ویست بڵێ به‌و ئاده‌میزادانه که ئه‌م قورئانه‌یان به‌سه‌را ئه‌خوێنیته‌وه: هه‌رکه‌سێ له هۆشیاران که ته‌کلیفیان لێ کراوه له لایه‌نی خوداوه ره‌فتار

www.iqra.ahlamontada.com

ئەکا لەسەر موناسبەی ئەو ڕێگەیە بڕیاری داوە پیایا بڕوا بۆ قەبووڵ یا ڕەدی فەرمانی خودا، جا خودای ئێوە زاناترە لە هەموو کەسێ بەو کەسە کە شارەزاترە بۆ ڕێگەی ڕزگاری خۆی، وە هەرکەسێ ڕێگەکەی پان و ڕاست بێ ئەوە ئەگات بە مەنزڵ و ماوای خوێ، وە هەرکەسێ وا نەبێ ئەوە ناگات بەو شوێن و جێگە باشە کە سوودی لێ وەربگرێ لە قیامەتا.

ئیمامی ڕازی ﷬ لەم شوێنەدا پاش ڕەزا بوونی بەوە کە «شاکلة» بە مەعنای «تەریقەت» و ڕێگەیە ئەفەرموێت: لەم شوێنەدا وەجهێکی دووەم هەیە عیبارەتە لەمە هەرکەسێ ڕەفتار ئەکا لەسەر موافیقی ئەوەی موافیقی جەوهەری نەفس و موقتەزای ڕۆحیەتی، ئەگەر نەفسی خاوەن پڕتەو و بڵند پایە بێ ئەوە کردەوەی بەرز و بەڕێزی لێ پەیدا ئەبێ، وە ئەگەر نەفسەکەی پیس و پەست بێ ئەوە کردەوەی پەستی لێ پەیدا ئەبێ.

وە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم وەجهە دووەمە ئەفەرموێت: زانا هۆشیارەکان جیاوازییان هەیە لە «نفوسی ئینسانی»دا: ئایا موختەلیفن لە ماهییەتا و ئیختیلافی کردەوە و ئەحواڵیان لەبەر ئیختیلافیانە لە ماهییەتی نەفسدا، یا خەیر هەموو موتەساوین لە ماهییەتا و ئیختیلافی کردەوەیان لەبەر ئیختیلافی میزاجیانە؟ وە لە لای من بیری یەکەم پەسەندە کە نفووس ئیختیلافیان هەیە لە ماهییەتا. بڕایەوە.

منیش ئەڵێم: لەم شوێنەدا چەن شتێ هەیە پێویستە بیانزانن هەتا ڕاستی دەرکەوێ.

یەکەم: نابێ تەفسیری شاکیلە بکرێتەوە بە جەوهەری نەفس؛ چونکی ئەگەر کردەوەی ئینسان لەسەر خواستی جەوهەری نەفس بێ لازم ئەکا ئینسان مەجبوور بێ لەو کردەوانەدا کە لێیەوە پەیدا ئەبن.

هەروا نابێ بە مەعنای ئیستیعدادیش بێ؛ چونکە لە هەموو کەسێکدا توانا و لێهاتوویی چاکە و خراپە هەیە.

www.iqra.ahlamontada.com

وە نابێ شاکیلە بە مەعنای میزاج و ئەحواڵی لەشی ئینسان بێ لەبەر ئەوە گەلێ کەس لەسەر یەك میزاج و یەك بونیەن لەگەڵ ئەوەیشدا کردەوەیان جیا جیایە.

هەروا مەعنای نیەت و ناحیە و مەزهەب موناسب نین، کە وابێ ئەبێ هەر بە مانا تەریقەت و ڕێگە بێ لەسەر ئەم ئیعتیبارە ئادەمیزاد خاوەنی چوار هێزە: هێزی ئیدراکی فریشتەیی و، هێزی شەهوەت و ئارەزووی نەفس و، هێزی قار گرتن و هەڵمەت بردن و دڕندەیی و، هێزی وەهمییەی شەیتانی.

وە هەر یەکێ ڕێگەیەکی تایبەتی هەیە لە ماوەی ژیانیا لە کەوتنە شوێنی ئەم چوار هێزەدا، ئەگەر تێکۆشا و نەیهێشت ئەم هێزانە لای زیادی زۆر و لای کەم و کووڕی زۆر بگرن وە کەوتنە ئیعتیدال و میانەکارییەوە ئەو کەسە ڕزگارە و سەربەرزە، وە ئەگەر کۆششی نەکرد بۆ ئیعتیدالی ئەم هێزانە وە ئەم هێزانەی بەرەڵا کرد ئەوە لە مەینەتی دنیا و قیامەتدا غەرق ئەبێ.

وە ئەو ڕێگەی تێکۆشانە بۆ تەعدیلی ئەم هێزانە بۆ ئینسان دەست ئەدا بە هۆی هاوڕێی ئینسانە خاوەن ڕۆحە پاکەکان یا زانا بەرزەکان یا پیاوی خاوەن خوڵك و ڕەوشتی خۆش، وە یا هەر بە بیرکردنەوەی خۆی لە ئەحواڵی خۆیدا لە ئەوەڵەوە تا فام و شوعووری گرتووە.

وە هەر ڕێگەیە غەیری ئەم ڕێگەیە بێ ئەوە فاسدە، وە هەرکەسێ بیگرێ ئەوە ڕزگار نابێ وە لە دنیا و قیامەتا مات و سەرکز و داماوە.

وە دەلیل لەسەر ئەم تەقریرە ئەمەیە لە قورئانا خودای تەعالا باسی ئەوەی کردووە ئەو فیترەتە کە ئادەمیزادی لەسەر دروست کراوە فیترەتێکی جوان و پاکە. وە لە حەدیسی پیرۆزیشا هەیە کە هەموو منداڵێ لەسەر فیترەت لە دایك ئەبێ لە پاشان باوك و دایکەکەی ئەیکەن بە جوولەکە یا بە گاور یا غەیری ئەوانە.

www.iqra.ahlamontada.com

وە هەرچەن خودای تەعالا قودرەتی هەیە کە بە جاریێ هەرچی ئادەمیزاد و جین هەیە هەموویان بکا بە فریشتەی پاك یا بیانکا بە شەیاتینی ناپاك بەڵام خودا ئەمەی نەکردووە و نایکا؛ چونکی ئەگەر خۆی وا بکا لە عالەم ئیتر پێویستی بە رەوانەکردنی رەهبەران نەدەبوو وە هەرکەسێ کە بە تەواوی چاك بوایە بە زۆری خودا چاك ئەبوو، وە هەرکەسێ کە بە تەواوی خراپ بوایە بە زۆری خودا خراپ ئەبوو، وە بەندەیی و ئیتاعەی کەس دەرنەدەکەوت. وە فائیدەیش لە ناردنی رەهبەران و پێغەمبەران نەدەبوو، هەروا پێویست بە دەرسی مامۆستایان و دانانی نیزام و یاسا نەدەما وە ئینسان ئەبوو بە دارێکی بێسێبەر و بێبەر و بێشان و پایە.

وە لەولایشەوە خودای تەعالا ئەفەرموێت: ﴿قد أفلح من زكىٰها ﴿٩﴾ وقد خاب من دسّٰها ﴿١٠﴾﴾.[1] وە ئەفەرموێت: ﴿فأما من طغى ﴿٣٧﴾ وآثر الحياة الدنيا ﴿٣٨﴾ فإن الجحيم هي المأوى ﴿٣٩﴾ وأما من خاف مقام ربه ونهى النفس عن الهوى ﴿٤٠﴾ فإن الجنة هي المأوى ﴿٤١﴾﴾.[2]

﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ ۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّى وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٥﴾﴾

کافرەکانی قورەیش پرسیارت لێ ئەکەن لە حەقیقەتی «روح» ئەو شتە کە گیاندار بە بوونی ئەو گیاندارە و زیندووە و بە نەبوونی ئەو بێگیانە و مردووە، تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست لە وەڵامیانا بڵێ: رۆح لەو شتانەیە کە بە بێ مادە و بێ پەیدا بوون لە شتێکیتر پەیدا ئەبێ بە هۆی ئەمر و فەرمانی پەروەردگاری منەوە، وە ئێوە نایزانن، وە یا ئەگەر بەیانیش بکرێ تێی ناگەن و لە سنووری عەقڵ و فامی

---

١. الشمس؛ ١٠ ـ ٩.

٢. النازعات؛ ٤١ ـ ٣٧

www.iqra.ahlamontada.com

ئێوە بەدەرە، وە لەمەیش سەرتان سوڕ نەمێنێ چونکی بەشتان نەدراوە لە عیلم و زانیاری شتێکی کەم نەبێ.

ریوایەت کراوە: جوولەکەکان وتیان بە کافرەکانی قورەیش: پرسیار بکەن لە موحەممەد ﷺ لە: «اصحاب الكهف» و «ذي القرنين» و «رۆح»، جا ئەگەر جوابی هەرسێکیانی دایەوە یا لە هەر سێکیان بێدەنگ بوو ئەوە پێغەمبەر نییە، وە ئەگەر جوابی دایەوە لە بازێ و بێدەنگ بوو لە بازێکیان ئەوە پێغەمبەرە. جا کاتێ پرسیاریان لێ کرد هات جوابی «أصحاب الكهف» و «ذى القرنين»ی دایەوە و جوابی باسی رۆحی نەدایەوە و وڵامەکەی حەزرەت موافیقی تەورات هات کە لە باسی رۆحدا بە ئیبهام وەڵامی داوەتەوە و بە روونی وەڵامی نەداوەتەوە.

بە هەرحاڵ بە زاهیری ئایەتی شەریف رۆح کە سەرچاوەی شوعوور و ئیدراکە و مەبدەئە بۆ ئاساری عەجیب و غەریب لەو ماوەی مەحدوودەدا کە قەرار دراوە بۆ پەیوەندی بە لەشەوە، وە پرسیاری لێ ئەکرێ لە پاشەڕۆژا، وە ئەگات بە ئازاری قیامەت لە دۆزەخا، وە یا بە رەحمەت و نیعمەت و لیقای خودای تەعالا هەتا هەتایە، ئەم رۆحە قورئان باسی نەکردووە و ئێمەیش ئەتوانین باسی نەکەین.

بەڵام زانا موسوڵمانە بەرزەکانی عالەمی ئیسلام بیر و باوەڕی خۆیان دەربڕیوە وە فەرموویانە خودای تەعالا بۆیە باسی نەکردووە؛ چونکی کونهی مەعنای رۆح بۆ عامەی ئادەمیزاد فام ناکرێ.

جا جومهوورەکەیان فەرموویانە: رۆح جیسمێکی لەتیف و ناسکە و نفووزی هەیە لە هەموو زەڕاتی وجوودی ئادەمیزادا هەتا ئەو ماوە خودا بڕیاری داوە. وە کاتێ خواستی خودا لەسەر نەمانی بوو ئەو پەیوەندییە ئەبڕێ و لەشەکەی ئەکەوێ، بەڵام ئەو رۆحە عەلاقەی مەعنەوییە و غەیبییەی نابڕێ لەو لەشە نە لە گۆڕا و نە لە پاش

www.iqra.ahlamontada.com

ئەوە کە بە درێژایی زەمان برزێ، هەر رۆحێ بە قەی پایەی خۆی لە کەسبی سەعادەت و پیرۆزی بە هۆی تاعەتەوە، وە بە زاهیری ئەحادیسی شەریفە گەلێ بەدەن لە گۆڕا نارزێن وەکوو لەشی پێغەمبەران عَلَيْهِمُ السَّلَامُ و لەشی شەهیدان. واتە: کوژراوانی ناو جەنگێ کە بۆ بەرزکردنەوەی دینی ئیسلام بێ، وە لەشی ئەوانە کە لە بەر رەزای خودا بانگ ئەدەن، وە لەشی پیاوچاکانی خودا و، زانایانی خاوەن کردەوەی بەرزی پاك.

وە بەلای بازێ لە زانا بەرزەکانیشەوە وەکوو ئیمامی غەزالی رَحِمَهُ اللهُ رۆح جەوهەری رووت لە مادەیە، لە جیسم و جیسمانیات نییە، وە بە چەن بەڵگە پشتگیری ئەم قسەی خۆی کردووە، وە بە راستی ئاساری نەفسی ئینسانی و ئیدراکاتی زۆر باڵایی و گەیشتنی بەو پایە بەرزانە کە مەعلووم بووە بۆ خاوەن باوەڕەکان لە موسوڵمانان هەمووی دەلیلە لەسەر ئەوە کە رۆحی ئینسانی و نەفسی ناتیقە لە عالەمی جیسم و جیسمانیات نییە.

﴿ وَلَئِن شِئْنَا لَنَذْهَبَنَّ بِالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ ثُمَّ لَا تَجِدُ لَكَ بِهِ عَلَيْنَا وَكِيلًا ﴿٨٦﴾ إِلَّا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ إِنَّ فَضْلَهُ كَانَ عَلَيْكَ كَبِيرًا ﴿٨٧﴾ ﴾

واتە: وەنەبێ تەنیا رۆح بەو خاوەن قیمەت و قەدرەوە لە دروستکراوانی خودای تۆ بێ بەڵکوو هەموو شتێکی خاوەن قیمەت و بێقیمەت هەموو وان لەبەر هێزی قودرەتی خودادا لە دروستکردنا و لە راگرتنا و لە برانەوەیانا، وە ئەم قورئانەیش کە ناردوومانەتە خوارەوە بۆ تۆ وە بە وێنەی رۆحی زانیاری عالەمە ئەویش وا لە ژێر قودرەتی خودادا، وە بە راستی ئەگەر خواستمان لەسەر لابردنی بێ لە دڵی تۆدا و لە دڵی عالەمی زانیارانا ئەتوانین ئەوەی کە وەحیمان کردووە بۆ لای تۆ لای بەین لە دڵی تۆدا و هەڵی بگرین وە پاش ئەوە کە لامان برد تۆ کەسێکی وات دەست ناکەوێ کە ئیعتیمادی بدەیتە سەر و بتوانێ بۆت بێنێتەوە ئیللا هۆی میهرەبانی خودا

www.iqra.ahlamontada.com

نەبێ ئەوە ئەو میهرەبانی خودایە قورئانەکەت پێ نیشان ئەداتەوە، بە راستی فەزڵی لەسەر تۆ زۆر بووە و زۆرە.

﴿ قُل لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِمِثۡلِ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لَا يَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا ٨٨ ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بڵێ بەو کەسانە کە باوەڕیان وایە قورئان وتەی ئادەمیزادە یا وتەی جینە: بە هەڵەدا چوون، وەڵڵاهی ئەگەر هەموو ئادەمیزاد و جینی عالەم گردببنەوە و رێك بکەون لەسەر خواستی ئەوە کە وێنەی ئەم قورئانە بێنن لە دانانی «موفرەدات» و «مورەککەبات» و «جوملە» و کەلامی هەرکام لە جێگەی خۆیا بۆ گەیاندنی ئەوەی کە مەقسوودی خودایە لە ناردنی ئەو قورئانەدا، ناتوانن ئەو وێنەیە بێنن هەرچەند بازێکیشان پشتیوانی بازێکیان بن و یارمەتی یەکتر بدەن لەو کارە گەورەدا کە موقابەلەی کەلامی خودایە؛ چونکی هەر خودا زانایە بەوکارە پەنامەکییانە کە لەمەوپێش بوون، وە یا لەمەوپاش ئەبن هەتا وەکوو خۆی بەیانی بکەن، وە هەر خودا ئەزانێ بە ئەندازەی ئەو ئیمان و باوەڕە و ئەو کوفر و ئینکارە و ئەو دڵڕەشی و دوژمنایەتییە لەگەڵ پێغەمبەرا و لەگەڵ دینەکەیا، وە هەر خودا ئەزانێ چلۆن بەرابەری حاڵەتی نەفسی ئادەمیزاد و باقی موکەللەفان بکا، وە هەر خودا ئەتوانێ کەلامی خۆی لەسەر موافیقی مەرامی خۆی نازڵ بکا. بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە ماوەی تەرکیبی وتاری موشتەرەك کە حورووفی «ئەلف با»یە لەبەر دەستی عالەما هەیە کەچی کەم کەس ئەتوانێ وتاری بەرز و بەپێز رێك بخا و کەس ناتوانێ کەلامی موعجیزەی وەکوو قورئان دابنێ.

﴿ وَلَقَدۡ صَرَّفۡنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٖ فَأَبَىٰٓ أَكۡثَرُ ٱلنَّاسِ إِلَّا كُفُورٗا ٨٩ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە بە راستی ئێمە تەکرارمان کردەوە لەگەڵ گۆڕینی شێوەدا لەم قورئانەدا لە هەموو جۆرە مەعنا و مەبەستێکی وەها وەکوو «ضرب المثل» غەریب و عەجیب بێ بۆ ئەوە دڵی ئادەمیزاد رابکێشێ و ئیمان بێنن بە خودای خۆیان وە رێگەی راستی بگرن کەچی زۆربەی ئادەمیزاد هیچیان نەویست ئیللا ئینکار و لادان لە حەق و هەوڵدان بەرەو هەوای نەفسی خۆیان.

﴿ وَقَالُواْ لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ تَفْجُرَ لَنَا مِنَ ٱلْأَرْضِ يَنۢبُوعًا ﴿٩٠﴾ أَوْ
تَكُونَ لَكَ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَعِنَبٍ فَتُفَجِّرَ ٱلْأَنْهَٰرَ خِلَٰلَهَا تَفْجِيرًا ﴿٩١﴾
أَوْ تُسْقِطَ ٱلسَّمَآءَ كَمَا زَعَمْتَ عَلَيْنَا كِسَفًا أَوْ تَأْتِىَ بِٱللَّهِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ
قَبِيلًا ﴿٩٢﴾ أَوْ يَكُونَ لَكَ بَيْتٌ مِّن زُخْرُفٍ أَوْ تَرْقَىٰ فِى ٱلسَّمَآءِ وَلَن نُّؤْمِنَ
لِرُقِيِّكَ حَتَّىٰ تُنَزِّلَ عَلَيْنَا كِتَٰبًا نَّقْرَؤُهُۥ قُلْ سُبْحَانَ رَبِّى هَلْ كُنتُ إِلَّا
بَشَرًا رَّسُولًا ﴿٩٣﴾ ﴾

واتە کافرەکانی مەککە وتیان بە پێغەمبەرﷺ: قەت ئێمە ئیمان نایەنین بە تۆ هەتا تۆ لەم عەرزی مەککە سەرچاوەیەکمان بۆ هەڵنەقوڵێنی، یاخود باخێکی پڕ لە دارخورما و مێوت بێ و چەن جۆگە ئاوی رەوان لە ناو ئەو دارانەوە دەربکەی و رەوانی بکەی بە ناوی ئەو باخەدا، یاخود ئەمانەت پێ ناکرێ ئاسمان بە پارچە پارچەیی داخەی بە سەرمانا ـ وەکوو خۆت گومان ئەبەی کە ئاسمان پارچە پارچە دائەکەونە خوارەوە و پرژ و بڵاو ئەبنەوە بە عالەما ـ، وە یاخود تۆ مادام خەڵك بانگ ئەکەی بۆ لای خودا و خودا بە خۆشەویستی خۆت ئەزانی خودا و فریشتەکانی بانگ بکەی و بیانهێنی لەگەڵ خۆتا بە شایەت لەسەر داوای رەهبەری خۆت و بە کەفیل بۆ راستی ئەو موژدە و هەڕەشە کە بڵاویان ئەکەیتەوە بە ناومانا، یاخود

www.iqra.ahlamontada.com

خانوو به‌ره‌ییٚ و قه‌سریٚکت ببیٚ له مه‌ککه که له ماده‌ی به قیمه‌ت دروستکرابیٚ وه‌کوو ئاڵتوون و زیو و شتی جوانی دڵرِفیٚن، وه یاخود سه‌ربکه‌وی به ئاسمانا برِوّی بوّ لای خودا و باوه‌رِیش ناکه‌ین به‌وه که گه‌یشتووی به خودا هه‌تا کتیٚبیٚ له لای ئه‌ووه نه‌هیٚنی بیخویٚنیته‌وه و نووسرابیٚ له‌و کتیٚبه‌دا: که توّ گه‌یشتووی به خودا و خودا توّی کردووه به پیٚغه‌مبه‌ر، توّیش ئه‌ی پیٚغه‌مبه‌ری ره‌هبه‌ر بفه‌رموو: سوبحانه‌ڵلاّ! خودای ته‌عالا دووره له‌وه که به ئاره‌زووی ئیٚمه هه‌ر موعجیزه‌ییٚ و هه‌ر ئیقتیراحیٚ بکه‌ن ئه‌و به‌جیٚی بیٚنیٚ، من هیچ نیم ئه‌وه نه‌بیٚ ئاده‌میزادیٚکم خودا ناردوومی به ره‌هبه‌ر و هه‌ر ئه‌وه‌م له‌سه‌ره که ئه‌حکامی خودا بگه‌یه‌نم به ئیٚوه ئیتر به‌جیٚهیٚنانی داوای ئیٚوه له توانای مندا نییه.

ریوایه‌ت کراوه له ئیبنوعه‌باسه‌وه که گه‌وره‌کانی شاری مه‌ککه هاتن دانیشتن له ده‌وری کابه‌دا و ناردیان به شویٚنی پیٚغه‌مبه‌را ﷺ ئه‌ویش هات بوّ لایان و دانیشت و وتیان: ئه‌ی موحه‌ممه‌د عه‌رزی مه‌ککه ته‌نگه‌به‌ر و وشکه مادام توّ پیٚغه‌مبه‌ری خودای داوا بکه له خودا ئه‌و کیٚوانه هه‌ڵگریٚ و ولاّته‌که بکا به ده‌شت و چه‌ن سه‌رچاوه ئاویان تیا ده‌ر بکا تا کشتوکاڵ و باخ و بیٚستان دروست بکه‌ین و ئیٚمه‌یش وه‌کوو خه‌ڵکی ولاّتان ژیوار بکه‌ین. وه له‌ویٚدا یه‌کیٚ له‌وان وتی: ئه‌گه‌ر ئه‌مه ناکه‌ی هه‌ر باخیٚکمان بوّ دروست ببیٚ که دار خورما و داری میٚوی تیٚدا ببیٚ و جوّگه‌ی ئاو به ناویا برِوا، فه‌رمووی: شتی وا به من ناکریٚ، جا وتیان: مادام ناتوانی شتیٚکی خیٚرمان بوّ دروست بکه‌ی ئاسمانمان به‌سه‌را پارچه پارچه برِووخیٚنه خواره‌وه، فه‌رمووی: ئه‌مه‌یش به من ناکریٚ.

جا عه‌بدوڵلاّی کورِی ئومه‌ییه‌ی مه‌خزوومی ـ که دایکی ئه‌و پووری حه‌زره‌ت بوو ـ وتی: وه‌ڵلاّهی من قه‌ت باوه‌رِ ناکه‌م پیٚت هه‌تا له‌به‌ر چاوما پله‌کانه‌ییٚ دامه‌زریٚنی

www.iqra.ahlamontada.com

بۆ ئاسمان وە بەسەریا سەرکەوی و ئێمەیش چاوەڕێی تۆ بکەین هەتا چوار مەلائیکە لە ئاسمانەوە لەگەڵ خۆتا بێنیتە خوارەوە شایەتیت بۆ بدەن کە تۆ پێغەمبەری خودای هێشتا پاش ئەمەیش نازانم ئیمانت پێ بێنم یا نە. جا ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە و خودا ئەمری کرد بە پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ خودای تەعالا خاتر خۆیە لە هەموو کار و بارێکدا وە ناردنی هەر پێغەمبەرێ و دەرخستنی هەر موعجیزەیێ وا لە خواست و ئیرادەی خۆیا و هەرچی خەڵك داوای بکا ئەو بیکا پێویست ئەکا بەوە کە دائیما خودا هەر خەلقی موعجیزە بۆ ئادەمیزاد بکا وە ئەمە یاسای خودا نییە.

﴿ وَمَا مَنَعَ ٱلنَّاسَ أَن يُؤۡمِنُوٓاْ إِذۡ جَآءَهُمُ ٱلۡهُدَىٰٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ أَبَعَثَ ٱللَّهُ بَشَرٗا رَّسُولٗا ﴿٩٤﴾ ﴾

وە هیچ شتێ مەنعی ئەو ئادەمیزادانی مەککەیە نەکردووە لە ئیمان هێنان لەو کاتەدا کە ئەسبابی هیدایەتیان بۆ هات، وەکوو کەلامی خودا و پێغەمبەری خودا بێ ئیللا ئەمە نەبێ کە لە لایان دوورە ئادەمیزادێ لە خۆیان ببێ بە رەهبەر، وە ئەڵێن: ئایا قەت خودا ئادەمیزادێکی ناردووە بە پێغەمبەری و رەهبەر بۆ لای باقی ئادەمیزادان؟! وە ئەمە مومکین نییە و نابێ و سیرەکەیش هەر حەسوودییە، وە لایان زۆر دشوارە و بە تەبیعەتیان ناهەموارە یەکێ لەوان ببێ بە فەرمانداری مەعنەویات و مادیات بەسەر ئەوانا.

﴿ قُل لَّوۡ كَانَ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَلَٰٓئِكَةٞ يَمۡشُونَ مُطۡمَئِنِّينَ لَنَزَّلۡنَا عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَلَكٗا رَّسُولٗا ﴿٩٥﴾ ﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست پێیان بڵێ: ئەگەر لە زەویدا فریشتە نیشتەجێ بوونایە و بڕۆیشتنایە بەسەر زەویدا بە دامەزراوی ئەو کاتە لە ئاسمانەوە فریشتەیەکم

www.iqra.ahlamontada.com

بۆ رەوانە ئەکردن بە رەهبەری و پێغەمبەری لەبەر ئەوە کە هاودەم و هاومەشربن و موناسەبەیان پێکەوە ئەبوو، وە ئەمما ئادەمیزاد ئەوە ئەوان دوورن لە وەرگرتنی دەستوور و بەیان لە فریشتەوە بە بێ موناسەبە لە ناویانا.

﴿قُلْ كَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًۢا بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرًۢا بَصِيرًا ﴿٩٦﴾﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بفەرموو: خودای تەعالا بەسە بۆ ئاگاداری لە بەینی من و بەینی ئێوەدا لەسەر ئەوە کە من رەوانەکراوی خودام، وە ئێوە بە ناحەق عەناد ئەکەن و دوور ئەکەونەوە لە وەرگرتنی پەیامی خودایی، وە بە راستی خودای تەعالا بینا و ئاگادارە بە بەندەکانی خۆی بە هەموو حاڵێکی دیاری و پەنامەکییان.

﴿وَمَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلْمُهْتَدِ ۖ وَمَن يُضْلِلْ فَلَن تَجِدَ لَهُمْ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِهِۦ ۖ وَنَحْشُرُهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ عُمْيًا وَبُكْمًا وَصُمًّا ۖ مَّأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ كُلَّمَا خَبَتْ زِدْنَٰهُمْ سَعِيرًا ﴿٩٧﴾﴾

وە هەرکەسێ خودا هیدایەتی دابێ لەبەر لوتفی رووت یا لەگەڵ تێکۆشینی کابرادا بۆ دەسکەوتی پیرۆزی هەر ئەو کەسەیە هیدایەتی دەسکەوتووە و شارەزا بووە بۆ رێگەی بەختیاری وە هەر کەسێکیش خودا گومڕای کردبێ لەبەر بێموبالاتی و پشت هەڵکردن لە بانگی بەختیاری لە لایەنی رەهبەرانەوە ئەوە ئیتر دەستت ناکەوێ بۆ ئەوانە چەن دۆستێ و یارمەتیدەرێ غەیری خودا، وە لە رۆژی قیامەتیشدا هەڵیان ئەستێنین لە گۆڕ و رایان ئەکێشین بەسەر روودا بە کوێری و لاڵی و کەڕی وە ئەیانخەینە دۆزەخەوە وە هەر کاتێ بڵێسەکەی نیشتەوە بڵێسەی دۆزەخ بەهێز ئەکەین بۆ ئازاردانی ئەوان هەتا هەتایە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ذَٰلِكَ جَزَآؤُهُم بِأَنَّهُمْ كَفَرُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَـٰمًا وَرُفَـٰتًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ خَلْقًا جَدِيدًا ﴿٩٨﴾﴾

وە ئەو سزا ناهەموارەی تۆڵە و ئەنجامی ئەو کافرانەیە بە هۆی ئەوەوە کوفری ئایەت و موعجیزات و رەهبەرانی ئێمەیان کرد و بێباوەڕییەکیان نیشان دا ئەگەر هەتا هەتایە بمانایە لە دنیادا رۆژ بە رۆژ بێباوەڕتر ئەبوون و زۆرتر دوورئەکەوتنەوە لە باوەڕ بە فەرمانی خودا و رەهبەرەکانی، وە باوەڕی ناباری نەبڕاوەیش ئەبێ تۆڵەکەی نابار و نەبڕاوە بێ، وە هەموو دەلیلێکیشیان بۆ ئەو عەنادەیان ئەوە بوو ئەیانوت ـ بە ئیستینکارەوە ـ: ئایا ئێمە لە پاش ئەوە مردین و گۆشتەکەمان نەما و بووین بە ئێسقان و ئێسقانەکەیشمان رزی، ئایا ئێمە سەر لە نوێ زیندوو ئەکرێینەوە بە دروستکردنێکی تازە؟! ئیتر تەماشای ئەوەیان نەدەکرد ئێستە کە لەسەر مادەی پێشوو زیندوو ئەکرێنەوە، لە ئەوەڵ جارا ئەو مادەیشیانە نەبووە و خودا دروستی کردوون و ئەو خودایە ماوە بەو هێزەوە.

﴿أَوَلَمْ يَرَوْاْ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ قَادِرٌ عَلَىٰٓ أَن يَخْلُقَ مِثْلَهُمْ وَجَعَلَ لَهُمْ أَجَلًا لَّا رَيْبَ فِيهِ فَأَبَى ٱلظَّـٰلِمُونَ إِلَّا كُفُورًا ﴿٩٩﴾﴾

ئایا ئەو کافرە نەفامانە نەیانزانیوە و بە کەمێ وردبوونەوەی ساف نازانن کە بە راستی ئەو خودای زانا و تەوانایە کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە ـ پاش نەبوونی ئەوانە ـ تەوانایە لەسەر ئەوە کە وێنەی ئەوانیش وەکوو لە دنیادا بوون دروست بکا، وە ئەو خودایە ئیش لەسەر وادەی خواستی خۆی ئەکا و وادەیەکی داناوە لە دنیادا بۆ ژیانیان و لە دوای ئەوە ئەیانمرێنێ و وادەیەکیشی داناوە پاش مردنیان بۆ ئەوە زیندوویان بکاتەوە وە ئەو وادەیە هات زیندوویان ئەکاتەوە؟ وە

www.iqra.ahlamontada.com

مادام کە رۆح پاش دروست بوونی ئیتر نەمرە و بە دەوام ئەمێنێتەوە و ئەوە ئازار وەرگر و شادمانیبەر ئیتر ئەگەر کەمێ یا زۆر شێوەی تەرکیب و دروستکردنەوەی لەش بگۆڕێ بە جوانی یا ناشیرینی ئەوە نابێ بە مانیع لە هاتنە جێگەی «مەعادی جیسمانی». وە واتا هەموو ئینسانێ لە ماوەی ژیانیا ئەجزای لەشی وا لە دەورەی رۆیشتن و تازەبوونەوەدا، واتە هەمیشە لەسەر نیسبەتێکی تایبەتی لەشی ئینسان بازێ بەشی سەرئەکەوێ ئەبێ بە پێست و لەوەیشەوە ئەڕوا ئیتر تۆ بەوە نازانی و خاوەن حیکمەتەکان ئەیزانن، هەروا گۆڕانی لەش مانیع نییە لە حەق وەرگرتن و حەق دانەوە، تەماشا کە فلان کەس لە تەمەنی بیست ساڵیدا سەد دینار وەرئەگرێ لە یەکێ ئەویش تەمەنی بیست ساڵەیە و هەردووکیان گەنج و چووزە ئینسانن، وە لە پاش بیست ساڵیتر ئەگەنەوە بە یەك هەردووکیان زل بوون لەوانەیە بە حاڵ ئەمیان ئەویان بناسێ کەچی نە بە شەرع و نە بە عەقڵ و عورف مانیعێ نییە لەوە خاوەن پارەکە داوای پارەی خۆی بکا و وەری بگرێتەوە لە قەرزارەکە. جا ئەو کافرانە پاش ئەم باسانە کە هەموویان راست و رەوانن هەر ئیسرار ئەکەن لەسەر حاڵی خۆیان و غەیری کوفر حاشا ئەکەن لە هەموو شتێ لەبەر ستەمکاری خۆیان لە خۆیان.

﴿قُل لَّوْ أَنتُمْ تَمْلِكُونَ خَزَآئِنَ رَحْمَةِ رَبِّيٓ إِذًا لَّأَمْسَكْتُمْ خَشْيَةَ ٱلْإِنفَاقِ ۚ وَكَانَ ٱلْإِنسَٰنُ قَتُورًا ﴿١٠٠﴾﴾

ئێمە ئەزانین ئینکارکردنی ئێوە بۆ ریسالەتی موحەممەد ﷺ و قورئانی پیرۆز زۆربەی لەسەر حەسوودی بردنە بە پایە و مایەی ئەو، وە ئەمە تەبیعەتی ئادەمیزادی بەدبەختە و تا خۆی لە تاریکی پەستی رەزیلەی نەفس دەرنەکا بە هیچ پایە و مایەیەکی بەرز ناگا. وە تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە

www.iqra.ahlamontada.com

خاوەنی گەنجینەکانی رەحمەتی خودا بوونایە بەشی خەڵکتان نەئەدا لە ترسی تەواوبوونی و ئەمەیش هەر لە پەستی تەبعە. وە بە راستی ئادەمیزاد بە تەبیعەت بەخیڵ و لەئیم و رژدە بەڵام خودای تەعالا وا نییە خودا خاوەن بەخششە و هەرچی خواستی هەبێ ئەیدا بە هەرکەس وە ئەم پایەی پێغەمبەرایەتییە یەکێکە لە پایە گەورەکان بەڵکوو لە هەموو پایەیێ گەورەترە، وە ئێستە بەخشیویەتی بە موحەممەدﷺ وە قورئانی بۆ ناردووە وە هەرکەسێ شوێنی نەکەوێ خۆی زیانبارە.

﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ تِسْعَ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍۢ ۖ فَسْـَٔلْ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِذْ جَآءَهُمْ فَقَالَ لَهُۥ فِرْعَوْنُ إِنِّى لَأَظُنُّكَ يَٰمُوسَىٰ مَسْحُورًا ﴿١٠١﴾ قَالَ لَقَدْ عَلِمْتَ مَآ أَنزَلَ هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ بَصَآئِرَ وَإِنِّى لَأَظُنُّكَ يَٰفِرْعَوْنُ مَثْبُورًا ﴿١٠٢﴾ ﴾

واتە من خۆم ئەزانم هەر قەومێ کە داوای موعجیزە بکەن لە پێغەمبەرەکەیان لە مەقامی بەربەرەکانیدا هەرچەند موعجیزەیان بۆ دروست بکەم سوودی نابێ بۆیان و نابێ بە هۆی ئیمان هێنانیان بۆیە ئەو موعجیزانە کە ئەهلی مەککە داوای ئەکەن بۆیان دروست ناکەم، ئەوەتە لە زەمانی مووسای کوڕی عیمراندا نۆ موعجیزەی گەورەی رووناکی دیاریم دا بە مووسا کەچی فیرعەون و قیبتییەکان موبالاتیان بە مووسا نەکرد و ئیمانیان نەهێنا، جا تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست پرسیار بکە لە بەنیئیسرائیل لە ئەحواڵی مووساعلیه السلام لەو کاتەدا کە هات بۆ لای فیرعەون و فیرعەونی بانگ کرد بۆ ئیمان هێنان بە خودای تەعالا و فیرعەونیش بە عیناد و دەمارێکەوە وتی: ئەی مووسا من وا گومان ئەبەم کە تۆ جادووت لێ کرابێ و شێت بووبی بۆیە ئەم قسە پڕوپووچانە ئەکەی.

www.iqra.ahlamontada.com

وە حەزرەتی مووسایش فەرمووی بە فیرعەون: ئەی فیرعەون بە راستی خۆت زانیوتە و عالمی بەوە کە ئەو ئایەتانە خودای تەعالا ناردوونی بۆ تەئییدی من هەر لە تەوانایی خوداوە بوون، ئەو خودایە کە پەروەردگاری ئاسمانەکان و عەرزە و هەموو ئەو موعجیزانە هۆی چاوڕوونین و چاوکەرەوەن بۆ ئادەمیزادی بەختەوەر وە من کە تەماشای تۆ ئەکەم و ئەزانم لە کانگەی دڵی خۆتەوە حاڵی بووی کە ئەو موعجیزە گەورانە لە خوداوەن کەچی لە ترسی گەورەیی خۆت ئیمان ناهێنی، گومانت پێ ئەبەم کە ئینسانێکی دووریت لە خێر و بەرەکەت و پێگەیشتنی رەحمەت.

بزانن! لە تەفسیری ئەو نۆ ئایەتەدا موفەسیرەکان شتی زۆریان باس کردووە، باشتری ئەوانە ئەوەیە کە سەفوانی کوڕی عەسال ریوایەتی کردووە و فەرموویەتی: جوولەکەیێ وتی بە رەفیقێکی: هەستە با بڕۆین بۆ لای ئەو پێغەمبەرە ـ واتە حەزرەتی موحەممەد ﷺ ـ پرسیاری لێ بکەین لەو نۆ ئایەتە جا رۆیشتن بۆ لای حەزرەت ﷺ و پرسیاریان لێ کرد ئەویش فەرمووی: ئەو نۆ ئایەتە ئەمەن: کە شەریك بڕیار نەدەن بۆ خودا و، دزی نەکەن و، زینا نەکەن و، کەس بە ناحەق نەکوژن و، سیحربازی نەکەن و، سوود نەخۆن و، بوختان بۆ ژنی داوێن پاك نەکەن و، لە جەنگی کافرانا پشت هەڵنەکەن و، لە سەر ئێوەیش بە تایبەتی کە تەجاوەز نەکەن لە فەرمانی خودا لە رۆژی شەممەدا. جا هەردوو جوولەکەکان هەستان هەردوو دەست و هەردوو پێی حەزرەتیان ماچ کرد و وتیان: ئێمە شایەتی ئەدەین کە تۆ پێغەمبەری خودای. وە ئەگەر ترسمان لە کوشتن نەبوایە ئەکەوتینە شوێنت.

وە لە ریوایەتێکدا ئەو ئایەتانە مانای موعجیزاتن و بریتین لەمانە:

یەکەم: عەساکەی مووسا.

دووەم: دەستی کە وەکوو چرا ئەگڕا و پڕتەوی ئەدایەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

**سێهەم:** ئەمە کوللە هێرشی هێنایە سەر کشتوکاڵی قیبتییەکان.

**چوارەم:** ئەوەبوو سپێ دایە لەشی خۆیان و بزن و مەڕ و ماڵاتیان.

**پێنجەم:** هێرشی بۆق بوو بۆ سەر نان و چێشتیان، وە ئەکەوتنە ناو حاجەتی خواردەمەنییەوە.

**شەشەم:** خوێن کە ئەیانبینی هەویریان و چێشتیان خوێناوی بووە.

**حەوتەم:** ئەوەبوو کاتێ بەنیئیسرائیل دەرچوون و گەیشتن بە نیل خودای تەعالا ئەو ئاوە گەورەی کرد بە نۆ پارچەوە، هەتا لە وشکانی ناوبەینەکەیانەوە دەرچوون.

**هەشتەم:** ئەوەبوو کە دوازدە چاوەی لە بەردێ دەرکرد بۆ دوازدە تیرەی بەنیئیسرائیل کاتێ گەیشتن بە سینا.

**نۆهەم:** ئەوەبوو گەزۆ و شەلاقە بەسەریانا ئەباری لەو کاتەدا کە لە سارای سینادا مانەوە.

وە غەیری ئەمانەیش گەلێ موعجیزەیتری بۆ دروست کردوون، وەکوو ئەوە کە قەومی فیرعەونی داگیر کرد بە گرانی و قاتەساڵی و بەرەکەتی هەڵگرت لە کشتوکاڵیان و ناو ماڵیان و هەنگیانی بێهەنگوین کرد و... گەلێ کارەساتیتریشی بەسەر قیبتییەکانا هێنا. بەڵام ئەو موعجیزانە زۆر مەشهوور بوون لە ناو بەنیئیسرائیلدا بۆیە ئەوانەی ناوبرد.

وە بە قاعیدەی عیلمی ئوسووڵ عەدەد مەفهوومی موخالیفی بۆ ئیعتیبار ناکرێ، واتە کاتێ وتت: دە پیاوم دی، مانیع نییە لەوە زیاتریشت چاو پێکەوتبێ.

﴿ فَأَرَادَ أَن يَسْتَفِزَّهُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ فَأَغْرَقْنَٰهُ وَمَن مَّعَهُۥ جَمِيعًا ﴿١٠٣﴾ ﴾

جا فیرعەون ویستی کە مووسا و بەنیئیسرائیلیەکان بە سووکی نەفی بکا و دووریان بخاتەوە لە وڵات و ئێمەیش مەیدانمان پێ نەدا و ئەمرمان کرد بە مووسا

www.iqra.ahlamontada.com

لەگەڵ بەنی‌ئیسرائیلدا لە میسر دەرچێ و، فیرعەون بە قیبتییەکانەوە کەوتنە شوێنیان، کاتێ کە مووسا و بەنی‌ئیسرائیل دایان لە ئاوی نیل بەو موعجیزە کە باسمان کرد فیرعەون و قیبتییەکانیش کەوتنە دوایان هەتا چوونە ناو ئاوەکەوە، جا فیرعەون و هەرچی لەگەڵیدا بوو هەموویان لە ئاوی نیلدا خنکان.

﴿وَقُلْنَا مِنۢ بَعْدِهِۦ لِبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱسْكُنُوا۟ ٱلْأَرْضَ فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ ٱلْـَٔاخِرَةِ جِئْنَا بِكُمْ لَفِيفًا ﴿١٠٤﴾﴾

وە ئێمە لە پاش خنکاندنی فیرعەون و سوپاکەی وتمان بە بەنی‌ئیسرائیل لەسەر زمانی مووسا: بڕۆن دابنیشن و دابمەزرێن لەو عەرزەدا کە فیرعەون ویستی دەرتان بکا لێی کە زەوی میسرە (بینا لەسەر ئەوە کە بەنی‌ئیسرائیل لە میسرا مانەوە) وە یا لەو عەرزەدا کە بڕیار دراوە بۆتان وەکوو عەرزی وڵاتی خۆیان بێ، جا کاتێ وادەی ڕۆژی دوایی هات کە ڕۆژی قیامەتە هەمووتان دێنم بە پێچراوەیی، وە موحاکەمەی سوپای فیرعەون و ئێوە ئەکەم بزانم بۆ لایان دا لە حوکمی خودا، وە موحاکەمەی خۆیشتان ئەکەم ـ کە بەنی‌ئیسرائیلن ـ ئایا بۆچی پاش ئەو هەموو نیعمەتی خودایە لە سەرتان بۆچی سەرپێچیتان کرد لە فەرمانی خودا و لە ڕێگە لاتان دا.

﴿وَبِٱلْحَقِّ أَنزَلْنَٰهُ وَبِٱلْحَقِّ نَزَلَ وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا مُبَشِّرًا وَنَذِيرًا ﴿١٠٥﴾﴾

وە ئەم کتێبە پیرۆزە کە قورئانە بە حەق و حیکمەت لە لایەنی خۆمانەوە نازڵمان کرد وە لە ڕێگەیشا لەگەڵ حەقا هاتەخوارەوە و لە ڕێگەدا نە جینن و نە مەلائیکە دەستیان بۆ نەبرد بە گۆڕین و تێکدان و تۆیشمان نەنارد ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ئیللا بە موژدەدەر بە ئەهلی تاعەت و ترسانندە بۆ ئەهلی مەعسیەت و تۆ وەزیفەی خۆت تەواو بکە و تۆڵە و جەزا لەسەر ئێمەیە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَقُرْءَانًا فَرَقْنَٰهُ لِتَقْرَأَهُۥ عَلَى ٱلنَّاسِ عَلَىٰ مُكْثٍ وَنَزَّلْنَٰهُ تَنزِيلًا ﴿١٠٦﴾﴾

وە قورئانی پیرۆزمان نارده خوارەوە بەش‌بەش بە پێی موناسەبەی تەمێ و تەربییەی ئادەمیزاد بۆ ئەوە کە بیخوێنیتەوە لەسەر ماوە و مۆڵەت و ئارامی و، خۆمان ناردمانە خوارەوە لە ژێر چاودێری و ریعایەت و عینایەتا بۆ ئەوە کە تۆ بیکەی بە هۆی رزگاری عالەمی هۆشیاران.

﴿قُلْ ءَامِنُوا۟ بِهِۦٓ أَوْ لَا تُؤْمِنُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ مِن قَبْلِهِۦٓ إِذَا يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ سُجَّدًا ﴿١٠٧﴾ وَيَقُولُونَ سُبْحَٰنَ رَبِّنَآ إِن كَانَ وَعْدُ رَبِّنَا لَمَفْعُولًا ﴿١٠٨﴾ وَيَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ يَبْكُونَ وَيَزِيدُهُمْ خُشُوعًا ۩ ﴿١٠٩﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بڵێ بەو کافرانە: ئیمان بێنن بەم قورئانە یاخود ئیمان نەیەنن پێی، نیسبەت بە پایەی قورئان بێ‌فەرقە؛ چونکی هەر شتێ کەلام یا «متكلم» مادام خۆی خاوەن کەمال بێ ئیتر بە تاریف و زەمی خەڵکی ئەو کەمالە زاتییە ناگۆڕێ و کەم ناکا، وە لەم لایشەوە ئێوە ئیمانی پێ بێنن یا نەیەنن قەی ناکا؛ چونکی ئەو کەسانە کە عیلم و زانیاری راستەقینەیان پێدراوە بە نازڵبوونی ئەم قورئانە لە پێش هاتنی قورئانا (واتە ئەو ئەهلی کیتابانە کە تەماشای کتێبی قەدیمیان کردووە و ئاگادار بوون لەسەر هاتنی پێغەمبەری ئاخر زەمان و نازڵکردنی قورئان بۆ ئەو، هەموو ئیمانیان هەیە بەم قورئانە)، جا ئێوە ئیمان نایەنن کەیفی خۆتانە، وە ئیمانەکەیشیان وەهایە کاتێ قورئان بخوێنرێتەوە بەسەریانا ئەکەون بەسەر روخسار و چەناکەدا بە سوجدە بردن بۆ ئەو خودایە کە خاوەنی ئەو قورئانەیە.

وە ئەڵێن: خودای پەروەردگاری ئێمە دوورە لەوە کاری بێ حیکمەت بکا و کەلامی ناتەواو رەوانە بکا، وە هەر وادەیەکی داوە بە ئادەمیزاد لە کەلامەکەیا هەموو

www.iqra.ahlamontada.com

دێنە جێ و ئەکرێن و ئەوانە کە ئیتاعەی ئەکەن بەختیارن، وە ئەوانە کە ئیتاعەی ناکەن بەدبەخت و ناهەموارن و دەوام ئەکەن لەسەر سوجدەبردن بۆ خودا و کەوتن بەسەر رۆخساری پاك و چەناکەی خۆیانا و بیستنی قورئانی پیرۆز ترس و لەرزی دڵیان زیاد ئەکا و گەرمی دەروونیان بەجۆشتر ئەکا.

﴿قُلِ ٱدْعُواْ ٱللَّهَ أَوِ ٱدْعُواْ ٱلرَّحْمَٰنَ أَيًّا مَّا تَدْعُواْ فَلَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ وَلَا تَجْهَرْ بِصَلَاتِكَ وَلَا تُخَافِتْ بِهَا وَٱبْتَغِ بَيْنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ﴿١١٠﴾﴾

فەقەرەی یەکەم لەم ئایەتە پیرۆزە هاتە خوارەوە لە کاتێکدا کافرە موشریکەکان ئەیانبیست کە حەزرەت ﷺ ئەیفەرموو: «یا اللّه، یا رحمن»، ئەوانیش وتیان: تەماشا بکەن ئەم پێغەمبەرە مەنعی ئێمە ئەکا لە عیبادەتی دوو خودا کەچی خۆی ناوی دوو کەس ئەبا، جا خودا فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بڵێ: ئەی خوداپەرست بانگ بکە و بڵێ: «یا اللّه» وە یا بڵێ: «یا رحمن» مادام ئەمانە ناون بۆ یەك زات بە هەر کامیان بانگ بکەن لە زاتی خودا و بپاڕێنەوە دروستە هەروا بە ناوەکانی تریش؛ چونکە بۆ خودای تەعالایە ژمارەیێ لە «أسماء الحسنی» واتە ئەو ناوانە کە گەورەیی خودا و دووری لە عەیب ئەگەیەنن.

وە فەقەرەی دووهەم لەم ئایەتە پیرۆزە یانی: ﴿ولا تجهر بصلاتك﴾ نازڵ بووە لە شانی حەزرەتی ئەبووبەکر و حەزرەتی عومەردا رضي الله عنهما. ریوایەت کراوە کە ئەبووبەکر بە بێدەنگ دوعای ئەکرد و زیکری ئەخوێند، وە عومەر بە دەنگی بەرز ئەمانەی ئەکرد. حەزرەت ﷺ پرسی لە ئەبووبەکر، بۆچی وا بە پەنامەکی زیکر ئەکەی؟ ئەویش عەرزی کرد: من لە خودای خۆم ئەپاڕێمەوە و ئەو زانایە بە هەموو شتێ، وە پرسیشی لە عومەر: بۆچی بە دەنگی بەرز زیکر ئەکەی؟ فەرموی: شەیتان لە

www.iqra.ahlamontada.com

خۆم دوور ئەخەمەوە. جا ئەم فەقەرە نازڵ بوو. واتە: بە ئاشکرا زیکر و دوعا مەکە وا کە هەموو کەس لە دەورتا بیبیسێ و وایش بە پەنامەکی مەیانخوێنە کە هەر خۆت بیان‌بیسی، بەڵکوو لە بەینی ئەم دوانەدا پایەیێ بۆ خۆت هەڵبژێرە، یانی عومەر کەمێ نزمی بکاتەوە و ئەبووبەکریش کەمێ بەرزی بکاتەوە.

وە بازێ ئەفەرموون: مەبەست هەر خوێندنەوەی قورئانە لە نوێژا؛ چونکی ئەحمەد و بوخاری و موسلیم و ترمزی و نەسائی و ئیبنوحبان و غەیری ئەمانەیش ریوایەتیان کردووە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما ئەم ئایەتە نازڵ بووە لەو کاتەدا کە پێغەمبەر ﷺ لە مەککەدا موختەفی بوو خۆی لە کافرەکان دەرنەدەخست، وە لەو کاتانەدا نوێژی بە ئیمامەت بۆ ئەسحابەکان ئەکرد و دەنگی بەرز ئەکردەوە لە قورئان خوێندنا، وە کاتێ کافرەکان دەنگیان ئەبیست جنێویان ئەدا بە قورئان و بەو کەسە کە نازڵی کردووە! جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد و مەنعی حەزرەتی کرد لەوە دەنگ بەرز بکاتەوە لە قورئان خوێندنا تا کافرەکان نەیبیسن و جنێو نەدەن، وە ئەوەندەیش دەنگ نزم نەکا کە ئەسحابەکان نەیبیسن و سەریان لێ تێك بچێ لە کەوتنە شوێنی حەزرەتا بەڵکوو دەنگی لە بەینی ئەم دوو پایەدا بێ.

﴿ وَقُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى لَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ شَرِيكٌ فِى ٱلْمُلْكِ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ وَلِىٌّ مِّنَ ٱلذُّلِّ وَكَبِّرْهُ تَكْبِيرًۢا ﴿١١١﴾ ﴾

وە ئەوەی کە بۆ تۆ و پەیڕەوانی تۆ بە قیمەت بێ تەوحیدی خودایە و باوەڕکردنە بە عیززەتی و بڵێ: هەرچی سوپاس و ستایشە بۆ زاتی خودایەکە کە نەوەی بۆ خۆی بڕیار نەداوە و بێ‌نیازە لە نەتەوە و هاوبەشی نەبووە و نابێ لە گەورەیی و دەستەڵاتا و قەت داماوی بەسەرا نەهاتووە و یارمەتیدەری نەبووە لەبەر داماوی و، خودای خۆت زۆر بە گەورە بگرە و دەوام بکە لەسەر ئەم حاڵە.

www.iqra.ahlamontada.com

**ئەم ئایەتە ناوی «آیة العزة»یە و ریوایەت کراوە: هەر منداڵێ لە بەنی «عبدالمطلب» ئەگەیشتنە تەمەنی فام و تەمیز ئەم ئایەتەی نیشان ئەدان بۆ ئەوە بیخوێننەوە. وە بەیهەقی لە کتێبی «الأسماء والصفات»دا ریوایەتی کردووە لە ئیسماعیلی کوڕی «ابوفديك»ەوە ئەڵێ: حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: قەت کارێکی گرنگ نەهاتووە بەسەرما ئیللا جوبرەئیلم بۆ دەرکەوتووە و پێی وتووم: «یا محمد قل: توكلت على الحي الذي لا يموت، والحمد لله الذي لم يتخذ ولداً ولم يكن له شريك في الملك و لم يكن له ولي من الذل و كبره تكبيراً».**

سوپاس و ستایش بۆ خودا بە هەموو مەعنایێ کە شیاوی بارەگای ئەو بێ کە رزگار بووم لە تەفسیرێ سوورەتی «ئیسراء» کە رزگار بوونیشە لە تەفسیری نیوەی یەکەمی قورئانی پیرۆز، لە پێش نوێژی عەسری رۆژی چوارشەممەی بیست و پێنجی مانگی شەوالی هەزار و سێسەد و نەوەد و هەشتی کۆچی، رێکەوتی رۆژی بیست و حەوتی مانگی نۆی هەزار و نۆسەد و حەفتا و هەشتی زایینیدا لە حوجرەی مەدرەسەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی. من کە عەبدولکەریمی موحەممەدی کوردی شارەزووری لە هۆزی قازیم.

www.iqra.ahlamontada.com

سووره‌تی که‌هف، مه‌ککه‌ییبیه، ئایه‌تی "۳۸" و ئایه‌ته‌کانی "۸۳" تا "۱۰۱" نه‌بیٚ، ئه‌وانه مه‌دینه‌یین، ئه‌م سووره‌ته ۱۱۰ ئایه‌ته.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ عَلَىٰ عَبْدِهِ ٱلْكِتَٰبَ وَلَمْ يَجْعَل لَّهُۥ عِوَجَا ۜ ﴿١﴾ قَيِّمًا
لِّيُنذِرَ بَأْسًا شَدِيدًا مِّن لَّدُنْهُ وَيُبَشِّرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ
ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا حَسَنًا ﴿٢﴾ مَّٰكِثِينَ فِيهِ أَبَدًا ﴿٣﴾ ﴾

هه‌رچه‌ند ستایش و سوپاس کراوه و ئه‌کریٚ هه‌تا هه‌تایه هه‌مووی هه‌ر بۆ ئه‌و خودایه که ئه‌و کتێبه پیرۆزه به‌رزه به‌ڕێزه‌ی ناردووه‌ته خواره‌وه بۆ سه‌ر به‌نده‌ی خاوه‌ن په‌یمان و ئیمانی ساغی که حه‌زره‌تی «محمد المصطفی»یه وه ئه‌و کتێبه‌ی دوور خستووه‌ته‌وه له لاری و ناباری، واته له‌به‌ر بیری ئاده‌می ژیرا «ته‌ناقوز و موناقات» و به گژا چوونی ئایه‌تیٚ بۆ ئایه‌تێکی‌تری تێدا نییه، وه‌کوو ئاوێکی ساف له سه‌رچاوه‌یه‌کی به‌رز و پاکه‌وه بڕژێته خواره‌وه و به ڕووبارێکی ڕێکدا بێته خواره‌وه بۆ سه‌ر کشتوکاڵ و خواردنه‌وه‌ی ماڵ و منداڵ وه‌ها ده‌ڕۆن و ئه‌ڕوا.

وه هه‌ر موناقاتیٚ بیری ئینسانێکی که‌م‌بیر بۆی بڕوا له کزی و که‌م‌وکوورِی بینایی عه‌قڵ و عیلم و زانستی ئه‌و که‌سه‌یه وه به که‌متر مولاحه‌زه‌یێ چار ئه‌کریٚ.

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەو ئەحکامە وا لەو کتێبەدا لە بارەی بیر و باوەڕی بوونی پەروەردگاری «واجب الوجود» و یەکیەتی و سیفاتی قەدیمەی ڕەسای ئەوەوە، وە لە بارەی ریسالەت و ڕەهبەری ڕەهبەرەکانەوە، وە لە بارەی ئادابی ئایین و کۆمەڵایەتی و ژیوار و دادگەری و بەرگری دوژمنانی دین، وە لە بارەی خوڵك و ڕەوشتی شیرینەوە هەمووی ڕێك و ڕاست و موافیقی عەقڵی عاقڵانە.

وە ئەم قورئانە وەکوو ڕەهنومایی و سەرقافڵەیەکە کەوتبێتە بەر قافڵەکەیەوە و بە ڕاستەشەقاما بیبا بە ڕێگەدا و بیان پارێزێ لە کەند و لەند هەتا تەسلیمیان ئەکا بە مەنزڵ و ماوای دوا ڕۆژی سەفەریان وەها ڕەهنومایەکی ڕاست و ئەمین و بەردەوامە.

وە کتێبێ وەهابێ یەکە نیعمەتە لە لایەنی خوداوە.

یەکەم: بۆ ئەو پێغەمبەرە کە هاتووە بۆی؛ چونکی ئەبێ بە مامۆستای دانشگای غەیبی ئەو ڕەهبەرە و دەرسی کەماڵی نیشان ئەدا، وە پاش کەماڵ دەرسی ئیرشاد و تەمێ و تەربییەی غەیری پێ ئەدا بۆ ئەوە کە ببێ بە «رحمة للعالمين» وا بوو بە نیعمەتی کەماڵ و تەکمیل بۆ پێغەمبەری نازار ﷺ.

دووەم: بۆ ئەو ئوممەتە کە بە هۆی ئەم کتێبە پیرۆزەوە لە تاریکی نەزانی و بەدبیری و بەدکاری دەرئەچێ بۆ مەیدانی زانیاری و خۆش بیری و شیرین کاری، وە بۆ ئەوانیش بە پێی بارەی خۆیان کەمال و تەکمیل ئەگەیەنێ، وە نیعمەتێ وەهابێ شیاوە بۆ ئەوە کە سوپاسی خاوەنەکەی بە دڵ و گیان و زمان و هەموو ئەندامێکی لەش بکرێ.

هەروا ئەو کتێبە پیرۆزە نیگابانی عالەمی خاوەن عەقڵە و بانگیان ئەکا بۆ دەوام لەسەر ئیتاعەی خودا و پێغەمبەری خودا بە ترساندن و موژدەدان، وەکوو خودا فەرموویە با ئەم قورئانە ئینزاری کافرەکان و نافەرمانەکان بکا بە سزایەکی بەتین لە

www.iqra.ahlamontada.com

لایەنی خوداوە و موژدە بدا بەو موسوڵمانانە کە کردەوەی باش ئەکەن بەمە کە لە ڕۆژی خۆیا پاداشێکی جوانیان هەیە و لەو جێگە و شوێنەدا ئەمێننەوە هەتا هەتایە.

﴿وَيُنذِرَ ٱلَّذِينَ قَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدٗا ٤﴾

وە بە تایبەتی بترسێنێ ئەو کافرانە کە وتوویانە خودای تەعالا نەتەوەی بۆ خۆی بڕیار داوە و فریشتەکان کچی خودان و عوزەیر و عیسا کوڕی خودان.

﴿مَّا لَهُم بِهِۦ مِنۡ عِلۡمٖ وَلَا لِأٓبَآئِهِمۡۚ كَبُرَتۡ كَلِمَةٗ تَخۡرُجُ مِنۡ أَفۡوَٰهِهِمۡۚ إِن يَقُولُونَ إِلَّا كَذِبٗا ٥﴾

وە ئەم کافرانە بە هیچ جۆر زانست و زانیارییان نییە بەو قسە پووچە نە بۆ خۆیان و نە باوك و باپیرەیان کە سەرچاوەی ئەم درۆ بێسەر و بەرەن، وە زۆر زۆر گەورەیە و نابارە و ناهەموارە ئەو کەلیمە و ئەو وێژراوە کە دەرئەچێ لە دەمیان و لەبەر بێشووری ئەوان بە حەقیقەت بە گەورەیی قسەکەیان نازانن و ناڵێن و دەم ئاوێژ ناکەن بە وتارێکی دووری بێئەساس و بێبناغە نەبێ.

﴿فَلَعَلَّكَ بَٰخِعٞ نَّفۡسَكَ عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِمۡ إِن لَّمۡ يُؤۡمِنُواْ بِهَٰذَا ٱلۡحَدِيثِ أَسَفًا ٦﴾

ئەڵبەتە تۆ ئەی خۆشەویست خۆت ماندوو ئەکەی و خۆت ئەکوژی بە شوێن ئەوانا ئەگەر ئیمان و باوەڕیان نەبێ بەم قورئانە لەبەر خەفەت خواردن لەسەر گومڕاهی ئەوان و، تۆ وا مەکە بە خۆت؛ چونکی لە جیهانی تەکلیفا هەرکەسێ خۆی ڕێگەی خۆی ئەگرێ هەتا لەسەر دڵخوازی خۆی ئەگات بە پاداشی خۆی.

﴿إِنَّا جَعَلۡنَا مَا عَلَى ٱلۡأَرۡضِ زِينَةٗ لَّهَا لِنَبۡلُوَهُمۡ أَيُّهُمۡ أَحۡسَنُ عَمَلٗا ٧﴾

www.iqra.ahlamontada.com

بە راستی ئێمە ئەوەی وا بەسەر عەرزەوە لە گیانلەبەران و لە بێگیانان و گیا و دار و کانی بە قیمەت، وەکوو نەوت و ئاڵتوون و زیو و ئاسن و باقی کانەکان... کردوومانە بە هۆی جوانی جیهان و لەبەر چاوی ئەهلی جیهانا جوانمان کردووە بۆ ئەمە کە بەراوردیان بکەین، واتە دەرکەوێ لەوانەوە وەکوو لە بەراوردکراو تا بزانین کام لەو هۆشیارانە کردەوەیان باشترە لە سوود وەرگرتن لێیان تا لەسەر ئەو ئیستیفادەی ئەوانە پاداشیان بدەینەوە، واتە ئەوانە کە سوودیان لێ وەرئەگرن بۆ ژیواری خۆیان و باقی هاونەوعیان بە شێوەیەکی مەشرووع، وە واریدات و حاسڵاتەکەیان ئەکەن بە هۆی ئاوەدانکردنەوەی جیهان بە جۆرێ سوودی هەردوو دنیای لێ وەربگرن و پاداشی باشیان بدەینەوە، وە ئەوانە کە هەرچی واریداتیان بێ لەم جیهانەدا سەرفی ئەکەن لە ئارەزووی نەفسی بەدکارا و بەکاری دێنن لە رێگەی کینە و قارا و بە وەهمی شەیتانی بەر ئەبن لە گیانی ئادەمیزاد، ئەوانەیش بە تۆڵەی قیامەت و بە سزا گیرۆدە ئەبن.

﴿ وَإِنَّا لَجَٰعِلُونَ مَا عَلَيۡهَا صَعِيدٗا جُرُزًا ﴿٨﴾ ﴾

وە ئەوەیش وا بەسەر عەرزەوە لای ئەبەین و عەرزەکەی ئەکەین بە عەرزی بێ گیا و بێ‌دار.

﴿ أَمۡ حَسِبۡتَ أَنَّ أَصۡحَٰبَ ٱلۡكَهۡفِ وَٱلرَّقِيمِ كَانُواْ مِنۡ ءَايَٰتِنَا عَجَبًا ﴿٩﴾ ﴾

یا خەیر تۆ گومان ئەبەی کە ئەوانە کە رایان کرد لە دەستی پاشای رۆمی مەشهوور بە دەقیانووس و مەشهوورن بە «أصحاب الكهف» بە ئیعتیباری ئەوە کە لە ئەشکەوتدا مانەوە و بە «أصحاب الرقيم» بە گوێرەی ئەوەی کە ئەو کێوەی ئەشکەوتەکەی تێدا

www.iqra.ahlamontada.com

بوو ناوی رەقیم بوو، یاخود سەگەکەیان ناوی رەقیم بوو، یاخود لە تەختە بەردێکدا پاش دۆزینەوەیان ناو و نیشانیان نووسراوە و لە دەرگای ئەشکەوتەکەیانا دانراوە، گومان ئەبەی بە وەزعی ئەوان و مانەوەی بەنوستوویی ئەوان لە ماوەی سێسەد و نۆ ساڵدا شتێکی عەجیبە لەبەر توانایی مندا، حاشا بۆ توانایی من هیچ شتێ جێگەی سەرسوڕمان نییە.

﴿إِذْ أَوَى ٱلْفِتْيَةُ إِلَى ٱلْكَهْفِ فَقَالُوا۟ رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا ﴿١٠﴾﴾

لەو کاتەدا کە ئەو کۆمەڵە جوانە لە شاری «ئەفسووس» دەرچوون و رۆیشتن بۆ ئەشکەوتێ لەو نزیکەدا بۆ ئەوە خۆیان بشارنەوە، جا پاڕانەوە لە خودا و وتیان: پەروەردگارا لە لایەنی خۆتەوە میهرەبانییەکمان لەگەڵدا بکە ببێ بە هۆی رزگاریمان لە دەست دەقیانووس و ببێ بە هۆی ئەوەیش تاوانمان ببەخشی. وە بۆمان ئامادە بکە لەم کارەدا کە ئێمە واین لە سەری، وەکوو را کردن لە دەستی ستەمکار بێ، گەیشتن بە ئەنجامێکی پیرۆز.

﴿فَضَرَبْنَا عَلَىٰٓ ءَاذَانِهِمْ فِى ٱلْكَهْفِ سِنِينَ عَدَدًا ﴿١١﴾﴾

منیش پاش ئەوە چوونە ئەو ئەشکەوتەوە دام بە گوێیانا ـ واتە نواندنم ـ ماوەی چەن ساڵێکی خاوەن ژمارە وەکوو باسی ئەکەین.

﴿ثُمَّ بَعَثْنَٰهُمْ لِنَعْلَمَ أَىُّ ٱلْحِزْبَيْنِ أَحْصَىٰ لِمَا لَبِثُوٓا۟ أَمَدًا ﴿١٢﴾﴾

پاش ئەو ماوەیە لە خەو خەبەردارم کردنەوە بۆ ئەوە عیلمی ئێمە تەعەلوق ببەستێ بەو تاقمیانەوە باش ئاگادارن و راست وتارن لە ماوەی مانەوەیانا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ نَّحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ نَبَأَهُم بِٱلۡحَقِّۚ إِنَّهُمۡ فِتۡيَةٌ ءَامَنُواْ بِرَبِّهِمۡ وَزِدۡنَٰهُمۡ هُدٗى ١٣ ﴾

تۆ گوێ مەدە بە قسە و باسی ئەو خەڵکە کە باسی «أصحاب الکهف» ئەکەن، ئێمە هەواڵی ئەوانت بە راستی بۆ ئەگێڕینەوە: ئەوانە کۆمەڵێ بوون ئیمانیان هێنا بوو بە خودای خۆیان و منیش لەبەر راستکاری ئەوان هیدایەت و شارەزایی رۆحیم بۆ زیاد کردبوون.

﴿ وَرَبَطۡنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ إِذۡ قَامُواْ فَقَالُواْ رَبُّنَا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ لَن نَّدۡعُوَاْ مِن دُونِهِۦٓ إِلَٰهٗاۖ لَّقَدۡ قُلۡنَآ إِذٗا شَطَطًا ١٤ ﴾

وە دڵمان ئەستوور کردن لەو کاتەدا راستەوە بوون و بەرابەر بە پاشای ستەمکار ناڕەزاییان دەربڕی و وتیان: خودای ئێمە بتی تاشراو نییە و خودای ئێمە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوییە و بە راستی ئێمە هەتا هەتایە بەندەیی بۆ غەیری ئەو ناکەین و بێجگە لەو بانگ لە خودایەکی تر ناکەین، ئەگەر ئێمە شتێکی وا ناڕەوا بکەین و بانگ لە غەیری ئەو بکەین، لەم کاتەدا، بە راستی ئێمە قسەیەکی دوور لە راستیمان کردووە.

﴿ هَٰٓؤُلَآءِ قَوۡمُنَا ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةٗۖ لَّوۡلَا يَأۡتُونَ عَلَيۡهِم بِسُلۡطَٰنِۭ بَيِّنٖۖ فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا ١٥ ﴾

ئەوانە ئەو قەومی ئێمە لەبەر گومڕاهی غەیری پەروەردگاری حەق چەن بتێکیان کردووە بە پەرستراوی خۆیان، جا ئەگەر راست ئەکەن بۆچی نایەن دەلیلێکی رووناك بێننەوە لەسەر ئەوە کە ئەوانە خودان و شیاوی ئەوەن بپەرسترێن، کە مادام دەلیلیان نییە دیارە درۆزنن، جا ئەبێ کێ زاڵمتر بێ لەو کەسە کە درۆ بە دەم خوداوە هەڵئەبەستێ و ئەڵێت: ئەو خودایە شەریك و هاوڕێی هەیە؟

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَإِذِ ٱعْتَزَلْتُمُوهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ فَأْوُۥٓا۟ إِلَى ٱلْكَهْفِ يَنشُرْ لَكُمْ رَبُّكُم مِّن رَّحْمَتِهِۦ وَيُهَيِّئْ لَكُم مِّنْ أَمْرِكُم مِّرْفَقًا ﴿١٦﴾﴾

جا بازێکیان بە بازێکیان وت: مادام ئێوە کەنارتان لەو گەلە بتپەرستە و لە بتەکانیان گرت دەی روو بکەنە ئەو ئەشکەوتە دوورە ئەستوورە و خۆتانی تێدا پەنا بدەن بێ‌گومان خودا ئێوە زایە ناکا و لە میهرەبانی خۆی بەشتان ئەدا و سفرەیەکی ژیواری کەرەم و هێزێکی دڵ و دەروون و شادمانییەکی رۆحیتان بۆ بڵاو ئەکاتەوە و رای ئەخا بۆتان وەها کە بەشی هەمووتان بکا، وە بۆتان ئامادە ئەکا لەم بابەتی خودا پەرستی و دوورکەوتنەوە لە فیتنە، شتێ کە هۆی ئاسایش و ئەنجامی خێرتان بێ.

﴿وَتَرَى ٱلشَّمْسَ إِذَا طَلَعَت تَّزَٰوَرُ عَن كَهْفِهِمْ ذَاتَ ٱلْيَمِينِ وَإِذَا غَرَبَت تَّقْرِضُهُمْ ذَاتَ ٱلشِّمَالِ وَهُمْ فِى فَجْوَةٍ مِّنْهُ ۚ ذَٰلِكَ مِنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ ۗ مَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلْمُهْتَدِ ۖ وَمَن يُضْلِلْ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ وَلِيًّا مُّرْشِدًا ﴿١٧﴾﴾

وە تۆ، ئەی پێغەمبەری خۆشەویست: ئەگەر لەو شوێنەدا بوویتایێ و تەماشات بکردایە رۆژت ئەبینی کاتێ کە [لە] کەناری ئاسمان دەرئەکەوت لای ئەدا لە ئەشکەوتەکەی ئەوان بە لای راستیانا، واتە پڕتەوەکەی نەئەرۆیشتە ناو ئەشکەوتەکەیانەوە، وە کاتێ کە رۆژیش ئاوا ئەبوو ئەیدا بەسەریانا بەرەو لای چەپیان و پڕتەوەکەی بە تەواوی نەئەرۆیشتە ناو ئەشکەوتەکەوە. ئەمەیش لەبەر ئەوە بوو کە ئەشکەوتەکەیان شیمالی بوو، دەرگای ئەشکەوتەکە بەرەو «قوتب» بوو ناوەکەی بەرەو جنووب بوو هەر شوێنێ وابێ لەو وڵاتەدا پڕتەوی رۆژ ناڕواتە ناویەوە.

بۆ روونکردنەوەی ئەم ئایەتە ئەڵێن: ئەو شارە کە دەقیانووسی رۆمی تێدا بووە و ئەم کارەساتە تیا رووی داوە ناوی ئەفسووس بووە و لە نزیکی شاری ئەسکەندەروونەوە بووە کە ئێستە بە دەستی تورکەوەیە و نزیکی دەریایە.

www.iqra.ahlamontada.com

وە بازێ ئەڵێن: ئەو شارە لە نزیکی «ئەردەن»ی ئیمڕۆدا بووە و ئەشکەوتەکەیش کە ئەو کۆمەڵە موسوڵمانە خۆیان تێدا کەنار داوە وا لە کێوێك لە کێوەکانی ئەوێدا. وە ئەو وڵاتە وەکوو عێراقی ئێمە کەوتووەتە شیمالی مەداری «سرەتان» کە ئاخر مەداری هاتوچۆی کەوکەبە لە شیمالەوە، وە لە یەکەم رۆژی هاوینا بەوێدا ئەسووڕێتەوە.

جا نزیکترین کاتی رۆژ بەو شوێنە سەرەتای هاوینە، وە لەو رۆژەدا لە وڵاتی ئێمەدا رۆژ دوازدە دەرەجە لێمانەوە دوورە و لای جەنووبی ئەکەوێتە لای ئێمەوە، وە بە نیسبەتی ئەسکەندەروونەوە یا وڵاتی ئەردەنیشەوە هەروا لە یەکەم رۆژی هاوینا کە ئەوپەڕ دەرەجەی نزیکی رۆژە لەو وڵاتەوە هەر رۆژ جەنووبییە لە وڵاتەکەوە و ئەشکەوتەکەیش لە کێوەکەدا وا هەڵکەوتووە دەرگاکەی رووی کردووەتە ئەستێرەکانی «حەوتەوانە» کە ئەستێرەی «قوتب» وا لە ناو ئەوانا و خانووی ئەشکەوتەکە ئەبێ بە جەنووبی لە دەرگاکەیەوە.

جا هەر کاتێ رۆژ هەڵبێ کاتی گەیشتن بە مەداری سەرەتان پڕتەوەکەی ئەدا لە لای خۆرئاوای ئەشکەوتەکە، وە هەر کاتێ رۆژ لە ئەشکەوتەکە نزیکە ئاوا ببێ پڕتەوەکەی ئەدا لە لای خۆرهەڵاتی ئەشکەوتەکە یا لە دەرگای ئەشکەوتەکە، وە لە هەردوو کاتەکەدا کەمێ پڕتەو ئەدا لە دەرگای ئەشکەوتەکە و بەم جۆرە ئەو کۆمەڵە هەم هەوای باشیان بۆ ئەڕۆیشت و هەتاوەکە لێی نەئەدان و لەو ماوە زۆرەدا بە پارێزراوی مانەوە.

وە بازێ لە زانا بەرزەکان فەرموویانە: هۆی مانەوەیان و پارێزراوییان ئەمە نەبووە بەڵکوو هەر پاراستنی پەروەردگار بووە ئەنا مانەوەی سێسەد و نۆ ساڵ بە عادەت مومکین نییە مەگەر بە هێزی توانای خودا.

بە هەرحاڵ ئەم رووداوە یەکێکە لەو کەراماتە و لەو «خارق‌العادات»ە کە خودا لە قورئانی پیرۆزا باسی کردووە بۆ دۆستانی خۆی کە پیاوچاکانی خودان. هەروا

www.iqra.ahlamontada.com

دەسکەوتی رزقی زستانە لە هاوینا و میوەی هاوینە لە زستانا بۆ حەزرەتی مریەم علیها السلام ئەویش کەرامەتێکە لە کەرامەتەکانی ئەولیا کە لە قورئانا باس کراوە. وە هێنانی تەختی «بلقیس»ی پادشای وڵاتی «سبأ» لە یەمەندا بە چاوبرکەیێ بۆ فەلەستین لە لایەنی ئاسەفی کوڕی بەرخیاوە ئەویش هەر لەم بابەتانەیە و موعجیزەی سولەیمان نییە ئەگەرنا ئەو خۆی ئەو تەختەی ئەهێنا و ئەمری بە کەس نەدەکرد بۆی بێنێ وەکوو لە قورئانی پیرۆزا باس کراوە.

﴿ وَتَحۡسَبُهُمۡ أَيۡقَاظٗا وَهُمۡ رُقُودٞۚ ﴾

ئەگەر تەماشایان بکەی گومانیان پێ ئەبەی بەخەبەرن و نەنوستوون؛ چونکی چاوەکانیان کراوەتەوە کەچی لە راستیدا ئەوان خەوتوون.

﴿ وَنُقَلِّبُهُمۡ ذَاتَ ٱلۡيَمِينِ وَذَاتَ ٱلشِّمَالِۖ ﴾

وە هەڵیان‌ئەگێڕینەوە بە لای راستا و بە لای چەپدا بۆ ئەوە کە عەرز لە لەشیان نەخوا بە هۆی زۆری ماوەوە.

﴿ وَكَلۡبُهُم بَٰسِطٞ ذِرَاعَيۡهِ بِٱلۡوَصِيدِۚ ﴾

وە سەگەکەیشیان هەردوو باسکی راخستووە بە دەرگای ئەشکەوتەکەدا بۆ ئەوە کە دڕندە نەڕواتە ناو ئەشکەوتەکەوە بیان‌خوات.

﴿ لَوِ ٱطَّلَعۡتَ عَلَيۡهِمۡ لَوَلَّيۡتَ مِنۡهُمۡ فِرَارٗا وَلَمُلِئۡتَ مِنۡهُمۡ رُعۡبٗا ١٨ ﴾

ئەگەر ئاگادار ببی لەسەریان و بۆیان بڕوانی پشتت هەڵئەکرد و بە راکردنەوە لەو شوێنە هەڵئەهاتی و هەموو گیانت پڕ ئەبوو لە ترس، لە وەزعی ئەو کۆمەڵە لە: تووکی درێژ و، چاوی زاق و، وەزعی شوێنەکە و، پاسەوانی سەگەکەیان کە بەو شێوە بە هەیبەتە دەرگای ئەشکەوتەکەی گرتووە. وە زیاد لەمانەیش خودا بیەوێ

www.iqra.ahlamontada.com

یەکێ بپارێزێ هەیبەتی ئەخاتە سەری خەڵك ناتوانن سووکی بکەن و بە سووکی بۆی بڕوانن.

﴿ وَكَذَٰلِكَ بَعَثْنَٰهُمْ لِيَتَسَآءَلُواْ بَيْنَهُمْۚ قَالَ قَآئِلٌ مِّنْهُمْ كَمْ لَبِثْتُمْۖ قَالُواْ لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍۚ قَالُواْ رَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثْتُمْ فَٱبْعَثُوٓاْ أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمْ هَٰذِهِۦٓ إِلَى ٱلْمَدِينَةِ فَلْيَنظُرْ أَيُّهَآ أَزْكَىٰ طَعَامًا فَلْيَأْتِكُم بِرِزْقٍ مِّنْهُ وَلْيَتَلَطَّفْ وَلَا يُشْعِرَنَّ بِكُمْ أَحَدًا ﴿١٩﴾ ﴾

وە هەر وەکوو ئەوانم نواند وەهایش خەبەردارم کردنەوە بۆ ئەوە پرسیار لە یەك بکەن لە ماوەی نوستنیان و لە وەزعی خۆیان هەتا ئاگادار ببن لە هێز و تەوانایی ئێمە. جا کاتێ خەبەریان بووەوە یەکێ لەوان وتی: ماوەی چەندێ نوستوون و ماونەتەوە لەم ئەشکەوتەدا؟ ئەوانیش وتیان: ڕۆژێ یا بازێ لە ڕۆژێ؛ چونکی وەختی خۆی لە چاشتەڕۆژا چووبوونە ئەشکەوتەکە و کاتێ خەبەریان بووەوە پاش نیوەڕۆ بوو، جا گومانیان برد ئەوە یا پاش نیوەڕۆی عەینی ڕۆژە یا پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دواییە. وە پاش وردبوونەوە لە وەزعی خۆیان و مووی سەر و ریشیان و درێژی نینۆکەکانیان و تێکچوونی بەرگ و پۆشاکیان، وتیان: هەر پەروەردگاری خۆتان ئەزانێ چەندێ لەم شوێنەدا ماونەتەوە، وە بە هەر حاڵ ئێستە برسیمانە یەکێکتان بنێرن و نەختێ خەرجی و پووڵی ڕەواجی ڕۆژ لەوەی پێمانە لەگەڵ خۆی بەرێ و تەماشا بکا کام شوێن لە شارەکەدا، یا کام کەس لە ئەهلی شارەکە پاکتر و حەڵاڵتر و خۆشتر و هەرزانتر خواردەمەنییان لایە با ژیوارتان بۆ بێنێ، بەڵام با زۆر بە نەرمی و ناسکی مامەڵە و قسە بکا لەگەڵ مامەڵەچیانا و خواردەمەنییەکی باشمان بۆ بسێنێ، وە یا

www.iqra.ahlamontada.com

زۆر ئاگادار بێ لە وتارا با پاسەوان و خەڵکی ناوشار پێمان نەزانن و کەسمان لێ ئاگادار نەکەن.

﴿إِنَّهُمْ إِن يَظْهَرُوا۟ عَلَيْكُمْ يَرْجُمُوكُمْ أَوْ يُعِيدُوكُمْ فِى مِلَّتِهِمْ وَلَن تُفْلِحُوٓا۟ إِذًا أَبَدًا ﴿٢٠﴾﴾

بە راستی ئەوان ئەگەر پێتان بزانن زاڵ ئەبن بە سەرتانا و کاتێ زاڵ بوون بەسەرتانا بەردەبارانتان ئەکەن و ئەتانکوژن، یا بە زۆر ئەتان بەنەوە بۆ سەر دینەکەی خۆیان و مادام بگەڕێنەوە بۆ سەر ئایینەکەی ئەوان قەت لە سزای خودا رزگار نابن.

﴿وَكَذَٰلِكَ أَعْثَرْنَا عَلَيْهِمْ لِيَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ لَا رَيْبَ فِيهَآ إِذْ يَتَنَٰزَعُونَ بَيْنَهُمْ أَمْرَهُمْ ۖ فَقَالُوا۟ ٱبْنُوا۟ عَلَيْهِم بُنْيَٰنًا ۖ رَّبُّهُمْ أَعْلَمُ بِهِمْ ۚ قَالَ ٱلَّذِينَ غَلَبُوا۟ عَلَىٰٓ أَمْرِهِمْ لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيْهِم مَّسْجِدًا ﴿٢١﴾﴾

وە هەر وەکوو وەختی خۆی ئەوانمانە نواند و لە پاش ئەو ماوە زۆرە خەبەردارمان کردنەوە وەها وەزعێکمان سازاند کە خەڵکمان ئاگادار کرد لەسەریان تا ئەوانە کە ئاگادار بوون لەسەریان باوەڕێکی راستەقینە پەیدا کەن بەوە کە وەعدەی خودا بە زیندووبوونەوەی مردوو لە قەبرا راستە و بە راستی رۆژی قیامەتیش گومان و شوبهەی تێدا نییە، وە ئەم ئاگادار کردنی خەڵکەمان لەسەر ئەوان لە کاتێکدا کرد کە ئەهلی ئەو شارە لە ناو خۆیانا نیزاعیان هەبوو لە زیندوو بوونەوەی رۆژی قیامەتا بازێ لەوان ئەیوت: هەر نییە، وە بازێ ئەیانوت: هەیە بەڵام هەر بە رۆحە بە بێ لەش، وە بازێکیش ئەیانوت: بە هەموو گیان و لەشە. وە کاتێ لە پاش ئەو ماوە زۆرە ئەو کۆمەڵی ئەشکەوتەمان بێدارکردەوە و ئەهلی ئەو شارەیشمان ئاگادار کرد لەسەریان

www.iqra.ahlamontada.com

حاڵی بوون ئەو خودایە کە بتوانێ کۆمەڵێ ئینسان لە ماوەی سێسەد و نۆ ساڵدا بنوێنێ و لەشیان نەڕزێنێ و تووشی ئازاری دارِنانی نەکا و لە پاش ئەوە لە خەو خەبەریان بکاتەوە و بیانمرێنێتەوە، ئەوە ئەتوانێ عالەمی مردوانی گۆڕیش زیندوو بکاتەوە لە پاش هاتنی وادەی قیامەت وە هەرکەسێ بگەیەنێ بەو تۆڵە و پاداشە کە بە یاسای خودا شیاوی بوون.

جا ئەو کۆمەڵە بە حاڵی ئەهلی ئەشکەوتەکەیان زانی، بوون بە دوو بەشەوە؛ ئەوانەیان کە زۆر لە باسی دین و «أصحاب‌الکهف» ئاگادار نەبوون وتیان: خانوویەك لەم شوێنەدا دروست بکەن بەسەر قەبرەکانیانەوە هەتا وەکوو نیشانەیەکی مێژوویی بمێننەوە، خودا خۆی ئەزانێ ئەمانە چی بوون و چ کارەن، ئیتر ئەوەنە ئیهتیمامی ناوێ، وە ئەوانەیش کە زۆر ئاگادار بوون بەسەر حاڵی ئەوانا، وەکوو پاشای وڵاتەکە کە موسوڵمان بوو، وە ئەو کەسانە کە باش لەو کۆمەڵە حاڵی نەبوون لە خەڵکی شارەکە وتیان: بە راستی مزگەوتێ و عیبادەتخانەیێ بەسەریانەوە دروست ئەکەین، واتە لە نزیکیانەوە هەتا ئەو کەسانە کە دێن بۆ زیارەتی ئەم زاتانە لە بەر بیری قیامەت و یادی جیهادی جوانان لە رێگەی خودادا باش لەو مزگەوتەدا عیبادەت بکەن بۆ خودا و ئاسایش بکەن هەتا لەو شوێنەدا ئەمێننەوە.

لە تەفسیری «روح المعانی»دا ئەڵێ: ریوایەت کراوە: پاش ئەوە کە خودای تەعالا ئەو کۆمەڵەیە نواند لە ئەشکەوتەکەدا و ماوەیێ رابورد و دەقیانووس مرد و ئەوزاعێکی‌تر پەیدا بوو هەتا لەو چەرخەدا کە ئەو کۆمەڵە خەبەردار بوونەوە. پادشایەکی موسوڵمان پاشای ئەو شارە بوو ئەهلی وڵاتەکەیشی زۆربەیان موسوڵمان بوون، جا لە ناو خەڵکەکەدا نیزاع پەیدا بوو: ئایا قیامەت و زیندووبوونەوە هەیە یا نە؟ ئەوانە کافر بوون ئەیانوت: نییە، وە ئەوانەیش موسوڵمان بوون ئەیانوت: هەیە، وە پاشای

www.iqra.ahlamontada.com

ولاَتەکە لەبەر ئەوە موسولْمان بوو زۆر لەم باسە دلْگران بوو، وە زۆر لە خودا پاڕایەوە کە نیشانەیێ دەربخا بۆ ئەم خەلْکە هەتا ئەوانە بیر و باوەڕیان بە قیامەت نییە لەو بیرە بگەڕێنەوە بۆ باوەڕی ئیسلامییەت و تەسدیق بە خودا.

بە خواستی خودا لەم وەختەدا کۆمەلْێ «أصحاب الکهف» لە خەو خەبەریان بووەوە یەکێکیان لە خۆیان نارد بە بازێ سکەی چەرخی خۆیانەوە بۆ شار کە خواردەمەنییان بۆ بێنێ، ئەویش هات بۆ شار تا گەیشت بە ئینسانێ خواردەمەنی لێ کڕی و پارەی پێدا، کاتێ کابرا تەماشای پارەکەی کرد وتی: برا ئەمە پارەی ئەم زەمانە نییە و پارەی زەمانی دەقیانووسە ئەلْبەتە تۆ خەزێنەت دۆزیوەتەوە، وە ئەو کەسەیان برد بۆ لای پاشای ئەو رۆژە و پاشا پرسیاری لێ کرد: تۆ کێی؟ وتی: من یەکێکم لە ئەهلی ئەم شارە و لەگەلْ چەن کەسی‌تردا لەم رۆژانەدا لە ترسی دەقیانووس رامان کرد و لە فلاَنە ئەشکەوتدا خۆمان حەشار دا و نوستین، کاتێ لە خەو هەستاین برسیمان بوو من هاتم خواردەمەنی بکڕم و ئەم خاوەن دووکانە هێنامی بۆ لای تۆ، وە پاشایش وەختی خۆی بیستبووی کە کۆمەلێ جوانی خەلْکی ئەم شارە لە ترسی دەقیانووس هەلْهاتوون و ناوی ئەزانین و باسی ناوەکانی کردن و کابرای نان سێن وتی: بەلْێ ئێمە ئەوانەین.

جا پاشا لەگەلْ کۆمەلێ لە خەلْکی شارەکەدا رۆیشتن بۆ ئەو ئەشکەوتە، کاتێ نزیك بوونەوە لە ئەشکەوتەکە ئەو یەکە کە هاتبوو بۆ نان و خواردەمەنی وتی: ئێوە من ئیزن بدەن با بڕۆم وەزعی ئێوە بەیان بکەم بۆ هاوڕێکانم تا لێتان نەترسن، وە ئیزنیان دا، کاتێ گەیشتە ئەشکەوتەکە و ئەم باسەی گێڕایەوە بۆیان خودای تەعالا گیانی کێشان و مردن پاشا بەسەر تەرمەکانیانا گەیشت و ماوەی قسە و باسی لەگەلْیانا نەما.

www.iqra.ahlamontada.com

جا کۆمەڵی هاوڕێی پاشا بوون بە دوو بەشەوە؛ ئەوانە کە ئیمانیان نەبوو وتیان: لەم شوێنەدا خانوویێ دروست بکەن ببێ بە نیشانە لەسەر ئەم پیاوانە، وە ئەوانەیش کە خاوەن بیر و باوەر بوون وتیان: ئەبێ مزگەوتێ لە نزیکیانا دروست بکەین تا هەرکەسێ هات بۆ زیارەتی ئەمانە لەو مزگەوتەدا بەندەیی بۆ خودا بکا و تەسبیحی خودا بکا لەسەر توانایی ئەو کە ئەم وەزعەی بۆ «أصحاب الکهف» رێك خستووە. ئەمە بە کورتی تەرجەمەی چەن دێڕێکی «روح المعانی» بوو.

وە لە تەفسیری «بەیزاوی»دا ئەڵێت: پاشا کە لەگەڵ خەڵکی شارەکەدا گەیشتن بە پیاوانی ئەشکەوتەکە و قسەیان لەگەڵا کردن، جا وتیان بە پادشا خوا حافیزت بێ و پاش ئەوە لە شوێنی خۆیانا مردن و پاشا لە نزیکی دەرگای ئەشکەوتەکەدا مزگەوتێکی کردەوە. (واللّٰه أعلم).

﴿ سَيَقُولُونَ ثَلَٰثَةٌ رَّابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ ﴾

لەم نزیکانەدا بازێ لە ئەهلی کیتاب ئەڵێن: «أصحاب الکهف» سێ کەس بوون و چوارەمی گیانلەبەر لەگەڵیانا سەگەکەیان بووە. ئەمە قسەی جوولەکەیە، یا قسەی «سید»ە لە گاورەکان.

﴿ وَيَقُولُونَ خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ كَلْبُهُمْ ﴾

وە ئەڵێن: پێنج کەس بوون و شەشەم گیاندار لەگەڵیانا سەگەکەیان بووە.

﴿ رَجْمًۢا بِٱلْغَيْبِ ﴾

لەم قسانەدا کە ئەیکەن گومان بە شتی پەنامەکی ئەبەن، واتە ئەو شتە کە غەیبە و پەنامەکییە بە گومان بۆی ئەڕۆن و گومان هیچ سوودی نییە لە باسانا.

﴿ وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە زۆربەی گاورەکان یا «عاقب» ناو لە ناو ئەوانا ئەڵێن: پیاوانی ئەشکەوتەکە حەوت کەس بوون و هەشتەم گیاندار لەگەڵیانا سەگەکەیان بوو.

﴿قُل رَّبِّيٓ أَعۡلَمُ بِعِدَّتِهِم مَّا يَعۡلَمُهُمۡ إِلَّا قَلِيلٞ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بفەرموو: هەر پەروەردگاری من زاناترە بە ژمارەی ئەوانە و ژمارەی ئەوانە بە راستی نازانێ مەگەر کەم کەس.

﴿فَلَا تُمَارِ فِيهِمۡ إِلَّا مِرَآءٗ ظَٰهِرٗا وَلَا تَسۡتَفۡتِ فِيهِم مِّنۡهُمۡ أَحَدٗا ﴿٢٢﴾﴾

وە هاورد و برد و موجادەلە مەکە لەگەڵ کەسا لە ژمارەی ئەوانەدا بە شێوەیەکی سەرزمانی و، پرسیاریش مەکە لە بەیانی ژمارەی ئەوانا لە هیچ کەس.

بازێ فەرموویانە: لە سیاقی ئەم ئایەتەوە دەرئەکەوێ لەم سێ بیرەدا، یارۆی سێهەمیان راستە لەبەر ئەوە لە پاش دوو را پێشووەکەوە خودا فەرموویەتی: ﴿رجماً بالغیب﴾ کە نیشانەی ناتەواوی قسەکانە، وە لە پاش قسەی سێهەم شتی موخالیفی نەفەرموو، وە لە لایەکیتریشەوە ئەو قسانە کە لەم ئایەتەدا باس کران سیانن کە دوانە پێشووەکان بە ناڕاست دانراون، وە قسەی دوایی رەد نەکرایەوە و کەمە نیسبەت بە دوو، جا دەرئەکەوێ کە قسەی سێهەم راستە.

وە ئەگێڕنەوە ناویان «یملیخا» و «مکشلینا» و «مشلینا» و «مرنوش» و «برنوش» و «شاذنوش» و «کفشططیوش» بووە و سەگەکەیشیان ناوی «قطمیر» بووە.

﴿وَلَا تَقُولَنَّ لِشَاْيۡءٍ إِنِّي فَاعِلٞ ذَٰلِكَ غَدًا ﴿٢٣﴾ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُۚ وَٱذۡكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ وَقُلۡ عَسَىٰٓ أَن يَهۡدِيَنِ رَبِّي لِأَقۡرَبَ مِنۡ هَٰذَا رَشَدٗا ﴿٢٤﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە قەت مەڵێ بۆ شتێ کە ئەتەوێ بیکەی من سبەینێ ئەو شتە ئەکەم ئیللا لەگەڵ ناوی خواستی خودادا، واتە بڵێ: سبەینێ ئەو شتە ئەکەم ئەگەر خودا بیەوێ، وە ناوی خواستی خودا ببە ئەگەر جارێ لە جاران لە بیرت چووەوە لەگەڵ قسەکەتا «إن‌شاءاللّٰه» بکەی و پاش ماوەیێ بیرت کەوتەوە، جا ئەگەر بەینی زۆر نەکەوتبوو بیرت کەوتەوە و «إن‌شاء اللّٰه»کەت کرد ئەوە سوودی ئەبێ، لە حوکمی شەرعا بۆ ئەوە لە قسەکەتا بە درۆزن دەرنەچی، بەڵام ئەگەر بەینی کەوتبوو، ئەوە هەرچەن بازێ لە زاناکان بە خاوەن سوودیان داناوە، لە لای زۆربەی ئەوان بێ‌سوودە و سوودەکەی هەر ئەدەب و پیرۆزی وەرگرتنە بەو «إن‌شاء اللّٰه»یە، وە بڵێ هیوام وایە کە خودای پەروەردگارم شارەزام بکا بۆ زانیاری رووداو و ئەحواڵی پێشینان لەسەر شێوەیێ کە باشتر لەگێڕانەوەی باسی «أصحاب‌الکهف» ببێ بە بەڵگە لەسەر پێغەمبەرایەتیم.

﴿وَلَبِثُواْ فِي كَهْفِهِمْ ثَلَٰثَ مِاْئَةٍ سِنِينَ وَٱزْدَادُواْ تِسْعًا ﴿٢٥﴾﴾

وە ئەو کۆمەڵی ئەسحابی کەهفە مانەوە بە نوستوویی لە ئەشکەوتەکەیانا ماوەی سێسەد و نۆ ساڵ، بازێ ئەڵێن: مانای ئایەتەکە وایە مانەوە لەوێدا سێسەد ساڵی هەتاوی و ماوەی سێسەد و نۆ ساڵی مانگی.

بزانن! لە پەیوەندی ئەم ئایەتەدا دوو فەرموودە هەیە:

یەکەم: ئەم ئایەتە عەتفە لەسەر وتراوی قەومە خاوەن نیزاعەکە لە ژمارەکەیانا، واتە بازێکیان ئەڵێن: مانەوە لەو ئەشکەوتەدا ماوەی سێسەد ساڵ و بازێکیان نۆ ساڵیان لەو ژمارە زیاد کرد، یا هەر بە بێ ئەوە کە خیلاف لە ژمارەی مانەوەیانا ببێ قسەی ئەوانە و ئەوان وتوویانە کە سێسەد و نۆ ساڵ لەوێدا ماونەتەوە و هێز ئەدا بەم تەرکیبە فەرموودەی خودا. ﴿قل اللّٰه أعلم بما لبثوا﴾ واتە ئێوە ئاگادار نین بەسەر ماوەی مانەوەی ئەوانا بە راستی و خودا ئەیزانێ و بەس.

www.iqra.ahlamontada.com

دووەم: ئەمەیە هەر فەرموودەی خودایە و ئایەتی: ﴿قل الله أعلم﴾ لەگەڵ ئەم مەعنایەیشا رێك ئەکەوێ؛ چونکی ئەو عیلمە رەسایە کە خودا هەیەتی بە ماوەی مانەوەیان و بەسەرهاتیان لەو ماوەدا هەر عائیدی خودایە.

﴿قُلِ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثُوا۟﴾

ئەی خۆشەویست تۆ بڵێ هەر زاتی خودا زاناترە بە ماوەی مانەوەی ئەوان و بە ئەحواڵیان لەو ماوەدا.

﴿لَهُۥ غَيْبُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾

هەر بۆ خودایە زانیاری بەوەی کە پەنهانە لە غەیری ئەو لە ئاسمانەکان و لە عەرزا.

﴿أَبْصِرْ بِهِۦ وَأَسْمِعْ﴾

ماشائەڵڵا خودا چەن بینایە چەنێ شنەوایە.

﴿مَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِىٍّ وَلَا يُشْرِكُ فِى حُكْمِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾﴾

نییە بۆ «أصحاب الكهف» و بۆ غەیری ئەوانیش هیچ یارمەتیدەرێ وە هیچ خاوەنێ و فەرماندەرێ خودا نەبێ، وە خودایش ئەوەندە عەزیز و قادر و قاهیرە کەس ناکا بە شەریك و خاوەنکار لە فەرمانی خۆیا.

بزانن! هەر لە سەرەتای باسی ئەسحابی کەهفەوە تا ئێستە باسەکەمان وەها کرد کە «أصحاب الرقيم» هەر «أصحاب الكهف»ن، بەڵام «رەقیم» یا ناوی کێوەکە[یە]، یا ناوی ئەو تەختە بەردەیە کە لە پاشا وەزعی ئەوانی لێ نووسراوە، بەڵام بازێ لە زاناکان فەرموویانە: «أصحاب الكهف» غەیری «أصحاب الرقيم»ن بەسەرهاتەکەیان ریوایەت کراوە لە هەردوو سەحیحەکانا و لە غەیری ئەوانیشا.

www.iqra.ahlamontada.com

بوخاری و موسلیم و نەسائی و ئیبنولمونزیز ریوایەتیان کردووە لە ئیبنوعومەرەوە ﵄ کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: لە کاتێکدا سێ کەس لەوانە لە پێش زەمانی ئێوەدا بوون ئەڕۆیشتن بە شوێنێکدا لە ناکاوا باران لێی داکردن ئەوانیش چوونە ناو ئەشکەوتێکەوە و بە قەزای خودا بە هۆی لافاوەوە بەردێ تل بووەوە و دەرگای ئەشکەوتەکەی لێ گرتن، جا لە ناو خۆیانا قسەیان کرد و وتیان: وەڵڵاهی کەس رزگارتان ناکا؛ راستی و کردەوەی راستی نەبێ کە بۆ خوداتان کردبێ، دەی هەرکام لە ئێوە با بپاڕێتەوە لە خودا بە پیرۆزی ئەو کردەوەیە کە لەبەر رەزای خودا کردوویەتی. جا یەکێ لەوان وتی: پەروەردگارا تۆ ئەزانی من کرێکارێکم بوو لەسەر مەنێ چەڵتووك ئیشی بۆ کردم، دوایی رۆیشت و حەقەکەی نەبرد، منیش ئەو مەنە چەڵتووکەم وەشاند و لەبەری ئەوە مانگایەکم کڕی، هەتا رۆژێ ئەو کابرایە هات داوای کرێکەی کرد، منیش مانگاکەم پێدا، وتی: من مەنێ چەڵتووکم لای تۆیە، منیش وتم: مانگاکە لەو چەڵتووکە دەستم کەوتووە، ئەویش مانگاکەی برد. جا خودایە من ئەگەر ئەوەم لە ترسی تۆ کرد ئەم دەرگامانە بۆ بکەرەوە! لەوێدا کەمێ لەو بەردە لە دەرگای ئەشکەوتەکە ترازا، بەڵام ئەوەندە نا کە دەربچن.

یەکێتریان وتی: یاڕەبی خۆت ئەزانی منیش باوك و دایکێکی پیرم بوون و لە هەموو شەوێکدا شیری مەڕم بۆ ئەهێنان و ئەیانخواردەوە، شەوێکیان درەنگ هاتمەوە بۆ لایان تەماشام کرد نوستوون و منداڵەکانیشم هاواریان ئەکرد لە برسێتیدا، وە منیش عادەتم وابوو هەتا دایك و باوکم شیریان نەخواردایەتەوە بەشی ئەوانم نەئەدا، وە حەزم نەکرد بەو شەوە باوك و دایکم خەبەر بکەمەوە و حەزیشم نەکرد وازیان لێ بێنم و شیرەکە بدەم بە منداڵەکانم و هەر بەو شێوە مامەوە تا بەیانی باوك و دایکم لە خەو هەستان، خودایە! ئەگەر من ئەم کارەم لەبەر تۆ کردووە لەم

www.iqra.ahlamontada.com

تەنگەبەرییە رزگارمان بکە، ئەمجارەیش بازێ‌تر لەو بەردە ترازا تا ئاسمانمان بینی، بەڵام ئەوەندە نەبوو کە لە ئەشکەوتەکە دەرچین.

یارۆی سێهەمیشیان وتی: خودایە تۆ ئەزانی من ئامۆزایەکم بوو لە هەرچی کەسە خۆشترم ئەویست و زۆر هاتوچۆم لەگەڵدا ئەکرد بۆ ئەوە ئارەزووی خۆمی لەگەڵ بەجێ‌بێنم، ئەویش سەد دیناری ئەویست و من سەد دینارەکەم پێدا و لەگەڵما رێکەوت، کاتێ ویستم تووشی گوناه ببم پێی وتم: لە خودا بترسە و کاری وا مەکە لە دینا رەوا نەبێ! منیش وازم لێ هێنا و سەد دینارەکەیشم دایێ بۆ خۆی، خودایە! ئەگەر من ئەمەم لە ترسی تۆ کرد لەم تەنگییە رزگارمان بکە، جا خودای تەعالا بەردەکەی بە تەواوی ترازاند و رێگەیان بۆ کرایەوە و لە ئەشکەوتەکە دەرچوون.

وە وێنەی ئەم حیکایەتە لە ئیبنوعەباس و ئەنەس و نوعمانی کوڕی بەشیرەوە ریوایەت کراوە کە ئەوانیش یەکسەر باسەکەیان لە پێغەمبەرەوە گێڕاوەتەوە.

﴿ وَٱتْلُ مَآ أُوحِىَ إِلَيْكَ مِن كِتَابِ رَبِّكَ ۖ لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَـٰتِهِۦ وَلَن تَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلْتَحَدًا ﴿٢٧﴾ ﴾

ئەی خۆشەویست بخوێنەرەوە ئەوەی کە وەحی کراوە بۆ لای تۆ لە کەلیمات و کتێبی خودای خۆت هەرگیز هیچ هێزێ نییە بتوانێ ئەو کەلیماتی خودایە بگۆڕێ، وە ئەو قسەی کافرانە مەبیسە کە ئەڵێن قورئانێکی‌تر غەیری ئەم قورئانەمان بۆ بێنە، وە هەرگیز بێجگە لە خودا پەنایەکت دەست ناکەوێ، جا ئەگەر کەلامی خودا بگۆڕی پەنا بە کێ ئەبەی؟

﴿ وَٱصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِىِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ۖ وَلَا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ تُرِيدُ زِينَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُۥ عَن ذِكْرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمْرُهُۥ فُرُطًا ﴿٢٨﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە نەفسی خۆت رابگرە و دایبمەزرێنە لەگەڵ ئەو موسوڵمانانەدا کە بەیانی و ئێوارە لە خودای خۆیان ئەپاڕێنەوە و بەندەیی بۆ ئەکەن و مەبەستیان رەزای خودا و عیبادەتی راستە بۆ ئەو، وە با چاوەکانت لانەدا لە تەماشا کردنی ئەو موسوڵمانانە بۆ لای پیاوە کافرە دارا و دەوڵەمەندەکان و حاڵت وابێ کە خواستت لەسەر جوانی ژین و ژیواری دنیایی بێت، وە هەرگیز مەکەوە شوێن خواستی ئەو کەسانە کە دڵمان غافڵ کردوون لە ناوی خۆمان و یادی ئێمە و کەوتووەتە شوێنی ئارەزووی نەفسی خۆی و کار و کردەوەی لادانە لە حەق.

﴿وَقُلِ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكُمۡۖ فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡۚ إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلظَّٰلِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمۡ سُرَادِقُهَاۚ وَإِن يَسۡتَغِيثُواْ يُغَاثُواْ بِمَآءٖ كَٱلۡمُهۡلِ يَشۡوِي ٱلۡوُجُوهَۚ بِئۡسَ ٱلشَّرَابُ وَسَآءَتۡ مُرۡتَفَقًا ﴿٢٩﴾﴾

وە تۆ ئەی خۆشەویست بڵێ بەو کەسانە کە ئەیانەوێ تۆ لادەی لە موسوڵمانە فەقیرەکان و روو بکەیتە ئەوان: کە حەق و رێگەی راست و کردەوەی پەسەند و شیرین ئەوەیە لە لای خودای ئێوەوە بێ نەك ئەوە کە لەسەر هەواو ئارەزووی نەفس بێ، ئێمە هەر گەیاندنی کەلامی خودامان مەبەستە، ئیتر لایەنی کەس تەماشا ناکەین و دارایی دنیا لای ئێمە نرخی نییە، دەی هەر کەس خواستی لەسەر ئیمان هێنانە با ئیمان بێنێ و هەرکەسێ خواستی لەسەر کوفر و بێئیمانییە با کافر بێ، ئێمە ئامادەمان کردووە بۆ ئەوانە کە کافر و ستەمکارن لە خۆیان بە هۆی کوفرەوە و لە خەڵکیش بە هۆی ئەوەوە کە سووکیان ئەکەن و بە سووکی بۆیان ئەڕوانن ئاگرێ کە بڵێسەی پان و درێژی ئەو ئاگرە وەکوو پەردەی خێوەت دەوری ئەو کافرانەی داوە، وە ئەگەر هاوار بکەن بۆ ئاوێ بیخۆنەوە و تینوێتیان بشکێ و گەرمای دەروونیان دابمرکێتەوە بە دڵخوازی خۆیان وەڵامیان نادرێتەوە، بەڵکوو یارمەتی ئەدرێن بە

www.iqra.ahlamontada.com

ئاوێکی گەرمی تێکەڵ وەکوو خڵتەی «زەیت» کاتێ نزیکی دەمیان کرایەوە تینەکەی دەموچاویان ئەسووتێنێ، زۆر زۆر خراپ خواردنەوەیەکە و ئاگر جێگە و شوێنێکی زۆر خراپ و نابارە.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجْرَ مَنْ أَحْسَنَ عَمَلًا ﴿٣٠﴾﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە و کردەوەی چاکە ئەکەن بە راستی ئێمە جەزایان زایە ناکەین؛ چونکی ئەوانە کردەوەیان باشە، وە ئێمە جەزای کردەوەباشەکان زایە ناکەین.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمْ جَنَّٰتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ ٱلْأَنْهَٰرُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَيَلْبَسُونَ ثِيَابًا خُضْرًا مِّن سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُّتَّكِـِٔينَ فِيهَا عَلَى ٱلْأَرَآئِكِ ۚ نِعْمَ ٱلثَّوَابُ وَحَسُنَتْ مُرْتَفَقًا ﴿٣١﴾ ۞﴾

ئەو خاوەن ئیمانانەی کردەوە باشانە بڕیار دراوە بۆیان چەن بەهەشتێ بۆ مانەوەیان هەتا هەتایە، وە لە خواریانەوە جۆباری جۆرا و جۆر لە شیر و هەنگوین و ئاوی زەلاڵ رەوان ئەبێ و جوان ئەکرێن بە دەستبەندی زێڕین و ئەپۆشن چەن بەرگ و پۆشاکێکی سەوزی جوان لە حەریری ورشەدار بە رێسمانی باریك و ئەستوور، وە پاڵ ئەدەنەوە لەو بەهەشتانەدا لەسەر کورسی بەرز و بەرێز، وە لە ناو خۆیانا رائەبوێرن بە وتاری ناسك و نازدارەوە، زۆر جوان پاداشێکە ئەو بەهەشتانە بەو شتانەوە، وە زۆر جوان جێگەیەکە لە هۆی ئارام وەرگرتن و ژیانێکی نەرم و نیانەوە.

ئەم ئایەتانە ـ لە ئایەتی ﴿واصبر نفسك﴾ بەم لاوە ـ هەموو وان لە رەدی ئەو کافرانی مەککەدا کە داوایان لە حەزرەت ئەکرد ﷺ کە موسوڵمانە هەژارەکان لە

www.iqra.ahlamontada.com

دەوری خۆی دەربکا و لە دەوریا دانەنیشن هەتا ئەوان بێن بۆ لای قسەی ببیسن بەڵکوو دڵیان بیگرێ کە موسوڵمان ببن و بکەونە شوێنی ئەو لە دینا.

خودای تەعالا بە توندی ڕەدیان ئەکاتەوە و فەرمان ئەدا بە پێغەمبەری خۆشەویست کە هەمیشە لەگەڵ ئەوانا ڕابوێرە و مەشغووڵی زیکری خودا بە؛ چونکە خاوەن دڵێکی ئاوەدان لە هەزار ئینسانی نەفامی بایی بەڕێزترە، وە قەت مەکەوە شوێن ئەو دڵ تاریکانە کە تابیعی هەواو ئارەزووی نەفسی بەدکارن، وە بڵێ: حەق لای خودایە، کێ دێ با بێ و کێ ئەڕوا با بڕوا، وە جەزای ئەو ڕەوەندانە لە پاشەڕۆژا گیروبەندە و ئاگری دۆزەخە، وە بە پێچەوانەی ئەوانەوە موسوڵمانەکان خاوەن ڕەحمەت و پیرۆزی دنیا و قیامەتن، وە ئەوەی دڵخوازییان بێ خودا لە قیامەتا پێیان ئەدا هەتا هەتایە، هەروا لەسەر موسوڵمان و کافر ڕووداوێکی کۆنی نێوان دوو کەس ئەگێڕێتەوە بۆ فامیدە و ئەفەرموێت:

﴿وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلٗا رَّجُلَيۡنِ جَعَلۡنَا لِأَحَدِهِمَا جَنَّتَيۡنِ مِنۡ أَعۡنَٰبٖ وَحَفَفۡنَٰهُمَا بِنَخۡلٖ وَجَعَلۡنَا بَيۡنَهُمَا زَرۡعٗا ﴿٣٢﴾﴾

وە بگێڕەوە و باس بکە بۆ ئەو کافرانە ڕووداوێکی بە قیمەت کە بریتییە لە حاڵی دوو پیاو، دوو برای باوك و دایکی، لە بەنیئیسرائیل، یا لە عەرەبی بەنیمەخزووم: یەکێکیان بێباوەڕ و بێئیمان و یەکێکیان خاوەن باوەڕ و موسوڵمان، دابوومان بە یەکێکیان، کە کافرەکەیان بوو دوو باخی بەرداری ترێ و دەوری هەردوو باخەکەمان دابوو بە داری خورما و لە بەینی دارەخورماکان و مێوی ترێکەدا ماوەیەکمان بۆ بڕ دابوو ئەیکرد بە کشتوکاڵ لە دانەی قنیات و ژیوار وەکوو گەنم هەتا باخەکان بەس بن بۆ ژیانی ئینسانی بەختەوەر.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿كِلْتَا ٱلْجَنَّتَيْنِ ءَاتَتْ أُكُلَهَا وَلَمْ تَظْلِم مِّنْهُ شَيْـًٔا ۚ وَفَجَّرْنَا خِلَـٰلَهُمَا نَهَرًا ﴿٣٣﴾ وَكَانَ لَهُۥ ثَمَرٌ﴾

هەردوو باخەکان بە تەواوی بەر و پیتی خۆیان ئەدا و هیچیان کەم نەبوو، واتە دارەکان هەموو تەڕ و تازە و بە زەوق و خاوەن بەری ڕەسا بوون و لە بەینی داری باخەکانا جۆگەمان کردبوو بە دەوام بۆ ئەوە هەر کاتێ پێویست بێ ئاو بخۆنەوە، وە کابرای خاوەن باخ بێجگە لەوە بەر و دەسکەوتی زیادەی بوو تا هیچ ئیحتیاجی نەمێنێ.

﴿فَقَالَ لِصَـٰحِبِهِۦ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ أَنَا۠ أَكْثَرُ مِنكَ مَالًا وَأَعَزُّ نَفَرًا ﴿٣٤﴾﴾

جا کاتێ هاوڕێکەی قسەی لەگەڵا ئەکرد ئەم بە کەش و فش و دەمار و خۆ بە زل زانینێکەوە پێی وت: من ماڵ و دارایی و سامان و شت و مەکم لە تۆ زۆرترە و، هەروەها لە بارەی پیاو و زەلام و دەستەڵاتی دیکەیشەوە لە تۆ چاکتر دەستم دەڕوا و لە تۆ بەڕێزترم.

﴿وَدَخَلَ جَنَّتَهُۥ وَهُوَ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ قَالَ مَآ أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَـٰذِهِۦٓ أَبَدًا ﴿٣٥﴾﴾

ئەو کابرای کافرە ڕۆیشتە ناو باخەکەیەوە بە حاڵێکەوە کە ستەمی لە نەفسی خۆی کردبوو بە هۆی فیز و دەمار و بایی بوونی لە باخ و بەرە و دارایی خۆیدا و هاتە وەڵام و وتار و لە باتی سوپاسی خودای میهرەبان بکا. یەکەم: وتی من گومان نابەم ئەم باخە لە ناوبچێ هەتا هەتایە؛ چونکی.

عەرزی سارایە و گوڵی جوانە      دەوری دیوارە و ئاوی ڕەوانە

www.iqra.ahlamontada.com

دووەم: کەوتە ئینکاری رۆژی قیامەت و وتی:

﴿ وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةً ﴾

گومانم نییە کە رۆژی پاشەڕۆژ بێتەڕوو هەر قسەیە و ئەکرێ!

﴿ وَلَئِن رُّدِدتُّ إِلَىٰ رَبِّي لَأَجِدَنَّ خَيْرًا مِّنْهَا مُنقَلَبًا ﴿٣٦﴾ ﴾

وە ئەگەر ئەو رۆژەیش بێتەجێ و پیاوی وەکوو من بگەڕێمەوە پاش مردن بۆ لای خودای خۆم بە راستی ماوا و مەڵبەندێکی باشتر لەم باخی ئیمڕۆیەم دەست ئەکەوێ؛ چونکی.

پیاوێ سەلار و خاوەن سیمایە — لە هەردوو دنیا وێنەی پاشایە

ئیتر نەیزانی ئەم سیما زشتە، — سیمای دڵپەسەند بەرزی رەوشتە

﴿ قَالَ لَهُۥ صَاحِبُهُۥ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ أَكَفَرْتَ بِٱلَّذِي خَلَقَكَ مِن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّىٰكَ رَجُلًا ﴿٣٧﴾ ﴾

جا رەفیقەکەی ـ واتە براکەی ـ لە کاتێکدا گفتوگۆیان پێکەوە ئەکرد پێی وت: ئەی خودا ماڵت وێران بکا! ئەوە لە باتی سوپاسی خودای پەروەردگار هاتی کوفری ئەو خودایەت کرد کە خەلقی کردووی لە گڵ ـ بە ئیعتیباری ئەسڵ وە یا بە ئیعتیباری مادەی ئاوی تۆم کە لە خواردەمەنی پەیدا ئەبێ و خواردەمەنیش لە گڵ ـ وە لە پاش ئەو ئەسڵە مادە تۆمی پشت و سنگی باوك و دایکت، وە لە پاش دروستکردنی پەیکەری ئادەمی رێکی خستی و کردیتی بە پیاوی خاوەن شان و شێوە و خاوەن حاڵ و ماڵ و دارایی؟!

﴿ لَّٰكِنَّا۠ هُوَ ٱللَّهُ رَبِّي وَلَآ أُشْرِكُ بِرَبِّيٓ أَحَدًا ﴿٣٨﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

بەڵام من بە ڕەغمی ئەوە کە وەکوو تۆ دارای ماڵ نیم ئەمما لە حەمدی خوداوە دارای فام و حاڵم و ئەڵێم شانێکی ڕاست هەیە بۆ من کە ئیقرارە بەوە زاتی خودا پەروەردگاری منە و قەت بۆ ئەم پەروەردگاری خۆمە شەریك و هاوڕێ بڕیار نادەم.

﴿ وَلَوْلَآ إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ ﴾

ئەوە بۆچی لەو کاتەدا کە چوویتە ناو باخەکەتەوە نەتوت: ماشەڵڵا ئەوەی خواستی خودای لەسەر بێ هەر ئەوە ئەبێ و ئەوەی خواستی لەسەر نەبێ نابێ و هێز نییە لەسەر هیچ شتێ لە خوداوە نەبێ؟

نەشان، نە شوعوور، نە دارایی و ماڵ　　قەت نابن بە بێ خواستی «ذوالجلال»

﴿إِن تَرَنِ أَنَا۠ أَقَلَّ مِنكَ مَالًا وَوَلَدًا ﴿٣٩﴾ فَعَسَىٰ رَبِّىٓ أَن يُؤْتِيَنِ خَيْرًا مِّن جَنَّتِكَ وَيُرْسِلَ عَلَيْهَا حُسْبَانًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَتُصْبِحَ صَعِيدًا زَلَقًا ﴿٤٠﴾ أَوْ يُصْبِحَ مَآؤُهَا غَوْرًا فَلَن تَسْتَطِيعَ لَهُۥ طَلَبًا ﴿٤١﴾﴾

ئەگەر تۆ من لە خۆت بە کەمتر ئەبینی لە ماڵ و منداڵدا ئەوە نزیکە خودای میهرەبانی من باخێکی باشتر لەو باخی تۆمە پێ بدا و لە ئاسمانەوە چەن تریشقەیەکی وەها بنێرێ باخەکەت وێران بکا و ئەو باخەی‌تر ببێ بە زەوییەکی سافی سادەی بێ‌دار و بێ‌گیای وەها ئینسانی لێ هەڵ بخلیسکێ، یاخود دارەکانی بمێننەوە بەڵام ئاوەکەی ڕۆبچێ بە زەویدا و ئەوەندە بڕواتە خوارەوە نەتوانی بگەڕێی بە شوێنیا و باخەکەت لەبەر بێ‌ئاوی وشك بکا.

لەو ڕۆژەدا بە زۆری کارەساتی دنیایی بە هۆی تریشقە و بوومەلەرزەوە بووە ئەگەرنا هۆی لەناو بردنی ئەو پایە و مایەی ئەو کابرا زۆر بووە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَأُحِيطَ بِثَمَرِهِۦ فَأَصۡبَحَ يُقَلِّبُ كَفَّيۡهِ عَلَىٰ مَآ أَنفَقَ فِيهَا وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا وَيَقُولُ يَٰلَيۡتَنِي لَمۡ أُشۡرِكۡ بِرَبِّيٓ أَحَدٗا ﴿٤٢﴾﴾

وە لە واقیعا پاش ئەو گفتوگۆیە لە ناو ئەوانا رووی دا بە قەزا و قەدەری خودا وەکوو کابرا ترساندی بە هێرشی ئاسمانی میوەی باخەکە بەربادکرا و شوێنەواری نەماو کابرای خاوەن باخ وای لێهات کە هەردوو دەستی ئەدان بە یەکا لەبەر دەربرینی پەشیمانی و خەم خواردن لەسەر نەمانی ئەو پارە و ماڵە کە لە باخەکەدا خەرجی کردبوو، وەلحاڵ درەختی باخەکەی بەسەر ریشەدا کەوتبوون و کابرا ئەیوت: کاشکی من هاورێم بۆ خودا بڕیار نەدایە هەتا بە شوومی ئەو حاڵەوە ئەم ماڵ وێرانییەم بەسەردا نەهاتایە.

لە سیاقی ئەم ئایەتەوە وا دەرئەکەوێ کە لە کاتێکدا بەری باخەکە پێگەیشتووە یا لەوانە بووە پێ بگا، با و باران و تریشقەیێ داباریوە کە دارەکان بە هۆی ئەو تریشقە و بارانەوە ریشەکەن بوون و بەری باخەکەیش هەمووی زایە بووە.

﴿وَلَمۡ تَكُن لَّهُۥ فِئَةٞ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مُنتَصِرًا ﴿٤٣﴾﴾

وە ئەو کابرایە کە بە شان و پایەی خۆیا ئەنازی و گومانی وابوو کۆمەڵە ئادەمیزادێ وان لە پشتیەوە گومانەکەی بە هەڵەدا چوو هیچ کۆمەڵەیەکی نەبوو کە یارمەتی بدەن خودا نەبێ و خودایش یارمەتی نەدا، وە کابرا خۆیشی لە زاتی خۆیا هێزێکی وەهای نەبوو کە زیان لە خۆی دوور بخاتەوە.

﴿هُنَالِكَ ٱلۡوَلَٰيَةُ لِلَّهِ ٱلۡحَقِّۚ هُوَ خَيۡرٞ ثَوَابٗا وَخَيۡرٌ عُقۡبٗا ﴿٤٤﴾﴾

ئا لەو نەوعە شوێنانەدا و لەو کاتە نەهاتیانەدا کە ئینسان گیرۆدە ئەبێ هێز و تەوانایی راست هەر بۆ خودایە هەر خودا چاکترە لە هەموو کەسێ لە جیهەتی جەزادانەوەی ئینسانی گیرۆدەوە، وە ئەو چاترە لە جیهەتی ئەنجام چاک کردنەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ فَأَصۡبَحَ هَشِيمٗا تَذۡرُوهُ ٱلرِّيَٰحُۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ مُّقۡتَدِرًا ﴿٤٥﴾﴾

ئەی پێغەمبەری نازدار بەیان بکە بۆ ئەو ئادەمیزادانە حاڵ و سیفەتی ژیانی دنیا و ئەو شتانە کە لەگەڵیا پەیدا ئەبن، وە بزانە ئەو ژیانی دنیا وەکوو ئاوی بارانێ وەهایە کە بیبارێنین لە ئاسمانەوە بەسەر عەرزا، جا بە هۆی ئەو بارانەوە گیا لەو زەوییەدا سەوز ببێ و بەرزەوە ببێ و بێ بەیەکا و بپێچرێ بەیەکا، جا لە پاش ماوەیێ کە بەو شێوە جوانەوە ئەمێنێتەوە ئەمجار بە هەوای گەرم زەرد ئەبێ، جا وشك ئەبێ، جا پاش ماوەیێ ئەکەوێ و ئەشکێتە یەك بە جۆرێ کە با هەڵی ئەگرێ و بڵاوی ئەکاتەوە بە دنیادا کەس نازانێ ئەو چڵە پووشە لە کوێوە هاتووە، وە بە راستی خودای تەوانا بەسەر هەموو شتێکدا توانای هەیە و هەموو شتێکی پێ ئەکرێ.

جا پاش ئەو تەشبیهە خودا باشترینی ئەرکانی زینەتی زەمانی ژیانی دنیا کە دارایی و منداڵە جیایان ئەکاتەوە و ئەفەرموێت:

﴿ٱلۡمَالُ وَٱلۡبَنُونَ زِينَةُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ﴾

دارایی و منداڵ هۆی جوانی ژیانی ئینسانە لە دنیادا، وە ئەگەر داراییەکە لە رێگەی رەواوە پەیدا نەکرێ و لە رێگەی رەوادا خەرج نەکرێ بۆ رۆژی قیامەت ئەبن بە کۆتی گەردن و، ئەگەر منداڵەکان باش تەمێ نەکرێن و کردەوەیان باش نەبێ سوودیان لێ وەرناگیرێ.

﴿وَٱلۡبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ خَيۡرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابٗا وَخَيۡرٌ أَمَلٗا ﴿٤٦﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

بەڵام ئەو کردەوە باشانە کە جەزایان ئەمێنێتەوە کە عیبارەتن لە نوێژ و ڕۆژوو و باقی واجباتی ئیسلام و زیکری خودای تەعالا و خزمەتکردنی داماوان، ئەمانە باشترن لە باقی لەزەتەکانی دنیا و موناسبترن بۆ ئەوە کە ئینسان ئارەزوویان بکا خودا بۆی ڕێك بخا و تەوفیقی بدا لەسەریان؛ چونکی خۆشی دنیا هەموو بە وادەیەکی کەم تەواو ئەبن، بەڵام ئەوانە هەتا هەتایە دەوامیان هەیە بە هۆی دەوامی جەزاکەیانەوە.

بزانن! لە تەفسیری ﴿الباقيات الصالحات﴾دا گەلێ فەرمووده هەیە:

یەکەم: عیبارەتن لە «سبحان الله والحمد لله ولا إله إلا الله والله أكبر».

دووهەم: عیبارەتن لە نوێژەکان.

سێهەم: بریتین لە قسەی باش، واتە قسەی شەرعی بە سوود و سوود بۆ خۆت و بۆ خەڵك، وەکوو تەعلیمات و ڕێنومایی و چاك کردنی ناوبەینی خەڵك و کوژاندنەوەی فیتنە و تکا کردن بۆ داماو و چار کردنی گیروگرفتی ئینسانێکی گیرۆدە و وێنەی ئەمانە.

چوارەم: بریتین لە هەر کردەوەیێ و هەر وتارێ بانگت بکا بۆ مەشغووڵ بوون بە خوداناسین و خۆشویستنی ئەو و خزمەتی.

پێنجەم: هەر چاکەیێ دەوامدار بێ، وەکوو کردنەوەی مزگەوت و قوتابخانە و، هەڵکەندنی بیر و کارێز و، وەقفکردن لەسەر شوێنی پیرۆز و وێنەی ئەمانە.

﴿وَيَوْمَ نُسَيِّرُ ٱلْجِبَالَ وَتَرَى ٱلْأَرْضَ بَارِزَةً وَحَشَرْنَٰهُمْ فَلَمْ نُغَادِرْ مِنْهُمْ أَحَدًا ﴿٤٧﴾﴾

ئەی خۆشەویست باسی ئەو ڕۆژەیان بۆ بکە کە کێوەکان لە بن هەڵئەکەنین و ئەیانکەین بە تۆز و ئەیدەین بە هەوادا، وە لەو ڕۆژەدا زەوی ئەبینی بە سافی و پاکی لە دار و باخ و گیا و بەرزی و نزمی و هەرچی وا لە ناویا دەری ئەکاتە دەرەوە لە

www.iqra.ahlamontada.com

کان و مردووەکان و، مردووەکان لە گۆڕا زیندووئەکەینەوە و دەریان ئەکەین و لێیان ئەخوڕین بۆ مەیدانی حسێب و گردیان ئەکەینەوە بە تەواوی و کەسیان تەرك ناکەین.

﴿ وَعُرِضُوا۟ عَلَىٰ رَبِّكَ صَفًّا لَّقَدْ جِئْتُمُونَا كَمَا خَلَقْنَـٰكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍۭ ۚ بَلْ زَعَمْتُمْ أَلَّن نَّجْعَلَ لَكُم مَّوْعِدًا ﴿٤٨﴾ ﴾

وە ئەو خەڵکە کە کۆکراونەتەوە رائەنوێرێن بەسەر خودای تۆدا بە ریز و فریشتەی مەئموور لە لایەنی خوداوە بانگیان ئەکا: بە راستی وا هاتنەوە بۆ لامان وەکوو یەکەم جار چۆنم دروست کردن، واتە وەکوو چۆن یەکەم جار بە رووت و قووتی کەوتنە دنیاوە ئێستەیش هەروا بە رووت و قووتی هاتنەوە بۆ لام، یاخود وەکوو چۆن توانیم یەکەم جار بێ‌مادەی سابیق دروستان بکەم وا ئێستە هەم دروستم کردنەوە، بەڵام ئێوە گومانتان وا ئەبرد کە من کاتێ دانانێم بۆ ئەوە گردتان بکەمەوە.

﴿ وَوُضِعَ ٱلْكِتَـٰبُ فَتَرَى ٱلْمُجْرِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ وَيَقُولُونَ يَـٰوَيْلَتَنَا مَالِ هَـٰذَا ٱلْكِتَـٰبِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّآ أَحْصَىٰهَا ۚ وَوَجَدُوا۟ مَا عَمِلُوا۟ حَاضِرًا ۗ وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا ﴿٤٩﴾ ﴾

واتە: لەو رۆژەدا نامەی بیر و باوەڕ و کردەوەی ئەوان دائەنرێ و تەماشا ئەکەی تاوانبارەکان زۆر ئەترسن لە جەزای ئەوەی نووسراوە لەو دەفتەرانەدا و ئەڵێن: هاوار بۆ ئێمە! ئەوە چی وای کردووە بەم دەفتەرانە کە تاوانی گەورە یا بچووکێ نییە کە تیا نەنووسرابێ و زەبت نەکرابێ؟ وە هەر شتێکیان کردووە دەستیان ئەکەوێ بە حازری و دیاری لە بەردەستیانا، وە لە واقیعا خودای تۆ ستەم لە کەس ناکا تا لە سەری بنووسێ ئەوەی نەیکردووە، یا تۆڵەی ئەوەی نەیکردووە لە سەری بنووسرێ.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِـَٔادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ ٱلْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِۦٓ ۗ أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِى وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّۢ ۚ بِئْسَ لِلظَّٰلِمِينَ بَدَلًا ﴿٥٠﴾ ﴾

وە باسی ئەو کاتەیشیان بۆ بکە کە وتمان بە فریشتەکان: سوجدە ببەن بۆ ئادەم ـ سوجدەی تەشریف ـ ئەوانیش هەموو سوجدەیان بۆ برد شەیتان نەبێ، ئەو لە حەقیقەتا لە جینەکان بوو بە هۆی دەماری خۆیەوە لە فەرمانی خودا دەرچوو، جا ئایا ئێوە ئەو شەیتانە و نەتەوەکانی ئەو شەیتانە ئیعتیبار ئەکەن بە دۆست بۆ خۆتان لە خودا لائەدەن وەلحاڵ ئەوان هەموو دوژمنی ئێوەن؟! زۆر خراپ جێگەدارێ و بەدەلێکە کە لە باتی خودا بڕیاری ئەدەن بۆ خۆتان.

﴿ مَّآ أَشْهَدتُّهُمْ خَلْقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلَا خَلْقَ أَنفُسِهِمْ وَمَا كُنتُ مُتَّخِذَ ٱلْمُضِلِّينَ عَضُدًا ﴿٥١﴾ ﴾

ئەو ئیبلیسە و نەوەکانی لای ئێمە قەدر و قیمەتێکیان نییە لە کاتی دروستکردنی ئەوانیشا، واتە وە نەبێ لە دروستکردنی ئاسمانەکانا، وە یا لە دروستکردنی زەویدا، وە یا لە دروستکردنی نەفسی خۆیاندا من پرسم بەوان کردبێ و ئەوان پەیوەندییان بەو دروستکردنەوە ببێ؛ چونکی ئەوانە گومڕاکەری چاکانن ومن قەت گرۆهی گومڕاکەران ناگرم بە قۆڵ و بە یارمەتیدەر بۆ خۆم.

﴿ وَيَوْمَ يَقُولُ نَادُوا۟ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ فَدَعَوْهُمْ فَلَمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَهُمْ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُم مَّوْبِقًا ﴿٥٢﴾ ﴾

وە باسی ئەو ڕۆژەیش بکە کە خودای تەعالا ئەڵێت بە کافرە بتپەرستەکان: بانگ بکەن لەو شەریکانەم کە گومانتان پێ ئەبردن بزانن فریاتان ئەکەون ئەوانیش

www.iqra.ahlamontada.com

بانگیان ئەکەن و بتەکان وەڵامیان نادەنەوە و لە بەینی هەموویانا، بت و بتپەرست، کوورە ئاگرێکی موشتەرەکم دانا هەتا هەموویان بەو ئاگرە بسووتێن، بتپەرستی بەدبەخت بە ئاگری گەرمی سەخت و بتیش یا گیانیان ئەکەم بە بەرا هەتا لەو ئاگرە بەشێ بدرێ بەسەریانا، وە یا هەر بۆ تێگەیشتنی بتپەرستەکان لە ئەحواڵی ئەو بتانە کە وا لاواز و بێ‌قیمەتن.

﴿ وَرَءَا ٱلۡمُجۡرِمُونَ ٱلنَّارَ فَظَنُّوٓاْ أَنَّهُم مُّوَاقِعُوهَا وَلَمۡ يَجِدُواْ عَنۡهَا مَصۡرِفٗا ٥٣ ﴾

وە لەو رۆژەدا تاوانبارەکان ئاگری دۆزەخ ئەبینن و بە یەقین ئەزانن بە راستی ئەوان ئەرۆنە ناوی و مەجالیان نامێنێ خۆیان لەو ئاگرە لادەن.

﴿ وَلَقَدۡ صَرَّفۡنَا فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لِلنَّاسِ مِن كُلِّ مَثَلٖۚ وَكَانَ ٱلۡإِنسَٰنُ أَكۡثَرَ شَيۡءٖ جَدَلٗا ٥٤ ﴾

بە راستی بەیانمان کردووە لەم قورئانەدا بۆ ئادەمیزاد لە هەموو جۆرە شتێکی بە نرخ بۆ ئەوە سوودی لێ وەربگرن، وە ئادەمیزاد لە واقیعا شتێکی وایە لە هەموو گیانلەبەرێ جەدەل و شۆڕ و غەوغای زۆرترە بە ناحەق.

﴿ وَمَا مَنَعَ ٱلنَّاسَ أَن يُؤۡمِنُوٓاْ إِذۡ جَآءَهُمُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّهُمۡ إِلَّآ أَن تَأۡتِيَهُمۡ سُنَّةُ ٱلۡأَوَّلِينَ أَوۡ يَأۡتِيَهُمُ ٱلۡعَذَابُ قُبُلٗا ٥٥ ﴾

ئەوە چی مەنعی ئادەمیزادی کردووە لەوە ئیمان بێنن لەو کاتەدا کە هۆی هیدایەت هات بۆ لایان وەکوو پێغەمبەری رەهبەر بێ و داوای تاوانبەخشی بکەن لە خودای خۆیان داوا کردنی ئەوە نەبێ کە ئەوەی بەسەر کافرە پێشووەکانا هات، کە ریشەکێشیانە، بەسەر ئەوانیشا بێ، یا ئەوە کە لەبەردەمیانا لە قیامەتا سزایەکی نابارە بێتە رێگەیان و لە ئاگری دۆزەخدا بسووتێن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ وَمَا نُرْسِلُ ٱلْمُرْسَلِينَ إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ ۚ وَيُجَٰدِلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِٱلْبَٰطِلِ لِيُدْحِضُوا۟ بِهِ ٱلْحَقَّ ۖ وَٱتَّخَذُوٓا۟ ءَايَٰتِى وَمَآ أُنذِرُوا۟ هُزُوًا ﴿٥٦﴾ ﴾

ئێمە پێغەمبەرەکانمان نەناردووە بەوە نەبێ کە موژدەدەر بن بە فەرمانبەران و ترسێنەر بن بۆ سەرکێشە نافەرمانەکان، وە ئەمانەم بە یاسای راستی ناردووە بۆ ئامۆژگاری کردنی ئینسانی نەزان، وە کافرەکان موجادەلە ئەکەن لەگەڵ پێغەمبەرەکانا بە ناحەق بۆ ئەوە بە هۆی ئەو موجادەلەوە حەق لە ناوا لابەن. وە هاتن ئەو ئایاتی خودایانە کرد بە گاڵتە و ئەو سزانە کە پێغەمبەرەکان ئەیان‌کردن بە هۆی ترساندنیان بە پووچ و بێ‌نرخیان دائەنان.

﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ فَأَعْرَضَ عَنْهَا وَنَسِىَ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ ۚ إِنَّا جَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًا ۖ وَإِن تَدْعُهُمْ إِلَى ٱلْهُدَىٰ فَلَن يَهْتَدُوٓا۟ إِذًا أَبَدًا ﴿٥٧﴾ ﴾

کێیە زاڵمتر و ستەمکارتر بێ لەو کەسە کە بە ئایەتەکانی خودای خۆی لە لایەنی پێغەمبەرانەوە ئامۆژگاری بکرێ کەچی ئەو ئیعرازیان لێ بنێ و گوێ بەو ئامۆژگارییانە نەدا و هەرچی کردووە لە تاوانەکان بەدەستی خۆی لە بیری خۆی بباتەوە؟ کەس لەوانە زاڵمتر نییە.

جا بزانن ئەو ستەمکارانە ئەوەندە بێ‌شەرمییان کردووە لەگەڵ ئێمەدا ئێمە دامان ناوە لەسەر دڵیان پەردەیێ کە مانیع بێ لە وەرگرتنی ئەو ئایەتانە و لە تێگەیشتنیان، وە لە ناو گوێچکەیشیانا بارێکی قورسم داناوە هەتا حەق نەبیێن، جا مادام ئەوانە حاڵیان وایە تۆ ئەگەر بانگیان بکەی بۆ هیدایەت وەرگرتن هەرگیز وەری ناگرن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَرَبُّكَ ٱلْغَفُورُ ذُو ٱلرَّحْمَةِ ۖ لَوْ يُؤَاخِذُهُم بِمَا كَسَبُوا۟ لَعَجَّلَ لَهُمُ ٱلْعَذَابَ ۚ بَل لَّهُم مَّوْعِدٌ لَّن يَجِدُوا۟ مِن دُونِهِۦ مَوْئِلًا ﴿٥٨﴾﴾

وە بزانە کە خودای تۆ تاوانبەخش و خاوەن میهرەبانییە بۆیە زوو لە ناویان نابا، وە ئەگەر بە شوومی ئەو تاوانانە بیگرتنایە کە ئەوان ئەیانکەن زووبەزوو سزای بۆ ئەناردن، بەڵام نە، وا ناکا و وادەیەکی بۆ داناون کە دەستیان ناکەوێ بۆ چاری ئەوە هیچ پەنا و چارەیێ.

﴿وَتِلْكَ ٱلْقُرَىٰٓ أَهْلَكْنَٰهُمْ لَمَّا ظَلَمُوا۟ وَجَعَلْنَا لِمَهْلِكِهِم مَّوْعِدًا ﴿٥٩﴾﴾

وە ئەهلی ئەو دێهاتەمان لە ناو برد کاتێ ستەمیان لە خۆیان کرد بە هۆی کوفر و عیناد و بەرانبەری کردنی رەهبەران وە لە خەڵکیش بە کوشتن و دەست بردن بۆ ماڵ و حاڵ و نامووسیان، وە بڕیارمان دا بۆ لە ناو بردنەکەیشیان وادەیەکی تایبەتی، وە مەبەست لە ئەهلی ئەو دێهاتە لە ئەهلی عاد و سەموود و باقی ئەو وڵاتانەیە کە لەمەوپێش باسیان کراوە، وە هەموو ئەوانەمان لەبەر ستەمکاری لە ناو بردووە، دەی با باقی کافرەکانی تریش پەند وەربگرن لەوەی بەسەر ئەوانا هات، چونکی.

من هەروا ماوم بە حەق دادگەر — ئەکێشم گیانی شەخسی ستەمگەر
ئەر ئیمڕۆ نەبێ وادەی سبەینێ — بێ سوودە بۆیان موڵەتیان بەینێ
کەس رزگار نابێ لەم دادگایە — خۆزگەم بەو کەسە بە دڵ ئاگایە

﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِفَتَىٰهُ لَآ أَبْرَحُ حَتَّىٰٓ أَبْلُغَ مَجْمَعَ ٱلْبَحْرَيْنِ أَوْ أَمْضِىَ حُقُبًا ﴿٦٠﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

باسی ئەوە بکە ئەی خۆشەویست کە حەزرەتی مووسای کوڕی عیمران پێغەمبەری بەنیئیسرائیل فەرمووی بە خزمەتکارەکەی کە یووشەعی کوڕی نوونی کوڕی ئەفرایمی کوڕی یووسفی کوڕی یەعقووب بوو خوشکەزایشی بوو، فەرمووی: من هەر دەوام ئەکەم لەسەر ڕێڕەوی هەتا ئەگەم بە «مجمع البحرين» ئەو شوێنە کە سەری هەردوو دەریای سوور و دەریای سپی تیایدا یەك ئەگرنەوە، بۆ ئەوە بگەم بەو بەندەی خودایە کە لە من زاناترە، یا هەر ئەڕۆم بە ڕێدا ماوەی چەن ساڵێ هەتا ئەیدۆزمەوە ئەگەر لەو شوێنەدا پێی نەگەیشتم.

ریوایەت کراوە: حەزرەتی مووسا عەرزی خودای تەعالای کرد و وتی: خودایە کام عەبدی تۆ لە هەموو کەس خۆشەویستترە لە لای تۆ؟ فەرمووی: ئەو کەسە کە هەمیشە من وام لە یادیا و قەت فەرامۆشم ناکا، جا عەرزی کرد: ئەی کام بەندە حوکم ساغترە؟ فەرمووی: ئەو کەسە کە حوکم ئەکا بە عەداڵەت و ناکەوێتە شوێن ئارەزووی نەفس. جا فەرمووی: ئەی کام بەندە زاناترە؟ ئەویش فەرمووی: ئەو کەسە کە عیلمی خەڵکی ئەخاتە پاڵ عیلمی خۆی، واتە بە عیلمەکەی خۆی قەناعەت ناکا و عیلم وەرئەگرێ لە خەڵك بۆ ئەوە بگا بە شتێ هیدایەتی بۆ زیاد بکا، یا دەفعی هیلاك و فەوتانی لێ بکا. جا عەرزی کرد: لەم رۆژەدا کەسێ هەیە لە من زاناتر بێ هەتا بڕۆم بۆ لای و زانیاری لێ وەربگرم؟ فەرمووی: بەڵێ کەسێ هەیە لە «مجمع البحرين»دا واتە جەمسەری دەریای سوور و دەریای سپی کە ئێستە هەڵکەنراوە و کراوە بە ڕاڕەوی پاپۆڕی گەورە. جا عەرزی کرد: جێگەی کوێیە؟ فەرمووی: وا لە نزیکی بەردێکی گەورەدا لەو جەزیرەدا، وە لە نزیکی ئەو بەردەوە سەرچاوەیێ ئاو دەرئەچێ. عەرزی کرد: نیشانەیەکم بۆ دابنێ هەتا بزانم لە کوێدا بۆی بگەڕێم؟ فەرمووی: ماسییەك ببرژێنە و لە زەمیلەیەکدا دای بنێ، جا لەهەر

www.iqra.ahlamontada.com

شوێنێکدا لە قەراخی دەریادا ئەو ماسییە زیندوو بووە [وە] و خۆی پەرت کرد بۆ ناو دەریا ئەوە نزیکە بەو ئینسانە و لەوێدا ئەیدۆزیتەوە.

﴿فَلَمَّا بَلَغَا مَجْمَعَ بَيْنِهِمَا نَسِيَا حُوتَهُمَا فَاتَّخَذَ سَبِيلَهُۥ فِي ٱلْبَحْرِ سَرَبًا ﴿٦١﴾﴾

جا کاتێ مووسا و خزمەتکارەکەی گەیشتن بە «مجمع البحرین» ئەو شوێنەی کە بۆیان دیاری کرابوو حەزرەتی مووسا ماندوو بوو نوست و یووشەع لە لای دانیشتبوو لەو کاتەدا یووشەع تەماشای کرد ماسییە برژاوەکەیان زیندوو بووەوە و خۆی هەوادا ناو ئاوی دەریاکە و ڕێگەی خۆی لە دەریادا گرتەبەر و کەوتە ڕێ، وە یووشەع ئاگای لەوە نەبوو کە خودا ئەو نیشانەیە داناوە بۆ مووسا و ئەوەیشی فەرامۆش کرد ئەم باسە سەرسوڕهێنەری ماسییە بۆ مووسا بگێڕێتەوە، هەروەها حەزرەتی مووسایش ئەوەی لە بیرچوو کە ئەو نیشانە بڵێ بە یووشەع و تایبەتی لەو شوێنەیشا پرسیاری لێ بکا: ئەو ماسییە کە لە زەمیلەکەدا دامان‌نا چی لێ‌هات؟ وە لەوێ هەستان و کەوتنە ڕێ.

﴿فَلَمَّا جَاوَزَا قَالَ لِفَتَىٰهُ ءَاتِنَا غَدَآءَنَا لَقَدْ لَقِينَا مِن سَفَرِنَا هَٰذَا نَصَبًا ﴿٦٢﴾﴾

کاتێ مووسا و یووشەع ڕابوردن لەو شوێنە و ماوەیێ گەڕان ماندوو بوون، حەزرەتی مووسا فەرمووی بە خزمەتکارەکەی کە یووشەعە: خواردمەنی و قاوەڵتییەکەمان بێنە با بیخۆین بە ڕاستی لەم سەفەرەمانا تووشی ماندووبوون بووین.

﴿قَالَ أَرَءَيْتَ إِذْ أَوَيْنَآ إِلَى ٱلصَّخْرَةِ فَإِنِّي نَسِيتُ ٱلْحُوتَ وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيْطَٰنُ أَنْ أَذْكُرَهُۥ وَٱتَّخَذَ سَبِيلَهُۥ فِي ٱلْبَحْرِ عَجَبًا ﴿٦٣﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

جا یووشه‌ع عه‌رزی حاڵی کرد: پێم ناڵێیت بۆچی من وام به‌سه‌ر هات؟ کاتێ گه‌یشتینه لای به‌رده‌که و تۆ نوستی من ته‌ماشام کرد ماسییه‌که‌مان له ناو زه‌میله‌که ده‌رپه‌ڕی و خۆی فڕه‌دا ناو ده‌ریاکه و من له‌بیرم چوو ئه‌م ڕووداوه‌ت بۆ بگێڕمه‌وه که‌سیش له بیری نه‌بردمه‌وه شه‌یتان نه‌بێ به هۆی خه‌یاڵاتی دڵه‌وه، وه کاتێکیش ماسییه‌که خۆی فڕه‌دایه ناو ده‌ریاکه‌وه زۆر به شێوه‌یه‌کی سه‌رسوڕهێنه‌ر به‌سه‌ر ئاوه‌که‌دا ڕۆیی وه‌ك گیاندارێکی وه‌ها که نه‌که‌وێته ناو ده‌ریاکه‌وه.

﴿قَالَ ذَٰلِكَ مَا كُنَّا نَبْغِ ۚ فَٱرْتَدَّا عَلَىٰٓ ءَاثَارِهِمَا قَصَصًا ﴿٦٤﴾﴾

حه‌زره‌تی مووسا فه‌رمووی: ئه‌وه‌ی که تۆ چاوت پێی که‌وتووه ئه‌و شته‌یه که ئێمه بۆی ئه‌گه‌ڕاین و ئه‌وه نیشانه‌ی شوێنه‌واری ئه‌و که‌سه‌یه ئێمه به شوێنیا ئه‌گه‌ڕێین، وه گورج به شوێنی خۆیانا گه‌ڕانه‌وه ته‌ماشای ده‌ور و به‌ری ڕێگه‌که‌ی خۆیانیان ئه‌کرد.

﴿فَوَجَدَا عَبْدًا مِّنْ عِبَادِنَآ ءَاتَيْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا ﴿٦٥﴾﴾

جا له‌و گه‌ڕانه‌دا چاویان که‌وت به به‌نده‌یێ له به‌نده‌کانی من که خه‌ڵاتێکی گه‌وره‌م له لای خۆمه‌وه دابوویێ و، زانستی به نرخمان فێر کردبوو، واته ئه‌و نیعمه‌ته گه‌وره که هه‌ر له میهره‌بانی خوداوه به بێ که‌سب ئه‌به‌خشرێ وه‌کوو خۆشه‌ویستی بێ، ئه‌وه‌مان پێدابوو، وه ئه‌و زانیارییه نایابه‌یش که نهێنی زانیاری ئێمه‌یه که‌س نایزانێ له‌وه‌یش به‌شمان دابوو، واته زاتێکی وابوو گه‌نجینه‌ی ئه‌سرار بوو.

له ته‌فسیری «روح المعانی»دا ئه‌فه‌رموێت: له ریوایه‌تی بوخاری و غه‌یری بوخارییه‌وه سابت بووه که مووسا و یووشه‌ع گه‌ڕانه‌وه بۆ لای به‌رده‌که و ته‌ماشایان کرد به

www.iqra.ahlamontada.com

نوێنێ خۆی داپۆشیوە و چمکێ لەو نوێنەی خستووەتە ژێر هەردوو پێی و چمکێکی تری خستووەتە ژێر سەری.

وە لە سەحیحی موسلیمدا ئەڵێت: مووسا و یووشەع هاتن بۆ وشکانی لە ناو ئاودا و خدریان بینی کە بە پێوە راوەستابوو بەسەر بەرماڵێکی سەوزەوە بەسەر دەریاکەوە.

لەوانەیە ریوایەتی بوخاری باسی یەکەمجاری پێگەیشتنی بکا و ریوایەتی موسلیم باسی حاڵی پاش چاوپێکەوتنی بکا.

﴿قَالَ لَهُۥ مُوسَىٰ هَلْ أَتَّبِعُكَ عَلَىٰٓ أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْدًا ﴿٦٦﴾﴾

جا مووسا پێی وت: ئایا ئیزنت هەیە کە لەگەڵتا بم و پەیڕەویت بکەم بە مەرجی ئەوەی کە لەو زانیارییانەی خودا پێ فەرمووی هەندێکم فێر بکەی، زانیارییەکی وەها کە ببێ بە هۆی گەیشتنم بە رەزای خودای تەعالا لەم ئەندازە کە خۆم ئەیزانم زیاتر بێ؟

﴿قَالَ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا ﴿٦٧﴾﴾

جا خزر فەرمووی: ئەی مووسا بە راستی تۆ تەواناى خۆگرتنت لەگەڵ مندا نییە!

﴿وَكَيْفَ تَصْبِرُ عَلَىٰ مَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ خُبْرًا ﴿٦٨﴾﴾

وە بە چ حاڵێ تۆ خۆت ئەگری و بێدەنگ ئەبی لەسەر کردنی چەن کردەوەیەکی ناهەمواری وەها کە تۆ ئاگادار نیت لە هۆی ئەوانە و نازانی چۆن ئەوانە بۆ من رەوان؟

ریوایەت کراوە: کە خزر فەرمووی: ئەی مووسا تۆ بازە زانیارییەکت هەیە لە لای من نییە و، منیش بازە زانیارییەکم هەیە تۆ نایان زانێ، واز بێنە تۆ بە رێگەی خۆت و منیش بە رێگەی خۆم!

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَالَ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ صَابِرٗا وَلَآ أَعۡصِي لَكَ أَمۡرٗا ٦٩﴾

حەزرەتی مووسا فەرمووی: خودا یار بێ مادام تۆ ئیزنم بدەی لەگەڵتا بم ئەبینی خۆم ئەگرم و زۆر ئارام ئەبم و سەر پێچی لە فەرمانت ناکەم.

﴿قَالَ فَإِنِ ٱتَّبَعۡتَنِي فَلَا تَسۡـَٔلۡنِي عَن شَيۡءٍ حَتَّىٰٓ أُحۡدِثَ لَكَ مِنۡهُ ذِكۡرٗا ٧٠﴾

جا خزر فەرمووی بە مووسا: باشە ئیزنم هەیە لەگەڵما بی، بەڵام ئەگەر کەوتیتە شوێنم ئەبێ پرسیار لە هیچ شتێ نەکەی، کە من ئەیکەم، هەتا خۆم لە بابەتی ئەو شتەوە قەست بۆ ئەکەم و تێت ئەگەیەنم.

﴿فَٱنطَلَقَا حَتَّىٰٓ إِذَا رَكِبَا فِي ٱلسَّفِينَةِ خَرَقَهَاۖ قَالَ أَخَرَقۡتَهَا لِتُغۡرِقَ أَهۡلَهَا لَقَدۡ جِئۡتَ شَيۡـًٔا إِمۡرٗا ٧١﴾

واتە: پاش ئەوە کە رێکەوتن لەسەر ئەو مەرجی خۆیانە، رۆیشتن بە رێگەدا لە قەراخی دەریادا بۆ ئەوە کە شتێکیان دەست بکەوێ، تا کەشتییەکیان دەست کەوت و سواری بوون خدر رۆیی تەورێکی هێنا دای بە کەشتییەکەدا و دوو تەختەی لە تەختەکانی ژێر پێی ئەو کەشتییەی هەڵکەند. جا حەزرەتی مووسا فەرمووی: ئەوە چیت کرد! بۆچی وا تەختی ئەو کەشتییەت کون کرد هەتا ئاو بێتە ناوی و ئەوانە وان لە ناویا بخنکێن؟! بە راستی تاوانێ گەورەت کرد.

﴿قَالَ أَلَمۡ أَقُلۡ إِنَّكَ لَن تَسۡتَطِيعَ مَعِيَ صَبۡرٗا ٧٢﴾

جا حەزرەتی خدر فەرمووی: من پێم نەوتی کە تۆ توانای خۆگرتنت لەگەڵ مندا نییە و ناتوانی هاورێتی من بکەی؟

﴿قَالَ لَا تُؤَاخِذۡنِي بِمَا نَسِيتُ وَلَا تُرۡهِقۡنِي مِنۡ أَمۡرِي عُسۡرٗا ٧٣﴾

www.iqra.ahlamontada.com

جا حەزرەتی مووسا عوزری بۆ هێناوە و فەرمووی: لێم دڵگران مەبە بە هۆی موخالەفەی ئەو پەیمانەوە کە من لە یادم نەما و لە بیرم چووەوە، وە باری ناباری زەحمەت و بێمۆڵەتی مەدە بە سەرما و، سەرفی نەزەرم لێ بکە. وە خدریش لەم موخالەفەی یەکەمجارە چاوپۆشی کرد.

﴿ فَانطَلَقَا حَتَّىٰٓ إِذَا لَقِيَا غُلَٰمًا فَقَتَلَهُۥ قَالَ أَقَتَلْتَ نَفْسًا زَكِيَّةًۢ بِغَيْرِ نَفْسٍ لَّقَدْ جِئْتَ شَيْـًٔا نُّكْرًا ﴿٧٤﴾ ۞ ﴾

واتە پاش ئەوە کە لە کەشتییەکە دابەزین بۆ وشکان ڕۆیشتن بە ڕێگەدا گەیشتن بە منداڵێ کە تازە پێئەگەیشت. هەر چاوی پێی کەوت دای بە سەریا و کوشتی بێقسە و پرسیار! حەزرەتی مووسا ئەمەی بۆ قووت نەچوو، لەم تاوانە زۆر پەرێشان بوو فەرمووی بە خدر: لەسەر چی تۆ ئەم نەفسە پاکە بێتاوانەت کوشت بە بێ ئەوە کە تۆڵەی کوشتنی کەسی لەسەر بێ؟!

بە ڕاستی کارێکی زۆر ناڕەوات کرد وەها کە هەموو خاوەن ویجدانێ بە تاوانی ئەزانێ و ئینکاری ئەکا!

﴿ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكَ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِىَ صَبْرًا ﴿٧٥﴾ ﴾

خدر فەرمووی: کورە من پێم نەوتی بە ڕاستی پیاوی وەکوو تۆ بێئاگا لە کاری من ناتوانێ هاوڕێتی من بکا و ناتوانێ خۆی بگرێ و لە کاری مندا خۆی تێ هەڵنەقورتێنێ؟!

﴿ قَالَ إِن سَأَلْتُكَ عَن شَىْءٍۭ بَعْدَهَا فَلَا تُصَٰحِبْنِى ۖ قَدْ بَلَغْتَ مِن لَّدُنِّى عُذْرًا ﴿٧٦﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

حەزرەتی مووسا فەرمووی: ئەگەر جارێکی‌تر پاش ئەم جارە من پرسیارم لێ کردی بەرابەر بە هەر شتێ تۆ ئەیکەی ئیتر هاوڕێتیم مەکە، ئیتر بیانووی هاوڕێتی نەکردنی منت دەست ئەکەوێ کە سێ جار لە مەرجی خۆم دەرچووم.

ریوایەت کراوە لە حەزرەتەوە ﷺ فەرموویەتی: رەحمەتی خودا لە مووسای برام، شەرمی کرد زیاتر لەو سێ جارە بمێنێ و موخالەفەی مەرج بکا، ئەنا ئەگەر لەگەڵ خدرا بمایەتەوە شتی زۆر عەجیبتر و رووداوی غەریبتری چاو پێ‌ئەکەوت!

﴿فَانطَلَقَا حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَيَآ أَهْلَ قَرْيَةٍ ٱسْتَطْعَمَآ أَهْلَهَا فَأَبَوْا۟ أَن يُضَيِّفُوهُمَا فَوَجَدَا فِيهَا جِدَارًا يُرِيدُ أَن يَنقَضَّ فَأَقَامَهُۥ ۖ قَالَ لَوْ شِئْتَ لَتَّخَذْتَ عَلَيْهِ أَجْرًا ﴿٧٧﴾﴾

پاش ئەوە کەوتنەوە رێگە و رۆیشتن هەتا گەیشتن بە ئەهلی ئاوەدانییەك (شاری ئەنتاکیە) داوای خواردەمەنییان کرد لە هەموو ئەهلی ئەو دێیە بیخۆن، بە هەموویان ملیان نەدا بەوە کە میوانداررییان بکەن و بە نائومێدی رۆیشتن، جا پاش ئەوە کە رۆیشتن دیوارێکیان بینی خەریك بوو هەرەس بێنێ و بڕوخێ، حەزرەتی خدر دەستی کرد بە دروستکردنەوەی ئەو دیوارە و راستی کردەوە بە خۆڕایی. حەزرەتی مووسا فەرمووی: ئەهلی ئەم شارە بێ‌ویژدان و بێ‌کەرەمن، بۆچی ئەم دیوارەت بە خۆڕایی چاك کردەوە؟ ئەگەر هەوەست ببوایە کرێت لێ وەرئەگرتن و بە کرێ چاکت ئەکردەوە.

﴿قَالَ هَٰذَا فِرَاقُ بَيْنِى وَبَيْنِكَ ۚ سَأُنَبِّئُكَ بِتَأْوِيلِ مَا لَمْ تَسْتَطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا ﴿٧٨﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

جا خدر فەرمووی: ئەم کاتە کاتی جیا بوونەی من و تۆیە، جا بەم زووە ئاگادارت ئەکەم لە نهێنی ئەو رووداوانە کە تۆ تەوانای خۆگرتنت نەبوو بەرابەریان.

﴿أَمَّا ٱلسَّفِينَةُ فَكَانَتْ لِمَسَٰكِينَ يَعْمَلُونَ فِي ٱلْبَحْرِ فَأَرَدتُّ أَنْ أَعِيبَهَا وَكَانَ وَرَآءَهُم مَّلِكٌ يَأْخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصْبًا ﴿٧٩﴾﴾

هۆی ئەوەی کە کەشتییەکەم کون کرد ئەوەبوو ئەو کەشتییە هی چەن هەژارێ بوو لە دەریادا کاریان ئەکرد و بە هۆی ئەو کەشتییەوە ژیواریان پەیدا ئەکرد، وە لەو کاتەدا ئێمە سواری کەشتییەکە بووین ئاگادار کرام کە لە پاشیانەوە پاشایەکی ستەمگەر هەیە وا لە دەریادا بە شوێن کەشتیدا ئەگەڕێ و هەر کەشتییەك کە ساغ و بێعەیب بێ داگیری ئەکا بۆ ئیشی خۆی، جا ویستم ئەو کەشتییە باشە عەیبدار بکەم بۆ ئەوە پادشاکە نەیبا و دەسبەرداری ماڵی ئەو داماوانە ببێ هەتا بۆ خۆیان پێی بژین.

﴿وَأَمَّا ٱلْغُلَٰمُ فَكَانَ أَبَوَاهُ مُؤْمِنَيْنِ فَخَشِينَآ أَن يُرْهِقَهُمَا طُغْيَٰنًا وَكُفْرًا ﴿٨٠﴾﴾

هۆی کوشتنی منداڵەکەیش ئەوەبوو کە باوك و دایکی دوو ئینسانی موسوڵمان بوون و ئەو منداڵەیش بەدکێش و کافر و بەدئەندیش بوو، لەوە ترساین کە باوك و دایکەکەی لە خشتە بەرێ و لە رێگەیان لابدا و ناچاریان بکا لەسەر ئەوە ئەوانیش وەکوو خۆی کافر بکا.

﴿فَأَرَدْنَآ أَن يُبْدِلَهُمَا رَبُّهُمَا خَيْرًا مِّنْهُ زَكَوٰةً وَأَقْرَبَ رُحْمًا ﴿٨١﴾﴾

جا ویستمان کە خودای تەعالا لە باتی ئەو غولامە ناڕامە خراپە، کوڕێکیان پێ کەرەم بکا کە باشتر بێ لەو لە هۆی ئارامی و پاکی نەفس و تەبعەوە و نزیکتر بێ لە میهرەبانیدا دەربارەی باوك و دایکەکەی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَأَمَّا ٱلْجِدَارُ فَكَانَ لِغُلَٰمَيْنِ يَتِيمَيْنِ فِي ٱلْمَدِينَةِ وَكَانَ تَحْتَهُۥ كَنزٌ لَّهُمَا وَكَانَ أَبُوهُمَا صَٰلِحًا فَأَرَادَ رَبُّكَ أَن يَبْلُغَآ أَشُدَّهُمَا وَيَسْتَخْرِجَا كَنزَهُمَا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ۚ وَمَا فَعَلْتُهُۥ عَنْ أَمْرِي ۚ ذَٰلِكَ تَأْوِيلُ مَا لَمْ تَسْطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا ﴿٨٢﴾﴾

وە هۆی ئەوەیش کە دیوارەکەم چاككردەوە ئەوەبوو: ئەو دیوارەماڵی دوو هەتیو بوو لەو شارەدا و، لە ژێر دیوارەکەدا خەزێنەیەکیان بوو لە ئاڵتوون و زیو، ئەگەر دیوارەکە بکەوتایە دەرئەکەوت و لە دەستیان دەرئەچوو، باوکی ئەوانیش پیاوێکی باش بوو خودایش چاودێری نەتەوەی پیاو چاك ئەکا، جا خودا ویستی ئەو منداڵە هەتیوانە گەورە ببن و بگەنە ئەندازەی ماریفەت و حاڵی بوون لە ماڵ و دارایی و قازانج و زەرەری خۆیان، ئەوسا لەسەر نووسراوی کیتابچەی خۆیان ئەو خەزێنە بە خامۆشی دەربکەن و، ئەم خواستەیش میهرەبانییەك بوو لەلای پەروەردگاری تۆوە، من لە خۆمەوە ئەم کارە، یا ئەم کارانەم نەکرد، بەڵکوو لەسەر خواستی خودا بوون. جا ئەمەی کە باسم کرد بۆ تۆ کاکڵە و پوختەی ئەوکارانە بوو کە تۆ نەتتوانی خۆت لە بەرابەریانا بگری.

**بزانن! لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە:**

یەکەم: ئەو کەسە کە لەم ئایەتانەدا باس کراوە کێ بووە؟

دووەم: ئەو کەسە پێغەمبەر بووە یاخود یەکێ بووە لە پیاوچاکان؟

سێهەم: ئەوەی کە مەشهوورە بە خدر تا ئێستە ماوە یا مردووە؟

**باسی یەکەم:** کۆمەڵێ زانا ئایینیەکان باوەڕیان وایە کە ئەو بەندە مەشهوورە بە «خضر» و، بە گوێرەی ئەوەی لە حەدیسەوە دەرئەکەوێ، بە تایبەتی ئەوەی کە

www.iqra.ahlamontada.com

بوخاری و غەیری ئەو ریوایەتیان کردووە لە حەزرەتەوە ﷺ کە ئەو بەندە کاتێ دائەنیشت لەسەر عەرزی سافی سپی گیای لێ ئەڕوا و سەوز ئەبوو، جا لەبەر ئەمە بوو ناوبرا بە «خضر».

باسی دووەم: گەلێ لە زاناکان لەسەر ئەوەن کە ئەو زاتە «نبی» بووە، واتە خاوەن شەریعەت بووە، بەڵام بۆ خۆی و فەرمانی گەیاندنی بە خەڵکی پێ نەدراوە. وە بۆ ئەم قسە چەن بەڵگەیان هێناوەتەوە.

١. خودا فەرموویەتی: ﴿آتیناه رحمة من عندنا﴾ و رەحمەت پایەی نوبووەتە.

٢. خودا فەرموویەتی: ﴿وعلمناه من لدنا علما﴾، وە عیلمێ کە بە واسیتەی مامۆستاوە نەبێ هەر عیلمێکە کە بە وەحی خودایی بێ ئەوەیش ئەبێ بە «نوبووەت» بێ.

٣. ئەمە کە حەزرەتی مووسا داوای لێ کرد کە ببێ بە تابیعی ئەو، وە هەرکەسێ کە پێغەمبەرێ تابیعی بێ ئەبێ پێغەمبەر بێ.

٤. ئەگەر خدر پێغەمبەر نەبوایە بە مووسای نەئەفەرموو: ﴿و کیف تصبر علی ما لم تحط به خبراً﴾.

٥. ئەمەیە کە لە کاتی بەیانی هۆی کردەوەکانا خدر فەرمووی: ﴿وما فعلته عن أمري﴾، واتە بە ئەمری خودا ئەمانەم کردووە.

٦. ریوایەت کراوە کاتێ مووسا پێی گەیشت و فەرمووی: «السلام علیك» وەڵامی داوە و فەرمووی: «و علیك السلام یا نبي بنی‌اسرائیل» جا مووسا فەرمووی: چۆن ئەزانی کە من پێغەمبەری بەنی‌ئیسرائیلم؟ ئەویش فەرمووی: ئەو کەسە تۆی ناردووە بۆ لای من پێی وتووم کە تۆ پێغەمبەری بەنی‌ئیسرائیلی.

وە زۆریش لە زاناکان فەرموویانە: ئەو بەندە کە مەشهوورە بە خدر «نبي» نەبووە بەڵکوو وەلی و دۆستی خودا و پیاوێکی خاوەن پایە و مایەی رۆحی بووە؛ چونکی

www.iqra.ahlamontada.com

ئایەتی قورئان نەسە لەوەدا کە ئەو زاتە خاوەن رەحمەت بووە لە لایەنی خوداوە و لە عیلمی «لدنی»دا بەشدار بووە و ئەمە بە قەتعی مەعلوومە. بەڵام پلەی پێغەمبەرێتی بەڵگەیەکی بەهێزی لەسەر نییە و ئەسڵ «عدم نبوة»ە، وە ئەو بەڵگانەیش کە گێڕراونەتەوە لەسەر پێغەمبەرێتی خدر ئەو نەتیجە نادەن؛ چونکی رەحمەت گەلێ مەعنای هەیە وەکوو «نبوة» و «ولایة» و «علم» و «کرامة» و حورمەت و، دارایی و غەیری ئەمانە لە سیفاتی بە نرخ و قیمەت.

﴿وما فعلته عن أمري﴾ موجیب نییە بۆ «نبوة» بەڵکوو مەعنای ئیلهام لەوێدا بەهێزترە، وە فەرموودەی: ﴿و کیف تصبر﴾ دەلیل نییە لەسەر نوبووەت؛ چونکی گەلێ لە ئەولیای خاوەن پایە بە جۆرێ مەستی نوور و رەحمەتی خودان تەوانایان نییە بە دەقیقە لە یادی خودا دەرچن، وە لە خودا بەولاوە کەسیان لە بیر نییە و بێجگە لە خودا گوێ بە هیچ کەس نادەن. وە زیاد لەمانە لازم ناکا هەرکەسێ «نبی» بێ هەموو شتێ بزانێ؛ لەوانەیە یەکێ لە ئەولیا «مختص» بێ بە گەلێ زانیاری و گەلێ کار و بار کە ئەوانە هەر لای ئەو بن و بەس.

کەواتە حەق وایە لە «ولایة» بەولاوە پایەیەکیتر بۆ خدر دانەنرێ و بە وەلی بناسرێت.

باسی سێهەم، واتە باسی ئەوە کە ئەو شەخسە ئێستە ماوە یا مردووە؟ وە تا کۆتایی دنیا نامرێ بۆیە پێی ئەڵێن: خدری زیندە، ئەوە وەکوو بازێ لە زاناکان فەرموویانە زۆر ئەبێ بە هۆی سەرسام بوون و دامانی ئینسان؛ چونکی ئیعتیباری ویلایەت بۆ کەسێ و دەوامی ژیانی لە دنیادا یا نەمانی نە لە ئەسڵی دینە و نە لە فەرعی دین و نە لە ئیسباتیا سوودێ هەیە و نە لە نەبوونیا زیانێ ئەگا بە قەواعیدی دین. کە وایە داخستنی دەرگای ئەم باسانە گەلێ باشترە لە کردنەوەیان بە تایبەتی لە ناو عەوامدا.

www.iqra.ahlamontada.com

بەڵێ بازێ لە پیاوچاکان فەرموویانە: ئێمە خدرمان چاوپێئەکەوێ و قسەی لەگەڵدا ئەکەین، ئەوە لەسەر ئیعتیباری ئەوە کە ئەو کەسە بە راستی لە ئەهلی کوشووفات بێ دروستە بۆ هەرکەسێ باوەڕی پێ بکا باوەڕی بێتە سەر ئەوە کە حەزرەتی خدر زیندووە و پیاوچاکان چاویان پێی ئەکەوێ.

وە لە تەفسیری «روح المعانی»دا ئەفەرموێت: بازێ لە زانایان فەرموویانە «خزرییەت» پایەیەکە ئەو پایە لە هەموو زەمانێکدا بۆ بازێ لە پیاوچاکان هەیە کە عیبارەتە لە مەئموورییەت بۆ بازێ کارەساتی دنیا وەکوو چۆن لە نەسی ئایەتا هەیە کە بازێ لە مەلائیکەی خودا مەئموورییەتیان هەیە لەسەر گەلێ کار و فەرمانی جیهان.

وە بە راستی ئەم فەرموودە زۆر نزیکە بە عەقڵ و عادەت و ئەبێ بە هۆی ئارامی دڵی ئینسان؛ چونکی زۆر دوورە لە عەقڵ و عادەت کە ئەو پیاوچاکە خاوەن پایە و خاوەن تەربییە و ئیرشادانە کە چەن کەس بە هۆی رێنومایی ئەوانەوە دڵ رووناك بوون بە پێچەوانەی واقیع بفەرموون ئێمە خزرمان چاو پێکەوتووە.

جا ئەو کەسە کە بیر و باوەڕی لەسەر ئەوەیە کە «خزرییەت» پلەیە ئەڵێت: لە هەموو زەمانێکدا ئەو خاوەن پایە لە ئوممەتی ئیسلامدا هەیە و بە فەرمانی خودا مەئموورییەتی خۆی بەجێ دێنێ و خاوەن کوشووفات ئەیبینێ، وە ئەو قسە کە بازێ نەزانان ئەڵێن چۆن ویلایەت و دۆستی خودا ئەکەوێتە یەك لەگەڵ ئەو کارانەدا کە مەشهوورە خدر کردوونی، وەکوو شکاندنی کەشتی و کوشتنی منداڵی بێتاوان؟!

ئەوە ئەگەر مەبەستی لەسەر زاهیری یاسای دیانەتە ئەوە راستە و بە یاسای دین ئێمە ئینکاری هەموو کارێکی وا ئەکەین کە پێچەوانەی زاهیری شەرع بێ «نحن نحکم بالظواهر والله یتولی السرائر» هەر لەسەر ئیعتیباری زاهیری دین بوو کە حەزرەتی

www.iqra.ahlamontada.com

مووساعليه‌السلام ئینکاری ئه‌و کرده‌وانه‌ی حه‌زره‌تی خدری کرد وه‌کوو ئایه‌ت باسی کردوون.

وه ئه‌گه‌ر مه‌به‌ستی له‌سه‌ر یاسای ئیراده و خواستی خودا و کردار و حیکمه‌تی ئه‌وه، ئه‌وه ئه‌و قسانه زۆر بێ‌نرخ و بێ‌سوودن؛ چونکه ئه‌و که‌سه که باوه‌ڕی هه‌یه به خودای «واجب‌الوجود» له‌سه‌ر ئه‌ساسی فه‌یزی خودایی، وه یا له‌سه‌ر قانوونی ئیستیدلالی عه‌قڵی ئه‌وه باوه‌ڕی هه‌یه به‌وه که هه‌رچی له کائیناتا روو ئه‌دا، خواه ئه‌وه‌ی که موافیقی یاسا و نیزامی دین بێ یا ئه‌وه‌ی که پێچه‌وانه‌ی یاسا بێ زاهیر هه‌مووی پڕه له حیکمه‌ت و هه‌مووی راسته.

که وابێ ئه‌گه‌ر به جارێ به‌رد بباریێ له ئاسمانه‌وه و وڵاتێ بکات به ژێر به‌رده‌وه، وه یا بوومه‌له‌رزه‌یێ دروست بکا و وڵاتێ ژێره‌وژوور بکا، وه یا به جه‌زر و مه‌ددێ وڵاتێ له ئاوا گوم بکا، وه به لافاوی بێ‌واده هه‌زاران خانه‌واده ئاو بیان‌با، وه یا به هێرشی سوپای سته‌مکار هه‌زاران بێ‌تاوان بکوژێ، وه یا سته‌مکارێ خاوه‌ن ده‌س بکا و خوێنی هه‌زاران داماو بمژێ، وه یا چاوه‌قووڵه‌یێ بنێرێ هه‌زار هه‌زار منداڵی جوان بکوژێ، وه یا نه‌هه‌نگێ له ده‌ریایه‌کدا هه‌زاران ماسی قووت بدا، وه یا دڕنده‌ی کۆهسار هه‌زاران گیاندار بشکێنێ، وه یا مارێکی نابار بدا به هه‌زار سه‌پانی داماوه‌وه... ئه‌مانه هه‌موو به قانوونی حیکمه‌تی کاری خودا هه‌مووی ره‌وایه و جێگه‌ی ره‌خنه نییه، ئه‌گه‌رنا بۆچی هه‌زار باوکی بێ‌که‌س ئه‌کوژرێ و بۆچی هه‌زار پیاوی ناپیاو و نامه‌رد ئه‌کا به خاوه‌ن ده‌سته‌ڵات و چه‌نهای چه‌ن ساڵ ئازاری خه‌ڵکی ئه‌دا و چه‌ن پیاوی پیرۆز گیرۆده‌ی ده‌رد ئه‌کا و له ناویان ئه‌با!

به‌ڵێ ئێمه که خاوه‌نی دین و خاوه‌ن باوه‌ڕین به یاسای خودا که قورئانه واجبه له‌سه‌رمان به‌و شێوه بۆمان دانراوه هه‌موو کاتێ تێکۆشین بۆ ده‌فعی خراپه و بۆ

www.iqra.ahlamontada.com

هێنانی چاکە، وە هەوڵ بدەین بۆ هەموو جۆرێ لە زانیاری و پیشە و کار و کاسبی و یەکیەتی و بەرانگاری هەرچی دژ بێ بۆ وەتەنی موسوڵمان و بۆ تەندروستی ئادەمیزاد، بەڵام خۆ هەموو کارێ بە ئارەزووی ئێمە تەواو نابێ؟

وە زیاد لەمانە هەر وەکوو ئەو زۆرداره بە سوپا و هێزی نیزامی خۆی عالەمی داماو بەرباد ئەکا تەماشا ئەکەی لە پاش ماوەیێ بە شتێکی زۆر بێبایەخ وەکوو ناساغی یا خیلاف هەموو خۆی و هێزەکەی بەرباد ئەکا، کەوابێ مانای وایە لەبەر ئیرادە و حیکمەتێکی تایبەتی ئەو کابرایە بەو سوپایەوە بەرز ئەکاتەوە تا بازێ تۆڵەی پێ ئەستێنێ لە عالەمێ، وە لە پاش ئەوە عەینی خاوەن دەستەکەیش بێسوپا و سامان ئەخات و گرفتاری ئەکا جا رەحمەت لەوە کە فەرموویەتی:

| | |
|---|---|
| هـێزی خـودایـی وێـنەی پـڕتەوە | تـا هـەیە رۆژە، کـە نـەما شـەوە |
| جـارێ لەسـەر بـوون پـڕتەو دائـەخا | جـارێ بـۆ نـەبوون جیلوەی خۆی ئەدا |
| جـارێ هـەیبەتێ ئـەدا بـە کـەسێ | کـە لێـی ئـەترسێ هـەموو نـەترسێ |
| جـارجاریش خـودا وا سـووکی ئـەکا | لە نـاو عـالەما مـەهتووکی ئـەکا |
| هـێزی حـورمەتی نـایە سـەر بـەردێ | ئـەیکا بـە لەعـلێ، لەعـلێکی فـەردێ |
| کـاتێ کـە نـەما رۆژی ئـەو لەعـلە | ئـەلێی ئـاسنە یـا پـارچە نـەعلە |
| گـەلێکمان بـینی پـیاوی بـەختیار | تا خوا یاری بوو، بووبوو بە سەردار |
| کـە وەرگـەڕا لێـی پـڕتەوی ئـیقباڵ | جـوابـی سـەلامی لێ بـوو بـە مـەحاڵ |
| جـیهان دادگـا و خـودا دادگـەر | تـاوانـبارەکان مـەحکوومن یـەکـەر |
| هـیچ کـەس دەرنـاچێ لەو دادگـایە | چـونکی خـاوەن داد زاتـی خـودایـە |
| ئـەگەر تـۆ بـێتو لە سـیڕ بـپرسی؟ | بـۆ فـلان لاتـەو؟ ئـەو خاوەن کورسی؟ |
| بۆ فلان خانووی بوو بە جێگەی توور؟ | ئاشی کۆنی کرد بە جێی «سەلم و توور»؟ |
| بۆ فلان هۆزی کرد بە گەرد و تۆز؟ | بـەرازی بـۆ نـارد دایـە بـەر قـەپۆز؟ |

www.iqra.ahlamontada.com

بۆ فلاّن باخی کرد بە جێگەی داخ؟ بۆ فلاّن شوێنی رازان بە پەرداخ؟
ئەڵێم: ئەگەر تۆ خاوەن باوەڕی لە کاری حەقا تەریک لە گەڕی
هەمووی سەراسەر پڕە لە حیکمەت پڕە لە بارەی پیرۆزی و رەحمەت
ئایەتی «وما من دابة» ئەڵێ یاسایێ هەیە بۆ گشت کۆمەڵێ
ئەنواعی گیاندار بە شێوەی مەرسووم بەشێکیان هەیە بە یاسای مەقسووم
ئیستیدلال ئەکا بە «حتی یقاد» بۆ ئەم دەعوایە ئینسانی ئازاد
مادام هەر نەوعێ خاوەن یاسا بێ بازێ نارەسا و بازێ رەسا بێ
دنیا دادگا و خودا حاکم بێ دڵ لەم ئیشکاڵە ئەبێ سالم بێ
چونکی هەر فەردێ بە یاسای دەفتەر حوکمێکی هەیە «اللّٰه أکبر»

◇◇◇

ئەگەر هەر ئەڵێت کە یاسای جیهان زۆردار بێزۆران ئەکوژن لە پەنهان
ئەڵێم: ئەم یاسا ئەگەڕێتەوە دەوری بێزۆریش دێسان دێتەوە
نەهەنگ قووت ئەدا هەزاران ماسی کەچی بە ژارێ ئەمرێ بە راسی
زۆردار گەورەیش بێ بە وێنەی «نەمروود» بە مێشوولەیێ ئەمرێ بە بێ سوود
هەروا هەرکەسێ یاخود گیاندارێ زیانێ بدا ئەڕوا بە ژارێ
ئەگەر هەر ئەڵێت وا لەسەر پیشە پێشکەوتن لە بۆ ئەوی لە پێشە
فەن و زانست و پیشە و سیناعەت بۆ پاشکەوتن و پێشکەوتی ئوممەت
لە پاش تەحقیق و بیر و بەراورد پاش لێکەوەدان بە بیرێکی ورد
هەموو دێنەوە سەر خواستی خودا ئیتر مەڕۆرە ناو بیری سەودا
یانی دیارە بە نووری دەلیل یا بە ئیلهامی بارەگای جەلیل
ئەم بارەگایە ئەوەڵ تا ئاخر ئەوەیە غەیبە و ئەوەیە زاهیر

www.iqra.ahlamontada.com

ڕوونـــاکە لەســـەر چـــرای ئـــیرادە ... هـــەتا هـــەتایە ئـــازاد ئـــامادە
«مـــا شـــاء اللّـــه کـــان» مـــەشهوورە ... «و مـــا لم یـــشأ لم یـــکن» نـــوورە
هـــەرگیز بـــە بـــیری تـــاریکی نـــەفام ... خـــۆت نـــەهاویتە نـــاو دەریـــای ئـــەوهام
لەم ڕووی جـــیهانا کـــارێ ڕوو نـــادا ... یـــاخۆ گـــیانداری مـــلێ بـــا نـــادا
بـــە بـــێ ئـــیرادە و خـــواستی خـــوداوەنـــد ... چ بـــۆ فـــەقیر و چ بـــۆ دەوڵەمـــەنـد
ئـــیتر ئـــەسراری کـــردەوەی خـــودا ... نـــاییێتە دەســـتی زانـــستی هـــەوا
ئـــەمەیە ڕێـــگەی بـــاوەڕی ســـەلیم ... بـــە عـــەقڵ و عـــیلم و شـــوعوور و تـــەسلیم
«هـــدانـــا اللّـــه إلى الرشـــاد ... و إلى نـــیل نـــور الإرشـــاد»

﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَن ذِى ٱلْقَرْنَيْنِ ۖ قُلْ سَأَتْلُوا۟ عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا ﴿٨٣﴾﴾

پرسیارت لێ ئەکرێ لە لایەنی جوولەکە و کافرەکانەوە دەربارەی ئەحواڵی پاشای مەشهوور بە «ذي القرنين»، تۆ، ئەی خۆشەویست، بڵێ بەوان: لەمەولا بەیانێکی ڕەساتان بەسەردا ئەخوێنینەوە.

﴿إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِى ٱلْأَرْضِ وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ فَأَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٥﴾﴾

بە ڕاستی ئێمە ئەو زاتەمان دامەزران لە عەرزا و دەستمانێ پێدا و لە هەموو هۆیەکەوە وەسیلە و ڕێگەی گەیشتن بە مەقسوودمان پێدا و ئەویش قوسووری نەکرد و کەوتە دووی سەبەبەکان و دیارە کە هۆی زاڵبوونی ئینسانێ بەسەر وڵاتانا زانیاری و دارایی و سوپای ئامادە و چەکی بەهێز و عەداڵەت و دادگەری و دڵڕا گرتنی ئەوانەیە کە ئیشیان پێ ئەکرێ.

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ ٱلشَّمْسِ وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِى عَيْنٍ حَمِئَةٍ وَوَجَدَ عِندَهَا قَوْمًا ۗ قُلْنَا يَٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِمَّآ أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّآ أَن تَتَّخِذَ فِيهِمْ حُسْنًا ﴿٨٦﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

واتە هەروا بە وڵات داگیر کردن بەرەو خۆرنشین سوپاکەی خۆی برد هەتا گەیشت بە وڵاتی خۆرنشین، بە ئیعتیباری وڵاتی ئێمە، وە کاتێ گەیشتە ئەوێ وەها قورسی خۆری ئەبینی لە کاتی ئاوابوونا کە لە ناو ئاوێکی تاریکی لیخندا ئاوا ئەبوو، لەبەر ئەوە ئەو وڵاتە نزیك بوو لە دەریای گەورەی غەربی، وە رۆژ لە کاتی ئاوابوونا لە بەرچاوی ئینسانا وا دەرئەکەوت کە بە ئاوەکەدا ئەڕواتە خوارەوە، وە لەبەر دووری یا لەبەر گەرد و تۆزی هەوایش ئەکەوتە بەرچاوی ئینسان.

وە لەو شوێنەدا کۆمەڵە ئادەمیزادێکی سوختی و نامەرد و بتپەرست و بەدڕەوشتی بینی، ئێمەیش خاترخۆمان کرد لە بەینی دوو ڕەفتارا؛ یەکەم: ئازاردانی ئەو قەومە و زیندانی کردنیان و لێدانیان؛ چونکی کۆمەڵێکی بەدئەخلاق بوون. دووهەمیان: ئامۆژگاری و مودارا و شت پێدانیان هەتا وردە وردە رام ببن بۆ یاسای باش.

وە یاخود ئەمرمان کرد بە «ذي القرنين»: ئەو قەومە تا ئێستە کەس زاڵ نەبووە بەسەریانا و ئێستە تۆ زاڵ ئەبی بەسەریانا ئیتر ماوەی ئەوە مەدە دەوام بکەن لەسەر کوفر و ستەم کردن لە داماوان و کردەوەی ناپەسەند، بانگیان بکە بۆ بیر و باوەڕی پاك و کردەوەی چاك جا هەر کەس دەوامی کرد لەسەر خراپە سزای بدە و، هەر کەس تۆبەی کرد چاکەی لەگەڵدا بکە، وەکوو لەم ئایەتی دواییەدا دیاری ئەدا:

﴿قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوْفَ نُعَذِّبُهُۥ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَىٰ رَبِّهِۦ فَيُعَذِّبُهُۥ عَذَابًا نُّكْرًا ﴿٨٧﴾
وَأَمَّا مَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَهُۥ جَزَآءً ٱلْحُسْنَىٰ ۖ وَسَنَقُولُ لَهُۥ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا
﴿٨٨﴾﴾

واتە بەیانمان دەرکرد بۆ ئەو قەومە، پێمان وتن: تا ئێستە هەرچۆن بووە رابوردووە، لەمەولا هەرکەس دەوام بکا لەسەر ستەم و کوفر کردن و لادان لە یاسای راست ئەوە ئێمە پاش ئەوە دەرکەوت بۆمان ستەمکارە سزای ئەدەین بەو شێوە کە شیاویەتی،

www.iqra.ahlamontada.com

وە لە پاش ئەوە کە مرد ئەگەڕێتەوە بۆ لای خودای خۆی، جا خودا سزای ئەدا بە سزایەکی خراپ، وە هەرکەسیش دەسبەردار ببێ لە تاوانباری و ئیمان بێنێ بە خودای خۆی و کردەوەی باش بکا ئەوە پاداشی زۆر باشی هەیە و ئێمەیش لە هەر بابەتێ فەرمان بدەین فەرمان بە شتی ئاسان ئەدەین بۆی.

﴿ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٩﴾﴾

وە پاش ئەوە کە وڵاتی خۆرنشینی دامرکاند، رووی کردە وڵاتی خۆرهەڵات.

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَطْلِعَ ٱلشَّمْسِ وَجَدَهَا تَطْلُعُ عَلَىٰ قَوْمٍ لَّمْ نَجْعَل لَّهُم مِّن دُونِهَا سِتْرًا ﴿٩٠﴾﴾

تا کاتێ گەیشت بە وڵاتی خۆرهەڵات وا حاڵی بوو کە رۆژ هەڵدێت بەسەر گەلێکدا کە لە رۆژ بەولاوە نوێن و پۆشاك و پەردەیان نییە، واتە ئەو گەلە وەحشی بوون و بەرگ و پۆشاکیان نەبوو و رایەخ و نوێنیشیان نەبوو. زەوی رایەخ و ئاسمان لێفەیان بوو.

﴿كَذَٰلِكَ﴾

وە کردەوەی «ذي القرنين» لەگەڵ ئەم قەومەیشا وەکوو کردەوەی بوو لەگەڵ قەومی خۆرنشیندا.

﴿وَقَدْ أَحَطْنَا بِمَا لَدَيْهِ خُبْرًا ﴿٩١﴾﴾

وە بە راستی ئێمە زانابووین بەوەی لە لای ئەو هەیە لە سوپا و راوێژکاران و دارایی و یاسای جەنگ و داگیر کردنی وڵات.

﴿ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٩٢﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

پاش دامرکاندنی خۆرهه‌ڵاتیش که‌وته‌ دووی ئه‌سبابی زاڵ بوون به‌سه‌ر لای شیمالدا.

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ بَيْنَ ٱلسَّدَّيْنِ وَجَدَ مِن دُونِهِمَا قَوْمًا لَّا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ قَوْلًا ﴿٩٣﴾﴾

تا گه‌یشت به‌ نزیکی مابه‌ینی ئه‌و دوو کێوه‌ گه‌وره‌ که‌ له‌ شیمالی وڵاتی چیندایه‌ و بووه‌ به‌ جیاکه‌ره‌وه‌ی وڵاتی «چین» له‌ «منغوليا»، له‌ خواری ئه‌و کێوانه‌وه‌ قه‌ومێکی بێ‌سه‌ر و سامانی وه‌های دی که‌ له‌وانه‌ بوو له‌ قسه‌ی که‌س حاڵی نه‌بن، واته‌ یا زمان نه‌زان بوون یا نه‌فام و که‌وده‌ن و بێ‌هه‌ست بوون.

﴿قَالُوا۟ يَـٰذَا ٱلْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَىٰٓ أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا ﴿٩٤﴾﴾

هاواریان هێنا بۆ «ذي القرنين» و وتیان: ئه‌ی «ذي القرنين» به‌ راستی نه‌ژادی تورکی مه‌غۆل که‌ وه‌کوو ئاگری سوورن و مه‌شهوورن به‌ «يأجوج» و «مأجوج» هه‌میشه‌ خراپه‌ ئه‌که‌ن و ئاده‌میزاد ئه‌کوژن و داراییمان به‌ تاراج ئه‌به‌ن [و] کشتوکاڵمان ئه‌سووتێنن، ئایا تۆ رازی ئه‌بی به‌وه‌ی که‌ هه‌ندێ له‌ دارایی خۆمان بده‌ین به‌ تۆ به‌رابه‌ر به‌وه‌ که‌ ده‌ربه‌ندێ دروست بکه‌ی له‌ به‌ینی ئه‌و دوو کێوه‌ گه‌وره‌دا و رێگه‌ی هاتوچۆی ئه‌و گه‌له‌ به‌دکرداره‌ بگرێ و ئیتر نه‌توانن له‌ به‌ینی ئه‌و دوو کێوه‌وه‌ بێن به‌سه‌رمانا؟

﴿قَالَ مَا مَكَّنِّى فِيهِ رَبِّى خَيْرٌ فَأَعِينُونِى بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا ﴿٩٥﴾﴾

زولقه‌رنه‌ین وتی: ئه‌و دارایی و ماڵه‌ که‌ خودا داویه‌تی به‌ من و توانای پێداوم سه‌رفی بکه‌م چاکتر و زۆرتر و ماقووڵتره‌ له‌و پاره‌ و ماڵه‌ که‌ ئێوه‌ بمده‌نێ، به‌س ئێوه‌ به‌ هێزی شان و قۆڵ و وه‌ستای کارامه‌ یارمه‌تیم بده‌ن هه‌تاکوو من له‌ به‌ینی

www.iqra.ahlamontada.com

ئێوە و ئەو گەلی یەئجووج و مەئجووجەدا بەستێکی ئەستوور و دەربەندێکی بە ویسمان دروست بکەم.

﴿ءَاتُونِى زُبَرَ ٱلْحَدِيدِ﴾

پارچە ئاسنم بدەنێ و پارەم لێ وەربگرن، بۆ ئەوە کە بە شێوەیەکی فەنی هەڵیان بچنم لە بەینی ئەو دوو کێوەدا! ئەوانیش بە قەی خواستی ئەو ئاسنیان هێنا.

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا سَاوَىٰ بَيْنَ ٱلصَّدَفَيْنِ قَالَ ٱنفُخُوا۟ حَتَّىٰٓ إِذَا جَعَلَهُۥ نَارًا قَالَ ءَاتُونِىٓ أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْرًا ﴿٩٦﴾﴾

هەتا ئەوەندە پارچە ئاسنی هەڵچنی دیوارەکەی لەگەڵ ئەم بەرە و بەری دوو کێوەکەدا ڕێکخست، جا فەرمانی دا کە «دەمە» دابمەزرێنن و رووی بکەنە ئەو ئاسنانە و فوویان پێدا بکەن، تا وەك ئاگری سووری لێ کردن، جا وتی: دەی مسی تواوەم بۆ بێنن با بیرێژم بەسەر ئەم ئاسنە سوورەوەبوانەدا، وە بۆیان هێنا و، ئەمری کرد مسەکەیان رژاند بەسەر ئاسنە سوورەوە بووەکەدا و هەمووی بوو بە یەك پارچە ئاسنی رەقی گەورە و بەینی ئەو دوو کێوەی گرت و ڕێگەی هاتوچۆی ئەو گەلەی لەو دۆڵەوە بڕی.

﴿فَمَا ٱسْطَٰعُوٓا۟ أَن يَظْهَرُوهُ وَمَا ٱسْتَطَٰعُوا۟ لَهُۥ نَقْبًا ﴿٩٧﴾﴾

جا ئیتر لەبەر بەرزی و سافی ئەو بەستە ئاسنینە یەئجووج و مەئجووج نەیانتوانی سەرکەون بەسەر ئەو بەستەدا و نەیشیانتوانی کونی بکەن و لە خوارەوە بەو کونەدا هاتوچۆ بکەن.

﴿قَالَ هَٰذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّى فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ رَبِّى جَعَلَهُۥ دَكَّآءَ وَكَانَ وَعْدُ رَبِّى حَقًّا ﴿٩٨﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

جا زیلقەرنەین وتی: دروستکردنی ئەم بەستە کە بوو بە دەربەندی ئەم شیوە گەورە لەم شوێنەدا میهرەبانییەك بوو لە لایەنی خودای منەوە و کاتێ وادەی دیاریکراوی خودا هات خودا ئەو بەستە وێران ئەکا و ئەیکا بە تۆز و یەئجووج و مەئجووج بەو کونەدا هاتوچۆ ئەکەن. وە وادەی خودای من راستە و رێکی واقیعە.

﴿وَتَرَكۡنَا بَعۡضَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ يَمُوجُ فِي بَعۡضٖۖ﴾

جا لەو کاتەوە رێگەی هاتوچۆی یەئجووج و مەئجووجمان لەو دۆڵەوە گرت لە ناو خۆیانا گێژیان ئەخوارد و مەجالی ئەوەیان نەما بێن خراپەکاری بکەن لە شیمالی چیندا. وە یاخود لەو رۆژەدا کە بەستەکەیان ئەشکێ هێرشێ ئەدەم بە یەئجووج و مەئجووج و بازێکیان شەپۆل ئەدا بەسەر بازێکدا لەبەر زۆری ژمارەیان و زۆری هێز و تەکانیان.

﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَجَمَعۡنَٰهُمۡ جَمۡعٗا ٩٩﴾

وە فوو کرا بە سوورا، واتە فوو ئەکرێ بە سوورا لە لایەنی فریشتەی فەرماندارەوە، جا هەموویان گردئەکەینەوە بۆ حسێب و کێشانەی بیر و باوەڕ و کردەوەیان.

﴿وَعَرَضۡنَا جَهَنَّمَ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡكَٰفِرِينَ عَرۡضًا ١٠٠﴾

وە دۆزەخ رائەنوێنین لەو رۆژەدا بۆ کافرەکان بە رانواندنێکی بیمدار و ترسناك.

﴿ٱلَّذِينَ كَانَتۡ أَعۡيُنُهُمۡ فِي غِطَآءٍ عَن ذِكۡرِي وَكَانُواْ لَا يَسۡتَطِيعُونَ سَمۡعًا ١٠١﴾

بۆ ئەو کافرانەی کە چاویان لە ناو پەردەی مانیعدا بوو لە تەماشا کردنی کیتابی پیرۆزی من و ناوبردنی من و ئیمانهێنان بە من و هەمیشە لە حاڵەتێکی نەفسی ناهەمواری وەهادا بوون کە نەیانئەتوانی گوێ رابگرن بۆ خوێندنەوەی ئایاتی کتێبی من هەتا سوودێکی لێ وەربگرن.

www.iqra.ahlamontada.com

**بزانن! لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە:**

[باسی] یەکەم: ئەم «ذي القرنين»ە کێیە و بۆچی ناوبراوە بە «ذو القرنين»؟ گەلێ لە زاناکانی مێژووی جیهان ئەڵێن: ئەم «ذو القرنين»ە ئەسکەندەری مەقدوونی یۆنانی بووە کە مەشهوورە بە ئەسکەندەری رۆمی، لە بەر ئەوە وڵاتەکەی لەو رۆژەدا بە رۆم ناوبراوە، یاخود لەبەر ئەوە کە گەلێك لە وڵاتی رۆمی داگیر کرد.

ئەم زاتە شاگردی ئەرەستووی حەکیم بووە و زۆر خوێندەوار و خاوەن دڵ و خاوەن سیاسەت بووە، وە مامۆساکەیشی مەشهوور بووە بە مامۆستای یەکەم و فەلسەفەی ئەو بوو لە جیهانی ئیسلاما بڵاوبووەوە، وە ئەم ئەسکەندەری رۆمییە سێسەد و سێ ساڵ پێش لە دایکبوونی حەزرەتی عیسا بووە. یەکەم جار رووی کردە لای خۆرنشین و وڵاتی ئیتالیای ئیمڕۆ و فەرەنسە و ئەسپانیای داگیر کرد تا کێوی ناسراو بە «جبل طارق».

جا رووی کردە ئەوبەری دەریای سپی و شیمالی ئەفریقیای داگیر کرد و شاری ئەسکەندەرییەی دروست کرد. جا وەرگەڕایەوە بۆ خۆرهەڵات و عێراق و شامی داگرت و، رووی کردە وڵاتی ئێران و لەگەڵ سوپای دارادا وەجەنگ هات و دارا بە دەستی پیاوێ لە دەستە و بەستەی خۆی کوژرا. جا ئەسکەندەر کچی دارای مارە کرد و ئەو پیاوەیش کە دارای کوشت و هات بۆ لای ئەسکەندەر بۆ داوای بەخشش بە سیاسەت کوشتی!

پاش ئەمە رووی کردە هیندستان و چین و ئەوانەی داگرت و گەڕایەوە بۆ شیمالی چین، لەوێدا خەڵکی شیمالی چین شکاتیان کرد لە گەلی «مەغۆل» کە مەشهوورن بە «تاتار» لەبەر ئەوە، بە یاسای ئەو رۆژە، لە بەینی دوو کێوی گەورەوە

www.iqra.ahlamontada.com

بۆیان ئه‌هاتنه‌خواره‌وه و گه‌لێ خراپه و کوشت و کوشتاریان ئه‌کرد و شیمالی وڵاتی چینیان تالآن ئه‌کرد. جا وه‌کوو له ئایه‌ته‌کاندا ئه‌فه‌رموێت ئه‌سکه‌نده‌ر ئه‌مری کرد به‌ینی ئه‌و دوو کێوه‌یان به‌ست و به‌ستێکی وای دروست کرد بوو به هۆی مه‌نعی هاتوچۆی سوپای مه‌غۆل بۆ سه‌ر شیمالی وڵاتی چین. وه ئێسته‌یش پاشماوه‌ی ئه‌و به‌سته له‌و جێگه‌دا دیاره، به‌ڵام داڕزاوه و کۆن بووه. وه له مێژووی هه‌زار و نۆسه‌د و حه‌فتا و چواردا گه‌لێ دنیاگه‌رد و سۆراخ‌که‌ر وێنه‌ی ئه‌و شوێنانه‌یان گرتبوو هێنانیانه‌وه بۆ به‌غدا و له رۆژنامه‌دا بڵاو کرایه‌وه و ته‌ماشامان کرد.

له ئه‌نجامدا ئه‌سکه‌نده‌ر له گه‌ڕانه‌وه‌یا له «خورماڵ»دا نه‌خۆش که‌وت و مرد. بازێ زانای مێژوو ئه‌ڵێن: هه‌ر له قه‌ڵاکه‌ی خورماڵدا له «شاره‌زوور»ا نێژراوه. وه بازێ ئه‌ڵێن ته‌رمه‌که‌یان هێناوه‌ته‌وه بۆ شارۆچکه‌ی ئه‌سکه‌نده‌رییه له لای شاری به‌غدا له عێراقدا و له‌وێدا به خاك سپێرراوه. باسی ئه‌م ئه‌سکه‌نده‌ره به درێژی له کتێبه مێژووییه‌کانا هه‌یه.

وه بیر و باوه‌ڕی بازێ زانای‌تر وه‌کوو «ئه‌بووره‌یحان سرووری مونه‌جیم» وه‌هایه که ئه‌و «ذو القرنین»ه پاشایه بووه له «حمیر» له پاشاکانی یه‌مه‌ن ناوی «ابوکرب ابن افریقش» بووه و به «ذو القرنین» ناوبانگی ده‌رکردووه.

وه ئه‌م زاته سوپای خۆی برد بۆ سه‌ر قه‌راخی ده‌ریای سپی و میسری داگرت و لیبیا و توونس و جه‌زائیر و مه‌غریب و گه‌لێ له وڵاتی ئه‌فریقای گرت و وڵاته‌که‌یشی به ناوی باوکی ئه‌و پاشایه‌وه ناوبراوه به ئه‌فریقا.

وه له پاش داگیر کردنی لای خۆرئاوا رووی گێڕایه‌وه بۆ ئاسیا و خۆرهه‌ڵات و تا لاخوارووی شه‌رقی داگیر کرد و گه‌ڕایه‌وه بۆ شیمالی چین و ئه‌و وڵاتانه‌ی هه‌موو گرت. وه بیره‌که‌ی خۆی به‌هێز ئه‌کا به‌وه که ئه‌و سیفاته و ئه‌و باسه له ئایه‌ته‌کانا

www.iqra.ahlamontada.com

بۆ یەکێ رێ ئەکەوێت کە خاوەن ئیمان و دین و رەوشتی باش بێ وەکوو ئەم پاشای «حمیری»یە کە لە قەومی «تبع» بووە و موسوڵمان بووە. بەڵام ئەسکەندەری رۆمی وا نەبووە.

زانایانی بیری یەکەم وەڵامی ئەم قسەیان داوەتەوە بەوە: هەڵئەگرێ ئەسکەندەری رۆمی لە گیانی خۆیا ئینسانێکی پاك و خودا پەرست بووبێ؛ چونکی ئەو جۆرە زانیاری و حیکمەتە کە لای ئەوان باو بووە لەوە ناچێ کە ئەوانە بتپەرست بووبن، بەڵکوو بۆ خودا پەرست و خاوەن دین لەبارترە.

بێجگە لەمەیش ئەو ئایەتانە دامەزرابن لەسەر یاسای ئیلهام و تالیمی رۆحی، وە یا تەسخیری دڵی ئەسکەندەر بۆ ئەو یاسا باشانە وەکوو ئایەتی: ﴿و أوحینا إلی أم موسی﴾[1] و ﴿و أوحی ربك إلی النحل﴾[2] و ﴿قلنا یا نار کوني...﴾.[3]

بە هەر حاڵ هەردوو بیرەکە لەوانەن وەربگیرێن و قەبووڵ بکرێن، بەڵام غەیری ئەسکەندەری رۆمی مەشهوور نییە کەسێکی تر وەها خۆرنشین و خۆرئاوای گرتبێ. «والله أعلم»

وە هۆی شۆرەتی «ذو القرنین» یا ئەوەیە کە هەردوو شاخەی جیهانی ئاوەدانی ئەو رۆژەی داگیر کردووە، واتە خۆرهەڵات و خۆرنشین، وە یاخود تاجەکەی سەری دوو شاخی جەواهیری پێوە بەسراوە.

باسی دووەم: یەئجووج و مەئجووج لە چ تیرەیەکن؟ ئەمانە لە نەتەوەی «یافث» کوڕی حەزرەتی نووحن عليه السلام، وە لە وڵاتی شیماڵی چیندا نیشتەجێ بوون و مەشهوورن

---

١. القصص؛ ٧.

٢. النحل؛ ٦٨.

٣. الأنبیاء؛ ٦٩.

www.iqra.ahlamontada.com

بە «مەغۆل» و «مەنغۆلیا» و تاتار، وە ئەسڵەکەیان لە پیاوێکە ناوی «تورك» بووە و عەجوول و هارن، وە یا زۆر سوور و هەڵگیرساون، بۆیە بە زمانی عەرەبی ناویان ئەبەن بە «یأجوج» و «مأجوج» «من أجت النار إذا انتشر ضوؤها و شررها».

زانایانی مێژوو ئەڵێن: ئەم ئوممەتە هەر لە زەمانی زۆر کۆنەوە لەو شوێن و جێگەی خۆیانەدا ماونەتەوە و هەمیشە خەریکی دەسدرێژی و خراپەکاری بوون، زۆر جار هێرشیان بردووەتە سەر شارەکانی چین و سەر وڵاتی ئاسیای خۆرئاوا و پێغەمبەرەکانی پێشووعليهم السلام زۆر گەلی خۆیانیان ترساندووە لە هێرشی ئەو گەلە بەدە بەدکردارە. وە لە پێش زەمانی ئەسکەندەری رۆمیشدا گەلێ جار لاژووڕووی چین بە دەستیانەوە داما بوون بۆیە شکاتیان کرد لە لای ئەسکەندەر کە ئەو رێگە گەورە شیمالییەیان لێ بگرێ بۆ ئەوە کە هاتوچۆیان کەم ببێتەوە.

وە لە ناو ئەم گەلە خراپە کێوییەدا کابرایەکی گەورە هەڵکەوت ناوی «تەموجین» بوو خۆی ناو نا «چەنگیز خان» یانی پاشای جیهان یا جەنگ هەڵگیرسێن لە جیهانا.

ئەم چەنگیزە زۆر نەبەرد و بەهێز بوو، لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچییەوە پاش ئەوە کە وڵاتی مەغۆل و تاتاری هەموو رام کرد رووی کردە چین و وڵاتی چینی شیمالی هەموو داگیر کرد، پاش ئەوە رووی کردە وڵاتی ئیسلام و سوڵتان «قوتبەدین موحەممەد کوڕی تەکش عەلائەدین کوڕی ئەرسەلان کوڕی موحەممەد» کە پاشای وڵاتی «خوارەزم» بوو کەوتە شەڕ لەگەڵیا تا ماوەی دە ساڵ، لە ئەنجاما دەوڵەتی خوارەزم بەرباد بوو لەم جەنگەدا «جەلالەدین» کوڕی پاشای خوارەزم جەنگێکی زۆر مەردانەی کرد، بەڵام چاری سوپای مەغۆلی پێ نەکرا و کوژرا. وە ئەم سوپای مەغۆلە ئەوەی عەقڵ و ویجدان قەبووڵی نەکا لەگەڵ وڵاتی خوارەزمدا کردیان لە: وێران کردن و کوشتن و بڕین و، پیاو و ژن و منداڵ بە دەستی ئەو ستەمکارانەوە بە ناشیرینترین شێوە لە ناو چوون. خودا پەنامان بدا.

www.iqra.ahlamontada.com

وە مێژوو نووسەکان ئەگێڕنەوە: ئەوەندە خەڵك لە وڵاتی خوارەزمدا کوژرا هەر یەك کەس لە سوپای مەغۆل بیست و چوار کوژراوی بەرئەکەوت، جا باش حسێبی ئەم بەڵا بکەن پەنا بە خودا. وە شارەکانی بوخارا و سەمەرقەند و غەیری ئەوانە و خوراسان هەموو وێران کران و خەڵکەکەیان کوژرا و کوژراوانی شاری «مەرو» گەیشتە ملوێنێك و سێسەد و سی هەزار کەس، ئەوەی کە دەرکەوتووە و حسێب کراوە.

هەروا داپەڕین بۆ وڵاتی هیندستان و ئەفغانیان وێران کرد، کاتێ جەنگیزخان لە هیندستان گەڕایەوە «مەرو» گیانی سپارد بە دادگای خودا.

پاش مردنی جەنگیزخان «ئاق‌تا»ی کوڕی بوو بە جێگەدار و فەرماندار و «باقو» ناوی برازای هێرشی برد بۆ سەر وڵاتی «رووس» و شارەکانی «پۆڵۆنیا» و «مەجەر»یان وێران کرد. پاش مردنی «ئاق‌تا»ی کوڕی جەنگیزخان «جالوك» ناو لە جێگەیا دانیشت و لەگەڵ رۆمدا جەنگی کرد و ناچاری کردن بە سەرانە.

وە پاش مردنی جالوك «منچرا» ناوی برازای لە جێگەیدا دانیشت و کابرا ئەمری کرد بە براکانی خۆی «کیلای» و «هۆلاکۆ» کە بەردەوام بن لە داگیر کردنی وڵاتەکانا.

لەسەر ئەم ئەمرە کیلای رووی کردە شارەکانی چین و داگیری کردن و، هۆلاکۆ رووی کردە شارەکانی ئیسلام و پایتەختی خەلیفەی عەباسی «المعتصم باللّٰه» کە شاری بەغدا بوو، خەلیفە گەلێ تێکۆشا کە ئەو جەنگە بە شێوەی سوڵح تەواو بێ بەڵام بێ‌سوود بوو، سوپای هۆلاکۆ لە ساڵی شەشسەد و شەست و پێنجدا بەغدای گرت و خەلیفەیان کوشت و، ماوەی حەوت رۆژ بەغدا لە ژێر دەستی ئەو سوپا دڕەندەدا مایەوە بە: کوشتار و، تاڵان و، خراپەکاری، وە ئەوەندە کتێبیان بە بار فڕەدایە ناو «دەجلە»وە کە خەڵك بە سەریا ئەپەڕییەوە. بەم کارەساتە خەلافەتی عەبباسی لە عێراقدا بڕایەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

جا ئەولادی چەنگیز دنیایان لە ناو خۆیاندا کرد بە چوار بەشەوە: چین و مەغۆلستان بۆ کیلای، وە جاقاتای برای ئاقتای کوڕی چەنگیزخان تورکستانی وەرگرت و، ئەولادی «باترخان» ولاتی رووباری «وولگا» لە ولاتی رووسیەیان وەرگرت و رووسەکان سەرانەیان پێ ئەدان، وە ئێران و عێراق و ئەفغان مایەوە بۆ هۆلاکۆ و سنووری گەیشت بە شام و ئیتر شامی بۆ نەگیرا.

وە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «اتركوا الترك ما تركوكم فإن أول من يسلب أمتي ملكهم بنو قنطورا. أي الترك». وە لە حەدیسی ترا هەیە کە سەرەتای یەئجووج مەئجووج ئەگا بە شام و دواییەکەی لە ولاتی خوراساندا ئەبێ.

ئەوا لەسەر بەیانی زانایانی مێژوو ئەم کارەساتانەمان گێڕایەوە و، لەم گێڕانەوەوە دەرکەوت کە یەئجووج و مەئجووج قەومی مەغۆلن و بە تاتاریش ناو ئەبرێن، وە ئەوانە کە لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچییەوە بە سەرۆکی چەنگیزخان لە ولاتی خۆیان دەرچوون و روویان کردە چین و لە ئەوروپا و لە ئاسیای ئیسلامی و ئەو هەموو کارەساتە نابارانەیان بەسەر عالەمدا هێنا، جا ئەگەر مەبەست لە ئایەتی: ﴿فإذا جاء وعد ربي جعله دكاء﴾ لەم سوورەتی کەهفەدا و لە ئایەتی: ﴿حتى إذا فتحت يأجوج و مأجوج و هم من كل حدب ينسلون﴾.[1] ئەم دەرچوونە بێ کە لە مێژووی رابوردوودا رووی داوە، ئەوە باشە و باسمان کرد، وە ئەگەر کاتی ئەو دەرچوونە گشتییە نەهاتبێ ئەوە ئەبێ ئەو قەومی یەئجووج و مەئجووجە بە هێرشێکی زۆر گەورە جارێکی‌تر بێن بە جیهانا و بە خراپەکاری و کوشتن و تالان دنیا وێران بکەنەوە وەکوو لە بازێ ریوایەتا هەیە کە دەرچوونیان رێکەوتی زەمانی هاتنەخوارەوەی حەزرەتی عیسا ئەکا علیه السلام لە ئاسمانەوە بۆ زەوی ئیتر ئەو تەرتیبە و چۆنیەتیەکەی

---

١. الأنبياء؛ ٩٦.

www.iqra.ahlamontada.com

وا لە عیلمی خودادا؛ چونکی لە ریوایەتی ئەبووسەعیدی خدریدا رضي الله عنه دەرئەکەوێ لە پاش دەرچوونی یەئجووج و مەئجووج دنیا هەر بەردەوامە و عیبادەت و حەجی بەیتوڵڵا ئەکرێ و حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «ليحجن البيت وليعتمرن بعد خروج يأجوج و مأجوج» وە شێخ «معين‌الدين»ی چشتی رحمه الله لەو کتێبەدا کە لە تەفسیری سوورەتی فاتیحەدا دایناوە لە تەفسیری ﴿مالك يوم الدين﴾دا ئەفەرموێت: ئەو دە ئایەتە کە لە نیشانەی هاتنی قیامەتدا وارید بوون لە حەزرەتەوە ﷺ تەرتیبی ناویان بە سوورەتی قەتعی مەعلووم نەکراوە بۆمان و وان لە عیلمی خودادا.

﴿أَفَحَسِبَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن يَتَّخِذُواْ عِبَادِي مِن دُونِيٓ أَوۡلِيَآءَۚ إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا جَهَنَّمَ لِلۡكَٰفِرِينَ نُزُلٗا ١٠٢﴾

ئایا گومان ئەبەن ئەو کەسانە وا کوفری تەوحید ئەکەن کە بەندەکانی من یانی مەلائیکەکان و عوزەیر و مەسیح بگرن بە دۆست و یارمەتیدەر بۆ خۆیان؟ ئەگەر ئەو گومانە ببەن ئەوە بە قەتعی سوودیان پێ نادا؛ چونکی بە راستی ئێمە ئاگر و سزای دۆزەخمان ئامادە کردووە بە هۆی پەزێرایی بۆیان وەکوو ئەو خواردەمەنی و مەشرووباتە ئامادە ئەکرێن بۆ میوان.

﴿قُلۡ هَلۡ نُنَبِّئُكُم بِٱلۡأَخۡسَرِينَ أَعۡمَٰلًا ١٠٣ ٱلَّذِينَ ضَلَّ سَعۡيُهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ يَحۡسَبُونَ أَنَّهُمۡ يُحۡسِنُونَ صُنۡعًا ١٠٤ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ وَلِقَآئِهِۦ فَحَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فَلَا نُقِيمُ لَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَزۡنٗا ١٠٥ ذَٰلِكَ جَزَآؤُهُمۡ جَهَنَّمُ بِمَا كَفَرُواْ وَٱتَّخَذُوٓاْ ءَايَٰتِي وَرُسُلِي هُزُوًا ١٠٦﴾

تۆ ئەی خۆشەویست بفەرموو بەو کافرانە: ئایا حەز ئەکەن خەبەرتان پێ بدەین بەو کەسانە کە لە هەموو کەس زیانکارترن لە کردەوەکانیانا؟: ئەو کەسانە کە تێکۆشینیان

www.iqra.ahlamontada.com

لە ماوەی ژیانی دنیادا بەزایەچووە، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا گومان ئەبەن کە کردەوەی باش و بە سوود ئەکەن. بزانن! ئەوانە ئەو کەسانەن کە کوفری ئایاتی خودای خۆیان ئەکەن و باوەڕیان بە قورئانی پیرۆز نییە، هەروا باوەڕیان نییە بە گەیشتن بە خودای خۆیان لە رۆژی قیامەتا، ئەوە هەرچی کردەوەیەکی بە دیمەن باشیان هەبێ هەمووی داکەوتووە و بێنرخە، کەوابێ لە رۆژی قیامەتا نرخ و کێشێ بۆ ئەوانە بڕیار نادەین و حوکم ئەمەیە و فەرمان وا دراوە کە تۆڵەی ئەو کوفری ئەوانە دۆزەخە بە هۆی ئەو کوفرەوە کە کردوویانە و بە هۆی ئەوەوە ئایاتی قورئانی من و کتێبەکانی من و وجوودی پێغەمبەرەکانی منیان کرد بە جێگەی گاڵتە و گوێیان پێ نەدان.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّٰتُ ٱلْفِرْدَوْسِ نُزُلًا ﴿١٠٧﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا لَا يَبْغُونَ عَنْهَا حِوَلًا ﴿١٠٨﴾﴾

بە راستی ئەوانەیش کە ئیمانیان هێناوە بە خودا و بە یەکیەتی خودا و کردەوەی باشیان کردووە ئەوە ئەو بەهەشتە جوانانە کە ناو ئەبرێن بە «جنات الفردوس» کراوە بە پەزیرایی، واتە بە هۆی ئاسایش و رابواردنی ئەوان و هەتا هەتایە ئەمێننەوە لەو بەهەشتانەدا نایانەوێ بە هیچ جۆرێ لەو بەهەشتانە بگوێزنەوە بۆ شوێنێکی‌تر؛ چونکی ئەوەندە لە لایان خۆشن بیر لەوە ناکەنەوە جێگە لەوە خۆشتر هەبێ لە جیهانی نەبڕاوەی قیامەتدا.

﴿قُل لَّوْ كَانَ ٱلْبَحْرُ مِدَادًا لِّكَلِمَٰتِ رَبِّى لَنَفِدَ ٱلْبَحْرُ قَبْلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَٰتُ رَبِّى وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِۦ مَدَدًا ﴿١٠٩﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بفەرموو بەوانەی ئەیانەوێ تێبگەن لە راستی: ئەگەر ئاوی دەریا هەمووی مەرەکەب بێ بۆ نووسینی زانیاری خودای تەعالا لە بارەی ئەو عالەمانەوە ئەو دروستی کردوون و ئەحواڵیان و لە بارەی شەریعەتەکان

www.iqra.ahlamontada.com

و پێغەمبەرەکانەوە و، لە بارەی کردەوەی هۆشیارەکان و پاداشەکانیانەوە بە راستی ئاوی دەریا تەواو ئەبێ لە پێش ئەوەدا کە زانیاری خودا ببڕێتەوە؛ چونکی ئەوان مەحدوودن و زانیاری خودا مەحدوود نییە، بەڵکوو ئەگەر ئاوی دەریاکان بکەی بە تك تك هەر تکێ لەوانە بەشی نووسینی ئەحواڵی خۆی ناکا چ جای ئەوە کە زانیاری خودا بنووسێ، هەرچەند وەکوو وێنەی ئەو دەریا مەوجوودە زیادی بکەین لەگەڵیا و بیدەینە پاڵی.

﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴿١١٠﴾﴾

جا مادام کە بە قسە کردن زانیاری خودا تەواو نابێ تۆ، ئەی خۆشەویست، بفەرموو پێیان قسە زۆرە و لە ناو ئەوانا ئەم دوو جوملە بە سوودە بۆتان:

یەکەم: ئەمە کە من ئادەمیزادێکم وەکوو ئێوە فەرقمان نییە ئەمە نەبێ کە من وەحیم بۆ هاتووە کە خودای ئێوە یەك خودایە و هاوڕێی نییە، یانی هەر ئەو «واجب‌الوجود»ە و هەر ئەو پەروەردگارە و هەر ئەو عیبادەتی بۆ ئەکرێ.

وە قسەی دووهەم ئەمەیە: هەرکەسێ هیوای هەیە بە گەیشتن بە خودای و بە رەزای خودای خۆی و پاداشی باشی ئەو با هەمیشە هەر کردەوەی باشی موافیق لەگەڵ دیندا بکا و قەت لە عیبادەت‌کردنیا بۆ خودای خۆی کەس نەکا بە شەریکی، وە ئەو عیبادەتە ساغ و ساف بۆ خودای بکا و بەس.

سوپاس بۆ خودا لێ بوومەوە لە نووسینی تەفسیری سوورەتی «الکهف» لە پێش نوێژی عەسری رۆژی سێشەممەی هەشتەمی مانگی «ذي‌القعده»ی ساڵی هەزار و سێسەد و نەوەد و هەشتی کۆچی رێکەوتی هەزار و نۆسەد و حەفتا و هەشتی زایینی.

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

**سووره‌تی مه‌ریه‌م، مه‌ککه‌ییه‌، ئایه‌تی "٥٨" و "٧١" نه‌بێ، ئه‌وانه مه‌دینه‌یین و سووره‌ته‌که "٩٨" ئایه‌ته**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿كٓهيعٓصٓ ١ ذِكۡرُ رَحۡمَتِ رَبِّكَ عَبۡدَهُۥ زَكَرِيَّآ ٢﴾

ئه‌م سووره‌ته پیرۆزه که به‌و حه‌رفانه ناوبراوه باسی میهره‌بانی کردنی خودای تۆیه له‌گه‌ڵ به‌نده‌ی ساغی خۆیا که «زه‌که‌ریا»یه.

﴿إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥ نِدَآءً خَفِيّٗا ٣﴾

ئه‌و میهره‌بانی خودایشه له کاتێکدا بوو که زه‌که‌ریا بانگی کرد له خودای خۆی به بانگ کردنێکی پەنامه‌کی.

﴿قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ ٱلۡعَظۡمُ مِنِّي وَٱشۡتَعَلَ ٱلرَّأۡسُ شَيۡبٗا وَلَمۡ أَكُنۢ بِدُعَآئِكَ رَبِّ شَقِيّٗا ٤﴾

بانگه‌که‌ی وه‌ها کرد فه‌رمووی: ئه‌ی په‌روه‌ردگاری من! من پیر بووم و ئێسقانی له‌شم ـ که کۆڵه‌که‌ی خانووی له‌شه ـ سست بووه و مووی سه‌رم سپی بووه و وه‌کوو چرا شه‌وق ئه‌داته‌وه.

www.iqra.ahlamontada.com

وەلحاڵ ئەی پەروەردگاری میهرەبانی خۆم من بە هۆی پاڕانەوەوە لە تۆ بۆ مەبەستەکانم لەمەوپێش دڵ ئازار و دەروون بێزار و مەبەست فەوتاو نەبووم، وە هەرکاتێ لێت پاڕاومەتەوە بە میهرەبانی تەماشای منت کردووە و، ئێستەیش بەو هیواوە لێت ئەپاڕێمەوە.

﴿ وَإِنِّي خِفْتُ ٱلْمَوَٰلِيَ مِن وَرَآءِى وَكَانَتِ ٱمْرَأَتِى عَاقِرًا فَهَبْ لِى مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا ۝٥ يَرِثُنِى وَيَرِثُ مِنْ ءَالِ يَعْقُوبَ ۖ وَٱجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيًّا ۝٦ ﴾

وە بە راستی من ترس و بیمم هەیە لە خزمەکانم کە لە پاش من ئەمێننەوە بیمی ئەوەم هەیە ئەم خانەدانی نوبووەت و ریسالەت و خزمەتی دینە بکەن بە خانەدانی هەرزەکاری و ئارەزووبازی و یاسای باوك و باپیرەی خۆیان تێك بدەن. وە ژنەکەیشم نەزۆکە، تا ئێستە منداڵی نەبووە، جا تکا ئەکەم و لە بارەگای ئیحسانی تۆدا ئەپاڕێمەوە لە کەرەمی خۆت منداڵێکی خاوەن شوعوور و نوور و کەماڵم پێ ببەخشە هەتا ئەم پایە و سایەی رەهبەرییە لە ئێمە وەربگرێ لەگەڵ ئەو دین و ئایین و زانیاری نەسڵ و نەتەوەی یەعقووبە و تەربییە و تەمێی وەها بکە بیکەی بە ئینسانێ کە جێگەی رەزامەندی خۆت بێ لە وتار و کردارا.

﴿ يَٰزَكَرِيَّآ إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَٰمٍ ٱسْمُهُۥ يَحْيَىٰ لَمْ نَجْعَل لَّهُۥ مِن قَبْلُ سَمِيًّا ۝٧ ﴾

جا لە لایەنی ئێمەوە وەڵامی بانگەکەی دراوە بە قەبووڵ و پێمانوت: ئەی زەکەریا موژدەت پێ ئەدەین بە پەیدا بوونی منداڵێکی نێرینە کە ناوی یەحیایە و لە پێش ئەم چەرخەدا هاوناومان بۆ دانەناوە و هاوناوی نەبووە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَالَ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَكَانَتِ ٱمْرَأَتِي عَاقِرًا وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ ٱلْكِبَرِ عِتِيًّا ﴿٨﴾﴾

ئەویش، لەگەڵ ئەوەدا کە باوەڕی بە خودای خۆی قایم بوو کە ئەتوانێ هەر شتێ خواستی لەسەری بێ بیکا، وتی: خودایە! نازانم من چۆن منداڵم ئەبێ؟ ژنەکەم تا ئێستە نەزۆك بووە و خۆیشم لەبەر پیری گەیشتووم بە حاڵی وشکەوەبوونی جمگەکانی لەشم!

﴿قَالَ﴾

فریشتەی وەحی، یا هەر خودای تەعالا خۆی لە وەڵامی زەکەریادا فەرمووی.

﴿كَذَٰلِكَ قَالَ رَبُّكَ﴾

ئاوای فەرموو خودای تۆ کە لە مژدەکەدا حاڵی بووی.

﴿هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ﴾

بەخشینی ئەو کوڕە بە تۆ لەم تەمەنەدا کە تۆ پیری و ژنەکەیشت نەزۆکە زۆر ئاسانە لەسەر من و من موحتاجی ئەسباب نیم.

﴿وَقَدْ خَلَقْتُكَ مِن قَبْلُ وَلَمْ تَكُ شَيْـًٔا ﴿٩﴾﴾

وە من تۆم لە نەبوون دروستکردووە لەمەوپێش و لەو کاتەدا تۆ هیچ نەبووی.

واتە وەکوو تۆوی باوك و دایکی تۆم لە نەبوون دروست کرد و کردم بە هۆی پەیدا بوونی تۆ، کەچی تۆ لەو کاتەدا نەبووی. وەها ئەتوانم مادەی وجوودی یەحیا لە پشتی تۆ و لە سنگی دایکیا دروست بکەم و بیانکەم بە هۆی وجوودی ئەو.

﴿قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّيٓ ءَايَةً﴾

www.iqra.ahlamontada.com

جا کاتێ زەکەریا حاڵی بوو کە شتەکە بڕیاردراوە عەرزی بارەگای خودای کرد و وتی: خوایە نیشانەیەکم بۆ دیاری بکە لەسەر کاتی پەیدا بوونی ئەو کوڕە.

﴿قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَ لَيَالٖ سَوِيّٗا ١٠﴾

خودای تەعالا وەڵامی دایەوە و فەرمووی: نیشانەی پەیدا بوونی ئەمەیە کە بە بێ ناساغی و نەخۆشی حاڵێکت بەسەرا دێ سێ ڕۆژ و سێ شەو نەتوانی قسە بکەی لەگەڵ خەڵکدا لەگەڵ ئەوەیشدا زمانت ڕەوانە بۆ نوێژ و پاڕانەوە لە خودای خۆت.

﴿فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ مِنَ ٱلۡمِحۡرَابِ فَأَوۡحَىٰٓ إِلَيۡهِمۡ أَن سَبِّحُواْ بُكۡرَةٗ وَعَشِيّٗا ١١﴾

واتە کاتێ ئەو نیشانە هات بەسەریا لە عیبادەتخانەکەی خۆی هاتەدەرەوە بۆ لای پەیڕەوەکانی و بە ئیشارە تێیگەیاندن کە سێ شەو و ڕۆژ بەیانی و ئێوارە نوێژ بکەن و تەسبیحاتی خودا بکەن تا من لەم موناجاتە ڕزگار ئەبم.

﴿يَٰيَحۡيَىٰ خُذِ ٱلۡكِتَٰبَ بِقُوَّةٖۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡحُكۡمَ صَبِيّٗا ١٢﴾

واتە لەو سەردەمەدا یەحیا لە دایك بوو ئێمەیش بانگمان لێ کرد، وتمان: ئەی یەحیا کتێبی دین و ئایینی خۆتان کە تەوراتە وەری‌بگرن و تێی‌بگە بە هەموو هێزی دڵ و دەروونی خۆت و هەر لە کاتی منداڵیدا عەقڵ و حیکمەتمان پێدا.

﴿وَحَنَانٗا مِّن لَّدُنَّا وَزَكَوٰةٗۖ وَكَانَ تَقِيّٗا ١٣ وَبَرَّۢا بِوَٰلِدَيۡهِ وَلَمۡ يَكُن جَبَّارًا عَصِيّٗا ١٤﴾

وە میهرەبانی و دڵنەرمیمان پێدا نیسبەت بە باوك و دایك و خزم و بێگانە و پاکی نەفسمان پێدا و ئینسانێ بوو خاوەن پارێز لە تاوانباری هەروا چاك کردەوە لەگەڵ باوك و دایکیا و ئینسانێکی خاوەن جەبر و تاوانبار نەبوو.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَسَلَٰمٌ عَلَيۡهِ يَوۡمَ وُلِدَ وَيَوۡمَ يَمُوتُ وَيَوۡمَ يُبۡعَثُ حَيّٗا ١٥﴾

وە سەلامەتی و هێمنی نازڵ ببێتە سەری لە لایەنی ئێمەوە لەو رۆژەدا لە دایك بووە و لەو رۆژەدا ئەمرێ و لەو رۆژەدا لە گۆڕ هەڵئەستێنرێ بە زیندوویی، واتە شەیتان زاڵ نابێ بەسەریا لە پاش ئەوە کەوتە دنیاوە و سزا نادرێ لە گۆڕا و ئازار نابینێ لە رۆژی حەشرا.

﴿وَٱذۡكُرۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ مَرۡيَمَ إِذِ ٱنتَبَذَتۡ مِنۡ أَهۡلِهَا مَكَانٗا شَرۡقِيّٗا ١٦﴾

وە لە قورئانی پیرۆزا باسی مەریەمی کچی عیمران بکە لەو کاتەدا کە کەناری گرت لە خزم و پوور و پوورزای لە شوێنێکی وادا کە لە خۆرهەڵاتی «بیت‌المقدس»دا بوو.

﴿فَٱتَّخَذَتۡ مِن دُونِهِمۡ حِجَابٗا﴾

وە لەو شوێنەدا پەردەیەکی داگرت لە بەینی خۆی و خەڵکا بۆ ئەوە خۆی بشۆرێ.

﴿فَأَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرٗا سَوِيّٗا ١٧﴾

وە لەو کاتەدا ئێمە ئەو فریشتە کە لە ئەمری ئێمە دروست کراوە، کە جوبرەئیلە، ناردمان بۆ لای مەریەم، ئەویش رۆیشت و لە بەرچاویا دەرکەوت وەکوو ئینسانێکی رێك و جوان.

﴿قَالَتۡ إِنِّيٓ أَعُوذُ بِٱلرَّحۡمَٰنِ مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيّٗا ١٨﴾

ئەویش زۆر دڵگران بوو لە دەرکەوتنی ئەو زەلامە لەو شوێنەدا کە بە بێ ئاگاداری ئەو هاتووە لەوێدا راوەستاوە و پێی فەرموو: ئەگەر تۆ ئینسانێکی خاوەن دین و خاوەن پارێزی من پەنا ئەگرم بە خودا لە بوونی تۆ لەم شوێنەدا و لەم کاتەدا؛ چونکی لەو شوێنە و لەو کاتەدا راوەستانی ئینسانێ دوور نییە لە عەیب.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ قَالَ إِنَّمَآ أَنَا۠ رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَٰمًا زَكِيًّا ﴿١٩﴾ ﴾

جا جوبرەئیل لە جوابی ئەو پەناخوازییەدا پێی فەرموو: من لەوانە نیم کە تۆ لێی بترسی، بەڵکوو من لە فریشتەی پاکم و فرستادەی خودای تۆم، ئەو خودایە کە هۆی تەقوا و تاعەتی بۆ تۆ دروست کردووە و تۆی گەیاندووەتە ئەم پایە، وە لەبەر ئەوەیش ناردوومی کە کوڕێکی پاك و دڵپاك و ڕۆحپاکت پێ ببەخشم.

﴿ قَالَتْ أَنَّىٰ يَكُونُ لِى غُلَٰمٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِى بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا ﴿٢٠﴾ ﴾

جا مەریەم فەرمووی: چلۆن لەوانەیە منداڵم لێ ببێ و تا ئێستە هیچ ئادەمیزادێ دەستی نەگەیشتووە بە من بە یاسای داخوازی جینسی بە شێوەی دین و قەت من لەوانەیش نەبووم بە شێوەی خیلافی دین بگەم بە پیاو و پیاو بگا بە من.

﴿ قَالَ ﴾

جوبرەئیل فەرمووی:

﴿ كَذَٰلِكِ قَالَ رَبُّكِ ﴾

هەر وەهای فەرمووە خودای تۆ کە من ئەو منداڵەت پێ ببەخشم. وە فەرموویەتی:

﴿ هُوَ عَلَىَّ هَيِّنٌ ﴾

بەخشینی ئەو منداڵە بە لای منەوە ئاسانە.

﴿ وَلِنَجْعَلَهُۥٓ ءَايَةً لِّلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِّنَّا ۚ وَكَانَ أَمْرًا مَّقْضِيًّا ﴿٢١﴾ ﴾

وە ئەو منداڵەت پێ ئەبەخشین بۆ ئەوە بیکەین بە هۆی بڵاو کردنەوەی رەحمەت و میهرەبانی خۆمان لە ناو جیهانا لەبەر ئەوە کە ئەیکەین بە فرستادەی خێر و هێمنی وە ئەم کارە قەزا و قەدەری ئێمە بڕیاری داوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَحَمَلَتۡهُ فَٱنتَبَذَتۡ بِهِۦ مَكَانٗا قَصِيّٗا ﴿٢٢﴾﴾

کاتێ جوبرەئیل ئەو قسانەی کرد بۆ مەریەم فووی کرد بە بەرۆکی کراسەکەیا و لەبەر چاویا ون بوو، مەریەم سکی بوو بەو غولامە پاکە کە بریتییە لە عیسای مەسیح علیه‌السلام وە لە پاش رابوردنی ماوەی سکی عادەتی، وە یا هەر لە عەینی کاتا، وەکوو لە بازێ ریوایەتا هەیە، مەریەم دوور کەوتەوە بەو سکەی بۆ شوێنێکی دوور لە مەنزڵ و ماوای خۆی، وە ئەم ریوایەتە موافیقە لەگەڵ ئایەتی: ﴿إن مثل عيسى عند الله كمثل آدم﴾.[1]

﴿فَأَجَآءَهَا ٱلۡمَخَاضُ إِلَىٰ جِذۡعِ ٱلنَّخۡلَةِ قَالَتۡ يَٰلَيۡتَنِي مِتُّ قَبۡلَ هَٰذَا وَكُنتُ نَسۡيٗا مَّنسِيّٗا ﴿٢٣﴾﴾

وە پاش ئەوە کە لە ماڵ و مەنزڵی خۆی دوورکەوتەوە ژانی لێ‌هات و ئەو ژانە بوو بە هۆی ئەوە کە بڕوات بۆ باخێکی نزیکی ئەو جێگەیە، وە لەو باخەدا چووە پاڵ دارخورمایەك و لە بەر شەرمی خۆی لەم وەزعە نائاساییە وتی: کاشکی پێش ئەم رووداوە بمردایەم و لە بیر بچوایەمەوە و کەس ناوی نەزانیایەم.

﴿فَنَادَىٰهَا مِن تَحۡتِهَآ أَلَّا تَحۡزَنِي قَدۡ جَعَلَ رَبُّكِ تَحۡتَكِ سَرِيّٗا ﴿٢٤﴾﴾

وە لەو شوێنەدا عیسا لە دایك بوو و لە ژێر داوێنیەوە بانگی کرد و وتی: خەفەت مەخۆ خودای تەعالا لە ژێری داوێنەی تۆوە ئینسانێکی خاوەن پایەی دروست کردووە، وەکوو خۆی بێ، وە یاخود لە خواری ئەم جێگەی دانیشتنی تۆیەوە جۆگە ئاوێکی دروست کردووە بۆ ئەوە ئاوی لێ بخۆیتەوە.

---

١. آل عمران؛ ٥٩

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَهُزِّيٓ إِلَيۡكِ بِجِذۡعِ ٱلنَّخۡلَةِ تُسَٰقِطۡ عَلَيۡكِ رُطَبٗا جَنِيّٗا ﴿٢٥﴾ فَكُلِي وَٱشۡرَبِي وَقَرِّي عَيۡنٗاۖ فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ ٱلۡبَشَرِ أَحَدٗا فَقُولِيٓ إِنِّي نَذَرۡتُ لِلرَّحۡمَٰنِ صَوۡمٗا فَلَنۡ أُكَلِّمَ ٱلۡيَوۡمَ إِنسِيّٗا ﴿٢٦﴾﴾

وە ئەو لقە دارخورمایە بەرەو لای خۆت بجووڵێنەرەوە هەتا خورمایەکی تەڕ و تازەی وا کە شیاوی ئەوە بێ ئینسان بیچنێتەوە و بیخوا، داوەرێنێ بەسەرتا. جا لەو روتابە شیرینەی تەبیعەت گەرمەی باش بۆ ژنی زەیسانە بخۆ، وە لەو ئاوە سافە رەوانە بخۆرەوە، وە چاویشت رۆشن بکەرەوە بەم کوڕە جوانە و دڵخۆش ببە بەم موعجیزە گەورانە کە چاوت پێیان کەوت: بە بێ گەیشتن بە پیاو سکت بوو بە منەوە، بە بێ‌مامان و بێ‌زەحمەت منداڵت بوو، لەم چەرخەدا کە زستانە لە بەردەمتا ئاوێکی سافی رەوان و خورمای تەڕی جوان لە بەردەمتا پەیدا بوو، وە بە کەمتر دەست بۆ بردنێکی تۆ ئەو دارخورما وەها کەوتە تەکان خورماکەی لێ هەڵوەری بەسەرتا، وە خودا منیشی هێنایە وتار لەگەڵتا لەم حاڵەدا هەتا دڵت دابمەزرێ، وە هەستە بڕۆرەوە بۆ شوێنی خۆت و هەڵم بگرە لە باوەشی خۆتا و، کاتێ ئادەمیزادێکت چاو پێکەوت و ویستی قسەت لەگەڵا بکا تۆ تێی بگەیەنە: من نەزرم کردووە لەسەر خۆم خامۆشی و بێ‌دەنگی بۆ خودای خۆم کە زۆر میهرەبانە و میهرەبانی لەگەڵ مندا کردووە و بە هیچ شێوەیێ ئیمڕۆ قسە ناکەم لەگەڵ هیچ ئادەمیزادێکدا.

﴿فَأَتَتۡ بِهِۦ قَوۡمَهَا تَحۡمِلُهُۥۖ قَالُواْ يَٰمَرۡيَمُ لَقَدۡ جِئۡتِ شَيۡـٔٗا فَرِيّٗا ﴿٢٧﴾﴾

کاتێ کە حەزرەتی عیسا عليه السلام ئەم قسانەی لەگەڵ دایکیا کرد دڵی خۆش بوو عیسای هەڵگرت لەگەڵ خۆیا هێنایەوە بۆ ناو خزم و خوێشەکەی، کاتێ گەیشتەوە لایان چاویان کەوت بە مەڵۆتکەیێ بە باوەشیەوە! وتیان: ئەی مەریەم شتێکی نائاسایی و نابارت هێناوە!

www.iqra.ahlamontada.com

﴿يَٰٓأُخۡتَ هَٰرُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ ٱمۡرَأَ سَوۡءٖ وَمَا كَانَتۡ أُمُّكِ بَغِيّٗا ٢٨﴾

ئەی خوشکی هاروونی برای مووسا لە بەندەیی و شەو نوێژ «واتە وێنەی ئەو» باوکی تۆ پیاوی کردەوە خراپ نەبوو، دایکیشت ژنێکی داوێن پیس نەبوو تۆ چۆن لە یاسای باوك و دایکی خۆت لاتداوە ئەم منداڵەت چۆن گرت بە باوەشتەوە!

﴿فَأَشَارَتۡ إِلَيۡهِۖ قَالُواْ كَيۡفَ نُكَلِّمُ مَن كَانَ فِي ٱلۡمَهۡدِ صَبِيّٗا ٢٩﴾

وە مەریەم ئیشارەی کرد بۆ لای عیسا کە لەو بپرسن! ئەوانیش بە سەرسوڕمانەوە وتیان: چۆن قسە لەگەڵ منداڵێکی بەر بێشکەدا بکەین!؟

﴿قَالَ إِنِّي عَبۡدُ ٱللَّهِ ءَاتَىٰنِيَ ٱلۡكِتَٰبَ وَجَعَلَنِي نَبِيّٗا ٣٠ وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيۡنَ مَا كُنتُ وَأَوۡصَٰنِي بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱلزَّكَوٰةِ مَا دُمۡتُ حَيّٗا ٣١ وَبَرَّۢا بِوَٰلِدَتِي وَلَمۡ يَجۡعَلۡنِي جَبَّارٗا شَقِيّٗا ٣٢ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَيَّ يَوۡمَ وُلِدتُّ وَيَوۡمَ أَمُوتُ وَيَوۡمَ أُبۡعَثُ حَيّٗا ٣٣﴾

جا حەزرەتی عیسا عليه السلام هاتە وەڵام و فەرمووی: بە راستی من بەندەی خودام کە بڕیاری داوە کیتابم بداتێ (واتە ئینجیل) و کردوومی بە پێغەمبەر لە عیلمی خۆیا و، پیرۆز و خاوەن پیرۆزی کردووم لە هەر شوێنێکدا بم، لە عەرزا یا لە ئاسمانا، وە فەرمانی پێ داوم کە نوێژ بکەم و زەکاتی دارایی بدەم کاتێ بووم هەتا زیندوو بم، وە خاوەن چاکە و خێرۆمەند بم لەگەڵ دایکی خۆما (مەریەمی عەزراء) وە نەیکردووم بە ئینسانێکی خاوەن دەمار و ستەمکار و شەقاوەتبار، وە دروودی خودا لەسەرمە، وە یا هێمنی هاتووە بۆم لە شەیتان و تاوان و تاوانباران لەو رۆژەدا لە دایك بووم و لەو رۆژەدا ئەمرم (واتە کەس رایەی ناکەوێ من بکوژێ و بمکا بە دارا) وە لەو رۆژەدا لە قەبر هەڵئەسێنرێم و زیندوو ئەکرێمەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ذَٰلِكَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَۚ قَوۡلَ ٱلۡحَقِّ ٱلَّذِي فِيهِ يَمۡتَرُونَ ﴿٣٤﴾﴾

ئەم زاتە کە باسمان کرد و باسی دایکی و ئەوەڵی پەیدا بوونی بە فووی فریشتەی خودایی و لە دایك‌بوونی و قسە کردن و دڵخۆشی دانەوەی دایکی و بردنەوەی بۆ ناو خزم و پەیوەندی، کرا بۆتان لەگەڵ ئیعلانی ئەوەدا کە ئەبێ بە پێغەمبەری خاوەن کتێب و پیرۆزی، ئەوە عیسای کوڕی مەریەمی کچی عیمرانە، وە ئەم جوملە وترا بۆتان بە وتنێکی راستی ساغی وا کە بەردڵی کافرەکان ئەگرێ، وە گاور و جوولەکەکان گومانیان هەیە تیایا و، هاوردوبردی تیا ئەکەن و، بازێ ئەڵێن: پیاوێکی جادووگەر بووە و بازێ ئەڵێن کوڕی خودا بووە و، بازێ‌تر ئەڵێن بەندە بووە.

﴿مَا كَانَ لِلَّهِ أَن يَتَّخِذَ مِن وَلَدٖۖ سُبۡحَٰنَهُۥٓۚ إِذَا قَضَىٰٓ أَمۡرٗا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٣٥﴾﴾

بۆ زاتی «واجب‌الوجود»ی بێ‌نوقسان ناشێ کە ئەولاد بۆ خۆی رابگرێ، خودا پاکە لەوە؛ چونکی خودا ئەوەندە تەوانایە هەر کاتێ خواستی لەسەر شتێ ببێ هیچ نییە لەوێدا و هیچی پێ ناوێ ئەوەنە نەبێ کە بفەرموێ: ببە و ئەویش ببێ. جا خودایێ وا تەوانابێ کوڕی ناوێ، وە یاخود ئەگەر ئەولادی بویستایێ بە زوویی دروستی ئەکرد و ئیتر پێویستی نەبوو بەوە لە ئادەمیزادێکی مێیینەدا بە سەبەبێ لە ئەسباب پەروەردەی بکا بە ژان و مەرارەت و ئازار دایبنێ.

﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُوهُۚ هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ ﴿٣٦﴾﴾

وە عیسا عَلَيْهِ السَّلَامُ وەکوو قسەپێشووەکانی فەرموو ئەمەیشی فەرموو: کە بە راستی ئەو زاتە کە ناوی ئەڵڵایە ئەوە پەروەردگاری منە و پەروەردگاری ئێوەیشە، دەی عیبادەتی بۆ بکەن و بیپەرستن، ئەمەیە رێگەی راست و باوەڕی ساغ بۆ ئادەمیزادی هۆشیار.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ فَاخْتَلَفَ الْأَحْزَابُ مِنْ بَيْنِهِمْ ﴾

جا کۆمەڵەکانی ئەو چەرخە لە ناو خۆیانا هاتن بەیەکا و شۆڕ و غەوغا کەوتە بەینیانەوە، واتە جوولەکەکان بە جارێ ئینکاری هەموو قودسییەتێکیان لێ کرد و گاورەکان باوەڕیان بەوە کرد کە ئەم کوڕە پاك و پاكزاد و پاكنژادە و لە پاشەڕۆژا ئەبێ بە پیاوێکی خاوەن هیمەت و قیمەت و حیکمەت و ئەگا بە پایەی پێغەمبەریتی.

وە یاخود تاقم تاقمەکانی گاورەکان لە ناو خۆیانا ئیختیلافیان پەیدا کرد: تاقمی نەستوورییەکان وتیان: ئەم زاتە کوڕی خودایە. یەعقووبییەکان وتیان: نەخەیر هەر ئەمە خودایە و لە ئاسمانەوە هاتووەتە خوارەوە بۆ سەرزەوی. مەلکانییەکانیش وتیان: نە خودایە و نە کوڕی خودایە، بەڵکوو بەندەیەکە لە بەندەکانی خودا و بە میهرەبانی خۆی ئیختیاری کردووە و هەڵی بژاردووە بۆ پایەی ڕەهبەری و پێغەمبەری و ناردوویەتی بۆ ڕێنومایی و تەمێ کردنی بەنیئیسرائیل.

﴿ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِن مَّشْهَدِ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿٣٧﴾ ﴾

جا هاوار بۆ حاڵی ناهەمواری ئەوانەی کە کافر بوون، واتە هەر لە بناغەدا باوەڕیان پێ نەکرد، یاخود کافر بوون لەبەر ئەوە کە باوەڕیان وابوو عیسا خودایە یا کوڕی خودایە، هاوار بۆ ئەوانە لە کاتی حازر بوونیانا لە ڕۆژێکی گەورەی وەهادا کە لە پێش هاتنی ئەودا دڵی ئینسان لە ترسا مات ئەکا.

﴿ أَسْمِعْ بِهِمْ وَأَبْصِرْ يَوْمَ يَأْتُونَنَا ﴾

ماشەڵڵا لەو ڕۆژەدا کە عالەمی تێدا گرد ئەبێتەوە چەندێك ئەم کافرانە باش دەنگی فریشتەی خودا و واوەیلای خەڵك ئەبیسن و، چەندێك چاویان ئەکەوێ بەو کافرانە کە بە زۆر و زەجر گرد ئەکرێنەوە لە مەحشەرا، بەڵام ئیمڕۆ وەها نین وەکوو خودا ئەفەرموێت:

www.iqra.ahlamontada.com

﴿لَٰكِنِ ٱلظَّٰلِمُونَ ٱلْيَوْمَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٣٨﴾﴾

بەڵام ئەو کافرە ستەمکارانە لەمماڵی دنیادا وان لە گومڕاهییەکی تەواودا.

﴿وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ ٱلْحَسْرَةِ إِذْ قُضِىَ ٱلْأَمْرُ وَهُمْ فِى غَفْلَةٍ وَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٩﴾﴾

وە ئەو کافرانە بترسێنە لە هاتنی ڕۆژی داخ و حەسرەت لەو کاتەدا کە ئیش هەموو ئەبڕێتەوە و ئەهلی دۆزەخ جیا ئەکرێنەوە لە ئەهلی بەهەشت، بەڵام ئەو کافرانە ئێستە وان لە حاڵەتی بێئاگایی و نەفامیدا لە وەزعی ئەو ڕۆژە ئەوانە بە هیچ شێوەیێ ئیمان بەو ڕۆژە نایەنن.

﴿إِنَّا نَحْنُ نَرِثُ ٱلْأَرْضَ وَمَنْ عَلَيْهَا وَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ ﴿٤٠﴾﴾

ئێمە بە ڕاستی هەموو ئەم زەوییە بە میرات وەر ئەگرین، بستێکی پەیوەندی بە کەسەوە نامێنێ و ئەوانەی وان لەسەر زەوی هەر ئەبن بە بەندەی ساغ و بە هیچ جۆرێ دەستەڵاتیان نامێنێ، وەکوو ئەو کاتە نابن کە وان لە دنیادا خزمەتکار و بەردەستیان هەیە، وە هەموویان بۆ لای ئێمە ئەگەڕێنەوە.

﴿وَٱذْكُرْ فِى ٱلْكِتَٰبِ إِبْرَٰهِيمَ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا ﴿٤١﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ باسی ئیبراهیمی خەلیل بکە لەم قورئانەدا، بە ڕاستی ئیبراهیم ئینسانێکی ڕاست وتار و ڕاساڵ بوو لە کردارا و بە ڕاستی پێغەمبەر و خاوەن پایە بوو.

﴿إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ يَٰٓأَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ وَلَا يُغْنِى عَنكَ شَيْـًٔا ﴿٤٢﴾﴾

لەو کاتەدا کە فەرمووی بە باوکی، ئەی بابە تۆ بۆچی بەندەیی ئەکەی بۆ شتێکی وەها کە هیچ نابیێ و هیچ نابینێ و هیچ قازانجێ بە تۆ نادا؟!

www.iqra.ahlamontada.com

﴿يَٰٓأَبَتِ إِنِّي قَدۡ جَآءَنِي مِنَ ٱلۡعِلۡمِ مَا لَمۡ يَأۡتِكَ فَٱتَّبِعۡنِيٓ أَهۡدِكَ صِرَٰطٗا سَوِيّٗا ﴿٤٣﴾﴾

ئەی باوکی خۆم بە راستی من زانستێکی وەهام بۆ هاتووە کە بۆ تۆ نەبووە و نەهاتووە دەی بکەوەرە شوێن من و پەیڕەوی من بکە هەتا شارەزات بکەم بۆ رێگەیەکی راست.

﴿يَٰٓأَبَتِ لَا تَعۡبُدِ ٱلشَّيۡطَٰنَۖ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ كَانَ لِلرَّحۡمَٰنِ عَصِيّٗا ﴿٤٤﴾﴾

ئەی باوکی من بەندەیی بۆ شەیتان مەکە بە راستی شەیتان بەرابەر بە خودای میهرەبان یاخی و نافەرمان بووە.

﴿يَٰٓأَبَتِ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يَمَسَّكَ عَذَابٞ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ فَتَكُونَ لِلشَّيۡطَٰنِ وَلِيّٗا ﴿٤٥﴾﴾

ئەی باوکی من بە راستی من ئەترسم لەوە سزایێ لە لایەنی خودای میهرەبانەوە لێت بدا جا ببی بە دۆستی شەیتان.

﴿قَالَ أَرَاغِبٌ أَنتَ عَنۡ ءَالِهَتِي يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُۖ﴾

جا باوکی ئیبراهیم بە نارەزاییەوە پێی وت: ئایا تۆ لاتداوە لە بەندەیی خوداکانی من و ئارەزووت لە بەندەیی ئەوان نییە؟

﴿لَئِن لَّمۡ تَنتَهِ لَأَرۡجُمَنَّكَۖ﴾

وەڵڵاهی ئەگەر لەم قسانە دەسبەردار نەبی بە راستی من تەرکت ئەکەم.

﴿وَٱهۡجُرۡنِي مَلِيّٗا ﴿٤٦﴾﴾

دە برۆ لاچۆ لێم دووربکەوەرەوە زەمانێکی زۆر بەڵکوو بەوە بێیتەوە بۆ سەر هۆشی خۆت.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَالَ سَلَٰمٌ عَلَيۡكَۖ سَأَسۡتَغۡفِرُ لَكَ رَبِّيٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ بِي حَفِيّٗا ٤٧﴾

جا حەزرەتی ئیبراهیم بەرابەر بە باوکی و بەم وتارە ناباره خۆی تێك نەدا و فەرمووی: بابە سلاّوت لێ بێ، قەی ناکا لەمەولا من داوای تاوانبەخشیت بۆ ئەکەم لە خودای پەروەردگار، بە راستی خودای تەعالا بەرابەر بە من میهرەبانە و دوعا و تکام قەبووڵ ئەکا.

﴿وَأَعۡتَزِلُكُمۡ وَمَا تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَأَدۡعُواْ رَبِّي عَسَىٰٓ أَلَّآ أَكُونَ بِدُعَآءِ رَبِّي شَقِيّٗا ٤٨﴾

وە ئیتر لێتان دوور ئەکەومەوە لە خۆتان و لەو بتانەیش کە ئەیانپەرستن بێجگە لە خودای پەروەردگار، وە هەر بانگ لە خودای خۆم ئەکەم هیوام وەهایە کە بە هۆی بانگ کردن لە خودای خۆمەوە دوعا رەدنەکراوە بم.

﴿فَلَمَّا ٱعۡتَزَلَهُمۡ وَمَا يَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَهَبۡنَا لَهُۥٓ إِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَۖ وَكُلّٗا جَعَلۡنَا نَبِيّٗا ٤٩﴾

جا کاتێ ئیبراهیم گۆشەی گرت و دوورکەوتەوە لەو تاقمە و لەو بتانە کە ئەوان بێجگە لە خودا بەندەییان بۆ ئەکردن ئیسحاقم پێ بەخشی و یەعقووبیش کە کوڕی ئیسحاق بوو؛ چونکی کوڕەزایش هەر کوڕی باپیرەیە و یەکە یەکەی ئەم دوو زاتەمان کرد بە پێغەمبەری خۆمان.

﴿وَوَهَبۡنَا لَهُم مِّن رَّحۡمَتِنَا وَجَعَلۡنَا لَهُمۡ لِسَانَ صِدۡقٍ عَلِيّٗا ٥٠﴾

وە بازێ لە رەحمەت و پیرۆزیمان پێ بەخشین و کردمانن بە گەورە و زمانی راستی خەڵکمان کردەوە بۆیان زمانێکی بەرزی بە حورمەت، واتە وەها مەشهوورمان کردن بە باش لە ناو کۆمەڵە ئادەمیزادی ئەو چەرخەدا کە هەموو ئینسانێکی دیاری باسی پایە و کردەوەی باشی ئەوانی ئەکرد.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَٱذۡكُرۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ مُوسَىٰٓۚ إِنَّهُۥ كَانَ مُخۡلَصٗا وَكَانَ رَسُولٗا نَّبِيّٗا ۝٥١﴾

وە لە قورئانا باسی مووسای کوڕی عیمران بکە لە بەنیئیسرائیل، بە راستی کە ئەوە زاتێکی پاڵفتە بوو بە تاقیق پێغەمبەرێ بوو کە شانی بەرز بوو، وە لە لایەنی خوداوە پایەی نوبووەتیشی هەبوو.

﴿وَنَٰدَيۡنَٰهُ مِن جَانِبِ ٱلطُّورِ ٱلۡأَيۡمَنِ﴾

وە لە لای راستی کێوی توورەوە بانگمان لێ کرد.

﴿وَقَرَّبۡنَٰهُ نَجِيّٗا ۝٥٢﴾

وە نزیکمان کردەوە لە خۆمان لە حاڵێکدا گفتوگۆی لەگەڵ مندا ئەکرد.

﴿وَوَهَبۡنَا لَهُۥ مِن رَّحۡمَتِنَآ أَخَاهُ هَٰرُونَ نَبِيّٗا ۝٥٣﴾

وە پێمان بەخشی بە میهرەبانی خۆمان هاروونی برای بە پێغەمبەرایەتی، واتە کردمان بە پێغەمبەر لەبەر خاتری ئەو.

﴿وَٱذۡكُرۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ إِسۡمَٰعِيلَۚ إِنَّهُۥ كَانَ صَادِقَ ٱلۡوَعۡدِ وَكَانَ رَسُولٗا نَّبِيّٗا ۝٥٤﴾

وە باسی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم بکە لە قورئانا، وە زاتی وەها شیاوی باسکردنە، بە راستی ئینسانێکی وەعدە بەجێهاوەر بوو، هەروا وادەیەکی بە هەرکەسێ ئەدا وەفای پێ ئەکرد، بەسە بۆ بەڵگە لەسەر ئەم قسە ئەوە کە وەعدەی دا بە باوکی کە سەبر ئەکا لەسەربڕینیا و لە کاتی خۆیا هات بە بێ دوودڵی و راکشا و سەری خستە بەر دەستی باوکی بۆ ئەوە سەری ببڕێ، وە فرستادەی خودا بوو بۆ سەر عەرەب و خاوەنی پایەی پێغەمبەری بوو بەڵام ئەو شەرعە کە ئەو رەفتاری پێ ئەکرد هەر ئەو دە سەحیفە بوون کە هاتبوونە خوار بۆ باوکی خۆی؛ چونکی شەرتی رەسوول ئەمەیە شەرعێکی بێ کە رایگەیەنێ بە خەڵك خواه ئەو شەرعە سەربەخۆ بۆ خۆی هاتبێ، وە یاخود شەرعێ بێ کە لە پێشا نازڵ بووە بۆ پێغەمبەری پێشوو.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَكَانَ يَأْمُرُ أَهْلَهُۥ بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱلزَّكَوٰةِ وَكَانَ عِندَ رَبِّهِۦ مَرْضِيًّا ﴿٥٥﴾﴾

وە حاڵی وەها بوو کە هەمیشە ئەمری ئەکرد بە ژن و منداڵ و خادمانی نوێژ بکەن و زەکاتی ماڵ بدەن، وە لە لای خودا ئینسانێکی وا بوو بیر و وتار و رەوشتی جێگەی رەزای خودای تەعالا بوو.

﴿وَٱذْكُرْ فِى ٱلْكِتَـٰبِ إِدْرِيسَ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا ﴿٥٦﴾﴾

وە لە قورئانا باسی ئیدریس بکە کە کورەزای شیسی کوڕی حەزرەتی ئادەم بوو، وە سی سەحیفەی بۆ هاتبوو لە لایەنی خوداوە و بە راستی ئینسانێکی خاوەن راستی بوو لە هەموو وتاری خۆیا و خاوەنی پایەی پێغەمبەری بوو یەکەم ئینسانێ بوو کە بە خامە نامەی نووسی. وە تەماشای ئەحواڵی ئەستێرەکانی کرد و حسێبی شەو و رۆژ و وەرزەکانی ساڵی راگرت.

﴿وَرَفَعْنَـٰهُ مَكَانًا عَلِيًّا ﴿٥٧﴾﴾

وە بەرزمان کردەوە بۆ پایەیەکی بەرز کە نزیکییە لە خودا یا بۆ شوێنێکی بەرز کە ئاسمانی شەشەمە یا چوارەم بینا لەسەر ئەوە کە ئەم زاتە تا ئێستە زیندووە. وە ئیبنوزەحاك تەفسیری ئەو جێگەی بە ئاسمانی شەشەم کردووەتەوە. وە ئەنەسی کوڕی مالیك و ئەبووسەعیدی خدری بە ئاسمانی چوارەمیان تەفسیر کردووەتەوە.

﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِن ذُرِّيَّةِ ءَادَمَ وَمِمَّنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ وَمِن ذُرِّيَّةِ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْرَٰٓءِيلَ وَمِمَّنْ هَدَيْنَا وَٱجْتَبَيْنَآ ۚ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتُ ٱلرَّحْمَـٰنِ خَرُّوا۟ سُجَّدًا وَبُكِيًّا ۩ ﴿٥٨﴾﴾

ئەم پێغەمبەرانە کە باسمان کردن لە حەزرەتی زەکەریاوە تا ئێرە ئەوانە کەسانێکن کە خودای تەعالا نیعمەت و بەخششی پێداون لە پێغەمبەرانی خاوەن پایە، لە نەتەوەی

www.iqra.ahlamontada.com

ئادەمعليه السلام کە هەموویان ئەگرێتەوە بە تایبەتی حەزرەتی ئیدریس، وە لە نەتەوەی ئەوانەی کە لە کەشتییەکەدا هەڵمگرتن لەگەڵ حەزرەتی نووحدا وەکوو هەموویان و بە تایبەتی ئیبراهیم، وە لە نەتەوەی ئیبراهیم وەکوو باقیەکان وە بە تایبەتی ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب و نەتەوەی ئیسرائیل وەکوو مووسا و هاروون و زەکەریا و یەحیا و عیساعليهم السلام. وە لە جوملەی ئەو کەسانەی کە ئێمە بە عینایەتێکی تایبەتی هیدایەتمان دان و شارەزامان کردن بۆ رێگەی خوداناسی و خۆناسی و خەڵك ناسین، وە بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەمانەدا هەرکەسێ بەو جۆرە لایەقە بۆی، وە لەوانە کە هەڵمان بژاردن لە ناو ئادەمیزادا و لە تاقمی خۆیانا، وە ئەوانە ئینسانێکی وا خاوەن پەیمان و خاوەن ئیمان و خاوەن پەیوەندن بە خودای خۆیانەوە کاتێ کە ئایاتی خودایان بەسەرا بخوێنرایەتەوە لەسەر قامەتی رەوانی خۆیان ئەکەوتن بە شێوەی سوجدەبەران و بە شێوەی گریاوان لە مەقامی ترس و رێزی پەروەردگارا.

﴿فَخَلَفَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ خَلۡفٌ أَضَاعُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّبَعُواْ ٱلشَّهَوَٰتِۖ فَسَوۡفَ يَلۡقَوۡنَ غَيًّا ۝٥٩ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ وَلَا يُظۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا ۝٦٠ جَنَّٰتِ عَدۡنٍ ٱلَّتِي وَعَدَ ٱلرَّحۡمَٰنُ عِبَادَهُۥ بِٱلۡغَيۡبِۚ إِنَّهُۥ كَانَ وَعۡدُهُۥ مَأۡتِيّٗا ۝٦١﴾

جا لەگەڵ پایە و مایەی ئەو زاتە موبارەکانەدا هات بە شوێن مردنی ئەوانا چینێ جێگەداری ناباری وەها کە نوێژیان زایەکرد بە تەرککردنی هەمووی یا بازێکی و بە دواخستنی لە کاتی تایبەتی و لە بێموبالاتی بە مەعنا و مەغزاکەی لە کاتی بەجێهێنانیا و، کەوتنە شوێن ئارەزووی نەفسی ئەممارەی خۆیان، جا ئەم چینە نابارە بێئایینە لەمەولا ئەگەن بە تۆڵەی شەڕ و بە ئەنجامی بێفەڕی خۆیان، مەگەر ئەو کەسانە تەوبە بکەن و وەرگەرێنەوە بۆ فەرمانبەرداری خودای تەعالا و ئیمان

www.iqra.ahlamontada.com

بێنن بە ئەسڵ و فەرعی ئایینی ڕاست و کردەوەی باش بکەن جا ئەمانە هەموو ئەڕۆنە بەهەشتەوە، وە هیچ ئەندازەیێ، کەم یا زۆر، ستەمیان لێ ناکرێ، ئەو بەهەشتە ئەوان ئەڕۆنە ناویان بەهەشتی ئیقامە و جێگەگرتنی هەتا هەتایە، ئەو بەهەشتەی کە خودای میهرەبان وەعدەی داوە بە بەندەکانی بە هۆی ئیمان و باوەڕی ئەوان بە خودای پەنامەکی و دینی پەنامەکی و قیامەتی پەنامەکی و دۆزەخ و بەهەشتی پەنامەکی، وە بە ڕاستی ئەو وەعدەیە خودا بیدا ئەبێ بێتەجێگە.

﴿لَّا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا إِلَّا سَلَٰمًا ۖ وَلَهُمْ رِزْقُهُمْ فِيهَا بُكْرَةً وَعَشِيًّا ﴿٦٢﴾ تِلْكَ
ٱلْجَنَّةُ ٱلَّتِى نُورِثُ مِنْ عِبَادِنَا مَن كَانَ تَقِيًّا ﴿٦٣﴾﴾

وە ئەوانەی کە ئەڕۆنە ئەو بەهەشتانەوە نابیسن لەو بەهەشتانەدا قسەی پووچی بێسوود سەلام لێ کردن نەبێ، ئەگەر سەلام کردن پووچ بێ، وە بۆیان هەیە رزق و رۆزی خۆیان بە تایبەتی لە بەیانی و ئێوارەدا، وە ئەو بەهەشتە کە داومانە بەوانە کە ئەهلی پارێزن و پارێز ئەکەن لە کوفر و لە تاوانباری و لە دڵبەندی بە جیهانەوە.

﴿وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلَّا بِأَمْرِ رَبِّكَ ۖ لَهُۥ مَا بَيْنَ أَيْدِينَا وَمَا خَلْفَنَا وَمَا بَيْنَ
ذَٰلِكَ ۚ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴿٦٤﴾﴾

ئەم ئایەتە پیرۆزە حیکایەتی فەرموودەی جوبرەئیلە علیه السلام کاتێ کە حەزرەت صلى الله عليه وسلم پرسیاری ئەکرد لە دڵی خۆیا: بۆچی جوبرەئیل نایەتە خوارەوە باسی «أصحاب الكهف» و «ذوالقرنين» و «رۆح»م بۆ بێنێ؟ جا ئەڵێ: ئێمە نایەینە خوارەوە بە ئەمری پەروەردگاری تۆ نەبێ کە بۆ ئەوە موڵکی تایبەتی، ئەوەی کەوا لە بەردەمی ئێمەدا و ئەوەی کەوا لە پاش ئەم رۆژ و کاتەوە و ئەوەیش کە لە پێش ئێمەدا بووە و خودای تۆ قەت فەرامۆشکار نەبووە و هیچ شتێکی لە بیر ناچێتەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا فَٱعْبُدْهُ وَٱصْطَبِرْ لِعِبَٰدَتِهِۦ ۚ هَلْ تَعْلَمُ لَهُۥ سَمِيًّا ﴿٦٥﴾﴾

ئەو خودایە کە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و مابەینی ئەوانە دەی هەر بەندەیی بۆ ئەو بکە و خۆت رابگرە لەبەر بەندەیی کردنا بۆ ئەو کە خودایەکی خاوەن دەستەلاتە و هاووێنە و هاوزات و هاوسیفەتی نییە، ئایا تۆ ئاگاداری لە هاوناوێ بۆ ئەو هەتا گومانت بڕوا بۆ ئەوە کە هاوسیفاتی ئەویش ببێ لە جیهانا؟

﴿وَيَقُولُ ٱلْإِنسَٰنُ أَءِذَا مَا مِتُّ لَسَوْفَ أُخْرَجُ حَيًّا ﴿٦٦﴾﴾

ئەو ئادەمیزادە بەدنیهادە (کە ئوبەییی کوڕی خەلەفە) لە شێوەی بێباوەڕیدا ئەڵێ: ئایا کاتێ من مردم و لە گۆڕا رزیم دوای ئەوە لەو گوڕە دەرئەکرێم و زیندوو ئەکرێمەوە؟!

﴿أَوَلَا يَذْكُرُ ٱلْإِنسَٰنُ أَنَّا خَلَقْنَٰهُ مِن قَبْلُ وَلَمْ يَكُ شَيْـًٔا ﴿٦٧﴾﴾

ئایا ئەو ئادەمیزادە بیر ناکاتەوە لەوە کە ئێمە لە نەبوون دروستمان کردووە و لە پێش ئەو دروست کردنەیشا هیچ نەبووە و نە ناو و نە نیشان و نە پایە و نە مایە و نە شان، وە وەکوو لەو نەبوونەوە هێناومانە بۆ بوون بۆچی ناتوانین ئەو مادەیشی بدەینەوە دەم یەك و دروستی بکەینەوە وەکوو ئەوسا؟!

﴿فَوَرَبِّكَ لَنَحْشُرَنَّهُمْ وَٱلشَّيَٰطِينَ ثُمَّ لَنُحْضِرَنَّهُمْ حَوْلَ جَهَنَّمَ جِثِيًّا ﴿٦٨﴾﴾

جا سوێند ئەخۆم بە پەروەردگاری تۆ ئەی موحەممەد بە راستی ئێمە ئەو کافرانە زیندوو ئەکەینەوە و لە گۆڕەکانیان دەرئەکەین لەگەڵ شەیتانەکانیان، لە جین یا لە ئینس، وە بەیەکەوە ریزیان ئەکەین لە پاشان ئەیانهێنین و حازریان ئەکەین بە دەوری دۆزەخا بە جۆرێ کە هەموو هاتوون بە چۆکا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ثُمَّ لَنَنزِعَنَّ مِن كُلِّ شِيعَةٍ أَيُّهُمْ أَشَدُّ عَلَى ٱلرَّحْمَٰنِ عِتِيًّا ﴿٦٩﴾﴾

ئەمجار هەڵئەگرین و هەڵئەکەنین لە هەموو کۆمەڵ و تاقمێ ئەو تاقمەیان کە زۆر بە شیددەتترە و یاخیترە لە خودا و فڕەیٚ ئەدەینە ناو دۆزەخەوە.

﴿ثُمَّ لَنَحْنُ أَعْلَمُ بِٱلَّذِينَ هُمْ أَوْلَىٰ بِهَا صِلِيًّا ﴿٧٠﴾﴾

پاش ئەوە بزانن کە ئێمە زاناترین لە ئێوە بەو کافرانە کە لایەقترن بەو دۆزەخە بۆ چوونەناوی.

﴿وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا ﴿٧١﴾ ثُمَّ نُنَجِّي ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوا۟ وَّنَذَرُ ٱلظَّٰلِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا ﴿٧٢﴾﴾

وە بزانن کەس نییە لە ئێوە کە بە سەر پشتی دۆزەخدا نەڕوا و دۆزەخ [نە]بینێ، ئەمە لەسەر خودا بە پێی بڕیاری خۆی شتێکی پێویستی تەواوە، پاش ئەوە هاتن بەسەر پشتی دۆزەخدا (واتە پردی سیرات) ئەوانەی خاوەن تەقوا بوون لە کەوتنە خوارەوە رزگاریان ئەکەین و ناکەونە دۆزەخ، وە ستەمکارەکان ئەهێڵینەوە بە جۆرێ بێن بەلادا و بکەونە ناویەوە و لەسەر ئەژنۆ بکەون.

وە یاخود کەس نییە لە ئێوە ئەی موسوڵمانان و کافران ئیللا ئەبێ بڕۆن بە ناو دۆزەخا و ئەمە لەسەر خودا، لەسەر وەعدەی خۆی، بڕیار دراوە، بەڵام لە پاشان ئەوانە کە خاوەن تەقوان رزگاریان ئەکەین لە ناو دۆزەخ و دەریان ئەکەین کوتوپڕ یاخود پاش ئەوە کە بە ئەندازەی بڕیاردراوی خۆی سزا ئەدرێ تیایا، وە ستەمکارە بەدبەختەکان ئەهێڵینەوە تیایا لەسەر ئەژنۆ، واتە بە داماوی و کزی و کەس لێ نەپرسیوی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَىُّ ٱلْفَرِيقَيْنِ خَيْرٌ مَّقَامًا وَأَحْسَنُ نَدِيًّا ﴿٧٣﴾﴾

وە کاتێ ئایەتەکانی ئێمە ئەخوێنرێتەوە بەسەر کافرەکانا بە رووناکی و جوانی و رێك لەگەڵ کات و شوێنا کافرەکان وەها مەبهووت ئەبن هیچیان بۆ نامێنێتەوە ئەمە نەبێ کە لائەدەن لە باسی ئەدەب بۆ لای خۆ گەورەکردن بە شتی دنیایی، وە ئەو کافرانە لە ناو خۆیانا بازێکیان بە بازێکیان ئەڵێن دەربارەی موسوڵمانەکان: ئایا ئەوان باشترن لە ئێمە یاخود ئێمە باشترین لەوان لە هۆی جێگە و رێگە و شان و نان و مەجلیسەوە؟ واتە پاش ئەوە کە دەستیان ئەبڕێ لە بارەوەرگرتن لە قورئان و دین پەنا ئەبەن بە فەخر کردن بە مادەی ژیوار و دارایی.

﴿وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هُمْ أَحْسَنُ أَثَٰثًا وَرِءْيًا ﴿٧٤﴾﴾

جا خودا بۆ ئەوە کە ئەو رێسەیان خاو بکاتەوە ئەفەرموێت: گەلێ ئەهلی چەرخ و زەمانەمان لە ناوبرد لە پێش ئەوانا کە پێشووەکان زۆر جوانتر بوون لەمان لە هۆی دارایی و فەرش و رایەخ و بەرگ و پۆشاك و دیمەن و شتی بەرچاوییەوە، ئیتر با ئەمان فیز بەو شتانەوە نەکەن.

﴿قُلْ مَن كَانَ فِى ٱلضَّلَٰلَةِ فَلْيَمْدُدْ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ مَدًّا ۚ حَتَّىٰٓ إِذَا رَأَوْا۟ مَا يُوعَدُونَ إِمَّا ٱلْعَذَابَ وَإِمَّا ٱلسَّاعَةَ فَسَيَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضْعَفُ جُندًا ﴿٧٥﴾﴾

خودای تەعالا ئەفەرموێت: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بڵێ بەو کافرە گومڕاهانە: هەرکەسێ کەوا لە ناو دەریای گومڕاهیدا با خودا هەر درێژە بە چەرخی گومڕاهییەکەی بدا تا کاتێ کە چاویان ئەکەوێ بەوەی وادەیان پێدراوە کە هاتنی

www.iqra.ahlamontada.com

سزای دنیایە یا هاتنی قیامەت و سزای پاشەڕۆژە، جا بە راستی ئەوسا ئەزانن کێیە کە خراپترە لەو دوو تاقمە لە هۆی جێگە و رێگەوە، وە کێ زەعیفترە لە سوپادا.

﴿ وَيَزِيدُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ٱهْتَدَوْا۟ هُدًى ۗ وَٱلْبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ مَّرَدًّا ﴿٧٦﴾ ﴾

وە ئەو کەسانەیش کە شارەزا بوون بۆ رێگەی ئیسلام خودای تەعالا هیدایەت و تەوفیقیان بۆ زیاد ئەکا و مەشغوولی بیر و باوەڕی پاك و کردەوەی چاك ئەبن کە بۆ پاشەڕۆژ بە سوودە، وە مەعلوومە ئەو عیبادەتانە کە ئەمێننەوە وەکوو نوێژەکان و زیکری «سبحان الله والحمد لله ولا إله إلا الله والله أكبر» وە یا وەکوو کردەوەی باش وەها کە خەڵکی چاوی لێ ئەکەن و لەسەری ئەڕۆن بە درێژایی زەمان ئەوانە باشترن لە ماڵی دنیا و ژیوار و دیمەن لە هۆی پاداشی قیامەتەوە، وە باشترن لە هۆی ئەنجامەوە.

﴿ أَفَرَءَيْتَ ٱلَّذِى كَفَرَ بِـَٔايَٰتِنَا وَقَالَ لَأُوتَيَنَّ مَالًا وَوَلَدًا ﴿٧٧﴾ أَطَّلَعَ ٱلْغَيْبَ أَمِ ٱتَّخَذَ عِندَ ٱلرَّحْمَٰنِ عَهْدًا ﴿٧٨﴾ ﴾

ئەو ئایەتانە نازڵ بوون لە عاسی کوڕی وائیلدا، خەباب بازێ قەرزی بەسەریەوە بوو داوای کرد بیداتەوە، ئەویش وتی: ناتدەمەوە هەتا نەیەیتەوە سەر دینی خۆمان! خەباب وتی: نەوەڵڵا قەت لە دینی موحەممەد هەڵناگەڕێمەوە نە بە زیندوویی و نە مردوویی و نە ئەو کاتەیش کە تۆ لە قیامەتا زیندوو ئەکرێیتەوە، جا عاس وتی: مادام من زیندوو ئەکرێمەوە بێ بۆ لام؛ چونکی من لە قیامەتیشا ماڵ و ئەولادم ئەبێ، جا لەوێ حەقەکەت ئەدەمەوە بە دوای ئەم قسە و باسەدا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە.

ئەفەرموێت: پێم بڵێن: کە حاڵی ئەو کابرایە چۆنە، ئەو کەسە کە کافرە بە ئایاتی ئێمە و ئەڵێ لەمەولا لە قیامەتا ئەگەر زیندوو ببمەوە من ماڵ و ئەولادم پێ ئەدرێ،

www.iqra.ahlamontada.com

ئایا ئەم کابرایە غەیب ئەزانێ و خەبەدار بووە لەوە کە لەمەولا ماڵ و ئەولادی ئەبێ، وە یاخود لە لای خودای خۆیەوە عەهد و بڕیارێکی وەرگرتووە بەوە کە لە قیامەتا ماڵ و ئەولادی ببێ؟!

﴿كَلَّاۚ سَنَكْتُبُ مَا يَقُولُ وَنَمُدُّ لَهُۥ مِنَ ٱلْعَذَابِ مَدًّا ﴿٧٩﴾﴾

حاشا ئەم کابرا غەشیمە و نەفامە بۆیە ئەم قسە پووچانە ئەکا، لەمەولا هەرچی ئەو ئەیلێت ئەینووسین بۆ موحاسەبەی لە ڕۆژی قیامەتا و سزاکەی بۆ درێژئەکەینەوە هەتا بە قەی تاوانباری ئەو ڕەسا بێ.

﴿وَنَرِثُهُۥ مَا يَقُولُ وَيَأْتِينَا فَرْدًا ﴿٨٠﴾﴾

وە کاتێ کە مرد ماڵ و ئەولادی هەرچی ببێ لێی وەرئەگرین ئەو خۆی بە تەنیا دێ بۆ لامان.

﴿وَٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ ءَالِهَةً لِّيَكُونُوا۟ لَهُمْ عِزًّا ﴿٨١﴾﴾

ئەم کافرە موشریکانە بێجگە لە خودای عالەم چەن خوایەکیان بۆ خۆیان داناوە بۆ ئەوە لە ڕۆژی دنیادا و لە قیامەتا ببن بە هۆی گەورەیی و کەرامەت بۆیان.

﴿كَلَّاۚ سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ وَيَكُونُونَ عَلَيْهِمْ ضِدًّا ﴿٨٢﴾﴾

حاشا شتی وا نابێ و سوود لەو بتانە وەرناگرن؛ چونکی ئەو بتانە لە قیامەتا ئینکاری ئەوە ئەکەن کە ئەوانە بەندەیی ئەوانیان کردووە و ئەبن بە دژی ئەوان لە هەموو بابەتێکدا.

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّآ أَرْسَلْنَا ٱلشَّيَٰطِينَ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ تَؤُزُّهُمْ أَزًّا ﴿٨٣﴾﴾

ئایا تۆ، ئەی خۆشەویست، نابینی ئێمە شەیاتین ئەنێرین بۆ سەر دڵی کافرە موشریکەکان و ئەو شەیاتینانە ختەی ئەوان ئەدەن بۆ تاوانباری.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَلَا تَعْجَلْ عَلَيْهِمْ إِنَّمَا نَعُدُّ لَهُمْ عَدًّا ﴿٨٤﴾﴾

هیچ پەلەیان لێ مەکە کاتی گەیشتنیان بە ئێمە نزیکە و ئێمە ڕۆژیان لەسەر ئەژمێرین بە ژماردن، واتە چەن ڕۆژێکی کەمیان ماوە جا ئەوسا ئەمرن و من خۆم ئەزانم چییان لێ ئەکەم.

﴿يَوْمَ نَحْشُرُ الْمُتَّقِينَ إِلَى الرَّحْمَٰنِ وَفْدًا ﴿٨٥﴾ وَنَسُوقُ الْمُجْرِمِينَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ وِرْدًا ﴿٨٦﴾ لَا يَمْلِكُونَ الشَّفَاعَةَ إِلَّا مَنِ اتَّخَذَ عِندَ الرَّحْمَٰنِ عَهْدًا ﴿٨٧﴾﴾

لەو ڕۆژەدا کە خاوەن تەقوا و تاعەتەکان حەشر ئەکەین و گردیان ئەکەینەوە و ئەیانبەین بۆ لای خودای میهرەبان بە کۆمەڵەی بە حورمەتی سواری حەیوانی بەنرخ، وە تاوانبارەکانیش ئەدەینە بەر بۆ دۆزەخ وەکوو کۆمەڵێ کە تینوو بن و بە پەلە و هەڵە رابکەن. لەو ڕۆژەدا ئەوانە کەسیان خاوەنی تکا و تکاکاری نین لە لای خودای تەعالا کەسێ نەبێ کە پەیمانێکی دین و ئیمان و عەمەل بە تاعەتی لەگەڵ خودادا کردبێ و بە جێگەی هێنابێ، جا ئەوانە ئەگەر گوناهباریش بن تکاکاریان هەیە، یاخود کەسانێ نەبێ کە ئیزنی شەفاعەتیان درابێ شەفاعەت بکەن بۆ تاوانباران لە موسوڵمانان.

بزانن! ئەم ئایەتە مونافی نییە بۆ ئەو فەرموودانەی حەزرەتە ﷺ کە ئەهلی مەحشەر ئەنێررێن بۆ مەحشەر بە پیادە و بە رووتی، وەکوو بوخاری ریوایەتی کردووە، لەبەر ئەوە ئەم حەدیسە بۆ تاوانبارانی موسوڵمانانە و ئایەتەکە بۆ موسوڵمانە گەورەکانە کە بێ‌تاوانن، بە تایبەتی ئەوانەیان کە خاوەنی کردەوەی باش و بەش و بارەی بەرزن بەرابەر بە موسوڵمانان.

﴿وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَٰنُ وَلَدًا ﴿٨٨﴾ لَقَدْ جِئْتُمْ شَيْئًا إِدًّا ﴿٨٩﴾ تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنشَقُّ الْأَرْضُ وَتَخِرُّ الْجِبَالُ هَدًّا ﴿٩٠﴾ أَن

www.iqra.ahlamontada.com

دَعَوْا لِلرَّحْمَٰنِ وَلَدًا ﴿٩١﴾ وَمَا يَنبَغِي لِلرَّحْمَٰنِ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا ﴿٩٢﴾ إِن كُلُّ
مَن فِي السَّمَٰوَٰتِ وَالْأَرْضِ إِلَّآ ءَاتِي الرَّحْمَٰنِ عَبْدًا ﴿٩٣﴾ لَّقَدْ أَحْصَىٰهُمْ
وَعَدَّهُمْ عَدًّا ﴿٩٤﴾ وَكُلُّهُمْ ءَاتِيهِ يَوْمَ الْقِيَٰمَةِ فَرْدًا ﴿٩٥﴾

ئەو کافرە بێشعوورانە بە تەقلید و کەوتنە شوێنی پێشینانە بێبیرەکانیان ئەڵێن: خودای عالەم ئەولادی بۆ خۆی بڕیار داوە، وە فریشتەکان کچی ئەون، ئەی بەدبەختەکان بە راستی بیرێکی خراپتان دەربڕیوە و شتێکی نارەواتان کردووە و بەدیهێناوە، لەوانەیە ئاسمانەکان لەبەر ناباری ئەم بیر و باوەڕ و کردەوەی ئێوە و ئەم واتە ناپەسەندەتان لەت لەت ببن، وە لەوانەیە زەوی شەق بەرێ و کێوەکان هەرەس بێنن و بهرووژێن لەبەر ئەوە کە ئەولاد بۆ خودا دائەنێن، بە هیچ جۆر رەوا نییە بۆ خودا ئەولاد وەربگرێ و ئەولادی ببێ لەبەر ئەوە کە خودای تەعالا زاتێکی «واجب‌الوجود»ە و نیازی بە کەس نییە هەتا حەز بە نەوە بکا بۆ یارمەتیدانی، وە خودا «واجب‌الوجود»ە و باقی مومکینات بوون و نەبوونیان وەکوو یەکە و لەگەڵ «واجب‌الوجود»ا موناسەبەیان نییە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەبێ نەوە لە جینسی باوك و دایك بێ، وە بەهەر حاڵ خودا هەموو ئینسان و جینی بۆ عیبادەتی خۆی دروست کردووە وەکوو خودا فەرموویەتی: ﴿إن كل من في السموات والأرض إلا آتي الرحمن عبداً﴾ نییە هیچ عاقڵ و هۆشیارێ کە وان لە ئاسمانەکان و زەویدا ئیللا حازرن لە خزمەتی خودادا بە بەندەیی و خزمەتگوزاری، بە خۆشی و ناخۆشی، واتە هەموو رامن بۆ زاتی حەق.

ئەوەی کە هەیە لەم کائیناتە      خزمەتگوزاری فەرمانی زاتە

خودای تەعالا ئەو عاقڵانە کە بوون و هەن و ئەبن لە عەرز و ئاسمانەکانا زەبتی کردوون و دەورەی داون و ژمارەی ئەشخاس و کات و شوێنی کردوون و هەموویان

www.iqra.ahlamontada.com

لە رۆژی قیامەتا دێنە حوزووری خودا بە تاکی و خزمەتکاری و نیازمەندی بێ ئەعوان و بێ یارمەتیدەر.

| | |
|---|---|
| ئەوەی کە راستە خودا یاریەتی | لە کاتی کارا مەدەدکاریەتی |
| ئەوەی ناڕاستە بێ کەس ئەکەوێ | دنیای رووناکی ئەبێ بە شەوێ |
| دەی چرای دڵتان مەکوژێننەوە | تا لەو رۆژانا هەڵگیرسێنەوە |
| تا راست و چەپتان بێتە چراخان | دنیاتان ببێ بە تازەباخان |
| لێدەن لە سایەی ئالآی رەهبەرا | نەغمەی دڵشادی بەمسەرەو سەرا |
| ئەمەیە شادی و ئازادی ئینسان | وەربگرن نامەی کەرەم و ئیحسان |

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَيَجْعَلُ لَهُمُ ٱلرَّحْمَٰنُ وُدًّا ﴿٩٦﴾﴾

ئەو کەسانە کە ئیمانیان هەیە بە دینی ئیسلام و کردەوەی باش ئەکەن، واتە خۆیان لە حەرام ئەپارێزن و کاری ناڕەوا ناکەن و فەرمانی خودا بەجێ دێنن ئەوانە لە دڵی موسوڵمانانا خودا خۆشەویستی و رەزامەندییان بۆ جێبەجێ ئەکا.

﴿فَإِنَّمَا يَسَّرْنَٰهُ بِلِسَانِكَ لِتُبَشِّرَ بِهِ ٱلْمُتَّقِينَ وَتُنذِرَ بِهِۦ قَوْمًا لُّدًّا ﴿٩٧﴾﴾

ئێمە بۆیە ئەم کتێبەمان بە زمانی تۆ رێکخستووە هەتا هەموو قەومەکەت لێی حاڵی ببن، جا موژدە بدە بە ئەهلی تەقوا بە گەیشتن بە رەزای خودا، وە بیش‌ترسێنە بە ئایاتی هەڕەشە ئەو قەومەی کە دوژمنایەتی و ناسازی دڵ و دەروونیان لەگەڵ دینا زۆر سەختە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هَلْ تُحِسُّ مِنْهُم مِّنْ أَحَدٍ أَوْ تَسْمَعُ لَهُمْ رِكْزًا ﴿٩٨﴾﴾

وە زۆر قەوم و کۆمەڵمان لە پێش ئەم کافرانەدا لە ناو برد لە ئەهلی قەرنە سەد ساڵییەکان! ئایا تۆ ئێستە چاوت ئەکەوێ بە یەکێ لەوان لەم چەرخەدا؟ یا دەنگی یەکێ لەوان ئەبیسی کە نووزەی لێوە بێ؟ حاشا ئەوانە هیچ شوێنەواریان نەماوە، ئەمانیش لە ناو ئەچن و هەر خودا ئەمێنێ و بەس.

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

**سووره‌تی «طه»، مه‌ككه‌ییيه‌، ئايه‌ته‌كانی "١٣" و "١٣١" نه‌بێ، ئه‌وانه‌ مه‌دينه‌یين و "١٣٥" ئايه‌ته‌.**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿طه ①﴾

ئه‌ی پیاوی دیاری!

﴿مَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ لِتَشۡقَىٰٓ ②﴾

ئێمه‌ ئه‌م قورئانه‌مان نه‌ناردووه‌ته‌ خواره‌وه‌ بۆ تۆ هه‌تا تۆ خۆت ماندوو بكه‌ی به‌ هۆی خه‌مخواردن له‌سه‌ر گومڕایی ئه‌وانه‌ كه‌ ئیمان نایه‌نن.

﴿إِلَّا تَذۡكِرَةٗ لِّمَن يَخۡشَىٰ ③﴾

به‌ڵام ناردوومانه‌ بۆ ئه‌وه‌ كه‌ حه‌ق بخه‌یته‌ بیری ئه‌وانه‌ كه‌ له‌ خودا ئه‌ترسن.

﴿تَنزِيلٗا مِّمَّنۡ خَلَقَ ٱلۡأَرۡضَ وَٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلۡعُلَى ④﴾

وه‌ ئه‌و قورئانه‌ كه‌ نازڵكراوه‌ بۆ تۆ به‌ ناردنه‌خواره‌وه‌یه‌كه‌ به‌ مۆڵه‌ت و له‌سه‌ر حیكمه‌ت و مه‌سڵه‌حه‌ت له‌ لایه‌نی ئه‌و خودا خاوه‌ن حیكمه‌تی خاوه‌ن ته‌واناوه‌ كه‌ زه‌وی و ئاسمانه‌كانی دروستكردووه‌ ئه‌و ئاسمانه‌ به‌رزانه‌ كه‌ هۆشی ئاده‌میزاد سه‌رگه‌ردانه‌ له‌ سه‌یری ئه‌وانا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ٱلرَّحْمَٰنُ عَلَى ٱلْعَرْشِ ٱسْتَوَىٰ ۝٥﴾

ئەو خودا میهرەبانە کە عەرشی داگیر کردووە لە ژووری هەموو ئاسمانەکانەوە.

﴿لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَمَا تَحْتَ ٱلثَّرَىٰ ۝٦﴾

موڵکی ئەو خودا میهرەبانەیە هەموو ئەوەی وا لە ئاسمانەکانا و لە زەویدا و ئەوەی وا لە ناو بەینی ئەوانا لە فریشتە و گیانلەبەری ئادەمی و غەیری ئادەمی، وە ئەوەیش وا لە ژێر عەرزا، واتە لە ناو کورۆکەی زەویدا لە کان و غەیری کان، وە یا ئەوەی وا لە مەرکەزی زەویدا کە نوختەی ناوەڕاستە (تەقریبەن) بۆ دائیرەی زەوی یا بۆ نوختەی کەنارەکانی.

﴿وَإِن تَجْهَرْ بِٱلْقَوْلِ فَإِنَّهُۥ يَعْلَمُ ٱلسِّرَّ وَأَخْفَى ۝٧﴾

وە ئەگەر تۆ لە پاڕانەوە لە خودادا دەنگ بەرز ئەکەیتەوە و قسەکانت بە ئاشکرا ئەکەی ئەوە لەسەر خواستی خۆتە ئەنا خودا بێنیازە لە بەرز کردنەوەی دەنگ؛ چونکی خودا زانایە بەوەی بە پەنامەکی ئەوترێ و بە شتێکیش لەوە پەنهانتر بێ وەکوو وتوویرەی نەفس.

﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ ۝٨﴾

ئەو زاتە خاوەن سیفاتی کەماڵە و دوور لە نیشانەی عەیب و نوقسانە ناوی خۆی داناوە بە «اللّٰه» وە ئەم ناوە بووە بە عەلەم لە بۆ زاتی مەوسووف بە کەماڵ و دوور لە نوقسان، وە هیچ کەس نییە کە بەندەیی بۆ بکرێ بە راستی ئەو نەبێ، وە ناوە جوانەکان کە دەلالەت ئەکەن لەسەر هەموو سیفەتێکی نەفسی و سەلبی و سوبووتی زاتی یا فیعلی بۆ ئەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

سیفەتی نەفسی خودا «وجود»ە «قدم» و «بقا» و «وحدة»ە بە زات قیامی بە زات، بێ‌میسلی بۆ ئەو سوبووتی زاتی حەوتن، وەك: حەیات، سەمع و، بەسەر و، کەلامی قەدیم ئەم حەوت سیفەتە بە «مصدريّه» وەك «عالمية» بوونی بە «عالم» ئەمانە بیستن بێ‌زیاد و کەم ئەسمای حوسنای ئەو موشتەق لەوانە بەس ئیسمی «اللّه» ئیسمی ئەعزەمە

سیفاتی سەلبیش پێنجە مەعدوودە: هەم لە ئەفعالا هەروا لە سیفات دیارن وەکوو کارەبا بە شەو عیلم، ئیرادە و، قودرەتی بە زات باقی سیفاتی فیعلی بە تەعمیم ناویان مەشهوورە بە «مەعنەوییە» باقی هەروەها بزانە سالم زیددی ئەمانە مەحاڵن «فافهم» هەموو «تەوقیفی» و دەرجی قورئانە «کنز الأسرار»ی زاتی ئەکرەمە

﴿ وَهَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ ۝٩ إِذْ رَءَا نَارًا فَقَالَ لِأَهْلِهِ ٱمْكُثُوٓا۟ إِنِّىٓ ءَانَسْتُ نَارًا لَّعَلِّىٓ ءَاتِيكُم مِّنْهَا بِقَبَسٍ أَوْ أَجِدُ عَلَى ٱلنَّارِ هُدًى ۝١٠ ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ئایا [تا] ئێستە رووداوی حەزرەتی مووسای کوڕی عیمرانی بەنی‌ئیسرائیلت بیستووە؟

کە پاش ئەوە ماوەی دە ساڵ لە خزمەتی حەزرەتی شوعەیبدا مایەوە کچە بچووکەکەی مارە کرد و ماوەیێ پاش ئەوە لە خزمەتیا بوو ئەمجار هات بە دڵیا کە بگەڕێتەوە بۆ لای دایکی بۆ میسر و ئیزنی خواست لە حەزرەتی شوعەیب کە لەگەڵ خێزانەکەی بڕۆن بۆ میسر و ئەویش ئیزنی دان و بازێ حەیوانیشی پێدان، کاتێ هاتن بە رێدا و چەن مەنزڵێکیان بڕی، لە شەوی جومعەدا کە لەو کاتەدا شەوێکی سارد بوو ژنەکەی کوڕێکی لێ بوو لە بەر سەرما زۆر پەرێشان بوون، جا مووسا تەماشای کرد لە لای راستی کێوی توورەوە ئاگرێ دەرکەوت، جا فەرمووی بە خێزانەکەی:

www.iqra.ahlamontada.com

ئێوە لەم شوێنەدا بمێننەوە من ئاگرێکم چاو کردووە ئەڕۆم بۆ نزیکی ئەو ئاگرە بەڵکوو لەو ئاگرە دەستەچیلەیێ بێنم و لێرەدا ئاگر بکەینەوە و گەرم ببنەوە، یاخود لە دەور و بەری ئەو ئاگرە کەسێکم دەست بکەوێ شارەزام بکا بۆ ناو ئاوەدانییەك لەم نزیکەدا هەتا ماوەیێ ئاسایش بگرین.

﴿فَلَمَّآ أَتَىٰهَا نُودِيَ يَٰمُوسَىٰٓ ١١﴾

جا کاتێ مووسا هات بۆ لای ئەو ئاگرە تەماشای کرد ئاگر نییە لەوێدا بەس دارێکی سەوزی گەڵاداره شەوقێکی لێ دەرئەچێ وەکوو چەن چرایەکە و پێکەوە بگرێن، کە گەییە ئەوێ بانگ کرا: ئەی مووسا، ئەمیش فەرمووی: بەڵێ تۆ کێی؟ کێ بانگی لێ کردم؟ جا دەنگێ هات فەرمووی:

﴿إِنِّيٓ أَنَا۠ رَبُّكَ فَٱخۡلَعۡ نَعۡلَيۡكَ إِنَّكَ بِٱلۡوَادِ ٱلۡمُقَدَّسِ طُوٗى ١٢﴾

بە راستی من کە بانگت ئەکەم پەروەردگاری تۆم ئەو پەروەردگارە کە تۆم پاراستووە تا ئێستە، دەی سۆڵەکانت دابکەنە لە پێت و بە پێی رووتەوە نزیك ببەرەوە لەم نوورە چونکی تۆ وای لە شوێنێکی پیرۆز و پاکدا کە ناوی ناسراوی «طوی»یە.

﴿وَأَنَا ٱخۡتَرۡتُكَ فَٱسۡتَمِعۡ لِمَا يُوحَىٰٓ ١٣﴾

وە منیش تۆم هەڵژاردووە بۆ رەهبەری و پێغەمبەری، تۆم کردووە بە فرستادەی خۆم بۆ سەر گەلێ ئادەمیزدای سەرکێش، جا گوێبگرە بۆ ئەوەی کە وەحی ئەکرێ بۆ لات و ئەیبینی:

﴿إِنَّنِيٓ أَنَا ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدۡنِي﴾

ئەوەی کە وەحی ئەکرێ بۆ لای تۆ گرنگەکەی ئەمەیە: کە بە راستی من ئەو زاتە «واجب‌الوجود»ە خاوەن کەماڵەم کە ناوم «اللّٰه»یە و کەس بەندەیی بۆ ناکرێ من نەبێ، مادام وایە هەر بەندەیی بۆ من بکە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكۡرِيٓ ١٤﴾

وە بە تایبەتی ئاگاداری نوێژەکەت بکە و لە کاتی خۆیا بەجێی بێنە بۆ یاد کردنی من و ناو بردنی من هەتا فەرامۆش نەبن لە باسی من.

﴿إِنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٌ أَكَادُ أُخۡفِيهَا لِتُجۡزَىٰ كُلُّ نَفۡسِۭ بِمَا تَسۡعَىٰ ١٥﴾

وە هەمیشە دەوام بکەن لەسەر بەندەیی و باوەڕتان وابێ ئەم دنیا پایەدار نییە و ڕۆژی پاشەڕۆژ بێ‌گومان دێت، بەڵام لەوانەیە من بیشارمەوە و دەری نەخەم بۆ خەڵك تا لەسەر ئیمان بە غەیب ئەم خەڵکە بەندەیی بکەن، وە بۆ ئەوە کە قیامەت هات هەر نەفسێ جەزا بدرێتەوە بەوە کە بۆی تێکۆشیوە و بۆی تێئەکۆشێ.

﴿فَلَا يَصُدَّنَّكَ عَنۡهَا مَن لَّا يُؤۡمِنُ بِهَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ فَتَرۡدَىٰ ١٦﴾

ئیتر ئاگادار بە ئیعرازت پێ نەنێ لە بوونی قیامەت و دوورت نەخاتەوە لە باوەڕ بەو ڕۆژە کەسێ کە ئیمانی پێی نییە و کەوتووەتە شوێنی ئارەزووی خۆی تا تۆیش وەکوو ئەو بە هیلاکا بڕۆیت:

﴿وَمَا تِلۡكَ بِيَمِينِكَ يَٰمُوسَىٰ ١٧ قَالَ هِيَ عَصَايَ أَتَوَكَّؤُاْ عَلَيۡهَا وَأَهُشُّ بِهَا عَلَىٰ غَنَمِي وَلِيَ فِيهَا مَـَٔارِبُ أُخۡرَىٰ ١٨﴾

پاش ئەو ئەندازە فەرموودەیە، خودا ویستی مووسا دڵنیا بکا لەوە کە خودای عالەم بوو قسەی لەگەڵا کرد و ئەو بوو بە پێغەمبەر بەوە کە بازێ موعجیزەی نیشان بدا؛ جا بانگی کرد و بە پرسیارەوە فەرمووی: ئەی مووسا ئەوە چییە بە دەستی ڕاستەوە؟ ئەویش عەرزی کرد: ئەوە عاساکەی خۆمە: کاتێ کە ماندوو بووم یا بە لای ئاژەڵەکەمەوە وەستام خۆم ئەدەم بە سەریا، وە گەڵا داریشی پێ دائەوەرێنم بەسەر مەڕەکانما، وە چەن ئیشی‌تریشی پێ ئەکەم... وەکوو ئەوە لە تاریکەدا ئەیخەمە پێش بۆ دیاری

www.iqra.ahlamontada.com

کردنی بەرزی و نزمی و، ئەیکەم بە هۆی بازبردن بەسەر جۆگە ئاوی پانا و، ماری پێ ئەکوژم و، بەرهەڵستی گورگ و دڕندە و دوژمنی پێ ئەکەم، وە کاتێ گوریسی دۆڵچەکە کورت بوو سەری ئەو گوریسە توند ئەکەم لە قەفی عاساکەم بۆ ئەوە بگا بە ئاوی بیرەکە، وە بوخچە ئەکەم بە سەریا و ئەینێم بە شانمەوە و، جارجار کۆڵنجی خۆمی پێ ئەتەقێنم. ئەمانە قازانجی عاساکەمە کە عەرزم کردی.

﴿قَالَ أَلْقِهَا يَـٰمُوسَىٰ ﴿١٩﴾ فَأَلْقَىٰهَا فَإِذَا هِىَ حَيَّةٌ تَسْعَىٰ ﴿٢٠﴾﴾

خودا فەرمووی: ئەو عاسایەت فڕە بدە، ئەویش فڕەی دا، کوتوپڕ تەماشای کرد عاساکەی مارێکی زەلامە و کوتوپڕ رێ ئەکا، کە حەزرەتی مووسا ئەم وەزعەی لە عاساکەیەوە دی ترسا و گەڕایە دواوە.

﴿قَالَ خُذْهَا وَلَا تَخَفْ ۖ سَنُعِيدُهَا سِيرَتَهَا ٱلْأُولَىٰ ﴿٢١﴾﴾

خودا فەرمووی: بڕۆ عاساکەت بگرە و مەترسە لێی؛ چونکی مادام دەستت بۆ برد من ئەیگێڕمەوە بۆ سەر شێوە و شانە پێشووەکەی.

﴿وَٱضْمُمْ يَدَكَ إِلَىٰ جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَآءَ مِنْ غَيْرِ سُوٓءٍ ءَايَةً أُخْرَىٰ ﴿٢٢﴾﴾

وە دەستت ببە بۆ لای بن باڵت کاتێ هێناتەدەرەوە بە سپێتی دەردێ، وەکوو چراێ هەڵگیرساێ بە بێ ئەوە کە تووشی دەردێ بووبێ وەکوو بەڵەکی، یا نەخۆشینێکی‌تر، ئەمە موعجیزەیەکی‌ترە بێجگە لە موعجیزەی گۆڕانی عاساکەت بە مار.

﴿لِنُرِيَكَ مِنْ ءَايَـٰتِنَا ٱلْكُبْرَى ﴿٢٣﴾﴾

ئێمە ئەم عەجایباتەمان نیشان دای: نوورێکم بۆ دەرخستی لە لای راستی کێوی توورەوە وەکوو ئاگری هەڵگیرساو هەتا تۆ بێیت بۆ لای، وە لە غەیبەوە بانگم لێ کردی و تۆ بیستت بە بیستنێکی غەیرەعادەتی، وە عاساکەم بۆ کردی بە ماری خاوەن

www.iqra.ahlamontada.com

تەکان و بۆم کردییەوە بە دارەکەی جاران و دەستی خۆتم بۆ کردی بە چرای رووناك بۆ هەر کاتێ پێویستت پێی بێ، بۆ ئەوە بازێ لە نیشانە گەورەکانی خۆمت نیشان بدەم، وەکوو: گڕی ئاگر لە داری تەڕ و، گۆڕینی داری وشك بە گیانلەبەرێکی بیمناك و، هەڵگیرسانی چرا لە دەستی خۆتا بۆ ئەوە کە دڵت دابمەزرێ و بزانی خودا هەموو شتێکی پێ ئەکرێ.

﴿ٱذۡهَبۡ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ٢٤﴾

مادام ئەمانەت چاوپێکەوت پشت بە خوا ببەستە و برۆ بۆ سەر فیرعەونی نابار؛ چونکی بە راستی یاخی و بایی بووە و لای داوە لە یاسای ئادەمیزادی خاوەن دەستەڵاتی بە شوعوور.

﴿قَالَ رَبِّ ٱشۡرَحۡ لِي صَدۡرِي ٢٥ وَيَسِّرۡ لِيٓ أَمۡرِي ٢٦ وَٱحۡلُلۡ عُقۡدَةٗ مِّن
لِّسَانِي ٢٧ يَفۡقَهُواْ قَوۡلِي ٢٨ وَٱجۡعَل لِّي وَزِيرٗا مِّنۡ أَهۡلِي ٢٩ هَٰرُونَ أَخِي ٣٠
ٱشۡدُدۡ بِهِۦٓ أَزۡرِي ٣١ وَأَشۡرِكۡهُ فِيٓ أَمۡرِي ٣٢ كَيۡ نُسَبِّحَكَ كَثِيرٗا ٣٣ وَنَذۡكُرَكَ
كَثِيرًا ٣٤ إِنَّكَ كُنتَ بِنَا بَصِيرٗا ٣٥﴾

جا بەو پیرۆزییە کە حەزرەتی مووسا دەستی کەوتبوو لە موناجاتی لەگەڵ خودادا و بەخشینی پایەی رەهبەری و پایەی زانیاری و پایەی دووربینی و تەماشا کردنی ئەسبابی عادەتی هەمووی پەیدا بوو لە بۆ حەزرەتی مووسا و بەر لە هەموو شتێ داوای کرد لە خودا کە سینەی گوشاد بکا و عەرزی کرد: خودایە سینەم گوشاد بکە، واتە دڵم نوورانی بکە و لەتائیفی سینەم هەموویان رووناك بکەرەوە هەتا مەعنەوییاتم ئەوەندە هێز بگرێ خودا بە حازر بزانم لە هەموو کاتی هات و نەهاتێکدا، وە پاش ئەوە کە سینەی خۆمت وەها گوشاد کردەوە ئەو کار و بارانەیش کە پێویستە بۆ

www.iqra.ahlamontada.com

بەجێهێنانی ئەم پەیامە ئامادەیان بکەن بۆم بە ئاسانی؛ چونکی هەتا تەوفیق نەبێ بە رەفیق ئینسان ناگا بە دڵخوازی خۆی و گەلێ [شتی] گەورە بە هۆی شتی سووکەوە لە دەست دەرئەچێ، وە لە وتاری خۆیشما زمانم بەرەڵا بکە و ئەو گیرو گرفتە لە زمانما هەیە لای ببە هەتا باش قسەم وەربگرن و مانای فام بکەن، وە لە کۆمەڵەی خانەوادەی خۆیشم یارمەتیدەرێ و راوێژکەرێکم بۆ دروست بکە یارمەتیم بدا لە رێخستنی کار و بارما و ئەوەیش هاروونی برام بێ، هێزی مادی و مەعنەوی منی پێ زۆر بکە و بیکە بە هاوبەش و هاورێی من لە ئەمری پێغەمبەرێتی و پەیامنێری و بانگ کردنی ئادەمیزادا بۆ رێگەی حەق هەتا بە یەکەوە زۆر تەسبیحات بکەین بۆ تۆ و زیکری تۆ بکەین بە زۆری؛ چونکە یارمەتیدان تەئسیری زۆرە لە بەجێهێنانی مەقسوودا، وە بەراستی تۆ ئێمە ئەبینی و ئاگاداری لەوە ئەگەر تۆ ریعایەتمان نەکەی و یارمەتیمان نەدەی ئێمە هیچ کارێ ناتوانین بە جێبێنین.

﴿قَالَ قَدۡ أُوتِيتَ سُؤۡلَكَ يَٰمُوسَىٰ ٣٦﴾

خودای تەعالا لە وەڵامی پاڕانەوەکەی مووسادا فەرمووی: وا ئەوەی کە تۆ داوات کرد پێتدرا ئەی مووسا.

﴿وَلَقَدۡ مَنَنَّا عَلَيۡكَ مَرَّةً أُخۡرَىٰٓ ٣٧ إِذۡ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّكَ مَا يُوحَىٰٓ ٣٨ أَنِ ٱقۡذِفِيهِ فِي ٱلتَّابُوتِ فَٱقۡذِفِيهِ فِي ٱلۡيَمِّ فَلۡيُلۡقِهِ ٱلۡيَمُّ بِٱلسَّاحِلِ يَأۡخُذۡهُ عَدُوّٞ لِّي وَعَدُوّٞ لَّهُۥۚ﴾

وە جارێکیتریش منەتمان نایە سەرت بە چاکەیەکیتر لەو کاتەدا کە تۆ لە دایك بوویووی و دایکت بە دەستەوە دامابوو چیت لێ بکا و چۆن بتشارێتەوە لە قیبتییەکانی بەردەستی فیرعەون کە فەرمانی کوشتنی منداڵی نێرینەی بەنیئیسرائیلیان

www.iqra.ahlamontada.com

پێدرابوو، جا لەو کاتەدا ئیلهاممان کرد بۆ ناو دڵی دایکت ئەوەی کە بشێ بۆ ئەوە ئیلهام بکرێ و سوودی ببێ بۆ ئەو و حاڵیمان کرد کە مووسا بهاوەرە ناو سنووقێکەوە و بیخە ناو دەریای نیل هەتا دەریای نیل بیخاتە قەراخەوە و لە قەراخی نیلدا ئینسانێکی کافر لە قیبتییەکان کە دوژمنی ئەوە و دوژمنی منیشە وەری ئەگرێ و ئەیباتەوە بۆ خانەدانی فیرعەون.

﴿وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِّنِّي وَلِتُصْنَعَ عَلَىٰ عَيْنِيٓ ﴿٣٩﴾﴾

وە من میهرەبانی و خۆشەویستییەکم خستە سەرت لە تەوانایی خۆمەوە بە جۆرێ هەرکەسێ تۆی چاو پێ ئەکەوت تۆی ئەوەندە خۆش ئەویست ئارەزووی ئەهاتە سەر خزمەتکردنت و پاراستنت، وە ئەوەیشم بۆیە کرد هەتا بەخێو بکرێیت و تەربییەت بکرێیت لەبەر چاودێری مندا بە جۆرێ ئەگەڕان بە شوێنی دایەنا بۆت.

﴿إِذْ تَمْشِيٓ أُخْتُكَ فَتَقُولُ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ مَن يَكْفُلُهُۥ ۖ فَرَجَعْنَٰكَ إِلَىٰٓ أُمِّكَ كَيْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ ۚ وَقَتَلْتَ نَفْسًا فَنَجَّيْنَٰكَ مِنَ ٱلْغَمِّ وَفَتَنَّٰكَ فُتُونًا ۚ فَلَبِثْتَ سِنِينَ فِيٓ أَهْلِ مَدْيَنَ ثُمَّ جِئْتَ عَلَىٰ قَدَرٍ يَٰمُوسَىٰ ﴿٤٠﴾ وَٱصْطَنَعْتُكَ لِنَفْسِي ﴿٤١﴾﴾

لەو کاتەدا خوشکەکەت ڕۆیشت بۆ ماڵی فیرعەون و کاتێ خەبەردار بوو لەوە کە بە شوێنی دایەنا ئەگەڕێن وتی: حەز ئەکەن من یەکێکتان پیشان بدەم کە شیری پێ بدا و بەخێوی بکا و سەرپەرشتی بکا؟ وتیان: بەڵێ، تا خوشکت هات دایکتی برد بۆ ماڵی فیرعەون و تۆیان دایە دەستی بۆ شیر پێدانی و بەخێو کردنی، وە تۆمان ناردەوە بۆ لای دایکت تا چاوی ڕووناك ببێتەوە بە دیتنی تۆ و خەم نەخوا، وە پاش ئەوە کە گەورە بووی و هاتیتەوە بۆ ماڵی فیرعەون بوویت بە خۆشەویستی بارەگا

www.iqra.ahlamontada.com

هەتا رۆژێ لە رۆژەکان ئینسانێکی «قبیتی»ت کوشت و لە پاش ئەوە موبتەلامان کردی بە ئەنواعی بەلاّ و مەینەت و راتکرد بۆ «مەدیەن» و لە مەدیەنا چەند سالێ مایتەوە، لە پاش ئەوە هاتی بۆ لام لەسەر ئەندازەی زەمان و کاتێ کە بڕیارم دابوو بۆ ئەوە لەو کاتەدا قسەت لەگەلاّ بکەم و بتکەم بە فرستادەی خۆم، وە کاتێ کە هاتی بۆ لام من تۆم رێکخست بۆ ئەوە ببی بە خۆشەویستی خۆم.

﴿ ٱذْهَبْ أَنتَ وَأَخُوكَ بِـَٔايَٰتِى وَلَا تَنِيَا فِى ذِكْرِى ﴿٤٢﴾ ﴾

ئەی مووسا تۆ و براکەت لەگەڵ ئایات و موعجیزاتی مندا وەکوو عاسا و دەستی مووسا بڕۆن بۆ لای فیرعەون و قەت سستی مەکەن لە زیکری مندا.

﴿ ٱذْهَبَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿٤٣﴾ ﴾

بڕۆن بۆ لای فیرعەون و بانگی بکەن بۆ رێگەی داد و ئینساف؛ چونکی بە راستی ئەو توغیانی کردووە و لە رێگە لای‌داوە.

﴿ فَقُولَا لَهُۥ قَوْلًا لَّيِّنًا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَىٰ ﴿٤٤﴾ ﴾

وە لە گەڵی بدوێن بە وتاری نەرمی وا موناسبی تەبع و زەوق و یاسای ئەوبێ، بەڵکوو ئەو بیر بکاتەوە و دەرکی حەقیقەت بکا و بەندەیی خودا بگرێتە گەردن یاخود لای کەمی تۆزێ لە سزای خودا بترسێ.

﴿ قَالَا رَبَّنَآ إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفْرُطَ عَلَيْنَآ أَوْ أَن يَطْغَىٰ ﴿٤٥﴾ ﴾

ئەبووعەبدوڵلای موحەممەدی کوڕی ئەحمەدی قورتوبی ئەنساری لە تەفسیرەکەیا ئەفەرموێت: خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە: لەو رۆژەدا کە مووسا لە کێوی توورا خودا کردی بە پێغەمبەری خۆی هاروونی برای لە میسردا بوو، جا خودا وەحی نارد بۆ هاروون کە لە میسر دەرچێ و بێت بۆ لای مووسا وە ئەمریشی کرد بە مووسا کە بڕوا بە دەمی هاروونەوە و بە قەی ماوەی مەنزلێ رۆیشت و بەیەك گەیشتن و

www.iqra.ahlamontada.com

هاروون بە مووسای وت کە: خودا کردوومی بە پێغەمبەر و ئەمری پێ کردووم لەگەڵ تۆدا بم، وە مووسا هەم فەرمووی: من داوام کرد لە خودا کە تۆیش بکا بە شەریکم لە پێغەمبەرێتیدا، وە بەیەکەوە رۆیشتن بۆ تووری سینا، وە لەم بەیەك گەیشتنەدا خودای تەعالا پێی فەرموون، بڕۆن بۆ لای فیرعەون بە راستی فیرعەون بایی بووە. وە هەر لەو بەیەك گەیشتنەدا عەرزی بارەگایان کرد وتیان: ئەی پەروەردگاری ئێمە بە راستی ئێمە ئەترسین لەوە کە فیرعەون زیادەڕەوی و دەستدرێژی بکا بە سەرمانا و بەر لەوە کە باش لە قسەکەمان بگا سزامان بدا، یا هەر بایی ببێ و قسەمان نەبیسێ یاخود لەگەڵ تۆدا جەسارەت و بێئەدەبی بکا.

﴿ قَالَ لَا تَخَافَآ إِنَّنِي مَعَكُمَآ أَسۡمَعُ وَأَرَىٰ ﴿٤٦﴾ ﴾

خودا فەرمووی: لە فیرعەون مەترسن من وام لەگەڵ ئێوەدا بە سەرخستنتان و ترس خستنە دڵی دوژمنتان، چاوم وا لە فیرعەونەوە و گوێم لە قسەکانیەتی، ئەگەر قسەیەکی خراپی بەدەما هات بۆ پەلە کردن لە سزای ئێوەدا یا بۆ دەربڕینی بێئەدەبی لەگەڵ مندا کارێکی وای بەسەردێنم لەو قسەیە پەشیمان ببێتەوە و نەیکا.

﴿ فَأۡتِيَاهُ فَقُولَآ إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ فَأَرۡسِلۡ مَعَنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَلَا تُعَذِّبۡهُمۡۖ قَدۡ جِئۡنَٰكَ بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكَۖ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَىٰ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلۡهُدَىٰٓ ﴿٤٧﴾ ﴾

بڵێن بە فیرعەون: ئێمە دوو فرستادەین لە لایەنی پەروەردگاری تۆوە، وە مەقسوودمان ئەوەیە بەنیئیسرائیل بەرەڵا بکەی لەگەڵ ئێمەدا بێن، ئیتر وازیان لێ بێنە و بە کار و بێگار ماندوویان مەکە و منداڵیان مەکوژە و خوێنیان مەمژە، ئێمە بە راستی لەگەڵ موعجیزەدا هاتووین بۆ لای تۆ و سەلامی خودا و فریشتەی خودا و مەردانی مەیدانی بەندەگی خودا لەسەر ئەو کەسانە بێ کە بوون بە پەیڕەوی چرای هیدایەتی خودا لەسەر دەستی پێغەمبەران و رەهبەرانی رێگەی راست.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿إِنَّا قَدْ أُوحِيَ إِلَيْنَآ أَنَّ ٱلْعَذَابَ عَلَىٰ مَن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ ﴿٤٨﴾﴾

وە بە راستی وەحی کراوە بۆ لای ئێمە کە سزای دنیا و قیامەت لەسەر ئەو کەسانەیە کە باوەڕ نەکەن بە خودا و رەهبەرانی خودا و پشت هەڵبکەن لە حەق و حەقیقەت.

﴿قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَٰمُوسَىٰ ﴿٤٩﴾﴾

جا فیرعەون پرسیاری کرد وتی: ئا پێم بڵێ ئەوخودای تۆیە کێیە ئەی مووسا کە وا دەعوەتی ئێمە ئەکەی بۆ بەندەیی ئەو و موشەخەساتی چییە و چۆنە؟ بۆم بەیان بکە هەتا لێی تێ بگەم.

﴿قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِيٓ أَعْطَىٰ كُلَّ شَيْءٍ خَلْقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ﴿٥٠﴾﴾

حەزرەتی مووسا فەرمووی: خودای ئێمە ئەو کەسەیە کە هەموو شتێکی لە نەبوونەوە دروست کردووە و دەری کردووە بۆ بوون، وە هەر شتێکی دروست کرد ئەو شێوە و سەر و سیمایە شیاوی حاڵ و کار و کردەوەی بێ، پێیداوە و پاش ئەوە شارەزایشی کردووە بۆ ئەوە کە چلۆن بژی و چۆن سوود وەربگرێ لەم جیهانە کە بۆ ئەو دروست کراوە و ئەو شتە بە پێی پایەی خۆی سوود وەرئەگرێ.

﴿قَالَ فَمَا بَالُ ٱلْقُرُونِ ٱلْأُولَىٰ ﴿٥١﴾ قَالَ عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي فِي كِتَٰبٍ لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى ﴿٥٢﴾﴾

فیرعەون وتی: ئەی حاڵی ئەو هەموو قەڕنانە کە لەمەوپێش رابوردوون چۆنە و ئەوانە کە خودایان نەپەرستووە و نەیانناسیوە و عیبادەتیان نەکردووە چییە و چۆنە؟ حەزرەتی مووسا فەرمووی: زانستی ئەحواڵی ئەوانە وا لە لای خودای مندا لە «لوح المحفوظ»دا خودای تەعالا هیچ شتێ ون ناکا و هیچ شتێکی لە بیر ناچێت.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ مَهْدًا وَسَلَكَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّن نَّبَاتٍ شَتَّىٰ ﴿٥٣﴾ كُلُوا۟ وَٱرْعَوْا۟ أَنْعَٰمَكُمْ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّأُو۟لِى ٱلنُّهَىٰ ﴿٥٤﴾﴾

ئەو خودا خودایەکی وەهایە کە زەوی کردووە بە ئارامگا بۆ ئێوە بە زیندوویی و مردوویی، وە ڕێکی خستووە بۆ ئێوە چەن ڕێگەیێ لە کێوانی بەرزا و لە سارای سەر عەرزا و لە دەربەندی دوورا و لە باسك و دۆڵی چۆڵا بۆ ئەوە لە وڵاتێکەوە بڕۆن بۆ وڵاتێ و بە هۆی بازرگانی و قافڵەڕانی و کاروانکاری و دنیا داریوە مایەی خۆتان بەرز بکەنەوە و بە بەختەوەری بژین، وە خودایەکی وەهایە ئاوی بارانی باراندووە لە ئاسمانەوە و بە هۆی ئەو ئاوی بارانەوە چەن جۆر لە گیا و گوڵ و داری بەر و داری سێبەری بۆ ئێوە دەرکردووە بە گەلێ جۆری جیا جیا: لە ڕەش، لە سپی، لە سەوز و، لە بۆر و، چەن جۆری جیاواز لە کشتوکاڵ و دانەوێڵەی ژیواری گیانلەبەران... جا خۆتان بخۆن لەو گیا و بەری دارو لەو کشتوکاڵ و دانەوێڵەیە و حەیوانەکانیشتان تیایا بلەوەڕێنن، بە ڕاستی لە دروست کردنی ئەو هەموو خواردەمەنییە خۆشانە بۆ خۆتان و لە گیای بە سوود بۆ ماڵیاتتان چەن نیشانەی گەورەیی خودا هەیە بۆ ئەو کەسانە کە خاوەن عەقڵن.

﴿مِنْهَا خَلَقْنَٰكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَىٰ ﴿٥٥﴾﴾

لەو زەوییەی کە کردوومە بە ئارامگای ئێوە هەمووتانم دروست کردووە؛ چونکە زنجیری ئێوە لە تۆم و ئاوە هەتا باوکە ئادەم، ئەویش لە مادەی گڵی زەوییە، وە هەر لەو زەوییەدا داتان ئەنێینەوە پاش مردنتان و هەر لەو زەوییەیش دروستان ئەکەینەوە و دەرتان ئەکەینەوە بۆ جیهانی تازە و نوێ و هەتا هەتایە ئەمێننەوە لە بەهەشتی خودادا بۆ جارێکی دوایی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ وَلَقَدْ أَرَيْنَٰهُ ءَايَٰتِنَا كُلَّهَا فَكَذَّبَ وَأَبَىٰ ﴿٥٦﴾ ﴾

وە بە راستی نیشمانمان دا و خستمانە بەرچاوی نیشانەی گەورەیی خۆمان لە نۆ ئایەت و نیشانەی دیاریدا.

لە عاسای مووسا کە ئەبوو بە مار، — لە دەستی مووسا چرای پڕتەوبار
لە بساقی دەرد و بەلای زەمانە — کە بۆ هێزی حەق بوون بە نیشانە
لە ماوەی بیست ساڵ ئەم شتانە بوون — بۆ ئەو بێسوود و بێنەتیجە بوون

لەبەر ئەمە هەر لەسەر حاڵی خۆی مایەوە و مووسای بە درۆ ئەخستەوە و حەقی وەرنەگرت و خۆی مەنع کرد لە ئیتاعەی ئایاتی خودا و پەندوەرگرتن لە موعجیزاتی پێغەمبەران.

﴿ قَالَ أَجِئْتَنَا لِتُخْرِجَنَا مِنْ أَرْضِنَا بِسِحْرِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴿٥٧﴾ ﴾

وتی: ئەی مووسا ئایا تۆ بۆ ئەوە هاتووی بە جادووبازی خۆت، ئێمە لە ئاو و خاکی خۆمان و جێی باو و باپیرانمان دەرکەی؟

﴿ فَلَنَأْتِيَنَّكَ بِسِحْرٍ مِّثْلِهِۦ فَٱجْعَلْ بَيْنَنَا وَبَيْنَكَ مَوْعِدًا لَّا نُخْلِفُهُۥ نَحْنُ وَلَآ أَنتَ مَكَانًا سُوًى ﴿٥٨﴾ ﴾

بە راستی ئێمە جادوویەکی وەکوو جادووەکەی تۆ دێنین، جا وادەیەکی دیاری دابنێ هەتا نە ئێمە و نە تۆ کەسمان لێی لانەدەین و هەردوو لا لە شوێنێکی وادا حازر ببین کە بۆ هەردووکمان وەك یەك وەهابێ. بە کورتی فیرعەون داوای ئەوەی لە مووسا کرد کە کاتێکی تایبەتی و شوێنێکی دیاری بۆ هەردوو لایان دابنرێ.

﴿ قَالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ ٱلزِّينَةِ وَأَن يُحْشَرَ ٱلنَّاسُ ضُحًى ﴿٥٩﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

مووسا فەرمووی: وادەی ئێوە رۆژی جەژنی گشتییە کە بە «یوم الزینة» ـ رۆژی جوانی ـ ناسراوە و ئەو شوێنەیە کە خەڵك لەو رۆژەدا لەوێدا گرد ئەبنەوە و پێویستە کە خەڵکیش گرد بکرێنەوە بۆ تەماشای ئەو کارەساتانە و ئەبێ لە کاتی چاشتنگاویشدا بێ کە کاتێکی لەبار و هەوا میانەیە.

﴿فَتَوَلَّىٰ فِرْعَوْنُ فَجَمَعَ كَيْدَهُۥ ثُمَّ أَتَىٰ ﴿٦٠﴾﴾

پاش ئەمە فیرعەون پشتی هەڵکرد و رۆیشت فەرمانی دا بە کاربەدەستانی خۆی کە هەموو جادووگەرەکانی گرد بکەنەوە، وە ئەم نیسبەتە بۆ فیرعەون خۆی بە قانوونی ئیسنادی مەجازییە. وە ئەو جادووگەرانە هەموو هاتن لە کاتی تایبەتی دیاریکراوا بۆ ئەو شوێنە لە کاتی چاشتەدا، جا فیرعەون خۆیشی هات بۆ شوێنەکە بۆ ئەوەی خۆی بە چاوی خۆی کارەسات ببینێ و هەر جادووگەرێ چی لە بارەدا هەیە بیکا و کەس درێغی نەکات.

﴿قَالَ لَهُم مُّوسَىٰ وَيْلَكُمْ لَا تَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا فَيُسْحِتَكُم بِعَذَابٍ ۖ وَقَدْ خَابَ مَنِ ٱفْتَرَىٰ ﴿٦١﴾﴾

حەزرەتی مووسا پێش دەربڕینی ئەوەی کە ئەتوانێ فەرمووی: ئەی کۆمەڵی جادووگەران ئەگەر ئێوە بێن جادووی خۆتان دەربخەن مانای وایە ئەوەیش ئێمە بیکەین بە جادووی ئەزانن و ئێوە بەرانبەرکێی جادوو بە جادوو ئەکەن و گومانی وەها پێچەوانەی راستییە و قسەی وەها درۆیە و درۆ هەڵمەبەستن بەرابەر بە موعجیزەی رەهبەرانی ئەو، وە ئەو موعجیزانە بە جادوو مەزانن، وە ئەگەر ئێوە شتی وەها بکەن ئەوە خودا ریشەکەنتان ئەکا و بە سزایێ کە لە لایەنی خۆیەوە بینێرێ بۆ سەرتان، وە هەرکەسێ درۆ بکا و درۆ هەڵبەستێ نائومێد ئەبێ و بە مەبەست ناگا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَتَنَٰزَعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡ وَأَسَرُّواْ ٱلنَّجۡوَىٰ ﴿٦٢﴾﴾

کاتێ حه‌زره‌تی مووسا عليه السلام ئه‌و ئامۆژگارییه جوانه‌ی کردن جادووگه‌ره‌کان له ناو خۆیانا هاتن به‌یه‌کا؛ بازێکیان وتیان: ئه‌م قسه جوانه دامه‌زراوانه قسه‌ی جادووگه‌ر نییه و ئه‌م زاتانه پێغه‌مبه‌رن و هه‌رچی بکه‌ن موعجیزه‌یه و ئێمه ناتوانین به‌رانبه‌ری موعجیزه بکه‌ین، وه بازێکیشیان به په‌نامه‌کی له ناو خۆیانا قسه‌یان کرد و وتیان:

﴿قَالُوٓاْ إِنۡ هَٰذَٰنِ لَسَٰحِرَٰنِ يُرِيدَانِ أَن يُخۡرِجَاكُم مِّنۡ أَرۡضِكُم بِسِحۡرِهِمَا وَيَذۡهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ ٱلۡمُثۡلَىٰ ﴿٦٣﴾﴾

وتیان، به راستی ئه‌م دوو که‌سه دوو جادووگه‌ری هه‌ڵکه‌وتوون ئه‌یانه‌وێ که ئێوه له‌م خاك و ئاو و نیشتمانی خۆتانه ده‌ربکه‌ن به هۆی جادووه‌که‌یانه‌وه و ئه‌و ئاداب و یاسای وڵاته که باشترینی یاسایه لای ببه‌ن و له مه‌یدانا نه‌یهێڵن. یاخود ئه‌م دوو که‌سه ساحیره دوو جادووگه‌رن و ئه‌یانه‌وێ ئێوه که ساحیرن ده‌رتان بکه‌ن له‌م وڵاته‌دا و ئه‌و ئادابی جادووگه‌ری ئێوه که باشترین فه‌ن بووه له‌م خاکه‌دا کوێری بکه‌نه‌وه و خۆیان بێن جادووگه‌ری تایبه‌تی چاکی خۆیان ده‌ربخه‌ن.

﴿فَأَجۡمِعُواْ كَيۡدَكُمۡ ثُمَّ ٱئۡتُواْ صَفّٗاۚ وَقَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡيَوۡمَ مَنِ ٱسۡتَعۡلَىٰ ﴿٦٤﴾﴾

جا بێن هه‌موو جادوو و ئه‌سبابی جادووگه‌ریتان گرد بکه‌نه‌وه به ڕیز به شێوه‌یه‌کی خاوه‌ن شکۆ بێن بۆ مه‌یدانی جادووگه‌ری و هه‌رچی ئه‌زانن به‌کاری بێنن بۆ به‌زاندنی مووسا و به راستی هه‌رکه‌سێ به‌رز ببێته‌وه و سه‌ربکه‌وێ به‌سه‌ر به‌رابه‌ریا ئه‌و که‌سه رزگار ئه‌بێ له په‌ستی و سه‌رکزی و له خه‌رج و باجی پاشا و چۆن ئه‌یه‌وێ بژی ئه‌ژی و نامه‌ی سه‌ربه‌رزی وه‌رئه‌گرێ.

﴿قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلۡقِيَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنۡ أَلۡقَىٰ ﴿٦٥﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

جا ئەو جادووگەرانە لەسەر دەستووری پاشا هاتن بۆ عەینی مەیدان و گەیشتن بە حەزرەتی مووسا و حەزرەتی هاروون و، لەبەر ئەوە کە مووسا مەشهوورتر بوو بانگیان کرد: ئەی مووسا فەرموو یا تۆ لە پێش ئێمەدا جادووی خۆت بکە و ئەسبابی جادووت کە عاساکەتە بە کاری بێنە و فڕەی بدە بۆ مەیدان، یاخود ئێمە ئەسبابی جادووی خۆمان لە پێشەوە فڕە ئەدەین.

﴿قَالَ بَلْ أَلْقُوا۟ ۖ فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِن سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَىٰ ﴿٦٦﴾﴾

جا حەزرەتی مووسا لەبەر ئەوە زۆر ئامۆژگاری کردبوون و مەنعی کردبوون لەم بەرانبەری کردنە و ئەوان موبالاتیان نەکرد و ئەیزانی مادام ئەوان لە پێشدا هەرچی بتوانن ئەیکەن و، مەنعکردنیشیان سوودی نییە و دواییش ئەم هەموو جادووەکەی ئەوان بەتاڵ ئەکاتەوە و ئەمەیش بۆ پێش چاوی خەڵکەکە جوانترە و بەسوودترە، فەرمووی: نەخەیر ئێوە لە پێشدا ئەسبابی جادووگەریتان فڕەبدەن و نیشانی خەڵکی بدەن، جا ئەوان گوریس و عاسای خۆیان داخستە مەیدان کوتوپڕ ئەو شریتانە و ئەو عاسایانە جموجووڵێکی وایان بەسەرا هات کە ئەکەوتە خەیاڵی مووساوە لە هۆی جادووی ئەوانەوە کە ئەوانە مار و ئەژدیهان و لە عەرزا رائەکەن.

﴿فَأَوْجَسَ فِى نَفْسِهِۦ خِيفَةً مُّوسَىٰ ﴿٦٧﴾﴾

وە لەو کات و شوێنەدا بە گوێرەی تەبیعەتی ئادەمیزاد و لە پێش بیر کردنەوە لە دەلیلدا، کە ئەو ژێر ناکەوێ، حەزرەتی مووسا لە نەفسی خۆیا بیم و ترسێکی بەسەردا هات.

واتە ئینسان هەرچەن رەهبەر بێ دوو لایەنی هەیە: لایەنی نەفس و تەبیعەت و، لایەنی پشت بە خودا بەستن و دەلیلی بورهانی، جا کاتێ کارەساتێکی گرنگ

www.iqra.ahlamontada.com

بێتە پێش چاوی بە گوێرەی تەبیعەتی نەفس ـ کە لایەنی یەکەمە ـ لەوانەیە مەترسی بکا، وە لە دواییدا بە دەلیل حاڵی ئەبێ کە جێگەی هیوا و پەنا زۆرە.

﴿قُلْنَا لَا تَخَفْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْأَعْلَىٰ ۝٦٨﴾

ئێمەیش وەحیمان نارد بۆ مووسا و پێمان وت: مەترسە لەم ڕووداوانەدا هەر تۆ بەرز و بالای، وە تۆ سەرئەکەوی بەسەر ئەوانا.

﴿وَأَلْقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوٓا۟ ۖ إِنَّمَا صَنَعُوا۟ كَيْدُ سَٰحِرٍ ۖ وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ ۝٦٩﴾

وە ئەو عاسایە کە وا بە دەستی ڕاستەوە فڕەی بدە هەرچی ئەوان کردوویانە هەمووی ئەپێچێتەوە و قووتی ئەدا، بە ڕاستی ئەوەی ئەوان کردوویانە کارێکی جادووگەرییە و بە هۆی بازێ ئەسبابی ناڕەوا و ناپەسەندەوە کردوویانە و ئینسانی ساحیر و جادووگەر لە هەر شوێنێ و لە هەر کاتێکدا بێت بۆ بەرانبەری حەق و موعجیزەی خودایی ڕزگار نابێ و ئەنجامی بەرباد بوونە.

﴿فَأُلْقِىَ ٱلسَّحَرَةُ سُجَّدًا قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِرَبِّ هَٰرُونَ وَمُوسَىٰ ۝٧٠﴾

کاتێ حەزرەتی مووسا ئەو عاسا وشکە کە بە دەستیەوە بوو فڕەی دا و لە پێش چاوی جادووگەرەکانا گورج بوو بە ئەژدیهایێ و هەرچی ئەوان فڕەیان دا بوو بە جارێ هەمووی قووت دا و پەلاماری فیرعەون و کۆمەڵە خەڵکەکەیشی دا و ڕایان کرد! ئەو جادووگەرانە بە پێی زانیاری خۆیان باوەڕی بێ گومانیان پەیدا کرد کە کاری ئەو عاسایە جادووگەری نییە و بەس تەئییدی خودایە، لەبەر ئەوە جادووگەرەکان لەپەوڕوو کەوتن و سوجدەیان برد بۆ خودا و فەرموویان: ئیمانمان هێنا بە پەروەردگاری هاروون و مووسا عليهما السلام پێیان لە داماوی و دەسکورتی خۆیان بەرابەر بە حەزرەتی مووسا نا لە بەرچاوی خەڵکەکەدا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَالَ ءَامَنتُمْ لَهُۥ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْ ۖ إِنَّهُۥ لَكَبِيرُكُمُ ٱلَّذِى عَلَّمَكُمُ ٱلسِّحْرَ ۖ فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَٰفٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ فِى جُذُوعِ ٱلنَّخْلِ وَلَتَعْلَمُنَّ أَيُّنَآ أَشَدُّ عَذَابًا وَأَبْقَىٰ ﴿٧١﴾﴾

کاتێ کە فیرعەون ئەم کارەساتەی دی و جادووگەرەکانی بەزین و سەریان دانەوان و کەوتن بە روودا رقی هەڵگیرسا و بوو بە پارچەیێ ئاگر و وتی بە جادووگەرەکان: ئەوە ئێوە ئیمانتان هێنا بە مووسا لە پێش ئەوەدا کە پرسێ بە من بکەن و من ئیزنتان بدەم؟ بە راستی ئەم کارە بێسەروبەرە لەسەر تەگبیر و پیلانە و مووسا جادووگەرێکە لە جادووگەران و هەمووتان جادووگەرن و مووسا سەرۆکتانە ئەو سەرۆکەی کە جادووی پێ نیشان داون. جا لە سزای ئەم جەسارەتەدا من دەست و پێتان بە شێوەی راست و چەپ ئەبڕم و پاش ئەوە کە وام لێ کردن هەڵتان ئەواسم بە لقی داری خورمادا بە بەرزەوە با خەڵك تەماشای لەشەکانتان بکا و ببن بە پەند بۆیان، جا ئەوسا حاڵی ئەبن تاقمی ئێمە و تاقمی مووسا و خودای مووسا کام لامان سزای سەختتر و بە دەوامترە!

﴿قَالُوا۟ لَن نُّؤْثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَآءَنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلَّذِى فَطَرَنَا ۖ فَٱقْضِ مَآ أَنتَ قَاضٍ ۖ إِنَّمَا تَقْضِى هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَآ ﴿٧٢﴾﴾

جادووگەرەکان بە بێباکی و دڵڕووناکییەوە وەڵامی فیرعەونیان دایەوە و وتیان: بزانە بە هیچ جۆرێ هەتا هەتایە ئێمە ئیختیاری تۆ ناکەین و بەرزت ناکەینەوە بەسەر ئەو موعجیزاتە رووناکانەدا کە لای خوداوە هاتوون و پێمان گەیشتوون، و ئیختیارت ناکەین بە سەر ئەو خودایەدا کە ئێمەی دروست کردووە و تەوانایە بەسەر ئەو موعجیزاتەدا دەی چی ئەکەی بیکە، هەرچی تۆ ئەیکەی هەر لەم جیهانەدایە کە بە هەموومان نزیکە و ماوەیەکی وایە ئەبڕێتەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿إِنَّآ ءَامَنَّا بِرَبِّنَا لِيَغْفِرَ لَنَا خَطَٰيَٰنَا وَمَآ أَكْرَهْتَنَا عَلَيْهِ مِنَ ٱلسِّحْرِ ۗ وَٱللَّهُ خَيْرٌ
وَأَبْقَىٰٓ ﴿٧٣﴾﴾

ئێمه ئیمانمان هێناوه به خودای په‌روه‌ردگاری خۆمان بۆ ئه‌وه كه لێمان خۆش ببێ و تاوانمان ببه‌خشێ، وه له جومله‌ی تاوانه‌كانمان ئه‌و جادوو كردنه‌یه كه تۆ به زۆر پێت كردین، وه بزانه خودا باشتره له هه‌موو كه‌سێ بۆ په‌رستیاری و به ده‌وامتره له هه‌موو گه‌وره‌یێ.

﴿إِنَّهُۥ مَن يَأْتِ رَبَّهُۥ مُجْرِمًا فَإِنَّ لَهُۥ جَهَنَّمَ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ ﴿٧٤﴾ وَمَن
يَأْتِهِۦ مُؤْمِنًا قَدْ عَمِلَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلدَّرَجَٰتُ ٱلْعُلَىٰ ﴿٧٥﴾ جَنَّٰتُ
عَدْنٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ مَن تَزَكَّىٰ ﴿٧٦﴾﴾

به راستی كه‌سێ بێت بۆ لای خودای خۆی به تاوانباری ئه‌وه له تۆڵه‌ی ئه‌وه‌دا دۆزه‌خ جێگه‌ی ئه‌بێ كه له‌وێدا سزا ئه‌درێ و نامرێ تیایا تا ئاسایش بگرێ و زیندوویش نابێ تیایا به زیندوویه‌كی بێ‌ئازار و به‌و جۆره ئه‌مێنێته‌وه هه‌تا هه‌تایه ـ په‌نا به خودا كه هه‌ر خۆی خودایه ـ. وه هه‌ركه‌سێ بێت بۆ لای خودای خۆی وه‌لحاڵ ئه‌و كه‌سه خاوه‌ن ئیمانه و كرده‌وه باشه‌كانی كردووه ئه‌وه ئه‌وانه پایه به‌رزه‌كانیان هه‌یه كه بریتین له‌و به‌هه‌شتانه كه ئاماده‌كراون بۆ مانه‌وه‌ی ئه‌هلیان و ره‌وان ئه‌بێ له ژێری داری ئه‌و به‌هه‌شتانه‌وه چه‌ن جۆبارێ و حاڵی ئه‌و كه‌سانه وه‌هایه ئه‌مێننه‌وه له‌و به‌هه‌شتانه‌دا هه‌تا هه‌تایه. وه ئه‌م پاداشه پاداشی كه‌سانێكه كه نه‌فسیان پاك بوو‌بێته‌وه له تۆزی كوفر و بێ‌ئیمانی و چڵكی تاوانباری و شه‌رمه‌ساری و دوور كه‌وتبێته‌وه له ره‌وشتی زشتی بێ‌خێر و ده‌وامی بووبێ له‌سه‌ر حاڵی خوێ.

www.iqra.ahlamontada.com

**بزانن! لەم شوێنەدا چەن قسەیێ هەیە:**

یەکەم: جادوو چییە و؟ جادووگەر کێن؟ بزانن لە ڕۆژی بڵاوەبوونی ئادەمیزادەوە بەسەر جیهانا و ئاوەدانکردنەوەی سەرزەوی هەمیشە ئادەمیزاد لە تێکۆشینا بوون بۆ خۆبەرز کردنەوە و هەڵسووڕان لە خراپەوە بۆ چاکە و لە چاکەوە بۆ چاکتر، هەر لە خواردن و خواردنەوەوە تا بەرگ و پۆشاك و رایەخ و نوێن و خانووی دانیشتن و کاسە و کەوچك و کشتوکاڵ و باخداری و رامکردنی حەیواناتی کێوی و راو کردنی ئەوانە گۆشتیان خۆشە و ئادەمی زاڵ ئەبێ بەسەریانا... جا بۆ سوود وەرگرتن لە بەری داران و گیای کۆساران، ئەمجار دروستکردنی دێهات و شاران و دامەزراندنی یاسا بۆ ژیواری خۆیان بە جۆرێ بتوانن کۆمەڵ بپارێزن لە هێرشی بازێك بەسەر بازێکدا و هاتنی بێگانە بەسەریانا، جا بۆ سوود وەرگرتن لە کانەکان و دەرهێنانی ئاسن و باقی کانەکان و بۆ کەڵك وەرگرتن لە رووبارە گەورەکان بە جۆبار راکێشان بۆ سەر کشتوکاڵ و قەڵا دروستکردن بۆ خۆڕا گرتن لەبەر جەنگی دوژمنانا و بۆ چەك پەیدا کردن لە کوتەك و رم و تیر و کەوان و شیر و چەکی ئاگرین و سەرکەوتن لەم بابەتەدا بۆ سوود وەرگرتن لە کارخانەکان و لە ئاو و هەواو بوخار و ئاگر و کارەبا و غەیری ئەمانەیش و هەموو ئەمانە لەسەر یاسای پلە پلە و مۆڵەت بە قەی توانا و رەسایی ئەوان بۆ ئەم کاروبارە هەتا گەیشتوون بە پایەی ئیمڕۆ لەوانەیە لە پاشەڕۆژا ئەوەندە سەربکەون لەم بابەتەدا کە ئێستە ئێمە نەتوانین بیری لێ بکەینەوە بە تەواوی.

وە مەعلوومە کە ئادەمیزاد لە رشتەی گیانلەبەرە بەڵام جیا کراوەتەوە لە باقی گیانلەبەران بە هۆش و بیر کردنەوە لە شتدا و بە قیاس و ئەندازە گرتنی شتێ بە شتێ بە هۆی ئەو عەقڵ و هۆشەوە کە خودا پێی داوە. هەروا خودای تەعالا بۆ

www.iqra.ahlamontada.com

یارمەتیدانی عەقڵ و هۆشی ئینسان لە نەوعی ئادەمیزادا لە گەلێ رۆژ و چەرخدا چەن ئادەمیزادێکی هەڵبژاردووە و کردوونی بە رەهبەر و ئەم رەهبەرانە بوون بە یارمەتیدەری عەقڵ و پێشەوای ئینسان بۆ ئەوە لە شوێنێکدا عەقڵ کاری پێ نەکرێ لە تەمێی رەهبەران سوود وەربگرێ و لە گەلێ پەنامەکی ئاگاداریان بکا و رووناك‌بین ببن.

وە ئەم ئینسانە هەرچەن یەك جۆرە بەڵام ئەسنافی زۆری هەیە و نفووسی ئینسان لە یەك جیاوازن لە غەریزە و سیفات و ئەحواڵدا، بازێکیان نفووسیان زۆر پاکە وەکوو بلووری ساف، ئەم بەشە هەمیشە هەوڵ ئەدا بۆ رووناکی دڵ و رۆح و بۆ کردەوەی بە سوود و بۆ خزمەتکردنی باقی ئادەمیزاد، وە بازێکیان غەریزە و زەوقیان لەسەر زانیاری و هونەر و پیشەوەری و سوود وەرگرتنە لە مەوادی عەرزی و ئاسمانی بە شێوەیەکی بینراو ئەمانە موەفەق بوون بۆ گەلێ خزمەتی دیاری بە نەوعێ و بە جۆرێ کە هەموو ژیرێ سوپاسی تێکۆشینیان ئەکا و بازێکیشیان غەریزە و زەوقیان لەسەر کاری نابارە و لەسەر بیر و باوەڕی ناهەموار وەکوو زاڵبوون بە سەر ماڵ و حاڵ و نەفس و نامووس و دارایی جیهاندا و هەمیشە ئەیانەوێ ئاشووب بگێڕن و ئاژاوە بنێنەوە.

وە لەم بەشە غەریزە رەشە گەلێکیان هەمیشە پەیوەندییان بە ئەرواحی خەبیسەوە بووە و تێکۆشیون بە هۆی پەیوەندی و عەلاقاتی رۆحانییەی غەیرە مەشرووعەوە و کەوتنە شوێنی گومان بگەن بە بازە زانیارییەك و بیکەن بە وەسیلەی زاڵبوون بەسەر دڵخوازی خۆیانا، وە ئەمانە ئەوەندە کارەکانیان ورد بووە و شتی غەیرەعادەتییان کردووە کردەوەکەیان ناوبراوە بە «سیحر» واتە: دڵگرتن و وردەکاری و خۆیان ناوبراون بە «ساحیر» و جادووگەر.

www.iqra.ahlamontada.com

**جا ئەم ساحیرانە سێ بەشن:**

[بەشی] یەکەمیان ئیش ئەکەن بەس بە هیممەتی دەروونی بە بێ جیهاز و کەرەسەی دیاری بە هۆی ریازاتی نەفسییەی غەیرە مەشرووعە و پەیوەندی لەگەڵ بازێ شتی نارەواوە و ئەمانە بە تایبەتی لە ناو «فەلاسیفە»دا پێیان ئەڵێن ساحیر و، کاری گەورە ئەکەن وەکوو خودا فەرموویەتی لە قورئانا: ﴿فیتعلمون منهما ما یفرقون به بین المرء و زوجه و ما هم بضارین به من أحد إلا بأذن اللّٰه﴾.[1]

بەشی دووهەمیان: ئیش و کاریان بە هۆی دیارییەوەیە وەکوو تەماشا کردنی جموجووڵی ئەستێرەکان و مانگ و رۆژ و دەرکەوتن و ونبوونی ئەستێرەکان و دووری و نزیکیان لە یەك و بە هۆی تەماشا کردنی عەناسیری مەوجوودات و سوود وەگرتن لە خەواسی ژمارە و ژمارەی پیتەکان لە ناوی شەخس و ناوی رەفیقەکەی یا وڵاتەکەی یا دوژمنەکەی. ئەم بەشە پێیان ئەڵێن خاوەن «تەلیسمات» ئەمانەیش هەر نەوعە ریازەتێکی نەفسییان هەیە و لە ریازەتەکەیانا تەماشای یاسای شەرع و دین ناکەن، ئەمانەیش هەروا کار و ئاساری واقیعی لە دەستیان ئەبێتەوە وەکوو بەراورد دەرکەوتووە لە دنیادا لە قەبیلەی زاڵبوونی تاقمێ بەسەر تاقمێکدا یا دۆستی کەسێ لەگەڵ کەسێ یا دوژمنی کەسێ لەگەڵ کەسێ یا نەخۆشکەوتنی ئینسانێ یا خۆشەوەبوونی لە نەخۆشی، چونکی خودا ئەسبابی زۆری دروست کردووە و بە کار هێنانی ئەو ئەسبابانە ئەگەر بە یاسای حەق و دین بێ باشە و ئەگەر بە یاسای دین نەبێ [ئەوە] خراپە و حەرامە وەکوو خواردنەوەی «موسکیرات» بۆ گۆشت گرتن یا خواردنی تریاك بۆ لاواز بوون. وە هۆی خراپی ئەم کارانە لەبەر ئەوەیە خاوەنەکانیان

---

١. البقرة؛ ١٠٢.

www.iqra.ahlamontada.com

پەیوەندییان بە دینەوە نییە و کارەکانیشیان بۆ دنیایە و ناڕەوایە، وە گەلێ جاریش لە کارەکەیانا سەر ناکەون لەگەڵ ئەوەیشدا پارە و ماڵ لە خەڵك وەرئەگرن.

ئەگەرنا ئەگەر زانای نهێنی حورووف و ئەوفاق وەکوو ئیمامە دینییەکان مادام بە شێوەیەکی ڕەوا بێ زۆر باشە و گەلێ سوودی هەیە، وەکوو ویفقی «موسەللەس»ی ئیمامی غەزالیؒ و ویفقی «موخەممەس»ی «خالی الوسط» و باقی ویفقەکان وەکوو «گولـلەبەند» و «تیغ بەندی» کاكِ ئەحمەدی شێخ کە مەشرووتن بە چەن شەرتی شەرعییە وەکوو بە کار نەهێنانیان لە شتی ناشەرعیدا و دەوامی خاوەنەکەیان لەسەر خوێندنی بازێ ویرد و سەلاوات و جنێونەدان و حەرام نەخواردن و بە کار هێنانیان بەرابەر بە ئینسانی خراپ بۆ موسوڵمانان.

بەشی سێهەم: لە ساحیران ئەوانەی کە بە هۆی چالاکی و دەست سووکییەوە و بە هۆی هێزی «تەخەیولات»ی خۆیەوە تەئسیر لە دەماخی بازە کەسێکدا ئەکا، ئەم بەشە سیحرەکەی ناوی «شعوذة» یا «شعبذة»یە و غەیری ئەوە کە دڵی خەڵك ئەخاتە خەیاڵاتەوە شتێکی‌تری واقیعی دروست ناکا، واتە حەقیقەتێ لەو کەسەوە پەیدا نابێ ئەوە نەبێ کە خەیاڵی خەڵك تێك ئەدا، وەکوو ئەوە بە هۆی ڕژاندنی جیوە بەسەر گوریسێکدا ئەو گوریسە دێتە هاتوچۆ وەکوو مارێ بجووڵێتەوە پەلاماری خەڵك بدا، وەکوو خودای تەعالا لە باسی ساحیرەکانی فیرعەوندا فەرموویەتی: ﴿يخيل إليه من سحرهم أنها تسعى﴾ وە حەزرەتی مووساعليه السلام لە دڵدا لێیان ترسا.

بە کورتی جادووگەر بە هەموو بەشەکانیەوە بریتییە لە کەسانێ کە بە هۆی پەیوەندی لەگەڵ ئەرواحی پیسی شەیاتیندا و بە هۆی ریازاتی ناشەرعییەوە و بە هۆی بازێ بیر و باوەڕی نامەشرووعەوە، وە یا بە هۆی بازێ گومان و باوەڕی ناشەرعییەوە وەکوو باوەڕ بە تەئسیری ئەستێرە و جموجووڵی ئەوانەوە بگات بە بازێ ئاساری نامەشرووعی وا کە زیان لە بێ‌تاوانان بدا.

www.iqra.ahlamontada.com

وە جیاوازی لە نێوان جادووی جادووگەران و موعجیزەی پێغەمبەرانا لە رووناکی رۆژ دیاریترە.

یەکەم: ئەمە کە سیحر لە موکتەسەباتە و شتێکە بە کەسب و خوێندن و لە وەختی بەجێ‌هێنانی ئاساریشیا هەر بە کەسبی «مقدمات»ە بەڵام موعجیزەی پێغەمبەران عليهم السلام بە ئیمدادی خودایی و فیووزاتی ئەو و بەخششی پەنامەکییە و بە کەم و زۆر پەیوەندی بە کەسبەوە نییە.

دووهەم: موعجیزەی پێغەمبەران عليهم السلام وا لەگەڵ بیر و باوەڕی پاك و کردەوەی چاك و خوو و رەوشتی بەرزا، مەبەست لە خوو و رەوشتی بەرز ئەوانەیە کە ئادەمیزادی میانەی هۆشیار بە لایەوە باش بن، وەکوو راستی و ئەمینی و داوێن پاکی و زمان پاکی و دڵسۆزی و خزمەتکردنی ئادەمیزاد و کەرەم و وەفا... و ئەمانە هەموو سیفەتی پێغەمبەرانن، بەڵام جادووگەران گیرۆدەی بیر و باوەڕ و کردەوە و خوو و رەوشتی ناشیرین و ناپەسەندن.

هەر بەم فەرقانە فەرق ئەخرێ لە بەینی کەرامەتی ئەولیا و جادووی جادووگەراندا، کە واتە هەر شتێ لە شێوەی کەرامەت لەسەر دەستی ئینسانی فاسقدا پەیدا ببێ ئەوە «ئیستیدراج»ە.

﴿وَلَقَدْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِى فَٱضْرِبْ لَهُمْ طَرِيقًا فِى ٱلْبَحْرِ يَبَسًا لَّا تَخَٰفُ دَرَكًا وَلَا تَخْشَىٰ ﴿٧٧﴾﴾

بە راستی پاش ئەو کارەساتە وەحیمان نارد بۆ لای مووسا کە شەوڕەوی بکە بە بەندەکانم، واتە «بنی‌اسرائیل»، وە لە دەریای نیلدا رێگەیەکی وشکی بێ‌ئاویان بۆ بکەرەوە، ئیتر لەوە مەترسە کە سوپای فیرعەون پێتان بگەن و مەیش‌ترسە لە زیانی پاش دەرچوون لەو ئاوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ بِجُنُودِهِۦ فَغَشِيَهُم مِّنَ ٱلْيَمِّ مَا غَشِيَهُمْ ﴿٧٨﴾ وَأَضَلَّ فِرْعَوْنُ قَوْمَهُۥ وَمَا هَدَىٰ ﴿٧٩﴾﴾

جا فیرعەون لەشکری خۆی بە شوێنیانا برد و پاش ئەوە کە تەماشای کرد بەنی‌ئیسرائیلیەکان بە ناو دەریای نیلدا بە بێ‌زیان ئەڕۆن ئەمیش کەوتە دوایان هەتا گەیشتنە ناو ئاوەکە، کوتوپڕ شەپۆلی ئەو دەریایە داگیری کردن و هات بەسەریانا ئەوەی کە هات بەسەریانا لە ئاوی ئەو دەریایە. وە فیرعەون بەم کەوتنە شوێنی مووسا و بەنی‌ئیسرائیلە گەلەکەی خۆی گومڕا کرد و شارەزای نەکردن بۆ ڕێگەی ڕزگاری، ئەگەرنا ئەوانیش نەدەخنکان وەکوو مووسا و کۆمەڵەکەی. وە یاخود بەم دوژمنایەتی فیرعەونە بۆ مووسا و هاروون گەلەکەی خۆی گومڕا کرد و ڕێگەی ڕاست و ئایینی ڕاستی پیشان نەدان.

﴿يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ قَدْ أَنجَيْنَٰكُم مِّنْ عَدُوِّكُمْ وَوَٰعَدْنَٰكُمْ جَانِبَ ٱلطُّورِ ٱلْأَيْمَنَ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْمَنَّ وَٱلسَّلْوَىٰ ﴿٨٠﴾﴾

ئەی بەنی‌ئیسرائیل بە ڕاستی منەتی من زۆرە لەسەرتان، وەك لەسەر زمانی مووسا هەندێکمان بۆ گێڕانەوە و وتمان، من ئێوەم ڕزگار کرد لە دوژمنەکەتان کە فیرعەون و سوپاکەی بوو وەعدەمان پێدان (واتە بە مووسا کە گەورەیانە) بە نازڵکردنی تەورات لە لایەنی ڕاستی کێوی توورەوە لە کاتی بڕیاردراودا و قەرارمان دا کە گەزۆ و شەلاقە ببارێنین بەسەرتانا لە کاتی سەرگەردانیدا لە دەشتی سینادا.

﴿كُلُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ وَلَا تَطْغَوْا۟ فِيهِ فَيَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبِى ۖ وَمَن يَحْلِلْ عَلَيْهِ غَضَبِى فَقَدْ هَوَىٰ ﴿٨١﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە بخۆن لە خواردەمەنییە بەلەزەتەکان لەوەی کە کردوومە بە ژیوارتان و لە حەق لامەدەن، واتە بە حەرام پەیدای مەکەن و دەس بلاوی تێدا مەکەن و لە حەراما سەرفی مەکەن هەتا ببێ بە هۆی ئەوە کە رق و قاری من نازڵ ببێتە سەرتان، وە هەرکەسێ قاری منی بێتەسەر و من رقم لێی هەڵسێ ئەوە کەوتوو و داماو و بە هیلاکچوو ئەبێ.

﴿وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ثُمَّ ٱهْتَدَىٰ ﴿٨٢﴾﴾

وە بە راستی من تاوانبەخشم بۆ ئەو کەسە کە تۆبە بکا و بگەڕێتەوە بۆ لای خودا و ئیمان و باوەڕی بە دین هەبێ و کردەوەی باش بکا و لە پاش ئەمانە بەردەوام بێ لەسەر رێڕەو و رێگەی راستی خۆی.

﴿وَمَآ أَعْجَلَكَ عَن قَوْمِكَ يَٰمُوسَىٰ ﴿٨٣﴾ قَالَ هُمْ أُولَآءِ عَلَىٰٓ أَثَرِى وَعَجِلْتُ إِلَيْكَ رَبِّ لِتَرْضَىٰ ﴿٨٤﴾﴾

حەزرەتی مووسا لە پاش ئەوەی لە ئاوی نیل پەڕییەوە و بەنیئیسرائیلی لە سینادا دامەزراند لەگەڵ کۆمەڵێکی حەفتا کەسی لە ئەشرافی بەنیئیسرائیلدا رۆیشت بۆ کێوی توور بۆ ئەوە کە کتێبی خودایی وەربگرێ، جا کاتێ نزیکی توور بوونەوە حەزرەتی مووسا لە بەر ئیشتیاقی خۆی، گەلەکەی بەجێهێشت و رۆیشت بۆ شوێنی گفتوگۆکەی، لەوێدا خودا بە میهرەبانی خۆی پرسیاری لێ کرد: بۆچی لە گەلەکەت پێشکەوتی و ئەوانت بەجێهێشت؟ ئەویش عەرزی کرد: خودایە گەلەکەم ئەوەتا وا بە شوێنما دێن، بەڵام من لە هاتندا پەلەم کرد بۆ لای تۆ بۆ ئەوە زووتر بەندەیی خۆم رابگەیەنم لە حوزووردا، بەڵکوو لێم رازی ببی.

﴿قَالَ فَإِنَّا قَدْ فَتَنَّا قَوْمَكَ مِنۢ بَعْدِكَ وَأَضَلَّهُمُ ٱلسَّامِرِىُّ ﴿٨٥﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

خودا فەرمووی: ئەی مووسا پاش ئەوە کە تۆ گەلەکەت بەجێهێشت ئێمە ئەوانمان گیرۆدەی دەردی ناهەمواری دڵ تێکدەر کرد و «سامری» هۆی ئەوە بوو کە ئەوان کەوتنە ئەو فیتنەوە و گومڕای کردن و تووشی ئازاری کردن.

﴿فَرَجَعَ مُوسَىٰٓ إِلَىٰ قَوْمِهِۦ غَضْبَٰنَ أَسِفًاۚ قَالَ يَٰقَوْمِ أَلَمْ يَعِدْكُمْ رَبُّكُمْ وَعْدًا حَسَنًاۚ أَفَطَالَ عَلَيْكُمُ ٱلْعَهْدُ أَمْ أَرَدتُّمْ أَن يَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبٌ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَخْلَفْتُم مَّوْعِدِى ﴿٨٦﴾﴾

جا مووسا پاش وەرگرتنی تەورات گەڕایەوە بۆ لای گەلەکەی بە حاڵی قار و ئازاری دەروون و خەمەوە و کۆمەڵەکەیش لەگەڵیا هاتنەوە، کاتێ گەیشتن بە جێگەی گشتی حەزرەتی مووسا رووی کردە بەنیئیسرائیلیەکان و فەرمووی: ئەی کۆمەڵی من ئایا خودای تەعالا وادەی باشی نەدا بە ئێوە و نەیفەرموو کە من لەگەڵ کۆمەڵی ئێوە بڕۆم بۆ توور هەتا کتێبی یاسای دین و دنیاتان بۆ بێنم و بۆ خۆمان لەسەر خودا پەرستی بژین و بمرین؟ ئایا ماوەی جیا بوونەوەی من لە ئێوە درێژەی کێشا زیاد لەوە بڕیارمان دابوو؟ یا هەر ویستتان کە قاری خودا بباری بەسەرتانا وەها کە موخالەفەی ئەو پەیمانەتان کرد کە لەگەڵ مندا بەستبووتان، وا خۆتان بەدبەخت کرد بە گوێرەکەپەرستی؟

﴿قَالُوا۟ مَآ أَخْلَفْنَا مَوْعِدَكَ بِمَلْكِنَا وَلَٰكِنَّا حُمِّلْنَآ أَوْزَارًا مِّن زِينَةِ ٱلْقَوْمِ فَقَذَفْنَٰهَا فَكَذَٰلِكَ أَلْقَى ٱلسَّامِرِىُّ ﴿٨٧﴾ فَأَخْرَجَ لَهُمْ عِجْلًا جَسَدًا لَّهُۥ خُوَارٌ فَقَالُوا۟ هَٰذَآ إِلَٰهُكُمْ وَإِلَٰهُ مُوسَىٰ فَنَسِىَ ﴿٨٨﴾﴾

قەومەکە لە وەڵامی حەزرەتی مووسادا بە شێوەی عوزر هێنانەوە عەرزیان کرد: ئێمە خۆمان لە خۆمانەوە بە ئارەزووی نەفسی خۆمان موخالەفەی پەیمانی تۆمان

www.iqra.ahlamontada.com

نەکرد، بەڵام خۆت ئەزانی ئێمە چەن بارێکی زۆرمان خشڵ و زێڕی قیبتییەکان بە کۆڵەوە بوو کە ژنەکانمان بە شێوەی خواستەمەنی هێنابوویان بۆ خۆجوانکردنی ژنان لە رۆژی جەژنی یاساییدا و سامیری زەڕەنگەر هات بە ناوی ئامۆژگاری ئایینەوە پێی وتین: ئەم زێڕی ژنانە ماڵی کافرانە و بۆ ئێمە رەوا نییە لەبەر ژنەکانمانا بێ و باوەڕم وایە مووسا لە شوومی و نەگبەتی ئەم ماڵە حەرامە کە لای ئێمەیە وا دواکەوت و لە کێوی توور ماتڵ بوو، چاك وایە کە بیانهاوینە ناو ئاگرەوە، ئێمەیش هەموو خشڵەکەمان فڕەدایە ناو ئەو شوێنەوە ئەو نیشانی داین و «سامیری»یش هەرچی لەلا بوو لە زێڕ و خشڵ فڕەی دایە ناو ئاگرەکە.

وە لەبەر ئەوە کە سامیری زەڕنگەرێکی زۆر کارامە بوو ئەو زێڕانەی هەموو تواندەوە و قاڵبێکی بە ئەندازەی لەشی گوێرەکە بۆ دروست کرد و ئەو زێڕە تواوەیە هەموو رژاندە ناو قاڵبەکەوە و لە پاش ساردەوە بوونی لەشی گوێرەکەیەکی لێ دەرچوو کە لەشێ بوو قوڕەی ئەهات وەکوو گوێرەکەی راستەقینە.

وە پاش ئەوە ئەو گوێرەکەی بەو شێوە دەرکرد وتی بە بەنیئیسرائیل: ئەمە خودای ئێوە و خودای مووسایە و مووسا بەمەی نەزانیوە و لە بیری چووە کە خودای ئەوە بۆیە رۆیشتووە بۆ کێوی توور بە شوێنیا ئەگەڕێ.

﴿أَفَلَا يَرَوْنَ أَلَّا يَرْجِعُ إِلَيْهِمْ قَوْلًا وَلَا يَمْلِكُ لَهُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا ﴿٨٩﴾﴾

ئایا ئەم گەلە نەفامە لەوە ئاگادار نین کە ئەم گوێرەکەیە وەڵامی قسەیەکیان ناداتەوە و لە واقیعیشدا خاوەنی سوود و زیانێ نییە بۆ ئەوان؟ واتە: هەر شتێ کە بە جێگەی هانا و هاوار دابنرێ ئەگەر مادی بێ ئەوە پێویستە هۆش و گۆش و قسە و باس و دەرس و تالیمێکی ببێ هەتا ئینسان بکەوێتە شوێنی، وە ئەگەر غەیبی بێ و بە دەلیل دۆزرابێتەوە پێویستە دەستەڵات و هێزێکی ببێ کە بەو هێزە قازانج و زیان

www.iqra.ahlamontada.com

بگەیەنێ، قازانج بۆ دۆست و زیان بۆ دوژمن، وە ئەم گوێرەکە کە مادییە لە بارەی یەکەم بێبەشە و لە بابەتی مەعنەویات و غەیبیاتیشەوە لە بارەی دووهەم بێبەشە، کە وابێ پەرستنی شتی وا شایاوی ژیر نییە، بەس ئەو گەلە بەدبەختە لەبەر خوو گرتنیان بە بتپەرستییەوە بازێ لە قیبتییەکان و بە تایبەتی ئەوانەی لەم بەری نیل دانیشتبوون بەم جۆرە گومانە گومڕا بوون.

پەنا بە خودا لە بای ئیشتیباه     لە نەفامی دڵ لە چارەی سیاه

﴿ وَلَقَدْ قَالَ لَهُمْ هَٰرُونُ مِن قَبْلُ يَٰقَوْمِ إِنَّمَا فُتِنتُم بِهِۦ ۖ وَإِنَّ رَبَّكُمُ ٱلرَّحْمَٰنُ فَٱتَّبِعُونِى وَأَطِيعُوٓا۟ أَمْرِى ﴿٩٠﴾ ﴾

وە بە راستی حەزرەتی هاروون کاتێ ئاگاداری ئەو رووداوە نابارە بوو پێی فەرموون: بە راستی ئێوە تووشی فیتنە و دڵ تێکچوون و باوەڕی خراپ بوون بە هۆی ئەم گوێرەکە دارێژاوەوە و، خودای ئێوە ئەو خودا میهرەبانەیە کە ئێوەی لەو هەموو کوشتار و سوخرە و کاری ناهەموار و بێگارە و سووك کردنە رزگار کرد، دەی بکەونە شوێن من و فەرمانی من وەربگرن.

﴿ قَالُوا۟ لَن نَّبْرَحَ عَلَيْهِ عَٰكِفِينَ حَتَّىٰ يَرْجِعَ إِلَيْنَا مُوسَىٰ ﴿٩١﴾ ﴾

ئەوانیش وتیان بە هاروون: قەت واز لەم گوێرەکە پەرستییە ناهێنین تا مووسا دێتەوە بۆ لامان، جا ئەوسا ئەگەر ئەو مەنعی کردین لە پەرستیاری ئەو گوێرەکە تەرکی ئەکەین.

﴿ قَالَ يَٰهَٰرُونُ مَا مَنَعَكَ إِذْ رَأَيْتَهُمْ ضَلُّوٓا۟ ﴿٩٢﴾ أَلَّا تَتَّبِعَنِ ۖ أَفَعَصَيْتَ أَمْرِى ﴿٩٣﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

کاتێ حەزرەتی مووسا هاتەوە بۆ ناو قەومەکەی بە دڵگرانی و زویرییەوە فەرمووی بە هاروون: ئەوە چی تۆی مەنع کرد لەو کاتەدا کە تەماشات کرد گومڕا بوون بە هۆی ئەو گوێرەکە ناموبارەکەوە لەوە کە بکەویتە شوێن یاسای من لە بانگ کردنی خەڵکا بۆ خودا پەرستی ئایا تۆ نافەرمانی ئەمری منت کرد؟ وە بە توندی نەوی لە مووی سەری و مووی ریشی راکێشا و ئازاری گەیاند بە هاروون.

﴿ قَالَ يَبْنَؤُمَّ لَا تَأْخُذْ بِلِحْيَتِي وَلَا بِرَأْسِيٓ إِنِّي خَشِيتُ أَن تَقُولَ فَرَّقْتَ بَيْنَ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ وَلَمْ تَرْقُبْ قَوْلِي ﴿٩٤﴾ ﴾

حەزرەتی هاروونیش بە تکاوە بانگی کرد لە مووسا و فەرمووی: ئەی کوڕی دایکم مووی ریشم مەگرە و مووی سەرم رامەکێشە و ئازارم مەدە، من بۆیە لە ئامۆژگاری بەولاوە هیچم نەکرد ترسام ئەگەر هاوار ببەم بۆ بەنیئیسرائیل و بازێکیان بێنم بۆ سەر گوێرەکەپەرستەکان و لێیان بدەن و مەنعیان بکەن کە ئەو قەومە ببن بە دوو بەشەوە و تۆیش بڵێیت: تۆ بەنیئیسرائیلت لە یەك جیا کردەوە و تەماشای قسە و دەرسی منت نەکرد ئەو قسە کە پێم وتی لە جێگەی مندا دانیشە لە ناو گەلەکەما و چاودێرییان بکە.

﴿ قَالَ فَمَا خَطْبُكَ يَٰسَٰمِرِيُّ ﴿٩٥﴾ ﴾

جا کاتێ مووسا ئاگادار بوو لەوە کە فیتنەکە هەمووی بە هۆی سامیرییەوە بووە رووی کردە سامیری و پێی وت: پێم بڵێ ئەی سامیری مەبەستت چی بوو چیت ئەوێ لەم ئیشە ناپەسەندە کە کردت؟

﴿ قَالَ بَصُرْتُ بِمَا لَمْ يَبْصُرُواْ بِهِۦ فَقَبَضْتُ قَبْضَةً مِّنْ أَثَرِ ٱلرَّسُولِ فَنَبَذْتُهَا وَكَذَٰلِكَ سَوَّلَتْ لِي نَفْسِي ﴿٩٦﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

سامیری وەڵامی حەزرەتی مووسای داوە و وتی: من ئاگادار بووم لەو شتە کە خەڵك ئاگایان لێ نەبوو، واتە تەماشای ئەو حەیوانەم کرد کە جوبرەئیل سواری بووبوو ئەمبینی پێی لە هەر لایێ دائەنا خاکی ژێر پێی سەوز ئەبوو، یانی گیای لێ ئەڕوا و حاڵی بووم کە شوێن پێی ئەو حەیوانە نهێنییەکی ژیانی تیایە، جا مشتێ خۆڵم لە شوێن پێی وڵاخەکەی هەڵگرت و ئەو خۆڵەم فڕەدایە ناو ئاڵتوونە تواوەکە کە کردبوومە ناو قاڵبەکە، وە نەفسم وای بۆ ڕێکخستم و خودای تەعالا گیانی کرد بە بەرا.

﴿قَالَ فَٱذۡهَبۡ فَإِنَّ لَكَ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ أَن تَقُولَ لَا مِسَاسَۖ وَإِنَّ لَكَ مَوۡعِدٗا لَّن تُخۡلَفَهُۥۖ وَٱنظُرۡ إِلَىٰٓ إِلَٰهِكَ ٱلَّذِي ظَلۡتَ عَلَيۡهِ عَاكِفٗاۖ لَّنُحَرِّقَنَّهُۥ ثُمَّ لَنَنسِفَنَّهُۥ فِي ٱلۡيَمِّ نَسۡفًا ٩٧﴾

جا حەزرەتی مووسا لە خودا پاڕایەوە کە حاڵەتێکی وا بدا بەسەر سامیریدا هەتا لە دنیادا ماوە هەرکەسێ دەستی بکەوێ لە لەشی هەردووکیان تووشی «تا» ببن، وە خودای تەعالا دوعاکەی گیرا کرد، جا مووسا فەرمووی بە سامیری: بڕۆ دوور بکەوەرەوە لەم کۆمەڵە و ئەوە بەشت بێ لە ماوەی ژیندا کە بانگ بکەی لە خەڵکی بڵێی «کەس نزیکم نەکەوێ و دەستم لێ نەدا!» هەتا نەخۆش نەکەون و بە ڕاستی کات و وەختێکیش بۆ سزادانی تۆ دانراوە کە لێی ڕزگار نابی کە ڕۆژی قیامەتە، وە سەیری ئەو بتەیش بکە کە ئەتپەرست و بەسەریا کەوتبووی، وەڵڵاهی بە تەواوی ئەیسووتێنم و پاش ئەوە هەڵی ئەوەشێنم بەسەر ئاوی دەریادا بە هەڵوەشاندن، وە حەزرەتی مووسا ئەو قەوارەی گوێرەکەیە بە ئاگر سووتان و خۆڵەکەی وەشاند بە ڕووی دەریادا.

www.iqra.ahlamontada.com

بزانن! خاوەن تەفسیرەکان دەربارەی گوێرەکەی بەنی‌ئیسرائیل دوو بیریان هەیە:

یەکەم: ئەو گوێرەکەیە گیانی چوو بە بەرا و بە فەرمانی خودای تەعالا بوو بە گوێرەکەیەکی تەواو و زاهیری ئایەتی: ﴿قال: بصرت بما لم يبصروا به..﴾ لەسەر ئەم بیرەیە.

دووەم ئەمەیە: کە ئەو گوێرەکە زیندوو نەبوو بەڵکوو هەر قەوارەکەی قەوارەی گوێرەکە بوو، وە بە هۆی سەنعەتەوە کارێکی وەهای کردبوو کە بە گوێرەی دەسلێدانێ یاخود بازێ کردەوەی تایبەتییەوە دەنگی لێوە ئەهات.

وە زاهیری ئایەتی: ﴿لنحرقنه﴾ لەسەر ئەم مەعنایە؛ چونکی دروست نییە هیچ گیانلەبەرێ بە ئاگر بسووتێنرێ و سزادان بە ئاگر هەر بۆ زاتی خودایە و کەس بۆی رەوا نییە گیانلەبەران بسووتێنێ.

﴿إِنَّمَآ إِلَٰهُكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ وَسِعَ كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًا ﴿٩٨﴾﴾

ئەوەك خودای ئێوەیە مەگەر ئەو خودایە کە ناوی «اللّٰه»یە و هیچ مەعبوودێ راست و حەق نییە ئەو نەبێ و هەموو شتێکی داگرتووە لە هۆی زانیارییەوە.

﴿كَذَٰلِكَ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ مَا قَدْ سَبَقَ ۚ وَقَدْ ءَاتَيْنَٰكَ مِن لَّدُنَّا ذِكْرًا ﴿٩٩﴾﴾

بەو جۆرە کە باسی مووسا و بەنی‌ئیسرائیلم بۆ گێڕایەتەوە ئەگێڕینەوە بۆ تۆ لە ئەخبار و سەرگوزەشتەی ئەوئادەمیزادانە کە پێش زەمانی تۆ کەوتوون لەبەر چاو روونی و زانیاری تۆ و بۆ زۆر کردنی موعجیزاتی تۆ لە جیهانا و بە راستی کتێبێکمان بۆ ناردی و مەوسووعەیەکمان لە لایەنی خۆمانەوە پێدای کە هەموو ئەو باسانەی تیادابێ و لە عەینی حالا ئەو کتێبە ئەوانەی تێدایە زیکرە بۆ خودا و خوێندنەوەی عیبادەتە و یادە بۆ تۆ و بۆ ئوممەتی ... و سەعادەتە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿مَّنْ أَعْرَضَ عَنْهُ فَإِنَّهُۥ يَحْمِلُ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ وِزْرًا ﴿١٠٠﴾﴾

هەرکەسێ ئیعراز بنێ و روو هەڵچەرخێنێ و تەنیشت هەڵسوورێنێ لەو زیکرە و باوەڕی پێی نەبێ ئەوە لە رۆژی قیامەتا بارێکی قورس هەڵئەگرێ لە تاوانباری و شەرمەساری.

﴿خَـٰلِدِينَ فِيهِ ۖ وَسَآءَ لَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ حِمْلًا ﴿١٠١﴾﴾

حاڵیان وەهایە ئەمێننەوە لەو کارەدا و لە ژێر ئەو بارەدا هەتا هەتایە و ئەو بارە زۆر زۆر خراپ و نابارە بۆ ئەوان لە هۆی هەڵگرتنەوە.

﴿يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ ۚ وَنَحْشُرُ ٱلْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ زُرْقًا ﴿١٠٢﴾ يَتَخَـٰفَتُونَ بَيْنَهُمْ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا عَشْرًا ﴿١٠٣﴾﴾

لەو رۆژەدا کە فوو ئەکرێ بە «سوور»ا و تاوانبارەکان لە گۆڕ هەڵئەستێنین و گردیان ئەکەینەوە بە حاڵی چاوشینی یانی کوێری و نابینایی لە ناو خۆیانا لەو رۆژەدا بە پەنامەکی قسە ئەکەن و ئەڵێن: ئێوە لە دنیادا نەماونەتەوە دە رۆژێ نەبێ.

﴿نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ إِذْ يَقُولُ أَمْثَلُهُمْ طَرِيقَةً إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا يَوْمًا ﴿١٠٤﴾﴾

ئێمە زاناترین لە هەموو کەسێ بەوەی لە ناو خۆمانا ئەیڵێین لەو کاتەدا کە زاناتر و ماقووڵتریان لە رێگەی حورمەت و ئیعتیبارەوە ئەڵێت بە هاوڕێکانی: ئێوە لە دنیادا نەماونەتەوە تاقە رۆژێ نەبێ، جا ئەم کەم تەماشا کردنی ماوەی مانەوەیانە لە دنیادا یا لەبەر ئەوەیە مەدهۆش بوون و ئاگایان لە ماوەی مانەوەیان نییە و نامێنێ، وە یا بە نیسبەتی ماوەی نەبڕاوەی قیامەتەوەیە.

﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْجِبَالِ فَقُلْ يَنسِفُهَا رَبِّى نَسْفًا ﴿١٠٥﴾ فَيَذَرُهَا قَاعًا صَفْصَفًا ﴿١٠٦﴾ لَّا تَرَىٰ فِيهَا عِوَجًا وَلَآ أَمْتًا ﴿١٠٧﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

پرسیارت لێ ئەکەن لە وەزعی کێوەکان لە کاتی فوو کردن بە «سوور»ا تۆ ئەی خۆشەویست پێیان بڵێ: خودای تەعالا ئەو کێوانە پرژ و بڵاوئەکاتەوە، واتە ئەیانهاڕێ بە یەکا وەکوو وردە لمی رووبار جا بە فەرمانی ئەو با هەڵیان ئەگرێ و بە ئاسمانا بڵاویان ئەکاتەوە و جێگەکەیان ئەکا بە دەشتێکی راست و بێقورت و گرێ و کۆسپ، بە جۆرێ ئەگەر تۆ بە ئامرازی هەندەسە بۆی بڕوانی لاری و ناڕێکی و بەرزی و نزمی تێدا نابینی.

﴿يَوْمَئِذٍ يَتَّبِعُونَ ٱلدَّاعِىَ لَا عِوَجَ لَهُۥ ۖ وَخَشَعَتِ ٱلْأَصْوَاتُ لِلرَّحْمَـٰنِ فَلَا تَسْمَعُ إِلَّا هَمْسًا ﴿١٠٨﴾﴾

لەو رۆژەدا ئەکەونە شوێنی ئەو مەئموورە بانگیان ئەکا بۆ کۆمەڵگا بە جۆرێ هیچ بانگکراوێ لاری لاساری گوێنەگر نییە بۆ ئەو بانگکەرە؛ چونکی هەمووی وەکوو راکێشراوی هێزی کارەبا وەها مەجبوورن بۆ دەرچوون و کەوتنە رێگا، وە دەنگی خاوەن دەنگان نزم ئەبێتەوە لە ترسی خودای میهرەبان و نابیسی دەنگێکی پەنامەکی ژێرلێوی نەبێ.

﴿يَوْمَئِذٍ لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَـٰعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَـٰنُ وَرَضِىَ لَهُۥ قَوْلًا ﴿١٠٩﴾﴾

لەو رۆژەدا کە ئەو کارەساتە روو ئەدا شەفاعەت و تکاکاری قازانج ناگەیەنێ شەفاعەت و تکاکاری کەسێکی خاوەن رێزی وا نەبێ کە ماوەی قسە کردن و تکا کردنی پێدرابێ بۆ داوای لێ خۆشبوون لە تاوانباران. یاخود تکا قازانج بە هیچ تاوانبارێ نادا مەگەر ئەوەی کە خودا ئیجازەی داوە تکای بۆ بکرێ و رازی بووە بە قسە و پاڕانەوەی بۆ عەفو کردن.

﴿يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلْمًا ﴿١١٠﴾﴾ ۞

www.iqra.ahlamontada.com

ئه‌و خودایه که ئه‌ونه زانایه و ئاگاداره ئه‌زانێ به هه‌ر حاڵ و ئه‌حواڵێ که بوویانه له پێشدا و له دوادا.

واته‌زانایه به هه‌ر حاڵێ بێ ‌ ‌ ‌ ‌ چ رابوردبێ چ له‌مه‌ولا بێ

به‌ڵام ئه‌وان ناتوانن ئیحاته بده‌ن به زات و سیفات و ئه‌فعالی خودادا به زانیاری.

زه‌ره‌یێ ون بێ کاتی سیاهی ‌ ‌ ‌ ‌ نازانێ حاڵی «لا متناهی»

﴿وَعَنَتِ ٱلْوُجُوهُ لِلْحَيِّ ٱلْقَيُّومِ ۖ وَقَدْ خَابَ مَنْ حَمَلَ ظُلْمًا ﴿١١١﴾﴾

له‌و رۆژه‌دا که رۆژی حسێب و میزانه و کاتی ده‌رکه‌وتنی تاعه‌ت و تاوانه هه‌موو خاوه‌ن روخساریێ و هه‌موو حورمه‌تدارێ کز ئه‌بێ له‌به‌ر باره‌گای گه‌وره‌یی ئه‌و خودایه که زیندووه هه‌تا هه‌تایه و راگری هه‌موو دنیایه، وه به راستی نائومێد و به‌دبه‌خت و چاره ره‌شه ئه‌و که‌سه که باری کوفر و بێ‌ئیمانی هه‌ڵگرتبێ.

﴿وَمَن يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَا يَخَافُ ظُلْمًا وَلَا هَضْمًا ﴿١١٢﴾﴾

وه هه‌رکه‌سێ کرده‌وه‌ی په‌سه‌ند بووبێ و له کاره باشه‌کان بازێکی به نرخی کردبێ، وه‌لحاڵ کرده‌وه‌که‌ی له‌گه‌ڵ ئیمان و باوه‌ڕا بووبێ، ئه‌وه له‌وه ناترسێ که سته‌می لێ بکرێ و حه‌قه‌که‌ی زایه ببێ و ناترسێ له‌وه که که‌م و کووڕی بکه‌وێته ئه‌و جه‌زایه‌وه که له «دارالقضا»دا بۆی بڕیار دراوه .

﴿وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَـٰهُ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا وَصَرَّفْنَا فِيهِ مِنَ ٱلْوَعِيدِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ أَوْ يُحْدِثُ لَهُمْ ذِكْرًا ﴿١١٣﴾﴾

وه به وێنه‌ی ناردنی ئه‌م ئایه‌تانه که ره‌هنموونی ئاده‌میزاد ئه‌که‌ن بۆ ئه‌حواڵی حه‌شر و حسێب و میزان، وه‌ها ئه‌م کتێبه‌مان ره‌وانه کردووه بۆ لای تۆ که حاڵی

www.iqra.ahlamontada.com

وەهایە قورئانێکە بە زمانی گەلەکەی تۆیە کە عەرەبن، وە لەو قورئانەدا بە گەلێ جۆری جیاواز هەڕەشەمان تێدا کردووە لە تاوانباران بە هیوای ئەوە کە ئەو گەلە لە خودا بترسن بە ترساندنێکی وا مەنعیان بکا لە تاوان کردن یاخود بە وەعز و ئیرشاد یادێ بخاتە دڵیانەوە.

﴿فَتَعَـٰلَى ٱللَّهُ ٱلْمَلِكُ ٱلْحَقُّ﴾

دەی زۆر گەورەیە ئەو خودایە کە ناوی «اللّٰه»یە و پادشاهێکی دامەزراوە و نیازمەندی کەس نییە.

﴿وَلَا تَعْجَلْ بِٱلْقُرْءَانِ مِن قَبْلِ أَن يُقْضَىٰٓ إِلَيْكَ وَحْيُهُۥ ۖ وَقُل رَّبِّ زِدْنِى عِلْمًا ﴿١١٤﴾﴾

وە پەلە پەل مەکە لە وەرگرتنی قورئانا لە جوبرەئیل بەر لەوە کە ئەو بە ساغی و سافی جوملەکان تەواو بکا، با جوملەکانتان لێ نەشێوێ و باش وەری بگرن، وە بڵێ: پەروەردگارا زانیاریم بۆ زیاد بکە، بۆ ئەوە کە بیرت باش ئەو ئایەتانە وەربگرێ و لە لای خۆی رایان بگرێ و بۆ ئەوە باش لە ماناکانیان ئاگادار ببێ.

﴿وَلَقَدْ عَهِدْنَآ إِلَىٰٓ ءَادَمَ مِن قَبْلُ فَنَسِىَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُۥ عَزْمًا ﴿١١٥﴾﴾

وە بە راستی لەمەوبەر ئامۆژگاری و پەیمانکاریمان کرد لەگەڵ ئادەمی باوکتانا ئەویش پەیمانەکەی لە بیر چووەوە و هێزی ئامۆژگاری راگرتنمان تێدا نەدی.

﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَـٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِـَٔادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ أَبَىٰ ﴿١١٦﴾﴾

وە باسی ئەوە بکە کە وتمان بە مەلائیکەکان: سوجدەی رێز ببەن بۆ ئادەم و ئەوانیش هەموویان سوجدەیان بۆ برد، شەیتان نەبێ، ئەو خۆی گرت لە بەجێ هێنانی ئەو فەرمانە و سوجدەی نەبرد بۆ ئادەم.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَقُلْنَا يَٰٓـَٔادَمُ إِنَّ هَٰذَا عَدُوٌّ لَّكَ وَلِزَوْجِكَ فَلَا يُخْرِجَنَّكُمَا مِنَ ٱلْجَنَّةِ فَتَشْقَىٰٓ ﴿١١٧﴾﴾

ئێمه‌یش وتمان به‌ ئاده‌م: ئه‌ی ئاده‌م ئه‌م شه‌یتانه‌ ناپه‌سه‌نده‌ دوژمنی تۆ و ژنه‌که‌ته‌، چونکی تۆ بووی به‌ هۆی ده‌رکرانی له‌ باره‌گای ره‌حمه‌ت و، بۆ ژنه‌که‌یشت؛ چونکه‌ به‌ هۆی هه‌ردووکتانه‌وه‌ گه‌لێ نه‌ته‌وه‌ له‌ جیهانا ئه‌که‌وێته‌وه‌ و به‌نده‌یی بۆ خودا ئه‌که‌ن، ده‌ی ئاگادار بن له‌ خۆتان به‌ درۆ و ده‌له‌سه‌ و به‌ هۆی وه‌سوه‌سه‌وه‌ له‌ به‌هه‌شت ده‌رتان نه‌کا و بکه‌ونه‌ سه‌ر زه‌وی و به‌ هۆی ژیانه‌وه‌ تووشی ئازار ببن.

﴿إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعْرَىٰ ﴿١١٨﴾ وَأَنَّكَ لَا تَظْمَؤُا۟ فِيهَا وَلَا تَضْحَىٰ ﴿١١٩﴾﴾

به‌ راستی بۆ تۆ هه‌یه‌ له‌ به‌هه‌شتا ئه‌م چوار مایه‌ که‌ پایه‌ی ژیان و ژیواری به‌ختیارانن: تێری و، پۆشته‌یی و تینوونه‌بوون و، هه‌تاو نه‌دان له‌ پێستی ئینسان. واته‌ کراوه‌ به‌ ماڵ بۆ تۆ برسیت نه‌بێ له‌ به‌هه‌شتا، له‌ هه‌ر میوه‌یێ ئه‌خۆی بخۆ، وه‌ رووت نه‌بی له‌به‌ر ئه‌و پۆشاکی سه‌ده‌فی له‌شه‌ که‌ ئێسته‌ هه‌ته‌، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا که‌ تینووت نابێ و گه‌رما لێت نادا، وه‌ ئه‌م چوار مایه‌ که‌ بۆ تۆ بوون بۆ هاوڕێکه‌یشت هه‌ن و به‌ختیار پێکه‌وه‌ بێ‌که‌سب و زه‌حمه‌ت ئه‌ژین.

﴿فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ ٱلشَّيْطَٰنُ قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَىٰ شَجَرَةِ ٱلْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَّا يَبْلَىٰ ﴿١٢٠﴾﴾

جا شه‌یتان، له‌سه‌ر ئه‌ساسی ئه‌و مۆڵه‌ته‌ که‌ خودا پێیدابوو، که‌وته‌ هاتوچۆ و دوودڵ کردنی ئاده‌م و سوێندی بۆ خوارد که‌ من دڵسۆزم بۆتان و خودای ته‌عالا بۆیه‌ مه‌نعی کردوون له‌ به‌ری ئه‌و داره‌ که‌ هه‌تا هه‌تایه‌ ده‌وام نه‌که‌ن، به‌ڵام ئه‌گه‌ر

www.iqra.ahlamontada.com

گوێم لێ ئەگری من قسەت بۆ ئەکەم، وتی: باشە بڵێ، وتی: ئایا شارەزات بکەم بۆ سەر دارێ کە ئەگەر لە بەرەکەی بخۆی هەتا هەتایە دەوام بکەی و موڵکێکی وەهات دەس بکەوێ لە ناو نەچێ، واتە دارایی بەری ئەو دارە کە لێی ئەخۆن بە دەوامکردن لە بەهەشتا؟

﴿فَأَكَلَا مِنْهَا فَبَدَتْ لَهُمَا سَوْءَاتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ ٱلْجَنَّةِ ۚ وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ ﴿١٢١﴾﴾

جا پاش ئەو سوێند و پەیمانە ئادەم باوەڕی کرد و لەگەڵ دایکە حەوادا چوون لەبەری ئەو دارەیان خوارد کە مەشهوور وایە داری گەنم بووە، وە پاش ئەوە لەو گەنمەیان خوارد بە عادەت گیرۆدەی وەزعی ئادەمیزاد بوون وە ئەو پێستە سەدەفییە جوانە لەبەریانا بوو کشایەوە و نەما لەسەر لەشیان و عەورەتیان دەرکەوت و بە تالووکە دەستیان کرد بە گرد کردنەوەی گەڵاداری بەهەشت و خۆیان پێ داپۆشی، وە بە ڕاستی ئادەم لە فەرمانی خودا دەرچوو و ئەو مەتڵووبە باشە کە مانەوە بوو لە بەهەشتا لە دەستی دەرچوو و قەزاکە ڕابورد.

﴿ثُمَّ ٱجْتَبَٰهُ رَبُّهُۥ فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَىٰ ﴿١٢٢﴾﴾

لە پاش ئەوە کە تیری قەزا لە کەوانی ئیرادە دەرچوو حەزرەتی ئادەم عليه السلام پەشیمانەوە بوو خودا ئادەمی هەڵبژارد و بە میهرەبانی چەن واتەیەکی لاڵە و پاڵەی نیشان دا وەکوو ئەوە فەرمووی: ﴿ربنا ظلمنا أنفسنا و إن لم تغفر لنا و ترحمنا لنكونن من الخاسرين﴾[١].

خودای تەعالا ئەو لاڵەیە لێ وەرگرت و تەوبەکەی قەبووڵ کرد و هیدایەتی دا بۆ دەوام لەسەر ئەو تەوبەیە و وەرگرتنی ئەسبابی عیسمەت.

١. الأعراف؛ ٢٣.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ قَالَ ٱهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًاۢ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدًى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَاىَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَىٰ ﴿١٢٣﴾ ﴾

جا خودای تەعالا پاش ئەوە کە ئادەمی عەفو کرد لەو فەرامۆش کردنی فەرمانە فەرمووی: تۆ و حەوای هاوڕێت داپەڕنە خوارەوە بۆ سەر زەوی بۆ ژیان و نەتەوە بڵاوکردنەوە بە جیهانا و بازێکتان ئەبێ بە دوژمن بۆ بازێ لەبەر ئەوە بە هۆی ژیوارەوە هەرکەسێ ئەیەوێ هەرچی باش بێ رایکێشێ بۆ خۆی و هەرچی ناهەموار بێ دووری بخاتەوە و ئەمەیش سەرئەکێشێ بۆ ئاشووب و ئاژاوە لە ناویانا، جا کاتێ هیدایەتی و رەهنموونییەك لە لایەنی منەوە هات بۆ لاتان، واتە کاتێ پێغەمبەرێکم نارد بۆ لاتان بۆ شارەزا کردنتان لەسەر چاکە و خراپە و فەرماندان بە چاكکرداری و دوورکەوتنەوە لە بەد کردەوەیی و بۆ چار کردنی گرێ و گۆڵی ناوتان هەرکەسێ لە ئێوە کەوتە شوێن ئەو هیدایەتە ئەوە قەت لە دنیادا گوم نابێ و بۆ پاشەڕۆژیش تووشی بەدبەختی نابێ.

﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾ ﴾

وە هەرکەسێ لەو هیدایەتە لادا کە هۆی یادی منە، واتە هەرکەسێ سەرکێشی کرد لە ئیمان و باوەڕ بەو پێغەمبەرە رەهبەرە و بەو کتێبە کە مایەی هیدایەتی ئادەمیزادە، ئەوە لە دنیادا ژیانێکی تەنگی هەیە، واتە لە دنیادا هەرچەن دارابێ هەر دڵتەنگ و بێتاقەت و بێئاسایشە و لە رۆژی قیامەتیشا بە چاو کوێری حەشری ئەکەین، یاخود بە کوێری بەسیرەت و عەقڵ و هۆش، یاخود بە کوێری لەو کاتەدا کە لە قەبر دەرئەچن هەتا ئەگەن بە مەیدانی حسێب.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِيٓ أَعْمَىٰ وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا ﴿١٢٥﴾ قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ
ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ ﴿١٢٦﴾﴾

جا ئەو کافرە ئەڵێ: خودایا بۆچی تۆ منت بە کوێری حەشر کردووە لەگەڵ ئەوەدا من لە دنیادا چاو ساغ بووم و چاوم ئەیبینا؟ خودای تەعالا لە وەڵاما فەرمووی: بۆیە وەها بە کوێری حەشرم کردی و ئازاری دڵم دای و موخالەفەی ئارەزووی تۆم کرد؛ چونکی تۆیش موخالەفەی فەرمانی منت کرد، ئەوە بوو ئایەتەکانی من ئەهاتن بۆ لات بە ڕووناکی و من حەزم وابوو کە تۆ بەکاریان بێنی کەچی تۆ فەرامۆشت کردن و باوەڕ و کارت پێ نەکردن و بێزار بووی لێیان وا تۆیش ئەمڕۆ لە بیر چوویتەوە و فەرامۆش کرایت.

﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي مَنْ أَسْرَفَ وَلَمْ يُؤْمِنۢ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ ۚ وَلَعَذَابُ ٱلْـَٔاخِرَةِ أَشَدُّ
وَأَبْقَىٰٓ ﴿١٢٧﴾﴾

هەروەها تۆڵە ئەسێنینەوە لەو کەسانە کە زیادەڕەوی ئەکەن و لە فەرمان دەرئەچن و ئیمان نایەنن بە ئایەتەکانی خودای خۆیان، واتە لە دنیادا بە دڵتەنگی و ژیواری بێ ڕووناکی ئەیانژێنین. وە بێگومان سزای پاشەڕۆژ سەختترە لە سزای دنیا و لە دڵتەنگی لە ژیانا و دەوامدارتریشە بۆ کافر هەتا هەتایە.

﴿أَفَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنَ ٱلْقُرُونِ يَمْشُونَ فِي مَسَٰكِنِهِمْ ۗ إِنَّ فِي
ذَٰلِكَ لَـَٔايَٰتٍ لِّأُو۟لِي ٱلنُّهَىٰ ﴿١٢٨﴾﴾

ئایا هێشتا هەر هیدایەتی ئەوانی نەداوە بۆ تەوانایی خودا و تۆڵەسەندنەوەی لە کافران ئەمە کە چەنهای چەن کۆمەڵە ئادەمیزادمان لە خەڵکی ئەو چەرخانە [کە] لە پێش زەمانی ئەوانا بووە لە ناو چوون و ئێستە ئەمان هاتوچۆ ئەکەن بە ماوا و

www.iqra.ahlamontada.com

نیشتمانی ئەوانا؛ بە راستی هەیە لە بەربادکردنی ئەوانا نیشانە و دەلیل لەسەر گەورەیی و دەستەلاتی خودا بۆ ئەوانە کە خاوەنی عەقلی ساغ و بیری رووناکن.

﴿وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَكَانَ لِزَامًا وَأَجَلٌ مُّسَمًّى ﴿١٢٩﴾﴾

وە ئەگەر وەعدەیێ دیاریکراو نەبوایێ و کاتێکی تایبەتی زانراو پێش نەکەوتایە لە لایەنی خودای تۆوە بۆ لە ناو بردنی ئەم کافرانە ئەوە هاتنی وێنەی سزای قەومە پێشووەکان بۆیان لازم و پێویست ئەبوو، بەلام مادام وادەی رابوردووە و کات مەعلووم کراوە ئەو سزا نایێ بۆیان هەتا کاتی خۆی.

﴿فَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا ۖ وَمِنْ آنَاءِ اللَّيْلِ فَسَبِّحْ وَأَطْرَافَ النَّهَارِ لَعَلَّكَ تَرْضَىٰ ﴿١٣٠﴾﴾

جا مادام وەهایە تۆ خۆت رابگرە و سەبر بکە لەسەر ئەو وتارە نابارانە کە ئەیلێن، وە نوێژ بکە بۆ خودای خۆت لەگەڵ سوپاس و ستایشدا لە پێش دەرکەوتنی رۆژا لە کەناری ئاسمانەوە، واتە نوێژی بەیانی، وە لە پێش ئاوابوونی رۆژا، واتە نوێژی نیوەڕۆ و عەسر، وە لە بازە کاتەکانی شەودا واتە نوێژی شێوان و خەوتنان، وە لە ئەترافی رۆژا یانی ئەوەڵ و ئاخر وەکوو بەیانی و ئێوارە. یاخود مەبەست لە نوێژی ﴿أطراف النهار﴾ نوێژی نیوەڕۆیە کە لە ئاخری نیوەی ئەوەڵ و ئەوەڵی نیوەی دووەمی رۆژایە.

لەسەر ئەم تەفسیرە مەبەست لە ﴿قبل الغروب﴾ هەر نوێژی عەسرە، بەڵکوو بە هۆی نوێژ کردن و بەندەیی کردنت لەم کاتانەدا خودای تەعالا ئەوەندە پایەت بەرز بکاتەوە و بە دڵخوازی خۆتت بگەیەنێ کە تۆ بە هەموو جۆرێ لە بەش و بارەی خۆت رازی ببی.

﴿وَلَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِ أَزْوَاجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ۚ وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ ﴿١٣١﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەی خۆشەویستم چاو بەرەڵا مەکە و مەڕوانە بۆ ئەو شتانە کە داومانە بە چەن کۆمەڵێ لەو کافرانە بۆ رابواردنی دنیا و کردوومانە بە هۆی جوانی بۆ ژیانی ئەمڕۆیان هەتا بەراوردیان بکەین و تاقییان بکەینەوە لەو ژیواریانەدا، وە ئەو رزقە و ئەو رۆزییە خودای تۆ داویە پێت بۆ رۆژی پاشەڕۆژی نەبڕاوەت، وە یا ئەو هیدایەتدان و شارەزا کردنی عالەمە بۆ رێگەی بەختیاری کە دراوەتە دەستی خۆت گەلێ چاترە لەوەی داومانە بەو کافرانە و زۆرتر دەوام ئەکا، بەڵکوو موناسەبەیان بە یەکەوە نییە.

﴿وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱصْطَبِرْ عَلَيْهَا ۖ لَا نَسْـَٔلُكَ رِزْقًا ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكَ ۗ وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلتَّقْوَىٰ ﴿١٣٢﴾﴾

وە ئەمر بکە بە دانیشتوانی خانەدانی خۆت، واتە ژن و کچ و خزمەتکارانت و ئەوانەی لە لای تۆ دائەنیشن، ئەمریان پێ بکە نوێژ بکەن بۆ ئەوە هەمیشە پەیوەندیتان بە خوداوە ببێ، وە ئەو نوێژانەیش بکەن بە هۆی نوورانییەتی دڵ و خۆ گرتن لە کاتی موشکیلاتا و دەوام لەسەر ئیمان و باوەڕی راست، وە خۆت بگرە لەسەر نوێژ کردن لە شەو و رۆژا و لە گەرما و سەرمادا و لە خۆشی و ناخۆشیدا، ئێمە داوا ناکەین رۆزی خۆت و دانیشتوانی خانەوادەی خۆت بدەی، بەڵکوو ئێمە رۆزی تۆیش و ئەوانیش ئەدەین، کە وابێ دڵی خۆت خاڵی بکە لە هەموو خەیاڵێ و هەر ئیتاعەی خودا بکە و بزانە کە ئەنجامی باش لە دنیا و قیامەتا بۆ ئەوانەیە کە خاوەن پارێزن لە تاوان و سەرگەرمی بەجێهێنانی فەرمانن.

﴿وَقَالُوا۟ لَوْلَا يَأْتِينَا بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّهِۦٓ ۚ أَوَلَمْ تَأْتِهِم بَيِّنَةُ مَا فِى ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ ﴿١٣٣﴾﴾

کافرەکان وتیان و ئەڵێن: ئەوە بۆچی موحەممەد ئایەتێکمان بۆ ناهێنێ لە لایەنی خودای خۆیەوە! ئایا ئەو ئایەتە ئەوان داوای ئەکەن تا ئێستە نەهاتووە بۆیان؟ ئایا

www.iqra.ahlamontada.com

ئەو قورئانەیان بۆ نەهاتووە کە شایەتە لەسەر راستی ئەوەی کە لە سوحوفی پێشوودا هەیە وەکوو سوحوفی ئیبراهیم و تەوراتی مووسا و ئینجیلی عیسا و باقی کتێبە ئاسمانییەکان؟

﴿ وَلَوْ أَنَّآ أَهْلَكْنَٰهُم بِعَذَابٍ مِّن قَبْلِهِۦ لَقَالُوا۟ رَبَّنَا لَوْلَآ أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا فَنَتَّبِعَ ءَايَٰتِكَ مِن قَبْلِ أَن نَّذِلَّ وَنَخْزَىٰ ﴿١٣٤﴾ ﴾

ئەگەر ئێمە ئەو کافرانەمان لە ناوبردایێ بە سزایێ لە پێش رەوانە کردنی موحەممەدا ﷺ ئەیانوت: خودایا بۆچی پێغەمبەرێکت بۆ نەناردین هەتا شوێنی بکەوتایەین و باوەڕمان بە ئایەتی تۆ بکردایە پێش ئەوە کە لە قیامەتا رسوا ببین!

﴿ قُلْ كُلٌّ مُّتَرَبِّصٌ فَتَرَبَّصُوا۟ ۖ فَسَتَعْلَمُونَ مَنْ أَصْحَٰبُ ٱلصِّرَٰطِ ٱلسَّوِىِّ وَمَنِ ٱهْتَدَىٰ ﴿١٣٥﴾ ﴾

تۆ ئەی خۆشەویست بفەرموو بەو کافرە بەدبەختانە: هەموو لایەك لە من و ئێوە چاوەڕێی دڵخوازی خۆی ئەکا. واتە ئێوە داوای ئەوە ئەکەن کافرەکان بفەوتێن و ئێوە لە جێگەی ئەوانا دابنیشن و دینی ئیسلام بڵاوبکەنەوە، وە کافرەکان چاوەڕێی ئەوە ئەکەن ئێمە لە ناوبچین، دەی چاوەڕێ بکەن جا لەمەولا ئەزانن کێن ئەوانە کە خاوەنی رێگەی راستن و کێن ئەوانە کە لە دینی ئیسلاما شارەزاییان پەیدا کردووە!

«الحمد الله» رزگار بووم لە تەفسیری سوورەتی «طه» لە شەوی چوارشەممەی سەرەتای مانگی قوربانی ١٣٩٨ی کۆچیدا کە رێکەوتی ١ ـ ١١ ـ ١٩٧٨ی زایینی ئەکات.

www.iqra.ahlamontada.com

**سووره‌تی ئه‌نبیا، مه‌ککه‌ییه‌، "١١٢" ئایه‌ته‌،**
**دوای سووره‌تی ئیبراهیم هاتووه‌ته‌ خواره‌وه‌.**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ٱقۡتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمۡ وَهُمۡ فِي غَفۡلَةٖ مُّعۡرِضُونَ ١﴾

نزیك بووه‌ته‌وه‌ بۆ ئه‌و كافرانی مه‌ككه‌یه‌ كاتی حسێبكردنی كرده‌وه‌یان له‌ قیامه‌تا؛ چونكی به‌ نیسبه‌تی زه‌مانی رابوردووه‌وه‌ كه‌مێ له‌ ته‌مه‌نی دنیا ماوه‌، وه‌لحاڵ هه‌ر وان له‌ بێ‌ئاگاییدا له‌ بیر و باوه‌ڕ و كرده‌وه‌ی خۆیاندا و ئیعرازیان ناوه‌ له‌ وه‌رگرتنی فه‌رمانی خودای ته‌عالا و ده‌وامیان هه‌یه‌ له‌سه‌ر كوفر و سه‌رپێچی.

﴿مَا يَأۡتِيهِم مِّن ذِكۡرٖ مِّن رَّبِّهِم مُّحۡدَثٍ إِلَّا ٱسۡتَمَعُوهُ وَهُمۡ يَلۡعَبُونَ
٢ لَاهِيَةٗ قُلُوبُهُمۡۗ وَأَسَرُّواْ ٱلنَّجۡوَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ هَلۡ هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٞ
مِّثۡلُكُمۡۖ أَفَتَأۡتُونَ ٱلسِّحۡرَ وَأَنتُمۡ تُبۡصِرُونَ ٣﴾

ئایه‌تێ نایێ له‌ لای خودای میهره‌بانه‌وه‌ به‌ تازه‌یی ئیللا ئه‌وان گوێی بۆ ئه‌گرن كه‌چی گاڵته‌ی پێ ئه‌كه‌ن و حاڵیان وایه‌ دڵیان له‌وه‌ غافڵه‌ بیرێ بكه‌نه‌وه‌ و بزانن چی هه‌یه‌ له‌ مه‌عنای ئه‌و ئایه‌ته‌دا بۆ ئه‌وه‌ بشێ سوودێكی لێ وه‌ربگرن، وه‌ ئه‌و كافره‌ سته‌مكارانه‌ له‌ ناو خۆیانا به‌ په‌نامه‌كی ئه‌ڵێن: ئایا ئه‌م موحه‌ممه‌ده‌ غه‌یری ئه‌وه‌

www.iqra.ahlamontada.com

ئادەمیزادێکی وەکوو ئێوەیە چییە؟ ئایا ئێوە دێن بۆ لای ئەو کتێبە جادووە کە ئەو ئەیخوێنێتەوە و ئێوەیش بۆی ئەڕوانن؟!

﴿ قَالَ رَبِّي يَعْلَمُ الْقَوْلَ فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴿٤﴾ ﴾

جا پێغەمبەر فەرمووی: خودای من بە هەموو وتارێ ئەزانێ لە ئاسمانا و لە زەویدا، چ جای ئەو قسەی پەنامەکی ئەوانە و خودا هەموو وتارێ ئەبیسێ و هەموو نهێنییەك ئەزانێ.

﴿ بَلْ قَالُوا أَضْغَاثُ أَحْلَامٍ بَلِ افْتَرَاهُ بَلْ هُوَ شَاعِرٌ فَلْيَأْتِنَا بِآيَةٍ كَمَا أُرْسِلَ الْأَوَّلُونَ ﴿٥﴾ ﴾

لادە لەوە کە ئەڵێن جادووە، لەبەر ئەوە جادوو جۆرە نرخێکی دنیایی هەیە، بەڵکوو ئەڵێن: ئەو کەلامە کە بە کەلامی خودا نیشانی ئەدا لای ئێمە بریتییە لە بازێ خەوی پڕوپووچ کە لە شەوا بینیونی، نە، نە، خەو نییە کە بێئیختیار بێ تیایا، بەڵکوو درۆیە و بە ئارەزوو هەڵی بەستووە، نە، نە درۆی هەڵبەسراویش نییە؛ چونکە درۆی وا ئەبێ گرنگی پێ بدرێ و بە ئاسانی ناکرێ، بەڵکوو خۆی شاعیرە و کەلامەکەی شیعرە و ناوەرۆکەکەی شتێکی بەتاڵی وایە کە باوەڕی پێ ناکرێ، بەڵام لە سوورەتی حوکمدایە، وە ئەگەر راست ئەکا پێغەمبەرە با ئایەت و موعجیزەیەکمان نیشان بدا وەکوو ئەو ئایەت و موعجیزانە کە پێغەمبەرە پێشووەکانی پێ رەوانە ئەکرا.

﴿ مَا آمَنَتْ قَبْلَهُمْ مِنْ قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا أَفَهُمْ يُؤْمِنُونَ ﴿٦﴾ ﴾

خودا بە پێغەمبەر ئەفەرموێ: کە هەر ئاوەدانییەك خواستمان لەسەر وێرانکردنی بووبێ وێرانمان کردبێ خەڵکەکەی ئیمانیان نەهێناوە بەو موعجیزانە کە بۆمان ناردوون، عەجەبا ئەگەر ئەمان دڵخوازەکەیان بێتە جێ ئیمان دێنن؟!

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ إِلَّا رِجَالًا نُّوحِىٓ إِلَيْهِمْ ۖ فَسْـَٔلُوٓا۟ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٧﴾﴾

وە نەمان ناردووە بە رەهبەری لە پێش تۆدا چەن پیاوێکی بە پایە و مایە نەبێ کە وەحیمان ئەنارد بۆ لایان و بیر و باوەڕ و ئەحکامی دین و ئەخلاقمان نیشان ئەدان بۆ خۆیان و بۆ گەلەکەیان، جا بێن پرسیار بکەن لەوانە کە خاوەن زانست و خاوەن عیلمن ئەگەر ئێوە خۆتان نەزانن و ئاگاتان لەو شتانە نییە.

﴿وَمَا جَعَلْنَٰهُمْ جَسَدًا لَّا يَأْكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَمَا كَانُوا۟ خَٰلِدِينَ ﴿٨﴾﴾

وە ئەو پێغەمبەرانەمان نەکردبوو بە چەن لەشێ کە رۆحانی بن وەکوو فریشتە و خواردەمەنی نەخۆن و لەوانە نەبوون کە نەمر بن و بمێننەوە هەتا هەتایە.

﴿ثُمَّ صَدَقْنَٰهُمُ ٱلْوَعْدَ فَأَنجَيْنَٰهُمْ وَمَن نَّشَآءُ وَأَهْلَكْنَا ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿٩﴾﴾

وە لە پاش ئەوە کە رەوانەمان کردن بۆ سەر گەلەکانیان و موعجیزاتی داوا کراوم بۆ دەرخستن و هێشتا هەر گەلەکانیان ئیمانیان نەهێنا و سەرپێچییان کرد، ئەو بەڵێنەی کە دابووم بە پێغەمبەرەکان دەربارەی سزادان و لە ناوبردنی ئەو گەلە تاوانبارانە بەجێمان هێنا و پێغەمبەرەکانمان رزگار کرد لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە ویستمان رزگار بن، وەکوو ئەوانە کە موسوڵمان بووبوون و پیاوە خراپە لە سنوور دەرچووەکانمان لە ناو برد.

﴿لَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكُمْ كِتَٰبًا فِيهِ ذِكْرُكُمْ ۖ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٠﴾﴾

بە راستی ئێمە کتێبێکمان نارد بۆ لاتان کە لەو کتێبەدا هەیە زیکر و تاعەت بۆ ئێوە، ئەو زیکر و تاعەتە کە لە دنیادا سەربەرزتان ئەکا و لە قیامەتا سەرفەرازتان ئەکا بە مەرجێ رەفتاری پێ بکەن.

www.iqra.ahlamontada.com

وە یا کتێبێکمان بۆ ناردن کە بۆ رۆژگار ناو و شۆرەت و پایە و رێزی تیا هەیە بۆ ئێوە بەم ئیعتیبارە یەکەمجار لە ناو ئێوەدا نازڵ بووە و سەرەتای ئیرشادەکەی لە لای ئێوەوە بووە، ئایا ئێوە هێشتا عەقڵ ناگرن و ئەم شتانە لێك نادەنەوە؟!

﴿وَكَمْ قَصَمْنَا مِن قَرْيَةٍ كَانَتْ ظَالِمَةً وَأَنشَأْنَا بَعْدَهَا قَوْمًا ءَاخَرِينَ ﴿١١﴾﴾

وە زۆر گوند و ئاوەدانیمان وێران کرد بەسەر یەکدا چونکە خەڵکەکەی ستەمکار و بەدرەفتار بوون، وە لە پاش ئەوان گەلێکی ترمان لەو وڵاتەدا دروست کرد و ئاوەدانمان کردەوە.

﴿فَلَمَّآ أَحَسُّواْ بَأْسَنَآ إِذَا هُم مِّنْهَا يَرْكُضُونَ ﴿١٢﴾ لَا تَرْكُضُواْ وَٱرْجِعُوٓاْ إِلَىٰ مَآ أُتْرِفْتُمْ فِيهِ وَمَسَٰكِنِكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْـَٔلُونَ ﴿١٣﴾﴾

جا لە کاتێکدا ئەهلی ئەو ئاواییانە هەستیان بە قار و سزای ئێمە کرد کوتوپڕ لە ترسی گیان بە غار و راکردن لەو گوندانە دەرچوون بۆ ئەوە لەو سزایە رزگار ببن، منیش بانگم کردن بە هۆی پێغەمبەری ئەو چەرخەوە و بە گاڵتەوە پێم وتن: ئێستە غار مەدەن و لە شوێنی خۆتان دەرمەچن و بگەڕێنەوە بۆ سەر ئەوەی کە کردتان و بۆ تەماشای تۆڵەی ئەو زیادەڕەوییە کە لە ئێوەوە دەرکەوت و بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانتان هیوا هەیە پرسیارتان لێ بکرێ چی بکەن لەگەڵ پێغەمبەرەکانا ئیتاعەیان بکەن یا نە! دیارە ئەم مەعنایە واقیعە لەسەر گاڵتە کردن بەم کۆمەڵە کە شیاوی سزا بوون و سزایان بۆ رەوانە کراوە.

﴿قَالُواْ يَٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿١٤﴾﴾

ئەوانیش کە حاڵی بوون راکردنیان لە وڵاتەکە بێسوودە وتیان: هاوار بۆ ئێمە بە راستی ئێمە ستەممان لە خۆمان و لە خەڵك کرد.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَمَا زَالَت تِّلْكَ دَعْوَىٰهُمْ حَتَّىٰ جَعَلْنَٰهُمْ حَصِيدًا خَٰمِدِينَ ﴿١٥﴾﴾

هەمیشە هەر ئەو قسە و وتارەیان ئەکرد وەکوو ئینسانێکی داواچی چۆن هەر مەبەستەکەی دووپات ئەکاتەوە، هەتا بە هێزی ئەو سزا کە حەواڵە کرابوو بۆیان ئەوانەم کرد بە کشتێکی دەرکراوی دووراوی کەوتوو لە سەر زەوی، واتە تا مردن.

﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴿١٦﴾﴾

ئێمە ئاسمان و زەوی و ناوبەینی ئەوانمان بە بێ‌سوود وەکوو یەکێ گاڵتە بکا دروست نەکردووە.

﴿لَوْ أَرَدْنَآ أَن نَّتَّخِذَ لَهْوًا لَّٱتَّخَذْنَٰهُ مِن لَّدُنَّآ إِن كُنَّا فَٰعِلِينَ ﴿١٧﴾﴾

ئەگەر خواستمان لەوە بوایە کە ئەسبابێ لە گاڵتە و گەپ رابگرن لە لای خۆمان رامان ئەگرت ئەگەر شتێکی وەهامان بکردایێ.

﴿بَلْ نَقْذِفُ بِٱلْحَقِّ عَلَى ٱلْبَٰطِلِ فَيَدْمَغُهُۥ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ ۚ وَلَكُمُ ٱلْوَيْلُ مِمَّا تَصِفُونَ ﴿١٨﴾﴾

بەڵکوو ئێمە عادەتمان وایە کە حەق بدەین بەسەر بەتاڵا، واتە واز لەم خەڵکە بتپەرستە هەوابازە ناهێنین کە بەو شێوە رابوێرن، بەڵکوو بە هۆی وەحی ئاسمانەوە و رەوانە کردنی رەهبەرەوە باری گرانی حەق و حەقیقەت و ئایین و شەریعەت ئەنێرین بۆ خەڵکی جیهان و شوێنەوار و پاشماوەی ئەو بەتاڵە لە ناو ئەبەین کاتێ لایان کردەوە هیچ نەماوە. وە هاوار بۆ ئێوە لەو قسە بێ‌سوود و پووچانە کە ئەیکەن کە ئەڵێن خودای تەعالا ئەم ئاسمان و زەوییەی بۆ گاڵتە و سەیران دروست کردووە. حاشا.

﴿وَلَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَمَنْ عِندَهُۥ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە هەر بۆ خودایە بە پەیدا کردن و موڵکایەتی و دروست کردن و سەرداری کردن ئەوانەی وان لە ئاسمان و زەویدا و ئەو مەلائیکەتانەیش کە بە پایە وان لە لای خودا، واتە ئەهلی عیبادەت و تاعەتن.

﴿لَا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِۦ﴾

حاڵیان وایە خۆیان بە گەورە نازانن بەرابەر بە بەندەیی کردن بۆ خودا.

﴿وَلَا يَسْتَحْسِرُونَ ﴿١٩﴾﴾

وە دەسبەردارنابن لە ئیش و کاری خۆیان و ماندوو بوونیان بەسەردا نایێ.

﴿يُسَبِّحُونَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ لَا يَفْتُرُونَ ﴿٢٠﴾﴾

خودا بە پاك ئەگرن و پاکی دائەنێن لە سیفەتی نوقسان لە شەو و ڕۆژا و سستی ناکەن و سست نابن لە بەندەیی کردن.

﴿أَمِ ٱتَّخَذُوٓاْ ءَالِهَةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ هُمْ يُنشِرُونَ ﴿٢١﴾﴾

یا خەیر ئەوان چەن خودایەکیان بۆ خۆیان بڕیارداوە لە زەویدا کە ئەو خودایانە مردوو زیندوو ئەکەنەوە و حەشریان ئەکەن؟

﴿لَوْ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَاۚ فَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٢٢﴾﴾

جا خودا بۆ بەتاڵکردنەوەی گومانی موشریکەکان ئەفەرموێت: ئەگەر بێجگە لە خودای عالەم چەن خودایێ لە ئاسمان و زەویدا ببوایە بە عادەت پێویست بوو زەوی و ئاسمان تێك‌بچوونایێ، وە لەسەر ئەم یاسای دامەزراوە نەمانایەتەوە؛ چونکی خاوەن کاری زۆر لەسەر ئیدارە و پەرستیاری شوێن بە زۆری جیاوازی ئەکەوێتە ناویانەوە، لەبەر ئەوە لە کاتی جیاوازیدا یاسا تێك ئەچێ، کە وابێ زاتی پەروەردگار

www.iqra.ahlamontada.com

کە ناوی «اللّٰە»یە و پەروەردگاری ئەو عەرشە گەورەیە کە ئیحاتەی بە کائیناتا داوە دوورە لەوەی ئەو کافرانە گومان ئەبەن وەکوو بوونی شەریك و هاوڕێ بێ بۆ ئەو.

بزانن! ئەم ئایەتە بەرزە بەڕێزە گەلێ بەهێزە بۆ گەیاندنی تاق و تەنیایی خودا؛ چونکی بە هەموو بارێکدا بۆ دەلیل ئەشێ ئەگەر ئینسان لەگەڵ ئینسانی کەم بیرا قسە بکا لەسەر عادەت و شێوەی «خەتابەت» ئەڕوا بە ڕێدا و دەلیلەکەی دائەمەزرێ لەسەر شێوەی «ئیقناعیات» و تەماشای غالب وەکوو مەعنای ئایەتەکەمان بەو شێوە لێدایەوە.

وە ئەگەر لەگەڵ ئینسانی زانا و شارەزادا قسە بکا لەسەر یاسای ئیستیدلال بە بورهان ئەڵێن: مەعنای فەسادنەبوون و دەرنەچوونە بۆ وجوود جا لەبەر ئەوە کە خودا پێویستە «واجب‌الوجود» بێ و داماوی ڕووی تێ نەکا و هەرچی بۆ خودایێ بشێ پێویستە بۆ ئەوی‌تریش بشێ؛ چونکە خوداکان لە لەوازیمی زاتی خۆیانا موساوی ئەبن لە تەفسیری ئەو ئایەتە پیرۆزەدا بۆ شێوەی بەڵگەهێنانەوە ئەڵێن: ئەگەر خودا لە جیهانا زۆر بوایێ ئەو زەوی و ئاسمانە هەر نەدەبوون؛ چونکە ئەگەر بۆ هەموو یەکێ لەوانە موعارەزەی ئەوانی‌تریان مومکین ئەبوو ئەوە لەم سوورەتەدا هیچیان نەدەبوون بە خودا، چونکی خودا نابێ موعارەزە بکرێ، وە ئەگەر بۆ هیچیان موعارەزەی ئەوی‌تریان مومکین نەدەبوو ئەوە دووبارە هیچیان نەدەبوون بە خودا، چونکی ئەو کەسە کە خودایە واجبە دەستی بڕوا بەسەر هەموو مومکینێکی زاتیدا وە مادام ئەو کارە هەرکامیان بیەوێ بیکات پێویستە مومکینی زاتی بێ ئەوە هەرچۆن ئەویان ئەتوانێ ئەمیشیان ئەتوانێ بەرانبەری بکا، وە کاتێ نەتوانێ ئەو بەرانبەرییە بکا پێویستە عاجزبێ لە مومکینی زاتی و عەجز لە مومکینی زاتی مەعنای وایە خودا نییە، وە لە سوورەتێکا هیچیان خودا نەبوون وا عالەم دروست نەبوو؛ چونکی عالەم ئەسەری خالیقی «واجب‌الوجود»ە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿لَا يُسْـَٔلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْـَٔلُونَ ﴿٢٣﴾﴾

ئەو خودایە لەبەر گەورەیی و دەستەڵاتی و ئیستیقلالی بە تەسەڕوف لە کائیناتا پرسیاری لێ ناکرێ لە هەر شتێ ئەیکا، وە ئەو کافرانە و ئەو ئەهلی ئاسمان و زەوییە هەموو ئەگەر کارێ بکەن پرسیاریان لێ ئەکرێ لەبەر ئەوە کە بەندە و مەملووکن، یاخود لەبەر ئەوە کە خودا زانیاری رەسای هەیە بە ئێستە و لەمەولا و بە سوود و زیانی هەموو کردەوەیێ، کارێ ناکا خاڵی بێ لە حیکمەت لەبەر ئەوە پرسیاری لێ ناکرێ بە رەخنەگیری، بەڵام غەیری ئەو هەرکەسێ شتێ بکا پرسیاری لێ ئەکرێ لەبەر ئەوە زانستی رەسای نییە چاك بە خراپ ئەزانێ تەرکی ئەکا و خراپ بە چاك ئەزانێ و ئەیکا.

﴿أَمِ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً ۖ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَـٰنَكُمْ ۖ هَـٰذَا ذِكْرُ مَن مَّعِىَ وَذِكْرُ مَن قَبْلِى ۗ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ٱلْحَقَّ ۖ فَهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٢٤﴾﴾

یا خەیر ئەو کافرە موشریکانە چەن خودایەکیان گرتووە بۆ خۆیان بۆ پەرستیاری بێجگە لە زاتی «واجب‌الوجود»، جا تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست پێیان بڵێ: ئێوە دەلیلێکی راستی باوەڕ پێکراوی عەقڵی یا نەقڵی بهێننەوە لەسەر وجوودی ئەو شەریکانە؛ چونکی هەر داوایێ دەلیلی لەسەر نەبێ بە عەقڵ یا بە نەقڵ ئەوە پووچ و بەتاڵە، بێن تەماشای ئەم کتێبە بکەن کە بە وەحی بۆم هاتووە ئەوە ئەم قورئانە کە هاتووە بۆ لام زیکر و ئیرشاد و وەعز و ئیعتیبارە بۆ ئەوانە کە وان لەگەڵما وەکوو ئوممەتەکەم بێ، وە زیکریشە بۆ ئەو کەسانە و ئەو کۆمەڵانە کە لە پێش مندا بوون؛ چونکی ئەم کتێبە بە درێژی باسی ئەوان و پێغەمبەرەکانی ئەوان ئەکا بە جۆرێ هەر زانایێ تەماشای بکا باوەڕ ئەکا بە گەورەیی دینی ئیسلام و گەورەیی ئەم قورئانە،

www.iqra.ahlamontada.com

بەڵکوو زۆربەی ئەو کافرانە لە زانستی ڕاست بێبەشن و فەرق ناخەن لە بەینی حەق و بەتاڵدا، جا لەبەر ئەمە هەموو ئیعراز ئەنێن لە ئیمان و بەیەکناسینی خودا.

﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِىٓ إِلَيْهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعْبُدُونِ ﴿٢٥﴾﴾

ئێمە هەر پێغەمبەرێکمان ناردووە وەحیمان بۆ ناردووە: کە هیچ خودایێ نییە بەندەیی بۆ بکرێ من نەبێ، دەی هەر بەندەیی من بکەن.

﴿وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحْمَٰنُ وَلَدًا ۗ سُبْحَٰنَهُۥ ۚ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ ﴿٢٦﴾﴾

ئەو کافرە موشریکانە وتیان: کە خودای میهرەبان ئەولادی بۆ خۆی بڕیار داوە، حاشا خودا پاکە لەوە بەڵکوو ئەوانە کە کافرەکان بە شەریکی خوای دائەنێن چەند بەندەیەکی ڕێزلێنراون و بە مەلائیکەی خودا لە قەڵەمدراون.

﴿لَا يَسْبِقُونَهُۥ بِٱلْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِۦ يَعْمَلُونَ ﴿٢٧﴾﴾

ئەو بەندە بە حورمەتانە ناکەونە پێش خوداوە لە قسەدا واتە موخالەفەی ئەمری ناکەن و هەر فەرمانێ دەر بکا بۆ سەریان ڕەفتاری پێ ئەکەن.

﴿يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِۦ مُشْفِقُونَ ﴿٢٨﴾﴾ ۞

خودای تەعالا زانایە و ئەزانێ بەوەی کە ئەو فریشتانە لە پێشا کردوویانە و لەمەولایشەوە ئەیکەن، وە تکا ناکەن بۆ تاوانبارێ نەبێ کە خودا ڕازی بێ بەوەی تکای بۆ بکرێ، وە هەموو لە ترسی خودا ئەلەرزن.

﴿وَمَن يَقُلْ مِنْهُمْ إِنِّىٓ إِلَٰهٌ مِّن دُونِهِۦ فَذَٰلِكَ نَجْزِيهِ جَهَنَّمَ ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە هەر کام لەو فریشتانە یا لە غەیری ئەوان لە خەلایق بڵێ: من خودام و بەندەییم بۆ ئەکرێ نەك بۆ خودا ئەوە جەزایان ئەدەینەوە بە دۆزەخ، وە هەروەها جەزای ستەمکارەکان ئەدەینەوە.

کاتێ کە خودای تەعالا فەرمووی: هەر سوورەتێکمان ناردووە هەر لەگەڵ تەوحیدا ناردوومانە و فریشتەکان بەندەی خودان و خودا ئاگای لە هەموویان هەیە، هات لەم ئایەتانەدا چەن بەڵگەیەکی نیشان دا لەسەر یەکیەتی و تەوانایی خۆی بە هەموو بابەتێ دەری بڕی و فەرمووی:

﴿أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَٰهُمَا﴾

ئایا ئەو کافرە بێئیمانانە نابینن بە چاو، وە یا نازانن بە عەقڵی خۆیان، وە یا بە بیستن لە زانایان کە هەموو ئاسمانەکان و زەوی لکا بوون بە یەکەوە لە پاشان لە یەکم جیا کردنەوە، عەرزم کرد بە عالەمێکی جێگە و رێگەدار و ئاسمانەکانیشم هەڵبڕی و تەرتیبی ئەوزاع و پێویستی هەموو لایەکیانم بەجێ‌هێنا؟

وە یاخود ئایا نابینن یا نازانن کە ئاسمانەکان وشك و بێ‌خێر بوون و سوودیان لێ وەرنەدەگیرا هەتا گوشادمان کردنەوە و دەرگای خێرم کردەوە بۆیان بەوە کە باران ببارێنن بەسەر زەویدا، وە نابینن یا نازانن کە زەوی وشك و بێ‌خێر بوو هەتا هەناسەم پێدا و سوودی لە باران وەرگرت و گیا و دارم تێدا رواند و وام لێ کرد کشتوکاڵی تێدا بکرێ و سەرچاوەی ئاوم تێدا دروست کرد بۆ سوودی گشتی لە هەموو کاتێکا و بۆ سوود وەرگرتنی گیانلەبەران.

﴿وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ﴾

وە دروستمان کرد لە ئاوی پشتی نێرینە و سینەی مێینە هەموو گیانلەبەرێ.

وە یا بە هۆی ئاوەوە دروستمان کردووە هەموو شتێ لە گیانلەبەران واتە لەوانە کە نەش و نما ئەکەن وەکوو دار و گیا و گوڵ و کشتوکاڵ و گیانلەبەران.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾﴾

ئایا هێشتا ئەو کافرانە ئیمان نایەنن بەوە کە خودای تەعالا تاق و تەنیا و تەوانا و زانایە و پێویستی بە کەس نییە و بێشەریك و بێوێنەیە و فریشتە و غەیری فریشتە دروستکراوی ئەون؟!

﴿وَجَعَلْنَا فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِهِمْ﴾

وە دامانناو و دروستمان کرد لە زەویدا چەن کێوی بڵند و باڵا نەکا زەوی بە هۆی هەڵپە و تەکانی بورکانی ئاگرینەوە مەیل بکا بەو گیانلەبەرانە کە هان بەسەریەوە و لارەیان پێ بکا و بیان جووڵێنێ و بە جارێ لە ناویان بەرێ، وە یا بە هۆی ئەو کێوە قورسە بەرزانەوە زەویمان دامرکاند و لە قورسی و سووکیدا کێش و ئەندازەمان بۆ دانا نەکا لە کاتی هەڵسووڕان و دەورەدانەوە لە مەداری سووڕانەوەی خۆیدا لار ببێتەوە و ئەوەی وا بە سەریەوە گیرۆدە ببن.

﴿وَجَعَلْنَا فِيهَا فِجَاجًا سُبُلًا لَّعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ ﴿٣١﴾﴾

وە دروستمان کرد لە زەویدا چەن رێگایێ، واتە چەن شوێنێکی وەها بۆ هاتوچۆی ئادەمیزاد بەکار بێ بۆ ئەوە ئەوان شارەزای هەموو شوێنێ ببن لە زەوی و دەشت و سارا و کەژ و کۆسارا هەتا ژیواری خۆیان بەجێ بێنن بە هۆی ئەو شتانەوە لە زەویدا وەری ئەگرن، یا بە هۆی تیجارەت و ئاڵو وێرەوە.

﴿وَجَعَلْنَا السَّمَاءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا ۖ وَهُمْ عَنْ آيَاتِهَا مُعْرِضُونَ ﴿٣٢﴾﴾

وە ئاسمانمان کرد بە سەقفێکی راگیراوی پەنادراو لە کەوتن و پارێزراو لە کەم و کووڕی بۆ ئەوە کە وەزعی دنیا و دەرچوون و ئاوابوونی مانگ و رۆژ و ئەستێرەکان لەسەر یاسای عادەتی دەوامدار بێ و ئادەمیزاد سەریان لێ تێك نەچێ و بتوانن لە

www.iqra.ahlamontada.com

ماوەی ژینا ژیواری خۆیان بەجێ بێنن، وەلحاڵ ئەو کافرانە لەو کارە رووداوانەدا کە لە ئاسمانەکانا روو ئەدەن وەکوو هاتوچۆی ئەستێرەکان و راگرتنی مەدارەکان و کەم و زۆری نووری ئەوان ئیعراز ئەنێن و بۆیان نارِوانن و سوودیان لێ وەرناگرن هەتا ئەو شتانە بکەن بە بەڵگە لەسەر گەورەیی و تەنیایی خودای تەعالا.

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ ۖ كُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾

وە خودا ئەو خودایە پاش خەلقی ئاسمان و زەوی شەو و رۆژی دروست کرد ماوەی تاریکی و رووناکی دروست کرد، مانگ و رۆژی دروست کرد، هەتا بە هۆی دەرچوون و ئاوا بوونی ئەوانەوە شەو و رۆژ و حەفتە و مانگ و ساڵ و چەرخ و زەمان دروست ببێ و ئادەمیزاد لە سوود وەرگرتنی خۆی ئاگادار ببێ و ئەو رۆژ و مانگە هەرکام لە دائیرەیەکدا لە ئاسمانەکانا مەلەوانی ئەکەن، واتە هاتوچۆی سافی بێ گرێ ئەکەن وەکوو مەلەوان لە ئاوا، ئەمانە کە باسمان کردن هەموویان ئەبن بە هۆی دەلیل، یا گەلێ دەلیل لەسەر ئەوە خودای پەروەردگاری «واجب‌الوجود»ی قەدیم و باقی و تاق و تەنیا و بێ‌نیاز و دەوامدار و بێ‌وێنە و زانا و تەوانا و خاوەن خواست و بینا و شنەوا و ئاگادار لەسەر هەموو کارێ و لەسەر هەموو گیانداری هەیە، هەر ئەوە کە دروستی کردوون و هەر ئەوە کە دەوامیان پێ ئەدا و هەر ئەوە ئەیان ژێنێ هەتا ئەو خواست نەکا هیچ شتێ نابێ کە خواستی کرد ئەبێ و تا خواستی لەسەر مانی بێ ئەمێنێ و ویستی نەمێنێ نامێنێ. جا خودایێ وەها بێ پیویستە هەموو هۆشیارێ باوەڕی پێ بکا و فەرمانی ئەو بەجێ بێنێ و لە خەتی ئەمری ئەو دەرنەچێ تا بەر خەڵاتی پیرۆزی بکەوێ.

www.iqra.ahlamontada.com

**لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە پێویستە ئاگاداریان بن!**

یەکەم: خاوەنی تەفسیری «تەنتاوی» مەشهوور بە «جەواهر» لەم ئایەتەدا ئەڵێت: زاناکانی ئەوروپایی لەسەر زانیاری خۆیان ئەڵێن: وەختی خۆی مادەی رۆژ خڕ بووە و وەك ئاگر بووە و چەن ملیۆن ساڵ بە دەوری مەرکەزی خۆیا هەڵسووڕاوە و هەموو ئەستێرە گەڕۆکەکانی جیهان لەگەڵ ئەودا بوون و پاش ماوەیێ ئەم زەوییە کە جێگەی ئێمەیە لە رۆژ جیا بووەتەوە لە بەر خێرا سووڕانەوەی رۆژ و لەم شوێنی خۆیەدا مایەوە، هەروا گەلێ ئەستێرەی‌تریشی لێ جیا بووەوە.

وە گەلێ ئەستێرەی خولۆکی‌تر لە جیهاندا لە گەلێ رۆژی‌تر لە جیهانا، کە لە ئێمەوە دوورن، جیا بوونەوە و مادەی لەشیان لەبەر دووری بە بچووك دەرئەکەوێ، وە ئەمانە بە گومانی ئەوان کەمتر نین لە سێسەد ملیۆن زەوی ئاوەدان و، ئەڵێن: ئەو ئەستێرانە کە لە رۆژی ئێمە جیا بوونەتەوە هەموویان ئاوەدان نین و لەوانەیە ئەستێرەی «مەرِیخ»یش ئاوەدان بێ. وە ئەڵێن: ئەم زەوی ئێمە لە رۆژ جیا بووەتەوە و رۆژیش لە رۆژێکی‌تری لەو گەورەتر، هەروا باقی رۆژەکانی‌تریش ئەستێرەیان لێ جیا بووەتەوە. وە ئەم بیرە لە ئەوروپادا مەشهوورە. ئەم ئەندازە لە کتێبی «جەواهر» بڕایەوە.

وە بازێ زانای خاوەن ئینساف لە موسوڵمانان فەرموویانە: قورئان کە کتێبی دینی ئیسلامە و بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ هاتووەتە خوار هەرچەن گەلێ شتی تیایە و ئینسان ئەگەر بیانزانێ هەمووی خێرە و زانیارییە، بەڵام ئەو شتانە بە ئاسانی نازانرێن و ساڵەهای ئەوێ و قوتابخانە و «رصد» و دۆزینەوەی ئەوێ، ئەوەی بۆ ئێمە پێویستە بیانزانین ئایاتی بیر و باوەڕ و ئەحکامی دینی ئیسلام و هەرچی پێویستە بۆ راگرتنی ئیسلام لەوانەی کە حەزرەت ﷺ گەیاندوونی بە ئێمە و بۆ موسوڵمان رەوا نییە بکەوێتە شوێن «ئیکتیشافات»ێ کە تا ئێستە لەسەر حاڵێك دانەمەزراوە و هەر چەن

www.iqra.ahlamontada.com

ساڵێ کۆمەڵێ زانای تازە دێن و زۆر لە رای زانایانی پێش خۆیان بە هەڵە دائەنین، ئەنا مادام ئەو بیرە پێشوانە هەڵە بوون ئەگەر ئێمە قورئان ببڕین بەسەر ئەوانەدا پێویستە ئاڵۆزی روو بکاتە مانای قورئان و حاشا قورئان دوورە لە هەڵە و شتی نارێك.

ئێمە حەقمان وایە لە تەفسیری قورئانا ئەوەی بە شێوەیەکی راست لە حەزرەتەوە ﷺ گەیشتووە پێمان وەری‌بگرین، وە ئەوەی بە دەلیلێکی یەقینی سابت بوو وەری‌بگرین ئیتر حەقمان نییە بکەوینە شوێن قسەی هەر کۆمەڵە زانیارێ کە خۆیان لە ناو خۆیانا دڵیان بە تەواوی دانەمەزراوە، وە ئەو ئەحواڵانە حەواڵە ئەکەین بە کەشفی عیلمی لە موستەقبەلدا ئەگەر خودا رێکی بخا بۆمان.

لەمەو پێش یۆنانییەکان ئەیان‌وت: ئاسمانەکان مادەیان وەکوو ساجی ئاسنین وایە و ئەستێرەکان وەکوو بزمار داکوتراون بەوانا و حەرەکات و سیفەتی ئاسمانەکان و ئەستێرەکان و نیسبەتدانی حەرەکات لە ئەستێرەکان مەجازە. وردە وردە ئەو بیرە گۆڕراو چەن بیری‌تر یەك بە داوی یەکا هاتن و رۆیشتن، ئێستە ئەڵێن: ئاسمانەکان «أثیر»ن و مادەی تایبەتین و هەموو ئەستێرەکان گەورە و بچووك وان لەو عالەمی ئەسیرەدا، بازێکیان ئەسووڕێنەوە و بازێکیان ناسووڕێنەوە، وە لە جوملەی ئەوانەیە کە ئەسووڕێتەوە ئەم کورەی زەوییە کە ئێمە واین بەسەریەوە، و لە هەموو بیست و چوار سەعاتێکدا جارێ بە دەوری خۆیا ئەسووڕێتەوە، وە هەموو ساڵێکی رۆژیش ـ واتە سێسەد و شەست و شەش رۆژ و شتێك ـ جارێك بە دەوری رۆژا ئەسووڕێتەوە.

وە بازێ ئەڵێن: رۆژ بە دەوری خۆیا ئەسووڕێتەوە و بەس. وە بازێ ئەڵێن: رۆژ لەگەڵ هەموو ئەو خولۆکانەدا کە تابیعی ئەون و بە دەوریا ئەسووڕێنەوە بە جارێ لە عالەما ئەسووڕێنەوە. بە هەرحاڵ بە زاهیری ئایەت ئەمەیە کە مانگ و رۆژ هەر یەك لە فەلەکی خۆیدا، واتە مەداری خۆیدا، ئەسووڕێتەوە، هەروا بە بەڵگە دەرکەوتووە و

www.iqra.ahlamontada.com

لە زاهیری بازە ئایەتێ ئیستفادە ئەکرێ کە زەویش ئەسوورێتەوە و ژمارەی ئاسمانەکان حەوتن و ئاسمانی نزیکیان لە ئێمەوە جوان کراوە بەو ئەستێرەانە واتە هەرچی ئەستێرەی وا پێوە هەموو یەك ئاسمانە و بە ئاسمانی نزیك لە زەوی حسێب ئەکرێ ئیتر باقی حەوت ئاسمانەکان وەزعیان وا لە عیلمی خودادا و بۆ ئێمە دەرنەکەوتووە، بەڵکوو لە پاشەڕۆژدا دەربکەوێ و ئێمە لە مانای ئایەتێکدا دەخلی بە زانیاری کەشافانەوە ببێ رائەوەستین؛ چونکی ئەوانە بەسراون بە زانیاری زانایان و پشکنینی راستەقینەوە.

دووەم باسمان ئەمەیە: لەم ئایەتانەدا هەتا ئاخری ئایەتی سی‌و سێ کە ﴿کل في فلك یسبحون﴾ شەش بەڵگەیان تیایە لەسەر توانا و یەکیەتی خودا.

١. بەڵگەیە بۆ ئەوە کە ئەم ئاسمانانە لەگەڵ زەویدا پێکەوە بوون و خودای تەعالا لەیەك جیای کردوونەتەوە، وە یاخود ئاسمان بە چیا و زەوییەوە بە جیا دروستکراون بەڵام بۆ ئەوە کە سوودیان لێ پەیدا ببێ بۆ ئەهلی عالەم خودا باران و با و بەفر و نمی لە ئاسمانا دروست کردووە و ئیستیعدادی دار و گیاڕواندن و پێگەیاندنی کشتوکاڵی پێداوە هەتا هەموو گیانلەبەرێ لەمانە سوود وەربگرێ.

٢. ئایەتی ﴿و جعلنا من الماء کل شيء حي﴾ کە مەعنایەکی ئەوە بوو هەرچی زیندووە بەو مەعنایە قابیلی نەش و نمایە، وەکوو دار و گیا و گیاندار لە ئەنواعی حەیوان و ئینسان هەمووی لە ئاو دروستکراوە بەم مەعنا لە سەرەتای دروستکردنیا پێویستی بە تەڕی هەیە.

وە مەعنایەکیشی ئەوە بووە کە هەرچی گیانلەبەرە لە عالەمی مەحسووسی ئێمەدا هەمووی لە ئاوی نوتفەی باوك و دایك دروستکراوە، خواه گیانلەبەری خاوەن بەچکەی زایین بێ یاخود لە هێلکە دەربچێ، بەڵام فریشتە و جینەکان لە عالەمی مەحسووسی ئێمە نین و لەم ئایەتەدا مەقسوود نین و ڕەخنەیان پێ پەیدا نابێ.

www.iqra.ahlamontada.com

٣. ﴿وجعلنا في الأرض رواسي أن تميد بهم﴾.

٤. ﴿و جعلنا فيها فجاجاً سبلاً﴾ که ئەم دانان و داچەقاندنی کێوە بەرزانە بوون بە هۆی هاوکێشی دامەزراندنی زەوی لە کاتی جمجوولاّ، ئەگەر یەکێ خولخولۆکەیێ نیوەی دار و نیوەی ئاسن هەڵسووڕێنێ تێ ئەگا کە هەڵسووڕانەکەی ڕێك و پێك نییە، بەڵام ئەگەر هەمووی ئاسن یا هەمووی دار یا لەسەر نیسبەتێکی یەکسان ئاسن بەو خولخولۆکەدا دابکوترێ ئەوە سووڕانەوەکەی باش ئەبێ.

هەروەها ڕێکخستنی شوێنی تایبەتی بۆ هاتوچۆی ئادەمیزاد بە سەر زەویدا بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر میهرەبانی و تەوانایی و تەنهایی خودا.

٥. ﴿و جعلنا السماء سقفاً محفوظاً﴾ بە راستی ئاسمان و مادەی راسەری ئێمە لەهەر جۆرێ و بە هەر کەیفییەتێ بێ ڕاگرتنی ئەو ئاسمانە و ئەو ئەستێرانە کە وان تیایا لەگەڵ هاتوچۆی ئەوانەیان کە ئەجوولێن بەو ئەندازە تایبەتییە لە توندی و سستی بە بێ ئەوە بە ساڵەهای ساڵ ڕاوەستانی هەبێ، وە یا خود لادانێکی هەبێ لە خەتی خۆی بە گەورەترین بەڵگە لەسەر گەورەیی زاتی خودا ئەناسرێ.

٦. ئایەتی: ﴿و هو الذي خلق الليل والنهار والشمس والقمر.. الآية﴾ تەماشا بکەن لەسەر تەقدیری دروستکردنی عالەم و دروستکردنی ئادەمیزاد ئەگەر لە جیهاندا مانگ و خۆر نەبوایە و شەو و ڕۆژ پەیدا نەبوایە لە هەڵهاتنی ڕۆژ و ئاوابوونیەوە و ڕووناکی شەو پەیدا نەبوایە بە هۆی مانگەشەوەوە کار و باری ئادەمی لە کاسبی کردن و ئاسایش وەرگرتن و ئاگاداری بەسەر کاتی کار و کاتی ئاسایشدا و بەسەر هاتنی وەخت و وادەدا بە قەتعی بەم شێوە جوانە نەدەبوو و کار و باری دنیا دەشێوا.

﴿وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِّن قَبْلِكَ ٱلْخُلْدَ أَفَإِيْن مِّتَّ فَهُمُ ٱلْخَٰلِدُونَ ﴿٣٤﴾﴾

ئەو کافرانە ئەڵێن: وازی لێ بێنن چاوەڕێ ئەکەین هەتا ئەمرێ ئیتر ڕزگارمان ئەبێ لە دەستی! جا پێیان بڵێ: ئێمە بڕیارمان نەداوە مانەوەی هەتا هەتایی و نەمری بۆ هیچ

www.iqra.ahlamontada.com

ئادەمیزادێ لە پێش تۆدا هەتا تۆ دەوامت ببێ، وەکوو خەڵك ئەمرن تۆیش ئەمری، بەڵام ئەگەر تۆ بمری ئایا ئەوان هەر ئەمێننەوە هەتا هەتایە؟! حاشا! کەوابێ مردنی کەس جێگەی شادی نییە بۆ کەس، مردن دەردێکە روو ئەکاتە هەموو گیانلەبەرێ و کەس لە چنگی قوتار نابێ. وە لە لایەکی ترەوە مادام تۆ بووی بە هۆی بڵاوکردنەوەی دین ئەگەر بمری لە پاش مردنەکەت دینەکەت ئەمێنێتەوە و پاداش و خێرت هەیە بەڵام ئەو کافرانە پاش مردن سزا زیاتر هیچ بارەیەکیان نییە.

﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ۗ وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً ۖ وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ٣٥﴾

هەموو گیانلەبەرێك پێویستە مردن بچەژێ، وە مامەڵەی بەراوردکەرتان لەگەڵ ئەکەین بە خراپە و چاکە و بەو شتانە تاقیتان ئەکەینەوە و هەر بۆ لای ئێمەیش ئەگەڕێنرێنەوە.

﴿وَإِذَا رَءَاكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا أَهَٰذَا ٱلَّذِى يَذْكُرُ ءَالِهَتَكُمْ وَهُم بِذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ هُمْ كَٰفِرُونَ ٣٦﴾

کاتێ کافرەکان چاویان ئەکەوێ بە تۆ بە چاوی سووك سەیرت ئەکەن و ئەتکەن بە گاڵتەجاڕی خۆیان و ئەڵێن: ئا ئەمەیە کە ناوی خوداکانی ئێوە بە خراپە ئەبا؟ وە ئەوان کوفر ئەکەن بە قورئان کە زیکرێکە لە لایەنی خودای میهرەبانەوە هاتووە.

﴿خُلِقَ ٱلْإِنسَٰنُ مِنْ عَجَلٍ ۚ سَأُو۟رِيكُمْ ءَايَٰتِى فَلَا تَسْتَعْجِلُونِ ٣٧﴾

ئادەمیزاد ئەوەندە بێتاقەت و بێئارامە وەك ئەوە وایە کە لە پەلە پەل دروستکرابێ، هەر لەبەر ئەمەیە کە «نەزری کوڕی حرس» پەلە ئەکا بۆ سزا و ئەڵێت: ئەگەر راست

www.iqra.ahlamontada.com

ئەکا با ئەو سزا کە تۆ ئێمەی پێ ئەترسێنی بێت بۆمان. من بەم زوانە نیشانەی گەورەیی خۆم و راستی قسەم کە هاتنی سزاکانمە نیشانتان ئەدەم لە جەنگی «بەدر»دا و لە رۆژی دواییشدا کە ئەوەنە راستە وەکوو سبەینێ بێتەجێ وایە، دەی ئیتر پەلە مەکەن بۆ هاتنی سزا.

﴿وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا الْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿٣٨﴾﴾

ئەڵێن: کەی وادەی هاتنی ئەو سزایە کە ئێوە باسی ئەکەن ئەگەر راست ئەکەن؟

﴿لَوْ يَعْلَمُ الَّذِينَ كَفَرُوا حِينَ لَا يَكُفُّونَ عَن وُجُوهِهِمُ النَّارَ وَلَا عَن ظُهُورِهِمْ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿٣٩﴾ بَلْ تَأْتِيهِم بَغْتَةً فَتَبْهَتُهُمْ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ رَدَّهَا وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ﴿٤٠﴾﴾

ئەگەر ئەو کافرانە عیلمی قەتعییان ببوایە بە حاڵی خۆیان لەو کاتەدا کە ئاگر دەوریان ئەدا لە هەموو لایەکەوە و ناتوانن ئاگر لە رووی خۆیان و لە پشتیان دوور بخەنەوە و لەوانەیش نین کە لە لایەنی کەسەوە یارمەتی بدرێن، ئێستە ئەم جۆرە قسەیانە نەدەکرد.

جا واز لەوان و لە سەرپێچی و گوێ‌پێ‌نەدانیان بێنە و ئەو کات و وادەی دیاریکراوە بە ئاگر یا رۆژی قیامەت کە رۆژی حسێب و کتێبە کوتوپڕ دێ بەسەریانا و سەرگەردانیان ئەکا ئیتر ناتوانن ئەو سزا و ئاگر و مەینەتە بگەڕێننە دواوە تا نەیێ بەسەریانا و هیچ مۆڵەتیان نادرێ.

﴿وَلَقَدِ اسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ فَحَاقَ بِالَّذِينَ سَخِرُوا مِنْهُم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ ﴿٤١﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەم گاڵتە کردنە بە پێغەمبەران یەکەم جار نییە لە لایەنی ئادەمیزادی بەدڕەوشتەوە، گاڵتە کرا بە گەلێ لەو پێغەمبەرانە کە لە پێش زەمانی تۆدا رابوردن و لە پاشان ئەو سزا کە ئەوان گاڵتەیان پێ ئەکرد گەمارۆی دان و رژا بەسەریانا و رێگەی لێ بردنە بەست.

﴿ قُلْ مَن يَكْلَؤُكُم بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ مِنَ ٱلرَّحْمَٰنِ ۗ بَلْ هُمْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِم مُّعْرِضُونَ ﴿٤٢﴾ ﴾

ئەی خۆشەویست تۆ بڵێ بەوانە کە وەکوو کافرە پێشووەکان گاڵتە بە پێغەمبەرەکان ئەکەن: ئەگەر خودای میهرەبانی خاوەن بەزەیی قاری لێ گرتن کێ هەیە کە بتانپارێزێ لە قاری ئەو لە شەودا یا لە رۆژدا؟ بەڵام تۆ واز لەوە بێنە قسەیان لەگەڵا بکەی؛ چونکە ئەوان وازیان لە خودا هێناوە ئیتر پرسیار لەوان و قسە لەگەڵ کردنیان بێ سوودە.

﴿ أَمْ لَهُمْ ءَالِهَةٌ تَمْنَعُهُم مِّن دُونِنَا ۚ لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَ أَنفُسِهِمْ وَلَا هُم مِّنَّا يُصْحَبُونَ ﴿٤٣﴾ ﴾

یا خەیر چەن خودایەکیان هەیە کە لە قاری خودا بیانپارێزێ ئێمە نەبێ؟ حاشا ئەوانە هەر تەواناى ئەوەیان نییە کە یارمەتی خۆیان بدەن، وە لە لای ئێمەیشەوە یارمەتییان نادرێ.

﴿ بَلْ مَتَّعْنَا هَٰٓؤُلَآءِ وَءَابَآءَهُمْ حَتَّىٰ طَالَ عَلَيْهِمُ ٱلْعُمُرُ ۗ أَفَلَا يَرَوْنَ أَنَّا نَأْتِى ٱلْأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَآ ۚ أَفَهُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾

نەخەیر گومان مەبەن ئەوانە خودای وایان هەبێ کە بیانپارێزێ، بەڵکوو هەر پاراستنەکەیان لە لایەنی ئێمەوەیە لەبەر «ئیستیدراج» و بەرز کردنەوەیان هەتا بیاندەین بە زەویدا وە لەسەر ئەو بەرز کردنەوە ئەم کۆمەڵەو باوانیانمان هێشتووەتەوە

www.iqra.ahlamontada.com

تا تەمەنیان درێژ بوو بەو تەمەن درێژییە وا ئەزانن کە مردن و ژیانیان بە دەست خۆیانە و خۆیان ئەهێڵنەوە، ئایا نابینن کە ئێمە دێین زەوی کافران لە هەر چوار دەوریەوە کەم ئەکەینەوە و ئەهلەکەی موسوڵمان ئەبن؟ ئایا هێشتا هەر ئەوان خۆیان بە زاڵ و سەرکەوتوو ئەزانن؟

﴿قُلْ إِنَّمَآ أُنذِرُكُم بِٱلْوَحْيِ ۚ وَلَا يَسْمَعُ ٱلصُّمُّ ٱلدُّعَآءَ إِذَا مَا يُنذَرُونَ ﴿٤٥﴾﴾

تۆ، ئەی خۆشەویست، پێیان بڵێ: ئێمە هەر ئینزاری ئێوە ئەکەین بە وەحی و بەو شتانە کە بە وەحی دێن بۆ لامان و لە خۆمەوە هیچتان پێ ناڵێم، بەڵام ئەوانە کە کەڕن لە کاتێکدا ئەترسێنرێن بانگی «داعی» نابیسن.

﴿وَلَئِن مَّسَّتْهُمْ نَفْحَةٌ مِّنْ عَذَابِ رَبِّكَ لَيَقُولُنَّ يَٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٤٦﴾﴾

وە ئەگەر بێن و سووسەی شتێکی زۆر کەم لە سزای خودا لێیان بدا هاواریان لێ هەڵئەسێ و ئەڵێن: هاوار بۆ ئێمە کە هەموو ستەمکار و تاوانبارین.

﴿وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا ۖ وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ ﴿٤٧﴾﴾

وە لە رۆژی قیامەتا ترازووی دادگەری دائەنێین و کار و کردەوەی چاکە و خراپەیان ئەکێشین و ستەم لە هیچ کەس ناکرێ نە کەم و نە زۆر و کردەوەیان ئەگەر بە قەد دەنکە خەرتەلەیەکیش بێ ئەیهێنین و لە ترازووی ئێمە هیچ ون نابێ و بەسین بۆ سەرپەرستی کردەوەی هۆشیارانی جیهان و بیر و باوەڕیان.

www.iqra.ahlamontada.com

زەڕە هەتا کێو لە بەرزی و نشێو / بیر و کردەوەی ئادەمی یا دێو
هەموو نووسراوی دەفتەری کارە / ئەخوێنرێنەوە ئەمدیو و ئەودیو
بێ فەرقە لەما پادشا و گەدا / گەنجی دامەزراو یا پیری پەشێو
مادام موحاسیب «عالم الغیب»ە / حیسابی حەقە شک مەهاوە نێو

﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ٱلْفُرْقَانَ وَضِيَآءً وَذِكْرًا لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٤٨﴾﴾

ئێمە دامان بە مووسا و هاروون کتێبێ کە لە واقیعا حەق و بەتاڵی جیا کردووەتەوە لە یەك و رووناکییەکی وایە کە ئادەمیزادی لە تاریکی نەزانی و سەرگەردانی رزگار کردووە و زیکری خودایە بۆ ئەوانە خواستیان لەسەر تەقوا و پارێزگاری بووە و سوودی لێ وەرئەگرن.

﴿ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِٱلْغَيْبِ وَهُم مِّنَ ٱلسَّاعَةِ مُشْفِقُونَ ﴿٤٩﴾﴾

ئەو خاوەن تەقوایانە کە لە خودای خۆیان ئەترسن لە پەنامەکیدا و ترسی رۆژی قیامەتیان هەیە.

﴿وَهَٰذَا ذِكْرٌ مُّبَارَكٌ أَنزَلْنَٰهُ ۚ أَفَأَنتُمْ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴿٥٠﴾﴾

وە ئەم قورئانە فەسیحە رەوان و خاوەن بەلاغەت و رەسا بە هەموو شوێن و زەمانە کتێبێکی پیرۆزە و ناردوومانەتە خوار بۆ تەمێ و تەربییەی ئادەمیزاد و بۆ بلاوکردنەوەی یاسای بەختەوەری دنیا و قیامەت ئایا ئێوە ئینکاری ئەکەن لەگەڵ ئەوەدا کە حەق وەهایە باوەڕی پێ بکەن و رەفتاری پێ بکەن؟

﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَآ إِبْرَٰهِيمَ رُشْدَهُۥ مِن قَبْلُ وَكُنَّا بِهِۦ عَٰلِمِينَ ﴿٥١﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە بە راستی دابوومان بە ئیبراهیمی خەلیل لە پێش زەمانی مووسا و هاروونا کارزانی دینی و دنیایی و رووناکییەکی وامان خستە دڵیەوە راستی بە راست ئەزانی و لاری بە لار و ئێمە زانا بووین بە ئەحواڵی ئیبراهیم، ئەمانزانی کە ئینسانێکی دارای خوو و رەوشتی بەرزی پیاوانەیە و بە کاری ئەوە دێ کە ئەهلی دنیا لە باری لار وەرگەڕێنێ بۆ باری راست.

﴿إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦ مَا هَٰذِهِ ٱلتَّمَاثِيلُ ٱلَّتِيٓ أَنتُمْ لَهَا عَٰكِفُونَ ﴿٥٢﴾﴾

لەو کاتەدا کە ئیبراهیم فەرمووی بە باوکی و گەلەکەی: ئەم بتانە چین کە ئێوە بە دەوریانا جێنشین بوون و عەیبتان لێ نایێ کە دێن بە دەوری دار و بەردێکی بێ گیانا؟ نازانن خۆتان هێناوتانن و دروستتان کردوون؟!

﴿قَالُواْ وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا لَهَا عَٰبِدِينَ ﴿٥٣﴾﴾

ئەوانیش لە وەڵامی ئیبراهیمدا وتیان: ئێمە حاڵی بووین و ئەزانین بەوە کە باوك و باپیرەکانمان بەندەیی ئەم بتانەیان کردووە و ئێمەیش لەسەر یاسا و رێگەی ئەوانین.

﴿قَالَ لَقَدْ كُنتُمْ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُمْ فِي ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٥٤﴾﴾

جا ئیبراهیم فەرمووی: بە راستی ئێوە خۆتان و باوك و باپیرەکانتان لە گومڕاهییەکی دیاریدا بوون؛ چونکی شتێ کە بە عەقڵ و هۆش بزانی بێسوودە چۆن ئینسان ئەکەوێتە شوێنی؟!

﴿قَالُوٓاْ أَجِئْتَنَا بِٱلْحَقِّ أَمْ أَنتَ مِنَ ٱللَّٰعِبِينَ ﴿٥٥﴾﴾

ئەوانیش لە لایان دوور بوو کە ئیبراهیم لەو دینە لابدا و لەم لایشەوە قسەکانی بەجێ بوون پێیان وت: ئایا تۆ پەیامێکی راست و رێکی واقیعت بۆ هێناوین یان تۆ گاڵتە ئەکەیت و لە کۆمەڵەی گاڵتەچییانی؟

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَالَ بَل رَّبُّكُمْ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلَّذِى فَطَرَهُنَّ وَأَنَا۠ عَلَىٰ ذَٰلِكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٥٦﴾﴾

جا ئیبراهیم فەرموی: نەخەیر خودای ئێوە خودای ئاسمانەکان و زەوییە ئەو خودایە کە ئەوانەی دروست کردووە لە نەبوون و من لەسەر ئەم داوایە شاهید و ئاگادار و دڵنیام و لە شاهیدەکانم.

﴿وَتَٱللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصْنَٰمَكُم بَعْدَ أَن تُوَلُّوا۟ مُدْبِرِينَ ﴿٥٧﴾﴾

بە خودا تێئەکۆشم لە شکاندنی بتەکانتانا پاش ئەوە کە پشتتان لەم بتخانەیە هەڵکرد.

﴿فَجَعَلَهُمْ جُذَٰذًا إِلَّا كَبِيرًا لَّهُمْ لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ ﴿٥٨﴾﴾

کاتێ دەوری بتەکان چۆڵ بوو حەزرەتی ئیبراهیم رۆیشت هەموو بتەکانی پارچە پارچە کرد بتە گەورەکەیان نەبێ، بە هیوای ئەوە پاش ئەوە گەلەکەی ئاگادار بوون لەو رووداوە و لۆمەیان کرد ئیبراهیم پێیان بڵێ: گەورەکەیان قاری لێ گرتوون و شکاندوونی برۆن لێی بپرسن، ئەوانیش برۆن بۆ لای و پاش ئەوە کە رۆیشتن و قسەی نەبوو لەگەڵیانا ئیبراهیم ئەوە بکا بە بەڵگە بۆ خۆی و زاڵ ببێ بەسەریانا.

﴿قَالُوا۟ مَن فَعَلَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَآ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٩﴾﴾

کاتێ بتپەرستەکان هاتنەوە بۆ بتخانەکە و تەماشایان کرد هەموو شکاون گەورەکەیان نەبێ، لەسەر شێوەی پرسیار وتیان: کێ ئەمەی کردووە و ئەم کارە نابارەی بە خوداکانی ئێمە کردووە؟ بە راستی ئینسانێکی ستەمکار و بەدکار و تاوانبارە!

﴿قَالُوا۟ سَمِعْنَا فَتًى يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ لَهُۥٓ إِبْرَٰهِيمُ ﴿٦٠﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

خەڵکی ئەو دەور و بەرە وتیان: گوێمان لێ بوو جوانێ هەر ناوی ئەبردن و باسی ئەکردن و قسەی پێ ئەوتن ناوی ئیبراهیمە.

﴿قَالُوا فَأْتُوا بِهِۦ عَلَىٰٓ أَعْيُنِ ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَشْهَدُونَ ﴿٦١﴾﴾

ئەوانە کە تەحقیقی رووداوەکەیان ئەکرد وتیان بەو کۆمەڵە خەڵکە: دەی بڕۆن ئەو جوانە بێنن بۆ ئێرە و بۆ بەرچاوی خەڵك بەڵکوو ئەوانە کە ئاگایان لە کردەوەکەی بووە شایەتی بدەن لەسەری یا ئەوانە کە چاویان پێی کەوتووە بەو ناوەدا بڵێن: ئەمە لێرەدا بوو.

﴿قَالُوٓا۟ ءَأَنتَ فَعَلْتَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَا يَٰٓإِبْرَٰهِيمُ ﴿٦٢﴾﴾

کاتێ ئیبراهیمیان هێنا بۆ ناو ئەو کۆمەڵە خەڵکە کە لەم کارەساتە زویر بوون پرسیاریان لە ئیبراهیم کرد و وتیان: ئایا تۆ ئەو کارەت کردووە بەم خودایانی ئێمە ئەی ئیبراهیم؟

﴿قَالَ بَلْ فَعَلَهُۥ كَبِيرُهُمْ هَٰذَا فَسْـَٔلُوهُمْ إِن كَانُوا۟ يَنطِقُونَ ﴿٦٣﴾﴾

ئەویش لە وەڵامیانا فەرمووی: نەخەیر ئەو کارە گەورەکەیان کردوویەتی، دەی پرسیاریان لێ بکەن ئەگەر قسە ئەکەن و وەڵامی پرسیار ئەدەنەوە.

﴿فَرَجَعُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ فَقَالُوٓا۟ إِنَّكُمْ أَنتُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٦٤﴾﴾

ئەو کۆمەڵە کافرانە گەڕانەوە بۆ پرسیار لە نەفسی خۆیان و تەماشای عەقڵ و هۆشی خۆیان کرد و شوعووریان بەوە پەیدا کرد کە ئەو بتانە قسە ناکەن، جا لە ناو خۆیانا بازێکیان وتیان بە بازێ لە خۆیان: بە راستی ئێوە خۆتان ستەمکارن کە چەنهای چەن ساڵ ئەم بتانە ئەپەرستن یاخود ئێوە خۆتان ستەمکارن کە ئەم پرسیارە لە ئیبراهیم ئەکەن بۆ ئەوە کە وەها وەڵامتان بداتەوە و رسواتان بکا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ثُمَّ نُكِسُواْ عَلَىٰ رُءُوسِهِمْ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا هَٰٓؤُلَآءِ يَنطِقُونَ ﴿٦٥﴾﴾

لە پاش ئەوە کە حاڵی بوون بتەکان قسەیان نەکردووە و قسە ناکەن و ئیبراهیم ڕسوای کردوون هەڵچەرخانەوە بە سەر سەری خۆیانا و وتیان بە ئیبراهیم: تۆ خۆت ئەزانی کە ئەو بتانە قسە ناکەن بۆچی ئێمە بەرەوڕووی ئەوان ئەکەیتەوە؟!

﴿قَالَ أَفَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكُمْ شَيْـًٔا وَلَا يَضُرُّكُمْ ﴿٦٦﴾﴾

فەرمووی: کە ئێوە بەوە ئەزانن کە ئەو بتانە قسە ناکەن و وشك و بێ گیانن دیارە سوودێ لەوانەوە پەیدا نابێ، جا هێشتا بەم ئاگاداری خۆتانەوە بەندەیی بۆ غەیری خودا بۆ چەن شتێ ئەکەن کە بە هیچ جۆرێ سوود و زیانیان بۆتان نییە و بوون و نەبوونیان وەك یەك وایە؟!

﴿أُفٍّ لَّكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٦٧﴾﴾

ئۆف بۆ ئێوە و بۆ ئەو شتە کە بێجگە لە خودا بەندەیی بۆ ئەکەن. ئایا عەقڵتان نییە یا بیر ناکەنەوە لەوەدا کە ئەم حاڵی ئێوە بێ سوودە؟

﴿قَالُواْ حَرِّقُوهُ وَٱنصُرُوٓاْ ءَالِهَتَكُمْ إِن كُنتُمْ فَٰعِلِينَ ﴿٦٨﴾﴾

کاتێ حەزرەتی ئیبراهیم وەها مەسەلەکەی باس کرد و باسی بێ عەقڵی بتپەرستەکانی کرد ئەوانیش غیرەتی تیرەگەری و کۆمەڵایەتی خۆیان گرتنی و بە تایبەتی ئەیانزانی ئەو کییانە کە لەسەر بتپەرستی دایانناوە هەرەس ئەبا و ئیتر ئەو پایە و مایەیان لە دەست دەرئەچێ، وتیان: بێن ئیبراهیم بسووتێنن و شوێنەواری لە دنیادا مەیەڵنەوە و یارمەتی دەوامی خوداکانتان بدەن ئەگەر ئەتانەوێ شتێکیان بۆ بکەن.

www.iqra.ahlamontada.com

جا بڕیاریان لەسەر سووتاندنی ئیبراهیم دا و ئەندازەیەکی زۆر دار و سووتەمەنییان گرد کردەوە و ئاگریان پێوە نا هەتا گڕی لێ بەرزەوە بوو لەبەر ئەوە کەس نەیئەتوانی نزیکی ئاگرەکە ببێتەوە حەزرەتی ئیبرهیمیان بە دەست و پێ بەسراوی خستە ناو «مەنجەنیق»ێکەوە و فڕەیان دا بۆ ناو ئاگرەکە و وازیان لێ هێنا بۆ ئەوە بە تەواوی بسووتێ! خودایش ئەفەرموێ:

﴿قُلْنَا يَـٰنَارُ كُونِى بَرْدًا وَسَلَـٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ ۝٦٩﴾

وتمان بەو ئاگرە: ئەی ئاگر ببە بە مادەیەکی سارد و بێزیان و هۆی ئارامی لەسەر لەشی ئیبراهیم، وە لە واقیعا پاش ئەوە کە ئەو ئاگرە بە تەواوی دامردەوە و جێگەکە ساردەوە بوو رۆیشتن تەماشایان کرد کە ئیبراهیم ساغ و سەلامەتە و لە شوێنەکەی خۆیا ماوەتەوە.

﴿وَأَرَادُوا۟ بِهِۦ كَيْدًا فَجَعَلْنَـٰهُمُ ٱلْأَخْسَرِينَ ۝٧٠﴾

ئەوان ویستیان ئیبراهیم لە ناو بەرن بە جۆرێ ئیرادەی کەسێ کە بە فێڵ بە خراپترینی شێوە دوژمنی خۆی بکوژێ و لە ناوی ببا، بەڵام ئێمە ئەو دوژمنە بتپەرستانەمان کرد بە کۆمەڵێکی زۆر زیانباری بێرەواجی ئابڕو رۆیشتووی لادێ و شار و بوون بە پەندی رۆژگار.

﴿وَنَجَّيْنَـٰهُ وَلُوطًا إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلَّتِى بَـٰرَكْنَا فِيهَا لِلْعَـٰلَمِينَ ۝٧١﴾

وە پاش ئەوە کە لەو ئاگرە قەبە رزگار بوو ئەو و لووتمان لە کوشتن بە دەستی نەمروود رزگار کرد و ناردمانن بۆ ئەو زەوییە کە خێر و پیرۆزیمان تیا داناوە بۆ ئەهلی جیهان لەوانە کە ئەڕۆن لەوێ دانیشن، وە ئەو پیرۆزییە لە مادەدا بریتییە لە هەوای سازگار و پاك و میوەی زۆر و کشتوکاڵ و داری بەری بە سوود، وە لە

www.iqra.ahlamontada.com

مانادا بریتییە لەوە کە گەلێ لە پێغەمبەرانم لەو ولاتەدا رەوانە کردووە و لە ئەنجاما «بیت المقدس»ی تێدا دروست کرا.

﴿وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ نَافِلَةً ۖ وَكُلًّا جَعَلْنَا صَٰلِحِينَ ﴿٧٢﴾﴾

وە بەخشیمان بە ئیبراهیم کوڕێکی خاوەن پایە وەکوو ئیسحاق بێ و یەعقووبیشمان پێدا بە زیادە لەسەر ئەوە کە خۆی داوای کرد و ئەم کۆمەڵە ئینسانەمان کرد بە پیاوە چاکەکانی رۆژگار و رووومان کردنە خۆمان.

﴿وَجَعَلْنَٰهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا وَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِمْ فِعْلَ ٱلْخَيْرَٰتِ وَإِقَامَ ٱلصَّلَوٰةِ وَإِيتَآءَ ٱلزَّكَوٰةِ ۖ وَكَانُوا۟ لَنَا عَٰبِدِينَ ﴿٧٣﴾﴾

وە ئەم چوار زاتە کە ئیبراهیم و لووت و ئیسحاق و یەعقووبە کردمانن بە پێشەوای ئادەمیزادی چەرخی خۆیان بۆ بەندەیی و فەرمانبەرداری و ئادەمیزادیان شارەزا کرد لەسەر فەرمانی ئێمە و، وەحیمان بۆ ناردن کە خێرات بەجێ بێنن، واتە واجبات و مەندووبات و نوێژەکانیان بە ساغی رابگرن و زەکاتی ماڵیان بدەن و لە راستیدا ئەمانە بەندەیی منیان بەجێ هێنا.

﴿وَلُوطًا ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا وَنَجَّيْنَٰهُ مِنَ ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِى كَانَت تَّعْمَلُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ ۗ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمَ سَوْءٍ فَٰسِقِينَ ﴿٧٤﴾ وَأَدْخَلْنَٰهُ فِى رَحْمَتِنَآ ۖ إِنَّهُۥ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٧٥﴾﴾

وە لووتی برازای ئیبراهیم ئەویش حیکمەت و زانستێ کە پێویستی پێغەمبەران بێ پێمدا و رزگاریشم کرد لە بەدکاری خەڵکی ئەو دێیە وەکوو «سەدوم» بێ کە کاری پیس و ناشیرینیان ئەکرد، بە راستی قەومێکی بەد و بەدڕەوشت بوون، وە ئەو قەومە بێئەدەبەمان لە ناودا و لووتمان خستە ناو کۆمەڵێ کە شیاوی رەحمەتی ئێمە

www.iqra.ahlamontada.com

بن، وە یاخود ئەوەندە میهرەبانی و ڕەحمەتمان ڕژاند بەسەریا تا وەکوو ئەوەی لێ‌هات ڕەحمەت بوو بە خانوویێ و لووتی تێچوو؛ چونکە بە ڕاستی لووت لە پیاوە بۆ خودا سوڵحاوەکان بوو.

﴿وَنُوحًا إِذْ نَادَىٰ مِن قَبْلُ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ فَنَجَّيْنَـٰهُ وَأَهْلَهُۥ مِنَ ٱلْكَرْبِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٧٦﴾﴾

وە باسی نووح بکە، باسی ئەوە کە بانگی کرد لە ئێمە بۆ یارمەتی خۆی و بەربادکردنی گەلە نالەبارەکەی و ئێمەیش ئەو بانگەمان بیست و خۆی و ئەوانە کە شوێنی کەوتبوون و پەیڕەوی ئەو بوون ڕزگارمان کردن لە بەڵای گەورە و خەم و خەفەتی بێ‌ئەندازە.

﴿وَنَصَرْنَـٰهُ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَآ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمَ سَوْءٍ فَأَغْرَقْنَـٰهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٧٧﴾﴾

وە مەنعی نووحمان کرد لە ئازاری ئەو گەلە کە ئایەتی خودایان بەدرۆ ئەخستەوە، نەمهێشت گەلەکەی ئازاری بدەن، بە ڕاستی گەلەکەی گەلێکی بەدڕەوشت و خوو خراپ بوون و هەموومان خنکاندن بە لافاوی ئاوی بێ‌ئامان و کەسیان ڕزگار نەبوو.

﴿وَدَاوُۥدَ وَسُلَيْمَـٰنَ إِذْ يَحْكُمَانِ فِى ٱلْحَرْثِ إِذْ نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ ٱلْقَوْمِ وَكُنَّا لِحُكْمِهِمْ شَـٰهِدِينَ ﴿٧٨﴾ فَفَهَّمْنَـٰهَا سُلَيْمَـٰنَ ۚ وَكُلًّا ءَاتَيْنَا حُكْمًا وَعِلْمًا ۚ﴾

وە باسی داوود و سولەیمان کوڕی بکە باسی ئەو کاتە بکە کە حوکمیان ئەکرد لە مەسەلەی کشتێ لەو دەشتەدا لە نزیکی ئەوا کە ئاژەڵی گەلێکی تێ بەرەڵا بووبوو

www.iqra.ahlamontada.com

ئێمە ئاگاداری حوکمی هەردوو لایان بووین و حەقیقەتی حوکمەکەمان نیشانی سولەیمان دا و بە هەردوویان باوك و کوڕ حیکمەت و زانیاریمان داوە.

**بزانن! لەم جێگەدا چەن باسێ هەیە:**

[باسی] یەکەم: ئەو ڕووداوە بە دوو جۆر ڕیوایەت کراوە؛ زۆربەی خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە: دوو پیاو هاتن بۆ لای حەزرەتی داوود یەکێ لەوان خاوەن کشت بوو ئەویان خاوەن مەڕ بوو، خاوەن کشتەکە عەرزی داوودی کرد: مەڕی ئەم پیاوە چووەتە ناو کشتەکەی منەوە و هەموویان خواردووە، جا داوود فەرمووی: بڕۆ هەموو مەڕەکانی ئەو کابرا ببە بۆ خۆت لە باتی کشتەکەت، کاتێ لە خزمەتی داوود دەرچوون گەیشتن بە حەزرەتی سولەیمان فەرمووی: باوکم چۆن حوکمی دا لە بەینتانا ئەوانیش ئەو باسەیان بۆ گێڕاوە، فەرمووی: ئەگەر من حوکمم بدایێ وا حوکمم نەئەدا لە ناوتانا، ئەوانیش قسەکەیان بۆ حەزرەتی داوود گێڕایەوە، جا سولەیمانی بانگ کرد و فەرمووی: ئەی تۆ چۆن حوکمت ئەدا لە ناویانا؟ عەرزی کرد: مەڕەکانم ئەدا بە خاوەن کشتەکە شیر و رۆن و خورییەکەی بخواردنایێ هەتا کشتی کابرا لە ساڵی دواییدا وەکوو ئەوەی لێ ئەهات کە مەڕەکان خواردیان ئەو کاتە هەرکام ئەڕۆیشتنەوە بۆ سەر ماڵی خۆیان.

وە ئیبنومەسعوود فەرموویەتی: شوانێ لە شەوێکدا لە نزیکی باخێکی مێوا ئاژەڵەکەی نەلەوەڕان و ئەو ئاژەڵە بەو شەوە کەوتنە باخەکەی کابرا و هەموو دارە وردە و گەڵا و بەری باخەکەیان خوارد و شێلایان، خاوەن باخ هات لای داوود شکاتی کرد و وتی: گەلەی ئەو کابرا باخەکەی وێران کردووم، ئەویش فەرمووی: مەڕەکانی بەرە بۆ خۆت لە باتی باخەکەت، کاتێ ڕۆیشتنەوە لە ڕێگەدا گەیشتن بە سولەیمان، فەرمووی: باوکم چۆن حوکمی کرد لە بەینتانا؟ ئەوانیش بۆیان گێڕایەوە، جا فەرمووی:

www.iqra.ahlamontada.com

ئەگەر من حوکمم بدایێ وەها حوکمم نەئەدا. ئەوانیش ڕۆیشتنەوە بۆ لای داوود و قسەکەیان بۆ گێڕایەوە، داوود سولەیمانی بانگ کرد و فەرمووی: تۆ چۆن حوکمت ئەدا؟ عەرزی کرد: مەڕەکانم ئەدا بە خاوەن باخەکە سوودی لێ وەربگرتایەن و خاوەن مەڕەکەیشم ئەنارد خزمەتی باخەکەی بکردایە هەتا وەکوو کاتی زووی لێ ئەهاتەوە ئەوجار باخەکەم ئەدایەوە بە خاوەنەکەی و مەڕەکانیشم ئەدا بە خاوەنی خۆی، حەزرەتی داوود ئەم حوکمەی سولەیمانی پەسەند کرد و حوکمەکەی پێشووی هەڵوەشاندەوە.

باسی دووهەم: دروستە کە حوکمەکەی حەزرەتی داوود وەکوو حوکمەکەی سولەیمان هەردووکیان لەسەر «ئیجتیهاد» بووبن و سولەیمان لەو کاتەدا تەمەنی بیست و یەك ساڵ بووە و شەریعەتی خۆیانی زانیوە بەڵام حوکمەکەی سولەیمان لە بارتر بووە لە حوکمەکەی داوود و لەسەر ئەو حوکمە لەبارە بڕیار دەرچووە.

وە ئەو کەسە بڵێت: حوکمەکەی حەزرەتی داوود ناڕەوا بووە و حوکمەکەی سولەیمان ڕەوا بووە قسەکەی تەواو نییە. ئەهلی تەحقیق فەرموویانە: حوکمی هەردووکیان ڕاست بووە؛ چونکی ئەو ئەندازە زیانە کە لە کشت یا لە باخی کابرا کەوتووە لە نرخا بە قەی ئەو ئەندازە مەڕە بووە، کە وابێ ئەگەر مەڕەکان بدەین بە کابرای خاوەن کشت یا خاوەن باخ جێگەی خۆیەتی.

هەروا ئەگونجێ ئەو ئەندازە شیر و دۆ و ڕۆن و خوری و دەرامەتی ئەو ئاژەڵە لەو ڕۆژەدا بە قەی نرخی ئەو کشتە یا ئەو باخە بێ کە لە کابرا کەوتووە. کە وابێ حوکمەکەی داوودیش هەر ڕاست بووە. بەڵام حوکمەکەی سولەیمان نزیکترە لە لا بردنی ئاژاوە؛ چونکی کابرای خاوەن موڵك خاوەنی عەرز و شوێنەکەی خۆی بووە، وە بۆ ساڵی دوایی وەکوو خۆی لێ ئەهاتەوە، جا لەگەڵ ئەوەدا ئەگەر مەڕی کابرایش

www.iqra.ahlamontada.com

لە لای بمایێ خاوەن مەڕەکە زۆر تێك ئەچوو لەوانە بوو بڵێت: چۆن کابرای خاوەن مولْك کەڵك لە مولْکەکەی خۆی وەرگرێ و مەڕەکانی منیش ببات؟ جا لەبەر ئەم نوختە هەرچەن حوکمەکان هەردووکیان راستن حوکمەکەی سولەیمان باشترە؛ چونکی ئاژاوەی لێ پەیدا نابێ.

ئەم مەسەلە لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا حوکمی ئەمەیە ئەندازەی زیانی خاوەن کشت یا باخەکە بە خاوەن مەڕەکە ببژێرین لەسەر نرخ، ئیتر مەڕی کابرا ماڵی خۆیەتی؛ چونکی زیانی ئاژەڵ بە رۆژا نابژێرێ لەبەر ئەوە خاوەن کشت پێویستە بە رۆژا ئاگای لە ماڵی خۆی بێ؛ بەلام لە شەودا، وەکوو ئەم مەسەلەی حەزرەتی داوودە، لەسەر کابرای خاوەن ئاژەڵە؛ چونکی واجبە لەسەری ئاگای لە ئاژەڵکەی بێ نەیەڵێ زیانەخورۆیی بکەن.

وە ئەگەر حوکمەکەیان لەسەر «نص» بووبێ، بەم مەعنا لە شەریعەتی تەوراتا لەو چەرخەدا رەفتاری پێ کراوە بڕیار دراوە هەرکەسێ زیانێ بدا لە ماڵی کەسێ واجبە ئەو زیانە ببژێرێ، هەر رەوایە، بەڵکوو ئەمە لە واقیع نزیکترە، بەلام لە واقیعا چونکی شەریعەتی تەورات جامیع بووە بۆ هەموو عیبادات و جینایات، چ لەسەر نەفس و چ لەسەر ماڵ بۆیە لە قورئانا ئەفەرموێت: ﴿وكتبنا فيها أن النفس بالنفس و العين بالعين...﴾[1] الآية.

بەلام لەسەر عەقڵ، ئەوە لەبەر ئەوە گەلێ لە ئوسوولّییەکان بەوە رازی نین ئیجتیهاد بۆ پێغەمبەران ببێ لە ئەحکامی تەشریعیدا ئەوەنە هەیە ئەڵێن: ئەگەر ئیجتیهاد بکەن ئەوە لە راوێژ و تەکبیری ئیش و کاری دنیاییدا بووە وەکوو سوپابردن و جەنگ کردن و ئەم جۆرە شتانە.

---

١. المائدة: ٤٥.

www.iqra.ahlamontada.com

کە وابێ ئەبێ حەزرەتی داوود عليه السلام بیری وا بووبێ کە بە ئەندازەی سەری حەیوانەکان زیانی کابرای خاوەن موڵك ببژێررێ، وە بیری سولەیمان وابووبێ کە بە ئەندازەی بارەی حەیوانەکان ببژێررێ وە ئەمەیش زۆر لە بارتر بووە بۆ چاری ئاشووب لە ناویانا.

وەلحاسڵ بینا لەسەر ئەوە کە حوکمەکەیان ئیجتیهادی بووبێ یا لەسەر شەریعەتی تەورات بووبێ ئەم دوو زاتە جیاوازییان لە حوکمەکەدا نەبووە کە وجووبی بژاردنی ماڵی خاوەن کشت یا خاوەن باخە. بەڵام ئەوەندە بووە بیریان یەك نەبووە لە چلۆنیەتی بژاردنەکەیا. بیری حەزرەتی داوود لە ئەوەڵەوە وابووە کە بە نەفسی حەیوانەکان ببژێررێ و بیری حەزرەتی سولەیمان وابووە کە بە واریدات و دەرامەدی ئەو حەیوانانە بێ و حەزرەتی داوود ئەم بیرەی پەسەند کرد.

﴿وَسَخَّرْنَا مَعَ دَاوُۥدَ ٱلْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَٱلطَّيْرَ ۚ وَكُنَّا فَـٰعِلِينَ ﴿٧٩﴾﴾

وە بۆ زیادەهێزدان بە دڵی داوود بۆ جیهاد کردن لە ڕێگەی خودادا کێوەکانمان رام کرد و پەلەوەرەکانی ئەو دەوروبەرەمان رام کرد کە زیکر و تەسبیحاتی خودا بکەن لەگەڵ داوودا لەو کاتانەدا کە خەریکی زیکر و تەسبیحاتی خودا ئەبوو، وە ئێمە بە تەوانایی خۆمان ئەم ئیشەمان کرد ئیتر مەڵێن: شتی وا چۆن ئەکرێ و چۆن کێوی بێشوعووری بێزمان و لێو یاخود پەلەوەری بێزمانی نەفام چۆن تەسبیحاتی خودا ئەکا؟ لەبەر ئەوە من هێزم رووی کردە هەر شتێکی مومکین جێبەجێ ئەبێ، وا دەرکەوت ئەم تەسبیحاتە بە دەنگ بووە و بیسراوە، نەك تەسبیح بە زمانی حاڵ؛ چونکی هەموو شتێ تەسبیحی خودا ئەکا و موناسبی تەقیید بە رەفاقەتی حەزرەتی داوودەوە نییە، واتە مەوجوودات هەموو کاتێ و لەگەڵ هەموو کەسێکدا بە زمانی حاڵ هەیە ئیتر بۆ ئەبێ لەگەڵ داوودا و بۆچی ئەڵێ تەسخیرمان کردن؟ وە بۆچی ئەڵێ ﴿وکنا فاعلین﴾ و تەئکیدی ئەو مەبەستە ئەکاتەوە؟

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَعَلَّمْنَٰهُ صَنْعَةَ لَبُوسٍ لَّكُمْ لِتُحْصِنَكُم مِّنۢ بَأْسِكُمْ ۖ فَهَلْ أَنتُمْ شَٰكِرُونَ ﴿٨٠﴾﴾

وە داوودمان فێری دروستکردنی پۆشاکێکی جەنگی کرد بۆ ئەوە کە بتانپارێزێ لە برینی کاتی جەنگتان، جا ئایا ئێوە سوپاسگوزاری خودای خۆتانن و شوکری ئەکەن؟

﴿وَلِسُلَيْمَٰنَ ٱلرِّيحَ عَاصِفَةً تَجْرِى بِأَمْرِهِۦٓ إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلَّتِى بَٰرَكْنَا فِيهَا ۚ وَكُنَّا بِكُلِّ شَىْءٍ عَٰلِمِينَ ﴿٨١﴾﴾

وە راممان کرد بۆ سولەیمان بایێ کە بە هێزی توند ئەهات و لەسەر دڵخوازی ئەو رەوان ئەبوو بۆ ئەو خاکە کە پیرۆزیمان پێداوە وەکوو خاکی شامات بێ و ئێمە زانا بووین بە حاڵی سولەیمان لە کاتی سواربوونی کورسییەکەیی و رۆیشتنی بە هۆی باوە و هەڵگرتنی کورسییەکە بە با.

ریوایەت کراوە: کە خودای تەعالا بای رام کردووە بۆ حەزرەتی سولەیمان و هەر کاتێ خواستی لەسەر ئەوە بوایە بڕوا بۆ شوێنێکی دوور خۆی و ئەوانە کە لەگەڵیا بوون سواری تەختەکەی ئەبوون و با هەڵی ئەگرتن بۆ ئەو شوێنە و تاقی بەیانی مانگەڕێگەیێ و تاقی ئێوارە مانگەڕێگەیێ ئەو کورسییەی ئەبرد لەسەر ئارەزووی سولەیمان.

وە ئەو بایە زۆر تێژ و ئارام و بێزیان و رەوان بووە، واتە وەها کورسییەکەی هەڵنەگرتووە کە ئەوانە بەسەریەوە بوون بکەونە خوارەوە یان لارە بکەن بەم لاو بەولادا و بە ئارام و ئاسانی هەڵی گرتوون.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَمِنَ ٱلشَّيَٰطِينِ مَن يَغُوصُونَ لَهُۥ وَيَعۡمَلُونَ عَمَلٗا دُونَ ذَٰلِكَۖ وَكُنَّا لَهُمۡ حَٰفِظِينَ ٨٢﴾

وە رامان کردبوو بۆ سولەیمان لە جنۆکەکان کەسانێ کە بە فەرمانی ئەو رۆیشتنە خوارەوە بە دەریادا و گەوهەر و دوڕی بە نرخیان بۆ دەرئەهێنا و کاری لەوە کەمتریشیان بۆ ئەکرد، وەکوو بازێ پیشەسازی و، کاری خانوو کردن و، داهێنانی شتی نایاب... وە ئێمە ئەو جنۆکانمانە ئەپاراست لەوە کە زیان بدەن لە کار و باری حەزرەتی سولەیمان.

﴿وَأَيُّوبَ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ٨٣﴾

وە باسی ئەیووب بکە لەو کاتەدا لەگەڵ ئەوەدا کە گیرۆدە بوو بە ناساغی و نەخۆشینێکی زۆر ناهەموار رووی کردە بارەگای کەرەم و رەحمەتی خودا و پاڕایەوە و فەرمووی: پەروەردگارا! من تووشی ناساغی دەروونی و بێئاسایشی بووم و تۆیش لە هەموو خاوەن بەزەییێ بە بەزەیی‌تری و ئەمەوێ بە میهرەبانی خۆت لەم دەردە گرانە رزگارم بکەی.

﴿فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ فَكَشَفۡنَا مَا بِهِۦ مِن ضُرّٖۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ أَهۡلَهُۥ وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ رَحۡمَةٗ مِّنۡ عِندِنَا وَذِكۡرَىٰ لِلۡعَٰبِدِينَ ٨٤﴾

ئێمەیش دوعاکەیمان گیرا کرد و ئەو ناساغییە کە تووشی بووبوو لەسەرمان لابرد و شیفامان بۆ نارد، وە ئەوانەی کە مردبوون لە ئەولادەکانی پێمدایەوە، واتە زیندووم کردنەوە بۆی، وە ئەوونەی تریشم پێدا لەگەڵ ئەوانەدا بە رەحمەتێکی تایبەتی لە لای خۆمانەوە بۆ ئەو و، بۆ ئەوەیش ببێ بە هۆی بیر کردنەوە و مامەڵە و رەفتاری باش لە لایەنی ئەوانەوە کە بەندەیی خودا ئەکەن.

www.iqra.ahlamontada.com

ریوایەت کراوە: کە حەزرەتی ئەیووب لە نەتەوەی «عەیس» کوڕی ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم بووە، خودای تەعالا کردی بە پێغەمبەری خۆی و «رەحمە»ی کچی «ئەفرایم»ی کوڕی حەزرەتی «یوسف»ی مارە کرد و، خودا دارایی و نەوەیەکی زۆری پێدا و زۆر بە ئاسایش و کامەرانی رایان ئەبوارد. بە قەزای خودا خانوو رووخا بەسەر منداڵەکانیا و هەموویان مردن و، خۆیشی گیرۆدەی برین بوو لە لەشیا و ئەو برین و نەخۆشییە حەوت ساڵی خایاند، تا لە ئەنجاما زۆر ئازاری پێگەیشت و لە خودای تەعالا پاڕایەوە، جا خودای تەعالا دوعاکەی گیرا کرد و ئەمری پێ کرد: بڕوا لە شوێنێکی دیاریدا پێ بکوتێ بە زەویدا، ئەویش رۆیشت پێی کوتا بە زەویدا و لەو شوێنەدا ئاوێ دەرچوو، خودا وەحی بۆ نارد: لەو ئاوە بخواتەوە هەر مادەیێ کە هۆی ئەو نەخۆشییە بێ لە ناو سکیا دەرئەچێ، هەروا خۆی پێ بشۆرێ و برینەکانی لەشی چاك ئەبنەوە و ئەویش وای کرد خودا لەو ئازارە رزگاری کرد و منداڵە مردووەکانی بۆ زیندوو کردەوە و ئەوەنەی بووی کوڕ و کوڕەزای تریشی لە پاش ئەو رۆژە پێدا.

﴿وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِدْرِيسَ وَذَا ٱلْكِفْلِ ۖ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٨٥﴾﴾

وە باسی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم بکە بۆ ئەوانە کە حازر ئەبن لە لات، هەروا باسی ئیدریس بکە کە لە پێش حەزرەتی نووحدا بووە و، باسی زولکیفل بکە کە بریتییە لە «الیاس» یا لە «یوشع» و ناوبراوە بە «ذو الكفل» چونکە خاوەنی بەشێکی گەورە بووە لە لای خودای تەعالا، وە یا چونکی کەفالەتی ئوممەتەکەی ئەکرد و خزمەتی ئەکردن، ئەم زاتانە هەموویان لە خۆگران بوون و بەرابەر بە زەحمەتی زۆر سەخت و بە تین خۆیانیان راگرتووە.

﴿وَأَدْخَلْنَٰهُمْ فِى رَحْمَتِنَآ ۖ إِنَّهُم مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٦﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەمانەم خستووەتە ناو رەحمەتی خۆمانەوە؛ چونکە بە راستی ئەمانە لە ئادەمیزادە رەوشت باشەکان و لە پیاوچاکان بوون و کردەوەیان باش بووە.

﴿ وَذَا ٱلنُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَٰضِبٗا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقۡدِرَ عَلَيۡهِ فَنَادَىٰ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٧﴾ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَنَجَّيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡغَمِّۚ وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٨٨﴾ ﴾

وە باسی یوونس بکە کە مەشهوورە بە «ذو النون» لەبەر ئەوە کەوتە سکی ماسییەوە و «نون» ماسییە، لەو کاتە دا کە رۆیشت لە ئاوەدانی «نینوی» دەرچوو سەری خۆی هەڵگرت لە کاتێکا رقی داهاتبوو لە قەومەکەی لەبەر سەرسەختی و سەرپێچییان ئەوانیش یوونسیان عاجز کردبوو، وە کاتێ لەو ئاوەدانییە دەرچوو وا گومانی برد کە ئێمە تەنگانەی بەسەردا نایەنین لەبەر ئەوە زۆر ئازاری دڵیان دابوو، نەیزانی کە موناسبی حاڵی رەهبەر ئەوەیە خۆگر بێ. جا ئێمە خستمانە سکی ماسییەوە، جا یوونس لە ناو چەن تاریکییەکدا: تاریکی سکی ماسی و تاریکی دەریا و، تاریکی قووڵی دەریا، بانگی کرد و وتی: پەروەردگارا کەس خودا نییە و کەس بەندەیی بۆ ناکرێ تۆ نەبێ و بە پاك و دوورت ئەگرم لە هەموو عەیبێ و بە راستی من لەوانەم کە ستەمکارن، ستەمم لە خۆم کرد کە خۆم نەگرت و بە عەزمی رەهبەران رەفتارم نەکرد، ئێستە داوای رزگاری ئەکەم لەم تاریکستانە، جا ئێمەیش هاوارەکەمان لێ وەرگرت و رزگارمان کرد لەو خەم و پەرێشانییە کە کەوتبووە ناوی و فەرمانمان دا بە ماسییەکە کە هاتە کەناری دەریاکەوە و دەمی کردەوە و یوونس رۆیشتە دەرەوە و هەر بەو میهرەبانییە موسوڵمانان لە پەرێشانی رزگار ئەکەین و مەینەتی قەزای رۆژگاریان لەسەر لائەبەین.

www.iqra.ahlamontada.com

بزانن! یوونس کوڕی «متی» ناوی باوکیەتی، بە گوێرەی ئەوەی لە سەحیحی بوخاریدایە. وە ریوایەت کراوە کە ئەم زاتە لە زەمان «ملوك الطوائف»دا بووە لە پاش ئەسکەندەری رۆمی و لە پێش زەمانی عیسا ﷺ، وە بازێ ئەڵێن: لە زەمانی شەعیادا بووە و لە باسی ئەم رووداوەدا دوو قسە هەیە، یەکەم؛ ئەمەیە کە یوونس لە بەنیئیسرائیلە و لە خەڵکی دێی «حلحول»ە لە وڵاتی فەلەستین، وە لەو چەرخەدا ئاشوورییەکان هاتبوون بەسەر بەنیئیسرائیلدا و گەلێکیان بە دیل گرتن و بردنیان بۆ «نینوی».

جا خودا وەحی نارد بۆ سەر حەزرەتی شەعیا ﷺ کە بڕوات بۆ لای پاشای بەنیئیسرائیلیەکان «حزقیل» کە پێنج کەس لە پێغەمبەرانی بەنیئیسرائیل لەو کاتەدا مەوجوود بوون و یوونس یەکێ بوو لەوان: رەوانەیان بکا بۆ جەنگ لەگەڵ پاشای ئاشووریدا بەڵکوو دیلەکان بهێننەوە.

حزقیل وتی: نەخەیر تەنیا یوونس ئەنێرم؛ چونکی ئینسانێکی بەهێز و هێمنە و، یوونسی بانگ کرد پێی وت: بڕۆ بۆ سەر ئاشوورییەکان، یوونس فەرمووی بە پاشا: خودا ئەمری پێ کردووی من رەوانە بکەی؟ وتی: نە. فەرمووی: دەی لەم شوێنەدا چەن پێغەمبەر هەن یەکێ لەوانە رەوانە بکە. پاشا قەبووڵی نەکرد و وتی: ئەبێ هەر تۆ بڕۆی، ئەویش قاری لە پاشا هەڵسا و لەو شوێنە دەرچوو بۆ سەر دەریای رۆم، یانی ئەوە کە ئێستە ناوی «دەریای سپی»یە، تەماشای کرد کەشتی حازرە، ئەویش لەگەڵ کۆمەڵێکا سواری کەشتی بوو، جا کاتێ ئەو کەشتییە ئەندازەیێ رۆیشت کەشتییەکە کەوتە گێژەوە و راوەستا و خاوەن کەشتی وتی: بەراودمان کردووە هەر کاتێ تاوانبارێ لە ناو ئەم کەشتییەدا بێ کەشتییەکە رائەوەستێ، قورعەیان خست بۆ دۆزینەوەی ئەو تاوانبارە، تا سێ جار هەر بە ناو یوونس دەرچوو یوونسیان خستە دەریاکەوە و نەهەنگێ لەوێدا هات یوونسی قووت دا و خودا مەنعی کرد لەوەی ئازاری بدا، پاش ماوەیێ بە حوکمی خودا نەهەنگەکە هاتە قەراخی دەریاکە

www.iqra.ahlamontada.com

و دەمی کردەوە و یوونس لە دەمی دەرپەڕی و خودا کوولەکەیەکی بۆ رواند و یوونس لە سێبەرەکەیدا مایەوە هەتا هەندێ خۆی گرت و بووژایەوە.

هەر لەو شوێنەوە خودا ناردی بە پێغەمبەری بۆ سەر گەلی ئاشوور لە نەینەوادا کە سەد هەزار کەس یا زیاتر بوون، وە ئەو گەلە ئیمانیان هێنا بە حەزرەتی یوونس، بەڵام پاش زەحمەتێکی زۆر.

بە پێی ئەم ریوایەتە یوونس لە بەنی‌ئیسرائیلە و لە زەمانی شەعیادا بووە و رقەکەی لە «حزقیل»ی پاشای بەنی‌ئیسرائیل بووە و لە پێش رەوانە کردنیا بە پێغەمبەری کەوتووەتە دەریاوە نەهەنگ قووتی داوە، وە پاش رزگار بوونی لە سکی نەهەنگەکە لە لایەنیٚ خوداوە رەوانە کراوە بە پێغەمبەریتی بۆ سەر ئاشوورییەکان.

جا کاتێ رۆیشتە ناویان بە پاشاکەیانی وت: من پێغەمبەری خودام هاتووم بۆ ئەوە کە بەنی‌ئیسرائیلیەکان ـ کە بە دیل هێناوتن ـ بەریان بدەی و خۆیشتان ئیمان بێنن بە خودا.

وە لە ریوایەتێکی‌ترا: حەزرەتی یوونس رەوانە کرا بۆ سەر گەلی نەینەوا بە پێغەمبەریتی پێش رووداوی دەریا، وە ئەم زاتە ماوەیەکی زۆر لە ناو ئەو گەلەدا بوو بانگی ئەکردن بۆ ئیمان بە خودا و شیعاری دین و ئەوان هەر سەرپێچییان ئەکرد هەتا خودای تەعالا ئەمری کرد بە یوونس کە هەڕەشە بکا لە گەلەکەی و بیان‌ترسێنێ بە هاتنی سزای خودا لە کاتی دیاریدا ئەگەر ئیمان نەهێنن، ئەوانیش هەر لەسەر نافەرمانی خۆیان مانەوە، جا کاتێ وادەی سزاکەیان نزیك بووەوە لە رقی گەلەکەی لەو شوێنە دەرچوو گومانی وابوو کە ئەو سزا دێتە سەریان، وە ئەو کە لەو شوێنە دەرئەچێ و خۆی ناگرێ لە ناویاندا خودای تەعالا هیچی بەسەردا نایەنێ، هەتا رۆیشت گەیشتە قەراخی دەریا و لەگەڵ کۆمەڵێکدا چوونە ناو کەشتییەوە و خستیانە ناو دەریاکەوە وەك گێڕامانەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

وە لەم ریوایەتەدا هەڵدەگرێ دەریاکە «دەجلە» یا «فورات» بێ. لەم لایشەوە کە یوونس لە بەرچاوی خەڵکەکە گوم بوو وەزعی ئاسمان لە بەرچاویانا گۆڕا و باوەڕیان هاتە سەر ئەوە کە نزیکە ئەو سزا کە یوونس فەرمووی بێتەخوارەوە بۆ سەریان، وە گەلێ بە شوێن یوونسدا گەڕان دەستیان نەکەوت، لە ترسی ئەو سزا هەموو گرد بوونەوە و تۆبەیان کرد و، لە سەرپێچی خۆیان هاتنەخوارەوە و خودای تەعالایش سزاکەی لەسەر لابردن.

جا پاش ئەوە کە حەزرەتی یوونس لە ناو سکی نەهەنگەکە دەرچوو کەوتە دەشتەوە ماوەیێ لەژێری ئەو داری کوولەکەدا مایەوە، جا خودا لە حاڵی گەلەکەی ئاگادار کرد کە ئیمانیان هێناوە و ئەمری پێ فەرموو بڕواتەوە ناویان و ئەویش رۆیشتەوە بۆ ناویان و باقی تەمەنی لە ناو ئەواندا بەسەر برد و لە نەینەوادا کۆچی دوایی کرد و لەوێدا بە خاك سپێرراو ئێستە گۆڕەکەی دیارە و ناسراوە و خەڵك زیارەتی ئەکەن و گەلێ لە ئەولیا و پیاوچاکان زیارەتیان کردووە و زیارەتی ئەکەن.

﴿وَزَكَرِيَّآ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥ رَبِّ لَا تَذَرۡنِي فَرۡدٗا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡوَٰرِثِينَ ﴿٨٩﴾ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَوَهَبۡنَا لَهُۥ يَحۡيَىٰ وَأَصۡلَحۡنَا لَهُۥ زَوۡجَهُۥٓۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَيَدۡعُونَنَا رَغَبٗا وَرَهَبٗاۖ وَكَانُواْ لَنَا خَٰشِعِينَ ﴿٩٠﴾﴾

وە باسی حەزرەتی زەکەریا بکە لەو کاتەدا کە لە خودا پاڕایەوە و بانگی لێ کرد و فەرمووی: پەروەردگارا بە تەنیا بە بێ جێگەنشینێکی خاوەن پایەی دینی مەمرێنە و، تۆ خۆت لە هەموو میراتبەرێ باشتری بۆ مانەوە لە پاش بەندەکانت. ئێمەیش پاڕانەوەکەمان وەرگرت و نیازەکەمان بەجێ‌هێنا و کوڕێکمان پێ بەخشی کە ناوی

www.iqra.ahlamontada.com

«یەحیا» بوو ژنەکەیشی هەرچەن پیر بووبوو لە رێی منداڵ بووندا نەمابوو، وەزعی منداڵدانمان بە جۆرێ باش کرد کە سکی ببێ، لەبەر ئەوەیش ئەم میهرەبانیەم لەگەڵدا کردن؛ چونکی ئەوانە یاسایان وابوو هەر خێرێ رێ بکەوتایێ بە پەلە ئەڕۆیشتن ئەیانکرد، چ لە خێراتی واجب و، چ لە ناواجب و، هەمیشە لێمان ئەپاڕانەوە و دوعایان ئەکرد لەگەڵ خواستی کەرەمی خودادا و ترساندنیش لە سزای خودا، وە ئەوان هەمیشە دڵیان لە ئێمە ئەترسا.

﴿وَٱلَّتِيٓ أَحۡصَنَتۡ فَرۡجَهَا فَنَفَخۡنَا فِيهَا مِن رُّوحِنَا وَجَعَلۡنَٰهَا وَٱبۡنَهَآ ءَايَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ٩١﴾

وە باسی ئەو ژنە پاکە داوێن پاکە بکە کە لەشی خۆی لە هەموو کارێکی ناڕەوا و ناپەسەند پاراست، جا ئێمەیش بە هۆی فریشتەی پاکسروشت (جوبرەئیل)ەوە فوویەکمان کرد بە بەرۆك و روویا کە ئەو فووە لە لایەنی مەلائیکەی ئێمەوە بوو هەتا بەو تاقە فووە سکی بوو بەو کوڕە پاکە پاكسیرەتە کە عیسایە عليه السلام وە خۆی و کوڕەکەیشیمان کرد بە نیشانەی گەورەیی خۆمان لە جیهاندا، وە هەرکەسێ لەو دایك و کوڕەدا بیر بکاتەوە بە ئیمان و بە راستی ئەزانێ کە ئێمە خودایەکی زانا و تەوانای بێوێنە و بێهاوتاین.

﴿إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُونِ ٩٢﴾

ئا ئەوەی کە باسم کرد بۆتان لە وجوودی خۆم و لە تاق و تەنیایی خۆم ئەوە دین و ئایینی ئێوەیە ئەی پێغەمبەرەکان کە یەك میللەت و یەك دینە بریتییە لە باوەڕ بە خودای زیندووی زانای تەوانای بیسەری بینای خاوەن کەلام، وە منیش پەروەردگاری هەموو ئێوەم دەی هەمووتان بەندەیی من بە تەنیا بکەن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَتَقَطَّعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡۖ كُلٌّ إِلَيۡنَا رَٰجِعُونَ ٩٣﴾

کەچی ئەو ئادەمیزادانە کە ئەم زاتە پاکانە بانگیان کردن بۆ ئەو دینە پاکە یەك سیمایە دینی خۆیان پارچە پارچە کرد لە ناو خۆیانا؛ بازێکیان لەسەر دینی حەق مانەوە و، بازێ لە حەق لایاندا و هەموو ئەمانە بۆ لای ئێمە ئەگەڕێنەوە و لە دەستم دەرناچن.

﴿فَمَن يَعۡمَلۡ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَا كُفۡرَانَ لِسَعۡيِهِۦ وَإِنَّا لَهُۥ كَٰتِبُونَ ٩٤﴾

جا هەرکەسێ شتێکی باشی کردبێ و خۆیشی موسوڵمان بێ بە خودای خۆی ئەوە شاردنەوە و پووچکردنەوە نییە بۆ کۆششی ئەو چاکەکەرە و ئێمە چاکەکانی ئەنووسین.

﴿وَحَرَٰمٌ عَلَىٰ قَرۡيَةٍ أَهۡلَكۡنَٰهَآ أَنَّهُمۡ لَا يَرۡجِعُونَ ٩٥﴾

وە مەمنووعە بۆ خەڵکی ئەو ئاواییە کە ئێمە بڕیارمان داوە وێرانی بکەین لە بەر کردەوەی خراپیان ئەمە کە بگەڕێنەوە بۆ تەوبە و پەشیمانی لە کردەوەی خراپ.

بە پێی ئەم مەعنایە حەرفی «لا» زیادەیە. وە ئەگونجێ ئەو حەرفە زیاد نەبێ، بەم مەعنایە بڵێین حەرامە بۆ ئەو قەومە ناپەسەندە نەگەڕانەوەی بۆ لای ئێمە بۆ وەرگرتنی جەزای کردەوەیان، وە بە قەتعی هەر دێنەوە بۆ لام و ئەگەن بە حەقی خۆیان.

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٖ يَنسِلُونَ ٩٦﴾

www.iqra.ahlamontada.com

واتە حەرامە لەسەر ئەهلی ئەو دێ ناباره بگەڕێنەوە بۆ تەوبە هەتا ڕێگەی قەومی یەئجووج و مەئجووج ئەکرێتەوە و پردەکەی بەردەمیان ئەشکێ و ئەوانیش لە هەموو بەردابیەکەوە ئەکەونە پەلە پەل و بە دنیادا بەر ئەبن.

﴿وَٱقۡتَرَبَ ٱلۡوَعۡدُ ٱلۡحَقُّ فَإِذَا هِيَ شَٰخِصَةٌ أَبۡصَٰرُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَٰوَيۡلَنَا قَدۡ كُنَّا فِي غَفۡلَةٖ مِّنۡ هَٰذَا بَلۡ كُنَّا ظَٰلِمِينَ ٩٧﴾

وە لەو کاتەدا کە یەئجووج و مەئجووج دەرگای هاتوچۆیان بۆ ئەکرێتەوە و دین لەبەر دەستیانا کز ئەبێ و وەعدەی خودا بە هاتنی ڕۆژی قیامەت نزیك ئەبێتەوە کە ئەو وەعدە حەقە و لەو کاتەدا چاوەکانی ئەو کەسانە کە کافر بوون لە ترسا ڕەپ ڕائەوەستێ و ئەڵێن: هاوار بۆ ئێمە کە غافڵ بووین لەم کارەساتە و نەمانزانی بەم کوتوپڕە دێتە پێشەوە، نە، نە، تەنها غافڵ نەبووین بەڵکوو ستەمی ناهەموارمان لە خۆمان کرد؛ چونکە دینمان خستە پشت گوێ و ستەممان لە خەڵکیش کرد نەمانهێشت ڕێگەی ڕاست بگرن.

﴿إِنَّكُمۡ وَمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمۡ لَهَا وَٰرِدُونَ ٩٨﴾

بە ڕاستی ئەی کافرانی مەککە ئێوە و هەرچی کە بێجگە لە خودا ئەیپەرستن لەو بتە بێفام و بێشعوورانە سووتەمەنی دۆزەخن، واتە هەمووتان ئەڕۆنە ناوی و لەوێدا ئەسووتێنرێن.

﴿لَوۡ كَانَ هَٰٓؤُلَآءِ ءَالِهَةٗ مَّا وَرَدُوهَاۖ وَكُلّٞ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٩٩﴾

ئەگەر ئەو بتانە خودا بوونایێ، وەکوو ئێوە گومان ئەبەن، نەئەڕۆیشتنە ناو دۆزەخەوە، کەچی ئەوان لە ناو دۆزەخدان هەتا هەتایە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَهُمْ فِيهَا لَا يَسْمَعُونَ ﴿١٠٠﴾﴾

بۆ ئەوانە هەیە کە ئەڕۆنە ناو دۆزەخەوە ناڵە و هەناسەهەڵکێشانێکی زۆر نابار و بێئاسایش، وە ئەوانە لە دۆزەخدا گوێیان کەڕ ئەبێ و هیچ نابیسێ، وە یاخود شتێ نابیسێ کە هۆی دڵشادی بێ.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُم مِّنَّا ٱلْحُسْنَىٰٓ أُوْلَٰٓئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ ﴿١٠١﴾﴾

بە ڕاستی ئەو کەسانە کە لە لایەنی ئێمەوە پایە و پلەی جوانیان بۆ بڕیاردراوە و بە گوێرەی زانست بڕیارم داوە کە بەهەشتین و جێگەی ڕەزامەندی ئێمەن. ئەوانە لەو دۆزەخە دوور ئەخرێنەوە.

﴿لَا يَسْمَعُونَ حَسِيسَهَا ۖ وَهُمْ فِي مَا ٱشْتَهَتْ أَنفُسُهُمْ خَٰلِدُونَ ﴿١٠٢﴾﴾

دەنگی دۆزەخ و بڵێسەی ئاگری دۆزەخ نابیسن و ئەوانە لە ناو ئەو ناز و نیعمەتەدا کە نەفسیان ئارەزووی ئەکا دەوامدارن هەتا هەتایە.

﴿لَا يَحْزُنُهُمُ ٱلْفَزَعُ ٱلْأَكْبَرُ وَتَتَلَقَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ هَٰذَا يَوْمُكُمُ ٱلَّذِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿١٠٣﴾﴾

وە ترسێ لە هەموو ترسێ گەورەترە کە ترسی ئادەمیزادی مردووە لە کاتی فووی دووەم بۆ زیندوو بوونەوە، وە یا ترسی ناردنیان بۆ ئاگری دۆزەخ، وە یا ترسی سەرنانەوەی دەرگای دۆزەخ و جاڕدان بە دەوامی ئەهلی دۆزەخ لە دۆزەخدا، ئەو ترسە نایەت بەسەر ئەو کەسانەدا کە خودا پلە و پایەی جوانی بۆ بڕیارداون، وە فریشتەی ڕەحمەت دێن بە پێشوازی ئەوانەوە و بەڕێزەوە عەرزیان ئەکەن: ئەم ڕۆژە

www.iqra.ahlamontada.com

ئەو رۆژە پیرۆزەیە کە وەختی خۆی لە دنیادا لەسەر زمانی پێغەمبەران و رەهبەران بەڵێنتان پێ درابوو جا بە ئاسایش و هێمنی بمێننەوە بۆ خۆتان.

﴿ يَوْمَ نَطْوِي ٱلسَّمَآءَ كَطَيِّ ٱلسِّجِلِّ لِلْكُتُبِ ﴾

باسی ئەو رۆژە بکە کە ئاسمانی تیا ئەپێچینەوە، یاخود ئەو کەسانە کە زانستی خودا رابوردووە بە پایەی باش بۆیان ترسی گەورە زویریان ناکا لەو رۆژەدا کە ئاسمانی تیا ئەپێچینەوە، یاخود فریشتەی خودا دێن بە پێشوازی ئەو ئینسانە باشانەوە لەو رۆژەدا کە ئێمە ئاسمانی تیا ئەپێچینەوە وەکوو چۆن نووسەر ئەو پەڕە نووسراوەی بەردەستی لوول ئەکا و ئەیپێچێتەوە.

﴿ كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُۥ ۚ وَعْدًا عَلَيْنَآ ۚ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ ﴿١٠٤﴾ ﴾

خودای تەعالا بە شێوەی ئیستیناف و زیکری جوملەی سەربەخۆ ئەفەرموێت: لە سەرەتاوە چۆن خەڵکمان دروست کردووە بەو جۆرە جارێکیتر دروستی ئەکەینەوە و زیندووی ئەکەینەوە، واتە وەکوو یەکەمجار بە ئاسانی و بە بێ یارمەتی کەس ئەم ئادەمیزادە و باقی خەڵکم دروست کرد وەها دروستیان ئەکەمەوە لەبەر وەفا و بەجێهێنانی ئەو بەڵێنە کە داومە بە دروستکردنەوەی ئەم خەڵکە و، بەراستی ئێمە کار ئەکەین، وە ئیبداع و ئیجاد و گردکردنەوەی پارچە پارچەی پەرێشان لە جیهانا، وە یا هەر سەرلەنوێ دروستیان بکەمەوە بە لای منەوە وەك یەك وانە.

وە لە فەرموودەکانی حەزرەتا ﷺ هەیە کە خودای تەعالا ئەم ئینسانە دروست ئەکاتەوە لەسەر مادەی «عجب الذنب» کە بە قەی زەڕەیەکە لە کۆتایی زنجیرەی پشتی ئینسانا.

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەگەر ئینسانێ سووتابێ، یا لە ئاوا خنکابێ وە یا خورابێ وە یا بە هەر جۆرێ بڵاو بووبێتەوە بە جیهانا لەوانەیە خودای تەعالا ئەو زەڕەی «عجب‌الذنب»ەی بپارێزێ و لەوێوە دروستی بکاتەوە، وە ئەگەر ئەو زەڕەیشە هەر نەمابێ لە وجوودا هەم بۆ خودای تەعالا ئاسانە کە ئەو ئینسانە دروست بکاتەوە، وەکوو فەرموویەتی: ﴿کما بدأنا أول خلق نعیده﴾، وە نەمانی عەینی ئەو پارچەی لەشە کە لە دنیادا بووە هیچ زیانێ نادا لە مەسەلەی زیندوو کردنەوەی مردوو بە لەش و گیانیەوە؛ چونکی مەبەست لە زیندوو کردنەوە ئەمەیە کە خودا ئینسانێ دروست بکاتەوە وەکوو لە دنیادا بووە کە ئەمە هاتەجێ بەسە بۆ زیندوو کردنەوە، ئیتر پارچەکانی لەشی دنیای مابێتەوە و خودا گردیان بکاتەوە وەکوو لە سوورەتی «یاسین»دا دەرئەکەوێ لە ئایەتی: ﴿قل یحییها الذي أنشاها أول مرة﴾[1] وە یاخود وێنەی ئەو پارچانەی بۆ دروست بکاتەوە وەکوو لە ئایەتی: ﴿أو لیس الذي خلق السماوات والأرض بقادر علی أن یخلق مثلهم﴾[2] وە دەرئەکەوێ، مەبەست ئەوەیە وەکوو یارۆی دنیا بێ، ئەوەتا لە سوورەتی قیامەدا ئەفەرموێ: ﴿بلی قادرین علی أن نسوي بنانه﴾[3] جا مادام خودا خەتەکانی سەر پەنجەی ئینسان دروست بکاتەوە لە دنیادا چۆن بووە ئیتر هیچ نامێنێتەوە. وە ئەگەر گۆڕانێ بەسەر شێوەدا بێت بە جوانی یا بە ناشیرینی ئەوە کابرا ناکا بە ئینسانێکی غەیری ئینسانی پێشوو لە دنیادا، وەکوو ئینسانێ بە گەنجی قەرز بکا لە یەکێ بە پیری داوای لێ ئەکەنەوە و پێویستە بیداتەوە. هەر لە دنیایشدا هەمیشە پارچەی لەشی ئینسان وا لە ناوچوون و تازە بوونەوەدا وەکوو مەعلوومە، وە ئەمەیش تەئسیری نییە لە سەر مانەوەی شەخسی ئینسان لە ئەحکامی دینی و دنیاییدا.

---

١. یس: ٧٩.

٢. یس: ٨١

٣. القیامة: ٤.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِنْ بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ ﴿١٠٥﴾﴾

وە ئێمە لە زەبووردا، کە کتێبی داوود بووە، نووسیومانە باسی زیکری خۆم کە بە راستی زەوی بەهەشت ئەمێنێتەوە بۆ ئەو بەندانەم کە بیر و باوەڕ و کردەوەیان باشە و لە پاش زیندووبوونەوە ئەو بەندانە ئەگەن بەو بەهەشتە.

وە یاخود خاکی فەلەستین لە دەست عەمالیقە دەرئەچێ و ئەبێ بە ماڵ بۆ بەنی‌ئیسرائیل، وە یاخود لە دەست بەنی‌ئیسرائیل دەرئەچێ و ئەبێ بە ماڵ بۆ ئوممەتی موحەممەد ﷺ، وە یاخود پاش ئەوە کە یەهوود بە زۆری بێگانەکان داگیری ئەکەن دووبارە ئەبێتەوە بە ماڵی موسوڵمانان لە ئوممەتی موحەممەد ﷺ، وە هیوامان وایە ئەم مانایە لە چەرخی ئێمەدا بێتە جێ.

﴿إِنَّ فِي هَٰذَا لَبَلَاغًا لِّقَوْمٍ عَابِدِينَ ﴿١٠٦﴾﴾

وە بە راستی لەم بەیانەدا ئیرشاد و راگەیاندن هەیە بۆ گەلێ کە بەندەیی خودا ئەکەن و خاوەن بیر و باوەڕی راستن.

﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ ﴿١٠٧﴾﴾

وە ئێمە تۆمان نەناردووە ئیللا بەزاتێکی وەها کە هۆی رەحمەت و پیرۆزیت بۆ هەموو عالەم لە موسوڵمان و کافران و جینن و مەلائیکە؛ چونکی تۆم نارد بۆ بانگکردنی هۆشیاران بۆ سەر ئیمان بە خودا و بەیەکناسینی و هەست بە لێپرسراوی و ئامادە بوون بۆ پاداشی بیر و باوەڕ و کردەوە لە پاشەڕۆژا و بۆ هاندانیان لە هەموو خوو و رەوشتێکی بەرز و باڵادا و تۆم کرد بە چرایێ کە جیهان رووناك بکاتەوە، جا ئەگەر کەسێ خۆی حازر نەبێ بۆ سوود وەرگرتن لەم بارە بەرزانە ئەوە وەکوو کەسێکە ئاو نەخواتەوە لە سەرچاوەیەکی خۆشی زەلاڵا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قُلْ إِنَّمَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٠٨﴾﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ بەو کافرە موشریکانە: کە لە لای خوداوە هیچ شتێ بە وەحی نەهاتووە بۆ لای من ئەوە نەبێ کە خودای ئێوە هەر خودایەکی تاق و تەنیایە. دەی ئایا ئێوە ملکەچ ئەبن بۆ باوەڕ کردن بە یەکیەتی خودای تەعالا؟

﴿فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُلْ ءَاذَنتُكُمْ عَلَىٰ سَوَآءٍ ۖ وَإِنْ أَدْرِىٓ أَقَرِيبٌ أَم بَعِيدٌ مَّا تُوعَدُونَ ﴿١٠٩﴾﴾

جا ئەگەر پشتیان لە خودا بەیەکناسین هەڵکرد پێیان بڵێ: وا من هەمووتانم ئاگادار کردەوە لەسەر خودا بەیەکناسین ئیتر ئێوە خۆتان ئەزانن، وا من باوەڕم وایە خودا حەقتان لێ ئەستێنێ، ئیتر نازانم ئایا نزیکە ئەوەی بەڵێن دراوە بە ئێوە یا دوورە، وە ئەو شتە یا بریتییە لە سەرکەوتنی موسوڵمانان بە سەر کافرەکانا، وە یا بریتییە لەو سزا و تۆڵە کە خودا بۆ ئەوانی ئەنێرێ.

﴿إِنَّهُۥ يَعْلَمُ ٱلْجَهْرَ مِنَ ٱلْقَوْلِ وَيَعْلَمُ مَا تَكْتُمُونَ ﴿١١٠﴾﴾

بە ڕاستی خودای تەعالا ئاگادارە و ئەزانێ بە هەموو قسەیێ کە ئێوە بە ئاشکرا بیکەن، وە ئاگای لەوەیشە کە بە پەنامەکی ئەیکەن و ئەیشارنەوە.

﴿وَإِنْ أَدْرِى لَعَلَّهُۥ فِتْنَةٌ لَّكُمْ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿١١١﴾﴾

وە من نازانم بەڵکوو ئەو مۆڵەتدانی ئێوە تا ئێستە بەراورد بێ بۆ ئێوە و ڕابواردن بێ هەتا کاتێ کە خودا بڕیاری داوە.

﴿قَٰلَ رَبِّ ٱحْكُم بِٱلْحَقِّ ۗ وَرَبُّنَا ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ﴿١١٢﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

**جا پێغەمبەر فەرمووی: خودایە حوکم بکە بە حەق لە بەینی ئێمە و خەڵکی مەککەدا، وە بە راستی خودای ئێمە میهرەبانە و داوای یارمەتی لێ ئەکرێ لەسەر ئەو باوەڕانە کە ئێوە هەتانە، وە هیوامان وایە کە لەسەر زەوقی ئێوە نەبێ و کاری وا بکا وەکوو خۆی وەعدەی داوە کە حەق سەر بکەوێ و دەوام بکا هەتا هەتایە.**

سوپاس بۆ خودا لێبوومەوە لە نووسینەوەی تەفسیری سوورەتی ئەنبیا لە رۆژی ٩ی «ذي الحجه»ی ساڵی ١٣٩٨ی کۆچی رێکەوتی ٨ ـ ١١ ـ ١٩٧٨ی زایینی لە ژووری دەرس‌وتنەوەی مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدا.

www.iqra.ahlamontada.com

**سووره‌تی حه‌ج، مه‌دینه‌ییه‌، ئایه‌ته‌كانی "٥٢" و "٥٣" و "٥٤" نه‌بێ، ٧٨ ئایه‌ته‌، دوای سووره‌تی نوور هاتووه‌ته‌ خواره‌وه‌.**

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمْۚ إِنَّ زَلْزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَيْءٌ عَظِيمٌ ١﴾

ئه‌ی ئاده‌میزاده‌كان له‌ خودا بترسن و خۆتان بپارێزن له‌و شتانه‌ كه‌ نه‌هییان لێ كراوه‌، وه‌ ئه‌وه‌ی فه‌رمانتان پێ دراوه‌ به‌جێیان بێنن، به‌ڵكوو به‌ هۆی ته‌قوای خوداوه‌ خودا بتانپارێزێ له‌ سزای رۆژی قیامه‌ت و له‌ په‌رێشانی دڵ و له‌و سه‌رگه‌ردانی و لاوازی بیر و باوه‌ڕه‌ كه‌ به‌سه‌ر ئینسانا دێ له‌ كاتی بشێوه‌ و هێرشی به‌ڵادا به‌ تایبه‌تی به‌ڵای بوومه‌له‌رزه‌ی پێش هاتنی قیامه‌ت كه‌ به‌ راستی ئه‌و بوومه‌له‌رزه‌یه‌ شتێكی زۆر گه‌وره‌یه‌ و وه‌زعی هه‌موو زه‌وی ئه‌گۆڕێ.

وه‌ یا بترسن له‌ په‌روه‌ردگاری خۆتان، ئه‌و په‌روه‌ردگاره‌ كه‌ ئه‌وه‌نه‌ ته‌واناییه‌ بوومه‌له‌رزه‌یه‌كی گه‌وره‌ به‌سه‌ر جیهاندا دێنێ به‌ جۆرێك دایك سه‌ری منداڵی خۆی ناپه‌رژێ و، عالەم سه‌رگه‌ردان ئه‌كا، جا كه‌ وایه‌ خودا ئه‌وه‌نده‌ خاوه‌نی ته‌وانا بێ شیاوی ئه‌وه‌یه‌ كه‌ هۆشیار لێی بترسێ و فه‌رمانه‌كانی به‌جێ بێنێ.

بزانن! ئیبنوعه‌باس فه‌رموویه‌تی: ئه‌م بوومه‌له‌رزه‌ بوومه‌له‌رزه‌ی هاتنی قیامه‌ته‌.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّآ أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى ٱلنَّاسَ سُكَٰرَىٰ وَمَا هُم بِسُكَٰرَىٰ وَلَٰكِنَّ عَذَابَ ٱللَّهِ شَدِيدٌ ۝٢﴾

لەو رۆژەدا کە ئێوە خۆتان یا چینی دواییتان بە دەرەجەیەك یا بە چەن دەرەجەیێ ئەو بوومەلەرزە ئەبینن هەموو ژنێکی شیردەر شیرەخۆرەکەی خۆی لە بیر ئەچێتەوە و هەموو ژنی سکپڕ لە ترسا بەرئەخەن و ئادەمیزادی ئەو رۆژە بە سەرخۆش ئەبینی و لە واقیعا ئەوان سەرخۆش نین بەڵام سزای سەخت و گرانە و ئادەمیزادی گێژ و وڕ کردووە.

ئیمامی ئەحمەد و سەعیدی کوڕی مەنسووری و نیسائی و ترمزی و حاکم ریوایەتیان کردووە لە عیمرانی کوڕی حسەینەوە: کاتێ ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە حەزرەت ﷺ لەسەفەردا بوو لە ناو «بنی‌مصطلق»دا، جا فەرمووی بە یارانی: ئەزانن ئەو رۆژە چ رۆژێکە؟ عەرزیان کرد: خودا و پێغەمبەری خودا ئەزانن، ئەویش فەرمووی: ئەوە رۆژێکە خودای تەعالا فەرمووی بە ئادەم: ئەی ئادەم کۆمەڵی ئاگری دۆزەخ بنێرن با برۆن بۆ شوێنی خۆیان، ئەویش عەرزی کرد: نازانم کۆمەڵی ئاگری دۆزەخ کێن، خودا فەرمووی: لە هەموو هەزار کەسێکدا نۆسەد و نەوەد و نۆ کەسی.

ریوایەت کراوە لە ئەبووسەعیدی خدرییەوە رضي الله عنه لە حەزرەتەوە ﷺ فەرمووی: خودای تەعالا ئەفەرموێت: ئەی ئادەم! ئەویش ئەڵێ: «لبيك و سعديك والخير في يديك» خودا ئەفەرموێ: قەرەباڵغی موستەحەقی ئاگری دۆزەخ جیا بکەرەوە، ئەویش عەرزی ئەکا: ئەو قەرەباڵغە کێن؟ خودا ئەفەرموێت: لە هەموو هەزار کەسدا نۆسەد و نەوەد و نۆیان. لەو رۆژەدا کە ئینسانی جوان لە ترسا پیر دەبێ و، ژنی سکپڕ سکەکەی ئەخا و، خەڵك بە سەرخۆشی ئەبینی و لە واقیعا سەرخۆش نین بەڵام سزای خودا

www.iqra.ahlamontada.com

سەختە. جا یارانی حەزرەت ﷺ پرسیاریان لێ کرد: ئەو تاقەکەسە کێیە لە ناو ئێمەدا؟ حەزرەت ﷺ فەرمووی: موژدەتان بێ لە ئێوە یەکێ و لە کافرەکان هەزار کەس.

لە پاشان حەزرەت ﷺ فەرمووی: بەو کەسە رۆحی من وا لە دەستی ئەودا هیوام وایە کە ئێوە چواریەکی ئەهلی بەهەشت بن، ئێمەیش وتمان: «اللّٰه أکبر» جا فەرمووی: هیوام وایە کە سێیەکی ئەهلی بەهەشت بن، ئێمەیش وتمان: «اللّٰه أکبر» جا فەرمووی: هیوام وایە کە ئێوە نیوەی ئەهلی بەهەشت بن، ئێمەیش وتمان: «اللّٰه أکبر» جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: ئێوە وەکوو موویەکی رەش لە پێستی گایەکی سپێدا یا موویەکی سپی لە پێستی گایەکی رەشدا وان، ئەم حەدیسە موسلیم و بوخاری ریوایەتیان کردووە.

لەم ریوایەتەوە وا دەرئەکەوێ، کە ئەم پیر بوونی منداڵ و بەرخستنی ژنە لە شێوەی «تەقدیر»ا بێ؛ چونکی ئەو گفتوگۆی خودای تەعالایە لەگەڵ ئادەمدا لە قیامەتدایە و بازێ ـ بە «قەتعی نەزەر» لەم ریوایەتی ئەبووسەعیدە ـ ئەڵێن: ئیبنوعەباس فەرموویەتی: ئەم بوومەلەرزە و رووداوە لە دنیادایە لە کاتی رووخاندنی ئەم جیهانەدا.

واتە ئەگەر ئەو کارەساتە لە دنیادا بوایە ژنی منداڵ بە بەر منداڵەکەی لە بیر ئەچوو و جێی ئەهێشت و ژنی سکپڕ سکەکەی فڕێ ئەدا.

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُجَـٰدِلُ فِى ٱللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّبِعُ كُلَّ شَيْطَـٰنٍ مَّرِيدٍ ﴿٣﴾ كُتِبَ عَلَيْهِ أَنَّهُۥ مَن تَوَلَّاهُ فَأَنَّهُۥ يُضِلُّهُۥ وَيَهْدِيهِ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ ﴿٤﴾ ﴾

ئەم ئایەتە دەرحەقی نەزری کوڕی حارس هاتەخوارەوە، ئەم زەلامە ئاژاوەچی و موجادیل بوو ئەی ... پێشینانە

www.iqra.ahlamontada.com

ـ پەنا بە خودا ـ وە لە پاش مردن زیندوو بوونەوە نییە، جا خودا ئەفەرموێت: لە کافرە موشریکەکانە کەسێ کە جیدالتان لەگەڵدا ئەکا لە باسی خودا و لە باسی قورئانا و قسەی نارەوا ئەکا بە بێ زانست و ئاگاداری و ئەکەوێتە شوێن هەموو شەیتانێکی لە حەق دەرچووی وا کە لە شانیا نووسراوە هەرکەسێ شوێنی بکەوێ گومرای ئەکا و ئەیبا بۆ دۆزەخ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّنَ ٱلۡبَعۡثِ فَإِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ مِنۡ عَلَقَةٖ ثُمَّ مِن مُّضۡغَةٖ مُّخَلَّقَةٖ وَغَيۡرِ مُخَلَّقَةٖ لِّنُبَيِّنَ لَكُمۡۚ وَنُقِرُّ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ مَا نَشَآءُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ثُمَّ نُخۡرِجُكُمۡ طِفۡلٗا ثُمَّ لِتَبۡلُغُوٓاْ أَشُدَّكُمۡۖ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ لِكَيۡلَا يَعۡلَمَ مِنۢ بَعۡدِ عِلۡمٖ شَيۡـٔٗاۚ وَتَرَى ٱلۡأَرۡضَ هَامِدَةٗ فَإِذَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهَا ٱلۡمَآءَ ٱهۡتَزَّتۡ وَرَبَتۡ وَأَنۢبَتَتۡ مِن كُلِّ زَوۡجِۭ بَهِيجٖ ﴿٥﴾ ﴾

ئەی ئادەمیزاد ئەگەر ئێوە وان لە گومان و دوودڵیدا لە ئیمکانی زیندوو کردنەوەی ئێوەدا لە پاش مردن و رزینی لەشتان بێن کەمێ بیر بکەنەوە لە ئەوەڵی دروستکردنی خۆتانا هەتا ئەو گومانەتان نەمێنێ؛ تەماشا بکەن کە من ئێوەم دروست کردووە لە گڵ بە ئیعتیباری یەکەم باوکتان کە حەزرەتی ئادەمەعليه السلام یا بە ئیعتیباری ئەسڵی ئاوی «مەنی» چونکە لە خواردەمەنییەوە پەیدا بووە و ئەسڵی ئەو خواردەمەنیانەیش گڵە، پاش ئەوە ئەسڵەکەتان گڵە ئێوەم لە ئاوی تۆوی نەتەوە کە لە پشتی باوك و سنگی دایکدا پەیدا دەبێ دروست کردووە، دواى ئەوە لە پارچە خوێنێ وەکوو

www.iqra.ahlamontada.com

خوێنی جگەر کە عیبارەتە لەو ئاوی نەتەوە کە لە پاش چل رۆژ ئەبێ بە یەك پارچە خوێن، جا لە پارچەیێ گۆشت؛ چونکی لە پاش چل رۆژەی خوێنەکەی ئەبێ بە پارچەیێ گۆشت جا بازێکی تەواو و رەسایە و ئەو منداڵە کە لەو دروست ئەبێ رەسا و بێعەیبە، وە بازێکی ناتەواو و نارەسایە و منداڵەکەیشی ناتەواوە، ئەمەیشم لەبەر ئەوە کرد هەتا بەم پلە پلە ئێوە حاڵی بکەین کە ئەم مادەی وجوودی ئینسانە شیاوی هەموو ئاڵ و گۆڕێکە و ئەو خودایە ئەتوانێ گڵ بکا بە ئاو و ئاو بکا بە خوێن و خوێن بکا بە گۆشت و لەو گۆشتە رەگ و ئێسقان و گۆشت و وردە پارچە دروست بکا، ئەیشتوانێ مردوو زیندوو بکاتەوە. وە پاش ئەوە مادەی لەشی ئینسانمان بەم چەن پلەدا بەرز کردەوە ئەوجار رای ئەگرین و ئەیهێڵینەوە لە ناو منداڵدانی ژنا، ئەو لەشە کە بمانەوێ بێ ماوەیەکی وەها کە خواستمان لە سەری بێ هەتا ئەگاتە ئەو وادە دیاری کراوە بۆ دەرچوونی بۆ رووناکی جیهان، ئەنا ئەگەر نەمانەوێ بمێنێ ئەوە زوو لە منداڵدانی دایکی فڕەی ئەدەین و زایەی ئەکەین.

جا پاش ئەو ماوەیە لە منداڵدان دەری ئەکەین بە شێوەی منداڵ، جا ئەتان هێڵینەوە بۆ ئەوە بگەن بە رەسایی هێزەکانی خۆتان.

وە لە ئێوەیە کەسانێکیش کە لە پێش گەیشتن بەو هێزە گیانی وەرئەگیرێ و ئەمرێ، وە لە ئێوەیشە کەسێ کە ئەهێڵرێتەوە و دوا ئەخرێ هەتا ئەگاتە پەستترین و رەزیلترینی ژیان و تەمەن بۆ ئەوە کە لە پاش ئەوە بە یاسای خۆی گەلێ شتی زانیوە وای لێ بێ هیچ نەزانێ کە ئەمە پەستترینی حاڵە.

وە لە لایەکیتریشەوە زەوی ئەبینی بە مردوویی و وشکی، جا کاتێ ئێمە ئاوی بارانمان داپەڕاند بۆ سەر زەوی و تێراوی کرد تەماشا ئەکەی ئەجووڵێتەوە و بای تێ ئەچێ و بەرز ئەبێتەوە و ئەڕوێنێ لە هەموو جۆرە گیایەکی جوان و گوڵی رەنگامە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّهُۥ يُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَأَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿٦﴾
وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٞ لَّا رَيۡبَ فِيهَا وَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡعَثُ مَن فِي ٱلۡقُبُورِ ﴿٧﴾﴾

ئا ئەم دروستكردنی ئادەمیزادە لە چەن دەوری جیا جیادا و بردنی ئینسانی لە دایكبوو بە چەن پایەیەكدا لە لاوازی و بێ‌تینی، وە بەهێزی و زانایی و نەزانیدا، وە چاوكەوتن بە زەوی بە وشكی و مردوویی لە پاشا بە جوولاوی و بەرزە بوون و گیاڕواندن، هەمووی بە هۆی ئەوەوەیە كە خودای تەعالا هەر ئەوە خاوەن وجوودی سابت لە زاتی خۆیا بە بێ نیازمەندی بە هیچ مەوجوودێ، وە هەر خودا تەوانایە بەسەر زیندوو كردنەوەی مردوانا، وە خودا تەوانایە بەسەر هەموو شتێكدا و بە راستی رۆژی قیامەت دێت بە بێ گومان و هیچ شوبهە نییە لەمەدا، وە بە راستی هەركەس كە لە گۆڕی خۆیایەتی و پاش مردنی جێگەیەكی بووە خودا زیندوویان ئەكاتەوە.

بزانن! لە ئایەتی: ﴿یا أیها الناس إن كنتم في ریب..﴾ تا كۆتایی ئایەتی دووهەم بە سێ جۆر دەلیلی هێنایەوە لەسەر زیندووبوونەوەی ئادەمیزاد لە پاش مردن:

یەكەم: بە تەوانایی خۆی لەسەر گۆڕینی وەزعی ئادەمیزاد لە ئەسڵی دروستكردنیا لە گڵەوە بۆ تۆم، بۆ پارچە خوێن، بۆ پارچە گۆشت، وە ماوەی مانەوەی لە منداڵداندا جا دەركردنی بۆ دنیای رۆشن.

دووەم: بە تەوانایی خۆی لەسەر گۆڕینی وەزعی ئادەمی لە بێ‌هێزی و ناتەوانییەوە بۆ وەزعی هێز و تەوانایی، ئەمجار گێڕانەوەی بۆ سەر ناڕەسایی هێزی زانست و شوعووری تا كاتی مردن.

سێهەم: بە تەوانایی خۆی لەسەر گۆڕینی وەزعی ئەم زەوییە واین بەسەریەوە لە وشكی و بێ‌رەنگییەوە بۆ وەزعی جوولان و شین بوونی گوڵ و گیا بەسەریەوە،

www.iqra.ahlamontada.com

کە دڵ بە تەماشایان شادمان ئەبێ، واتە ئەم تەرتیبە جوانە لە جیهانا لە زەوی و ئاسمانا لە خۆیەوە نییە و خاوەن هێزێکی تەواوی ئەوێ و ئەمەیش لە تەبیعەت و «لا شعور»یەوە نابێ، کە وابێ ئەبێ ئاساری پەروەردگارێ بێ کە تەوانا بێ و دارای سیفاتی کەمال بێ وەکوو زاتی خودای تەعالا، ئەویش خاوەن خواست تەوانایە و هەموو شتێکی پێ ئەکرێ، چۆن لە نەبوونەوە جیهانی جوانی دروست کردووە وەهایش لەوەی لە دنیادا هەیە لەگەڵ نەفسی دنیادا ئەتوانێ هەموو ئاڵوگۆڕێ بکات.

﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُجَٰدِلُ فِي ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَلَا هُدٗى وَلَا كِتَٰبٖ مُّنِيرٖ ۝٨ ثَانِيَ عِطۡفِهِۦ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۖ لَهُۥ فِي ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞۖ وَنُذِيقُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ ۝٩ ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتۡ يَدَاكَ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيۡسَ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ ۝١٠﴾

لە ئادەمیزادە کەسێکی وەها کە موجادەلە ئەکا بۆ دەربڕینی سیفاتی نابار بۆ زاتی خودا وەکوو ئیعتیباری نەتەوە بێ و ئینکاری نازڵبوونی قورئان ئەکا لە لایەنی خوداوە و بە ئوستوورەی دائەنێ، بە بێ زانستێکی فیتری زگماك و بە بێ بوونی بەڵگەیەکی وەها کە لە کەسبەوە وەری گرتبێ وەکوو تەماشای ئافاق و ئەوزاع، وە بە بێ ئەوە لە لایەنی فریشتەی پیرۆزەوە کیتابی دڵڕووناککەری بۆ هاتبێ بۆ خۆی یا بۆ پێشەواکەی، وە حاڵی وەهایە کاتێ یەکێ ئاموزگارییەکی بکا مل بائەدا بە دەمار و فیزەوە، وە ئەمەیش بۆ مەبەستی پیرۆز ناکا، بەڵکوو هەر بۆ ئەوەیە کە ئادەمیزاد گومڕا بکا لە ڕۆیشتن بە ڕێگەی ڕەزامەندی خودادا، جا ئەم جۆرە کەسە لە دنیادا ڕسوایی هەیە و، لە قیامەتیشدا سزای ئاگری سۆزندەی پێ ئەچێژین، وە لەو کاتی سزادانەدا لە لایەنی فریشتەی سزاوە پێی ئەوترێ: ئەم سزاکە لە سەر تۆ بڕیار دراوە بە هۆی ئەو

www.iqra.ahlamontada.com

بیر و باوەڕە نابارە و ئەو کردەوە ناهەموارانەوەیە کە دەستەکانت کردوویانە و پێش خۆت بۆیان ناردووی. واتە پێویست بوو هۆی رەحمەت پێش بخا بۆ ئەم رۆژەی، کەچی هۆی زەحمەتی بۆ خۆی پێش خست، وە پێی ئەوترێ: کە بە راستی بزانە خودای تەعالا خاوەن ستەم نییە بەرابەر بە هیچ گیانلەبەرێ بە تایبەتی بەرابەر بە بەندەکانی خۆی و، هەرگیز نیسبەتی ستەمی لێ نادرێ.

﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَعۡبُدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ حَرۡفٖۖ فَإِنۡ أَصَابَهُۥ خَيۡرٌ ٱطۡمَأَنَّ بِهِۦۖ وَإِنۡ أَصَابَتۡهُ فِتۡنَةٌ ٱنقَلَبَ عَلَىٰ وَجۡهِهِۦ خَسِرَ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةَۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ ١١﴾

وە لە ئادەمیزادە ئینسانێکی وەها کە بەندەیی خودا ئەکا لەسەر یەك بار کە بریتییە لەو بارە سوودی بۆی ببێ، جا مادام وابوو ئەگەر لە ژینی خۆیا خێر و قازانجێکی پێ بگا و ساغ و سەلامەت و خاوەن پایە و مایە و ماڵ و منداڵی بێ بە ئارەزووی خۆی بن، ئەوە دڵی بەوانە دائەمەزرێ و دەست دێنێ بە سەر و سمێڵی خۆیا و سوپاسی خودا ئەکا، وە یا ئەگەر سوپاس نەکا ناسوپاسیش دەرنابڕێ، وە ئەگەر کارەساتی ناباری پێ بگا لەپەوڕوو ئەکەوێ، واتە وەها تێك ئەچێ وەکوو یەکێ بە تەختی تەوێڵیدا درابێ و درابێ بە زەویدا دەماخی پەرێشان ئەبێ و چاوی بەرپێی خۆی نابینێ و، دەست ئەکا بە ناسوپاسی، وە بە جارێ، لەبەر بێباوەڕی و بێشوعووری وەکوو لە دنیادا زیانی کردووە وەها زیانی پاشەڕۆژی دێتە سەر و ماڵ کاولی هەردوو لا ئەبێ.

﴿يَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُۥ وَمَا لَا يَنفَعُهُۥۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلضَّلَٰلُ ٱلۡبَعِيدُ ١٢﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە بانگ ئەکا و ئەپاڕێتەوە لە غەیری خودای تەعالا لە کەسێ کە بە هیچ جۆرێ نە ئەتوانێ زیانی لێ بدا و نە ئەتوانێ سوودی پێ بدا، جا ئەمە گومڕاهییەکی زۆر دوورە و لادانە لە ڕاستەڕێ بۆ شوێنێکی زۆر دوور لە شەقامی عادەتی.

﴿يَدْعُوا لَمَن ضَرُّهُۥٓ أَقْرَبُ مِن نَّفْعِهِۦ ۚ لَبِئْسَ ٱلْمَوْلَىٰ وَلَبِئْسَ ٱلْعَشِيرُ ﴿١٣﴾﴾

ئەم کەسە گومان ئەبا بە کەسێ کە زیانی نزیکترە لە سوودی، کە بە سوودە بۆی و ڕزگاری ئەکا لەو زیانە تووشی بووە، بە ڕاستی زۆر خراپ یارمەتیدەرێك و زۆر خراپ یار و یاوەرێکە ئەوەی ئەو گومانی پێ ئەبا و بانگی لێ ئەکا وەکوو بتەکانی بێ، یا وەکوو ئەحبارە ناهەموارە گومڕاکەرەکانی بێ.

ریوایەت کراوە، ئەم ئایەتانە نازڵ بوون لە شانی بازێ عەرەبدا هاتبوون بۆ مەدینەی مونەووەرە و موسوڵمان بووبوون، جا کاتێ قازانجیان پێ بگەیشتایە دڵخۆش و دامەزراو ئەبوون، وە کاتی وا کە تووشی زیان ئەبوون دەستیان ئەکرد بە قسەی نابار و لەخۆیان ئەبوونەوە، وە لە واقیعدا ئەمە عامە بۆ هەرکەسێ کە حاڵی وەها بێ.

ڕەحمەت لەوە فەرمووی:

نە بێ‌دڵ باشە نە پیاوی دوودڵ ... ئینسانی یەكدڵ ئەگا بە مەنزڵ
بێ دڵ کافرە و، دوودڵ موشریکە ... یەكدڵ ئیمانی ساغە وەکوو گوڵ

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدْخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ ﴿١٤﴾﴾

بە ڕاستی خودای تەعالا ئەوانە کە ئیمانیان هێناوە و کردەوەی باشیان کردووە ئەیانخاتە ناو چەن بەهەشتێکی وەهاوە کە چەن جۆبار لە ژێریانەوە ڕەوان ئەبێ، بە ڕاستی خودای تەعالا خواستی لەسەر هەرچی بێ ئەیکا

www.iqra.ahlamontada.com

﴿مَن كَانَ يَظُنُّ أَن لَّن يَنصُرَهُ ٱللَّهُ فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْآخِرَةِ فَلْيَمْدُدْ بِسَبَبٍ إِلَى ٱلسَّمَآءِ ثُمَّ لْيَقْطَعْ فَلْيَنظُرْ هَلْ يُذْهِبَنَّ كَيْدُهُۥ مَا يَغِيظُ ﴿١٥﴾﴾

هەموو کەسێکی هۆشیار با بزانن کە موحەممەد ﷺ پێغەمبەری خودایە و خودا یارمەتی داوە و ئەیدا لە دنیا و لە قیامەتا، جا هەرکەسێ لەسەر کەودەنی و نەفامی خۆی وا گومان ئەبا کە خودای تەعالا یارمەتی موحەممەد نادا لە دنیا و لە قیامەتا با خۆی هەڵاوەسێ بە گوریسێ بە بنمیچی خانووەکەیا، لە پاشا خۆی سوورڕدا هەتا ئەخنکێ، جا با هەر لە ئێستەوە لە پێش ئەو واقیعەدا بڕوانێ: ئایا ئەم کارە فڕوفێڵ‌وێنەیە قاری دڵی ئەو چار ئەکا؟ حاشا!

بەم تەفسیرەی سەرەوە «یقطع» بە مانا خۆ خنکاندنە و بە مەعنایێ‌تر ئەڵێ: با خۆی بە بنمیچی خانووەکەیدا هەڵواسێ و ماوەیێ خۆی بتاسێنێ ئەم جار گوریسەکە ببڕێ و خۆی بخاتە خوارەوە، جا دوای ئەوە کە هۆشی هاتەوە بە خۆیا بڕوانێ بزانێ ئەم کارە نابارە کە وەکوو فێڵ کردنە لە خۆی هیچ قاری دڵی لائەبا؟ حاشا!

هەزار جار کابرا خۆی بتاسێنێ　　　خۆی لەو مەینەتە ناخەلەسێنێ

﴿وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَٰهُ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ وَأَنَّ ٱللَّهَ يَهْدِي مَن يُرِيدُ ﴿١٦﴾﴾

هەر وەکوو ئەم ئایەتە جوانانەمان نارد بۆ تۆ بۆ ترساندنی ئادەمیزاد لە سزای قیامەت و بۆ بەشکردنیان بەو بەشانەو بۆ ئەوە کەس سەرناکەوێ خاوەن ئیمانی ساغی یەك دڵ نەبێ، بەو جۆرەیش لەمەوبەر ئایەتمان ناردووەتە خوارەوە و هەروەهایش ئەینێرینە خوارەوە کە ببێ بە شایەت لەسەر ئەوە کە لە لایەنی خوداوە هاتوون، وە ئەو کەسەیش کە هاتوون بۆ لای پێغەمبەری خودایە، وە بۆ ئەوەیش بزانن خواستی لەسەر هیدایەتدانی هەرکەسێ ببێ هیدایەتی ئەدا.

www.iqra.ahlamontada.com

دیـن حـەقیقەتە و حـەقایق ئـەعیان ئـەعیان سـابیتن بـێ بـاس و بـەیان
ئـەوەی بـەرابـەر بـە حـەق نـاڕاسـە سینەی هـێلانەی گـەرای وەسـواسـە
جـا پـەنا بـگرە بـە تـەوانـای ڕاس لە شەڕ و مەکر و فیتنەی ئەلخەنناس

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلْمَجُوسَ وَٱلَّذِينَ أَشْرَكُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿١٧﴾﴾

بە ڕاستی ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خودا و بە پێغەمبەری خودا و بەو قورئانە کە هاتووە بۆ لای تۆ، وە ئەو کەسانەیش کە مەیلیان کردووە بۆ لای دینی یەهوودی و، ئەوانەیش دەرچوون لە بەندەیی خودا بۆ بەندەیی ئەستێرەکان، وە ئەو کەسانە خۆیان بە ئەنساری عیسا ئەزانن، وە ئەو کەسانە کە بە ناوی دینەوە پێیان ئەڵێن مەجووس، وە ئەوانەیش کە ئیمڕۆ پێیان ئەڵێن «موشرکین» و لەگەڵ خودادا بت ئەپەرستن. بە ڕاستی خودای تەعالا حوکم ئەدا لە ناویانا لە ڕۆژی قیامەتا و تێیان ئەگەیەنێ کێ لەسەر حەقە و کێ لەسەر بەتاڵە و، هەر کەس ئەگەیەنێ بە جێگە و شوێنی خۆی؛ چونکی بە ڕاستی خودا ئاگای لە هەموو شتێك هەیە.

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَسْجُدُ لَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ وَٱلنُّجُومُ وَٱلْجِبَالُ وَٱلشَّجَرُ وَٱلدَّوَآبُّ وَكَثِيرٌ مِّنَ ٱلنَّاسِۖ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ ٱلْعَذَابُۗ وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكْرِمٍۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَفْعَلُ مَا يَشَآءُ ﴿١٨﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئایا نابینی بە چاو، وە یا نازانی بە دڵ کە بە راستی سوجدە ئەبا بۆ خودای تەعالا ئەوانە کە هان لە ئاسمانەکانا و ئەوانە کە وان لە زەویداو رۆژ و مانگ و باقی ئەستێرەکان و کێوەکان و دار و ئەو گیانلەبەرانە کە ئەڕۆن بە زەویدا و گەلێ ئادەمیزاد؟ بەڵێ گەلێ لە ئادەمیزادیش سزای خودایان لەسەر بڕیار دراوە و سوجدە نابەن، بێ‌گومان ئەم ئینسانە نافەرمانانە خودا سووکی کردوون، وە هەرکەسیش خودا سووکی بکا ئیتر کەسێ نییە رێزی بگرێ و سەری بەرز بکاتەوە، بە راستی خودا خواستی لە هەرچی ببێ ئەیکا.

﴿هَٰذَانِ خَصْمَانِ ٱخْتَصَمُوا۟ فِى رَبِّهِمْ ۖ فَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ
مِّن نَّارٍ يُصَبُّ مِن فَوْقِ رُءُوسِهِمُ ٱلْحَمِيمُ ﴿١٩﴾ يُصْهَرُ بِهِۦ مَا فِى بُطُونِهِمْ
وَٱلْجُلُودُ ﴿٢٠﴾ وَلَهُم مَّقَـٰمِعُ مِنْ حَدِيدٍ ﴿٢١﴾ كُلَّمَآ أَرَادُوٓا۟ أَن يَخْرُجُوا۟
مِنْهَا مِنْ غَمٍّ أُعِيدُوا۟ فِيهَا وَذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ ﴿٢٢﴾﴾

موسوڵمانان و کافران دوو دوژمنی یەکترن کەوتوونەتە نیزاع و نارێکییەوە لە دینی خودادا و لە زات و سیفاتیا؛ موسوڵمانەکان ئەڵێن: زاتەکەی هەیە و دارای سیفاتی کەماڵە و «واجب‌الوجود»ە و قەدیم و باقی و تەنیا و بێ‌وێنە و بێ‌نیازە و، دینی هەیە و دینەکە بریتییە لەو بیر و باوەڕە باشە و لەو عیبادات و یاسایە کە بە هۆی فریشتەی هێمنەوە کە جوبرەئیلە ناردوویەتی بۆ پێغەمبەرەکەی و ئەویش گەیاندوویە بە گیانلەبەرانی هۆشیار.

وە کافرەکان موخالیفی ئەم بیر و باوەڕەن، جا ئەگەر هەر باوەڕیان بە وجوودی خودا نەبوو ئەوە پێیان ئەڵێن «موعەتەلە» واتە وا ئەزانن جیهان خاڵی و بەتاڵە لە سانیع و پەروەردگار، وە ئەگەر وتیان سانیع هەیە و سانیع هێزی تەبیعەتی بێ‌شعووری نەزان و بێ‌ئیرادە و خواستە ئەوە پێیان ئەڵێن «طبیعیة» و «دهریة».

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەگەر باوەڕیان بە وجوودی پەروەردگاری کامڵ بوو بەڵام باوەڕیان وابوو پێویستە هاوڕێ و شەریکی هەبێ ئەوە پێیان ئەڵێن «موشریك» وەکوو ئەوانە کە بتپەرستن، یا رۆژ پەرستن، یا گا پەرستن، یا ئاگر پەرستن.. تاد

وە لە ناو ئەم موشریکانەدا کۆمەڵێ هەیە کە باوەڕیان وایە سانیع دوانە: پەروەردگاری خێر کە ناوی «یەزدان»ە و ناویشی ئەبەن بە خالیقی نوور، وە پەروەردگاری شەڕ کە ناوی «ئەهریمەن»ە و ناویشی ئەبەن بە تاریکی، وە بۆ جیلوەی نوور ئاگریان داناوە ئەمانە ناویان «مەجووس»ە دەورێکی گەورەیان بووە لە گومڕا کردنی ئادەمیزادا، بۆیە خودا لەم ئایاتەدا جیای کردوونەتەوە لە «موشریکین» ئەگەرنا لە راستیدا ئەمانە بە موشریك ئەناسرێن و لە کۆمەڵەی موشریکانن.

وە ئەگەر باوەڕیان بە خودا بوو باوەڕیان بە دین و ئایینی ئاسمانی بوو ئەوە ئەوانە بە ئەهلی میللەت و دین ئەناسرێن، ئەمانە لە پاش حەزرەتی نووح کۆمەڵەی پەیڕەوانی سوحوفی ئیبراهیم بوون، وە لە پاش ئەوان پەیڕەوی تەوراتی مووسا بوون کە ناو ئەبرێن بە «یەهوود». یا بە مولاحەزەی ئەو کوڕی حەزرەتی یەعقووبە کە ناوی «یەهوودا» بووە.

وە لە پاش ئەوان پەیڕەوی عیسای کوڕی مەریەم بوون کە پەیڕەوی «ئینجیل» بوون، ئەمانە پێیان ئەوترێ «نەسارا» و «نەسرانی» لە بەر ئەوە کە یارمەتی عیسایان داوە.

وە کۆمەڵێ ئادەمیزادیش بوون لە دێر زەمانەوە، واتە پاش عەهدی نووح و ئیبراهیم، ئەمانە ئەستێرە پەرست بوون و پێیان ئەڵێن «سابیئە» و «سوببی» لە دواییدا داوای پەیڕەوی عیسای مەسیح ئەکەن، ئەگەر گاورەکان ئیعتیرافیان پێ بکەن ئەمانەیش حوکمی نەسارایان هەیە.

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەوانەیش کە پەیڕەوی حەزرەتی موحەممەدیان ﷺ کردووە و ئیمانیان بە قورئان هەیە کە نازڵ بووەتە سەر حەزرەتی موحەممەد ﷺ ئەوە پێیان ئەڵێن: موسوڵمان و بە خاوەنی دینی ئیسلام ئەناسرێن.

وە لە عورفی ئیسلاما ئەو کەسانە کە حەیران و بێعەلاقەن و پەیوەندییان بە هیچ عەقیدەیەکەوە نییە پێیان ئەڵێن «زندیق».

وە ئەوانە کە بە زمان ئیعتیراف بە ئیسلام ئەکەن و لە دڵدا بێباوەڕن پێیان ئەڵێن «مونافق» وە ئەوانە کە لە پاش ئیسلامییەت لە دین وەرئەگەڕێنەوە پێیان ئەڵێن «مورتەد».

وە لە پاش دامەزرانی دینی حەزرەتی موحەممەد ﷺ هەرکەسێ باوەڕی بە دینی ئەو نەبێ و پەیڕەوی قورئان نەکا، خواه ئەو کەسە نەسرانی بێ، یا یەهوودی بێ، یا سوببی بێ، وە یا غەیری ئەمانە، ئەوە بە کافر ئەناسرێ و لە ڕۆژی قیامەتدا سزا ئەدرێ هەتا هەتایە بە گوێرەی ئایاتی قورئانی پیرۆز و بە فەرموودەی حەزرەت ﷺ وە بە ئیجماعی ئیمامانی موجتەهیدینی دینی ئیسلام .

بە هەر حاڵ کەلیمەی «کافر» دەست ئەدا بۆ ئەو هەموو بەشە لە کافران. بەم گوێرە ئادەمیزاد بە شێوەی گشتی دوو بەشە: کافر، موسوڵمان. جا خودا ئەفەرموێت: ئەوانەی کە کافرن بە خودا و پێغەمبەر بەرگ و پۆشاکیان بۆ ئەبڕرێ لە ئاگری دۆزەخ، وە ئاوی کوڵاو لە دۆزەخدا ئەڕژێنرێ بە سەریانا و بەو ئاوە گەرمە ئەوەی وا لە ناو سکیانا و پێستی لەشیشیان ئەتوێتەوە، وە بۆ ئەوانە هەیە چەن چەکوشێ لە ئاسن و بە درێژی کات هەر وەختێ بیانەوێ لە ئاگری دۆزەخ دەرچن لە بەر خەم و پەرێشانی خۆیان، ئەبرێنەوە بۆ ناوی و لە لایەنی فریشتەی مەئموورەوە پێیان ئەوترێ: بچێژن سزای سووتان بە ئاگر.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدْخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ ﴿٢٣﴾ وَهُدُوٓا۟ إِلَى ٱلطَّيِّبِ مِنَ ٱلْقَوْلِ وَهُدُوٓا۟ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْحَمِيدِ ﴿٢٤﴾﴾

به راستی خودای تەعالا ئەو کەسانەی کە ئیمانیان هێناوە و کردەوەی باش ئەکەن ئەیانخاتە ناو چەن بەهەشتێکی واوە کە جۆبار لە ژێریانەوە رەوان ئەبێ، وە زێوەردار ئەکرێن لەو بەهەشتانەدا بە چەن دەسبەندێ لە تەلا و دوڕی مەشهوور بە «لوئلوء» وە پۆشاکیان لە بەهەشتا حەریرە، وە شارەزا کراون لە لایەنی خوداوە بۆ قسەی خۆش و شارەزا کراون بۆ رێگەی تاریف کرا و قسە باشەکەیان ئەمەیە ئەڵێن: ﴿الحمد لله الذي صدقنا وعده وأورثنا الأرض نتبوأ من الجنة حيث نشاء﴾.[1] وە رێگەکەیان رێگەی هاتوچۆی بەهەشتەکانە. یاخود مەبەست ئەو رێگەی ئیسلامییەتەیە کە لە دنیادا لە سەری بوون.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ٱلَّذِى جَعَلْنَٰهُ لِلنَّاسِ سَوَآءً ٱلْعَٰكِفُ فِيهِ وَٱلْبَادِ ۚ وَمَن يُرِدْ فِيهِ بِإِلْحَادٍۭ بِظُلْمٍ نُّذِقْهُ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٢٥﴾﴾

به راستی ئەو کەسانە کە کافرن بە خودای تەنیا و بە پێغەمبەری خودا و مەنعی خەڵك ئەکەن لە ئیمان هێنان کە رێگایەکە خودا کردوویەتیەوە بۆ رزگاری لە هەردوو دنیادا و مەنعی موسوڵمانان ئەکەن لە زیارەتی «مسجد الحرام» کە کەعبەی پیرۆزە

---

١. الزمر؛ ٧٤.

www.iqra.ahlamontada.com

کە حاڵی وەهایە بۆ دانیشتوو و سەفەری یەکسانە و موڵکی کەس نییە، ئەوانە سزا ئەدرێن لە قیامەتا، وە هەرکەسێ خواستی لەسەر شتێکی ناڕەوا بێ لەو مزگەوتەدا بە ستەم و بە لادان لە رێگەی حەق ئەوە پێی ئەچێژین بازێ سزای ئێش و ئازار گەیێن.

ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە شانی کافرانی مەککەدا کە لەو ساڵەدا حەزرەت ﷺ هات لە مەدینەوە بۆ مەککە بۆ بەجێهێنانی عومرە و ئەوانیش مەنعیان کردن و بڕیاریان دا لە ساڵی دوایی‌دا بێنەوە بۆ زیارەتی «بیت اللّٰه» و عومرەکە بکەن.

﴿وَإِذْ بَوَّأْنَا لِإِبْرَٰهِيمَ مَكَانَ ٱلْبَيْتِ أَن لَّا تُشْرِكْ بِى شَيْـًٔا وَطَهِّرْ بَيْتِىَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلْقَآئِمِينَ وَٱلرُّكَّعِ ٱلسُّجُودِ ﴿٢٦﴾﴾

باسی ئەوە بکە بۆ ئەو کافرانە کە مەنعی تۆ و ڕەفیقەکانت ئەکەن لە زیارەتی «بیت اللّٰه» کە هاتین جێگەی «بیت اللّٰه»مان کرد بە ماوا و مەرجیع بۆ ئیبراهیم و خەبەرمان پێدا و وتمان: کەس مەکە بە شەریك بۆ من لە عیبادەتا و ماڵی من و خانووی من کە کەعبەیە پاکی بکەرەوە لە هەموو پیسییەکی مادی و مەعنەوی، وە ماوەی ئەوە مەدە بە شتی چەپەڵ پیس ببێ و ئینسانی پیس و ناپاکی تیابمێنێتەوە، وە بە هەموو جۆرێ پاکی رابگرە بۆ ئەوانە کە لە دەرەوە دێن تەوافی ئەکەن و بە دەوریا ئەسووڕێنەوە، وە بۆ ئەو موسوڵمانانە کە هەر نیشتەجێن لە شوێنەکەدا، وە بۆ ئەو کەسانە کە نوێژ ئەکەن و روکووع و سوجوود ئەبەن بۆ من. جا مادام من لە وەختی خۆیا باپیرە گەورەی ئێوەم مەئموور کرد لەسەر دانیشتن لە حەرەمی مەککەدا و پاش دروستکردنی کەعبە ئەم دەستوورانەم پێدا بۆ ئەوە کە ئەو شوێنە ئاوەدان بێ بە زیکر و عیبادەت بۆ خودا، ئێستە ئێوە بۆچی مەنعی موسوڵمانان ئەکەن لە بەندەیی کردن بۆ خودا لەو شوێنە پیرۆزەدا؟

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَأَذِّن فِي ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَجِّ يَأۡتُوكَ رِجَالٗا وَعَلَىٰ كُلِّ ضَامِرٖ يَأۡتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٖ ٢٧﴾

وە ئیخباری ئیبراهیممان کرد پێمان وت: بانگ بدە لە ناو ئادەمیزادا بۆ حەج، ئەگەر وا بکەی دێن بۆ لای تۆ بۆ زیارەتی بەیتی من بە پیادەیی و بە سواری لەسەر هەموو وشترێ کە لەڕ و لاواز بووە لەبەر دووری ڕێگاکەی کە دێن لە هەموو ڕێگایەکی دوورەوە بە چواردەورتا، وە لە هەموو ڕێگایەکی وەهاوە کە قووڵ بوون بە بۆنەی هاتوچۆی زۆرەوە پیایانا.

﴿لِّيَشۡهَدُواْ مَنَٰفِعَ لَهُمۡ وَيَذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ فِيٓ أَيَّامٖ مَّعۡلُومَٰتٍ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ بَهِيمَةِ ٱلۡأَنۡعَٰمِۖ فَكُلُواْ مِنۡهَا وَأَطۡعِمُواْ ٱلۡبَآئِسَ ٱلۡفَقِيرَ ٢٨﴾

با ئەو موسوڵمانانە بێن بۆ لای تۆ و بۆ زیارەتی خانووی عیبادەتخانەی عالەمی من بۆ ئەوە کە حازر بن بۆ سەر گەلێ سوودی دنیایی و دینی؛ بۆ خۆیان سوودی دینی عیبارەتە لە ئەدای ئادابی حەج لە ئیحرام بەستن و ڕاوەستانی زەوی عەرەفات و، داپەڕین بۆ موزدەلیفە و، «مشعر الحرام» و، سەرتاشین و، تەوافی ماڵی خوا و، سەعی لە بەینی سەفا و مەروەدا حەوت جار حەوت جار لەسەر ئەو ئادابە کە بەیان کراوە. وە سوودی دنیایی عیبارەتە لە تیجارەت کردن و چاو کەوتن بە شوێنی تەئریخی لە وڵاتا و، چاو کەوتن بە پیاوی زانا و تەوانا لە دینا و سوود لێ وەرگرتنیان.

وە با ناوی خودا ببەن لە چەن ڕۆژێکی دیاری کراوا وەکوو ڕۆژی جەژنی قوربان و، سێ ڕۆژی پاش جەژن لەسەر سەربڕینی ئەو حەیوانەی کە خودا پێیداون لە گیانلەبەری چوار پێ، لە بزن و مەڕ و گا و وشتر، جا کاتێ سەرتان بڕین بە شێوەی

www.iqra.ahlamontada.com

قوربانی، وە یا بە ئیحسان وەکوو حەیوانی «هدي» (دیاری)، ئەوە خۆیشتان لێی بخۆن و دەرخواردی ئینسانی گیرۆدەی ناڕەحەتی و گەدایشی بدەن، بەڵام ئەوەی لە واجبات بێ، وەکوو فیدیە، نابێ لێی بخۆن.

﴿ ثُمَّ لْيَقْضُوا۟ تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا۟ نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا۟ بِٱلْبَيْتِ ٱلْعَتِيقِ ﴿٢٩﴾ ﴾

جا پاش سەربڕینی ئەو حەیوانانە با هەرچی چڵك و پیسی هەیە پێیانەوە لای ببەن، نینۆك بکەن و، بەرسمێڵ لابەن و، بن باڵ و مووی سوننەت لە خۆیان بکەنەوە و، تێغ بە کار بێنن بۆ تاشینی هەر موویێ پێویستی ببێ بە تێغ، وە هەر نەزرێ کردوویانە بۆ فەقیر و هەژاری مەککە پێیان بدەن، وە تەواف بکەن حەوت جار بە دەوری ئەو خانووەدا کە دەمێ زەمانە دروست کراوە بۆ ئەوە ببێ بە «مەتاف» و بۆ بەجێهێنانی بەندەیی خودا، وەکوو خودا فەرموویەتی، ئەوەڵ هۆدەیێ دروستکرابێ بۆ بەندەیی ئادەمیزاد بۆ خودا ئەو هۆدەیە وا لە مەککەدا.

﴿ ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ حُرُمَٰتِ ٱللَّهِ فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ ۗ وَأُحِلَّتْ لَكُمُ ٱلْأَنْعَٰمُ إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ ۖ فَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلرِّجْسَ مِنَ ٱلْأَوْثَٰنِ وَٱجْتَنِبُوا۟ قَوْلَ ٱلزُّورِ ﴿٣٠﴾ ﴾

واتە: فەرمانی ئێمە ئەوە بوو کە بیستتان، وە هەرکەسێ ڕێز لە فەرمانەکانی خودا بگرێ و لە حەرەمی مەککەدا بە ئەدەب بمێنێتەوە و دەست نەبا بۆ گیاندار و گیا و داری، ئەوە ئەو ئەدەبە بۆ ئەو کەسە گەلێ قازانجی هەیە و هۆی پایەیە بۆی بە لای خوداوە. وە وا مەزانن هەموو شتێ و هەموو گیانلەبەرێ حەرامە لەسەر ئێوە سەری ببڕن! نە، نە، بەڵکوو بۆتان حەڵاڵ کراوە چوار پێ لە بزن و مەڕ و وشتر و

www.iqra.ahlamontada.com

گا ئەوانە نەبێ کە بەسەرتانا ئەخوێنرێنەوە کە بریتییە لە مردارەوەبوو لەوانە کە بە ناوبردنی بتەکانەوە سەرئەبڕرێن، دەی خۆتان بپارێزن لە بەندەیی بۆ ئەو شتە پیسانە وەکوو بتەکان بێ، وە خۆتان بپارێزن لە واتەی درۆ وەکوو ناوبردنی ئەو بتانە بێ بە ناوی حورمەت لە کاتی سەربڕینی حەیواناتا، وە یا لە وەختی‌ترا، هەروا خۆتان بپارێزن لە هەموو قسەیەکی درۆ، خوا لە خەبەردانا، یا لە شایەتی‌دانا، یا لە سوێند خواردنا، یا لە پەیمانا، وە ناشیرینی تۆ لە واتەی درۆدا شەریك بڕیاردانە بۆ خودا کە یەکێ بڵێت: فلانە شت شەریکی خودایە، وە شایەتی درۆ کە حەرامێ حەلاڵ بکا پێی، وە بوختان کردن بۆ یەکێ کە دوور بێ لە تاوان.

﴿حُنَفَآءَ لِلَّهِ غَيْرَ مُشْرِكِينَ بِهِۦ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخْطَفُهُ ٱلطَّيْرُ أَوْ تَهْوِى بِهِ ٱلرِّيحُ فِى مَكَانٍ سَحِيقٍ ﴿٣١﴾﴾

ئەی ئادەمیزاد حاڵتان وەهابێ کە دڵسۆز و خاوێن بن لە دینی پاکی ئیسلاما و لابدەن لە هەموو ناباری و ناهەمواریيەك لەبەر خودا و شەریکی بۆ بڕیار مەدەن، وە هەرکەسێ شەریك بۆ خودا قەرار بدا ئەوە وەك ئەوە وایە کە لە ئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوە پارچە پارچە بووبێ و پەلەوەر وەکوو داڵ و سیسارك پارچەکانی ئەفڕێنێ بۆ خۆی، یاخود وەکوو کەسێ وایە کە بای توندی بێ‌ئامان بیبا لە شوێنێکی بەرزەوە فڕەی دابێ بۆ زەوییەکی دووری وێرانەی وا کە کەس بە لاشەکەی نەزانێ هەتا گورگ و دڕندە ئەیخۆن.

﴿ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى ٱلْقُلُوبِ ﴿٣٢﴾﴾

فەرمان و بەیان ئەوەبوو کرا، وە هەرکەس ڕێزی دینی خودا بگرێ چ ئەسڵ و چ فەرع، وە یا هەر کەس ڕێز لە حەج بگرێ، وە یا هەرکەس ئەو حەیوانانی «هەدیە»

www.iqra.ahlamontada.com

کە بە دیاری ئەیانبا بۆ مەککە هەڵیان بژێرێ و گەورە و گۆشت ناسك و قەڵەو لە حەرەمدا سەربڕێ، ئەوە بزانێ کە ئەو رێزەی لە سیفەتی تەقوا و پارێزگاری نەفس و دڵ و رۆحی ئەو کەسەوەیە.

﴿ لَكُمْ فِيهَا مَنَٰفِعُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ثُمَّ مَحِلُّهَآ إِلَى ٱلۡبَيۡتِ ٱلۡعَتِيقِ ٣٣ ﴾

هەیە بۆ ئێوە لەو حەیوانانەدا کە ئەیان بەن بۆ حەرەمی مەککە چەن قازانجێ: لە شیریانا و، لە رۆنیانا و لە سواربوونیانا و... جا پاش کاتی کەڵك لێ وەرگرتنیان هاتنی وادەی سەربڕینیانە کە کاتی گەیشتنیانە بەماڵی خودا کە ماڵێکی کۆنەی چەن هەزار ساڵەیە، یا بەیتێ کە پارێزراوە و ئازاد کراوە لە دەستەڵاتی ستەمکاران، وە هەرکەسێ دەستی بۆ ببا دەستی کورت ئەکرێتەوە.

﴿ وَلِكُلِّ أُمَّةٖ جَعَلۡنَا مَنسَكٗا لِّيَذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ بَهِيمَةِ ٱلۡأَنۡعَٰمِۗ فَإِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ فَلَهُۥٓ أَسۡلِمُواْۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُخۡبِتِينَ ٣٤ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتۡ قُلُوبُهُمۡ وَٱلصَّٰبِرِينَ عَلَىٰ مَآ أَصَابَهُمۡ وَٱلۡمُقِيمِي ٱلصَّلَوٰةِ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ٣٥ ﴾

بۆ هەر ئوممەتێ لە ئوممەتە خاوەن دین و ئایینەکان عیبادەتخانەیەکم بڕیار داوە یا جۆرە عیبادەتێك و قوربانییەکم دامەزراندووە بۆ ئەوە کە ناوی خودا ببەن لەسەر سەربڕینی ئەوەی کردوومە بە رزقیان لە چوار پێی بزن و مەڕ و وشتر و گا؛ دەی بزانن خودای ئێوە، چ ئوممەتە پێشووەکانتان و چ ئوممەتی تازەتان، هەر خودایەکی تاق و تەنیایە، دەی هەر بۆ ئەو مل کەچ بکەن و هەر بۆ ئەو بەندەیی بکەن. وە موژدە بدە بەوانە کە خاوەن تەوازوع و بە ئەدەبن بۆ خودای خۆیان، ئەوانە کێن؟

www.iqra.ahlamontada.com

کەسانێکن کاتێ کە ناوی خودا برا دڵیان ئەترسێت و خۆئەگرن لەبەر هەر نابارییەکدا کە تووشیان ئەبێ لە رێگەی دینا یا لە ماوەی ژینا، وە ئەوانە کە بەردەوام نوێژەکانیان بەجێ دێنن و لەوماڵەیش من کردوومە بە رۆزییان بەشی داماوان ئەدەن و ماڵیان بۆ خەرج ئەکەن.

﴿ وَٱلْبُدْنَ جَعَلْنَٰهَا لَكُم مِّن شَعَٰٓئِرِ ٱللَّهِ لَكُمْ فِيهَا خَيْرٌ ۖ فَٱذْكُرُوا۟ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهَا صَوَآفَّ ۖ فَإِذَا وَجَبَتْ جُنُوبُهَا فَكُلُوا۟ مِنْهَا وَأَطْعِمُوا۟ ٱلْقَانِعَ وَٱلْمُعْتَرَّ ۚ كَذَٰلِكَ سَخَّرْنَٰهَا لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾

ئێمە سەربڕینی وشتری پێنج ساڵ تەواو کردووی پێ لە شەش ساڵ ناومان گێڕاوە بە شیعار و نیشانەی ئیسلامییەتی ئێوە و کردوومانە بەو عیبادەتانە کە خودای تەعالا دایمەزراندوون و کردوونی بە ئادابی حەج، وە هەیە بۆ ئێوە لە وشترانا خێر و قازانجی دنیایی وەکوو ئەوانە وتمان و قازانجی دینی لەسەر ئیعتیباری پاداشەکەیان بۆ ئینسان لە قیامەتا؛ دەی کاتێ ویستتان سەریان ببڕن لە حەرەمی مەککەدا دەست و پێیان ببەستن و ناوی خودایان لەسەر ببەن لە کاتێکدا راوەستاون بە پێوە و بڵێن: «الله أكبر لا إله إلا الله والله أكبر. اللهم منك و إليك» جا کاتێ کە تەنیشتیان کەوتە سەر زەوی، یانی پاش ساردەوە بوون کەوتن و گۆشتەکەیتان لە پێست دەرکرد و پارچە پارچەتان کرد خۆتان لێی بخۆن، مادام قوربانی بن یا دیاری بن، نەك فیدیە بن، وە بەشی ئەو فەقیرانەی لێ بدەن کە رازین بەوەی پێیان ئەدرێ، وە ئەوانەیش کە خۆیان دێن داوا ئەکەن و ریکە ئەکەن لەسەر کەمی بەشەکەیان، ئێمە بەو جۆرە کە بە پێوە سەریانئەبڕن ئەو وشترانەمان بۆ رام کردوون بەڵکوو ئێوە بیرێ بکەنەوە لە نیعمەتەکانی خودادا و سوپاسی نیعمەتی بکەن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ لَن يَنَالَ ٱللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَآؤُهَا وَلَٰكِن يَنَالُهُ ٱلتَّقْوَىٰ مِنكُمْ كَذَٰلِكَ سَخَّرَهَا لَكُمْ لِتُكَبِّرُوا۟ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمْ وَبَشِّرِ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٣٧﴾ ﴾

به راستی گۆشتی ئەو وشترانە و خوێنی ئەو وشترانە ناگات بە خودا هەتا ئێوەیش وەکوو عەرەبەکانی زەمانی جاهیلییەت بەو خوێنە کەعبە رەنگ بکەن. بەڵکوو تەقواکەی ئێوە و پارێزتان لە نافەرمانی و ئیخلاسی ئێوە ئەگات بە خودا؛ دەی تێکۆشن بۆ ئیخلاس و ئەو حەیوانانە لەبەر رەزای خودا سەربڕن و بە خوێنەکەیان کەعبە پیس مەکەن. خودا ئاوا ئەو وشترانەی بۆ ئێوە رام کردووە لەگەڵ گەورەیی قەوارەیاندا ئێوە ئەیانگرن و سەریان ئەبڕن بۆ ئەوە کە ئێوە خودای خۆتان بە گەورە بگرن و «اللّٰه أکبر» بکەن لە کاتی سەربڕینیاندا، وە موژدە بدە بە خاوەن چاکەکان و بەوانە کە خاوەن ئیخلاسن بۆ خودا لە کردنی هەر شتێکدا کە ئەیکەن و لە تەرکی هەر شتێکدا کە تەرکی ئەکەن، واتە هەر موسوڵمانێ قوربانی بکا یا حەیوان ببا بە دیاری بۆ حەرەمی مەککە و لەوێ سەری ببڕێ قازانجەکەی وا لە ئیخلاسەکەیا و بەس.

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُدَٰفِعُ عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ ﴿٣٨﴾ ﴾

ریوایەت کراوە: ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە کاتێ کە موسوڵمان لە مەککەدا زۆر بوون و کافرەکان زۆر ئازاریان ئەدان و گەلێکیان کۆچیان کرد بۆ وڵاتی حەبەش و بازێ لە موسوڵمانەکانی مەککە ویستیان بە دزییەوە دەس ببەن بۆ کوشتنی ئەهلی مەککە، وە لەو کاتەیشدا پەیمان هەبوو لە بەینی ئەهلی مەککە و پێغەمبەردا ﷺ و کوشتن بە دزییەوە رەوا نەبوو، جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نارد.

www.iqra.ahlamontada.com

واتە: خودای تەعالا موسوڵمانەکان ئەپارێزێ و دەستدرێژی کافرەکان و زیاندانی ئەوانیان لێ لا ئەبا، بەڵام خودا رازی نییە بەوە کە موسوڵمانەکان لەم وەختی پەیمانەدا لە کافرەکان بکوژن؛ چونکە خودا ئەو کەسانەی خۆش ناوێ کە خەیانەت لە پەیمان ئەکەن، هەروەها ئەو کەسانەی خۆش ناوێ کە کوفری خودا ئەکەن. واتە بێئیمان و بێپەیمان لای خودا سووك و بێنرخن.

﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَـٰتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا۟ ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ ﴿٣٩﴾ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَـٰرِهِم بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ۗ وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَٰتٌ وَمَسَـٰجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا ٱسْمُ ٱللَّهِ كَثِيرًا ۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴿٤٠﴾﴾

ئیبنوعەباس ﵄ فەرموویەتی: کاتێ حەزرەت ﷺ لە شاری مەککە دەرچوو، ئەبووبەکر فەرمووی: ئەم کافرانە پێغەمبەرەکەی خۆیانیان دەر کرد، بە راستی ئەمانە ئەفەوتێن. جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە.

واتە: ئیجازە درا بەو موسوڵمانانە کە بە ناحەق و ناڕەوا شەڕیان لە گەڵدا دەکرێ، کە جەنگ بکەن لەگەڵ دوژمنەکانا؛ چونکە ستەمیان لێ کراوە و بە راستی خودای تەعالا تەوانایە بەسەر یارمەتیدانی ئەوانا، ئەوانە کەسانێکن کە دەر کراون لە خانوو و بەرەی خۆیان بە ناحەق مەگەر هەر ئەوەیان وتووە کە پەروەردگاری ئێمە زاتی خودایە، وە خودای تەعالا رەوا نابینێ کە ئەو ستەمکارانە دەوام بکەن و پێویستە بیانفەوتێنێ؛ چونکی ئەگەر ئەوە نەبێ کە خودا بازێ کەس چار بکا و لە ناویان بەرێ بە بازە کەسێکیتر ئەوە گەلێ عیبادەتخانەی راهیبان و گەلێ کەنیسەی گاوران

www.iqra.ahlamontada.com

و گەلێ کەنیسەی جوولەکەکان و گەلێ لە مزگەوتەکانی موسوڵمانان کە گەلێ زیکری خودایان تێدا ئەکرێ، بە دەستی ستەمکاران ئەڕووخێنرێن. خودا یارمەتی ئەوانە ئەدا کە یارمەتی دینی خودا ئەدەن، بە راستی خودا تەوانا و بە عیززەتە.

وە لە تەفسیری قورتووبیدا ئەڵێ: «ضحاك» وتوویە یارانی پێغەمبەر ﷺ لە مەککەی موکەڕەمەدا ئیزنیان خواست لە پێغەمبەر ﷺ بۆ شەڕ کردنیان لەگەڵ کافرانا؛ چونکە لە شاری مەککەدا گەلێ ئازاریان دابوون، جا ئەو ئایەتە هاتەخوارەوە. ﴿إن الله لا يحب كل خوان كفور﴾ کاتێ کە کۆچیان کرد بۆ مەدینە ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە: ﴿أذن للذين يقاتلون بأنهم ظلموا﴾.[1]

وە ئەم ئایەتە ناسیخە بۆ هەموو ئەو ئایەتانە لە قورئانا کە داوای چاوپۆشی و ئارامی ئەکەن، وە ئەمە یەکەم ئایەتە نازڵ بووە بۆ جەنگ لەگەڵ کافرانا.

﴿ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلْمَعْرُوفِ وَنَهَوْاْ عَنِ ٱلْمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلْأُمُورِ ﴿٤١﴾﴾

وە ئەو کەسانە کە یارمەتی دینی ئیسلام ئەدەن ئەو کەسانەن ئەگەر ئێمە لە زەویدا نیشتەجێیان بکەین و دەستەڵاتیان پێ بدەین نوێژ بەجێ دێنن و رەواجی پێ ئەدەن و زەکاتیماڵیان ئەدەن بە موستەحەقان و، ئەمر ئەکەن بە هەر وتار و کردەوەیێ کە لە دین بێ واجب بێ یا سوننەت، وە نەهی ئەکەن لەوەی کە خاریجە لە مەقبووڵاتی دین بەم شێوە حەرامە یا مەکرووهە، وە ئەنجامی هەموو کارەکان هەر بۆ خودایە.

---

١. الحج؛ ٣٩.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَعَادٌ وَثَمُودُ ﴿٤٢﴾ وَقَوْمُ إِبْرَٰهِيمَ وَقَوْمُ لُوطٍ ﴿٤٣﴾ وَأَصْحَٰبُ مَدْيَنَ ۖ وَكُذِّبَ مُوسَىٰ فَأَمْلَيْتُ لِلْكَٰفِرِينَ ثُمَّ أَخَذْتُهُمْ ۖ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ ﴿٤٤﴾ ﴾

وە ئەگەر ئەم قەبیلەی قورەیشە و هاوپەیمانی ئەوانە باوەڕ ناکەن بە تۆ، تۆ دڵگران مەبە، ئەمە یاسای ئەو ئوممەتانەیە کە پێغەمبەرەکانمان ناردووە بۆ سەریان لە پێش ئەمانا ئەوەتە لە پێش ئەمانەدا قەومی نووح عليه السلام نووحیان بە درۆ ئەخستەوە، وە قەومی هوود کە بەنیعاد بوون هوودیان بە درۆ خستەوە، وە گەلی سەموود ساڵحیان بە درۆ ئەخستەوە و قەومی ئیبراهیم ئیبراهیمیان بە درۆ خستەوە، قەومی لووت لووتیان بە درۆ خستەوە، وە ئەو کەسانە کە خاوەنی وڵاتی مەدیەن بوون و دەستەڵاتیان هەبوو لە وڵاتا شوعەیبیان بە درۆ خستەوە، وە لە پاش ئەو قیبتییەکان مووسایان بە درۆ خستەوە... جا منیش مۆڵەتی ئەو کافرانەم دا هەتا ئەو رۆژ و وادە کە بۆم دانا بوون هاتە پێشەوە، جا ئەوانم گرت و سزام دان، جا بزانن چۆن بۆ ئینکاری من بۆ ئەوان و چۆن سەر و بەرم دان بەیەکا و وڵاتەکەیانم تێکدا و یاساکانم گۆڕین و ئەوانم بە فەنادا دا؟

﴿ فَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَٰهَا وَهِىَ ظَالِمَةٌ فَهِىَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا وَبِئْرٍ مُّعَطَّلَةٍ وَقَصْرٍ مَّشِيدٍ ﴿٤٥﴾ ﴾

گەلێ دێهاتمان وێران کرد و خەڵکی دێکانمان لە ناو برد لە حاڵێکدا کە ئەوانە ستەمکار و بەدکردەوە بوون ئێستە وا دیواری خانووەکانیان کەوتووە بەسەر سەرمیچەکانیانا، واتە لە پێشانا سەقفەکان داکەوتوون جا لە پاشان دیوارەکانیشیان رووخاون و کەوتوون بەسەریانا! وە گەلێ بیری ئاوی خۆش کە ئێستە ماتڵن و

www.iqra.ahlamontada.com

کەس لەسەریان نییە و خاوەنەکانیانمان لە ناو بردووە، وە گەلێ کۆشك و باڵەخانەی بەرز کە خاوەنەکەیانم مراندووە!

بازێ فەرموویانە: مەبەست لەو بیرە بیرێکە وا لە رووی کێوێ لە وڵاتی «حضرموت»دا، وە مەبەست لە کۆشکەکەیش کۆشکێکە لەسەر لووتکەی ئەو کەژە کرابووەوە عائیدی گەلی حەنزەلەی کوڕی سەفوان لە گەلی ساڵح بوو، جا کاتێ ئەو گەلە حەنزەلەیان کوشت خودا ئەوانیشی لە ناو برد و بیرەکەیان و کۆشکەکەیشیان رووخان و وێران بوون.

﴿أَفَلَمْ يَسِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَآ أَوْ ءَاذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى ٱلْأَبْصَـٰرُ وَلَـٰكِن تَعْمَى ٱلْقُلُوبُ ٱلَّتِي فِي ٱلصُّدُورِ ﴿٤٦﴾﴾

ئایا هێشتا ئەم کافرانی قورەیشە نەگەڕاون بە زەویدا، واتە بەو زەوییەدا کە ئەو کارەساتانە رووی داوە تیایا هەتا دڵێکی وەهایان بێ کە فامی ئەسراری کاری خودای پێ بکەن و بکۆڵنەوە لە سیری ئەو کارەساتانە کە بەسەر ئەهلی ئەو زەویانەدا هاتوون، یاخود گوێیەکی ساغی وەهایان بێ کە دەنگ و باسی کارەسات و رووداوی قەدیمی پێ ببیێن؟ خۆ چاوی سەری ئەوان کوێر نابێ بەڵام ئەو دڵە کە وا لەسەر دڵیانا کوێر ئەبێ، یانی ئەم کافرانی قورەیشە حەواسیان ساغە بەڵام دڵیان نەخۆشە.

وە یاخود مەعنای وایە کە چاوی سەر کوێر نابێ بە تەنیا بەڵکوو چاوی دڵی ئەوانیش کوێر ئەبێ.

﴿وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِٱلْعَذَابِ وَلَن يُخْلِفَ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥ وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٤٧﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەو کافرانی قورەیشە پەلەت لێ ئەکەن بۆ هاتنی ئەو سزایانە کە هەڕەشەت پێ کردوون لەوان، کەچی ئەوان پەلەیان ببێ یا نە، هەر خودا وادەی خۆی بەجێ دێنێ و موخالەفەی ناکا هەرچەن دوایش بکەوێ، وە بە راستی رۆژێك بە حسێبی لای خودا وەکوو هەزار ساڵ وایە لەو ساڵانە ئێوە ئەیانژمێرن.

واتە ماوەی حەق سەندن لە تاوانبار هەرچەن بە حسێبی ئێوە زۆری پێ بچێ بەڵام لە لای خودا کەمە و مەبەست هەر ئەوەیە سزاکە دێ و حەقەکە نافەوتێ، ئیتر دواکەوتنی قەی ناکا، بەڵێ گەلێ جاریش وا ئەبێ کە خودای تەعالا زووبە زوو حەق ئەسێنێ لەسەر حیکمەتێ کە خۆی ئەیزانێ چییە.

﴿وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَمْلَيْتُ لَهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ ثُمَّ أَخَذْتُهَا وَإِلَيَّ ٱلْمَصِيرُ ﴿٤٨﴾﴾

زۆر ئەهلی دێ مۆڵەتم دان لە ناردنی سزادا بۆ سەریان و ئەوان ستەمکار بوون و لە پاشان ئەوانم گرت، واتە تۆڵەم لێ سەندن لە دنیادا و لە ئەنجامیشدا هەر هاتینان بۆ لای منە لە قیامەتا و بە تۆڵە و سزای خۆیان ئەگەن.

﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّمَآ أَنَا۠ لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٤٩﴾ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٥٠﴾ وَٱلَّذِينَ سَعَوْا۟ فِىٓ ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَحِيمِ ﴿٥١﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بانگ بکە لەو خەڵکە بڵێ: ئەی ئادەمیزادەکان! من هەر ترسێنەرێکم بۆ ئێوە کە ئەو تاوانانە کە ئێوەی لەسەر ئەترسێنم بۆتان رووناک ئەکەمەوە ئەڵێم پێتان: ئێوە شەریك دائەنێن بۆ خودا و لە ناو خۆتانا ستەمکارن و موبالات ناکەن بە ئامۆژگاری رەهبەران. جا ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێنا و کردەوەی

www.iqra.ahlamontada.com

باشیان کرد ئەوە ئەوانە عەفو و تاوانپۆشییان بۆ دێ لە لایەنی خوداوە و ڕۆزییەکی بە ئاسایشیان دەست ئەکەوێ، وە ئەو کەسانەیش کە تێئەکۆشن بۆ ڕەد کردنەوەی ئایەتەکانمان و موسابەقە ئەکەن لەگەڵ ئەوانەدا قەبووڵیان ئەکەن، واتە بازەکەسێ قەبووڵیان ئەکا، وە ئەوانیش قەبووڵیان ناکەن و ئەیانەوێ زاڵ ببن بەسەر ئەوانەدا قەبووڵی ئەکەن ئەوانە خاوەنی دۆزەخن و لە دۆزەخ جیا نابنەوە.

پاداشی هەرکەس بە پێی ڕەفتارە ئەگەر شیرینە یا ناهەموارە
ئەو کەسە بیر و باوەڕی چاکە بیری ئاوی ئەو زەلاڵ و پاکە
ئەو کەسەیش بیری بۆ جەسوورییە بەشی بیرەکەی تاڵی و سۆرییە
مەشهووری عامە وێنەی مەسەلە جەزا بە گوێرەی نەوعی عەمەلە

﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّآ إِذَا تَمَنَّىٰٓ أَلْقَى
ٱلشَّيْطَٰنُ فِىٓ أُمْنِيَّتِهِۦ فَيَنسَخُ ٱللَّهُ مَا يُلْقِى ٱلشَّيْطَٰنُ ثُمَّ يُحْكِمُ
ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٥٢﴾ لِّيَجْعَلَ مَا يُلْقِى ٱلشَّيْطَٰنُ فِتْنَةً
لِّلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ ۗ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَفِى
شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ ﴿٥٣﴾ وَلِيَعْلَمَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن
رَّبِّكَ فَيُؤْمِنُوا۟ بِهِۦ فَتُخْبِتَ لَهُۥ قُلُوبُهُمْ ۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟
إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٤﴾ وَلَا يَزَالُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فِى مِرْيَةٍ مِّنْهُ حَتَّىٰ
تَأْتِيَهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغْتَةً أَوْ يَأْتِيَهُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَقِيمٍ ﴿٥٥﴾﴾

بزانن! کە کەلیمەی «تمنی» دوو مەعنای هەیە:

یەکەم: ئارەزووی کرد، دووەم: خوێندیەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

جا تەفسیری ئەم ئایەتانە لەسەر مەعنای یەکەم ئەمەیە: ئەفەرمویّت: ئەی پیّغەمبەری خۆشەویست تۆ دلّگران مەبە لەوە کە ئەو کافرانە هەمیشە کردەوەکانی تۆ و دلّخوازەکانی تۆ حەمڵ ئەکەن لەسەر ریّگەی هەوای ئارەزووبازی و لای ئەدەن لەو قەسدە باشە کە لای تۆ هەیە؛ چونکی ئەم تەئویل کردنە ناشیرینە لە پیّش زەمانی تۆیشدا هەر بووە، وە ئیّمە هیچ پیّغەمبەریّکی خاوەن کتیّبمان رەوانە نەکردووە، تازە و غەیری تازە لە پیّش زەمانی تۆدا ئیللا هەرکاتیّ کە ئەو پیّغەمبەرە ئارەزووی کاریّکی کردبیّ و دەستی کردبیّ بە جیّبەجیّ کردنی، شەیتان بەدبیری و بەدخەیالّی و مەبەستی ناباری خستووەتە ناو ئەو ئارەزووەوە و بە ناو خەڵکدا بڵاوی کردووەتەوە بۆ ئەوە کە کافرەکان بە بەددڵی و ناشیرینی بڕوانن بۆ ئەو کارە جا خودای تەعالا ئەو بیرە نابارانەی شەیتانی بەتاڵ کردووەتەوە و داویە بەبادا و لە پاشان خودا ئایاتی خۆی، بۆ بەرزکردنەوەی ئەو پیّغەمبەرە و دوورخستنەوە لە شوبهەی کافرەکان و شەیتان، باش نازڵ کردووە و موبالاتی نەکردووە بە هەمهەمە و دیعایەی ناباری کافرەکان لەسەر ئیلقای شەیتان.

وە خودا بۆیە ئەو ئایەتەی ناردە خوارەوە بۆ تەئییدی پیّغەمبەر هەتا ئەوەی کە شەیتان خستوویەتیە دڵی کافرەکانەوە بیکا بە فیتنە و دڵتیّکدەر بۆ ئەوانە کە نەخۆشینی عەنادیان وا لە دڵا، وە بۆ ئەوانە کە دڵیان دوورە لە خودای تەعالا. وە لە واقیعا بە راستی ئەو ستەمکارانە وان لە لاگرتنیّکی دوورا لە خوداوە، وە هەتا ئەوانە کە زانیارییان پیّ دراوە و زانیارن بزانن ئەو ئارەزووی پیّغەمبەرە و ئەو کردەوە کە لەسەر موافیقی ئەو ئارەزووە کردوویەتی حەقە و راستە و لە لای خوداوەیە و موافیقی ڕەزای ئەوە، جا ئیمانی پیّ دیّنن و دڵیان وەری ئەگریّ و ملکەچ ئەبیّ بۆی، وە بە راستی خودای تەعالا هیدایەتدەری خاوەن ئیمانەکانە بۆ ریّگەی راست، وە کافرەکان دەوام ئەکەن

www.iqra.ahlamontada.com

لەسەر شوبهە و گومانی نابار لەو کردەوەدا کە لەسەر ئارەزووی پێغەمبەر بووە هەتا رۆژی قیامەت دێ بەسەریانا کوتوپڕ لە ناکاوا، یا بۆیان دێ سزای رۆژێکی وا کە خێری لێ پەیدا نابێ نیسبەت بەوان، وە بە جارێ لەناویان ئەبا.

وە پێویستە بزانن لەسەر ئەم تەفسیرە حاسڵی مەعناکە بوو بەوە کە پێغەمبەر ﷺ ئارەزووی بازەکارێ ئەکا و کارەکەیش ئەکا، بەڵام شەیتان بەرابەر بەو ئارەزووە و بەرابەر بەو کردەوە دەست ئەکا بە «ئیلقائاتی» نابار بۆ دڵی کافرەکان و ئەخاتە دڵیانەوە کە ئەوە ئارەزووە و لەسەر یاسای ناباری بووە و ئەو کردەوەیشە ئەو کردوویەتی بە پێی ئارەزووەکەی ئەویش ناڕاست و ناهەموارە. حاشا پێغەمبەر ﷺ دوورە لەم بابەتە.

وە «بەیزاوی» لەسەر تەفسیری «تمنی» بە مەعنای یەکەم ئەڵێ: کاتێ کە ئەو پێغەمبەرە ئارەزووی کارێکی لە دڵی خۆیا کرد شەیتان بەشی خۆی ئەخاتە ناو ئەو ئارەزووی پێغەمبەرەوە و پێغەمبەریش بە «تەقازا»ی بەشەرییەت لەسەر ئەو شێوە ئارەزووەکە ئەکا و ئەو بەشەیش هەر هەیە لە ناو ئارەزووەکەیا، بەڵام خودای تەعالا ئەو بەشی شەیتانە لەو ئارەزووی پێغەمبەرە نەسخ ئەکاتەوە و هەموو ئارەزووەکەی ساف ئەکا بۆ خودا و بۆ بەرز کردنەوەی دین، وە ئایەتگەلێ کە حەزرەت ﷺ بانگ بکەن بۆ «استغراق» لە ئوموورى پاشەڕۆژدا بە ساغی رەوانە ئەکا و دڵی حەزرەت ﷺ دێنێتەوە بۆ سەر ئەو بارە کە تەواو هەمووی بۆ لای خودایە.

وە لەسەر ئەم تەفسیرە ئیلقای شەیتان بۆ ناو ئارەزووی پێغەمبەرە، بەڵام لەسەر تەفسیرە پێشووەکە ئیلقاکانی بۆ ناو دڵی کافرانە یانی دیعایەرەنگ دڵیان تێك ئەدا و ئەخاتە دڵیانەوە کە ئەو پێغەمبەرە بۆ ئەو مەبەستە نابارانە ئەو کارە ئەکا.

وە تەفسیری ئەو ئایەتانە لەسەر مەعنادانەوەی «تمنی» بە «خوێندنەوە» وەکوو ساحیبی «روح المعانی» فەرموویەتی: هەر رەسوولێك وە یا «نبي»یەك لە پێش تۆدا

www.iqra.ahlamontada.com

ڕەوانەم کردبن کاتێ ئایەتێکیان خوێندبێتەوە شەیتان دەستی کردووە بە ئیلقائات بۆ دڵی کافرەکان و گومانی خراپ فڕەدان بۆ دڵیان بەرابەر بەو ئایەتە کە ئەو خوێندوویەتیەوە بە چەن جۆر؛ بەوە کە ئەوە لە لای خوداوە نەهاتووە و خۆی دایناوە، وە یا وەری‌گرتووە لە فلانە کەس، وە یا هەر لە «ئوستوورە»ی پێشینانە. جا خودای تەعالا ئەو ئیلقائات و دیعایەی خراپی شەیتانە و ئەو ئیحائاتە کە ئەیکا بۆ دڵی کافرەکان نەسخ ئەکاتەوە و بە بێ‌سوود دەریان ئەکا، وە ئایەتەکانی خۆی دائەمەزرێنی و ڕەواجیان پێ ئەدا بۆ ئەوە کە ئەو دیعایات و ئیلقائاتی ئەوە هەر بۆ کافرەکان زیانی ببێ و بیان‌کا بە فیتنە بۆ ئەوانە کە نەخۆشی هەیە لە ناو دڵیانا و دڵیان دوورە لە خودا و ڕەش بووەتەوە، وە تا موسوڵمانەکان بزانن کە ئەو ئایەتە کە شەیتان ئیلقائاتی خراپەی لەسەر کردووە دوورە لەو شوبهەی ئەوە وە حەقە و لە لایەنی خوداوە هاتووە، بەڵام کافرەکان هەر بەو دەردەوە ئەتلێنەوە تا قیامەت دایێ، وە یا هەتا تووشی سزایێ ئەبن و ئەمرن.

وە لەسەر ئەم تەفسیرەیش ئیلقائاتی شەیتان بۆ ناو ئەو قورئانە نەبووە کە پێغەمبەر خوێندوویەتیەوە، بەڵکوو بۆ ناو دڵی کافرەکان بووە، وە لە واقیعا هەر ئەم مەعنا ڕاستە و ئەو مەعنا کە ئەڵێت شەیتان ئیلقای چەن کەلیمەیەك بکا بۆ ناو قورئان ڕاست نییە و بە دەلیلی عەقلی و نەقلی دەدرێتە دواوە، بە چەن دەلیل:

یەکەم: لەبەر ئەوە کە ئەگەر مەجال ببێ بۆ شەیتان ئیلقای قیرائەت بکا بۆ ناو قورئانی پیرۆز ئەوە باوەڕ بە کەلامی خودا نامێنێ، وە ئەگەر بڵێیت: قەی ناکا لەبەر ئەوە بە ئایەتێکی‌تر دەرئەکەوێ کە ئەو ئیلقای شەیتانە هەڵەیە و نەفسی قورئانە ڕاستەکە ئەمێنێتەوە، یەکێ ئەتوانێ بڵێت: مادام قورئانی ئەوەڵ ئیلقای دەخیلەی بۆ کرا ئەم ئایەتە دواییانەیش کە تۆ بڵێیت وارید بووە لەوانەیە شەیتان شتێکی ئیلقا کردبێ.

www.iqra.ahlamontada.com

دووەم: خودا لە تەعریفی قورئاندا فەرموویەتی: ﴿لا يأتيه الباطل من بين يديه و لا من خلفه﴾.[١] وە فەرموویەتی: ﴿إنا نحن نزلنا الذكر و إنا له لحافظون﴾.[٢]

سێهەم: پێغەمبەرﷺ لە بەندەی خاوەن ئیخلاسە و خودا فەرموویەتی: ﴿إن عبادي ليس لك عليهم سلطان﴾[٣] وە فەرموویەتی: ﴿إلا عبادك منهم المخلصين﴾.[٤]

بە هەر حاڵ لەسەر تەفسیری «تمنی» بە «ئارەزووی کرد» دوو مەعنای ساغ هەیە، بەڵام مەعنای پێشوو جوانترە لە مەعناکەی بەیزاوی؛ چونکی وای لێ دێتەوە کەشەیتان ئیلقا بۆ دڵی کافرەکان ئەکا نەك ئیلقای ناو ئارەزووی حەزرەتﷺ ئەکا.

وە لەسەر تەفسیری «تمنی» بە «خوێندیەوە» مەعناکەی «روح المعانی» جوانە، وەکوو ئێستە بۆم نووسیت، وە غەیری ئەم تەفسیرانە هەر چۆن مەشهوورن بە هیچ شێوەیێ شیاوی ئیعتیبار نین و پێویستە لە بەر چاوا نەمێنن.

﴿ٱلۡمُلۡكُ يَوۡمَئِذٖ لِّلَّهِ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ٥٦ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا فَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ٥٧﴾

جا لەو رۆژی قیامەتەدا کە حەق و حەقیقەت دەرئەکەوێ و ئەوان شوبهەیان نامێنێ، فەرمانداری موتڵەق هەر بۆ خودایە و حوکم ئەدا لە بەینی ئەواندا بە پاداش و تۆڵە بە قەی کردەوە، جا ئەوانە کە ئیمانیان هێناوە و کردەوەی باشیان کردووە

---

١. فصلت؛ ٤٢.

٢. الحجر؛ ٩.

٣. الحجر؛ ٤٢.

٤. الحجر؛ ٤٠.

www.iqra.ahlamontada.com

وان لە ناو بەهەشتانی خاوەن ناز و نیعمەتا. وە ئەو کەسانەیش کافر و بێئیمانن و باوەڕیان نەبووە بە ئایەتەکانی ئێمە ئەوانەیش سزایەکی وایان هەیە کە سووك و بێنرخ و چرووکیان ئەکا.

﴿وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ قُتِلُوٓاْ أَوْ مَاتُواْ لَيَرْزُقَنَّهُمُ ٱللَّهُ رِزْقًا حَسَنًاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴿٥٨﴾ لَيُدْخِلَنَّهُم مُّدْخَلًا يَرْضَوْنَهُۥۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَلِيمٌ حَلِيمٌ ﴿٥٩﴾﴾

وە ئەو کەسانەیش کۆچیان کرد لە مەککەوە بۆ مەدینە لە ڕێگەی ڕەزای خودادا و لە پاشان کوژران لە جیهادا، یا بە مردن کۆچیان کرد ئەوە بە بێ گومان خودا ڕۆزیيان پێ ئەدا لە باخی بەهەشتا بە ڕۆزییەکی جوان، بۆ شەهیدەکەیان لەبەر پایەی شەهادەت و بۆ مردووەکەیشیان لەبەر مەبەستی بەرزکردنەوەی دین و جوانی نیەت، وە بە ڕاستی خودا چاکتری ڕۆزی دەرانە و ڕۆزییەکەیان ئەمەیە کە خودا ئەیانخاتە مەنزڵێکەوە کە خۆیان پێی ڕازی بن، وە بە ڕاستی خودا زانایە بە ئەحواڵی ئەوانە و بە پایەی جوانی نیەتیان و خاوەن حیلم و ئارامە دەربارەی تاوانباران.

﴿ذَٰلِكَۖ وَمَنْ عَاقَبَ بِمِثْلِ مَا عُوقِبَ بِهِۦ ثُمَّ بُغِيَ عَلَيْهِ لَيَنصُرَنَّهُ ٱللَّهُۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ ﴿٦٠﴾﴾

حوکم و بڕیار ئەوەبوو کە بەیانکرا، وە هەر موسوڵمانێ حەقی خۆی بسێنێ و ڕەفتار بکا لەگەڵ خاوەن ستەمێکدا بە قەی ئەوە کە حەقی هەیە و لا نەدا لەو ئەندازە و، لە پاش ئەوە هەر لە لایەنی کابراوە تەجاوز کرا بۆ سەری ئەوە بە ڕاستی خودای تەعالا یارمەتی ئەو کەسە ئەدا بۆ حەق سەندن لەو ستەمکارە، بە ڕاستی خودای تەعالا عەفوکارە و تاوانبەخشە نیسبەت بەم کەسە کە کابرای عەفو نەکردووە

www.iqra.ahlamontada.com

و حەقی خۆی سەندووە؛ چونکی هەرچەند عەفو باشترە بەڵام بە تەقازای ئینسانییەت و ریعایەتی نیزام کابرا حەقی هەیە بەسەریەوە و ئەتوانێ بیسێنێتەوە.

ریوایەت کراوە لە موقاتیلەوە: کە ئەم ئایەتە نازڵ بووە دەربارەی سریەیێ کە حەزرەت ﷺ رەوانەی کردن ئەوانیش گەیشتن بە موشریکەکان لە بیست و هەشتی مانگی موحەڕەمدا لەوێ کافرەکان وتیان: تەماشا بکەن ئەسحابەکانی موحەممەد هاتوون و ئەوان جەنگ ناکەن لە مانگە حەرامەکانا، وە ئەسحابەکان سوێندیان دان کە لەم کاتەدا جەنگ نەکەن لە گەڵیانا؛ چونکی ئێمە جەنگ ناکەین، وە کافرەکان وتیان: نەخێر ئێمە هەر جەنگ ئەکەین، وە لە واقیعا شەڕیان کرد و تەعەددایان لێ کردن، جا موسوڵمانەکانیش بە ناچار جەنگیان لەگەڵ کردن و خودا یارمەتی دان و زاڵ بوون بە سەریانا، بەڵام دڵیان لەم کارە گران بوو؛ چونکی ئەم جەنگەیان لە مانگی حەرامدا کرد، جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو بۆ دڵخۆشی دانەوە کە مادام ئێوە دیفاعتان لە نەفسی خۆتان کردووە تاوانتان لەسەر نییە.

﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ يُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِ وَأَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٞ ﴿٦١﴾ ﴾

ئەم یارمەتیدانەی بۆ ئەو کەسە کە حەقی خۆی ئەسێنێ لەسەر ئەو ئەساسەیە کە خودا زانایە بە ورد و درشتی هەموو رووداوێ و بە دەقیقە و سانیە، شەو ئەهاوێتە ناو رۆژەوە، لە شەو کەم ئەکا و لە رۆژ زیاد ئەکا، وە لە رۆژ ئەهاوێتە ناو شەو، وە بە راستی خودا بیسەرە بۆ هەموو دەنگێ و بینەرە بۆ هەموو رەنگێ، جا خودایێ کە شانی وا بێ ئەبێ چۆن کۆمەکی نەکا بۆ ستەم لێکراو لە ستەمکار؟ بەڵێ بە راستی یارمەتی ئەدا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلْبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْكَبِيرُ ﴿٦٢﴾﴾

وە وەسفدار کردنی خودا بە کەمالی قودرەت و عیلم و بە رەسایی دەستەلات لەسەر ئەم ئەساسەیە کە هەر خوا وجوودی حەقی سابتی بێنیازە لە عالەمدا و، هەر مەعبوودێ ئەو کافرانە بانگی لێ ئەکەن بێجگە لە خودا پووچ و بەتاڵە و، بە راستی خوداوەند خاوەن بەرزییە بەسەر هەموو مومکیناتا و گەورەیە لە کائیناتا.

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَتُصْبِحُ ٱلْأَرْضُ مُخْضَرَّةً ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ ﴿٦٣﴾﴾

ئایا نابینی کە خودای تەعالا بێگومان ئاو دائەپەڕێنێتە خوارەوە بۆ زەوی، جا زەوی بە گیا و گوڵی رەنگامە سەوز ئەبێ؟ بە راستی خودا لەتیفە بۆیە ئەو هەموو گوڵە لەتیفە جوانانە دروست ئەکا و ئاگادارە لەسەر تەدبیری کار و باری کائینات.

﴿لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ ۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ ٱلْغَنِيُّ ٱلْحَمِيدُ ﴿٦٤﴾﴾

وە بۆ خودایە ئەوەی وا لە ئاسمانەکانا و ئەوەی وا لە زەویدا، وە بە راستی خودا دەوڵەمەند و بێنیازە و لەسەر بەخشینی نیعمەتی خۆی تاریف و سوپاس ئەکرێ.

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلْأَرْضِ وَٱلْفُلْكَ تَجْرِي فِي ٱلْبَحْرِ بِأَمْرِهِۦ وَيُمْسِكُ ٱلسَّمَآءَ أَن تَقَعَ عَلَى ٱلْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِۦٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿٦٥﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئایا نابینی کە بە راستی خودای تەعالا رامی کردووە بۆ ئێوە و بۆ سوودی ئێوە ئەوەی وا لە زەویدا لە کان و لە دار و ئاو و گیانداریێ سوودی تێدا ببێ، وە کەشتی رام کردووە بۆتان لە دەریادا رەوان ئەبێ بە فەرمانی خودا؛ چونکی هەرچی پێویستە بۆ رەوانی کەشتییەکە هەمووی لە خوداوەیە، وە ئاسمان و مەوادی بەرزی سەماوی رائەگرێ و نایەڵێ بکەونە سەر زەوی ئیللا بە خواستی خۆی لەو رۆژەداکە ئەیەوێ جیهان لەناو بەرێ؟ بە راستی خودای تەعالا خاوەن رەئفەت و میهرەبانییە بۆ ئادەمیزاد.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَحۡيَاكُمۡ ثُمَّ يُمِيتُكُمۡ ثُمَّ يُحۡيِيكُمۡۗ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَكَفُورٌ ٦٦﴾

وە خودا خودایەکی وایە کە ئێوەی زیندوو کردووە و حەیاتی تێدا دروست کردوون پاش ئەوە کە مادەیەکی بێ گیان بوون، وە لە پاش ماوەی بڕیاردراو ئەتانمرێنێ و گیانتان لێ ئەبڕێ، وە لە پاش تەواو بوونی عالەمی «بەرزەخ» دووبارە زیندووتان ئەکاتەوە بۆ حسێبی بیر و باوەڕ و کردەوە، بە راستی ئادەمیزاد نەوعێکی چاو ئەستوورە بەرابەر بە نیعمەتەکانی خودا و سوپاسی ناکا.

﴿لِّكُلِّ أُمَّةٖ جَعَلۡنَا مَنسَكًا هُمۡ نَاسِكُوهُۖ فَلَا يُنَٰزِعُنَّكَ فِى ٱلۡأَمۡرِۚ وَٱدۡعُ إِلَىٰ رَبِّكَۖ إِنَّكَ لَعَلَىٰ هُدٗى مُّسۡتَقِيمٖ ٦٧﴾

ریوایەت کراوە: ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە شانی کافرەکانی بەرەی «خزاعە»دا ئەیانوت بە موسوڵمانەکان: چۆن ئێوە گۆشتی حەیوانێ ئەخۆن کە خۆتان سەرتان بڕیبێ و، گۆشتی حەیوانێ ناخۆن کە خودا کوشتبێتی؟ واتە مردارەوە بووبێ! جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە.

واتە بۆ هەر ئوممەتێ لە ئوممەتی پێغەمبەران لە دنیادا شەریعەت و ئایین و دینێ بووە ئەوان لەسەری رۆیشتوون، ئێمەیش ئەم دینەمان هەیە کە مردارەوە بوو حەرام

www.iqra.ahlamontada.com

ئەکا، ئیتر با نیزاعت لەگەڵدا نەکەن لە ئەمری دینا و لە حەلاڵ و حەرامی سەربڕاودا، وە تۆ هەموو خەڵك بانگ بکە بۆ دینی خودای خۆت بە راستی تۆ وای بەسەر ڕێگەیەکی راستەوە.

﴿وَإِن جَٰدَلُوكَ فَقُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا تَعۡمَلُونَ ٦٨ ٱللَّهُ يَحۡكُمُ
بَيۡنَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فِيمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ٦٩﴾

جا ئەگەر موجادەلەیان کرد لەگەڵتا تۆ لە وەلامیانا بڵێ: خودای تەعالا زۆر ئاگادارە بەسەر ئەوەدا ئێوە ئەیکەن لە موجادەلەی بێسوود و لە کردەوەی ناپەسەند، خودای تەعالا حوکم ئەکا لە بەینتانا لە رۆژی قیامەتا بەرابەر بەو شتانە کە ئێوە ئیختیلافتان هەیە تیایانا و جەزاتان ئەداتەوە.

﴿أَلَمۡ تَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ إِنَّ ذَٰلِكَ فِي
كِتَٰبٍۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ٧٠﴾

ئایا نازانی کە خودای تەعالا زانایە بەوەی وا لە ئاسمانا و لە زەویدا لە گیاندار و بێگیان؟ ئەمە هەمووی نووسراوە لە «لوح المحفوظ»دا یا لە عیلمی خودادا، زانایی بەم شتانە بۆ خودا ئاسانە.

﴿وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ سُلۡطَٰنٗا وَمَا لَيۡسَ لَهُم بِهِۦ عِلۡمٞۗ
وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٖ ٧١﴾

ئەو کافرانە بەندەیی ئەکەن، لە غەیری خودای عالەم، بۆ شتێکی بێعەقڵ و بێعیلمی وا کە خودا هیچ دەلیلێکی دانەناوە لەسەر عیبادەت کردن بۆی و خۆیشیان هیچ نازانن دەربارەی ئەوانە کە بۆ عیبادەت ئەشێن، جا ئەمانە ستەمکارن و ستەمکار یارمەتیدەری نییە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ تَعْرِفُ فِى وُجُوهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلْمُنكَرَ ۖ يَكَادُونَ يَسْطُونَ بِٱلَّذِينَ يَتْلُونَ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِنَا ۗ قُلْ أَفَأُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكُمُ ۗ ٱلنَّارُ وَعَدَهَا ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٧٢﴾﴾

کاتێ ئایاتی رووناکی ئێمە بەسەر ئەو کافرانەدا بخوێنرێتەوە تۆ شێوەیەکی ناشیرین لە ناو چاوانی ئەو کەسانەدا ئەبینی کە کافرن و حاڵیان وەها ئەگۆڕێ نزیکە هەڵمەت بێنن بۆ سەر ئەو کەسانە کە ئایەتەکانی ئێمە ئەخوێنێتەوە بەسەریانا! جا ئەی خۆشەویست تۆ پێیان بڵێ: ئایا خەبەرتان پێ بدەم بە شتێکی وەها نیسبەت بە حاڵی ئێوە خراپتر و دڵ تێکدەرتر بێ لە خوێندنەوەی ئەو ئایەتە رووناکانە بەسەرتانا؟: ئەو شتە بریتییە لە ئاگری دۆزەخ کە خودا وەعدەی داوە بەو کەسانە کافرن کە بەو ئاگرە ئەبێ بسووتێنرێن، وە ئەو ئاگرە، وە یا شوێنی ئاگرەکە جێگە و مەئالێکی زۆر ناهەمووارە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَٱسْتَمِعُوا۟ لَهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخْلُقُوا۟ ذُبَابًا وَلَوِ ٱجْتَمَعُوا۟ لَهُۥ ۖ وَإِن يَسْلُبْهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيْـًٔا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ ﴿٧٣﴾﴾

ئەی ئادەمیزاد بە شێوەی گشتی، بە تایبەتی ئەی کافرانی مەککە، قسەیەکی زۆر جوان هەیە، ئەوەنە جوانە وەکوو پەند وەهایە، دەی گوێی بۆ بگرن: بە راستی ئەو کەسانە کە ئێوە بانگیان ئەکەن جگە لە زاتی خودای تەعالا بە هیچ جۆرێ ناتوانن مێشێ چییە دروستی بکەن، با هەموویشیان گردببنەوە، وە ئەگەر مێشێ شتێکیان

www.iqra.ahlamontada.com

لێ بفرێنێ و لەوانی جیا بکاتەوە ناتوانن ئەو شتە لەو مێشە بسێننەوە و ناگەنەوە بەو شتە، گەلێ گەلێ زایف و بێ‌هێزە «تالب» کە بتەکانە و «مەتلووب» کە ئەو شتەیە وا لێیان وەرگیراوە.

﴿مَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ﴿٧٤﴾﴾

ئەو کافرانە خودایان نەناسیوە بە ناسینێکی موافیق و سالم کە رەسابێ و بگات بە ئەندازەی خۆی، بە راستی خودای تەعالا خاوەن تەوانایەکی زۆر بە دەستەڵاتە.

﴿اللَّهُ يَصْطَفِي مِنَ الْمَلَائِكَةِ رُسُلًا وَمِنَ النَّاسِ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ ﴿٧٥﴾﴾

خودای تەعالا وا ئەبێ ئیختیاری مەلائیکە ئەکا و لە ناو مەلائیکەکانا چەن فرستادەیێ رەوانە ئەکا بۆ سەر ئادەمیزاد ئەوانەیان کە ئەیەوێ بیان‌کا بە پێغەمبەر، هەروا لە ئادەمیزادیش چەن کەسێ رەوانە ئەکا و، خودا گۆیا و بینایە.

﴿يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ ﴿٧٦﴾﴾

وە ئەو خودایە کە لە ناو فریشتەکانا فرستادە هەڵئەبژێرێ، لە ناو ئادەمیزادیشا عالم و زانایە بەوەی کە لە زەمانی ئەوانا هەیە، وە بەوەی کە لە دوای ئەوان روونەدا، وە بە حەقیقەت هەموو کار و بارێ و هەموو جەزاو قەزایێ بۆ لای خودا ئەگەڕێتەوە و ئەو بەدی‌هێنەری هەموو شتێکە.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا وَاعْبُدُوا رَبَّكُمْ وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ۩ ﴿٧٧﴾﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمان و باوەڕتان هەیە بە خودا و پێغەمبەری خودا نوێژەکانتان بەجێ بێنن، وە ئەو دوو روکنە خاوەن قیمەتە لە ناو نوێژەکانتانا کە روکووع و

www.iqra.ahlamontada.com

سوجووده باش بەجێیان بێنن، با لەشتان دامرکاو و دڵتان دامەزراو و ڕۆحتان ئاگادارتر بێ لە کاتەکانی‌تر، وە عیبادەتی پەروەردگاری خۆتان بکەن و، باقی ئەرکانەکانی ئیسلام بەجێ بێنن؛ چونکە خانووی ئیسلام لەسەر پێنج روکن دامەزراوە، وەکوو چوار دیوار و سەقف بۆ خانوو، وە ئیشێکی وا بکەن کە بە خێر و بەسوودتر دابنرێ لە خێراتی هەڕەمە، واتە هەر کارێ لەم روکنانەتان بەجێ‌هێنا با ساغ بۆ خودا بێ و با لەگەڵ ئاگاداری دڵدا بێ، وە هەر کارێکی خاریج لە ئەرکانی ئیسلامتان کرد وەکوو خزمەتی ئادەمیزاد و سیلەی ڕەحم و سوودگەیاندن بە موسوڵمانان وەهای بکەن بۆ ڕۆژی حسێب وەزنێکی گرانی ببێ، رجا وایە رزگار ببن لە سزای ڕۆژی قیامەت.

﴿وَجَٰهِدُواْ فِي ٱللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦۚ هُوَ ٱجۡتَبَىٰكُمۡ وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖۚ مِّلَّةَ أَبِيكُمۡ إِبۡرَٰهِيمَۚ هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ مِن قَبۡلُ وَفِي هَٰذَا لِيَكُونَ ٱلرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيۡكُمۡ وَتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِۚ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱعۡتَصِمُواْ بِٱللَّهِ هُوَ مَوۡلَىٰكُمۡۖ فَنِعۡمَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَنِعۡمَ ٱلنَّصِيرُ ٧٨﴾

وە جیهاد بکەن لەبەر ڕەزای خودا و لەبەر بەرزکردنەوەی دینی ئیسلام و، تێکۆشن بە تێکۆشینی ڕاستەقینە و ساف بەسەرفکردنی ڕۆحی خۆتان و کوشتار لە مەیدانی جەنگدا و، بە سەرفی ماڵ و دارایی خۆتان لە ڕێگەی خودادا و لە غەزادا و، بە بەکارهێنانی شان و پایە و حورمەتی خۆتان بۆ ئیقامەی جیهاد یا بۆ دەوامدان بە ڕێنومایی ئادەمیزاد بە قەی تەوانا؛ چونکە خودای تەعالا ئێوەی هەڵبژاردووە بۆ هەڵگرتنی ئەحکامی ئیسلام و پاراستنی و ڕاگرتنی و دەوام پێدانی، وە لەم دینەدا

www.iqra.ahlamontada.com

که ئێوەی بۆ هەڵبژاردووە کاری ناهەموار و، باری هەڵنەگیراو و، کردەوەی نەکراوی بۆ بڕیار نەداون؛ بەڵکوو تاعەتی بەستووە بە تەواناوە و نوێژ بە راوەستان و دانیشتن و راکشانەوە، وە لە ماوەی ئیقامەتا تەواو و لە کاتی سەفەردا کورت، وە کاتێ ئاوتان نەبوو یا بۆتان بە کار نەدەهات «تەیەموم» بکەن، وە ئەگەر لە مزگەوتا نەبوو لە هەر شوێنێکی پاك و چاکا بێ بیکەن، وە رۆژوو بگرن ئەگەر عوزرتان نەبوو، ئەگەرنا لە نەخۆشی و لە سەفەردا بە رۆژوو مەبن و دوای بخەن، وە ئەگەر بێ‌تاقەت بوون کەفارەتی بدەن، وە ئەگەر قیساستان کەوتە ماوەی عەفو و سوڵح هەیە لە ناوتانا، وە بۆ پاش مردنتان ماوەی خێر و چاکە هەیە بکرێ بۆتان، وە ئەم دینی ئێوە دینی تەوحیدە و دینی ئیبراهیمی خەلیلە کە باوکتانە، وە دینێکە خودا داویەتی بە ئێوە لە ئەنجامی پاڕانەوەی ئەودا کە لە کاتی دروستکردنی «کعبةاللّه»دا فەرمووی: ﴿ربنا واجعلنا مسلمین لك ومن ذریتنا أمة مسلمة لك﴾.[1]

وە خودای تەعالا ناوی ئێوەی بردووە بە موسوڵمان لە کتێبە پێشووەکانا لە تەورات و ئینجیلدا وە موژدەی داوە بە هاتنی ئێوە لە خزمەتی ئەو پێغەمبەرەدا کە رەوانەی ئەکا بە خاتەمی پێغەمبەران، هەروا ناوی بردوون بە موسوڵمان لە قورئانا، وە پێغەمبەرەکەتانی ناو بردووە بە «أول المسلمین» وە ئەم نیعمەتانەی بۆ ئەوە داوە بە پێغەمبەر و بە ئێوە هەتا لە دنیادا پێغەمبەر موراقەبەی ئێوە بکا لە بەجێ‌هێنانی دینی ئیسلاما و ئێوەیش لە پاش وەفاتی ئەو موراقەبەی باقی موسوڵمانان بکەن، وە یاخود هەتا ئێوە پایەدار بن لەسەر ئەم دینە هەتا مردن و لە رۆژی قیامەتدا پێغەمبەری ئێوە ﷺ شەهادەت بدا لەسەر ئێوە کە ئەحکامی خودای پێ گەیاندوون، وە شایەتییەکەی بۆ خۆی قەبووڵ ئەکرێ؛ چونکە حاکمی موتڵەق عالمە بە واقیعە

١. البقرة: ١٢٨.

www.iqra.ahlamontada.com

لەسەر وەجهی حەق. وە ئێوەیش شایەتی بدەن بۆ باقی پێغەمبەرانﷺ لەسەر ئەوە کە دینیان گەیاندووە بە باقی ئادەمیزاد هەرکام لە رۆژی خۆیانا، وە ئەم شایەتییەیش بە ئیعتیماد لەسەر ئەوە کە لە قورئاندا نووسراوە تەبلیغاتی ئەو پێغەمبەرانە بۆ ئوممەتەکەیان، وە هەم بە ئیستیناد بە فەرموودەی پێغەمبەری خۆتان لەسەر ئەو راگەیاندنە.

جا کە وایە و ئەنجامی ئێوە ئەمەیە نوێژەکانتان کە کۆڵەکەی دینەکەتانە باش بەجێیان بێنن و زەکاتی ماڵیشتان بدەن بە داماوانی خۆتان، وە ئیعتیماد بدەن لەسەر کەرەمی خودای خۆتان و لەسەر یارمەتیدانی ئەو بۆتان؛ چونکە هەر ئەو خودایە گەورە و یارمەتیدەر و پەنای ئێوەیە، جا زۆر باش گەورەیەکتان و زۆر باش یارمەتیدەرێکتان خودای پەروەردگارە.

سوپاس بۆ خودا لە رۆژی یەك شەممەی ١٩ «ذي الحجه»ی ١٣٩٨ی کۆچی رێکەوتی ١٩٧٨/١١/٢١ ی زایینیدا لە نووسینەوەی تەفسیری ئەم سوورەتە بوومەوە.

«عبدالكريم المدرس»

www.iqra.ahlamontada.com

سووره‌تی «مؤمنون»، مه‌ککه‌ییه و "١١٨" ئایه‌ته.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١ ٱلَّذِينَ هُمۡ فِي صَلَاتِهِمۡ خَٰشِعُونَ ٢ وَٱلَّذِينَ هُمۡ
عَنِ ٱللَّغۡوِ مُعۡرِضُونَ ٣ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِلزَّكَوٰةِ فَٰعِلُونَ ٤ وَٱلَّذِينَ
هُمۡ لِفُرُوجِهِمۡ حَٰفِظُونَ ٥ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ
فَإِنَّهُمۡ غَيۡرُ مَلُومِينَ ٦ فَمَنِ ٱبۡتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡعَادُونَ
٧ وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِأَمَٰنَٰتِهِمۡ وَعَهۡدِهِمۡ رَٰعُونَ ٨ وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَلَىٰ صَلَوَٰتِهِمۡ
يُحَافِظُونَ ٩ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡوَٰرِثُونَ ١٠ ٱلَّذِينَ يَرِثُونَ ٱلۡفِرۡدَوۡسَ هُمۡ
فِيهَا خَٰلِدُونَ ١١﴾

حه‌زره‌تی عومه‌ری کوڕی خه‌تاب ﷺ فه‌رموویه‌تی: هه‌ر کاتێ که وه‌حی ئه‌هاته سه‌ر حه‌زره‌ت ﷺ له ده‌وری سه‌ر و روویدا ده‌نگێ ئه‌بیسرا وه‌کوو ده‌نگی هه‌نگ، جا رۆژێ وه‌حی بۆ هات و ئێمه سه‌عاتێ ماینه‌وه له خزمه‌تیا هه‌تا ئه‌وه ته‌واو بوو، جا حه‌زره‌ت ﷺ رووی کرده قیبله و هه‌ردوو ده‌ستی به‌رزه‌وه کرد و فه‌رمووی:

www.iqra.ahlamontada.com

«اللّٰهم زدنا ولا تنقصنا، وأكرمنا ولا تهنّا، وأعطنا ولا تحرمنا، وآثرنا ولا تؤثر علينا، وأرضنا وارض عنا».

واتە خودایە رەحمەتی خۆتمان بۆ زیاد بکە و کەمی مەکە، یاخود ژمارەمان زۆر بکە و کەممان مەکەرەوە، وە ئیکرامبمان بگرە و سووکمان مەکە و، نیعمەتمان پێ بدە و نائومێدمان مەکە، وە هەڵمان بژێرە و چاودێریمان بکە و، غەیری خۆمان بەسەرمانا زاڵ مەکە و ئیختیاریان مەکە بەسەرمانا و رازیمان بکە و لێمان رازی بە.

پاش ئەمە فەرمووی: دە ئایەت هاتووەتە خوار بۆ سەرم هەرکەسێ ئەوانە رابگرێ ئەڕواتە بەهەشتەوە، جا خوێندیەوە: ﴿قد أفلح المؤمنون..﴾ هەتا هەر دە ئایەتەکەی خوێندەوە.

جا خودا ئەفەرموێت: بە راستی رزگار ئەبن لە سزا و ئازاری قیامەت ئەو خاوەن ئیمانانە کە ئەم شتانە بەجێ بێنن.

یەکەم: لە نوێژەکانیانا خۆیان کز بکەن و لە خودا بترسن و لەشیان ئارام بێ و لا نەکەنەوە بەملاو ئەولادا، ئەمانەیش وا دەست ئەکەون کە کابرا رێزی نوێژەکەی بگرێ لە خوێندنی نوێژەکەیا و لە روکووع و لە سوجدەکانیا بە ئیخلاس بێ و بیر و باوەڕی تەواو بێ و گرنگی بە نوێژەکەی بدا و بە دڵ وا بزانێ کە وا لە حوزووری خودادا راوەستاوە و قسە لەگەڵ ئەودا ئەکا، وە بە قەی تەوانا لەو نوێژەدا بیری خۆی نەبا بۆ کارێکیتر غەیری ئەو نوێژە. یانی خەیاڵاتی تێدا نەکا. کەوابێ «خوشووع» بریتییە لە ئارامبوونی لەش و بە ئەدەب بوونی دڵ و موناجاتکردن لەگەڵ خودادا.

دووهەم: ئەوە کە ئیعراز بنێن و لا بدەن لە شتی بێسوود لە وتارا و لە کردارا. واتە هەر وتارێ و هەر کردەوەیێ واجب و سوننەت نەبن و حەلاڵێکی وا نەبن کە قازانجێکی دینی یا دنیایی تیا بێ نەیانکا، وەکوو حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «من

www.iqra.ahlamontada.com

حسن إسلام المرء ترکه ما لا یعنیه» واتە لە جوانی ئیسلامییەتی ئینسانە تەرك كردنی هەرشتێ كە ئەهمیەتی نەبێ بۆی بەم شێوە لا بدا لە هەرچی حەرام و هەرچی مەكرووهە و هەر موباحێكیش بێقازانج بێ.

سێهەم: ئەمەیە كە زەكاتی دارایی خۆی بدا لە پارەی نەخت و لە گەلە و خەلە.

چوارەم: ئەمەیە كە فەرجی خۆیان، بەر و دوایان، بپارێزن لە هەموو كەسێ لە هاوسەر و هاوجووتی خۆیان نەبێ وەكوو ژن بۆ پیاو و پیاو بۆ ژن، وە لەو ژنانە كە دەستی راستی ئەوان كردوویەتی بە موڵكی خۆی، واتە بەو یاسا كە لە دینی ئیسلاما بەیانكراوە وەكوو ئەوە كە ئەگەر پیاوێ ئازاد بێ لە چوار ژن زیاتر لە نیكاحیا نەبێ و عەداڵەت لە ناویانا بەجێ بێنێ و بە یاسای دین لەزەتیان لێ وەربگرێ.

جا ئەگەر كەسێ غەیری ئەمانە بە كار بێنێ واتە زینا بكا، یا لیواتە بكا، یا بڕواتە لای ژنی خۆی لە كاتی حەیز و زەیسانیدا، وە یا لە دواوە بڕواتە لای ژنی خۆی، ئەوە ئەو جۆرە كەسانە لە سنووری شەرع لایان داوە و بەسەر كەوتوو ناناسرێن و ئەگەر خودا لێیان خۆش نەبێ لە سزا رزگار نابن.

بەڵێ لەزەت وەرگرتن لە ژنی مارە بڕاوی خۆی و لە جارییە مووجیبی لەوم نییە و ئەوانە لەسەر ئەوە لۆمەیان ناكرێ.

پێنجەم: ئەمەیە كە چاودێری ئەمانەتی خۆیان بكەن، واتە ئەو شتانە كە بە شێوەی ئەمانەت وا لە لایان، وەكوو ماڵی ئەمانەت و حەقی خەڵكی بە بێ خیانەت تەسلیمی بكەنەوە بە خاوەنەكەی.

وە قابیلە مەبەست لە ئەمانەت هەموو ئەو شتانە بێ كە خودای تەعالا ئەوانی كردووە بە ئەمیندار لە سەریان لە ریعایەتی ئەعزای خۆیان كە لە غەیری مەشرووعا سەرفی نەكەن بە چاو تەماشای نامەحرەم نەكەن و بە گوێچكە قسەی حەرام نەبیسن و بە زمان هەرچی ... لە ... بە كار نەهێنن و

www.iqra.ahlamontada.com

نەدەن لە کەس و ماڵی حەرامی پێ هەڵنەگرن و، بە پێ نەڕۆن بۆ کاری ناشەرعی و، فەرجی خۆیان لە ناشەرعیدا بە کار نەهێنن و، هەر پەیمانێکیان کرد وەفای پێ بکەن و، سوێندی درۆ و شەهادەتی درۆ و ریوایەتی درۆ و حیکایەتی درۆ نەکەن.

شەشەم: وەکوو نوێژەکانیان ئەکەن و خوشووعیان هەیە لە ناویانا ئەو نوێژانە لە کاتی خۆیانا بەجێ بێنن و تا مومکین ببێ بە جەماعەت بیانکەن و ریعایەتی شەرائیت و ئەرکانی ئەو نوێژانە بکەن.

جا ئەو کەسانە کە مەوسووفن بەم سیفەتانە ئەوانەن واریس و گەیشتوو بە بارەی نەبڕاوەی بەهەشتی فیردەوس و ئەمێننەوە تیایا هەتا هەتایە.

بزانن! زاناکانی ئیسلام ئایەتی: ﴿والذين هم لفروجهم حافظون.. تاد﴾یان کردووە بە دەلیل لەسەر ئەوە کە: عەقدی نیکاحی موەقەت بە زەمانێکی مەحدوود کە مەشهوورە بە «متعە» بەتاڵە؛ چونکی ئەو ژنە کە بۆ ماوەیەکی دیاری مارە ئەکرێ «مملوکە» نییە و بەر مەفهوومی ﴿أو ما ملكت أيمانهم﴾ ناکەوێ، وە لە عورفی شەرعیشا بە «زوجة» ناناسرێ؛ چونکی ئەحکامی زەوجەی بەسەرا جاری نابێ، ئەوەتە ئەگەر لەو ماوەدا کە وان بە یەکەوە مێردەکەی بمرێ میراتی لێ وەرناگرێت و لە پاش تەواو بوونی ماوەکە بە بێ تەڵاقدان لە کابرا جیا ئەبێتەوە و وەعدەکەیش بەس یەك حەیزە کە رابوورێ بەسەریا.

وە ئەگەر کەسێ بڵێت: مادام ئەم ئایەتە دەلیلە لەسەر ئەوە کە «متعە» بەتاڵە و لە عەینی کاتا لە شاری مەککەدا نازڵ بووە لە پێش کۆچی حەزرەتا ﷺ بۆ مەدینە چۆن نیکاحی موتعە لە پێش واقیعەی خەیبەردا حەلاڵ کراوە، وە لە واقیعەی خەیبەرا حەرام کراوە و لە ساڵی فەتحی مەککەدا و لە واقیعەی «أوطاس»دا حەلاڵ کراوەتەوە و هەر لەو ساڵەدا لە شاری مەککەدا حەزرەت ﷺ حەرامی کردووە؟

www.iqra.ahlamontada.com

ئەڵێم: بۆ ئەم پرسیارە دوو وەڵام هەیە:

یەکەم: ئەتوانین بڵێین: کە ئایەتی: ﴿والذين هم لفروجهم حافظون... الآية﴾ لەگەڵ ڕەفیقەکانیا لە پاش هیجرەتکردنی حەزرەتﷺ بۆ مەدینەی مونەووەرە لە ساڵی فەتحا لە شاری مەککەدا نازڵ بووە، وە هەر ئایەتێ کە لە شاری مەککەدا نازڵ بووبێ بە ئیستیلاحێکی غەیرە مەشهوور ناو ئەبرێ بە «مەککی» هەرچەن لە پاش هیجرەتا نازڵ بووبێ و لە پاش نازڵبوونی ئەو ئایەتە حەزرەتﷺ لە مەککەدا موتعەی حەرام کردبێ.

جوابی دووهەم: ئەمەیە کە ئیمامی نەوەوی لە شەرحی سەحیحی موسلیمدا ئەفەرموێت: «والصحيح الذي جرى عليه جمهور الأصوليين جواز تخصيص عموم القرآن بخبر الواحد؛ لأنهﷺ مبين للناس ما أنزل إليه من كتاب اللّٰه».

بە گوێرەی ئەمە هەرچەن ئایەتی: ﴿فمن ابتغى وراء ذلك فأولئك هم العادون﴾ عامە بۆ هەموو ژنێ و لە هەموو کاتێکدا حەزرەتﷺ ئەتوانێ تەخسیسی بکا بەوانەوە کە خاوەن «اضطرار» و ناچار نین بۆ ژن لە سەرەتای ئیسلامدا ئەنا ئەگەر ئینسانی موسوڵمان لەو سەرەتای ئیسلامەدا ناچار بووبێ بۆ ژن بۆیان دروست بووە بە یاسای «موتعە» ژن وەربگرن لەبەر مەسڵەحەتی سەرکەوتنی ئیسلام. وە بەو حەدیسە کە حەزرەتی عەلی رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە لە شەڕی خەیبەردا حەرام کرابێ، وە بەو حەدیسە کە ڕەبیعی کوڕی سبرەی جوهەنی ڕیوایەتی کردووە لە ساڵی فەتحدا لە پاش فەتحی مەککە و پاش شەڕی «هوازن» حەرام کرابێتەوە هەتا قیامەت، ئەوەتە لە سەحیحی موسلیمدا ئەفەرموێت:

«حدثنا محمد بن عبداللّٰه بن نمير، حدثنا أبي، حدثنا عبدالعزيز بن عمر، حدثني الربيع بن سبرة الجهني: أن أباه حدثه أنه كان مع رسول اللّٰهﷺ فقال: يا أيها الناس إني قد كنت أذنت

www.iqra.ahlamontada.com

لكم في الاستمتاع من النساء، وأن الله قد حرم ذلك إلى يوم القيامة؛ فمن كان عنده منهن شيء فليخل سبيله، و لا تأخذوا مما آتيتموهن شيئاً».

وە لێرەدا دەرکەوت کە نیکاحی موتعە بە ئایەتی: ﴿والذين هم لفروجهم حافظون﴾ حەرام کراوە، هەروا بە حەدیسی حەزرەت ﷺ دوو جار حەرام کراوە: لە خەیبەرا و، لە ساڵی فەتحی مەککەدا. وە لە ناو ئایەتەکانی باسی نیکاحدا هیچ ئایەتێ نییە بۆ حسێبی موتعە دەست بدا و ئیستیدلالی پێ بکرێ لەسەر حەڵاڵی موتعە ئەوە نەبێ کە لە سوورەتی «نساء»دا [ئایەتی ٢٤] ئەفەرموێت: ﴿فما استمتعتم به منهن فآتوهن أجورهن فريضة﴾.

وە بە درێژی لە شوێنی خۆیا وەڵامی ئەو کەسانەمان دایەوە کە ئیستیدلالیان بەو ئایەتە کردووە لەسەر حەڵاڵی موتعە، ئیتر لێرەدا درێژەپێدان پێویست نییە.

﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ مِن سُلَـٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴿١٢﴾ ﴾

بە راستی ئێمە لە کاتی خۆیدا ئادەمیزادی یەکەممان دروست کرد لە مێقداری سافی پوختەی خۆلاسە لە گڵی تەڕکراو بە ئاو، وەکوو ریوایەت کراوە: کە خودای تەعالا ئەمری کردووە بە مەلائیکەکان ئەندازەیێ گڵیان لەسەر زەوی وەرگرتووە و بردوویانە بۆ بەهەشت و لەوێ بە ئاوی جۆگەی «تسنیم» شێلاویانە و بە فەرمانی خودا تەسویر کراوە بە سوورەتی ئادەم و خودای تەعالا بە «نەفحەی قودسییە» رۆحی کردووە بە بەریا.

﴿ ثُمَّ جَعَلْنَـٰهُ نُطْفَةً فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿١٣﴾ ﴾

لە پاش مرووری زەمان ئینسانمان کرد بە تۆمی پشتی ئادەم و سنگی حەواء، وە ئەو تۆمانەمان دامەزران لە جێگە ئارامێکی قایمی دامەزراوی وەهادا کە مەوانیع رووی تێ نەکا و چل رۆژ بەو شێوە مایەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَـٰمًا فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَـٰمَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَـٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ ۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَـٰلِقِينَ ﴿١٤﴾﴾

پاش ئەو ماوە دیارییە ئەو تۆمەمان کرد بە خوێنپارە، جا ئەو خوێنپارەمان کرد بە گۆشتپارە، جا بازێ لەو گۆشتپارەمانە کرد بە ئێسقانی لەشی ئینسانەکەوە و، ئەو ئێسقانەمان بە گۆشت داپۆشی، واتە: ئەو گۆشتپارە بازێکیمان کرد بە ئێسقان و بازێکمان کرد بە گۆشت و، ئەو ئێسقانەمان بە گۆشت داپۆشی و، لە پاشان کردمان بە مەخلووقێکی غەیری ئەو مەخلووقە پێشووە، چونکی ئەمرمان کرد کە منداڵدان فڕەی بدا بۆ دەرەوە و شوعوورمان کردەوە، وە هێزی عەقڵمان زیاد کرد لە دەرکی «بەدیهیات»ەوە بۆ «نەزەریات»، وە بۆ گرد کردنەوەی سوورەتی علوومی نەزەرییە لە دڵیا و لەوێدا هێشتمانەوە وەکوو سیفاتی غەریزی و، کردمان بە خاوەنی مەلەکەی «استحضار» بە جۆرێ وەکوو سەرچاوەی ئاو ئەگەر هەتا ماوە عیلمی لێ وەربگیرێ تەواو نابێ، جا زۆر زۆر گەورەیە ئەو خودایە کە جوانتری هەموو خاوەن تەقدیر و تەسویرێکە لەبەر ئەوە غەیری خودا هەر تەقدیر و تەسویری پێ ئەکرێ، بەڵام خودا تەقدیر و تەسویری پێ ئەکرێ و پاش ئەوە ئیجاد و ئیبداع و خەلقیشی پێ ئەکرێ.

بزانن! ئەو حەدیسە کە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود ﵁ ریوایەتی کردووە لە حەزرەتەوە ﷺ وەکوو تەفسیر وایە بۆ ئەم ئایەتە، ئەفەرموێت: یەکێ لە ئێوە، ئەی ئادەمیزاد، ماوەی دروست بوونی کە نوتفەکەیە گرد ئەکرێتەوە لە سکی دایکیا لە ناو منداڵدانا بە نوتفەیی تا چل رۆژ، پاش ئەوە بە خوێنپارەیی ئەمێنێتەوە تا چل رۆژ، ئەمجار ئەبێ بە گۆشتپارە و ئەمێنێتەوە هەتا چل رۆژ، پاش ئەوە خودای تەعالا

www.iqra.ahlamontada.com

فریشتەی مەئمووری بۆ حەواڵە ئەکات و فووی پێدا ئەکات و گیان ئەکرێ بە بەریا. وە ئەو فریشتە ئەمری پێ ئەکرێ لە لایەنی خوداوە بە نووسینی چوار کەلیمە: بە نووسینی رزق و رۆزی ئەو و، کاتی مەرگ و ئاکامی و، نووسینی سیفەتی شەقاوەت و، سیفەتی سەعادەتی، یانی ئاخۆ ئاخر خێرە و ئەهلی بەهەشتە، یاخود عاقیبەت شەڕە و ئەهلی دۆزەخە. جا قەسەم بەو خودایە کە غەیری ئەو خودای‌تر نییە یەکێ لە ئێوە کردەوە ئەکا و رەفتار ئەکا بە رەفتاری بەهەشتی لە تاعەت و عیبادات هەتا زۆر نزیك ئەبێتەوە لە بەهەشت کوتوپڕ ئەو کەسە بە ئارەزووی خۆی بە هۆی عاریزەیەکەوە ئەسووڕێ بۆ کردەوەی خراپ و ناشیرین و رەفتار ئەکا بە رەفتاری ئەهلی دۆزەخ و ئەڕواتە ناو دۆزەخەوە، وە موستەحەق ئەبێ بە چوونی دۆزەخ، وە یەکێ لە ئێوە کردەوە ئەکا بە کردەوەی ئەهلی دۆزەخ هەتا زۆر نزیك ئەبێتەوە بە دۆزەخ جا بە ئارەزووی خۆی هەڵئەسووڕێتەوە بۆ کردەوەی باش و پەشیمان ئەبێتەوە لە بیر و باوەڕە ناهەموارەکەی بۆ بیر و باوەڕی باش و کردەوەی جوان و دەوام ئەکا لەسەر کردەوەی ئەهلی بەهەشت و موستەحەقی بەهەشت ئەبێ و ئەڕواتە بەهەشتەوە.

ئەم حەدیسە شەریفە بەیانی ئەوە ئەکا خودای تەعالا زانایە بە ئەحواڵی بەندەی خۆی و ئەزانێ ئەو هێز و تەوانایی خۆیە بۆ خێر سەرف ئەکا یا بۆ شەڕ و، ئایا لە کردەوەی باش وەرئەگەڕێ بۆ کردەوەی خراپ یا نە، وە لە کردەوەی خراپ وەرئەگەڕێ بۆ کردەوەی باش یا نە؟ وە لەسەر ئەو زانستە رەسایە لە پێش ئەوەدا کە ئەو کەسە بکەوێتە مەیدانی کردەوەوە، «إضبارە» و دەفتەری بە گوێرەی عیلمی خودا ئامادەیە و مەعلوومە لە لای خودا، ئیتر مەعنای وا نییە کە خودای تەعالا هەر لە پێشا بە زۆر بڕیاری داوە ئەو کابرا دۆزەخی بێ یا بەهەشتی بێ، حاشا وە کەللا! ئەمە پێچەوانەی یاسای دین و قورئانی پیرۆزە. وە لە عەینی حاڵا وەکوو ئاگادارە لە رەفتاری خێر و شەڕی ئاگاداریشە لە هەوڵدانی بۆ رزق و رۆزی چۆن نان و ئاو بۆ خۆی پەیدا

www.iqra.ahlamontada.com

ئەكا، وە «عامل» ئەبێ یا «عاطل» وە بە كام پیشە مەشغووڵ ئەبێ و ژیواری چۆن ئەبێ.

وە ئەم عیلمە مەنعی كابرا ناكا لە كاسبی و لە كشتوكاڵ و لە موباشەرەی وەزیفە و غەیری ئەوانە. ئەمانە هەمووی ئەوهامی پڕ و پووچن، پێویستە ئینسان لەسەر یاسای عەقڵ و یاسای ژیانی جیهان هەوڵ بدا بۆ دین و دنیای خۆی و ئیعتیماد بدا لەسەر زاتی خودای تەعالا.

﴿ثُمَّ إِنَّكُم بَعْدَ ذَٰلِكَ لَمَيِّتُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ تُبْعَثُونَ ﴿١٦﴾﴾

جا پاش ئەوە كەوتنە رووی دنیا و گەورە بوون دەوام ئەكەن تا ماوەی بڕیاردراو بە كەم یا بە زۆر، ئەمجار ئێوە مردوون، واتە بە راستی ئەمرن و لە مردن رزگار نابن و، ئەكەونە عالەمی «بەرزەخ»ەوە، وە ئەوعالەمە نموونەیەكی عالەمی قیامەتە؛ ئەگەر لە دنیادا بیر و باوەڕ و رەفتارتان باش بووبێ ئەوە ئەو قەبرەتان بۆ ئەبێ بە باخێ لە باخەكانی بەهەشت، وە ئەگەر بیر و باوەڕ و كردەوەی ناهەموارتان كردبێ ئەوە قەبرەكەتان بۆ ئەبێ بە نموونەیێ لە دۆزەخ. وەكوو لە حەدیسی شەریفا هەیە. جا پاش تەواو بوونی ماوەی عالەمی بەرزەخ بە راستی ئێوە لە رۆژێكدا كە ناوی رۆژی قیامەتە، واتە رۆژی هەستانەوەیە لە بەرزەخ بۆ عالەمی قیامەت، زیندوو ئەكرێنەوە و راست ئەكرێنەوە و سەوق ئەكرێن بۆ مەحشەر، وە لەو مەیدانی مەحشەرەدا ماوەیێ دەوام ئەكەن، جا حسێبی بیر و باوەڕ و كردەوەتان ئەكرێ و هەموو موكەللەفان بەسەر پردی سیراتا سەوق ئەكرێن. وە هەركەس ئەهلی دۆزەخ بێ لە پردی سیراتدا دائەكەوێ بۆ دۆزەخ، وە ئەوەی كە ئەهلی بەهەشت بێ رائەبوورێ بەسەر پردەكەدا و ئەپەڕێتەوە لەسەر ئەو بەیانە كە لە دنیا وەرمان گرتووە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعَ طَرَآئِقَ وَمَا كُنَّا عَنِ ٱلْخَلْقِ غَٰفِلِينَ ﴿١٧﴾﴾

وە بۆ ئەوە کە ئێوە بژین بە ژیانی جوانی میانە، بە راستی دروستم کردووە لە لای راسەرتانەوە حەوت ئاسمان کە ئەو ئاسمانانە یەك لە ژووری یەکەوەن و رێگەی هاتوچۆی فریشتەکانن لە ئاسمانەکانا، هەروا رێگەن بۆ دەورەدان و هەڵسوورانی ئەستێرەکان هەر یەکێ لەسەر دائیرەیەکی تایبەتی، وە ئێمە لە پاراستنی ئەم مەخلووقاتی خۆمە غافڵ نابین، ئەگەرنا ئەگەر چاوبڕکەیێ هاتوچۆی ئەم ئەستێرانە لە خەتی خۆیان لابدەن دنیا وێران ئەبێ.

﴿وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءًۢ بِقَدَرٍ فَأَسْكَنَّٰهُ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ وَإِنَّا عَلَىٰ ذَهَابٍۭ بِهِۦ لَقَٰدِرُونَ ﴿١٨﴾﴾

وە دامان پەڕاندووە و رژاندوومانە لە ئاسمانەوە ئاو بە هێزی خۆمان و بە ئەندازەیەکی تایبەتی، وە لە زەویدا هێشتوومانەتەوە بە دەریاچە، وە یا بە سەرچاوە، وە ئێمە لەسەر فەوتاندن و ونکردنی ئەو ئاوە تەواناین یا غەوری بکەین، وە یاخود کارەساتێ بێنین بەسەر زەوییەکەدا کە لە ئەساسا ئاو نەمێنێ.

﴿فَأَنشَأْنَا لَكُم بِهِۦ جَنَّٰتٍ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَٰبٍ لَّكُمْ فِيهَا فَوَٰكِهُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿١٩﴾ وَشَجَرَةً تَخْرُجُ مِن طُورِ سَيْنَآءَ تَنۢبُتُ بِٱلدُّهْنِ وَصِبْغٍ لِّلْءَاكِلِينَ ﴿٢٠﴾﴾

جا دروستمان کرد بۆتان بەو ئاوە چەن باخ و بێستانێ لە دارخورما و رەزی ترێ کە هەیە بۆ ئێوە لەو باخانەدا چەن میوەی جۆرجۆر کە لە وەختی خۆیا لێیان ئەخۆن، وە هەم دروستم کردووە بۆ ئێوە دارێکی خاوەن بەری وەها کە دەرئەچێ

www.iqra.ahlamontada.com

لە کێوی tووری سینا، کە ئەو دارە سەوز ئەبێ و ئەڕوێ لەگەڵ بەرێکدا کە ئەبێ بە هۆی دەستکەوتنی رۆن بۆ ئێوە و ئەبێ بە شتێ کە خواردەمەنی پێ رەنگ ئەکرێ، واتە ئەگەر نەفسی ئەو بەرە بخۆن ئەوە ئەبێ بە هۆی پێخۆر، وە ئەگەر رۆنەکەیشی بگرن ئەوە بە کاری دێنن لە جێگەی رۆنا.

﴿وَإِنَّ لَكُمْ فِي الْأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهَا وَلَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٢١﴾ وَعَلَيْهَا وَعَلَى الْفُلْكِ تُحْمَلُونَ ﴿٢٢﴾﴾

وە بە راستی هەیە بۆ ئێوە لە وشتر و مەڕ و بزن و گادا وەعز و ئیعتیبار و دەرسی فام پەیداکردن بە نیعمەتەکانی ئێمە یەکەم: دەرخواردی ئێوە ئەدەین لەو شیرە سافە پاکە کە وا لە سکیانا بە شیری و، فرۆیی و، دەڵەمەیی و، ماستی و، دۆیی و باقی خواردەمەنی ئاوەکی... دووهەم: بۆ ئێوە هەیە چەن سوودێ و نەفعێکی زۆر بە راگرتنیان و قازانج وەرگرتن لەمەرەز و موو و خوری و کورگی ئەوان، وە بە فرۆشتنی خۆیان، وە یا بەچکەی نێرینەیان و کردنیان بە حەوتم و قوربانی و دیاری ماڵی خوا و، لەسەر پشتی بازێ لەوان وەکوو گا و وشتر بێ هەڵدەگیرێن وەکوو لەسەر کەشتی هەڵدەگیرێن لە دەریادا.

﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٢٣﴾﴾

واتە: بە راستی حەزرەتی نووحمان بە پێغەمبەری نارد بۆ لای گەلەکەی خۆی، جا فەرمووی: ئەی قەومی من عیبادەت و بەندەیی بکەن بۆ خودای تەعالا کە ئێوە بێجگە لەو خوداتان نییە، ئایا هێشتا لە خودا ناترسن؟

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَقَالَ ٱلْمَلَؤُاْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوْمِهِۦ مَا هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُرِيدُ أَن يَتَفَضَّلَ عَلَيْكُمْ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَنزَلَ مَلَٰٓئِكَةً مَّا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِىٓ ءَابَآئِنَا ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٢٤﴾﴾

جا کۆمەڵە و قەرەباڵغی پیاوە گەورەکان لە قەومەکەی ئەوانە کە کافرن بە خودای خۆیان، وتیان: ئەم کابرایە هەر ئادەمیزادێکی وەکوو ئێوەیە و خواستی لەسەر ئەوەیە خۆی بە گەورە بگرێ بەسەرتانا، وە ئەگەر خودا مەیلی ببوایە ئەوە فریشتەی لە ئاسمانەوە ئەنارد بۆ سەرمان! ئێمە لە ناو کۆڕی باو باپیرانمانا ئەمانەمان نەبیستووە.

﴿إِنْ هُوَ إِلَّا رَجُلٌۢ بِهِۦ جِنَّةٌ فَتَرَبَّصُواْ بِهِۦ حَتَّىٰ حِينٍ ﴿٢٥﴾﴾

ئەم کابرایە پیاوێکە هەندێ شێتی لەگەڵدایە، جا تۆزێ سەبری لێ بکەن تا ماوەیەك یا ئەمرێ یا عەقڵ ئەگرێ.

﴿قَالَ رَبِّ ٱنصُرْنِى بِمَا كَذَّبُونِ ﴿٢٦﴾﴾

حەزرەتی نووح لە خودای خۆی پاڕایەوە و فەرمووی: خودایە کۆمەکیم بکە و یارمەتیم بدە بەسەریانا و حەقیان لێ بسێنە بە هۆی ئەوەوە کە باوەڕیان بە ئێمە نەکرد.

﴿فَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِ أَنِ ٱصْنَعِ ٱلْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا فَإِذَا جَآءَ أَمْرُنَا وَفَارَ ٱلتَّنُّورُ فَٱسْلُكْ فِيهَا مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ ٱثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيْهِ ٱلْقَوْلُ مِنْهُمْ وَلَا تُخَٰطِبْنِى فِى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ إِنَّهُم مُّغْرَقُونَ ﴿٢٧﴾﴾

جا ئێمەیش وەحیمان کرد بۆ لای نووح کە کەشتی دروست بکە لە بەرچاوی ئێمەدا و لە بەر پارێزی ئێمەدا، جا کاتێ فەرمانی ئێمە هات بۆ ناردنی ئاوی زۆر

www.iqra.ahlamontada.com

و ئاو لە تەنووری ماڵی خۆتانەوە هەڵقوڵی، بهاوەرە ناو ئەو کەشتییەوە لە هەموو دوانەیێ ـ لە هەموو نێر و مێیێ ـ دوو دانە: نێرێك و مێیەك، وە هەم ئەهل و عائیلەی خۆیشت بخەرە ناو کەشتییەکەوە، ئەوانە نەبێ کە فەرموودەی من رابوردووە بۆ لە ناوبردنیان (وەکوو ژنەکەیی و کەنعانی کوڕی) وە ئیتر لە هۆی ئەو ستەمکارانەوە نەپاڕێیتەوە و قسەم لەگەڵا نەکەی، بە راستی فەرمان دراوە بە خنکاندنی ئەوانە.

﴿فَإِذَا ٱسْتَوَيْتَ أَنتَ وَمَن مَّعَكَ عَلَى ٱلْفُلْكِ فَقُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى نَجَّىٰنَا مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٨﴾﴾

جا کاتێ تۆ رۆیشتیتە سەر ئەو کەشتییە لەگەڵ ئەوانەدا کە وان لەگەڵ تۆدا، بڵێ: سوپاس بۆ ئەو خودایە کە رزگاری کردین لەو گەلە ستەمکارە.

﴿وَقُل رَّبِّ أَنزِلْنِى مُنزَلًا مُّبَارَكًا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْمُنزِلِينَ ﴿٢٩﴾﴾

وە داوا بکە لە خودا و بڵێ: خودایە دامبەزێنە لەم کەشتییە بۆ شوێنێکی بە فەڕ و پیرۆزی و، تۆ خودایەکی باشتر و میهرەبانتری لە هەموو ئەوانە کە یەکێ دابەزێنن لە شوێنێکدا.

﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ وَإِن كُنَّا لَمُبْتَلِينَ ﴿٣٠﴾﴾

بە راستی هەیە لەم تەدبیر و تەئسیرەدا کە لە لایەنی ئێمەوە کرا بۆ نووح و پەیڕەوەکانی، وە بۆ گەلە دوژمنەکانی لە دروستکردنی کەشتی بۆ ئەوان و رێکخستنی ئەسبابی هیلاك بۆ ئەمان، چەن نیشانەی گەورە لەسەر ئەوە کە ئێمە دۆستان ئەپارێزین و دوژمنان لە ناو ئەبەین، وە ئەمە حەقیقەتی بەڵا و ئیمتیحانە.

﴿ثُمَّ أَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قَرْنًا ءَاخَرِينَ ﴿٣١﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

لە پاش گەلی نووح ئەهلی چەرخێکی‌ترمان دروست کرد کە قەومی عادی قەومی سەموودن.

﴿فَأَرْسَلْنَا فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ ۖ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣٢﴾﴾

جا پێغەمبەرێکمان لە خۆیان و لە نەژادی خۆیان نارد بۆ لایان کە بەندەیی بۆ خودای جیهان بکەن و بێجگە لەو خوداتان نییە، ئایا ناترسن و تەرێز ناکەن لە سزای خودا و لە بتپەرستی دەس‌بەردار نابن؟

﴿وَقَالَ الْمَلَأُ مِن قَوْمِهِ الَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِلِقَاءِ الْآخِرَةِ وَأَتْرَفْنَاهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا مَا هَٰذَا إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يَأْكُلُ مِمَّا تَأْكُلُونَ مِنْهُ وَيَشْرَبُ مِمَّا تَشْرَبُونَ ﴿٣٣﴾﴾

جا قەرەباڵغ و پیاوە گەورەکان لە گەلی ئەو پێغەمبەرە کە هوودە یا ساڵحە، ئەوانە کە کافر بوون و باوەڕیان نەدەکرد بە گەیشتن بە رۆژی قیامەت و زۆر نیعمەت و داراییمان پێدا بوون و، خاوەن لەزەتمان کردبوون لە ژیانی دنیادا وتیان: ئەم کابرا کە داوای پێغەمبەری ئەکا هەر ئادەمیزادێکی وەکوو ئێوەیە: ئەخوات لەوەی ئێوە ئەیخۆن و ئەخواتەوە لەوەی کە ئێوە لێی ئەخۆنەوە.

﴿وَلَئِنْ أَطَعْتُم بَشَرًا مِّثْلَكُمْ إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَاسِرُونَ ﴿٣٤﴾﴾

وە وەڵلاهی ئەگەر ئێوە فەرمانی ئادەمیزادێکی وەکوو خۆتان بەجێ بێنن و بچووکیی بکەن لەم کاتەدا ئێوە زیانبارن و وان لە خەسارەتا.

﴿أَيَعِدُكُمْ أَنَّكُمْ إِذَا مِتُّمْ وَكُنتُمْ تُرَابًا وَعِظَامًا أَنَّكُم مُّخْرَجُونَ ﴿٣٥﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئایا وادەی ئەوتانە پێ ئەدەن کە بە راستی ئێوە لە کاتێدا بمرن و ببن بە گڵ و ئێسقانی رزیو بە راستی ئێوە لە گۆڕ دەرئەکرێن و زیندوو ئەبنەوە؟!

﴿هَيۡهَاتَ هَيۡهَاتَ لِمَا تُوعَدُونَ ٣٦﴾

زۆر دوورە! زۆر دوورە! ئەوەی کە وەعدە دراوە بە ئێوە بێتە جێگە.

﴿إِنۡ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنۡيَا نَمُوتُ وَنَحۡيَا وَمَا نَحۡنُ بِمَبۡعُوثِينَ ٣٧﴾

زیندوێتی و ژیان هەر ئەمەی دنیایە و هیچی‌تر، لەم دنیادا بازێکمان ئەمرین و بازێکمان لە شوێنا ئەمێنینەوە، ئیتر بە هیچ جۆرێ پاش مردنمان زیندوو نابینەوە. پەنا بە خودا لەم باوەڕە نابارە!

﴿إِنۡ هُوَ إِلَّا رَجُلٌ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا وَمَا نَحۡنُ لَهُۥ بِمُؤۡمِنِينَ ٣٨﴾

ئەم کابرایە کە داوای پێغەمبەری و فرستادەیی ئەکا لە لای خوداوە بۆ لای ئێمە هیچ نییە پیاوێکی وا نەبێ کە درۆ هەڵئەبەستێ بە دەمی خوداوە و ئەڵێ: خودا وتوویەتی لە پاش مردن ئەو ئادمیزادانە زیندوو ئەکەمەوە بۆ پرسیار و بۆ دیاری کردنی شوێن و جێگەیان لە بەهەشتا بێ یا لە دۆزەخدا، وە ئێمە هەرگیز بۆ پیاوی وا ملکەچ ناکەین و باوەڕی پێ ناکەین.

﴿قَالَ رَبِّ ٱنصُرۡنِي بِمَا كَذَّبُونِ ٣٩﴾

ئەو پێغەمبەرەیش پاڕایەوە لە خودا و عەرزی کرد: خودایە یارمەتیم بدە لەسەر تەبلیغاتی خۆم و زاڵم بکە بەسەر ئەوانەدا باوەڕم پێ ناکەن بە هۆی ئەوەوە کە بە درۆم ئەخەنەوە.

﴿قَالَ عَمَّا قَلِيلٖ لَّيُصۡبِحُنَّ نَٰدِمِينَ ٤٠﴾

www.iqra.ahlamontada.com

خودای تەعالا لە وەڵاما وەحی بۆ نارد و فەرمووی: پاش ماوەیەکی کەم هەموو ئەوانە پەشیمان ئەبنەوە و حاڵی ئەبن کە لەو سەرپێچییەدا ناحەقییان کرد.

﴿فَأَخَذَتْهُمُ ٱلصَّيْحَةُ بِٱلْحَقِّ فَجَعَلْنَٰهُمْ غُثَآءً ۚ فَبُعْدًا لِّلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤١﴾﴾

جا کوتوپڕ دەنگێکی تریشقەکاری ناهەموار گرتنی و پەردەی دەماخ و دڵی دڕین و مراندنی و لە شوێنی خۆیانا کەوتن، دوایی لەشەکانیانمان دارزاند و کردنمان بە ئاومالکی لافاوی بێمەغز و تاو، وەها کە با بیان با، دەی با هەر دوور کەوتنەوە لە مەیدانی میهرەبانی و بەهەشتی جاویدانی و پایەی بەرزی ئینسانی بەشی ئەو گەلە ستەمکارانە بێ.

﴿ثُمَّ أَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قُرُونًا ءَاخَرِينَ ﴿٤٢﴾﴾

پاش ئەو گەلی عاد و سەموودەیش ئەهلی چەن چەرخی‌ترمان بێجگە لەوان دروست کرد.

﴿مَا تَسْبِقُ مِنْ أُمَّةٍ أَجَلَهَا وَمَا يَسْتَـْٔخِرُونَ ﴿٤٣﴾﴾

وە هەموو ئەو ئادەمیزادانەمان ئاگادار کرد لەسەر شەریعەتی ئاسمانی بە هۆی پێغەمبەرانەوە، وە هەر گەلێ لەوانە کە پەیڕەوی فەرمانی ئێمەی کردبێ بە پایەی رزگاری گەیشتوون، وە هەر گەلێ لایان دابێ لە فەرمانی ئێمە لەناومان بردوون، وە کاتێکی تایبەتیمان بۆ لە ناوبردنەکەیان داناوە، وە هیچ گەلێ لەوان پێش ناکەوێ لەو کاتە کە بۆ لە ناوچوونی بڕیار دراوە و هیچ گەلێ لەوان دوا ناکەوێ لەو کاتەی بۆی دیاری کراوە. واتە کاتی لە ناوچوونیان کاتێکی دیاری و روونە و ئاڵ و گۆڕی تێدا نابێ.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ ثُمَّ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا تَتْرَا ۖ كُلَّ مَا جَآءَ أُمَّةً رَّسُولُهَا كَذَّبُوهُ ۚ فَأَتْبَعْنَا بَعْضَهُم بَعْضًا وَجَعَلْنَٰهُمْ أَحَادِيثَ ۚ فَبُعْدًا لِّقَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾

ئێمە لە دوای ئەوانەیش هەر لەسەر سوننەتی خۆمان یەك لە دوای یەك پێغەمبەرمان نارد بۆ لای ئادەمیزادان لە هەر چوار دەوری جیهانا، وە هەر کاتێ پێغەمبەرێ لەو پێغەمبەرانە کە رەوانە کرا بوون ئەهاتنە لای گەلەکانیان باوەڕیان پێ نەدەکردن و بە درۆیان ئەخستنەوە، لەبەر ئەوە ئەوان بانگیان ئەکردن بۆ عەدڵ و میانەکاری لە ژیانا و بۆ هەستکردن بە مەسئوولییەت و بۆ ناسینی خودا، وە ئەوانیش هەر لەسەر تەقازای نەفسی و ئارەزووبازی و هەوا پەرستی خۆیان دانەدەبەزین، جا ئێمەیش تۆڵەمان لێ کردنەوە، وە هەندێکمان هێنا بە شوێن هەندێکا لە فەوتاندنا، وە بە جۆرێ ئەوانم لە ناوبرد کردمن بە باس و وتار و پەند بۆ گەلی پاش خۆیان و بۆ گەلی زەمانی خۆیشیان ئەم تۆڵەیشە لەبەر ئەوە بوو کە ئیمانیان نەدەهێنا بە خودای جیهان، دەی با هەر دووری لە کەرەم و میهرەبانی خودا بەش و بارەی ئەوانە بێ کە ئیمان ناهێنن.

﴿ ثُمَّ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ وَأَخَاهُ هَٰرُونَ بِـَٔايَٰتِنَا وَسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴿٤٥﴾ ﴾

لە پاش ئەوان هاروون و مووسای برایمان بە نۆ موعجیزەی مەشهوور و ناسراوەوە نارد، لەگەڵ ئەوانەیشدا بەڵگەیەکی زۆر ئاشکرای وەك تەوراتمان دایێ.

﴿ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِۦ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ قَوْمًا عَالِينَ ﴿٤٦﴾ ﴾

بۆ لای فیرعەون و کۆمەڵی قیبتی کە دەستە و بەستەی ئەوبوون، ئەوانیش خۆیان بە زل زانی و دەعوەتی ئەوانیان وەرنەگرت و گەلێکی بەدەمار بوون.

﴿ فَقَالُوٓا۟ أَنُؤْمِنُ لِبَشَرَيْنِ مِثْلِنَا وَقَوْمُهُمَا لَنَا عَٰبِدُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾

وتیان: ئایا ئێمە ئیمان دێنین و سەر کز ئەکەین بۆ دوو ئادەمیزادی وەکوو خۆمان کە گەل و کۆمەڵەکەیان هەموو خزمەتکاری ئێمەن و ئێمە ئەپەرستن؟!

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَكَذَّبُوهُمَا فَكَانُوا۟ مِنَ ٱلْمُهْلَكِينَ ﴿٤٨﴾﴾

وە بێباوەڕییان دەربڕی بەرابەر بەوان و لە ئەنجاما ئەمانیش لەو ئادەمیزادانە بوون کە فەرمان دراوە بە لە ناوبردنیان.

﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ ﴿٤٩﴾﴾

وە بە راستی ئێمە تەوراتمان دا بە مووسا بە هیوای ئەوە کە ئەو گرۆهی بەنیئیسرائیلیە بەدبەختە سەرسەختە لە پاش ئەو هەموو رەنج و سەرچەنگە کە لە فیرعەونەوە بەسەریانا هاتبوو بیر بکەنەوە و روو بکەنە خودا و باوەڕ بە مووسا بکەن.

﴿وَجَعَلْنَا ٱبْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُۥٓ ءَايَةً وَءَاوَيْنَٰهُمَآ إِلَىٰ رَبْوَةٍ ذَاتِ قَرَارٍ وَمَعِينٍ ﴿٥٠﴾﴾

وە عیسای کوڕی مەریەم و مەریەمی دایکی ئەومان کرد بە نیشانە لەسەر تەوانایی خۆمان کە مەریەم بە بێ مێرد منداڵی بوو، وە عیسا بە منداڵی بوو بە خاوەن وتاری پیاوانە، وە لە پاشان بوو بە رەهبەرێکی پایەبەرز لە جیهانا و جێگەمان کردنەوە لە خاکی پیرۆزدا و بەرزمان کردنەوە بۆ شوێنێکی بەرز وەکوو خاکی «بیت‌المقدس» بێ و شوێنێکی شایاو بۆ قەرارگا و ئارامگا لەبەر پیرۆزی مەعنەوی و مادی.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرُّسُلُ كُلُوا۟ مِنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَٱعْمَلُوا۟ صَٰلِحًا ۖ إِنِّى بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ ﴿٥١﴾ وَإِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَأَنَا۠ رَبُّكُمْ فَٱتَّقُونِ ﴿٥٢﴾﴾

وە ئێمە لە زەمانی هەر پێغەمبەرێ لەو پێغەمبەرانە کە باسمان کردن بانگم لێ کردووە وتوومە: بۆ خۆت بە یاسای عادەتی رەهبەران بژی و، بخۆ لە خواردەمەنی حەلاڵ و پاك و ئەوەی کە ئارەزووی ئینسانی میانە داوای ئەکا، وە کردەوەی باش

www.iqra.ahlamontada.com

بکەن و ئاگاتان لە خۆتان بێ، بە راستی من زانام بە ئەحواڵ و ئەخلاق و کردەوەی ئێوە، ئەگەر حەرام بخۆن پێتان ئەزانم.

وە ئەم ئایینی خودا پەرستی و هەست بە مەسئوولییەتی قیامەتە ئایین و بیر و باوەڕ و دینی ئێوەیە کە یەك رێگە و یەك شێوەیە و، منیش پەروەردگاری ئێوەم، دەی لێم بترسن و لە رێگە لامەدەن.

﴿ فَتَقَطَّعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡ زُبُرٗاۖ كُلُّ حِزۡبِۭ بِمَا لَدَيۡهِمۡ فَرِحُونَ ٥٣ ﴾

جا لە پاش ئەوە ئەو دین و ئایینەمان دامەزراند بۆ رەهبەرەکە و بۆ گەلەکەیشی، ئەو گەلە لە پاش پێغەمبەرەکان ئەو بیر و باوەڕەی خۆیانیان تێك دا؛ لە کەم و زیاد و لە لابردنی بازێکی و هێشتنەوەی بازێکی، وە بوون بە چەن کۆمەڵ، ئەوەتە جوولەکە بوون بە چەن پارچە و، گاور بوون بە چەن پارچە و، موسوڵمانەکانیش ئەبن بە چەن کۆمەڵ لە ئوسووڵی دینی خۆیانا، وە هەر کۆمەڵە و تاقمێ لەو تاقمانە شادمانن بەوەی کە لە لایان هەیە لە بیر و باوەڕا، وەکوو قورەیشەکان ئەوانیش چەن تاقمن و هەر تاقمێ بتێکیان هەیە و بەدەوریدا شادی ئەکەن و هەڵ ئەخەنەوە.

﴿ فَذَرۡهُمۡ فِي غَمۡرَتِهِمۡ حَتَّىٰ حِينٍ ٥٤ ﴾

دە وازیان لێ بێنە با لەو گێژاوی خۆیانەدا بمێننەوە تا کاتێ لە دنیادا وادەیان تەواو ئەبێ.

﴿ أَيَحۡسَبُونَ أَنَّمَا نُمِدُّهُم بِهِۦ مِن مَّالٖ وَبَنِينَ ٥٥ نُسَارِعُ لَهُمۡ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِۚ بَل لَّا يَشۡعُرُونَ ٥٦ ﴾

ئایا ئەو کافرانە کە دارایی و ئەولادیان هەیە لە ئەهلی کیتاب و لە کافرانی قورەیش و غەیری ئەوانیش گومان ئەبەن ئەوەی کە من ئەوانم پێ بەرز کردووەتەوە لە

www.iqra.ahlamontada.com

دارایی و لە ئەولاد و ئەیکەم بە هۆی ڕووپێگەیشتنی قازانج بۆ ئەوان، ئەیکەم بە هۆی سوودی پاشەڕۆژیان؟! حاشا قەت شتی وەها نەیێ بە دڵتانا! بەڵکوو هەر شوعووریان نییە و نازانن کە هۆی هات و بەختەوەری ئەوان تەوحیدی خودا و بەجێ‌هێنانی ئەوامیری ئەوە و دوورکەوتنەوەیە لەو شتانە کە ئەو نەهی لێ کردوون نەك زۆری ئەولاد و ماڵ، بەپێچەوانەیشەوە ئەولاد و دارایی ئیستیدراجە و بەرز کردنەوەیانە بۆ ئەوە [یە] بدرێن بە زەویدا.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ هُم مِّنْ خَشْيَةِ رَبِّهِم مُّشْفِقُونَ ﴿٥٧﴾ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٨﴾ وَٱلَّذِينَ هُم بِرَبِّهِمْ لَا يُشْرِكُونَ ﴿٥٩﴾ وَٱلَّذِينَ يُؤْتُونَ مَآ ءَاتَوا۟ وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ أَنَّهُمْ إِلَىٰ رَبِّهِمْ رَٰجِعُونَ ﴿٦٠﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ وَهُمْ لَهَا سَٰبِقُونَ ﴿٦١﴾﴾

بە ڕاستی ئەو کەسانەی کە لە بیمی سزای خودا خۆیان ئەپارێزن لە تاوانباری، وە ئەو کەسانە کە باوەڕیان هەیە بەو ئایەتانی قورئانە کە خودای تەعالا ناردوونیەتە خوارەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ وە بەو شتانەیش کە خودا کردوونی بە دەلیل لەسەر وجوودی خۆی و سیفاتی کامیلەی و دووری لە عەیب وەکوو زەوی و دەریا و دار و گوڵ و گیا و هەوا و بەفر و باران وتەرزە و شەونم و... ئاسمان و ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکان و هاتوچۆیان لەسەر یاسا و کەم و زۆری ماوەی جووڵەی ڕۆژ و شەویان. وە ئەو کەسانە کە هاوڕێ بۆ خودای خۆیان بڕیار نادەن، وە ئەو کەسانە کە تەسلیم ئەکەن بە موستەحەق ئەوەی کە ئەیدەن لە سەدەقاتی واجب و سوننەت و لە عەینی کاتا دڵیان لەوە ئەترسێ کە ئەوانەیان لێ وەرنەگیرێ و بە جێگەی خۆیان نەدرابن، لەبەر ئەوەیش ئەترسن چونکی ئەزانن بە ڕاستی بۆ لای خودای خۆیان ئەگەڕێنەوە و حسێب و کتێبیان لەسەر هەیە. ئەمانە ئەو کەسانەن کە پەلە ئەکەن

www.iqra.ahlamontada.com

بۆ گەیشتن بە خێرات و بە پایە و مایەی قیامەت و ئەوانەن کە بۆ خێر هەوڵ ئەدەن و پێش ئەکەون.

﴿ وَلَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا وَلَدَيْنَا كِتَٰبٌ يَنطِقُ بِالْحَقِّ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾

وە ئێمە تەکلیف ناکەین و داوا ناکەین لەکەس بیر و باوەڕ و کردەوەیێ نەبێ کە لە هێز و تەوانایا بێ، داوای بەندەیی و بەخشین و سەخاوەتێ کە بە قەی حاڵی خۆی بێ؛ دوو رکات نوێژ لە تەنگانەدا بە قەی دە رکاتە لە خۆشیدا و، تاقە نانێ لە گرانیدا بە قەی مەولوودییێکە لە هەرزانیدا، وە لە لای ئێمە کتێبێ هەیە کە «لوح المحفوظ» یا دەفتەری کردەوەی ئینسانە کە بەیانی واقیع و شتی راست ئەکا، وە ئەو کەسانە وان لە کارا ستەمیان لێ ناکرێ بە ونکردنی کاریان یا بە گوێ نەدان بە جەزایان. حاشا!

﴿ بَلْ قُلُوبُهُمْ فِي غَمْرَةٍ مِّنْ هَٰذَا وَلَهُمْ أَعْمَٰلٌ مِّن دُونِ ذَٰلِكَ هُمْ لَهَا عَٰمِلُونَ ﴿٦٣﴾ ﴾

بەڵام دڵی ئەو ئینسانە غافڵانە وا لە خامۆشی و بێهۆشیدا لە دەرکی ئەم راستییە کە پێویستە ئینسانی هۆشیار بیر و باوەڕی راست و کردەوەی باشی بێ و بۆ حەق تێکۆشێ و ئەوانە کردەوەگەلێکیان هەیە پەستن و کەمترن لە پایەی کردەوەی باشی وەها کە باسمان کرد، وە ئەوان هەر بۆ ئەو پەستییە هەوڵ ئەدەن.

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذْنَا مُتْرَفِيهِم بِالْعَذَابِ إِذَا هُمْ يَجْـَٔرُونَ ﴿٦٤﴾ لَا تَجْـَٔرُوا الْيَوْمَ
إِنَّكُم مِّنَّا لَا تُنصَرُونَ ﴿٦٥﴾ قَدْ كَانَتْ ءَايَٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ فَكُنتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ
تَنكِصُونَ ﴿٦٦﴾ مُسْتَكْبِرِينَ بِهِۦ سَٰمِرًا تَهْجُرُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

واتە ئەو بێهۆشی و سەرەڕۆیی و گوێ بە حەق نەدانە درێژەی کێشا تا کاتێ کە پیاوە گەورەکان و خاوەن نیعمەتەکانم گرت و، سزام دان و گیرۆدەم کردن، تەماشا ئەکەن لە کوتوپڕا حاڵیان ئەگۆڕێ و هاوار ئەکەن و دەست ئەکەن بە پاڕانەوە. جا خودا ئەفەرموێت: ئێمە زۆرمان هەوڵ دا ئێوە گوێتان نەدا بە ئامۆژگاری، جا ئیتر هاوار مەکەن ئێوە لە لایەنی ئێمەوە یارمەتیتان نادرێ. بە ڕاستی لەمەوبەر ئایەتەکانی من ئەخوێنرایەوە بەسەرتانا و ئێوە لەسەر پاژنەی خۆتان هەڵئەسووڕانەوە و ئیعرازتان ئەنا لە بیستنی ئایەتەکان و فیزتان ئەکرد بە بۆنەی کەعبەتوڵلاوە و بەوە کە ئێوە ڕائەوەستن بە خزمەتی ئەو بەیتە و تەرکی قورئانتان ئەکرد لە حاڵێکدا کە باسی قورئانتان ئەکرد بە تانەلێدانی و بە نیسبەتی بۆ لای غەیری خودای تەعالا.

﴿أَفَلَمْ يَدَّبَّرُوا الْقَوْلَ أَمْ جَاءَهُم مَّا لَمْ يَأْتِ آبَاءَهُمُ الْأَوَّلِينَ ﴿٦٨﴾ أَمْ لَمْ يَعْرِفُوا رَسُولَهُمْ فَهُمْ لَهُ مُنكِرُونَ ﴿٦٩﴾ أَمْ يَقُولُونَ بِهِ جِنَّةٌ بَلْ جَاءَهُم بِالْحَقِّ وَأَكْثَرُهُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ ﴿٧٠﴾﴾

زۆر تەعەجوب ئەکرێ لە حاڵی ئەو کافرانی قوڕەیشە! ئایا باش بیریان نەکردەوە لەو فەرموودەی خودادا کە قورئانە هەتا باش حاڵی ببن کەوا حەقە و ڕاستە؟ یا خەیر بە شیاوی تێفکرینی نازانن لەبەر ئەوە کەلامێ هاتووە بۆ لایان کە نەهاتووە بۆ لای باوك و باپیرە پێشینانەکەیان و بە کەلامێکی غەریب دێتە بەرچاویان و بە خاوەنی نرخی دانانێن؟ یا خەیر لەبەر ئەوە تەماشای ئەو کەلامە ناکەن لەبەر ئەوە کە پێغەمبەرەکەیان ناناسن و ئەمان باوەڕ بە شەخسییەت و توانای ئەو ناکەن لەبەر ئەمەیش ئینکاری قورئانەکەی ئەکەن یا ئینکاری پێغەمبەریتی پێغەمبەرەکە ئەکەن؟ یا خەیر ئەڵێن: ئەو پێغەمبەرە شێتە و شێتی کاری کردووەتە سەر مێشکی؟ کە وابێ

www.iqra.ahlamontada.com

هەر قسەیێ ئەو بیکات و هەر کەلامێ کە ئەو داوای ئەوە بکا کەلامی خودایە جێگەی بایەخ نییە!

جا خودا ئەفەرموێت: نە، نە ئەمانە وا نین بەڵکوو ئەو پێغەمبەرە بە حەق و بە راستی لە لایەنی خوداوە هاتووە بۆیان، بەڵام زۆربەی ئەو خەڵقە حەز ناکەن لە حەق بۆیە حەق ئەدەنەدواوە و باوەڕی پێ ناکەن و باوەڕ بە قورئانەکە ناکەن.

﴿وَلَوِ ٱتَّبَعَ ٱلْحَقُّ أَهْوَآءَهُمْ لَفَسَدَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ ۚ بَلْ أَتَيْنَٰهُم بِذِكْرِهِمْ فَهُمْ عَن ذِكْرِهِم مُّعْرِضُونَ ﴿٧١﴾﴾

واتە حەق ئەوەیە کە خودا تاق و تەنیا بێ و پەیامی پێغەمبەران راست بێ و موحەممەد پێغەمبەری خودا بێ و ئەو کتێبە دێتە خوارەوە بۆ سەری کەلامی خودا بێ. وە ئەگەر ئەم حەقە شوێن ئارەزووی ئەوان بکەوتایە و لەگەڵ ئەو خودادا چەن خودایێ‌تر ببوونایێ ئەوە بە یاسای عەقڵ و تەماشای ئیمکانی «تمانع» ئەبوو ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی وا لە ناویانا نەبوونایێ! وە بە یاسای عادەتیش کە غاڵب وایە نیزاع لە نێوان چەن شەریکا ئەبێ، ئەبوایە هەمیشە دۆخی ئاسمانەکان و زەوی و ئەو گیانلەبەرانە وان لە ناویانا ئاڵۆز و شێواو بوایە وەکوو لە پێشەوە بەیانمان کرد.

خەیرا! لەم بیرە ناباره لابدەن و بزانن خودا تاق و تەنیایە و موحەممەد پێغەمبەری خودایە و ئەو کەلامەیش بۆی هاتووە کەلامی خودایە و، بۆیە ئەو کەلامەمان نازڵ کردووە کە ببێ بە هۆی بیری باش و یادی خودا و زیکری «لا إله إلا اللّٰه»، وە بە هۆی ئەمەوە لە دنیادا ناو دەربکەن و لە قیامەتیشا بگەن بە ئاسایش. بەڵام بە داخەوە ئەوان لەم قورئانە و لەم زیکرە جوانە و لەم بیر و باوەڕ و ئەحکامانە لائەدەن و پشتی لێ هەڵئەکەن.

﴿أَمْ تَسْـَٔلُهُمْ خَرْجًا فَخَرَاجُ رَبِّكَ خَيْرٌ ۖ وَهُوَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴿٧٢﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

یا خەیر ئەو کافرانە لەبەر ئەوە ئیمان ناهێنن کە تۆ داوای خەراج و مەسرەفیان لێ ئەکەی لەسەر بەجێهێنانی واجباتی ریسالەت؟ خۆ دیارە تۆ داوای ئەوەیان لێ ناکەی و ئەوەی کە خودا پێت ئەدا باشترە لەوەی ئەوان ئەیهێنن؛ چونکی نیعمەتی خودا، باری لەسەر دڵ باری سوپاسە و خزمەتی خەڵق باری لەسەر ئینسان هۆی سووکی و چرووکی و مایە پووچییە.

وە خودای تەعالا لە هەموو بابەتێکەوە نیسبەت نادرێ لەگەڵ کەسا، وە لە بابەتی رۆزیدانیشەوە باشترین رۆزیدەرە چونکی خۆی رۆزییەکە و رۆزیپێدراوەکەی دروست کردووە و ئەزانێ چی بۆ حاڵی ئەو باشە.

﴿وَإِنَّكَ لَتَدْعُوهُمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ٧٣﴾

وە بە راستی بە بێ کولفەت و باری قورس تۆ ئەوان بانگ ئەکەی بۆ گرتنی رێگەی راست کە رێگەی تەوحید و بەندەیی خودا و راستییە.

﴿وَإِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ عَنِ ٱلصِّرَٰطِ لَنَٰكِبُونَ ٧٤﴾

وە ئەو کەسانە کە باوەڕ بە رۆژی قیامەت ناکەن لە رێگەی راست لایان داوە.

﴿وَلَوْ رَحِمْنَٰهُمْ وَكَشَفْنَا مَا بِهِم مِّن ضُرٍّ لَّلَجُّواْ فِى طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ٧٥﴾

ئەگەر ئێمە رەحممان بەو کافرانە بکردایە و ئەو برسێتی و بێنانییەمان لابردایە کە بەسەریانەوە بوو دنیامان بۆ خۆش بکردایەن ئەوە هەر لەو لاری و لادان و بێدینییەدا ئەمانەوە بە سەرگەردانییەوە.

ئەم ئایەتە لە ساڵێکی قاتی و بێنانیدا هاتە خوارەوە، قاتی وای کردبوو لەو خەڵکە مردارەوەبوویان ئەخوارد، جا «ئەبووسوفیان» هات بۆ لای حەزرەت ﷺ و وتی: تۆ لەسەر بەیاناتی ئیسلام رەوانە کراوی بە رەحمەت بۆ عالەم، بۆ دوعا ناکەی ئەم خەڵکە لەم تەنگانە رزگار ببن؟

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَلَقَدْ أَخَذْنَٰهُم بِٱلْعَذَابِ فَمَا ٱسْتَكَانُوا۟ لِرَبِّهِمْ وَمَا يَتَضَرَّعُونَ ۝٧٦﴾

وە بە راستی ئێمە ئەو گەلەمان گرت بە سزا (یانی کوشتاری رۆژی بەدر) کەچی پاش ئەوە هیچ ملیان بۆ خودا کەچ نەکرد و لەسەر عەنادی خۆیان مانەوە. وە لە دڵیشیانا نەبوو کە لە پاشەڕۆژدا مل بۆ خودا دانەوێنن.

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا ذَا عَذَابٍ شَدِيدٍ إِذَا هُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ ۝٧٧﴾

هەتا کاتێ کە دەرگایەکمان لە سزا لەسەر کردنەوە بەڵام سزایەکی زۆر سەخت و لە کوتوپڕا کەوتنە سەرگەردانی و نائومێدی لە هەموو خێر و رەحەتییەك.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ ۚ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ ۝٧٨﴾

ئەی ئادەمیزاد، وە یا ئەی کافران بیرێ بکەنەوە بۆ خۆتان لە دروستکردنی خۆتان و تەئسیری پەروەردگارا؛ خودای عالەم ئەو خودایە کە هێزی بیستنی بۆ دروستکردوون بۆ بیستنی دەرس و پەندی بە سوود و قسە و باس و بانگی ئەوانە موحتاجن پێتان، وە هێزی چاوی پێداون بۆ ئەوە کە تەماشای جیهان بکەن و بیکەن بە بەڵگە لەسەر وجوودی یەزدان و لەزەت وەربگرن لە دیمەنگای زیبا و بۆ خوێندنەوەی نووسراوی بە قازانج، وە دڵی بۆ دروست کردوون بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەت و فەرقکردن لە بەینی شتی بە سوود و بێ‌سوود و چاك و خراپدا. کەچی ئێوە لە کەمێ جارا سوپاسی خودا ئەکەن.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِى ذَرَأَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ وَإِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ۝٧٩﴾

وە خودا خودایەکە ئێوەی بڵاوکردووەتەوە بە زەویدا لەسەر ئەساسی گەلێ ئەسبابی داعی بۆ بڵاوەکردنتان، وە لە پاش ئەوە کە مردن و لە گۆڕا شارانەوە و پاش رابوردنی ماوەی بەرزەخ (بەینی دنیا و قیامەت)، گرد ئەکرێنەوە لە لای خودا بۆ حیسابی کردەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَهُوَ ٱلَّذِي يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ وَلَهُ ٱخۡتِلَٰفُ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ
٨٠﴾

وە خودا زاتێکی وەهایە زیندەگی دروست ئەکا لە مادەی بێ‌گیانا و ئەیکا بە گیاندار و گیاندار ئەمرێنێ لە کاتی ئاکاما، وە بۆ ئەوە تەسەڕوفکردن لە عالەما بەمە کە شەو و ڕۆژ بێن بە شوێنی یەکا، یا بە گۆڕانیان لە ژمارەی سەعاتی شەو و ڕۆژا بەوە کە لە قەوسی ڕۆژ بخاتە سەر قەوسی شەو و بە پێچەوانەیشەوە، بە گوێرەی وەزعی ئیقلیمی نیشتمان و دووری و نزیکی لە مەداری ڕۆژ، ئایا هێشتا بیر ناکەنەوە هەتا بزانن دروستکردنی ئەم جیهانە و ئەم زەوی و ئاسمانە و ئەم ڕۆژ و مانگ و ئەستێرانە و بڕیاری هاتوچۆیان لەسەر مەداراتی تایبەتی و گۆڕانی ماوەی شەو و ڕۆژ بە پێی دوور و نزیکی لە ناوچەی مەداری ڕۆژەوە پێویستی بە خودایەکی زانای تەوانا هەیە و ئەم ئاسارە جوانانە کە لەبەر چاوی تۆدا بە ڕێك و پێکی دیارن و درێژەدان بە هاتوچۆی ئەستێرەکان پێویستی بە خالیق و پەروەردگاری تەوانا هەیە؟

﴿بَلۡ قَالُواْ مِثۡلَ مَا قَالَ ٱلۡأَوَّلُونَ ٨١ قَالُوٓاْ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا
تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ ٨٢ لَقَدۡ وُعِدۡنَا نَحۡنُ وَءَابَآؤُنَا هَٰذَا مِن قَبۡلُ
إِنۡ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ٨٣﴾

نەخەیر ئەو کافرانە خۆیان لە گیانی خۆیاندا هەست و فامێکی ڕووناکیان نییە هەتا بەڵگە بێننەوە لەسەر ئەو فیز و دەماری خۆیانە و لەسەر ئەو بیر و باوەڕە نارەوایە، بەڵکوو شتێ ئەڵێن وەکوو ئەوەی کە پێشووەکانیان وتوویانە؛ ئەوانە ئەیانوت: ئایا ئێمە کاتێ کە مردین و بووین بە گڵ و ئێسقانی تێکەڵ ئایا هێشتا هەر زیندوو

www.iqra.ahlamontada.com

ئەکرێینەوە؟! بە راستی ئەم وەعدەی زیندووبوونەوە بە ئێمە دەدرێ، درا بە باوك و باپیریشمان، دە ئەو وادەیە هەر گێڕانەوەی ئەفسانە و چیرۆکی پێشووەکانمانە، ئەنا راست نین و حەقیقەتیان نییە!

﴿قُل لِّمَنِ ٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهَآ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٤﴾﴾

جا تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بفەرموو بەو کەسانە کەوا بە تەقلیدی باوك و باپیرەیان لە رێگە لایان داوە و ئینکاری زیندوو بوونەوەی خۆیان ئەکەن لە قیامەتا: ئەم زەوی و ئەم گیاندارانە وان لە زەویدا موڵکی کێیە و کێ دروستی کردوون ئەگەر ئێوە زانان؟

﴿سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٨٥﴾﴾

بە راستی ئەوان ناتوانن ئینکار بکەن، ئەڵێن: ئەم زەوی و گیاندار و چی هەیە هی خودان. جا کاتێ ئەم وەڵامەیان دایەوە تۆ پێیان بفەرموو: کە مادام دان ئەنێن بەمەدا ئیتر بۆچی بیرێ ناکەنەوە هەتا بزانن ئەو خودایە کە ئەمانەی دروست کردووە ئەتوانێ لە پاش مردنیش زیندوویان بکاتەوە.

﴿قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبْعِ وَرَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٨٦﴾
سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٨٧﴾﴾

جا پرسیاریان لێ بکە و بفەرموو: کێ پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکانە و کێ خالیقی عەرشی گەورەیە؟ جا ئەوان لە وەڵامدا ئەڵێن: ئەو ئاسمانانە و ئەو عەرشە هەموو بۆ خودان و ئەو پەروەردگاریانە. جا تۆ پێیان بڵێ: دەی بۆچی لە خوا ناترسن؟ ئەو خودایە عەرشی بەرین و گەورە و حەوت ئاسمانی دروست کردبێ ئەتوانێ مردوویش زیندوو بکاتەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قُلْ مَنْ بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٨﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ ﴿٨٩﴾﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بفەرموو ئەوە کێیە کە دەستەڵات و گەورەیی و دارایی هەیە بەسەر هەموو شتێکدا کە لە کائیناتایە: لە رووی سەربساتا، لە زەوی و لە ئاسمانا، وە ئەو پەنای هەموو پەناهاوەرێکی پێ ئەدرێ و، کەس ناتوانێ پەنای کەس بدا لەسەر ئەو؟ واتە ئەگەر کەسێ لە خودا یاخی ببێ و را بکا لە دەستی پەنا ببا بە گەورەیێ لە گەورەکان هەرکەسێ ببن ئەوە ئەو کەسە ناتوانێ پەنای ئەو راکردووە بدا و لە دەستی خودا رزگاری بکا، ئەگەر ئێوە بتانزانیایێ ئەو کەسە کێیە زۆر باش بوو، جا ئەگەر تۆ ئەم پرسیارە بکەی لە وەڵامی تۆدا ئەڵێن: سەرۆکایەتی هەموو شتێ بۆ خودایە و بەس، جا پاش ئەو وەڵامە بفەرموو: مادام ئەمە وەڵامی ئێوەیە ئیتر چۆن جادووتان لێ ئەکرێ و چۆن بیر و باوەڕتان لا ئەدرێ لەو خودایە ئەوەنە تەوانایە بۆ لای ئەو بتانە کە دار و بەردێکی وشکی بێ گیانن؟!

﴿بَلْ أَتَيْنَاهُم بِالْحَقِّ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ ﴿٩٠﴾﴾

نەخەیر واز بێنن لەم قسە و باسانە و ئێمە هاتووین بۆ لایان بەوەی کە راستە لە واقیعا وەکوو خودا بەیەکناسین و وەعدە بە قیامەت و زیندووکردنەوەی هەموو مردوان ئەوان و غەیری ئەوان، وە ئەوان کە ئەڵێن خودا تەنیا نییە و شەریکی هەیە و، زیندوو بوونەوەی قیامەت نییە بە بێ گومان درۆ ئەکەن و درۆزنن.

﴿مَا اتَّخَذَ اللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُۥ مِنْ إِلَٰهٍ ۚ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهٍ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٩١﴾ عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٩٢﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

حاشا بە قەتعی خودای تەعالا رۆڵە و نەتەوەی بۆ خۆی دانەناوە و، خودای‌تری لەگەڵدا نییە، ئەگەر وەها بوایە، واتە خودای‌تر لەگەڵ خودادا ببوایە بە گوێرەی عادەت و یاسای جیهان ئاشووب و شۆڕش ئەکەوتە ناویانەوە و، هەر خودایێ بەشە مەخلووقی خۆی جیا ئەکردەوە و، لەگەڵ بەشەکەی خۆیدا ئەڕۆیشت کەناری لە خوداکەی‌تر ئەگرت و، بازێکیان بەسەر بازێکیانا سەر ئەکەوتن و، لەم کاتەدا دەرئەکەوت کە هیچ کام لەوانە خودا نییە؛ ئەویانە کە ژێر کەوتووە لەبەر دەرکەوتنی لاوازی و بێ‌هێزی و، سەرکەوتووەکەیشیان لەبەر ئەوە ئەگەر هێزی تەواوی ببوایە هەموو جیهانی داگیر ئەکرد و بەشی ئەویانی نەئەدا، کە وایە ئێمە خودا بە دوور ئەگرین لەو سیفەتانە کە ئەوان باسی ئەکەن، ئەو خودایە کە زانایە بە هەرچی لە ئێمە پەنهانە و هەرچی دیارە لە ناو ئەم جیهانە، وە زۆر بەرز و بەری و دوورە لەوانە کە ئەو کافرانە بە شەریکی دائەنێن.

﴿ قُل رَّبِّ إِمَّا تُرِيَنِّي مَا يُوعَدُونَ ﴿٩٣﴾ رَبِّ فَلَا تَجْعَلْنِي فِي الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ﴿٩٤﴾ ﴾

جا ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بە راستی بزانە ئەگەر ئەو کافرانە ئیمان نەیەنن من تۆڵەیان لێ ئەستێنم؛ بازێ هەر لە دنیادا دەس ئەکەم بە ئازاردانی و بازێ لە قیامەتا، جا تۆ لە خودا بپاڕێرەوە بڵێ: ئەی پەروەردگاری خۆم ئەگەر هەر بڕیارت داوە کە ئەو سزایە دێت بۆ ئەو کافرانە نیشانی منی بدەی و نیشانم ئەدەی رەحمم پێ بکە و دام مەنێ بە یەکێ لەو گەلە ستەمکارە و بمپارێزە؛ چونکی تۆ سونەتت وایە کە گەلێکت خستە بەر تۆڵە و قارت لێ گرتن پزیسکی ئاگری سزایان ئەگا بە بازێ کەسی‌تریش.

www.iqra.ahlamontada.com

خودا ئەم یاسایە کە نیشانی خۆشەویستی خۆی داوە بۆ ئەوەیە ئێمەیش حاڵی ببین و لە خۆمان بایی نەبین و خۆمان بە بێ تاوان دانەنێین و، هاوار بەرین بۆ خودا کە لە هێرشی قاری خۆی بمانپارێزێ و لە ناو ریزی کافر و تاوانبارەکانا گیرۆدەمان نەکا.

﴿وَإِنَّا عَلَىٰٓ أَن نُّرِيَكَ مَا نَعِدُهُمْ لَقَـٰدِرُونَ ﴿٩٥﴾﴾

وە بە راستی ئێمە تەواناین لەسەر ئەوە نیشانت بدەین ئەو سزایە کە وەعدەمان پێداوە بۆ کافرەکان، بەڵام بەجێی نایەنین لەبەر دوو شت:

یەکەم: تۆ وای لە ناویانا و هەتا تۆ لە ناویانا بی سزایان نادەم. وە دووەم: لەبەر ئەوە ئەزانم نەتەوەی ئەوانە لەمەولا رێگەی ئیسلامییەت ئەگرنە بەر و موسوڵمان ئەبن.

﴿ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ٱلسَّيِّئَةَ ۚ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ ﴿٩٦﴾﴾

چاری ئەو رەفتارە ناهەمواری ئەوانە و ئەو سەرکێشی و قسە ناشیرینانەیان بکە بە یاسایێ کە زۆر باشە بۆ ئینسانی سەردار و دەعوەتکەر بۆ حەق کە عیبارەتە لە مودارا و ئیستیقامەت لەسەر دەعوەت و سەرفی نەزەر و چاوپۆشی لە کردەوەی ناباریان هەتا خودا مەجال ئەدا. ئێمە باشتر ئەزانین چی ئەڵێن.

﴿وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَٰتِ ٱلشَّيَـٰطِينِ ﴿٩٧﴾ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ ﴿٩٨﴾﴾

وە بە پاڕانەوەوە بڵێ: پەروەردگاری خۆم پەنا ئەگرم بە تۆ لە ئیلقائات و سیخورمەدانی شەیاتین لە دڵی خۆم و لەوە کە ختەم بدەن بۆ ئاشووب کردن و عالەم بەیەکادان و بێتامڵی و بێسەبری و خۆنەگرتن لە مەیدانی دەعوەت و بانگ کردنی ئادەمیزاد بۆ ئیسلام.

www.iqra.ahlamontada.com

وە پەنا ئەگرم بە تۆ، ئەی پەروەردگاری خۆم، لەوە کە شەیاتینی حازر ببن لە لای من و بە دەورما بێن، بە تایبەتی لە کاتی قورئان خوێندن و نوێژ کردن و، لە کاتی شادمانی و تەنگانەدا و، لە سەرەمەرگا و لە هەر کاتێکا ماوەی وەسوەسەیان زۆر بێ. پەنا بە تۆ ئەگرم ئەی خودای میهرەبان لەوانە.

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّىٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ ۚ كَلَّآ ۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا ۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿١٠٠﴾ ﴾

ئەو کافرانە گەلێکیان ئەمێننەوە لەسەر عەناد و نافەرمانی و بێئیمانی هەتا کاتێ کە مردن دامێنگیری یەکێکیان ئەبێ و نائومێد ئەبێ لە ژیان لەو کاتەدا هاوار ئەکا ئەڵێ: پەروەردگارا بمگێڕنەوە بۆ ژیانێکی ساغی تەندروستی بە هیوام کردەوەیەکی باش بکەم، لە جوملەی ئەوانەدا کە نەمکردوون و تەرکم کردوون؛ وەکوو ئیمان هێنان و نوێژ کردن و بەجێهێنانی باقی عیبادەت، وە یاخود بە هیوای ئەوە کردەوەیەکی باش بکەم بە سەرفکردنی ئەو ماڵ و داراییە کە بەجێم هێشتوون. جا خودای تەعالا بە توندی لۆمەیان ئەکا و ئەفەرموێت: نە، نە، وازبێنن لە بیستنی ئەم قسە یا لە کردنی، وە ئەوە هەر قسەیەکە بە دەمیانا دێ و لە کانگەی دڵیانەوە نییە، وە ئەگەر بیش گێڕرێنەوە بۆ ژیانی عادەتی وەفا بەو قسە ناکەن. وە لە پشتیانەوە عالەمی «بەرزەخ» هەیە کە گەیشتن بەو عالەمە مانیعە لە گەڕانەوە بۆ دنیا و پێویستە لەو عالەمەدا بمێنێ.

«کأنە» خودا ئەفەرموێت: پاش ئەوە گەیشتووە بە قەراخی قیامەت کە عالەمی میانجەیە و کاتی سزای گۆڕی هاتووە. تازە چاوی ئەپروێنێ و ئاگادار ئەبێتەوە و داوای فەرمانبەرداری ئەکا! حاشا!.

www.iqra.ahlamontada.com

کە ئادەم گەیشت بە گێژی دەریا | مەیدانی نییە مەگەر بۆ بریا
یانی وا ئەڵێ: بریا سەد بریا | قەت نەهاتمایە بۆ چەرخی دنیا!
یا مادام هاتم، هاتم بوایە | بیری ئەم رۆژەم لە دڵا بوایە
دە سەعات بۆ ژین، سەعاتێ بۆدین | بۆ ئیتاعەتی «رب العالمین»
ئێستە بە راستی چارە بڕاوم | لە بۆ عاقیبەت مایە سووتاوم
جا وا من ئێستە ئەپاڕێمەوە | لە لای خودادا ئەلاڵێمەوە
ئەڵێم: خودایە! بە میهرەبانی | تەوفیقمان بدە بۆ رێی ئینسانی
ئینسانی پاکی سینە و دڵ رووناک | خاوەن باوەڕ بێ بە یەزدانی تاک
یارمەتیم بدە لە رێگەی ئیسلام | بگەم بە مایەی پیرۆزی ئەنجام
بە سیدقی دینی ئیسلامی رەهبەر | بە تکای شەفیع، یانی پێغەمبەر
بڕژێ بە سەریا سەلات و سەلام | هەم لەسەر ئال و یارانی کیرام

بە کورتی خودای تەعالا ئەفەرموێت: تازە مەیدانی پاڕانەوە نییە و بەرزەخ وا لە پشتیانەوە و پێویستە لەم بەرزەخەدا دەوام بکەن هەتا رۆژێ کە مردووەکان زیندوو ئەکرێنەوە و ئەنێررێن بۆ «مەحشەر»

یانی کۆمەڵگای پەری و ئادەمی | بۆ سەر حیسابی دینی عالەمی

﴿ فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ
١٠١ فَمَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ١٠٢ وَمَنۡ خَفَّتۡ
مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فِي جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ ١٠٣
تَلۡفَحُ وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ وَهُمۡ فِيهَا كَٰلِحُونَ ١٠٤ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

حاشا بە قەتعی خودای تەعالا رۆڵە و نەتەوەی بۆ خۆی دانەناوە و، خودای‌تری لەگەڵدا نییە، ئەگەر وەها بوایە، واتە خودای‌تر لەگەڵ خودادا ببوایە بە گوێرەی عادەت و یاسای جیهان ئاشووب و شۆڕش ئەکەوتە ناویانەوە و، هەر خودایێ بەشە مەخلووقی خۆی جیا ئەکردەوە و، لەگەڵ بەشەکەی خۆیدا ئەڕۆیشت کەناری لە خوداکەی‌تر ئەگرت و، بازێکیان بەسەر بازێکیانا سەر ئەکەوتن و، لەم کاتەدا دەرئەکەوت کە هیچ کام لەوانە خودا نییە؛ ئەویانە کە ژێر کەوتووە لەبەر دەرکەوتنی لاوازی و بێ‌هێزی و، سەرکەوتووەکەیشیان لەبەر ئەوە ئەگەر هێزی تەواوی ببوایە هەموو جیهانی داگیر ئەکرد و بەشی ئەویانی نەئەدا، کە وایە ئێمە خودا بە دوور ئەگرین لەو سیفەتانە کە ئەوان باسی ئەکەن، ئەو خودایە کە زانایە بە هەرچی لە ئێمە پەنهانە و هەرچی دیارە لە ناو ئەم جیهانە، وە زۆر بەرز و بەری و دوورە لەوانە کە ئەو کافرانە بە شەریکی دائەنێن.

﴿ قُل رَّبِّ إِمَّا تُرِيَنِّي مَا يُوعَدُونَ ﴿٩٣﴾ رَبِّ فَلَا تَجْعَلْنِي فِي الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ﴿٩٤﴾ ﴾

جا ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بە راستی بزانە ئەگەر ئەو کافرانە ئیمان نەیەنن من تۆڵەیان لێ ئەستێنم؛ بازێ هەر لە دنیادا دەس ئەکەم بە ئازاردانی و بازێ لە قیامەتا، جا تۆ لە خودا بپارێرەوە بڵێ: ئەی پەروەردگاری خۆم ئەگەر هەر بڕیارت داوە کە ئەو سزایە دێت بۆ ئەو کافرانە نیشانی منی بدەی و نیشانم ئەدەی رەحمم پێ بکە و دام مەنێ بە یەکێ لەو گەلە ستەمکارە و بمپارێزە؛ چونکی تۆ سوننەتت وایە کە گەلێکت خستە بەر تۆڵە و قارت لێ گرتن پزیسکی ئاگری سزایان ئەگا بە بازێ کەسی‌تریش.

www.iqra.ahlamontada.com

خودا ئەم یاسایە کە نیشانی خۆشەویستی خۆی داوە بۆ ئەوەیە ئێمەیش حاڵی ببین و لە خۆمان بایی نەبین و خۆمان بە بێ تاوان دانەنێین و، هاوار بەرین بۆ خودا کە لە هێرشی قاری خۆی بمانپارێزێ و لە ناو ریزی کافر و تاوانبارەکانا گیرۆدەمان نەکا.

﴿وَإِنَّا عَلَىٰٓ أَن نُّرِيَكَ مَا نَعِدُهُمْ لَقَٰدِرُونَ ﴿٩٥﴾﴾

وە بە راستی ئێمە تەواناین لەسەر ئەوە نیشانت بدەین ئەو سزایە کە وەعدەمان پێداوە بۆ کافرەکان، بەڵام بەجێی نایەنین لەبەر دوو شت:

یەکەم: تۆ وای لە ناویانا و هەتا تۆ لە ناویانا بی سزایان نادەم. وە دووەم: لەبەر ئەوە ئەزانم نەتەوەی ئەوانە لەمەولا رێگەی ئیسلامییەت ئەگرنە بەر و موسوڵمان ئەبن.

﴿ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ٱلسَّيِّئَةَ ۚ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ ﴿٩٦﴾﴾

چاری ئەو رەفتارە ناهەمواری ئەوانە و ئەو سەرکێشی و قسە ناشیرینانەیان بکە بە یاسایێ کە زۆر باشە بۆ ئینسانی سەردار و دەعوەتکەر بۆ حەق کە عیبارەتە لە مودارا و ئیستیقامەت لەسەر دەعوەت و سەرفی نەزەر و چاوپۆشی لە کردەوەی ناباریان هەتا خودا مەجال ئەدا. ئێمە باشتر ئەزانین چی ئەڵێن.

﴿وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَٰتِ ٱلشَّيَٰطِينِ ﴿٩٧﴾ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ ﴿٩٨﴾﴾

وە بە پاڕانەوەوە بڵێ: پەروەردگاری خۆم پەنا ئەگرم بە تۆ لە ئیلقائات و سیخورمەدانی شەیاتین لە دڵی خۆم و لەوە کە ختەم بدەن بۆ ئاشووب کردن و عالەم بەیەکادان و بێ تامڵی و بێ سەبری و خۆنەگرتن لە مەیدانی دەعوەت و بانگ کردنی ئادەمیزاد بۆ ئیسلام.

www.iqra.ahlamontada.com

وە پەنا ئەگرم بە تۆ، ئەی پەروەردگاری خۆم، لەوە کە شەیاتینی حازر ببن لە لای من و بە دەورما بێن، بە تایبەتی لە کاتی قورئان خوێندن و نوێژ کردن و، لە کاتی شادمانی و تەنگانەدا و، لە سەرەمەرگا و لە هەر کاتێکا ماوەی وەسوەسەیان زۆر بێ. پەنا بە تۆ ئەگرم ئەی خودای میهرەبان لەوانە.

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّىٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّآ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿١٠٠﴾﴾

ئەو کافرانە گەلێکیان ئەمێننەوە لەسەر عەناد و نافەرمانی و بێئیمانی هەتا کاتێ کە مردن دامێنگیری یەکێکیان ئەبێ و نائومێد ئەبێ لە ژیان لەو کاتەدا هاوار ئەکا ئەڵێ: پەروەردگارا بمگێڕنەوە بۆ ژیانێکی ساغی تەندروستی بە هیوام کردەوەیەکی باش بکەم، لە جوملەی ئەوانەدا کە نەمکردوون و تەرکم کردوون؛ وەکوو ئیمان هێنان و نوێژ کردن و بەجێهێنانی باقی عیبادەت، وە یاخود بە هیوای ئەوە کردەوەیەکی باش بکەم بە سەرفکردنی ئەو ماڵ و داراییە کە بەجێم هێشتوون. جا خودای تەعالا بە توندی لۆمەیان ئەکا و ئەفەرموێت: نە، نە، وازبێنن لە بیستنی ئەم قسە یا لە کردنی، وە ئەوە هەر قسەیەکە بە دەمیانا دێ و لە کانگەی دڵیانەوە نییە، وە ئەگەر بیش گێڕرێنەوە بۆ ژیانی عادەتی وەفا بەو قسە ناکەن. وە لە پشتیانەوە عالەمی «بەرزەخ» هەیە کە گەیشتن بەو عالەمە مانیعە لە گەڕانەوە بۆ دنیا و پێویستە لەو عالەمەدا بمێنێ.

«کأنه» خودا ئەفەرموێت: پاش ئەوە گەیشتووە بە قەراخی قیامەت کە عالەمی میانجەیە و کاتی سزای گۆڕی هاتووە. تازە چاوی ئەپروێنێ و ئاگادار ئەبێتەوە و داوای فەرمانبەرداری ئەکا! حاشا!.

www.iqra.ahlamontada.com

که ئادەم گەیشت بە گێژی دەریا — مەیدانی نییە مەگەر بۆ بریا
یانی وا ئەڵێ: بریا سەد بریا — قەت نەهاتمایە بۆ چەرخی دنیا!
یا مادام هاتم، هاتم بوایە — بیری ئەم ڕۆژەم لە دڵا بوایە
دە سەعات بۆ ژین، سەعاتێ بۆدین — بۆ ئیتاعەتی «رب العالمین»
ئێستە بە ڕاستی چارە بڕاوم — لە بۆ عاقیبەت مایە سووتاوم
جا وا من ئێستە ئەپاڕێمەوە — لە لای خوودادا ئەلالێمەوە
ئەڵێم: خودایە! بە میهرەبانی — تەوفیقمان بدە بۆ ڕێی ئینسانی
ئینسانی پاکی سینە و دڵ ڕووناک — خاوەن باوەڕ بێ بە یەزدانی تاک
یارمەتیم بدە لە ڕێگەی ئیسلام — بگەم بە مایەی پیرۆزی ئەنجام
بە سیدقی دینی ئیسلامی ڕەهبەر — بە تکای شەفیع، یانی پێغەمبەر
بڕژێ بە سەریا سەلات و سەلام — هەم لەسەر ئال و یارانی کیرام

بە کورتی خودای تەعالا ئەفەرموێت: تازە مەیدانی پاڕانەوە نییە و بەرزەخ وا لە پشتیانەوە و پێویستە لەم بەرزەخەدا دەوام بکەن هەتا ڕۆژێ کە مردووەکان زیندوو ئەکرێنەوە و ئەنێررێن بۆ «مەحشەر»

یانی کۆمەڵگای پەری و ئادەمی — بۆ سەر حیسابی دینی عالەمی

﴿فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ
١٠١ فَمَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ١٠٢ وَمَنۡ خَفَّتۡ
مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فِي جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ ١٠٣
تَلۡفَحُ وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ وَهُمۡ فِيهَا كَٰلِحُونَ ١٠٤﴾

www.iqra.ahlamontada.com

واتە کاتێ کە بە فەرمانی خودا فوو کرا بە «صور»ا بۆ زیندوو بوونەوەی گیانلەبەران و بۆ گرد بوونەوە لە مەحشەرا و بۆ حیساب و کیتابی بیر و باوەڕ و کردەوە، لەو کاتەدا رشتەی نەسەب و باوکێتی و ئەولادی و برا و خوشکی و مامە و مامۆزایی نامێنێ لای کەس؛ چونکی ترس و بیمی ئەو وەزعە وەها عالەم دائەگرێ کە برا لە برای خۆی را ئەکا و ئاگای لە دایك و باوك و ژن و منداڵی خۆی نییە و، هەرکەسێ لەوانە شانێ و کارێ و دەردێ داگیری کردووە کە مەیدانی تەماشای کەس لە لایا نامێنێ. وە لەم کاتەدا کەسیان لە کەسیان ناپرسن هەتا لە مەحشەرا گرد ئەکرێنەوە و لەو شوێنەدا را ئەوەستێنرێن، جا پاش ماوەیێ حەزرەتی فەخری عالەم ﷺ ئەڕوا بە سوجدەدا و لە خودا ئەپاڕێتەوە بۆ ئەوە کە ئەو عالەمە لەو زەحمەتەدا نەمێننەوە و بانگ بکرێن بۆ حیساب، جا لەلای زاتی خوداوە بانگ ئەکرێ، ئەویش سەر بەرز ئەکاتەوە و تکا ئەکا و دەست ئەکرێ بە حیسابی کردەوەی عالەم.

ئەم مەقامە بۆ حەزرەت ﷺ «مەقامی مەحموودە» واتە مەقامێکی زۆر بەرز و باڵا، وە پایەیەکی زۆر گەورە کە لە ناو هەرچی پێغەمبەراندا هەیە ئەو بەر لە هەموو کەس دەس ئەکا بە شەفاعەتکردن.

وە ئەم ئایەتە موناڤی نییە بۆ ئایەتی: ﴿وأقبل بعضهم على بعض يتساءلون﴾[١] چونکی ئایەتی ئەم سوورەتە بۆ کاتی سەرەتای فوو کردنە بە سوورا لە پێش حیسابکردنا، وە ئەو ئایەتە بۆ پرسیاری پاش حیسابکردنە، و لە واقیعا لە پاش حیساب و لە پاش ئەوە کە لەو زەحمەتە رزگار بوون جا هەرکەسێ بڕوا خزم و برادەری خۆی ئەکەوێتە بیر و پرسیار ئەکا لە ئەحواڵی.

---

١. الطور؛ ٢٥.

www.iqra.ahlamontada.com

هەروا مانیع نییە لە شەفاعەتکردنی حەزرەت ﷺ بۆ ئەولادی خۆی یا بۆ باقی موسوڵمانان، وە مانیع نییە لە شەفاعەتی شوهەدا و ئەولیا و زانایانی باش و باقی پیاوچاکان بۆ خزم و دۆست و برای خۆیان؛ چونکی ئەم نەپرسینە بۆ ئەوەڵی کارە و ئەو تکاکاری و سوود و قازانجە بۆ کاتێکی‌ترە، وەکوو لە ئایات و ئەحادیسی زۆر ساغ و باوەڕ پێکراودا وەرگیراون. تەنانەت لە سوورەتی «والطور»دا هەیە کە ئەولادی موسوڵمانە باشەکان مادام موسوڵمان بن با کردەوەیشیان کەم بێ. پایەیان بەرز ئەکرێتەوە بە قەی پایەی باوکەکانیان بۆ ئەوە کە لە یەك جیا نەبنەوە و بە خۆشی رابوێرن.

جا هەرکەسێ کێشانەی بیر و باوەڕ و کردەوە و وتاری قورس بێ، واتە ئەگەر ئەمانەی بە یاسای فەرمانی خودا و پێغەمبەر و ئیجماعی ئوممەت و لەسەر بناغەی عیلم و مەعریفەت تەنها لەبەر خودا بووبێ ئەوە ئەو کۆمەڵە رزگارن لە سزا و باری نابار. وە هەرکەسێ کێشانەی ئەوانەی سووك بێ، واتە بیر و باوەڕ و کردەوەی باشی نەبێ، وە یاخود تێکەڵ بن بە شتی ناڕەواوە ئەوە ئەو کەسانە نەفسی خۆیان داوە بە خەسارەت و زیانا؛ چونکی ئەو ئیستیعدادە کە بوویانە زایەیان کردووە و لە شتی بە سوودا سەرفیان نەکردووە، وە هەم هەتا هەتایە لە دۆزەخا دەوام ئەکەن و ئاگری دۆزەخ روخساری ئەوان بە زمانە و بڵێسە هەڵئەپرووزێنێ و لە ناو دۆزەخدا بەد شکڵ و بەد شێوە بوون، لێویان زل بووە وەکوو قەراخی کولێرەی سووتا و، وە روخساریان بەرز و نزمی تێ کەوتووە، وەکوو ئینسانێ بکەوێتە ناو کادانی ئاگرتێبەربوو، وە مانەوەی ئەوان بەم شێوە لەبەر ئەوەیە خودا ئەیەوێ دەوام بدا بە ئازاردانیان، ئەگەرنا ئینسان بەو جۆرە سووتاندنە لە دنیادا بە ماوەیەکی کەم مەحو ئەبێتەوە و بەرباد ئەبێ.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿أَلَمْ تَكُنْ ءَايَٰتِى تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ فَكُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ ﴿١٠٥﴾ قَالُوا۟ رَبَّنَا
غَلَبَتْ عَلَيْنَا شِقْوَتُنَا وَكُنَّا قَوْمًا ضَآلِّينَ ﴿١٠٦﴾ رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا مِنْهَا
فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَٰلِمُونَ ﴿١٠٧﴾﴾

جا لە بارەگای خوداوە بە زمانی فریشتەی فەرمانداره‌وە بانگ ئەکرێ لەو کافرانە لە دۆزەخدا ئەڵێ: ئایا ئایەتەکانی من نەدەخوێنرانەوە بەسەرتانا و ئێوە بە درۆتان ئەخستنەوە؟ ئەوانیش ئەڵێن: بەڵێ وابوو، بەڵام ئەوە لە بیری راستەوە نەبوو، سیفەتی رەزیلەی پەستی خۆمان زاڵ بووبوو بەسەرمانا، بە جۆرێ کە شەقاوەتی دا بەسەرمانا و ئێمە گەلێکی گومرا بووین. ئەی پەروەردگاری ئێمە لە ئاگری دۆزەخ دەرمان بکە و بمانبەرەوە بۆ دنیا، جا ئەگەر ئێمە جارێکی دیکە گەڕاینەوە بۆ کردەوەی پێشوومان و ئایەتەکانمان بە درۆخستەوە و فەرمانی تۆمان پشت گوێ خست ئەو کاتە ئێمە ستەمکارین.

﴿قَالَ ٱخْسَـُٔوا۟ فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ ﴿١٠٨﴾ إِنَّهُۥ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْ عِبَادِى يَقُولُونَ
رَبَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿١٠٩﴾ فَٱتَّخَذْتُمُوهُمْ سِخْرِيًّا
حَتَّىٰٓ أَنسَوْكُمْ ذِكْرِى وَكُنتُم مِّنْهُمْ تَضْحَكُونَ ﴿١١٠﴾ إِنِّى جَزَيْتُهُمُ ٱلْيَوْمَ
بِمَا صَبَرُوٓا۟ أَنَّهُمْ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ ﴿١١١﴾﴾

جا خودای تەعالا لە وەڵامیاندا ئەفەرموێت: بێدەنگ بن، بە بێدەنگی و کزی و سووکی لە ناو ئەو ئاگرەدا و، قسەم لەگەڵدا مەکەن، بە راستی لەمەوپێش تاقمێ لە بەندەکانی من ئەیانوت: خودایە ئێمە ئیمانمان هێناوە بە تۆ و بە پێغەمبەری تۆ و لێمان خۆش ببە و میهرەبانیمان لەگەڵدا بکە و تۆ لە هەموو میهرەبانێ میهرەبانتری.

www.iqra.ahlamontada.com

کەچی ئێوە ئەوانەتان کرد بە شوێنی مەسخەرە و گاڵتە کردن بە جۆرێ ئەو گاڵتە کردنەتان یادی ئێمەی لە بیرتان بردەوە و ئێوە پێئەکەنین بەوان، جا من ئیمڕۆ سزای ئێوە ئەدەم و پاداشی خەیری ئەوانیش ئەدەمەوە لەبەر ئەوە کە خۆیان گرت لەبەر سزا و گاڵتە و توانجی ئێوەدا؛ چونکی بە راستی ئەوانن سەرکەوتوو و گەیشتوو بە پایە و مایەی پیرۆزی.

﴿قَٰلَ كَمۡ لَبِثۡتُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ عَدَدَ سِنِينَ ﴿١١٢﴾ قَالُواْ لَبِثۡنَا يَوۡمًا أَوۡ بَعۡضَ يَوۡمٖ فَسۡـَٔلِ ٱلۡعَآدِّينَ ﴿١١٣﴾ قَٰلَ إِن لَّبِثۡتُمۡ إِلَّا قَلِيلٗاۖ لَّوۡ أَنَّكُمۡ كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿١١٤﴾﴾

جا خودای تەعالا، یا فریشتەی فەرماندەر، فەرمووی بەو کافرانە: چەند ساڵ لە زەویدا مانەوە؟ ئەوانیش وتیان: بە ساڵ نەماوینەتەوە بەڵکوو رۆژێ یا بازێ لە رۆژێ ماینەوە و پرسیاریش لەوانە بکەن کە ئاگایان لێ بووە ئێمە چەندێ لەسەر زەوی ژیاوین. جا خودا، یا فریشتەکە، فەرمووی: ماوەیەکی کەم نەبێ نەماونەتەوە، جا کاشکی بتانزانیایە بە ئەنجامی کارتان، تا ئاوا ئابڕووتان نەچوایە و لە سزای دۆزەخدا گیرتان نەخواردایە.

﴿أَفَحَسِبۡتُمۡ أَنَّمَا خَلَقۡنَٰكُمۡ عَبَثٗا وَأَنَّكُمۡ إِلَيۡنَا لَا تُرۡجَعُونَ ﴿١١٥﴾ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡحَقُّۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡكَرِيمِ ﴿١١٦﴾ وَمَن يَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرۡهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿١١٧﴾ وَقُل رَّبِّ ٱغۡفِرۡ وَٱرۡحَمۡ وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿١١٨﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

جا خودای تەعالا لە مەقامی سەرزەنەشدا ئەفەرموێت: ئایا ئێوە گومانتان وابوو کە بە راستی ئێمە ئێوەمان دروست کردووە بۆ غافڵی و فەرامۆشکردنی هەموو حەقیقەتێ، هەروا بە بێ سوود؟ وە گومانتان وا برد کە ئێوە ناگەڕێنەوە بۆ قیامەت بۆ لای ئێمە هەتا پرسیاری بیر و باوەڕ و کردەوەتان لێ بکرێ؟ زۆر گەورەیە زاتی خودا پادشای واقیعی راست و خاوەن دەست، وە کەس نییە شایاوی بەندەیی بۆ کردن بێ ئەو نەبێ کە خودا و پەروەردگاری عەرشی گەورەی خاوەن کەرامەت و خاوەن پایەیە.

وە مادام خودا ئەوەندە گەورە و خاوەن سیفاتی کەماڵە هەرکەسێ لەگەڵ ئیعتیراف بە زاتی خودا بانگ بکا لە خودایەکی‌تر کە ئەو کەسەیش لە راستیدا بەڵگەیەکی نییە لەسەر خودایی ئەو خودایە؛ چونکی بەتاڵ دەلیلەکەیشی بەتاڵە، ئەوە ئەو کەسە حیساب و ئەندازەی سزای لە لای خودای خۆیەتی و، بە راستی ئەو کەسە رزگار نابێ لە سزا لە بەر ئەوە کافرە و کافرەکانیش رزگار نابن. جا تۆیش ئەی خۆشەویست بۆ حاڵی گیانی خۆت هەر بڵێ: پەروەردگارا تاوانەکان بپۆشە و میهرەبانیمان لەگەڵدا بکە و تۆ میهرەبانتری لە هەموو میهرەبانەکان.

www.iqra.ahlamontada.com